# لە
# قەرەشڵاخەوە
# بۆ سوئێد

هەواڵنامەی کتێب

بەرگی یەکەم

نووسینی :

**موحەممەد خزری**

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین

زیاتر لەساڵێک لەمەوبەر بوو، (مێژووەکەیم نایەتەوە بیر) بەڕێز دوکتور ناسر باباخانی بە تەلیفوون پرسیاری نووسراوەی: "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی٤٢-٤٧..." ی لێکردم... نووسراوەکەم بۆ نارد... دوای خوێندنەوەی، بەڕێزیان، بە نووسراوەیەکی پڕنێوەرۆک، نووسراوەکەی منی لەسەر لاپەڕەی فیسبووکی خۆی، بەخوێنەران ناساندبوو! نامەکەی ئەوەندە بەپێزونێوەرۆک بوو، ئەدەبیاتێکی وا بەهێزم لەخۆدا بەدی نەکرد کە وەڵامدەرەوەی نامەکەی بەڕێزی بێ، لە کەمتوانایی من بەداخەوە نامەکەی بێ وەڵام مایەوەو داوای لێبوردنیان لێدەکەم!

دواتر بە تەلیفوون قسەمان کرد پرسیاری لێکردم داخوا نووسراوەی دیکەم هەیە؟ عەرزم کرد دەمویست شتێک بنووسم نزیکەی هەشتا لاپەڕەیەکیشم نووسی بەڵام دوایی دەستم لێ-هەڵگرت، ئیدی نەمگوت بۆ؟

ناوبراو بەجیددی هانی دام نووسینەکەم درێژە پێبدەم...

دەگەڵ هەموو موشکیلاتێکی بواری فیزیکی و هزری، دەستم کردەوە بە نووسین و ئیستێشی دەگەڵ بێ پسانەوە خەریکم! کاک سەید حەسەنی هاشمی وەک هاوڕێیەکی سەروەری دێرین، بەحوکمی عاتیفە و ئەخلاقی بەرزیان، دەگەڵ بەڕێز کاک ئەحمەد لبادی، زۆرجار بەسەرم دەکەنەوە! رۆژێک بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و نەزەردان لەسەر نووسراوەکەم، بابەتێکم بۆ خوێندنەوە. دیار بوو نەزەریان لەسەر بابەتەکە ئەرێنی بوو، ئیدی درێژەم پێدا. ماوەیەک لەوەپێش نووسراوەکە گەیشتبوە ٣٠٠ لاپەرەیەک، دوایی داوام لێکردن: چاوێکی پێدا بخشێنن، ئەو بابەتانەی بەدڵیان نین خەتیان لێبدەن، وازیان لێدێنم و دەریانداوێم...! بەهەرحاڵ خۆش یان ناخۆش، هەریەکەی نوسخەیەکم دانێ...

دواتر ماموٚستای بەڕێزم حەسەنزادە، زانیبووی خەریکی ئەوکارەم؟ ڕۆژێک بە تەلێفوون وەک هەمیشە کە لوتفیان هەیە و پرسیارمان لێدەکەن، فەرمووی گوایە: بابەتێکت نووسیوە؟
عەرزم کرد: بەڵێ نووسیومە بەڵام لە ڕووم نەهاتوە، عەرزی ئێوەی بکەم! پێموا بوو، نووسراوەکەی من بۆ ئەوە نابێ جەنابت کاتی خۆتی لەسەر دابنێی. دیارە ماموٚستا بەلوتفەوە فەرمووی بینێرە! ئەمنیش بۆم نارد، دوای ماوەیەک تەلێفوونی کرد: بابەتێکی کۆن کە پێشتر بڵاو کراوەتەوە، لە نووسراوەکەدایە. فەرمووی حەز دەکەم ئەو بابەتە لابەری!
خۆم حەزم لە لابردنی نەبوو؟ ئەوجارە کاک حەسەنی هاشمییش هەر ئەو بۆچوونەی هەبوو، کاک ئەحمەد لبادییش هەروەها نەزەریان وەکوو ماموٚستا بوو. ئەمنیش بابەتەکەم لابرد، بۆ ماموٚستام ناردەوە ببینێ کە لام بردوە. ماموٚستا بە تەلێفوون گوتی کارێکی باشت کردوە ئەوجارە نووسراوەکە بۆخوێندنەوە دەبێ و ئیدی، تەئییدی زیمنیی نووسراوەکەی کرد...!:
دوای پێداچوونەوەو دارِنین لە هەڵە بۆی ناردمەوە. دوکتۆر ناسر باباخانی کە هاندەری سەرەکیی ئەو بیرۆکەیە بوو، بە دەرفەتم زانی نوسخەیەکی بەرلەچاپی هەڵەگیراوی ماموٚستای بنێرمە خزمەت.
دوکتۆر باباخانی دوای خوێندنەوە و بەسەرکردنەوەوی بابەتەکان، بەنووسینی نووسراوەیەک، لەسەر نووسراوەکەی من، سیماو ڕووحیکی تازەی کردبووە بەری...!
هەروەها، ماموٚستا حەسەنزادەی بەڕێزیش، بە هەڵسەنگاندنێک، بۆچوونی خۆی لەسەر دەربڕیوە فەرموویەتی: "خوێنەر ماندوو ناکا و وەهەناسەبڕکەی ناخا..."!
ئەوجارە شکم لەوەدا نەما کە نووسراوەکە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەبێ...
_ نازانم بە چ زمانێک سوپاسی زەحمەتەکانی ماموٚستاحەسەن-زادە و بەڕیز دوکتۆر ناسر باباخانی بکەم؟ جگە لەوە کە، بڵێم:

دەستتان خۆش بێ،ماڵتان ئاوا بێ و خەمی تەنیایی هەرگیز ڕوو لە ماڵتان نەکا! داوای ساخی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و هیچی دیکەم لەدەست نایە پێشکێشتان بکەم!

سوپاسی هاوڕێیانی دێرینی خۆم، کاک سەید حەسەنی هاشمیو کاک ئەحمەدی لبادی دەکەم کە، وەک چالاکێکی سیاسیی خاوەن-نەزەر کە زۆر بەوردی و سەرنجەوە بابەتەکانی نووسراوەکەیان خوێندۆتەوە و مولاحەزەی خۆیان لە سەر دەربڕیوە...! بەتایبەت کاک ئەحمەدی لبادی بە نووسراوەیەکی تەحلیلی بەنێوەرۆک ئاوڕی وەسەر بابەتەکانی نووسراوەکەی ئێمە داوەتەوە، ڕاشکاوانە نەزەری خۆی لە سەر دەربڕیوە. وێرایی دەسخۆشانە لەکاک ئەحمەد، بەنۆرەی خۆم داوای ساخیو سەربەرزی بۆدەکەم! ئەگەر مەرگ مەودام بدا؟ درێژەی پێدەدەم. مامۆ ستاحەسەنزادە دەفەرموێ: "...وا بەهاسانی کۆتایی نایە..." سەبرم هەیە و پەلەم نیە، جا ئەگەر مەرگیش بەربینگی پێگرتم، خۆ دەسەڵاتم بەسەریدا ناشکێ!

لەکۆتاییدا سوپاسی بێپایانم بۆ لاوی سەرسپی و ڕوحسووک و خاوەنقەڵەم، کاک عەلی فەتحی کە زەحمەتی دیزاین و سەربەگی نووسراوەکەی بۆ گرتمە ئەستۆ. دەزانم کاک عەلی کاتی بەتاڵی نیە، بەڵام زۆر بە دڵگەورەیی پێشوازیی لە داواکەم کرد. یاخوا هەروا دڵگەورە و روحسووک و خوێنشیرن بێ و داوای ساخی و سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.

محەممەد خزری ٢٠١٨/٠٣/٠١ ستوکهۆڵم_سوئێد

# کورتە هەڵسەنگاندنێک

خوێنەرە بەڕێزەکان! ئەم کتێبەی بەر دەستتان ژیاننامەی تێکۆشەرێکی دێرینە کە دەکرێ بڵێین ئەوەی لەدەستی هاتوە بۆ بیروباوەڕی خۆی و مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەی ئەنجامی داوە و لەو ڕێگایەدا ڕەنجێکی زۆری کێشاوە و ژیانی خۆی لەپێناو ناوە. کاک مەلا موحەممەدی خزری (نووسەر) لوتفی کرد و پێش چاپ ژیاننامەکەی بۆ ناردم و داواشی کرد ڕای خۆمی لەسەر دەرببڕم. ئەمەی خوارەوە پوختەی بۆچوونی من لەسەر کارەکەی ئەو هاوڕێ دێرینەمە:

نە کاک مەلا موحەممەد و نە (ئەوەندەی بۆخۆم بزانم) هیچ ژیاننامەنووسێک کارەکەی خۆی بە مێژوو یان تەنانەت بە نیوەمێژووش دانەناوە. بەڵام بەڕاستی نووسینی ژیاننامەی تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری گەرەسەیەکی باش دەداتە دەستی مێژوونووسان کە بە لێوردبوونەوە و لەبەریەکڕانانی هەموویان و گوڵبژێرکردنیان بتوانن ڕووداوەکان (ئەوەندەی دەکرێ) ساغ بکەنەوە و شتێکی نیزیک لە ڕاستی بدەنە دەست. بریا هەموو تێکۆشەران ئەو کارەیان کردبا.

کارەکەی کاکەمەلا هێندێ سروشتی تایبەت بەخۆی تێدان. بۆ وێنە کەمکەس وا بەوردی چۆتە نێو بەسەرهاتەکانی ژیانی تایبەتیی خۆی و تەنانەت ڕووداوەکانی دەوروبەریشی. زمانێکی شیرین و بێگرێوگۆڵی خۆماڵییانەی بەکار هێناوە کە خوێنەر ماندوو ناکا و وە هەناسەبڕکەی ناخا. لەوانەش گرنگتر زۆر جار چاکەی خەڵکی باس کردوە و ئەمەگناسیی دەربڕیوە، بەڵام بە بێڕێزی ناوی کەسی نەبردوە و ئەگەریش ڕەخنەیەکی لە کەسێک گرتبێ، زمانێکی بەکار هێناوە کە هەموو کەس هەستی پێ ناکا.

دەستخۆش و ماندوونەبوونیی لێدەکەم و ئاواتەخوازم ساغ-وسڵامەت و تەمەندرێژ بێ هەتا کارەکەی تەواو دەکا. قسەی

خۆمان بێ بەو وردئەنجنینەش کە ئەو دەستی داوەتێ ئەو ژیاننامەیە وا بەهاسانی کۆتایی نایە و وەک دەڵێن "سەبری ئەییووب و عومری نووحی دەوێ".

کۆیە - باشووری کوردستان ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی عەبدوڵڵای حەسەنزادە

هەواڵنامەی کتێب

**لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد!**
**شریتی عومری ڕابردووی پێشمەرگەیەك**
**بە سەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم**
**شریتی عومری ڕابردوو وەکوو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی سەراپا سەرگوزەشتەی نائومێدیمە**
**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس‌هێنانی لاویمە**

(نەمر مامۆستا ئەحمەد هەردی)

هەر ئێستا لە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی بەڕێز مامۆستا محەممەد خزری بوومەوە، مامۆستا وەك هەمیشە بچووکی خۆی بەسەر کردبۆوە و نوسخەی بەرلە چاپی کتێبەکەی بۆ ناردبووم تا ئەگەر تێبینییەکم هەبێ عەرزی بکەم. دیارە لەوە پێشتر لە سەر کتێبی بەنرخی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧-٤٢ (١٩٦٨-١٩٦٣)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان" هەر بە قەڵەمی مامۆستا، هەندێ تێبینیم نووسیبوو و لێرەدا حەول دەدەم چەند خاڵێك سەبارەت بەم کتێبەی بەردەستتان، واتە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی، کە ناوی ناوە لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد، بە تێهەڵکێشێك لە وتەکانی پێشووم لە سەر کتێبی لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧-٤٢، پێشکەشتان بکەم. بە داخەوە مێژووی کورد بە شێوەیەکی جیددی و زانستی کەمتر ئاوڕی وێدراوەتەوە و کاری لەسەر کراوە و تەنانەت زانیارییەکان زۆر جاران ناتەواو و هەندێ جاریش دژ بە یەکن. بە تایبەتی مێژووی بەڵگەمەند و نووسراوی هەر زۆر کەمە و ڕەنگە بیانییەکان لەباری نقیسارییەوە لەچاو خودی کورد پشکی شێریان بەرکەوێ. ئەوەی من مەبەستمە سووکە لەنگەرێکی لەسەر بگرم مێژووی زارەکی (Oral History) یە کە زیاتر خۆی لە قالبی نووسینی بیرەوەری (Autobiography)

کەسایەتییەکاندا دەردەخا و لە تەواوی دنیادا گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە. هەرچەند خەساری سەرەکی لە مێژووی زارەکیدا ئەوەیە کە گێڕەوەی مێژوو، زۆر جاران دەبێتە برا گەورە و قارەمانی داستان و زۆرتر تای تەرازووەکە بۆ لای خۆی خوار دەکاتەوە! دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە خۆی وەك خەسار سەیر دەکرێ، بەڵام تایبەتمەندیی سەرەکی مێژووی زارەکیشە! بۆ ئەوەش کە بە ئاکامێکی ئیجابی بگەین پێویستە مێژووناس و لێکۆڵەرەکان بە گردوکۆکردنی سەرجەم ئەم چەشنە بابەتانە و پشتبەستن بە بەڵگە و داکیوومێنت، تاکولۆی بابەتەکان بخەنەوە سەر یەک و دواجار لە دڵی مێژووی زارەکی وەک بیرەوەرییەکان و بیووگرافییەکان، مێژووی بەڵگەمەند و باوەڕپێکراوی لێهەڵێنجێنن. زۆر جاران تەنیا پاراگرافێك مێژوویەکی شاراوە و پیر لە نهێنی ڕوون دەکاتەوە. زۆر باشم لەبیرە کاتێ نەمر مامۆستا هەژار کتێبی چێشتی مجێوری بڵاو کردەوە و تێیدا زۆر بەوردی باسی پەیمانی سێسنووری کردبوو، هەندێ مرۆڤی بەستەزمان هێرشیان کردە سەری کە مێژووی ئەم پەیمانەی شێواندوە و وا نیە. کەچی دواتر بە بڵاوبوونەوەی وێنەکانی مامۆستا هەژار و هاوڕێیانی لە کۆبوونەوەی سێسنوور، سەلما کە بۆچوونەکەی هەژار لەسەتاسەت ڕاست بووە. کەوابوو زۆر گرینگە کە ئێمە حەول بدەین مێژووی زارەکیمان دەوڵەمەندتر بکەین. ئەم کتێبەش وەك کتێبی لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەیساڵەکانی ٤٧-٤٢ (١٩٦٨-١٩٦٣)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لێوڕێژە لە بیرەوەریی تاڵ و شیرین، لێوڕێژە لە دەرسی کوردایەتی و وانەی جوامێری و ژیانی تێکۆشەری لەخۆبردووی کورد، کە چۆن دەست لە ماڵ و منداڵ و ژیانی ئاسایی خۆی هەڵدەگرێ و چەکی ئیمان و بەرگری لە کەرامەتی تاک و کۆی کورد دەکاتە شانی، ڕۆمانێکی واقیعی لە ژیانی ئەو مرۆڤانەی دەستەمۆ نەبوون، کەوی نەبوون... کێوی بوون، پێکران بەڵام دیل نەکران و دواجار سەریان لە پێناو گەل و

نیشتماندا نایەوە. ئەم کتێبە باس لەو کەسانە دەکا کە بەرەو "مەرگێکی خۆهەڵبژاردە" ڕۆیشتن تا بەستەڵەکی دیکتاتۆریی وڵات بشکێنن و خەڵك لە خەو ڕاپەڕێنن، هەربۆیە بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە بەرەوپیری مەرگ چوون. لە پەیوەندی لەگەڵ کتێبەکەدا وەک سووکە لەنگەرێک ئاماژەیەکی کورت بە چەند خاڵان دەکەم:
- مامۆستا داهێنانێکی جوانی بۆ فۆرم و داڕشتی کتێبەکەی کردوە و هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەش بەشی کردوە وەك ئێپیزۆدی کورت کورت، بەڵام لە هەمان کاتدا یەکیەتیی بابەتی و کاتیی ڕووداوەکانیشی پاراستوە. - کتێبەکە بە کوردییەکی پەتی و خۆماڵی و بە بنزاراوەی دەوڵەمەندی موکریانی نووسراوە، دەستەواژە و مەسەلی بەجێ ئەوەندەی تر زمانی کتێبەکەی شیرن و لەبەردڵان کردوە. - خاکەڕایی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، هەستێکی ئاوێتەی ڕێزت بەرامبەر بە نووسەر پێدەبەخشێ، بەپێچەوانەی هەندێ لەو کەسانە کە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیاندا دەبێ تەعبیری برا گەورەیی **(Big Brother)** جۆرج ئۆروێلیان بۆ دەکارکەین، بەڵام مامۆستا محەممەد خزری بەردەوام خۆی لە خۆزەقکردنەوە دەپارێزێ. حەولی تەواوی داوە بە سەداقەت و ئینسافەوە لەسەر کەسایەتییەکان بدوێ و هەرچەند بە دەیان جار لە سنووری دەسکردی ڕۆژهەڵات و باشووڕ ئاودیو بووە بەڵام لە کاتی نووسینی کتێبەکەی لە سنووری ڕێز و حورمەتی ئینسانەکان تۆزقاڵێک ناترازێ! - لەو شوێنانەی بۆخۆی ڕاستەوخۆ بەشداری ڕووداوەکان نەبووە، زۆر بە پارێز و ئەمانەتەوە بەسەرهاتەکانی لە زمان و قەڵەمی دیتران گێڕاوەتەوە و بە واتایەکی تر بوێرانە و ڕاشکاوانە کرداری"نازانم"ی دەکار کردوە! - ئەوەی سەرسوڕهێنەرە گێڕانەوەی هەندێ ڕووداوی گرینگە کە مامۆستا زۆر بە وردەکارییەوە ئاماژەیان پێدەکا. حافزەی مامۆستا لە زۆر جێگایان دەکرێ بڵێم کەم وێنەیە! - ئەم کتێبە، نووسراوەیەکە لە چەشنی ئاماڵ ڕۆمان، دیالۆگەکانی ڕێك دەتخاتەوە بیری ڕۆمانە

گوندییەکان. مامۆستا وەها کەسایەتییەکان و جیلوە سروشتییەکانت بە وردەڕیشاڵەوە بۆ شەنوکەو دەکا دەڵێی کامێرای بەدەستەوە گرتوە و خەریکی فیلمچێکردنە! بڕوانە ئەو زمانە چەند بە جوانی بە شێوەیەکی وەسفی کەوتۆتە گەڕ: "وەرزی هاوین بوو. هێشتا هیچم لە مانگ و ساڵ نەدەزانی. لەگەڵ منداڵگەلی هاوتەمەنی خۆم، لە دەراوێ حەمەشۆڕی، چۆمی قەرەشلاخێ، لە تەنکایی چۆمی خەریکی مەلەکردن و یاری و بزۆزیی مندالانەی خۆمان بووین. جووتێر، لە جووتی گەڕابوونەوە لە چۆمی کەڵەکانیان دەشوشتن، یان بە وتەی خۆمان دەشوتن. گوتیان منداڵ! کاڵەموویینە هاتوون ئەوە لە کودەری دەراوی مایینان باروبنەیان خستوە. ئێمەی منداڵیش وەك چاوەڕێی ئەو هەواڵە ڕانەگەیەندراوە بووبین بێ ئەوەی بزانین کاڵەموویینە چین و چ کەس و چ کارەن، بەپەلە جلەکانمان دەبەرخۆمان کردەوە و چوارناڵە بەرەو دەراوی مایینان کوتامان، غارمان دا! چووین، ڕاست بوو، کاڵەموویینە هاتبوون. دۆم و قەرەج نەبوون، لە زمانیان نەدەگەیشتین، هەر زریوەزریویان بوو. باروبنەیان خستبوو ئاوریان کردبۆوە، ئێمە هەر چرەدووکەڵەکەمان دەدی... ئەوەی بۆ من زۆر جێگای سەرنج بوو چێڵ و گایەکانیان بوون کە، جلیان بەپشتەوە بوو، وەک بارەبەر باریان کردبوون؟ ئاخر لە مەڵبەندی ئێمە هەر یەکسم و گوێدرێژ وەک بارەبەر بار دەکران، چێڵ وگا، بار نەدەکران. هەتا وەڕەز بووم لەوێ دەگەڵ منداڵان خۆم خافڵاند و دوایی بەرەو ماڵ گەڕامەوە کە، هەواڵی هاتنی کاڵەموویینان بۆ دایکم بگێڕمەوە..." - بە گشتی ئەم چەشنە کتێبانە گەنجی سەر بە مۆرن، چرای ڕووناکی شەوی ئەنگوستە-چاوی ڕێگای خەباتن و کەسایەتییەکی وەک مامۆستا محەممەد خزری سەرمایەی نەتەوەیین. وەك تێبینییەکی تایبەت بەخۆم و هەستی تاکەکەسیم، مامۆستا لەم بیرەوەرییانەدا باسی چەند کەسێکی کردوە کە من لە نیزیکەوە دەمناسین، بەڵام بەم شێوەیەی مامۆستا باس لە کوردایەتی و خۆنەویستی و

جوامێرییان دەکا بەڕاستی نەمدەزانی و زۆر بەداخەوەم کە زیاترم قەدر نەزانین و زیاتریان لێ فێر نەبووم و بە ئەسپایی بە تەنیشتیاندا تێپەڕیم. ئەوانە کەسانێك بوون کە کوردایەتییەکەیان بەقەد سەرەدەرزییەك خەوشی تێدا نەبوو، لە ناووناوبانگ و نانیش نەدەگەڕان، ئەوان و وەکی ئەوان پێشمەرگەی ونی هەموو سەردمی کوردایەتی بوون. ڕووحی هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی شاد و یادیان هەرماو. لە کۆتاییدا هیوای سلامەتی و تەمەنDرێژی بۆ مامۆستا محەممەد خزری دەخوازم و چاوەڕوانی بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانی دەبین، سایەت کەم نەبێ مامۆستا گیان!

ناسر باباخانی ئەمریکا- ١٩ی فێورییەی ٢٠١٨

هەوالنامەی کتێب

# سرنجێک لە سەر کتێبی "لە قەرەشلاخەوە بۆ سوئێد!"ی مامۆستا موحەممەدی  خزری

بەحوکمی دۆستایەتیەکی نیزیک و هاودەمیی و هاوخەمیی چەندین ساڵە، شانازی ئەوەم لە لایەن دۆست و مامۆستای بەڕێزم کاک موحەممەدی خزریەوە پێبڕا کە دوا بەرهەمی بەڕێزیان، واتە "لەقەرەشلاخەوە بۆ سوئید" بەرلە چاپکردنی بخوێنمەوە. لە من وابوو مامۆستا باسی سەربردەکانی ژیانی خۆی دەکا کەچی لەگەڵ خوێندنەوەی  کتێبەکە هەستمکرد کە لاپەڕە بە لاپەڕە زیادتر بە ناخی مێژوویەکی پڕ لە کارەسات و هەوراز ونشێودا شۆر دەبمەوە کە بە وردبینییەکی سەرسوڕهێنەرەوە سەرلەنوێ گیانی وەبەر نراوەتەوە.
کتێبەکەی مامۆستا لە چەند ڕووەوە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و جێگای سرنجە. لەوان، ئەو زمانە پاراو و ساکارەی کە مامۆستا بەکاری هێناوە، بەڕادەیەک شیرین و بەچێژە کە مروڤ حەزناکا واز لە خوێندنەوەی بهێنێ.  یا ئەو دیقەت و وردبینییەی کە لە بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکاندا بەکارهاتووە یەکجار سرنجڕاکێشە. ئەو نهێنییانەی کە هەتا ئێستا باسی لێوە نەکراوە و ئەو زانیارییانەی کە  نەوەی نوێ پێوستە بیزانێ هەتا بتوانێ بۆ وێناکردنی دواڕۆژێکی باشتر بۆ نەتەوەکەی دەکاریبکا، کەرەسەیەکی باش دەداتە دەستی مێژوونووسان. دیارە کتێبەکە هەڵگری گەلێک بابەتی گرینگیتری لەم چەشنەیە . من  تەنیا ویستم ئاماژە بە هێندێکیان بکەم و لەوە زیادتر ناپڕژێمە سەریان و بۆ خەڵکی پسپۆڕی دەهێڵمەوە.
لێرەدا حەزدەکەم کە بەکورتی دوو لایەنیتری کتێبەکە بێنمە بەر باس کە بە ڕای من گرینگی تایبەتیان هەیە:
یەکەم: ئەو شێوە دارشتنەی کە مامۆستا بەکاریهێناوە، نووسەری سەربردەکان لە سەرچاوەی هەڵقوڵێنی ڕوداوەکان جیا ناکاتەوە و پێکەوە لەگەڵ مرۆڤەکانیتری بەشدار لە بەسەرهاتەکاندا،

بەتێکڕایی دەیانکاتە قارەمانانی ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواری. ئەو قارەمانانەی کە لەسەر عەرزی واقیع دەژین و ئەوەی هەن نایشارنەوەو بە سەخاوەتمەندییەوە خۆیان دەکەنە دەستەچیلەی ئاورگی ژیانی کۆمەڵگا و ناهێلن کە ئەو وەجاغە کوێر بێتەوە.
دووهەم: لە قەرەشلاخەوە بۆ سوید، تەنیا گەشت و گوزارێکی زەمانی و مەکانی نیە بەڵکوو بەسەرکردنەوەی قۆناغێکی زێدە هەستیاری مێژووی وڵاتەکەمانە کە لەودا کۆمەڵەلگای کوردەواری لەحاڵی تێپەرکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووری سیستەمی کرچوکاڵ و پێنەگەیشتووی دەرەبەگایەتیدا، بەرەو سەقامگیربوونی بەکاوەخۆی سیستەمی لۆکاڵ و کرچتری سەرمایەداری دایە. ئاڵوگۆڕێکی گەلێک بەژان! کەرەسەو ئامرازی ئەو ئاڵوگۆڕەش هەرئەوانەن کە مامۆستا یادیان دەکاتەوە. مامۆستاو سەدان و هەزاران مرۆڤی وەک خۆی دەبنە بەستێنی خوڵقاندنی نسکۆ و سەرکەوتن، شایی و شین، ئومێد و ناهومێدی، بزە و فرمێسک و هتد. مامۆستا بە شێوەیەکی خۆڕسک و ئاسایی و بە دەورپێدان و بەهێندگرتنی خەڵکی هەژار و تەنگدەست، سەپان و شوان، قەرە و جووتبەندە، گوندی و شارەیی خوێندەوارو ڕۆشنبیر و خەڵکی نەخوێندەوار و لەڕاستیدا تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، زۆر وەستایانە، هەرکامیان لە شوێنی خۆیدا و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە ئەمانەتەوە، باسدەکا. هەرئەوەش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی بەرهەمێک کە وەک ئاوێنەیەکی تەواونوما لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی وڵاتەکەمان لە سەردەمی مودێرندا، ڕووداوەکانی ئەو دەورەیەمان بۆ زیندوو دەکاتەوە و ڕوحیان وەبەر دەنێ.
لە کۆتاییدا هەر ئەوەندەی دەڵێم کە ئەو کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستاندا هاوتای نییە و مامۆستا بەو شێوە نووسینەی ڕەچەشکێنی کردووە.

هەژاری ئێمەی ئێستر

من ئارەزووی سڵامەتی و لەشساغی بۆ مامۆستای بەڕێزم دەکەم و هیوادارم کە خامەی هەروا بە بەرهەم بێ.

بە ڕێز و حورمەتەوە
مارس ٢٠١٨
ئەحمەد لبادی

هەوالنامەی کتێب

"لەبەر تۆ چارەنووسی شوومی بەدفەڕ
ئەوەی قەت لێی نەدەم تەپڵی ئەمانە!"

(هێمن)

## لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوێد!

"لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوێد"، چەند لاپەڕەیەکی‌یادی ڕابردوویە. باس لە ژیانی پڕچەرمەسەری و دەیان ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری، خەونە وەدی‌نەهاتووەکان و ڕابردووی نووسەر دەکا. ناوبراو ئاگاداریی لەسەر ژیانی ڕۆمانتیکانە و گەشت‌وگوزار و گازینوی لێوارە دەریاکان نیە! ئەو هیچ لەو شێوەژیانە نازانی هەتا لە بارەیدا بدوێ. دەوری ڕابردووی ژیانی کۆلەمەرگیی خۆی دەکاتەوە بەو شێوەیە کە خۆی دەری‌دەبڕێ و بەجۆرێک لەجۆرەکان یادیان دەکاتەوە.

وەک خۆی ئاماژەی پێداوە: ئەو نە کۆمەڵناس و مێژوونووسە، نە نووسەرێکی پیشەیی کە بتوانێ بە زەبری قەڵەم هەیکەل لە نەبوو دابتاشێ و گیانی وەبەر بێنێ! کورد گوتەنی: وەڕەزیی ئێستێ و یادگارە بەجێ‌ماوەکانی لەوڵات، هەڵەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی هانیان داوە، ئەگەر بۆی بلوێ ڕاستگۆیانە بڵێ لە بەختەوەری ئەوەندەی پێ‌بڕاوە بەو شێوەیە کە لە بارەیەوە دواوە! لە هەمان‌کاتدا ئەو نەکەوتۆتە شوێن ئازایەتی و قارەمانەتی و ناو و ناوبانگی خۆی. باسێکی وەها بەنووسراوەکەوە بەرچاو ناکەوێ. ئەو خۆشی و ناخۆشیی دیتن و بییستنەکانی و ڕابردووی بەسەر کردوونەوە. نەچۆتە سەر بابەتێك کە بە جۆرێک لەجۆرەکان دەگەڵ کۆمەڵگای سەردەمی خۆی ناتەبا بێ. ئەو کەسانەی حەوسەلەی خوێندنەوەی نووسراوەکەیان هەبێ دەتوانن نەزەر و بۆچوونی خۆیانی لە سەر دەربڕن کە داخوا ئەو بیرەوەرییانە چەندەیان هەلومەرجی

کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی کوردەواری پێوە دیارە و ڕەنگی داوەتەوە؟

لە کوتایی ساڵی٢٠٠٣دا، نووسراوەیەکم لەژێر سەردێڕی: "لاپەڕەیەك لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی١٣٤٢-١٣٤٧" نووسی و بڵاوم کردەوە. لەڕاستیدا، ئەم نووسراوەیەم وەک بیرەوەریی تایبەت بەخۆم نەنووسیوە. زۆرتر لە سەر ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەم نووسیوە کە لە سەردەمە دیاریکراوەکاندا، ڕوویان داوە. ئەمنیش وەک شایەدحاڵێکی ئەو سەردەمە، هێندێک لەو ڕووداوانەی لە بیرم مابوون، نووسیومن و لەتوێی کتێبێکدا بڵاوم کردوونەوە. وێڕای ئەوە، بابەتەکانم بەسەر کردوونەوە و لەبێژینگیشم داون، بەڵام دیسانیش ئەو نووسراوەیە بێ کەموکوڕی نیە، زۆر بابەت هەن خۆم لێبواردوون، یان ڕاشکاوانە نەمداونەتە بەرباس! ئەوەی لەم کتێبەدا نووسراوە، خۆمی لێ بە بەرپرس دەزانم و دەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی زێدەوێژیم تێدا نەکردوە، هەر بۆیە نووسراوەکەم وەک دێکومێنت ناو بردوە.

لە بەسەرکردنەوەی ئەو ڕووداوانەدا، کەمتر پرژاومە سەر یادداشتی ژیان و بەسەرهات و چارەنووسی شوومی تایبەت بەخۆم!

ژیانی ئادمیزاد بەگشتی، پڕە لە بیرەوەری، بیستن و دیتن، ڕووداو، بەسەرهاتی ڕۆژانە، ئەگەر دوور لە زێدەوێژی بە دروستی بنووسرێنەوە، لەوانەیە گێڕانەوەیان زیانی نەبێ؟

ئەو شتانەی لە بیرم ماون، ئەگەر توانای نووسینەوەیانم هەبێ، بەتایبەت ئەو بابەتانەی هەتا ئێستاش یادەکانیان بەخۆش و ناخۆشیانەوە، لەسەر مێشکوزەینم لانەچوون و بەزیندوویی ماون و هەستیان پێدەکەم، حەز دەکەم بیاننووسمەوە!...

لێرەدا جگە لە ئامارە، جارێکی دیکە ناچمەوە سەر درێژەی ئەو بابەتانەی کە پێشتر لەژێر سەردێڕی "لاپەرەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی چلودوو تا چلوحەوت ٤٢-٤٧ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان" باسم لێوە کردوون. هەرچەند لە

نێو ئەوانیشدا گەلێک بەسەرهاتی نەنووسراو، ماون و لێرەدا جێگایان بەتاڵە.
بە بۆچوونی خۆم، مرۆڤ، هەموو بەسەرهات و ڕووداوێکی ڕابردووی خۆی بەوردی لە بیر نامێنێ. لە هەمان کاتیشدا هەموو ڕووداوێکی ژیانی ڕۆژانەش، بۆ نووسینەوە نابێ. بە بۆچوونی خۆم، بەسەرکردنەوەی هەر ڕووداوێک دەبێ لانیکەم سەرەداوێکی بچێتەوە سەر کۆمەڵگا و جێگای خەسارناسیی پێوە دیار بێ، و ژیانی ئەو سەردەمەی بەشێوەیەک تێدا ڕەنگ بداتەوە.
سەرەتا گەرەکمە، بە چەند بیرەوەریی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیی خۆم دەست پێبکەم، ئەگەر بۆم لوا، وەک ئەمەگ و وەفا، یادێکیش لەو خەباتگێڕانە بکەمەوە: کە لە ڕۆژە سەخت و بێدەرەتانەکانی ئەو سەردەمەدا، هاوڕێیەکی دڵسۆز و خاوەن-بەڵێن بوون و لە مەترسییەکانی وەک: پەنادان و هاوکاری و پەڕاندنەوە لە بواران، لە هیچ فیداکارییەک خۆیان نەبوارد و تەنانەت وێڕای هەموو هەژاری و نەداریی خۆیان نانی تەبەکیان دەگەڵ بەش دەکردین. ئاوڕنەدانەوە لە ڕابردووی ئەو خەباتگێڕانە دەبێتە بێ ئەمەگی و...
داستانی فیداکاریی ئەو خەباتگێڕانە وێڕای ئەوە کە بەڕواڵەت هەموویان کەسانی سادە و ساکار، زەحمەتکێشی ئاسایی نەتەوە هەژارەکەمان بوون، بەڵام لە مەیدانی لە خۆبردووییدا، هەر کامیان قەرەیان لە قەرەی پاڵەوانانی سەردەم داوە...!
دەستی شکاوم، توانا و هێزی نووسەر لەوە لاوازترە بتوانێ بە تێروتەسەلی و شێوەیەکی ڕێکوپێک، بێ گرێوگۆڵ یادی ڕابردووی ئەو لە دڵداخەوتووانە و داستانەکانیان بکاتەوە. لێرەدا ئەگەر بە کەموکوڕییش بێ، بەشێوەک لە شێوەکان لە شوێنی خۆیاندا بەسەریان دەکەمەوە.

***

# کورتە ناسنامەی نووسەر!

بۆخۆم وەبیرم نایە! بەڵام ئەوجۆرەی دایکم و خوشکەکانم بۆیان گێڕاومەوە: ئەمن ئێوارەی ١٥ی مانگی ڕەزبەری ١٣١٨ی هەتاوی_٧ی ئوکتۆبری ١٩٣٩ی زایینی لە دایک بووم.
لە بەرەبەری جەنگی دووهەمی جیهانی، لە هەرەتی حوکمی دەوڵەتی رەزاخانیدا، لە گوندێکی ناوچەی شارویران، بەناوی قەرەشلاخ، بەوتەی خەڵکی زێدەکەم، یان بە وتەی هاو وڵاتیانی غەیرە کورد: "قەرەقشلاق" سەر وەشاری مەهاباد، چاوم بەدنیا هەڵێناوە. ئیدی ئێمە ئاگامان لە شەڕوشۆری دووهەمی جیهانی نەبووە، هیچمان لێنەزانیوە! گوندنشینانی کورد، لەو سەردەمەدا بەگشتی نەخوێندەوار بوون، جگە لە وڵاتانی دراوسێی کوردستان، زۆریان شارەزایی و ئاگاداری لەسەر جوغرافیا و هەڵکەوتەی وڵاتانی جیهان نەبوو...؟ ئەو سەردەمە تەمەنی من دوو ساڵی تەواو نەکردبوو، وەک دەیانگوت: هێزەکانی (سۆڤیەت، ئینگلیس و ئەمریکا) ئێرانیان لەڕێگای دەریا و وشکانییەوە، گەمارۆ دابوو دواتر داگیریان کردبوو.
قۆشەنەکەی ڕەزاخانیش کە دەیگوت:"ئاسمان بڕووخێ بەنووکی سەرنێزە ڕایدەگرێ" بێتەقە و دەستکردنەوە، خۆی بەدەستەوە دا و لەبەرێک هەڵوەشا و ئاداری بەسەر پاداریەوە نەما و رەزاخانیش لە ئیران وەدەرنرا و لە هەندەران توونبەتوون چوو،و سەری نایەوە؟
ئەمن بە هۆی کەمتەمەنی، سەردەمی ڕەزاخان و زەبروزنگی دەوڵەتەکەی و چۆنایەتیی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەم وەبیر نایە. بەڵام دایکوباوک و کەسانی بەساڵداچوو ئەوەندەیان داستانی پڕ لە تراژیدی و ستەم و سووکایەتی و زۆر و زۆرداریی حکوومەتی پەهلەوی، بەگوێچکەدا خوێندبووین، بیچمی شوومی ژاندارم و کاربەدەستە دزەکانی ڕژێمی ڕەزاخانی، دەبوون بە "دێوەزمە" لە سەر لاپەڕەی مێشک و زەینمان.

لەدوای بەتوونچوونی ڕەزاخان و حوکمەکەی، ئێمەی منداڵیش گەشەمان دەکرد و گوێچکەکانمان بە ناوەکانی: کۆمەڵە و دێموکرات، ئاشنا دەبوون و وشەی نوێ دەهاتنە سەر خەزێنەی زەینمان. گوێمان بە داستانەکانی ناودارانی کورد و شێعر و گۆرانیی کوردی ئاشنا دەبوو و خۆمان بە گوتنەوەیان ڕادەهێنا...

***

هەرچەند ئەوسەردەمە، زۆرکەمتەمەن بووم، غایەتێکی بەحوکمی ئەوە کە منداڵ کونپشکن و لەسەرهەستە، گوێم بۆ هەموو داستان و باسوخواسێکی ئەو سەدەمە ڕادەگرت. ئەمن کوڕە خواپێداو نەبووم. بابم زەحمەتکێشێکی دێهاتی بوو، لە هەمانکاتدا ڕاوچییش بوو. ماڵەکەمان لە وەرزەکانی بێکاریدا دەبوو بە مەکۆی ڕاوچی و ئاغا و کەسانی بەساڵداچوو و ڕیشسپی ئاوایی. لەو سەردەمەدا، لە ئاواییەکانی کوردستان بەگشتی دیوەخان نەبوو. ئێمەمانان هەرناوی دیوەخانمان دەزانی، دەنا بەچاو نەماندیبوو؟ جگە لە ئاغاوەتان، کەسێ دیکە دیوەخانی نەبوو...! ئەو حەشیمەتە زۆرەی دەهاتە ماڵەکەمان، لە دەوری تەندووریێ، یان لەبەر کورسی، لێک کۆ دەبوونەوە و دەستیان دەکرد بە نەقڵونەزیلە و حەقایەتی رابردووی خۆیان.

هەرکەس داستانێکی لە سەر بێدادیی تورک و عرووس و تاڵانو بڕۆی حکوومەتی ڕەزاخان هەبا کە ئەو جۆرە کەسانە کەم نەبوون، نەقڵ و ڕووداو، و بەسەرهاتی خۆی بەئیشتیا، تاموخوێ دەکرد و لە مەجلیسەکان دەیگێڕایەوە.

باسی هاتنی عرووس بۆ ئێران و دامەزرانی کۆمەڵە و دێموکرات، لەوسەردەمەدا لەمەڵبەندی ئێمە، مەجلیسی بەساڵداچووانی گەرمتر کردبوو. ئێمەی منداڵیش، بە تامەزرۆیی گوێمان بۆ دەگرتن. کەس نەبوو لە بیستنی ئەو جۆرە ڕووداو و بەسەرهاتانە وەڕەز بێ...

سەربردە و بەسەرهاتی بەساڵداچووانی بەرلەخۆمان بوو بە هەوێنی خەباتی دوارۆژ بۆ ئێمەی بەرەی دوای ئەوان. گێڕانەوەی ئەو بەسەرهات و رووداوە تراژیدییانە کاری کردە سەر ئێمە و بوو بەهۆی ئەوە کە بکەوینە شوێن ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانو...؟

لە ڕۆژی ١٥ی مانگی ڕەزبەری ١٣١٨ی هەتاوی_ ١٩٣٩ی زایینییەوە هەتا ئێستێ، دەبێتە حەفتاوپێنج ساڵ و دوو مانگ کە، لە دایکبووم. بە وتەی دایکم: یەکەم مانگی پاییز بوو، هەوا فێنک داهاتبوو، مێشوولە لە کەمییان دابوو، هەڕەتی توندیی شەپکەی پەهلەوی بوو کە چاوم بە ڕووی دنیادا کردەوە. ئیدی نە ئەو دەیزانی چ ساڵێک بووە، نە ئەمنیش وەبیرم دێ...

***

هەواڵنامەی کتێب

# ژیانو پێکهاتەی بنەماڵە!

ئەوجۆرەی دایکم بۆی گێڕاومەوە، ژیانیان بە سەر زۆر قۆناخی ناخۆش و پڕلە تراژیدیدا تێپەڕیبوو. بە وتەی ئەو، بەهۆی ڕاکردن لەبەر عرووس و خاڵە قوربانی، تووشی قاتیوقڕی و دەربەدەری و هەژاریی لە ڕادەبەدەر هاتبوون...!

ئەمن بنبێژێنگ و دوازدەهەمین منداڵی ئەو بووم. ئەوەی ئەمن بە چاوی خۆم دیتوومە: لەکۆی ئەو دوازدە منداڵە، یان خوشکوبرایانە، تەنیا سێ کچ و کوڕێک_ کە خۆم بم، بۆ دایکم مابوونەوە. بە وتەی خۆی مەرگی هەشت منداڵە خۆشەویستەکەی دیکەی، بەشێوەی جۆراوجۆری زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بەچاو دیتبوو، تەرمەکانیانی بەڕێ کردبوون. حەسرەتی لە دەست دانی منداڵە خۆشەویستەکانی هەرگیز لەبیر نەدەچوو؟...

ئەوەی خۆم وەبیرم دێ: باوکم هاوینان دوای دابینکردنی تفاقی پڕوپاتاڵەکەی، خەریکی جەگەن دروون دەبوو. دوکانێکی چووکەشی هەبوو، بە فروشتنی وردەواڵە و کەلوپەلی پێداویستی ئەو سەردەمەی خەڵکی هەژاری ئاوایی، بژێوی ڕۆژانەی خۆیانی دابین دەکرد. خوشکەکانم بەر لە دایکبوونم، یان ئەوکاتەی تەمەنم کەمتر لە ساڵێک بووە شوویان کردبوو.

بنەماڵەیەکی چووکەی سێ کەسی _ دایکم و بابم و خۆم مابووینەوە. ژیانێکی تەباوڕەبای هەژارانەمان هەبوو. دایکم وێڕای کار و کوێرەوەریی نێومال، بە پاتاڵەکەشمان ڕادەگەیشت. دوای سەروبەرکردنی ماڵ و پاتاڵەکە، ڕۆژانە دەچووە سەرکارگەی حەسیرێ، دەستی دەکرد بە حەسیرکردن، لانیکەم ڕۆژانە یەک، دوو حەسیریشی دەکرد. لەوە بەدوا لەوانەیە زۆرتر لەوە، ژیانی خۆم و بنەماڵە بدەمە بەر باس.

ئێستێ کە ئەو یاد و بەسەرهات و ڕووداوانە دەنووسمەوە لەوانەیە زۆرشتم لەبیر چووبێتەوە؟ لە هەمانکاتدا، بێشک

ڕووداوەکان بەوشێوە ئەدەبیاتە نەبوونە کە ئێستێ لەسەر قاقەز نووسراون. ئەدەبیاتەکە خۆم دامڕشتوە: زەینی منداڵ هەر ڕووداوەکانی وەبیر دەمێنێ. ئەوەی ئەمن مەبەستمە: گێڕانەوەی ڕووداوەکانە، جا بەهەرشێوە ئەدەبیاتێک بێ، لەسەر من پێویستە بە دروستی بیانگێڕمەوە.

***

هەوالنامەی کتێب

# فەسڵی ١

## سەردەمی منداڵی ومێرمنداڵی کاڵەمووینە

وەرزی هاوین بوو. هێشتا هیچم لە مانگ‌وساڵ نەدەزانی. دەگەڵ منداڵگەلی هاوتەمەنی خۆم، لە دەراوێ حەمەشۆڕی، چۆمی قەرەشلاخێ، لە تەنکایی چۆمی خەریکی مەلەکردن و یاری و بزۆزیی منداڵانەی خۆمان بووین. جووتێر، لە جووتی گەڕابوونەوە لەچۆمی کەڵەکانیان دەشوشتن، یان بە وتەی خۆمان دەشوتن. گوتیان منداڵ! کاڵەمووییینە هاتوون ئەوە لە کودەری دەراوی مایینان باروبنەیان خستوە. ئێمەی منداڵیش وەك چاوەڕێی ئەو هەواڵە ڕانەگەیەندراوە بووبین بێئەوەی بزانین کاڵەمووییینە چین و چکەس و چکارەن، بەپەلە جلەکانمان دەبەرخۆمان کردەوە و چوارناڵە بەرەو دەراوی مایینان کوتامان،غارمان دا! چووین، ڕاست بوو، کاڵەمووییینە هاتبوون. دۆم و قەرج نەبوون، لە زمانیان نەدەگەیشتین، هەر زریوە زریویان بوو. باروبنەیان خستبوو ئاوریان کردبۆوە، ئێمە هەر چرەدووکەڵەکەمان دەدی...

ئەوەی بۆمن زۆر جێگای سەرنج بوو چێڵ و گایەکانیان بوون کە، جلیان بەپشتەوە بوو، وەک بارەبەر باریان کردبوون؟ ئاخر لە مەڵبەندی ئێمە هەر یەکسم و گوێدرێژ وەک بارەبەر بار دەکران، چێڵ‌وگا، بار نەدەکران. هەتا وەڕەز بووم لەوێ دەگەڵ منداڵان خۆم خافڵاند و دوایی بەرەو ماڵ گەڕامەوە کە، هەواڵی هاتنی کاڵەمووییینان بۆ دایکم بگێڕمەوە...

دایکم لێم قەڵس بوو: ئەوە لەکوێ بووی ئەوەندەت پێچووە، ئەو هەمووەت لێگەڕاوم؟ گوتم دایە! دەگەڵ منداڵان چووبوومە دەراوی مایینان کاڵەمووییینە هاتوون لەوێ بارگەوبنەیان خستوە...!

هەولێرنامەی کتێب

هێندەی نەخایاند، حەمەدی پوورە گوڵێ کە ببووە گزیری ماڵە حەسەناغای هاتە حەسارێ: گوتی پوورە زارا، کاکبایز دەفەرموێ: دەبێ دوکانەکەتان چۆل کەن بۆ ماڵێکی بارزانی، لێیان قەوماوە و هاتوون، ئەوانیش برای ئێمەن و حەوجێیان بە یارمەتیی ئێمە هەیە...

بابم لە ماڵ نەبوو. دایکم گوتی: بەسەرچاوان، هەرئێستێ ئەوەی تێیدایە بەتاڵی دەکەم... ئەوەندەی پێنەچوو، کاک حەمەد دەگەڵ کابرایەك هاتەوە. ئەوجارە بۆ سەیرکردنی ژوورەکە هاتبوون. کابراکە بارزانی بوو. گوتی: هەرچەند ژوورەکە بۆ ئێمە بچووکە بەڵام چونکە بەلاوەیە دەمەوێ... هاتن! خێزانێکی [7]کەسی بوون. دایکم بەخێرهاتنی کردن و زۆری ڕێز لێگرتن. هەرچەند ئەوەندەیان شڕوشاڵات نەبوو، بەڵام دیسان، دایکم چووە یارمەتی دانیان. گەورەی ماڵەکە، ناوی کاک ئەحمەد بوو، برایەکی هەبوو ناوی عەلی بوو، وەک دەیانگوت: پێشمەرگە و چەکدار بووە. دایکیان ناوی پوور حەلیمە بوو. کچێکی هاوتەمەنی خوشکمیان هەبوو ناوی پیرۆز بوو. کاک ئەحمەد، کوڕێکی مێرمنداڵی هەبوو ناوی مستۆ بوو. دوو کچی چووکەشی هەبوون تەمەنیان نێوان ٥-٦ساڵان بوو کە هاوتەمەنی خۆم بوون. کچە کەم تەمەنەکان: خوشکە گەورەکە ناوی ئەسمە و ئەوی چووکەیان ناوی سەکنە بوو. بە وتەی پوور حەلیمەی: دایکی منداڵەکان، دووساڵ بوو کۆچیدوایی کردبوو. بەرپرسایەتی و گەورەکردن و کوێرەوەریی منداڵەکانی بۆ پوور حەلیمەی بەجێ هێشتبوو. ئیدی دەگەڵ ماڵی کاک ئەحمەد بارزانی بووینە یەکماڵ. بابم ڕاوچی بوو ئەگەر مراوییەکی ڕاو کردبا، بە تەبایی لێک کۆ دەبووینەوەو...

(عەلی بارزانی چەکدار و پێشمەرگە بوو، تایبەتمەندییەکی کە هەیبوو: هونەری تووزەلەلێدان بوو. تووزەلەی زۆر خۆش لێدەدا. محەممەدی حەوڵا نۆمسوڵمانی تووزەلەی لە عەلی بارزانی فێر ببوو، لەبەر گامێشان لێیدەدا و برایمە جۆڵیش دەهۆڵەکەی بۆ دەکوتا...)

پێش ئەوەی مالیان لە قەرەشلاخ، بار بکا پوور حەلیمە نەخۆش کەوت و تەمەنی درێژی بۆ کوڕ و نەوەکان بەجێ هێشت. لەبیرمە دایکم و پوور خاتر و ژنی گەڕەکێ، مەنجەڵیان وەسەر ئاورگی نان، دەگەڵ چەند ژنە بارزانی پوور حەلیمەیان شوشت و کفن و-دفنیان کرد. تەرمی پوور حەلیمەیان بە دارەمەیت بەشانان هەڵگرت بردیان بۆ گۆڕستانی دارەپەڵکی، لە قەراخ چۆمی قەرەشلاخی بەخاکیان سپارد، پوورە حەلیمە جارێکی دیکە چاوی بەزێدی خۆی نەکەوتەوە، گۆڕغەریب بوو. ئەو ساڵە گەلێک لە ژنومنداڵ و پیاوانی بارزانی لە دەشتی شارویرانی مردن. تەرمی هەموویان هێنانەوە قەرەشلاخێ لەوێ لە گۆڕستانێکی تایبەتی بارزانییان کە بۆخۆیان دایانبڕیبوو هەموو تەرمەکانیان لە تەنیشت یەکتر دەناشتن. ئیتر ئەو شوێنە پاشان بە گۆڕستانی بارزانییان، ناودێر کرا. سەرجەمی گڵکۆکان بیستوچەند گڵکۆ دەبوون... لە بیرمە دوای مەرگی پوور حەلیمە زۆری نەخایاند ماڵە سەکنە و ئەسمەی کە ناوی دوو کیژۆڵە کەمتەمەنەکان بوون، باریان کرد و ڕۆیشتن... گوتیان ماڵیان دەچێتە گۆزەگیرانی نزیک نەغەدەی؟...

دوای ئەوەی کە باریان کرد لە بیرمە تازە بەفری زستان زەوی بەردابوو پێروز و مستۆ لە گۆزەگیرانەوە هاتبوونەوە قەرەشلاخێ بۆ سەر گڵکۆی پوورە حەلیمی. شەوێک لامان مانەوە و دوایی گەڕانەوە بۆ گۆزەگیران. ئیتر بۆ هەمیشە بۆمان بوونە خەون و خەیاڵ و هەرگیز چاومان پێیان نەکەوتەوە!

***

## مامەشی بێمراد؟

زستان بوو، بەفرێکی زۆر لە هەردی کەوتبوو، پیاو کە لە ماڵ وەدەر دەکەوت لەبەر ساردیی هەوای ئەو زستانە بێئەمانەی نزیک لێواری گۆلی ورمێ، بەسۆزی بای زریانی، چیلکەی گوێیانی بای ڕێدەکەوت و کەپۆی قەندیلەی دەکرد. ئەمنیش وەک زۆربەی منداڵە زەحمەتکێشەکانی ئەو سەردەمە، پێخواس بووم. ئێمەی منداڵە زەحمەتکێش مانای کەوشمان نەدەزانی، ئەگەر بەخت هاریکارمان بووایە، لەو زوێڵە چەرمەی بابمان دەیکڕی بۆ کاڵە، بەشی کاڵەی زستانمان بۆ مابایەوە، دەمانکرد بە شایی و لۆغان... ئیدی کەس لە منداڵانی دراوسێشمان کەوش_ پێڵاوی نەبوو، بەتایبەت لە نێو توێژی زەحمەتکێش بەدەگمەن منداڵ پێڵاویان هەبوو؟ منداڵی وەک ئێمەمانان ئەگەر لە زستاندا جووتێکی کاڵە و گۆرەوی خورییان هەبایە گەورەترین نیعمەت بوو، فەخریان بە هاوتەمەنە هەژارەکانی خۆیان دەفرۆشت و خۆیان پێوە ڕادەنا!

ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئەو زستانە ساردە بوو، دەگەڵ چەند منداڵی هاوتەمەنی خۆم، لەوانە: حەوڵای کوڕی پوورە ئامینم و یەک دوو منداڵە بارزانی کە جیرانمان بوون، (هێشتاباریان نەکرد بوو)، لە ماڵی خۆمان یاریمان دەکرد. تەوژمی سەرما، ماوەی پێنەدەداین لەحەوشێ یان کۆڵانێ یاری بکەین، ناچار خۆمان دەژوورێ ماڵێ دەهاویشتەوە.

چما، لەبەر ئاغا و کەیخودا و بەساڵداچووانی ئاوایی، قولینچکە بەرەکورسییەکمان وەبەر دەکەوت؟ لەبەر تەزین و دەژانەوەچوونی دەستولاقمان، ناچار پەنامان بۆ ئاخوڕی گامێشان دەبرد...

تەنانەت، تەویلە و ئاخوڕی پاتاڵیشیان پێ ڕەوا نەدەدیتین! دەیانگوت: "ئەوە چیە منداڵ، کردووتانەتە هەرا، مێشکی سەرو

بردین- (مێشکی سەرمانتان برد)! بۆ ناچنەدەرێ؟ کە چی بۆخۆشیان هەتا ملان خۆیان دەبن کورسی خزاندبوو...؟
دەگەڵ حەولای پوورێم، ناچار چووین بۆ ماڵی پوورم. بەو هیوایە پوورم رێگریمان لێنەکا و ئیزنمان بدا، هێندێک لەبن کورسی خۆمان گەرم کەینەوە. بە هەرحاڵ چووینە ماڵە پوورم. چاک بوو دوو بەرەکورسی چۆل بوون و کەسیان تێنەخزابوو.
لە بەرەکورسیی لای دەرگای ماڵێ، شتێکی سەیروسەمەرەم چاو پێکەوت کە وەک مەڕ دەچوو بەڵام مەڕ نەبوو؟ تۆمەز ئەوە کەسێکە لە نێو کەپەنکی شوانانداخۆی مەلاس داوە و خۆی گرموولە کردوە و جارناجارێک نیوە نووزەیەکی لەبەر دێتەدەر؟ خۆ ئەوە مامەشە کوێرە. بەستەزمانە نەخۆشە خۆی دەکەپەنکی شوانی وەرپێچاوە...!
ئیدی پوورم ماوەی پێنەدام لەبن کورسی خۆم گەرم کەمەوە، گوتی: معەمەدە! مامەشت بۆ سواری کەرە سپی ئەحمەد بارزانی دەکەم، لێی خوڕە (بیئاژۆ)بۆ ماڵی ئایشێ خوشکت و دوایی وەرەوە خۆت گەرم کەوە!
لەبیرم نەماوە کێ بوو هات بۆ ماڵی پوورم، یارمەتیی کرد مامەشی سواری "کەرەسپی"ی ئەحمەد بارزانیکرد؟ ئەمنیش نەمگوت بۆچی بیبەم بۆ ماڵە ئایشێ خوشکم؟ منداڵ بووم ئاقڵم پێی نەشکا! پوورم قوڵە دارێکی دایە دەستم، مامەش لە سەر پشتی گوێدرێژەکە، توانای خۆڕاگرتنی نەبوو! ئەمن گوێدرێژەکەم لێخوڕی بەرەو ماڵی ئایشێ خوشکم.
رێگای ماڵی خوشکیشم، بە پێش ماڵی خۆماندا دەڕۆیشت. هەر گەیشتمە سەرانگوێلکی خۆمان، چما کەرەسپیی ئەحمەدبارزانی، دەستی نەکرد بە زەڕین و جووتەهاویشتن؟ کەرەسپی دەرپەڕی و مامەشی هەڵداشت. مامەشی چارەڕەش لە نێو ریخی پیسی سەرانگوێلک لەنێو کەپەنکی شوانیدا ناڵەیەکی وەک نیوەنووزەی لەبەر دەهاتەدەر و هیچی دیکە. ئەمنیش بە پێخواسی، بەو سەرمایە، بەدەوری مامەشدا هەڵدەسووڕام و دەگریام.

لەڕادەبەدەر پەرۆشی مامەشم بوو! نەشمدەوێرا لە ترسی دایکم بچمەوە ماڵ و داوای یارمەتیی لێبکەم؟ بەهەرحاڵ خواوڕاستان، کابرایەک پەیدا بوو، ئێستێ نایەتەوە بیرم کێ بوو؟ کەرەسپیی ئەحمەدبارزانیی گرتەوە، دیسان مامەشیان سوار کردەوە! بەڵام ئەوجارە کەسێکم دەگەڵ هات ترسی ئەوەم نەبوو دیسان کەرەسپی، دەرپەڕێ مامەشی بە دەردی جاری گۆرین بەرێ. گەیشتمە حەساری ماڵە ئایشێ خوشکم. بە هەڵکەوت ئایشێ لە ژووری ماڵەکەی خۆی هاتەدەر و بە پرسیارەوە گوتی : ئەوە چیە؟ : ئایشێ گیان! ئەوە مامەشە پوورە ئامینم، گوتی: بیبە، بۆ ماڵە ئایشێ خوشکت.

گوتی: {بە سەری ئەو "شێخ واحیدەی" ڕایناگرم. ئەمن جێگام لە کوێ بوو بۆ مامەشی؟ نەقڵی "کەڵاشی ئاشەوانییە لە سەر زگی خۆیانی لادەبەن لەسەر زگی خەڵکی دادەنێن" بە خولای بابە نەقڵێکی خۆشە..."!} دیسان دەستم کرد بەگریان، ئایش گیان ڕایگرە با مامەش، نەمرێ گوناحە؛ خێرت دەگاتێ!

بەکورتی دەروجیران پێیانزانی لە بیرم نەماوە کێ بوون هاتن و چوون مامەشیان دابەزاند و بردیانە گوێتەندوورێ، هەروەک هەمیشە خۆی، لەنێو کەپەنکەکەیدا گرمووڵەکرد و هەڵکورما.

ژووری ماڵەکەی خۆشکم، زۆر لە دیوی دەرێ گەرمتر نەبوو؟ تەندوورەکەی دەتگوت چاڵەبەفرە، بۆنی بەفری کاڵی لێدەهات؟ نە ئاوردوویان هەبوو تەندووری پێداخەن، نە ئەشتەبای خوایان لە ماڵێدا هەبوو وەک بژیو بیخۆن! بەشی هەر زۆری بژیوی ڕۆژانەی لە ماڵە خۆمان، دایکم بۆی دابین دەکرد. کچێکی هەبوو بە ناوی کودە- ناوی زێنەب بوو، دەگەڵ من دەژیا و ئەمن بۆ خۆم نازانم ئەو ناوەم لەکوێ هێناوە، ناوی کوودەم بەسەر ئەو کیژۆڵە روحسووکەدا بڕیبوو؟ کوودە، ئیدی شەو ورۆژ لە ماڵە خۆمان دەگەڵ من بوو!

ئەگەر واقعییەتی ئەو ڕووداوە تاڵانە، بنووسمەوە زۆرکەس، بەتایبەتی بەرەی تازە پێگەیشتووی ئێستێی وڵاتەکەمان،

لەوانەیە بە وتەی خەڵکی ئەو دیو: لە"سەردەمەی عەولەمەدا" بۆیان ببێتە جێگای پرسیارو تێڕامان، بروا نەکەن؟ بەهەرحاڵ ماوەیەک مامەش لەوێ ماوە.ماڵی حاجی هەمزەی بەخێری خۆیان؟ ڕۆژانە نان و شیرێژێکی سە نەخۆرەیان بۆ دەنارد...!

***

## مامەش کێ بوو؟

مامەش بابایەکی سەڵتی بێکەس و بێناوونیشان بوو. لە شوێنی خۆی پەڕیوە ببوو، لە قەرەشلاخ، گیرسابۆوە. کاروپیشەی شوانی بوو. ئەو جۆرەی دەیانگوت:" لە مەڵبەندی لاجانەوە هاتبوو، بە نرخێکی زۆر کەم، ببوو بە شوانی ماڵی حاجی هەمزەی. وەک باسیان دەکرد: شوانێکی پسپۆرو مێگەلەوەڕینێکی باش بووە. ئیدی ئەمن نەدەمزانی پسۆر چیە و نەدەمزانی مامەش بەچەندی و چۆن بۆتە شوانی ماڵە حاجی هەمزەی...؟

ئەمن هەر ئەوەندەم لە بیرە: مامەش کاتێک نەخۆش دەکەوێ ماڵە حاجی هەمزەی، ڕایناگرن و پێنانەت "میانە" ی تەویلە و هۆڵی مەڕانیشی پێ ڕەوا نابینن! دەیهێنن لە حەساری ماڵی سەید مستەفای سەرچۆمی کە ماڵە پوورم بوو، فرێی دەدەن...! هەروەک ئاماژەم پێداوە. پووریشم ئاوا بێ بەزەییانە لەکۆڵ خۆی کردەوە و ناردی بۆ ماڵە عەلی شێتەڵەی کە ماڵی خوشکم بوو، بەڵام ماڵێکی بێ هەموو شت!...

ئەوە بەشێکی چووکەی دادپەروەریی کۆمەڵگا هەژارەکەی ئێمە لەوسەردەمەدا بوو، ئەمن منداڵێکی تەمەنکەمتر لە حەوت ساڵان، هێشتا نەگەیشتبوومە ئەو حەدوسەرە کە باس لە ویژدان و ئەخلاقی مرۆڤایەتی و ئەو جۆرە چەمکانە بکەم. بەڵام سیمای نەخۆش و ناڵەی نیوەنووزەی مامەش، بەشێکی هەرە زۆری هەستی منداڵانەمی بزاوت و ئێستاشی دەگەڵ بێ، ئەو ڕووداوە هەژێنەرە لە سەر زەینی خۆم بە زیندوویی دەبینم. سیمای مامەش، هەستی

ناسکی منداڵانەمی هەژاند، کاردانەوەکەیم بەگریان پێشاندا و دەربڕی!

***

## مامەسەیدە؟

وەبیرم دێ: منداڵ بووم هێشتا هیچم لە بۆنە و ڕۆژی مێژوویی نەتەوە و وڵاتەکەم نەدەزانی. زستان بوو، ڕۆژێکی لە ڕادەبەدەر سەرما بوو، بەفر هەردی گرتبوو. پیاوە بارزانییەکانی، دانیشتووی ئاوایی قەرەشڵاخ، لە دێبەری ئاوایی ـ زەوی حاجی حەمەد مەلاکی، لە جێتەپکەی منداڵان، کۆ ببوونەوە، دەستیان تێک-گرتبوو، گۆرانییان دەگوت و شایی و هەڵپەرکێیان بوو! هەڵکەوتەی شوێنەکە، کەوتبووە پشت ماڵی ئێمە، لێمان دوور نەبوو. ئەو دەم ئەمن هێشتا نەمدەزانی لە دنیادا چ باسە؟ ئێمەی منداڵیش چووین بۆ سەیروتەماشای داوەتی بارزانییان.
دیتم عەلی بارزانی، برای ئەحمەد بارزانیی دراوسێمان، بەرانک-وچۆخەی دەلینگفش و تووزەلەبەدەستەوە هات، دەستی کرد بە تووزەلەلێدان، بۆ ئەو بارزانییانەی دەستیان تیکگرتبوو، بەگۆرانیگوتن داوەتیان دەگێڕا. منداڵ بەشێوەیەکی سروشتی کونجپشکنە! گوێم گرت لەبیرمە باسی کورد و سابڵاخیان دەکرد...! بارزانییەکان داوەتێکیان دەکرد، هەتا ئەودەم ئەمن ئەو جۆرە داوەتەم نەدیبوو. دەمزانی ئەو بارزانییانە شادی و شایی دەگێڕن، بەڵام شایی بووک و زەماوەند نەبوو؟ دواتر لاوەکانی ئاوایی قەرەشڵاخیش هاتن و تێکەڵاوی شاییەکە بوون، بەڵام لەبیرم نەماوە کێ بوون؟
ئەمنیش وەک منداڵێک لەو زەوییەی پشتی ماڵان، بە هەستێکی ناسکی منداڵانەوە سەیری شایی و داوەتی بارزانییانیان و لاوانی ئاوایی خۆمانم دەکرد. لە سەرمان هەرجارەی لاقێکم هەڵدەهێنا،

وێڕای ئەوە لاقم دەژان چووبوون، داوەتەکەم ئەوەندە پێخۆش بوو، حەزم نەدەکرد بەجێی بێڵم و بچمەوە ماڵ!
دوایی دایکم هات بە زۆر بردمیەوە ماڵ، هاتمەوە، ئەو جارە لەماڵی خۆمان، باس باسی شایی ئەو بارزانییانە بوو کە شاییان دەکرد. زۆرتر مامە سەیدەم لە بیرە، بۆی باس دەکردم و تێی دەگەیاندم کە کورد بوونەتە دەوڵەت! ئەمن هیچم لە دەوڵەت نەدەزانی و نەمدەزانی دەوڵەت چیە؟ ئەوەی لە بیرم ماوە وتەکانی مامەسەیدەیە کە دەیگوت:
"معەمەدە! کورد بوونەتە دەوڵەت! ئەتۆ دەزانی دەوڵەت چیە؟... پێشەوا بۆتە پاشای کوردان! کورد قۆڵسوور و پێشمەرگەی خۆیان هەیە، ئیدی جارێکی دیکە، (کەپێوڵی) ناوێرن روو بکەنە ئاواییەکانی کوردەواری، دەسرەوکلاو و جلی کوردان بسووتێنن و بە زۆر شەپکەی لەسەری خەڵک نێن و جلکی عەجەمان دەبەر خەڵکی بکەن! جا ئەو جارە پێمبڵێ بزانم، ئەتوو کۆمەڵەی یان تووتەی؟"
ئەوە تەعبیرو لێکدانەوەی پیرەپیاوێکی نەخوێندەواری کوردە، کە دەیویست منداڵەکوردێکی کەمتەمەن لەسەر رۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان "جێژنی دووی ڕێبەندان " تێگەیەنێ!...
ناوبراو: بە سەید مستەفای سەرچۆمی مەنشوور بوو. بابایەکی کەمدوێ بوو؛ بەڵام کاتێک وەقسە دەهات خەڵکی وەپێکەنین دەخست. هەر بۆیە خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست و زۆریان ڕێز لێدەگرت. ئیدی لەو رۆژەوە، لە زمان مامەسەیدەوە گوێم بە وشەی (کەپێوڵی) ئاشنا بووە. مەبەستی مامەسەیدە لە کەپێوڵی ئەمنییە و دز و شڕەخۆرەکانی نیزامی حکوومەتی ڕەزاشا بوو...!
مامەسەیدە بەوجۆرە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی پێناساندم و ئەمنیش بەوجۆرەم دێتەوە بیر. یادی مامەسەیدە بەخێر و ڕەوانی شاد بێ!
***

## ئالا

هاتنی ئالای کوردستانم بەوجۆرە دێتەوە بیر: دەگەڵ منداڵگەلی هاوتەمەنی خۆم، لە سەرتەپکی... قەرەشلاخێ، خەریکی یاریی مندالانەی خۆمان بووین. ئاگامان لەوە نەبوو کە شەوی پێشتر، ئاغاکان، خەڵکی ئاوایییان ئاگادار کردبوو کە سبەی ئالای کوردستان دێنن بۆ قەرەشلاخێ...

دیتمان بە ڕێگای (کەسکاوا)یەدا، لەلای قاوەخانەی وسێن پێچ پێچی، کۆمەڵێک خەڵک، سوار و پیادە بەرەو ئاوایی قەرەشلاخ دێن. یەکێک لە سوارەکان ئالایەکی هەڵدابوو، ئێستێ نازانم چلۆن بوو؟ بەلام لە بیرمە کە پێشتر شتێکی وەهام نەدیبوو، زۆرم پێ جوان بوو. ئیدی یەکیەک و دوودوو، خەڵکی ئاوایی لە سەر تەپکی کۆ بوونەوە بۆ تەماشایە، دەیانگوت: پێشتر ئاغاکان خەڵکیان لە هاتنی ئالای کوردستان ئاگادار کردۆتەوە. زۆربەی خەڵکی ئاوایییەکانی دەوروبەر، وەک خوڕخوڕە، گردیاقووب، مەمێند و گردەقیت، هاتبوون بۆ قەرەشلاخ.

نازانم کێ بوو؟ یەکێک لە پیاوەکانی کاعەلی، هات گوتی: "کاعەلی دەفەرموێ ئەوە ئالای دێموکراتی دیت بۆ ئاوایی، پێویستە خەڵک بەپیریەوە بچێ". هەرکە ئەوەیان گوت، خەڵکەکە لووزەوی بەست، داپەڕینە خوار بەرەو ڕێگای قۆپی کەسکاوایە بەرەوپیری ئەو خەڵکە چوون کە ئالاکەیان دەهێنا بۆ ئاوایی قەرەشلاخێ. ئەودەم نێوان قەرەشلاخ و جادە، بەهۆی ئاوی زۆری قوڕخی کوسەکەرێز و قۆپی کەسکاوایە، ڕێگای ماشێن نەبوو بەجێی خۆی، تەنانەت بۆ پیادەش هاتوچۆ بەو ڕێگایەدا هاسان نەبوو. ئەمن ئەو دەم هێشتا لە نزیکەوە ماشێنم نەدیبوو، هەر لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ببوو کە بەجادەیدا دەرۆیشت و لە هەورازی "کەوشیحەزەرەتی" وەسەر دەکەوت. لە دێی خۆمانڕا هەورازی "کەوشی حەزرەتی" دیار بوو. ئەودەم هێشتا ماشێن

ڕێگای دەگوندەکەی ئێمە نەکەوتبوو، یان ئەمن نەمدیتبوو؟ هەر ناویم بیستبوو، لەو دوورەشڕا گوێم لە دەنگی ببوو!
ئەو خەڵکە لە گوندەکانی دیکەوە، هەتا قاوەخانەی وسین پێچپێچی، بەرەوپیری ئاڵای کوردستان چووبوون. ئێمەی منداڵیش بە ڕاکردن هەتا نزیک "جۆێەگەورە" بەرەوپیری ئاڵا هەڵاتین! تا ئەودەم لە تەمەنی خۆمدا ئەوەندەم حەشیمەتی زۆر لە ئاوایی خۆمان بەچاو نەدیبوو! هەر بانێکی سەیرت دەکرد کۆمەڵیک ژن دەستیان کردۆتە چەتر و سێبەر بۆ چاویان و بە تاسەوە سەیری هاتنی ئاڵای کوردستانیان دەکرد... لوزەوی حەشیمەتی شاد و دڵخۆش رووی کردە دیوەخانی کاعەلی کە لەسەر چۆمی قەرەشڵاخێ هەڵکەوتبوو. دەهۆڵ و زۆرنایان هێنابوو، بە شادیی هاتنی ئاڵای کوردستان، دەیانگوتا چۆن؟!
خەڵک شاد بوون، لەوانە خۆم زۆرم پێخۆش بوو! ئیدی ئەمن نازانم کێ قسەی دەکرد و چیی دەگوت؟ هەر ئەوەندەم لەبیرە خەڵک چەپڵەیان بۆ لێدەدا و هوڕایان بۆ دەکێشا! لە تەمەنێکدا نەبووم، ئەو جۆرە شتانە بزانم.
جەمە خۆراکی حەشیمەتی ئاوایییەکانی دەوروبەر، لە ماڵەکانی ئاوایی قەرەشڵاخێ دابین کرابوو، یان ئەوانیش وەکوو من لە خۆشییان، برسییەتییان لەبیر چووبۆوە؟ بۆمن ڕۆژێکی لە ڕادەبەدەر خۆش بوو. قەتم ئەوەندە خەڵک و دەهۆڵوزوڕنا نەدیبوو. بارزانییەکانی جیرانیشمان هاتبوون، ئەوانیش تفەنگیان پێبوو. ئەوەی ئەمن لە بیرمە لەمەڕ کۆماری کوردستان، تەنیا ئەو ڕۆژەیە کە ئاڵای کوردستانیان هێنا بۆ قەرەشڵاخێ و خەڵک لە قووڵایی دڵەوە شادییان دەردەبڕی.
ئەوەشم لە بیرە: مەلاعەوڵای مەلامینەی، بەخەڵکی دەگوت: "ئەوە بۆ چەپڵەی لێنادەن و هوڕا ناکێشن؟" ناوبراو وەرزێرێکی بە دەمویل و بەرچاوی ئاوایی بوو. وەک دەیانگوت: ئەو یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆمیتەی لەجێ. وەبیرم دێ: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، سێ ماڵیان لە ئاوایی قەرەشلاخێ دەرکردن. ئەوسێ

ماڵه، بریتی بوون له: مەلاعەولای مەلامینەی، فەتاحی حەمە کۆڵی،و حەمەسمایل. دەیانگوت ئەوانە کۆمەڵە بوون، دەیانویست لە ئاوایی سەربزێوی بکەن بۆیە دەرکراون؟

ئەمن بەشبەحاڵی خۆم، هیچم لە سەربزێوی نەدەزانی...

وەرزی هاوین، یان کۆتایی مانگی بەهار بوو؟ سەرما نەبوو؛ ئاوی چۆمی قەرەشلاخێ ڕۆچووبوو (چۆمی مەهاباد) تەنکاوێکی پێدا دەهات. لە دیوەخانیێ کاعەلی هەتا "دارە پەڵکێ و گۆمی نەققان" ماڵی چۆمی وشکایی زۆرتر بوو لە ئاو. لە ماڵی چۆمیدا لەبەر کەندالی چۆمی، نیشانەیان داکردبوون، بە تفەنگ و دەمانچان تەقەیان لێدەکردن.

ئەوەی بۆ من زۆر جێگای سەرنج بوو مسەلسەلێک بوو کە لە سەربانی دیوەخانی کاعەلی دابەسترابوو. دەگەڵ منداڵان لە پلیکانان وەسەر کەوتم بۆ تەماشایە. منداڵان دەیانگوت: کاعەلی بەو مسەلسەلەی شەڕی مستەفا خانی کرد و کوشتی...!

***

## مام جەلیلی کەپۆزل؟

کاعەلی پیرۆتئاغای، گەورەئاغای بەرەی پیرۆتئاغا و گوڵاوی-ئاغا و ئاغادێی قەرەشلاخێ بوو. لە مێژ نەبوو مستەفاخانی شێخئاغای خێرئاوایەی کوشتبوو. تووشی دوژمنایەتی هاتبوو. وەک دەیانگوت تایفەی شیخاغایی عەشیرەتێکی کەم نەبوونە...

ئەو سەردەمە باو بوو، ئاغاواتان بۆ پارێزگاری لە خۆیان، نۆکەر و تفەنگچیی ئازایان ڕادەگرتن. کاعەلی قەرەشلاخێش وەک دەیانگوت: پیاوێکی ئاقڵو بەزیپکوزاکوون بووە...؟

هەروەک ئاماژەی پێکراوە، سوارە و تفەنگچیی ئازا لە نێو عەشیرەتان، برەوی هەبوو. ئاغاوات بەگشتی، ئەوانەی دوژمنیان

هەبوو بەتایبەتی، هەوڵیان لەدوای نۆکەری ئازا و دەستکەرەوە دەدا...

ئەوەی دێتەوە بیرم: گوتیان کاعەلی، خانووی ماڵە برایمە خێسی، داوەتە. کابرایەک، جگە لە ئەسپێک و دوو ژن ئەشتەبای خوای نیە؟ ئەو جێ وڕێی گەورەیان داوەتە ئەو کابرایە؟ خانووی گۆڕین، قوونەبانەکەی ڕوو بەحەساری ئێمە بوو. کورتوکرمانجی ماڵی تازەهاتوو، بە وتەی ئێمەی منداڵ، ماڵی مام جەلیلی بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مام جەلیلە کەپۆزلەکەی بوو. وەک دەیانگوت: ماشاڵلا شایی کەپۆیانە؟

وەبیرم دێ: مام جەلیل ڕانکوچۆخەیەکی سپاتی دەبەر دەکرد، ئەو دەمانەی سواری ئەسپەکەی دەبوو لکەسۆرانی ، یانبە وتەی خەڵکی گەرمێنێ (فەقێیانە)ی سپیی بەردەدانەوە، تفەنگە بڕنۆکەی لە سەر قەڵپوزی زینی بە دەستەوە دەگرت، شایی بەخۆ بوو!...

وەک دەیانگوت مام جەلیل لە ئازایەتیدا پشتی دە هەزار سوار نەکردوە! ناوبانگی ئازایەتیی ناوبراو، بە گوێرەی ئەوەی ئەمن بیستبووم، لە ئاوایی قەرەقشلاخێ گەڕابوو. هەر وەك کوڕگەلی قۆشمە دەیانگوت و خۆشم دەمدی؛ مام جەلیل خاوەنی " چوار چاوان" بوو. _ دوو ژنی هەبوون. ژنی گەورەی هاوتەمەنی خۆی بوو، وەنێو کەوتببوو، بە وتەی خۆمان، ساڵی هەبوو! بەڵام ژنە چووکەکەی ئافرەتێکی جوانکیلەی تازەپێگەیشتوو، وەک دەگوترا: لانیکەم بیست ساڵ لە خۆی کەمتەمەنتر بوو. بە وتەی خەڵکی ئاوایی لەوانەیە بە نوغڵوشەکرۆکەی فریو دابێ، یان بەرخوێن بووە، بەنرخێکی کەم کڕیویەتەوە، ئەوە خوڵا دەزانێ چۆنی وەدەست کەوتوە؟

دیارە تەمەنی من لەو حەوسەرەدا نەبوو ئەو جۆرە شتانە باش بزانێ و بەدروستی لێکیان داتەوە، بەڵام ئەمنیش لە یاسای سروشت دانەبڕابووم، جەستە و بیروبۆچوونم گەشەی دەکرد و

هەڵیدەدا. جگە لەوانە، گوێم لە کەسانی لە خۆم بەتەمەنتریش دەگرت...!
زۆر لەمێژ نەبوو ماڵی مامجەلیل هاتبوو. لە نێو دێیەکەمان وردەوردە دەنگۆ سەری هەڵدەدا؟ "خولا بەگوناحم بۆ نەنووسێ " وەباڵ بەستۆی ئەو کەسانەی لێم بیستوون دەیانگوت: ژنە جحێڵ و جوانەکەی مامجەلیلی، دەگەڵ سەید کەریمی سەید سمایلی، "سەینەوبەینە"یان هەیە- کورتوکرمانجی کەیفیان پێکتر هاتوە؛
جا ڕاست بوو یان بوختانو درۆ، ئەوە هەر خولا بۆخۆی دەزانێ؟
مامجەلیلی ئازا و نەترس، خوێنی وەکوڵ دێ دەخۆیڕا نابینێ لە ڕاست سەیدکەریمیڕا بێ؛ یان بە واتایەک خۆی لە قەرەی بدا؟...
ڕۆژێک لە ڕۆژانی هاوینێ ئەو سەردەمە کە، ئەمن نازانم چ ساڵێک بوو؟ لە قرچەقرچی گەرمای نیوەڕۆیەدا، ڕاست لەو کاتەدا کە لەبەر تینی گەرما، کەس بە دەرەوە نابێ، پاڵە و خاوەن-مووچەومەزار لە ئاوایی نەبوون، و پیرو ژن و منداڵیش، لەبەر تینی گەرمایە لە ژوورەکانی خۆیان خزیبوون. ئا لەو کاتوساتەدا، مامجەلیل دێتەوە ماڵ، دەرگا لە ژنە جحێڵەکەی دادەخا و ژنە بەتەمەنەکەشی دەنێرێتە سەربانی کێشکێ بکێشێ؟
ناهێڵی ژنە جحێڵەکەی دەنگی وەهیچکوێ ڕابگا، دەیگرێ، ئەوژنە جوان و بێدەسەڵاتە لێقەوماوە ئەتک دەکا و کەپۆی دەبڕێ!
لەئاوایی بوو، بەقاو: مامجەلیل کەپۆی ژنە جحێڵەکەی بڕیوە؟ ئیدی کاتێک شەو بەسەردا دێ، ناوبراو بەبێدەنگی، وەک دەیانگوت: لەترسی کاعەلی ماڵئاوایی لەدەر و دراوسێیەکانی و خەڵکی ئاوایی ناکا، شەو ماڵەکەی لە ئەسپەکەی بار دەکا و دەگەڵ ژنە هاوتەمەنەکەی دەڕوا کە ڕۆیی..!.
ئیدی چاوم بە مامجەلیل و لکە سۆرانییە سپییەکانی و تفەنگە بڕنۆکەی نەکەوتەوە...
ئەوەش یادێک لە جوامێریی مام جەلیلی ئازا و دەسکەرەوە و بەغیرەت و زیپکوزاکون!!

***



هەولێرنامەی کتێب

# یادێک لە ئەحمەد جەوزیی جوانەمەرگ!

یەکێک لە یادەکانی سەردەمی منداڵیم ئەحمەد جەوزییە؟
ئەحمەد جەوزی کوڕی عەزیز جەوزی بوو. چوار برا بوون. بەناوەکانی: قادر، ئەحمەد، وسێن، عەبوو. قادری براگەورەیان، لە دایکی ئەحمەد و کوڕەکانی دیکە نەبوو. ئەو سێ برایە ـ ئەحمەد، وسێن، عەبوو، لە پوورە زینێ بوون. پیشەیان وەرزێری بوو. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم نیوەکار، یان سێیەکبەری ماڵە حەسەن‌ئاغای بوون. بەحوکمی ئەوەی کە دانیشتووی ئاوایی‌یەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگەڵ یەکتر هاتوچۆ، خزمایەتی و ئاشنایەتیی کۆنیان هەیە.
پوورەزینێ دایکی کوڕەکان، دەستەخوشکی دایکم بوو، هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد و ئاشنایەتیی دەگەڵمان هەبوو. (ئەوەی دێتەوە بیرم: ڕۆژێک خدرە کوردە لەبەر دەرگای دوکانە چووکەکەی بابم دانیشتبوو. پوورە زین، دەچووە چۆمی بۆ ئاوهێنان، ڕێگاکەی بەپێش ماڵەکەی ئێمەدا بوو. مام خدر گوتی: زینێ وەرە مێردم پێ‌بکە، بەسەری شێخی برهانی کراسی "مەنات بۆ دەکڕم.)
لە ئاوایی بوو بەقاو: ئەحمەدی کوڕە گەورەی پوورە زینێ، چۆتە سابڵاخێ بۆتە پێشمەرگەی دێموکراتی. خەڵکی ئاوایی لەمەر پێشمەرگایەتیی ناوبراو دەدوان. شانازیی پێشمەرگایەتیی ئەحمەد دەنگی دابۆوە، کەوتبووە سەر زاروزمانان. تەنانەت لە ئاواییەکانی دەوروبەریش ئازایەتی و جوامێریی ئەحمەد جەوزی ببوو بە جێگای باسی کۆڕی لاوان! لەنێو ئێمە منداڵگەلیش‌دا، هەر کەسە ئەو جۆرەی خۆی پێی خۆش با دەربارەی ئازایەتیی ئەحمەد دەدوا و شاکاریان لێ دەگێرایەوە...!
ئەمن تەنیا جارێکم دیتەوە بیر کە بەئیجازە هاتبۆوە ماڵەخۆیان بۆ سەردانی دایکی و براکانی. بەوردی شکڵ و سیمای ناوبراوم نایەتەوە بەر زەینی.

ئەحمەد دەستی لەجووت‌وگا بەردابوو، ببووە پێشمەرگەی لەشکری کوردستانی. ئەمن خۆم سەردەمی حوکمی ڕەزاخانم وەبیرم نایە، بەڵام ئەحمەد، جەوروستەم و سووکایەتیی رژێمی ڕەزاشای بە چاو دیبوو، بە پێست و خوێنیش هەستی پێکردبوو...!

لە ڕوانگەی خەڵکی ئاواییەوە، ئەحمەد بە بوون بە پێشمەرگە، شانازییەکی فرەگەورەی پێ‌بڕابوو. ئەحمەد تەنیا پێشمەرگە بوو لە شارویران، سوێندی پێشمەرگایەتیی بۆ کۆماری کوردستان و نیشتمان خواردبوو کە گیانی لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی کوردستاندا بەخت بکا. ئەو ڕۆڵەیە وەفای بە سوێندەکەی خۆی کرد، هەر بە پشمەرگایەتی، لە پێناو ئازادیی نیشتمانە داگیرکراوەکەیدا سەری نایەوە و گیانی بەخت کرد!...

_دوای هەرەس‌هێنانی کۆماری کوردستان، وەک دەیانگوت: بەشی هەرەزۆری پێشمەرگەکانی لەشکری کوردستان، چەکەکانیان دانان و لە سەربازخانەی مەهاباد بەجێ‌یان‌هێشتن... دواتر، چەکەکان تەسلیمی حکوومەتی تاران کرابوونەوە. ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگەکانی دێموکرات، چەکیان دانەنا و تەسلیمی حکوومەتی پەهلەوی نەبوونەوە...

ئەحمەد جەوزی یەکێک بوو لەو ژمارە کەمە پێشمەرگانە کە چەکیان دانەنا و خۆیان ڕادەستی حکوومەتی ئێران نەکردەوە. ئەوەی ئەمن لە بیرمە، دوای هەرەس‌هێنانی کۆمار ئاخرمانگی پاییز بوو، قاو بوو دەیانگوت: ئەحمەد جەوزی شەوێک بەنهێنی و دوورلەچاوی ئاغا و پیاوەکانیان، هاتۆتەوە ماڵی خۆیان، لای دایکی و دووبرا چووکەکانی. دەنگۆ و ڕیوایەتی زۆریان لەو بوارەوە دەگێڕایەوە...؟

هێندێ کەس دەیانگوت: کاعەلی پیرۆت‌ئاغای، ویستوویە چەکی بکا و چەکەکەی تەسلیمی دەوڵەتی ئێران بکاتەوە. هێندێ کەسیش دەیانگوت: کەسێکی ئاگادار لە دەست‌وپێوەندەکانی کاعەلی، پوورە زینێ دایکی ئەحمەدیان، لە نیازی کاعەلی سەبارەت بە ئەحمەد، ئاگادار کردبۆوە؟...

ڕیوایەتێکیش هەبوو: ئەحمەد بەچاوی کراوە و بە گوێقوڵاخی هاتبۆوە، چاوی بەدایک و دوو براکەی بکەوێ و ماڵئاواییان لێبکا و بکەوێتە شوێن چارەنووسی خۆی...؟

ناوبراو، نەیویستبوو دەست بۆ چەک بەرێ و لە ئاواییدا خۆی تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو بکا. لە تاریکانی ئێوارەیەکدا، دەستی دایکی پیری ماچ دەکا و براچووکەکانی وسێن و عەبوو لە باوەش دەگرێ و ماچیان دەکا و داوایان لێدەکا گردنی ئازا بکەن و دوعای خێری بۆبکەن. ئیدی دەڕوا و دەکەوێتە شوێن چارەنووسی نادیار و ئاواتەکانی خۆی...؟

ئەحمەد لە تاریکانی شەودا، بە ڕێنوێنیی شۆقی ڕووناکایی نیشتمانەکەی، کەوتە شوێن ئامانج و ئاواتەکانی. ئەودەم هێشتا بەربەرەکانیی بارزانییەکان لە دەشتی سندووس و شنۆ، هەر بەردەوام بوو. ئەحمەد کەوتە شوێن پێشمەرگە بارزانییەکان. ڕۆیشت بەرەو لوتکە، سەری بۆ دوژمن نەچەماند و ژیانی دیلیی بە ئەوکێدا ڕۆنەچوو. ئەحمەد، بێسەروشوێن ڕۆیی و مخابن هەرگیز جارێکی دیکە چاوی بە زێدی خۆی و دایکی پیری و برا چووکەکانی نەکەوتەوە و لێیان دیدار ئاخرەت بوو، بوو بە فیدای ئازادیی کوردستان!...

ئەحمەد جەوزی، وەک قارەمانێکی ئەفسانەیی لە ئاوایی قەرەشڵاخ، ناوی دەرکرد و کەوتە سەر زاروزمانی کوڕوکاڵان. هەرکەسەی بە جۆرێک بە تامەزرۆیی، ئازایەتی و دەخۆڕادیویی ئەو ڕۆڵەیەیان دەدایە بەرباس و داستانی خۆیان لەمەر ناوبراو بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، یان دەهۆندەوە...!

***

## چارەنووس و قەدەری ئەحمەد؟

ساڵو عەیام بەسەرکۆچی بارزانییەکان و بێسەرو شوێنیی ئەحمەد جەوزی و ئەحمەدەکان و رووداوەکاندا تێپەڕیبوو. ئێمەی منداڵە کوردیش، وەک هەموو دیاردەیەکی ئەم سەرزەوییە؛ لە یاسای سروشت دانەبڕاین، لە گەشە کردن، هەڵدان و ئاڵوگۆڕدا بووین و لە خۆشیی سەردەمی مندالی دوور دەکەوتینەوە و دەگەڵ ئێش‌وئازار و ستەمی نەتەوایەتی زۆرتر ئاشنا دەبووین. ئاڵوگۆڕەکان بە جۆرێک کاردانەوەیان لەسەر هەست‌وبیرِی منداڵیمان دانابوو کە کاتێ گەیشتینە تەمەنی لاویەتی، بەسەرهاتەکان و ڕابردووی ئەحمەد جەوزی، لە پێچ‌وپەنای زەینماندا بزر ببوو. هەررۆژەی لاپەڕەیەکی نوێ دەهاتە سەر لاپەڕەکانی ژیانی بێمافی رۆژانەمان. بێ ئەوەی خۆمان پلانێکی تایبەتمان بۆ دارشتبێ، یان بیرمان لە ڕابردووی ئەحمەد جەوزی و ئەحمەدەکانی‌تر کردبێتەوە، بووین بە درێژەدەری ڕێباز و ئامانجی ئەحمەد جەوزیە نامرادەکانی بەر لە خۆمان! نزیک بە١٤-١٣ساڵ، بەسەر هەرەس‌هێنانی کۆماری کوردستان و بەسەرهات و چارەنووسی ئەحمەدەکاندا ڕابردبوو کە ئێمەش کەوتینە شوێن ڕێبازیان!

ساڵی١٣٤٢ی هەتاوی بوو کە دەگەڵ برای بەڕێز، کاک ڕەحمانی گولابی، چووین بۆ گەرمێن و بووینە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە گەرمێن جێگیر بووین. سەردەمی شۆڕش بوو، کاک ئارەحمان، ئەو دەم لای شەهید مینەشەم بوو. ناوبراو لە دۆڵێ"هەرووتییان"لە جەبهەی (زینەتیری) سەرپەلی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە ناوچەی خۆشناوەتی.

کاک ئارەحمان گوتی: دەگەڵ پێشمەرگەیەکی بارزانی لە شوێنێک؟ هەردووکمان لەماڵێک میوان بووین. هەر وەک باوە لە

سەفەر و تووشی یەکتربووندا، قسەو باسی جۆراوجۆر دەدرێنە بەر پرسیار و باس...

نابراو بەو جۆرەی بۆ گێڕامەوە:

دەگەڵ پێشمەرگە بارزانییەکە کەوتینە قسان قسەیەک لێرە و یەک لەوێ؛ پرسیاری لێکردم: خەڵکی کوێ م؟

: خەڵکی قەرەشلاخم!

گوتی: ئەمنیش یەکێک لەو بارزانییانەم کەماڵمان لە قەرەشلاخێ بوو، لە ماڵێ ڕەسووی مەلایدا بووین. پێموایە گوتی ناوی شەریف بوو؟ بە هەرحاڵ...

کابرای بارزانی پرسیاری کرد: ئەتۆ ئەحمەد جەوزیت دەناسی؟

گوتم: بەڵی چۆن ئەو وەرزیڕی خۆمان بوو!

گوتی: ئەحمەد جەوزی کە پێشمەرگە بوو، دوای ڕووخانی کۆمار، چەکی پێشمەرگایەتیی دانەنا، هاتە نەغەدە دەگەڵ ئێمە کەوت. وابزانم گوتی: ئەو دەمەی ئێمە لە سندووس بەرەبەرە بەرەو شنۆ، پاشەکشەمان دەکرد، لەشکری عەجەم لە نەغەدە نزیک دەبۆوە... ئێمە لە جەبهەی گوندی حەسەنووران و جاشێران، لە سەر چیای پیرناسر بووین... لە شکری ئێران بە ڕێگای شۆسەدا، بەرەو قەلاتان پێشڕەویی کرد. ئێمە جەماعەتێک پێشمەرگە، لە شاخی پیرناسری بووین، دیتمان لەشکری عەجەمان بەرەوپێش دێ و زۆری نەماوە بگاتە گوندی قەلاتان. چەندکەس لەو پێشمەرگانەی چیای پیرناسر، داپەڕینە خوار بۆ نێو جۆگەی قەلاتان کە، نەهێڵن لە شکری عەجەمان پێشڕەوی بکا. ئەحمەد جەوزی یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە داپەڕینە خوارێ، خۆیان گەیاندە جۆگە قووڵەکەی قەلاتان. مخابن، تانکی عەجەمان دەیانبینێ، ئەوانیش بەرەو ڕووی تانکەکە تەقە دەکەن لەئاکامدا ئەحمەد، دەگەڵ پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی لەو شەڕەدا لە گوندی قەلاتانی عەولابەگی شەهید دەبێ.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوە کورتەیەک بوو لە چارەنووسی ئەحمەد جەوزی. بەڵام چارەنووسێکی جوان و پڕشانازی؛ مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان، هەرگیز لە بیری ناکا!
زیندوویاد کاک ئەحمەد تۆفیق، دوای ئەوەی لە بەسەرهاتی ئەحمەد جەوزی ئاگادار کرایەوە، لە کۆنگرەی[٢]ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەک شەهیدێکی سەنگەری رزگاریخوازیی کوردستان و پێشمەرگەیەکی وەفادار بە رێبازی پێشەوا و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ساو و رێزەوە یادی کردەوە. رووحی شاد و یادی هەمیشەزیندووی بەخێر!

***

## بابەخەڵیفە!

تەمەنم حەوت ساڵان بوو، سەردەمی دێموکراتی بوو. کابرایەک هاتبووە قەرەشلاخێ میوانی ماڵە قادر هەمزەڵەی بوو. ماڵە مام قادری دراوسێی خۆمان بوون. بە کابراکەیان دەگوت بابەخەڵیفە. کابرایەکی کورتەباڵای پاکوخاوێن، رێشێکی کۆرپەی جوان و رێکوپێکیشی هەبوو. کەسێکی کەم دوێ و بێدەنگ و بەئەدەب بوو. وەک خەڵک دەیگوت: " هێندی مەلایەکی دەزانی بەڵام چەنەوەڕ" نەبوو.
ئەمن چاکم نایەتەوە بیر، ئەوانەی لە خۆم بە تەمەنتر بوون دەیانگوت: دەستخەت و قەڵەمێکی جوانی هەبووە. بە کوردی خەتی خۆش بووە، چەند "تۆمار"ی هەبووە؟ ئەوانەی توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەبوو، کەڵکیان لە تۆمارەکانی وەرگرتبوو. خوێندەوارە خەتخۆشەکانی ئەوسەردەمە "تۆمار"یان بۆ قوتابییەکانی خۆیان ساز دەکرد، شێوەی دارِشتن و نووسینی نامە، لەڕووی تۆمارەوە فێر دەبوون!
ئیدی ئەمن نازانم بابەخەڵیفە، چۆن رووی کردبووە قەرەشلاخ لەوێ گیرسا بۆوە؟ ئەوسەردەمە گوندەکانی کوردستان

قوتابخانەیان نەبوو! بابە خەڵیفەیان کردە ماموستا دەرس بەمنداڵەکانی قەرەشلاخێ بڵێ. بەشی زۆری قوتابییەکان، منداڵی ئاغاکانی قەرەشلاخ و گردیاقووب بوون. منداڵە ڕەعییەت چوارکەس بوون. نزیکەی دە،دوازدە منداڵ و مێرمنداڵ دەبوون، ڕۆژانە وەک قوتابی لای بابەخەڵیفە، دەرسیان دەخوێند. قوتابخانەکەش خانوێکی چووکەی ماڵێ سەید ڕەسووڵی بوو.

دایکمو بابم، لە سەرئەوە ساخ بوونەوە دەبەر خوێندنم نین. ڕۆژێک دەگەڵ بابم چووینە ماڵی مام قادر هەمزەڵەی، بۆخزمەت بابەخەڵیفەی. لە بیرمە بابەخەڵیفە: لە یەکەم چاوپێکەوتن‌دا، بەبابمی گوت وا دیارە کوڕەکەت نەخۆشە؟ بابم گوتی قوربان نۆبەتێی دێتێ (تای دێتێ). ئەو سەردەمە نەخۆشیی "مالاریا" لە ناوچەی شارویران و سندووس نە خۆشییەکی بەربلاوی کوشندە بوو. ئەمنیش وەک زۆربەی منداڵە زەحمەتکێشەکانی کوردی ئەو سەردەمە، دەستوقاچقەڵێشو بووم و نەخۆشیی مالاریاشم هەبوو!...

بابەخەڵیفە بەبابمی گوت: دەبێ دەستولاقی کوڕەکەت جوان بشۆن، ئەو چڵکوچەپەرەی لێ بێتەوە. هەروەها دەبێ مانگێ دوو تمەن یان سێ تمەنیش مانگانە بدەی. هەر منداڵەی دەبوو، دوو، یان سێ تمەنی مانگانە دابا بە بابەخەڵیفە. ئەو سەردەمە دوو، یان سێ تمەن دراوێکی کەم نەبوو، لە توانای هەموو کەسدا نەبوو مانگێ دوو، سێ، تمەن دراو بۆ خوێندنی منداڵەکەی تەرخان بکا. کورت‌وکرمانجی، هاتینەوە ماڵ، بۆ سبەی دایکم مەنجەڵی بۆ لە سەر تەندووری دانام و ئاوی بۆ گەرم کردم و بردمیە سەر شۆرکەی، بە لفکەوسابوون، شوشتمی و بە بەردەپێ، ئەو چڵکوچەپەرەی بە لاقە قەڵشیوەکانمەوە بوو، لێی کردەوە، وەک دەڵێن: "بووم بە کوڕیژگەیەکی پاکوخاوێن "! جلەکانیشی بۆ شوشتم و...

دواترچوومەوە خزمەت بابەخەڵیفەی. لەلاپەڕە قاقەزێکی ئەلف‌وبێ، یان سیپارەی بۆ نووسیم: بە "یافتاح فەتحم بدەی..."

هەوڵنامەی کێپ

دەستم کرد بە خوێندنی سیپارە. هەرچەند لەوە زۆرترم دەخۆڕا دەدی کە ڕۆژانە بابەخەڵیفە وەك دەرس پێی دەکگوتم، بەلام بابەخەڵیفە لە سێ یان چوار پیت زیاتری دەرسی سیپارەی پێ نەدەگوتم؟ سیپارەم تەواو کرد. بابم چووە شاری (سابڵاخێ) کتێبێکی سەرەتایی باغچەبانی بۆ کڕیم، دەستم کرد بە خوێندن، هەرچەند ئەوەی بابەخەڵیفە پێی دەگوتم باشم ڕەوان دەکرد، بەڵام هەرگیز لە ماناکەیان نەدەگەیشتم و نەمدەزانی باسی چ دەکا، چونکە بە زمانی فارسی بوو! جگە لە وێنەی لاپەڕەکان، هیچم لە مانای وشەکان نەدەزانی؟

هەروەک ئاماژەم پێداوە، ئەو سەردەمە، نەخۆشی مالاریام هەبوو، هەر رۆژێکنا ڕۆژێک، نۆبەتی، یان (تا)م دەهاتێ. ئەو ڕۆژانەی نۆبەی هاتنی نۆبەتێم دەبوو، بابەخەڵیفە ئیزنی دەدام، دەچوومەوە. دایکیشم دەیزانی کەنگێ نۆبەتی دامدەگرێ و کەنگێ دەگەڕێمەوە ماڵ. هەرتا دەهاتمەوە دایکم جێگاوبانی بۆ ڕاخستبووم و ئیدی دەچوومە ژێر لێفەوە و هەڵدەلەرزیم! دایکم بۆخۆشی هەر دەردی منی هەبوو. جگە لە بابم لەماڵی ئێمەدا کەس نەبوو، سێبەڕۆی نەبێ. مالاریا، خەڵکی ئاوایی قەرەشلاخی لە پێ خستبوو؟ هەروەک پێشتر گوترا، ئەو دەم مالاریا لە مەڵبەندی ئێمە نەخۆشییەکی بەربلاو و کوشندە بوو. ڕۆژ نەبوو خەڵکی ساخی ئاوایی لە قەبر هەڵکەندن نەبن. لە بیرم ماوە ئەو ساڵە، لە قەرەشلاخ، زۆر کەس بە مالاریا مردن. لەوانە ماڵە شێخ کەریمی کە بنەماڵەیەکی ئاوایی قەرەشلاخ بوون کەم کەسیان لە دەست مالاریا رزگاری بوو...!

ئەوەندەم لەبیرە، دەزانم تەنیا چەند مانگێک لای بابەخەڵیفە دەرسم خوێند. وەک دەیانگوت: سێ مانگ بوو، حکوومەتی کۆمار، رووخابوو. بە ڕووخانی حکوومەتی کۆماری کوردستان، وەک باسیان دەکرد: بابە خەڵیفەش ڕووخابوو؟

بەهار داهاتبوو، دەیانگوت سێزدەبەدەرە؟ بابەخەڵیفە بە بیانووی سێزدەبەدەر لە ژوورە چووکەکەی وەدەردەکەوێ دەڵێ

دەچێ بۆ "کەڵەکە پردان_پردی مەولانای"؟ وەک دەیانگوت: بێ-درکاندن و ماڵئاوایی لە خانەخوێ و ئاشناکانی، بابەخەڵیفە رۆیشت کە ڕۆیی! خەڵک دەیانگوت خۆی دەرباز کرد نەکەوتە دەست عەجەمان؟ بەداخەوە بە رۆیشتنی بابەخەڵیفە منیش بێ مامۆستا مامەوە و خویندنەکەم کۆتایی پێهات!...

***

## دیتنی تەرحی شوومی ئەمنییان!

بەگوێرەی گوتنی خەڵک و بۆخۆشم لە یادم ماوە؛ لە مێژ نەبوو، پێشەوای کوردان، لە قەنارە درابوو. وەرزی بەهار بوو، دەگەڵ منداڵە هاو تەمەنەکانی خۆم، دوور لە خەموپەژارە، خەریکی یاریی منداڵانەی خۆمان بووین. لە ناکاو چاوم بە دووسواری جلکشینی تفەنگبەدەستی شەپکەلەسەر کەوت. ئەوەی لەزەینمدا ماوە: تفەنگەکانیان لەسەر قەڵپووزی زینی بەدەستەوە گرتبوو، کوێخای ئاوایی لە پێشیانەوە دەڕۆیشت. بەحوکمی غەریزەی منداڵانە، ناسیمن: دەبێ ئەوە ئەمنییە بن؟ دەگەڵ کوێخای ئاوایی بەرەو ماڵی ئێمە هاتن. پێشتر قاو بوو، بیستبوومان کە، دوڵەتی عەجەمی هاتۆتەوە سەرحوکم، پۆستی (پردی بەردەزەردی)یان ئاوەدان کردۆتەوە! ئەمنییە لە دێیەکانی شارویران دەگەڕێن داوای چەک لە خەڵک دەکەن...

ئەوە یەکەمجار بوو لە ژیانی منداڵانەی خۆمدا چاوم بە ژاندارمی رژێمی شاهەنشایی دەکەوت. ئەوەندەیان باسی وەحشیگەریی ئەمنییە بۆ کردبووین، هەر بە یەکەم نیگا، بە غەریزە تەرحی شوومیان لە مێشک و زەینمدا ڕەنگی دایەوە. هەموو ئازای گیانیان شەقاوەت و تاوان و دڕندەیی لێدەباری...؟

بەرەبەری چێشتەنگاوێ بوو. دایکم وەک هەموو سەرەژنێکی کورد، خەریکی کار و کوێرەوەریی نێومالْ بوو. کوێخا لە دوورەوە هەرای کرد: پوور زارا، مام ئەحمەد!
دایکم لە دەرگا هاتە دەر، چاکوخۆشیی دەگەڵ کوێخا کرد، بەڵام ئاوڕی وەسەر ئەمنییەکان نەدایەوە. دایکم بە سروشت وەک ژنێکی بە دەمار و بەجورئەت رسکابوو. لە قووڵایی دڵەوە ئەمنییە و کاربەدەستانی دەوڵەتی عەجەمی ناخۆش دەویست. کوێخا گوتی: مام ئەحمەد لەکوێیە؟ مەعمووری دەوڵەت هاتوون دەڵێن: چەکی هەیە، ناوی ئەویان پێیە و چەکان دەستێننەوە...
دایکم گوتی ئێمە چەکمان نیە و پیاویشم لە ماڵ نیە. گوتی ئەدی مام ئەحمەد لە کوێیە؟ دایکم گوتی چۆتە نێو دێ نازانم. لەو قسەوباسانەدا بوون، بابم هاتەوە. وەهام دیتەوە بیر: ژاندارمەکان زۆر بە زارشڕی، بێ ئەدەبانە بابمیان دواند. ئەمنی منداڵ لە زەینی خۆمدا، بابی خۆم، زۆر بە ئازا و نەترس دەزانی؛ بەڵام لە ڕاستیدا، بابمم لەحاند ژاندارمەکان، بە سیمایەکی تەسلیمتەڵەبانە هاتە بەرچاو. بابم مرۆڤێکی سادەو بێئازار بوو. وەکوو دایکم ئازا و نەترس نەبوو. ژاندارمەکان، داوای تفەنگی برنۆ و تاپڕیان لە بابم دەکرد؟ "گێچەڵ!" یان پێدەکرد. کەچی بابم لە حەیاتی خۆیدا دەستی وەتفەنگی برنۆ نەکەوتبوو، قەتیشی تاپڕ نەببوو. ئەوەی هەیبوو لە ڕابردوودا ساچمەزنی سەربازیی یەکلوولە، یان دوو لوولە بوو!

عەجەمەکان زۆر بەگرژی و ئیهانەتەوە بابمیان دەدواند و دەیانگوت بڕۆ تفەنگە برنۆکە و تاپڕەکەت بێنە! بابیشم بەنەرمی دەگەڵیان دەدوا، ئەوانیش بەزارشڕی و بێ ئەدەبی. لەو دەمەدا برایمئاغا هات. بە بابمی گوت: دەبرۆ "تۆپە ڕەش"یان بۆ بێنە بڕۆ!
بابم ساچمەزەنەکەی بۆ هێنان. ئەوانیش دەیانگوت تاپڕت لە سەر نووسراوە، ئەوەی قبووڵ ناکەین. برایمئاغا کەوتە

نێوبژیوانی، نازانم چلۆنی رازی کردن؟ بەکورتی ئەمنییەکان تۆپەڕەشیان برد و ڕۆیشتن بۆ ماڵی شیخ تەهای. بەڵام شێخ تەها مرۆیەک نەبوو لە حاند عەجەمان دانوێنێ! ئەویش ساچمەزەنێکی یەک لوولەی سەربازیی هەبوو، ئەویشیان برد. بەڵام نەیانتوانی شڵتاخ بەشێخ تەها بکەن! عەجەمەکان تاپڕی ئاغاکان و تۆپەڕەشی بابم و تفەنگە سەربازییەکەی شێخ تەهایان برد و ڕۆیشتن...!

بردنی تۆپەڕەشی بابم، بوو بەجێگای ناڕەحەتی و خەم و پەژارە بۆ من. تۆپەڕەش ساچمەزەنێکی سەردەمی نیکەڵای عرووسی بوو، لە دەجاران جارێک دەرنەدەچوو، کەچی لە بیروزەینی منی منداڵدا، "تۆپی ئەرکان"ی بوو! یان بەوتەی برایمی گوڵاویئاغای، "تۆپەڕەش" بوو!

دوای ماوەیەک ئاغاکانی ئاوایی، دەگەڵ تاپڕەکانی خۆیان "تۆپەڕەش"ی بابیشمیان ئەستاندەوە بۆیان پاس کرد... ئەوەش یادێکی ناخۆش لە تەرح و دیداری ئەمنییەی حەمەڕەزاشای!

****

## شەیتانی و شڵتاخ!

بەهار بوو، لەمێژ ساڵ نەبوو کۆماری کوردستان ڕووخابوو. ئێوارەی ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئەو بەهارە، عاسمان دەستی کرد بە هەورەبریسکەوە و باو گللێرە بارین. کەس توانای ئەوەی نەبوو خۆی لە بەر گللێرە و باو باران ڕاگرێ. ئەمن لە بیرم ماوە! خۆم دەژوور ماڵی خۆمان هاویشتەوە. ئیدی شەو داهات و دوایی شێوی شەو، خەوتین، ئاگام لە دنیا و ئاوایی بڕا. بەیانی بوو دایکم تەندووری داخستبوو، بە ڕەواڵی هەمیشەیی خۆمان، لە دەوری تەندوورەکە کۆ ببووینەوە بەرچاییمان دەخوارد. ڕاست لەو دەمەدا بوو دەنگی زنجیری دەرگای ماڵەکەمان هات. لامان سەیر

بوو، چونکە ئەو سەردەمە، لەزێد و مەڵبەندی ئێمە کەس حەوش‌وحەساری بەدەرگا و دەروازەی نەبوو...
نازانم بابم بوو، یان دایکم؟ گوتی: ئەوە کێیە، بۆ نایە ژوور؟ کابرایەکی عەجەمی شەپکەلەسەر بوو. هاتە ژوور، رووی کردە بابم گوتی: ئەمن شەوی ڕابردوو، هاتم لە دەرگای ئێوەم دا بۆچی دەرگاتان لێ‌نەکردمەوە؟
بابم بەتورکی پێی‌گوت مەشەدی، ئەوە ماڵی ئێمە نەبووە، ئەتۆ لێت گۆڕاوە! چما لە بەر تەرزە و باران کەس دەیتوانی بێتە دەر؟
کابرای عەجەم مکوڕ بوو کە ئەم ماڵە بووە، ئەمن لێم نەگۆڕاوە، کەڵەکەی من هاتۆتە حەساری ئێوە و ئەتۆ دات کردۆتە ژوورێ، ئێستێش ئەمن کەڵی خۆم لە تۆ دەوێتەوە!
بابم، پێی سەیر بوو، کەڵی چی، ئەوە باسی چی دەکا؟ لەپێش‌دا بابم بە عەجەمی پێی‌گوت وەرە دانیشە، بە شێنەیی تێمگەیەنە بزانم باسی چی دەکەی؟
ئاخر عەجەمە لەو کەسانە نەبوو...! هەتا بابم بە دابی مەڵبەندی خۆمان بەڕێزەوەی عەجەمە دەدواند، ئەو _ توندتر دەبوو؟ ئیدی بابم گوتی چما زارت بەشەی...؟ عەجەمە چووە دەر. بابم لێی چووە دەر، دیسان... ئەو جار عەجەمە رووی کردە بابم گوتی: کەڵەکەم دەدزی و هەڕەشەشم لێدەکەی، باشە! ئەمن‌وتۆ لە مەحکەمە قسەی خۆمان دەکەین...!
عەجەمە رۆیشت. ئێمەش بێ‌خەبەر لە هەمووشت! بۆ سبەی دوو ئەمنیە (ژاندارم) هاتنەماڵمان! قەزای لابەلا و شڵتاخی عەجەم، لە مەڵبەندی ئێمە وتەیەکی مەنشوورە!
ژاندارمەکان دەیانویست کەسێکی خوێندەوار بدۆزنەوە بێت دەوسێیەکەیان بۆ بنووسێ. ژاندارمی دوای ڕووخانی کۆمار، لە کوردستان، ١% خوێندەواریان نەبوو...
میرزا محەممەدی شابانییان بانگ کرد هات. خەڵکی ئاوایی سەریان سوڕ مابوو، مام ئەحمەد و دزی...؟ هەرکەس دەهات بە عەجەمەی دەگوت... ئەو مکوڕتر دەبوو...!

ئاغاکان و حەمەدەمینئاغا، گوتیان دەگەڵیان بچوو بۆ پۆستی بەردە زەردی، سبەی ئیمە بەدواتدا دێین.
بابمیان برد بۆ پۆستی "پردیبەردەزەردی" ئەو ڕۆژە نەگەڕایەوە؟ سبەی دووسبەی هەواڵێک لە بابم نەبوو؟
دوای دوو سێ ڕۆژ، بابم هاتەوە. گوتی: عەجەمە لە دادگا قسەکانی بەوجۆرە دەگوتەوە کە پێشتر بەبابمی گوتبوو.
بابم گوتی ئەوجارە قازی رووی کردە من: لەسەر قسەکانی ئەو مەشەدییە وەڵامت چیە؟
گوتم: جەنابی حاکم! ئەمن تەمەنێکم بەسەر بردوە، با کەسێک هەبێ لە سەرمن بڵێ: ئەو کابرایە لە ژیانیدا جارێک کارێکی نەشیاوی لێ روو داوە. ککگوتم: جەنابی حاکم بڕوا بکە ئەو مەشەدییە ئەوەی دەیڵێ هەمووی بوختان و شڵتاخە و "دەستی خۆی سوور کردوە بەناهەق بەیەخەی منیدا هێناوە"!
:قازی گوتی، ئەتۆ لێرە کەس دەناسی ببێتە زامنت؟ گوتم دەفەرموو دەکەسانت بۆ بێنم؟
: دیار بوو حاکم بەو ئاکامە گەیشتبوو، بابم ئەهلی ئەو جۆرەکارانە نیە. حاکم بابم بەزەمانەتی دۆستێکی خۆی ئازاد دەکا، دەڵی بڕۆوە ماڵە خۆت هەتا کاتی دادگاییتان دێ. گوتی ئەمن هاتمەوە، عەجەمەم لە دادگا بەجێ هێشت...
چەند مانگێک لەو بەسەرهاتە تێپەڕیبوو. ڕۆژێک دیسان ئەمنییەیەک هات، قاقەزێکی پێبوو، قامکی بابمی بە قاقەزەکەوە نا، گوتی فلانە ڕۆژە دەبێ لەدادگای مەهاباد ئامادە بی. ئیتر ئەمنییە رۆیشت. ڕۆژی دیاریکراو، دیسان بابم چۆوە سابلاخێ.
دەچێتە مەحکەمەی، عەجەمە لەوێ نابێ. بابم هاتەوە گوتی عەجەمە نەهاتبوو.
دوای چەندمانگ دیسان ئەمنییە هاتنەوە و وەکوو پێشوو، قاقەزی مەحکەمەیان پێبوو، لەدادگا بابمیان ویستبوو. بابم دیسان چوو بۆ سابلاخ، بۆ سبەی ئێوارەی ئەو ڕۆژە هاتەوە.

: ئەوجارە عەجەمە هاتبوو. پێش ئەوەی بچینە مەحکەمە، عەجەمە هاتە لام گوتی: بۆ ئەوەی نەهاتم کەڵەکەم لەتۆ دەست کەوێتەوە.

هاتووم داوای لێبوردنت لێبکەم و شکایەتەکەی خۆم وەرگرمەوە.

گوتی چووینە ژوور، پێش ئەوەی حاکم پرسیارمان لێبکا، عەجەمە بەحاکمی گوت: جەنابی حاکم، ئەمن شکایەتەکەی خۆم کە لەو سۆفییەم کردوە، وەردەگرمەوە... قامکیان بە قاقەزەوە ناین دەگەڵ عەجەمەی لە مەحکەمەی هاتینە دەر...!

عەجەمە گوتی: بابچین لە قاوەخاخەی چایەک بخۆینەوە. دەگەڵ عەجەمە وێکرا چووینە چایخانە و دەستمان کرد بەقسان.

:رووم کردە عەجەمەی گوتم مەردی حیسابی ئەوە چ ئۆین و شڵتاخێک بوو بەمنت کرد؟ گوتی هەرچی ئەتۆ بڵێی هەقی خۆتە، بەڵام ئەمنیش ماڵوێران بووم ماڵیشم دینیشم چوو!

ئەوە کوێخایەکەی قەرەشلاخ ئەو نەخشەیەی بۆ کێشام. گوتی: پێیگوتم دە تمەنم دەیە سوڵاخی کەڵەکەت بۆ دەکەم. لێرە هەر ماڵێک بێسەروشوێن بچێ کابرایەک هەیە ئەو دەستی دەو کارانەدا هەیە! بەکورتی، بە عەجەمەی گوتبوو: ئەوەی ئەمن پێت دەڵێم دەبێ بەجێی بێنی، نەکەی پەژیوان ببیەوە. دەیگوت ئەمنیش بۆ ئەوەی کەڵەکەم دەست کەوێتەوە گوتم: "باش ئویستا"

_ بەسەر چاو. ئەوە داوایەی لەسەرتۆم تۆمار کردوە، گشتی نەخشە و پیلانی ئەو کوێخا خودانەناسەی ئاواییەکەی خۆتان بوو!؟...

گەلێک ساڵ و عەیام بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیبوون. عەلی حەسەنە سووری، خەڵکی ئاوایی و جیرانی خۆمان بوو. کاتێک ئەمن تەمەنم گەیشتە چاخی دەخۆڕادیوی دەگەڵ عەلی حەسەنە سووری بووم بە دۆست و ئاشنا...

عەلی حەسەنە سووری لە ماڵە خۆمان وەهای بۆ گێڕاینەوە:

شەو بوو، لەماڵە خۆمان دەگەڵ براکانم و ئەحمەدە قیتی زاوام دانیشتبووین. لە ناکاو حەمەمراد بەپەلە وەژوور کەوت، گوتی عەلی، لامەسەب هەستە خوا گەیاندی!
چیە کاک حەمەد فەرموو دانیشە چایەکمان دەگەڵ وەخۆ...؟
حەمەمراد گوتی: عەجەمی چێودار، جەڵەبیان پێبووە، کە دەگەنە شۆرەکاتی باو تەرزە و باران، دەست پێدەکا، جەلەبەکەیان لە عەجبەتی گللێرەبارین مۆزێ دەکەن، لێیان بڕ دەبێ، هەرپاتاڵەی روو دەکاتە لایەک بەرەو ئاوایی قەرەشلاخ دێن.
بە بیستنی هەستێک لە ژووری هاتمە دەرێ. سەیرم کرد ئەوە کەڵێکی نامۆ، لە حەسارێیە! ئەمنیش خێرا کەڵەکەم لە تەویلەی خۆمان کردوە و هاتووم بۆ لای تۆ. ئێستێ دەبێ هەتا زووە، هەر ئەوشۆ کەڵەکەی ڕاپەڕێنی. لەوانەیە عەجەمە بێنە لام بۆ یارمەتی و دۆزینەوەی ماڵاتەکانیان، ئەمن دەزانم چۆنیان سەرگەرم کەم... تاریکەشەوێک بوو چاو چاوی نەدەدی. تەرزەکە لێی کردبۆوە، بەلام باران بە نەرمە ڕێژنە درێژەی هەبوو.
گوتی عەبووی برام و ئەحمەدە قیتم دەگەڵ حەمەمرادی ناردن. بە پشتی ئاوایی قەرەشلاخێدا، کەڵەکەیان بردبوو بۆ قزڵقۆپی. لە قزڵقۆپی خێرا حەمە بێکەسە، کەڵەکە دەکوژێتەوە و لەوێ دەیکەنە قەسابی!
:هەتا درەنگانێک چەرمەکەیان نەبردبووە سابلاخ، نەکوو دەنگی لێ وەدەرکەوێ و ئاشکرا بێ. گوتی پووڵێکی کەممان دەست کەوت، بەلام گۆشتکەڵێکی زۆرمان پێبڕا. کفتە گۆشتکەڵێکی تەسەلمان خوارد، بەشی حەمەمرادیشمان دا.
ئەوەش نەقلی شەیتانیی حەمەمراد و شڵتاخی عەجەمی مەراغەیی!

***

# قوتابخانە، یان حوجرەی فەقێیان!

زستانی ساڵی١٣٣٠ بوو، ماوەیەک پێش ئەو سەردەمە، مەلای ئاوایی مامۆستا مەلا برایمی حەیرانی کە مەلایەکی بێ جیرە و بەرات و زەکات بوو، کۆچی دوایی کردبوو. ناوبراو هەموو ئەرکە دینییەکانی بێ چاوەڕوانیی پاداش بۆخەڵکی ئاوایی و دەوروبەر ئەنجام دەدا. لەمێژ نەبوو، کۆچی دوایی کردبوو. کوڕێکی هەبوو بەناوی مەلا مستەفا، موستەعید بوو. دوای مەرگی باوکی بە پێداگریی ئاغاکانی قەرەشلاخ، بوو بە جێگرەوەی باوکی خۆی. ئەویش هەروەک باوکی خۆی، هەربەناو مەلا بوو، لە ڕاستیدا پیشەی بنەماڵەکەیان وەرزێری بوو. ئاغاکانی قەرەشلاخ، مووچە و مەزرایەکی زۆریان دابوونێ خەریکی کاری وەرزێری بوون. ژیان و بەڕێچوونیان لە ڕێگای زەحمەتی خۆیانەوە دابین دەکرد.

مامۆستا مەلامستەفا ئەو زستانە هاتبۆوە قەرەشلاخ، دوو فەقێشی هەبوون کە لای ئەو دەرسیان دەخوێند. بابم لە مزگەوت چاوی بە فەقێیان کەوتبوو، پێی وابوو ئەگەر کوڕەکەی بنێتە بەر خوێندن و ببێتە مەلا، خوا پاداشی بە بەهەشت دەداتەوە...؟

بابم هانی دام بچمە لای فەقێیەکان دەرس بخوێنم. ئەمنیش بێمەیل نەبووم، حەزم دەکرد بخوێنم. ئەوجارە وەکوو مێرمنداڵێکی تەمەن یازدە ساڵان، بابم بردمی بۆ مزگەوت لای فەقێیەکان. بردمیە لای فەقێیەک بە ناوی فەقێ برایم، دەستم کرد بەخوێندنی کتێبی یەکەمی سەرەتایی. مامۆستاکەم لە زیرەکی و ڕەوانکردنی دەرسەکانم سەرسام ببوو؟ ئەو زستانە سەرکەوتووانە کلاسی یەکەمم تەواو کرد و لە هەمان کاتیشدا لە نووسینەوەدا بە خەتخۆش ناوم دەر کردبوو!...

ماوەی دەرسخوێندنەکەم زۆری نەخایاند. مامۆستا مەلا مستەفا، لە بەهاری ١٣٣١دا دیسان ڕۆیشتەوە بۆدرێژەدان بەخوێندن و تەواوکردنی دەرسەکانی. چۆوە ئاوایی خەڵیفەلیان، لای مامۆستا مەلا ڕەحمانی لەجێ، ئەودەم مەلای خەڵیفەلیان بوو. فەقێ

برایمی مامۆستاکەم، دەگەڵ مامۆستاکەی خۆی ڕۆیشت بۆ خەڵیفەلیان. ئەو جارەش وەکوو جاری گۆڕین، بێمامۆستا مامەوە. لە ئاوایی خۆمان، کەسێک نەبوو دەرسی کلاسی دووهەمی سەرەتایی بزانێ و لای بخوێنم!

***

## چوونم بۆخەڵیفەلیان!

بۆ دایکم و بابم، ببووم بە خەمێکی گەورە...! بابم هاتە سەر ئەو ڕایە بمبا بۆ ئاوایی خەڵیفەلیان، بۆماڵی مام دەرویش مارفی. دیارە دایکیشم دەگەڵ بابم هاوڕا بوو. بابم بردمی بۆ خەڵیفەلیان بۆ ماڵە مام دەرویش مارفی. دەگەڵ ماڵە مام دەروێشی دۆستایەتی و خزمایەتیی لەمێژینەمان هەبوو. ئەوانیش کوڕێکی هاوتەمەنی منیان هەبوو بە ناوی محەممەد، ئەویش دەرسی قورعانی دەخوێند دەگەڵ کتێبی ئەحمەدی. ئەودەم ئەمن کتێبی دووهەمی سەرتاییم دەست پێکردبوو.
چوومە ماڵە مام دەروێشی، ماڵێکی پڕ لەسەفا و خۆشەویستی و دڵگەورەیی. مام دەروێش و هاوسەرەکەی پوور زارا، لە موحیببەت و میوانگریدا، لە کەسایەتییە دەگمەنەکانی سەردەمی خۆیان بوون! مام دەرویش نەخوێندەوار بوو، غایەتێکی لە تێگەیشتوویی و قسەخۆشیو دەم بەپێکەنینیدا، مرۆڤێکی هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی بوو لە ناوچەکەدا!
بە موحیببەتەوە وەکوو کوڕی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەگەڵ دەکردم، جۆرێک بوو کە ماڵە خۆمانم لەبیر چووبۆوە و تاسەی ماڵە خۆمان و دایکم زۆر هەست پێنەدەکرد. ئەوکورتە ماوەیەی لە ماڵە مام دەروێش بووم، شەوانە بە قسە خۆشەکانی ئەو ژنومێردە ڕوحسووکە، چاوم دەچوونە خەو، بەیانانیش بەزەردەخەندەی سەرلێویان و ڕووی گەش و خۆشیان چاوم دەکردەوە، وەخەبەر دەهاتم...

هەواڵنامەی کتێب

ماڵخۆشی و نانخۆشیی ئەو خانەدانە، تەژی بوو لە ژیانی بەختەوەرانە. ئەو ژنومێردە دڵگەورە و دەمبەخەندەیە، داستان و چیرۆکی زۆر بەچێژ هەڵدەگرن ئەگەر لە سەریان بنووسرێ. مخابن، توانای ئێمە لەوە لاوازترە بتوانێ داستانێکی وا دابڕێژێ کە هاوشان بێ دەگەڵ کەسایەتیی ئەو دوو هاوسەرە سینگ-فرەوانە. بە هەر وشە و ئەدەبیاتێک داستانەکەم برازێنمەوە، دیسانیش داستانێکی سەقەت و ناتەواو دێتەدەر و شیاوی کەسایەتی و شانوشکۆی راستەقینەی ئەو دوو زیندوویادە نابێ!

چێژی ژیانی ئەو کورتەماوەیەی لای ئەوان بووم، بارتەقای خۆشیی هەموو ژیانی سەردەمی مێرمنداڵیی خۆمە. ئەو خۆشی و شادییەی لەو ماڵە هەستم پێکردبوو، جارێکی دیکە بۆم دووپاتە نەبۆوە و لێم بوو بەخەون و خەیاڵ.

ئەندامانی ئەو خانەدانە، شەش کەس بوون. سێ کوڕ و کچێک و دایکو بابێک. دیارە دوو کچی دیکەشیان هەبوون شوویان کردبوو، لە ماڵە مێردی خۆیان بوون. ئەوەی لە بیری من ماوە، ئەو منداڵانە جۆرێک بار هێنرابوون، هەستم دەکرد ئەمنیش برای ئەوان بوومە و لێیان دابڕاوم؟ کوڕە گەورەکەیان کاک حەسەن، کوڕی نێونجی کاک حوسەین و هاوتەمەنەکەشم محەممەد بوو. ئێستێ کە ئەوچەند دێڕە دەنووسم حاجی مەلامحەممەدە تەمەن درێژبێ! ئایشێ کچی چووکەی مام دەرویش و پوور زارا بوو. کە دواتر ئەویش مێردی کرد...

مام دەروێش پیشەی جۆلایی بوو. کاتێ لەدەرسخوێندنی مزگەوت دەهاتمەوە ماڵ، بە دەمە بەخەندەکەیەوە دەیدواندم داوای لێ-دەکردم: محەممەد! داوەرە بزانم ئەورۆ دەرسەکەت چ بووە؟ بۆم بخوێنەوە.

ئەمنیش ئەو دەرسەی بەفارسی خوێندبووم، بۆم دەخوێندەوە و بەکوردی بۆم مانا دەکردەوە. مام دەروێشیش بارەقەڵڵای دەدامێ و هانی دەدام بۆ باشتر دەرسخوێندن. ئەگەر خەریکی دەرس و یاریکردن نەبام، دەچوومە پای خەڕەکێ، "لوولوو"ی جۆلاییم بۆ

هەڵدەکردن... چێژی ئەو ڕۆژە خۆشانەی ماڵە مام دەروێش و پوور زارایەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە، یادیان بەخێر!

لەبەختی ڕەش و نەگبەتی خۆم، ماوەی مانەوەم لە ماڵە خۆشەکەی مام دەروێش و پوورە زارایە، ئەوەندی نەخایاند. مامۆستای ئاوایی خەڵیفەلیان، ماڵەکەی بار کرد، گەڕایەوە بۆ گوندی "لەجێ" لە شارویران.

ئەمن و محەممەدی مام دەروێشی بێمامۆستاماینەوە. دوای ماوەیەک چووین بۆ ئاوایی گردەقیت. ئەمن لە ماڵە خوشکم بووم، محەممەدیش لە ماڵە پووری. لەوێش هێندە بنەگرتوو نەبووین، حاجی مامۆستا مەلا ڕەسووی حاجی سوڵتانی مەلای گردەقیتی بوو، ئەویش باری کرد، بۆ گوندێکی نزیک شاری ورمێ...

ئەوجارەش بەدڵساردی گەڕامەوە قەرەشلاخێ. دەرسخوێندنەکەی من بەو جۆرە، درێژەی بە ڕەوتی خۆی دەدا!؟

چوومە خۆڕخوڕەی!

ناچار هاتمەوە ماڵی خۆمان. ڕۆژێک بابم گوتی قسەم دەگەڵ مامۆستا مەلا ڕەسووڵی خۆڕخوڕەی کردوە و بەڵێنی پێداوم دەرست پێبڵێ. بچووە خوڕخوڕەی لای ناوبراو... خوڕخوڕە و قەرەشلاخ مەوداکەیان ئەوەندە لێک دوور نیە، بەڵام چۆمیان نێوانە. هاتوچۆی ئاوایی خوڕخوڕە لە بەهاراندا زۆر هاسان و بێ-موشکیلە نەبوو. هەتا مانگی جۆزەردان، بەندی گردیاقووب، هەڵدەبەسترا، لە بەر زۆریی ئاوی چۆمی مەهاباد، نەمدەتوانی بپەڕمەوە بۆ بەری خۆڕخوڕەی.

عەولا مەجرووم، لەخوڕخوڕەی کەڵەکی هەبوو. دواتر کردی بەلۆتکە_(بەلەم). مامعەولا هەردەستێکی هەبوو، دەستێکی لە جومگەڕا نەمابوو؟ خەڵکی لەچۆمی دەپەڕاندەوە. هەر کەس ویستبای لە چۆمی بەکەڵەکی ئەو بپەڕێتەوە هەر جارەی پێنج قڕانی نرخی پەڕاندنەوەی بوو. پێنج قڕانیش بۆ ئەو سەردەمە پارەیەکی ئەوەندە کەم نەبوو ، ئەگەر هەموو ڕۆژێ چووبام و پارەم دابا، مانگی دەبوو بەسی٣٠تمەن! بەتایبەت بۆ کەسانی

دەستکورت نەدەلوا، زۆر دژوار بوو. بەڵام ئەمن ئەو شانسەم هەبوو: بابم هاوڕێی مام عەوڵا بوو، هەردووکیان پێکەوە ڕاوچیو هاوڕێ بوون. ئەگەر مام عەوڵا خۆی کەڵەکەکەی گێڕابا، پارەی لە من نەدەستاند. ئیدی بەو جۆرە هاتوچۆی ئاوایی خورخورەم دەکرد و لای مامۆستا مەلا ڕەسووڵی جەبیدی دەرسی فارسیم دەخوێند. بەڵام هەرناوی خوێندن بوو؟

بەخۆشییەوە لەوێش دەگەڵ کوڕێژگەیەکی هاوتەمەنی خۆم بە ناوی مستەفا کە وەکوو خۆم تاقانە بوو، بووین بە هاوڕێ، دەگەڵ مستەفای خدری کاکلی یەکترمان زۆر خۆشدەویست. هاتوچۆی ماڵیانم دەکرد. ئیدی لە فەقێیایەتییشدا زۆرتر پێکەوە دەبووین...

***

## دەربەدەریی وەرزێران

یەکێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە_ساڵی ۱۳۳۰ی هەتاوی (تەقسیمی ئەرازی)ی دەوڵەتی دوکتور موسەددیق بوو، لەنێو کۆڕوکۆمەڵان ببوو قسەوباس. ئەمن هێشتا نەگەیشتبوومە ئەو حەدوسەرە و دەوجۆرە خەتانە نەکەوتبووم. دەگوتراو دەمبیست: دوکتور موسەددیق تەقسیمی ئەرازی دەکا_ زەویوزار بەسەر وەرزێراندا دابەش دەکا و ئاغاواتان لێدەدخا و...

لەو سەروبەندەدا بوو بەدەنگۆ: عەبیزاغای خەڵیفەلیان، دەگەڵ هەمزاغا و عەوڵاغای کۆنەدێی شارویرانی، لە سەر وشککردنی شامی گردیاقووبی پێکهاتوون: عەبیزاغا ئەو شامە وشک بکاوبیکا بەکێڵگە و ئاوەدانی. چەندساڵ داهاتەکەی بۆ عەبیزاغای بێ، پاشان سێ شەریکە دابەشی بکەن...!

خەڵک، بەتایبەتی ئاغاکانی قەرەشلاخێ گاڵتەیان پێی دەهات. هەقیشیان بوو، ئەوان بۆ بەهاراوی خۆیان، بەنداوی چۆمی سابلاخیان بەزەحمەت بۆ دەگیرا! چۆن بڕوا بکەن عەبیزاغا، ئاوی چۆمی گادەر و شامی گردیاقووب وشک بکا؟

عەبیزاغا پێمەڕەداری سندووس و چۆمی مەجیدخانی وەسەر شامێ گێڕا، بەکەمتر لە ساڵێک ، بەربەستی چۆمی گادەری تەواو کرد و ئاوی چۆمی گادەری بەلای گردی سەگاواندا بەرەو شاخی بۆغەداغی و گۆلی ورمێ راکێشا...

لەساڵی ١٣٣١دا دەستی کرد بە دروستکردنی خانوو بۆ ئاوایی ـ شوێنی حاوانەوە بۆ وەرزێران. لەو ساڵەدا، لە داوێنی شامێ گردیاقووبی، نزیکەی ٤٠_٥٠ خانوێکی شوێنی حاوانەوە بۆ وەرزێرانی دروست کرد.

بەهاری ١٣٣١ بەهارێکی بەتەڕەزەل و تەڕوتووشی بوو. عەبیزاغا سێ چوار دەستەی کرێکاری عەجەمی قەرەچوبوق و مەلیککەندی گرتبوون بە مۆرەدیوار خانووان بۆ ماڵە وەرزێری نەهاتوو، دروست بکەن. عەجەمەکان مۆرەدیواریان بەرز دەکردەوە و ڕێژنەباران لێی دەڕووخاندنەوە!

لەبەختی وەخەبەرهاتووی عەبیزاغای، وشککردنی شامی گردیاقووبی و سازکردنی خانوو بۆ وەرزێران، هاوکات بوو دەگەڵ ڕاپەڕینی وەرزێرانی شامات و چۆمی مەجیدخان و... وەرزێرانی ئەو ناوچانە لە دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕیبوون. وەک دەیانگوت: وەرزێرەکانی شامات، لە ئاوایییەکانی تالاو، گەزەڵێن و دێی وەیساغا، دەلکداش، حاجیحەسەن و کاولی سازندان. گشتیان بە حوکمی سەرنێزەی ژاندارم لە ئاوایی و زێدی خۆیان، تالان و دەربەدەر کرابوون.

ئەو وەرزێرە بێئەنوایانە، بەتاوانی سەربزێوی، لەبەرامبەر زۆرداریی دەرەبەگەکاندا، لە زێدی خۆیان دەربەدەر کرابوون و لەهیچ ئاوایی و مەڵبەندێکی کوردستان، ڕایاننەدەگرتن. وەک دەیانگوت: ئەو خێڵە وەرزێرە ئاوارەیە ناچار ڕوویان لە عەجەمستان و شارەکان کردبوو!...

دواتر دەچنە لای عەبیزاغای خەڵیفەلیان، داوای جێوڕێی وەرزێری دەکەن. ناوبراویش هەموویان ڕادەگرێ بەو مەرجە ماڵیان بێتە ئەو دێیەکە هێشتا ناوی لێنەنرابوو؟ هەموویانی

بەلۆریی خۆی گوازتنەوە بۆ ئەو شۆرەکاتەی کە هێشتا گوندی داشخانەی لەسەر بۆنیاد نەنرابوو.
وەبیرم دێ: نەختێ هەوا گەرم داهاتبوو، بەڵام هێشتا بارانی بەهاری نێوەنێوە دەباری. گەلێک ماڵە وەرزێر لەو شۆرەکاتەی داوێنی شامی گردیاقووبی، بێخێوەت و چادر، بەڕە و چارشێوی ماڵەکانیان کردبوون بەچادر لە ژێریاندا دەخەوتن. لەسەر تەواوبوونی جێی نیشتەجێبوونیان راوەستابوون...
بەهاری ۱۳۳۱ی هەتاوی بوو. ئەمن لە خوێندن دابڕابووم، گەڕابوومەوە بۆماڵ. ئەو بەهارەی بابم منی لە خوێندن گێڕایەوە، دەیناردمە بەر گامێشان. لەپێشداچەند ڕۆژێک خۆی دەگەڵم هات، دوایی لەگەڵ عەلی سوفی مرادڕەسووڵی خستم، ناوبراو دراوسێی خۆمان بوو. بۆ ماوەی مانگێک کەمترو زۆرتر؟ دەگەڵ کاکعەلی دەچوومە بەر گامێشان. گامێش لەوەڕاندنیش ئەوەندە دژوار نەبوو. لە ماڵێ وەدەر دەکەوتم، سواری پشتی گامێشێ دەبووم هەتا قەراخ شامی. لەوێ دەهاتمە خوار، گامێش دەچوونە نێو شامی، دەلەوەڕان هەتا تێریان دەخوارد، دوایی دەهاتنە دەر، لە وشکانی بۆی دەخەوتن...
وەکوو باو بوو: ئەمنیش دەگەڵ منداڵان، لەو شۆرەکاتە دەمکردە گۆیەن و هەپکهەپک. ئەگەرماندوو دەبووین، ئاوردوومان کۆ دەکردەوە بۆ چالێنان. ئاوردووش قنیەتە بوو بۆ چالێنان. کاکعەلی سەردەستەی دەستلەوەڕچییان بوو. ئەو دەستووری بەمنداڵان دەدا بۆ پاتاڵگێڕانەوەو کۆکردنەوەو کۆکردنەوەیان. ئەودەمە، تاڕادەیەک دەخۆمڕادەدیت، تویژی منداڵیم بەردابوو...

***

## قەرەخان و ناوی داشخانە!

ئەو شوێنەی ئێستێ گوندی داشخانەی لەسەر بونیاد نراوە، داوێنی باشوور و ڕۆژهەلاتی ئەوگوندە، هەموو "قەرەخان" بوو. قەرەخان گیایەکە بەژنی هێندی "تێسوێ" کەمترو زیاتر؟ بنەکەی دەبێتە کۆلکە و لە وەرزی بەهاردا، وەک پنج شین دەبێتەوە و دەوری میترێک کەمترو زیاتر باڵا دەکا، ؟ ئەو گیایە سەردەمی خۆی لە گوندەکانی شارویران زۆر بوو. بەهۆی خاک بەرداری و کاناڵکێشیی بەنداوی مەهاباد وەک دەڵێن ئێستێ بنبڕ بووە.

ئەودەم مجێوری گوندەکانی شاروێران سووتەمەنیی زستانی مزگەوتەکانیان بەکۆلکە قەرەخان دابین دەکرد. بەتایبەت گوندەکانی قەرەشلاخ و خورخورەو... هەم دەرهێنانی لە هەردی دژوار نەبوو، هەمیش ئاگرەکەی فرەبەتین بوو. قەواره و ئەندازەی کۆلکە قەرەخان، بەئەندازەی "کۆڵوو" دەبێ. لەوانەیە لە شوێنی دیکە هەبێ بەڵام دوای کاناڵکێشیی بەنداوی مەهاباد، ئەمن خۆم لە شاروێران نەمدیوە.

داوێنی گوندی داشخانە، جگە لە قەنیەتە و قەرەخان و شۆرەسابوونە، سێبەدانە و بزنترێن و... سەوزایی دیکەشی لێ شین دەبوو. قەنیەتە زۆرتر لە شۆرەکات دەڕوێ، بەڵام قەرەخان و شۆرەسابوونە، لە زەوی ئاساییش شین دەبن (دەڕوێن).

قەرەخان جگەلەوە بنەکەی وەک کۆلکە بۆسووتەمەنیی زستان دەریان دەهێنا، تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبوو کە بەداخەوە ئێمەی کورد، لەومەڵبەندە نرخی ئەو گیایەمان نەدەزانی؟

:عەجەم، لە عەجەمستانیڕا دەهاتن بەپارەیەکی زۆر کەم قەرخانەکەیان لەخاوەنمڵکەکانی شاروێران، بەئیجارە دەگرت و دەیاندروو. ئیدی ئەوان کاریان بە کۆلکەکەی نەبوو. دوای دروونی، هەڵیاندەخست لێی دەگەڕان هەتا وشک دەبوو. پاشان قووڵکەیەکی چاڵئاسایان هەڵدەکەند قەرەخانە درواوە وشکەکەیان کۆ دەکردەوە، لەسەر قووڵکەکە لە لیژەیان دەدا و

ئاگریان تێبەردەدا. گڕو مەشقەڵی بۆ حەوای بەرز دەبۆوە، لە ژێرەوەش ئاوی لێدەچۆڕایەوە نێو قووڵکەکە. لێی دەگەڕان هەتا سارد دەبۆوە. ئەو ئاوە دەبوو بە تاتەبەردێکی پتەو لەنێو قووڵکەکەدا. حەوتوویەکی دەکێشا هەتا سارد دەبۆوە. پاشان عەجەمەکان، زۆر وەستایانە دەوری قووڵکەکەیان دەدایەوە، بەگوتکو مەڵغە، دەیانشکاند بەجۆرێک تەنانەت نەیاندەهێشت تەڵەزمێکی چووکەش لەو بەردەی لەشوێنەکەی بەجێ بمێنێ. زۆر بەجوانی و ڕێکوپێکی دەیان پێچایەوە، دەیانبردەوە بۆمەراغە و تەورێزان.

بەو بەردەیان دەگوت: "داش" یان "قەلیانداشی"! داش بە تورکی بە بەرد دەگوترێ. قەلیانداشی یانی بەردی کولاو، ئەگەر تورکییەکەم لە بیر مابێ؟

یەکێک لە تایبەتمەنییەکانی ئەو "داش"ە بەنرخە ئەوە بوو کە لە هەموو جۆرە بەردێک قایمترو قورستر بوو. ئەگەر بڵێم لەزۆربەی ئاسنانیش، بە وەزنتر بوو، زێدەوێژیم تێدا نەکردوە. ئەو "قەلیانداشی"یەیان دەبردە بۆ مەراغە و تەورێزان و... لەوێ سەوزەی کشمێش و سەوزەی قەیسییان بەو داشە دروست دەکرد و رەنێو دەهێنا...

داوێنی ئێستێی گوندی داشخانە، کانگای قەرەخان بوو، "داشەکەشی" بە ناوبانگ بوو...

ئەوەی ئەمن لە بیرم ماوە: ئاخرمانگی بەهاری ١٣٣١ی هەتاوی بوو. ئاوایی بونیاد نرا و، تەك‌و تەرا، ماڵی بۆ هاتبوون، بەڵام هێشتا هەر لەو دەشتە دەوجۆرە چادرانەدا دەژیان. خانووەکانی ئەو گوندە هێشتا تەواو نەببوون و ناوێکی دیاریکراویشی نەبوو. هەر بەتیرەی عەییزاغایان ناو دەبرد.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئەو بەهارە، کۆمەڵە خەڵکێک لە جێ"ورگە"ی گامێشەوانان، لاو و مێرمنداڵ لە نزیک تیرەی دانیشتبوون، خەڵکی تازە هاتووشی لێ هەبوون. ئەمن بۆئەوەی بەبارانە تەڕ نەبم کۆنە کەوایەکی بابمم لەسەر جلەکانمەوە دەبەردا بوو،

شاقەلەکانی دەگەیشتنە قولاپەی پێیانم. وابزانم ئەو خەڵکە لە سەر ناوی ئاوایی تازە دروستکراو دەمەتەقەیان بوو. یەک دەیگوت تیرەی عەبیزاغا ناو نیە، یەک دەیگوت ناوێکی خۆشە... کاک عەلی وەنەوشەی گوتی: "ئەو خەڵکەم پێ سەیرە، بۆ ناوی ئەو شۆرەکاتە دەنێن تیرە، بۆ ناوی نانێن داشخانە؟

بەچاوی خۆتان نابینن عەجەمی مەراغە و تەورێزان، ئەو هەموو داشەی لێ بار دەکەن؟ ناوی بنێن داشخانە و با محەممەدیش ببێتە مەلای، ئەوەش کەوا شۆڕەکەی. رووی کردە من: "هەرلە ئێستێوە کردمانی بە مەلای داشخانەی"!

ناوبراو، وەک دەشتەوانێکی ساکار و جەفەنگچیی کۆڕی زەحمەتکێشان، ئەو قسەیەی لە دەم هاتە دەر. بەڵام دوایی قسەکەی جێی گرت. لەو ڕۆژەوە منداڵە وردکەی قەرەشلاخێ ناوی مەلای داشخانەیان بەسەردا بڕیم!

گەلێک ساڵیش بەسەر ئەو قسەوباسەدا تێپەڕیبوو، ئەمن گەورە ببووم هێشتا ناوی مەلای داشخانەم هەر بەدواوە بوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەوگوندەش بوو بە "داشخانە". دواتر بوو بە شوێنی ژیانی وەرزێرە ڕاپەڕیوەکانی شامات و مەکۆی خەباتگێر و شۆڕشگێرانی شارویران.

جێگای سەرنجە! ئەگەر لەو شوێنەی گوندی داشخانەی لەسەر بونیاد نراوە، بە وردی بۆ بەردێک بگەڕێی سەری خۆتی پێ بشکێنێ؟ لێی دەست ناکەوێ.

اوی داشخانە لە قەلیانداشێ عەجەمان وەرگیراوە، ئەو ناوە لە زمان عەلی وەنەوشەوە، داکەوت و داواتر بوو بە ناوی ئاوایی داشخانە! لەسەر دانیشتووانی داشخانە، بیرەوەریم زۆرە و بەداخەوە کێشم نەماوە.

****

## داشخانە!

شام،قامیشەڵانی (تاڵاوەکان)ی گردیاقووب و مەمێند و گردەقیت شوێن و مۆڵگەی ڕەوەبەرازان بوو. هەر شیناوەرد و بێستان و دەخەڵودانێک، لە داوێنی ئەو تاڵاوانە کرابا، ڕەوە بەرازی نێو شامی، نەیاندهێشت وەرزێرەکان بەروبوومێک لە داچناوەکانیان هەڵگرن! ئەوەی دەیانخوارد، ئەوە دەخورا، دەنا ئەوی دیکەیان شێو دەکرد و دەیانکردەوە بەشێوەرد! وەرزێرەکان ناچار دەبوون بە هەرەوەز و تێکڕایی بە ساچمەزن و سەگ و تەنەکەوە، هەر لە ئێوارەوە هەتا تاوهەڵاتێ کێشکی داچناوەکانی خۆیان بکێشن، دەنا نەدەبوونە خاوەنی بەروبووم...!

ئەوساڵە هەتا هاوینی ١٣٣١نزیکەی ٤٠-٥٠ خانووی قوڕینەی سەروبەر ناتەواو، لەو شام و شۆرەکاتە وەک پەناو پەسیو، بۆ ماڵە وەرزێرە ئاوارەکان دروست کرابوون. وەرزێرەکان سەرەڕای ڕابواردن لەژێر ئازاری زۆری تەپۆ و مۆزی ئەو شۆرەکاتە، لەبواری ئاوی خواردنەوەشدا، لەو پەڕی تەنگانەدا بوون. ئەو وەرزێرە خەباتگێڕانە، لەبەر نەبوونی ئاوی شیرن لەو شۆرەکات و شامە، دەبوو بە گوێدرێژ و بارەبەران مەودایەکی زۆریان ڕێگا بڕیبا، چووبان ئاوی ناپاقژ و کرماویی چۆمی گادەر و سابڵاخ بێنن بۆ خواردنەوەی خۆیان!...

***

بەپێیی یاسای سروشت و ڕەوتی ڕۆژگار، ئێمەی مێرمنداڵیش هەڵمان دەدا و توێژی ساواییمان داویشت و هێدیهێدی دەگەڵ ئێش وئازاری کۆمەڵگای مەڵبەندەکەمان ئاشنا دەبووین.
ئەو سەردەمە، نەخوێندەواری باڵی بەسەر بەشی هەرەزۆری مەڵبەندەکانی کوردستان کێشابوو. ئامرازی وریاکردنەوە وەک:

ڕۆژنامە و ڕادیۆ لەکوردستان، بەتایبەتی لە نێو بنەماڵە هەژارەکانی کورد، هەر نەبوون!...

حکوومەتی دوکتور موسەددیق لەسەر کار بوو. وەک دەگوترا: فەزایەکی تاڕادەیەک کراوە لەئێران بەدی هاتبوو. لاوانی وریای شۆرشگێڕی کورد، بەتایبەتی لاوە شۆڕشگێرە سەرڕووتە مەهابادییەکان، دەرفەتێکی لەباریان بۆ ڕەخسابوو، خۆیان ڕێک-بخەن. بەکردەوە ئەو دەرفەتەیان قۆستبۆوە! لاوانی شۆرشگێری شار، هەست و خەباتی شۆڕشگێرانەیان لە شارەوە گواستەوە بۆنێو وەرزێرانی دێهات. وێڕای نەبوونی خویندەواری، لاوە شۆڕشگێرەکان بوون بەهۆی وریاکردنەوە و وەخەبەرهێنانی وەرزێرانی، سەرگوتکراو، بەرامبەر زولم‌وزۆری ژاندارم و دەرەبەگ، لە کۆمەڵگادا.

دەگەڵ ئەو هەموو قەیرانەی کوردستانی بەگشتی داگرتبوو؛ کەسانی خاوەن‌بیری ڕزگاریخوازی لەو سەردەمەدا لە ئاوایی-یەکان هەبوون. ئیدی بە هاتنەسەرکاری حکوومەتی موسەددیق و خابەتی لاوانی شۆڕشگێر، خەباتی وەرزێرانی دێهاتیش،کەوتبووە سەر پێ. کەسانی وەک زیندوویاد سوڵتاناغای شیخاغایی ڕۆڵی بەرچاویان لە وریاکردنەوەی وەرزێرە لاوەکاندا گێڕا...

دەمانبیست: خەڵکی ساکاری دێهاتی لێرولەوێ دەیانگوت:

"بابە سەر ڕووتی سابلاخێ" ئاوریان کردۆتەوە؟...". "سەر ڕووت" بەو لاوە خوێنگەرم و خەباتگێڕانەیان دەگوت کە لە شاری مەهاباد لە ڕیزی هەرەپێشەوەی خەباتگێڕانی بێ‌مافی کورددا بوون؛ بەگژ دەزگای داگیرکەری و سەرگوتکەریی حەمە ڕەزاشادا دەچوونەوە. بەشانازییەکی گەورەوە بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە.

ئەو دەم تەمەنم گەیشتبووە نێوان پازدە و شازدە، تاڕادەیەک تێدەگەیشتم و هێدی‌هێدی دەگەڵ بێ‌مافیی نەتەوەکەم ئاشنا دەبووم...

ماڵە خزم و دۆستێکی بابم، بە ناوی عەلی عەولا وەسمان لەگوندی گردیاقووب بوو، ، هاتوچۆمان هەبوو. کاکعەلی،

هاتوچۆی ماڵمانی دەکرد. لێرولەوێ گوێبیست دەبووم: عەلی پێوەندیی دەگەڵ "سەرڕووتان" هەیە. ئەمنیش دەرسی فارسیم دەخوێند و لەهەمان کاتدا هاتوچۆی بەردەوامی کەسانی وەک ناوبراو و مەلا ڕەحمانی موقەددەسیم دەکرد. مەلاڕەحمانیش لەو خەتانەدا بوو. ئیدی ئەوانە بوون بەهۆی ئەوە سەرنجم بەرەو خەباتی ڕزگاریخوازی ڕابکێشرێ. لە تەمەنی مێرمنداڵیدا، بەرلەوەی بگەمە حەدوسەری ئەوە ببم بە ئەندامی حیزب، هەر دەمڕووت بووم، کردیانم بە سەمپاتیی ح د ك...

لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بووم، نەگەیشتبوومە حەدوسەری دەخۆڕادیوی، ڕەوتی ڕووداوەکان، لە ناوچەی شارویران دەوری هەڵگرتبوو، لەهەموو شوێنێک باس لە نەمانی ئاغاوات و دابەشکردنی زەویوزار بوو... ئەو باسانە کاردانەوەیان لەسەر کەسانی خۆمئاسایی دانابوو. کاتێک باسی سەردەمی دێموکڕات و نەمانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا و دەسەڵاتی ئاغاوات و کوێخا و ژاندارم دەکرا، زۆرم پێخۆش بوو.

پێشتر ئامارەم پێکردوە: ماڵەکەی ئێمە مەکۆی ڕدێن سپی و کەیخودای ئاوایی و ئاغاکان بوو، ببوو بە ناوەندی هەواڵ، هەرکەس شتێکی لێرولەوێ بیستبا لەوێ دەیگێڕایەوە. بەتەبیعەت ئەمنیش کەموزۆر گوێم بۆ قسەکانیان ڕادەگرت. ئاغاکان، بە وتەی خۆیان: زۆر دژی وەرزێرە سەربزێوەکان بوون. سەربزێو. بەو وەرزێرانەیان دەگوت کە لە هەمبەر زۆروزۆرداری ڕاپەڕیبوون. ئەوانیان بە سەربەزێو، کمونیست و خوانەناس پێناسە دەکرد! هەر هەواڵ و ڕیوایەتێک لەسەر دەربەدەرکردن و گرتن و ڕاوەدوونان و سزای وەرزێران باس کرابا، وەکوو: ئەوەی لە ناوچەی بەگزادان و چۆمی مەجیدخان و شامات، بە سەر وەرزێرانیان هێنابوو، پێی دڵخۆش دەبوون و شادییان دەردەبڕی... ئاوارەکانی نیشتەجێی ئاوایی داشخانەیان بە خوانەناس ناو دەبرد. دەربارەی زیندوویاد سوڵتاناغای شێخاغایی، قسەی خێریان نەدەکرد، بە "جاسووسی عرووسان"یان ناو دەبرد.

ئەوانە یادەوەریی سەردەمی مێرمندالْیی خۆمن. ئیتر هەتا زەمەن ڕادەبرد و تێدەپەڕی، ئەمنیش روو بەگەشەکردن و تەمەنی لاوی دەچووم. مەیدانی بیرکردنەوەم بەرفرەوانتر دەبوو، تاڕادەیەک زۆرتر هەستم بە ستەمی نەتەوایەتی و بێمافیی زەحمەتکێشانی وڵاتەکەم دەکرد.
هەروەک پێشتر گوترا: نەفرەت و بێزاریم بەرامبەر بە ژاندارم و نیزامی پاشایەتی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەتەوژمتر دەبوو. بەتایبەت کاتێ دەهاتن بۆ ئاوایی و چاوم پێیان دەکەوت، لە سەر ئالیکی ئەسپی سوارییان، چەندەیان بێڕێزی بەخەڵکی ئاوایی دەکرد. بەخۆم سەلماندبوو کە ئەو کەسانەی ئاغاکان و داروودەستەیان، بە پیاوخراپ و خوانەناسیان ناو دەبردن، هەموویان کەسانی دژی نیزامی پاشایەتی و زۆروزۆرداربن...

***

هەوالنامەی کتێب

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

لەساڵی ١٣٣٠هەتا ١٣٣٥ دەرسی زمانی فارسیم پچڕپچڕ خوێندبوو، دەمتوانی فارسی بەڕەوانی بخوێنمەوە و بنووسم. بەداخەوە، مەوداکەم کورتە، ناتوانم ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بە تەواوی بەسەر کەمەوە. ساڵی١٣٣٥ی هەتاوی، لەتەمەنی ١٧ساڵیدا بووم. تاقەکوڕی بنەماڵە بووم، بە وتەی خەڵکی مەڵبەند، تاقانە بووم. بابم تارادەیەک دەرهەق بەمن ڕەشبین ببوو. دەیزانی هاتوچۆی دوکانی مەلاڕەحمان و عەلی وەسمانی دەکەم. عەلی وەسمان چەخماخساز (وەستای چەکوسیلاحان) بوو.
بەهۆی ئەوە بابم دەگەڵ ئاغاکانی ئاوایی دەچووە ڕاوە مراوی، ئاغاکان خۆشیان دەویست و لە ئاوایی تەنیا دوو ماڵ باج و بێگاریان لەسەر نەبوو یەکیان بابم بوو، ئەوی دیکە عەولا نۆمسوڵمان بوو.

کاک عەلی وەسمان یەکدوو جار نووسراوەی دابوومێ بۆی بخوێنمەوە. شارەزای نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی نەبووم تێنەدەچووم. دواتر بۆم دەرکەوت ناوبراو مەبەستی پەلکێشیی من بۆ لای حیزب بووە...

بابم لێم نیگەران بوو، پێوەندیم دەگەڵ ئەوان هەبوو. وادیار بوو، نیازی هەبوو بەجۆرێک لە هاتوچۆکردنی ئەو جۆرەکەسانەم دابڕێ. رۆژێک لە ماڵێ پێیگوتم: یان دەبێ بخوێنم، یان وەکوو هەموو کوڕە زەحمەتکێشێکی مەڵبەندی خۆمان مل دەبەر کار و کوێرەوەریی دێهات بنێم! ئێمەش وەک زۆر لە بنەماڵە گوندنشینەکانی مەڵبەندی خۆمان، ئەوەندە دەستڕۆیشتوو نەبووین، بابم بتوانێ لە شار ماڵم بۆ بگرێ و خەرجی ژیانم دابین بکا و بخوێنم...

بێشک تواناشی هەبا، نەیدەناردم بۆ شار، چونکە زۆرجار پێی-دەگوت: "ئەمن بۆیەم تۆ لەبەرخوێندن نا کە ببی بە مەلا و میراتگری خۆشەویستی خودا! چۆن ئەمن بە دەستی خۆم ئاوری جەهەندەمێ بۆخۆم دەکرم، کوڕم دەنێرمە مەدرەسەی سەرڕووتی لەخودابەدوور!"...

***

هەرلەسەرەتاوە حەزم لە خوێندنی دەرسی مەلایەتی نەبوو. بەهەرحاڵ دەبوو یان وەکوو کوڕە زەحمەتکێشەکانی دەرودراوسێمان، خەریکی کار و کوێرەوەریی دێهات بام، یان بخوێنم!

بە نابەدڵی، خوێندنی دەرسی مەلایەتیم هەڵبژارد. بەڵام دەخۆم-ڕا نەدەدی بچمە حوجرەی فەقێیان، لە خۆڕا پێموابوو، ئەوان زۆر لەمن زانا و زیرەکترن، لەوانەیە ڕامنەگرن. دەستم کردبوو بە دەرسی عەرەبی و عەوامیلم دەخوێند. کوردە گوتەنی: "لە ترسی گێرە بووم بە وشتر!"

***

# فەسڵی ٢

## فەقێیەتی؟

بەهاری ١٣٣٥ی هەتاوی بوو. سوختەیەکی خەڵکی ئاوایی وسووکەندی نزیک مەهاباد، لە دێیەکەی ئێمەی دەخوێند. ناوی فەقێ ئەحمەد بوو. کوڕێکی لەبەردڵان و خەتخۆش بوو، جوانی دەنووسی. نێوانمان پێکەوە زۆرخۆش بوو. ئەمنیش زۆرم حەز لە خەتخۆشی بوو. ڕۆژێک پێی‌گوتم: محەممەد! ئەتۆ بۆ دەگەڵ من نایەی بچین بۆ شنۆ، لە وێ ببە سوختە، پێکەوە دەرس دەخوێنین، ئەمنیش بەپێی توانای خۆم، یارمەتیت دەدەم؟...
هەردووکمان هاوتەمەن بووین، بەڵام ئەو زۆر لە من چاوکراوەتر بوو. فەقێ بوو "انموذج"ی دەخوێند. ئەمنیش تازەم دەست کردبوو بە "عوامل". دڵی نەرم کردم. چوومەوە ماڵێ بە دایکمم گوت:
دەچم بۆ فەقێیەتی. دایکم لەسەرێکەوە حەزی دەکرد کوڕەکەی ببێ بە مەلایەکی ١٢عیلم، لەسەرێکیشەوە دڵی بڕوای نەدەدا تاقانەکەی لێی دوور کەوێتەوە! ئەگەر لەو نزیکانە و دەوروبەری دێی خۆمان لە شارویرانی بایە، بۆنا؟ زۆری پێ‌خۆشە. بەڵام شنۆ زۆر دوورە. قەناعەتم بەدایکم هێنا کە دەگەڵ فەقی ئەحمەد بچم بۆ شنۆ. ئەویش قەناعەتی بە بابم هێنا، پووڵی ڕیگاو کرێ‌ماشینی شاری شنۆی دامێ. گوتبووم دەگەڵ فەقێ ئەحمەدی وسووکەندی دەچم بۆ فەقێیەتی. ئەوە هاوکات بوو دەگەڵ ئەوساڵە کە، سەربازخانە مەنشوورەکانی خانێ، جەڵدیان، پەسوێ، لە دەشتی لاجانێ ساز دەکران. دەگەڵ فەقی ئەحمەد پلانمان دانا بۆ ڕۆژی فڵان...
گوتی: ئەو دەچێتەوە بۆ وسووکەند بۆ سەردانی دایکی، فڵانە ڕۆژی... لە وسووکەند وەڕێ دەکەوێ دێ بۆ نەغەدە، لە گاڕێژی

شنۆیە لە نەغەدە یەکتر دەگرینەوە. ئەوە یەکەمجارم بوو لە ماڵێ خۆمان، بۆ فەقێیەتی وەدەر دەکەوتم. بەهەرحاڵ لە ڕۆژی دیاریکراودا، وەڕێکەوتم چوومە قاوەخانەی وسێن پێچپێچی (کۆسەکەرێزێ) لەسەر جادەی ورمێ ـ مەهاباد. لەوێ سواری ماشێنیک بووم بۆ هەیدەرابادێ، لەوێشڕا سواری ماشێنێکی دیکە بووم چووم بۆ نەغەدەی. (ئەو دەم هێشتا ڕێگای ماشێن بە سندووسیدا لێنەدرابوو.)

ماشێنسوارەکان، لە گاڕێژی نەغەدەی دابەزین. هەرکەسەی ئەوەی پێی بوو، یان لە سەرماشێنەکەی بوو وەریدەگرتەوە و دەڕۆیشت. ئەمن وەدوا کەوتم. دوای هەموویان نۆرەی من هات، داوای بوخچەکەیخۆم کرد لێفەیەک و کتێبەکانم تێوەرپێچابوو. ماشێنسوارەکان زۆربەیان عەجەم بوون، هەموویان رۆیشتبوون، هەر ئەمن مابووم. شاگردشوفێری ماشێنەکە، دەگەڵ شاگردێکی دیکەی تورک کە لەوێ بوو، داوای دوو تمەنی لێدەکردم، دەیگوت هەتا دوو تمەنم نەدەیەی بوخچەکەت نادەمەوە. گوتم ئەمن کرێی خۆم داوە دوو تمەنی بۆچی بدەم بەتۆ؟

کورتی دەبڕمەوە منیان پێ منداڵەکوڕدێکی کەمتەمەن بوو، پێیان وابوو، بە هەڕەشەوگوڕەشە، هاسان پووڵێکم لێدەستێنن. ئەمنیش دەرەقەتی ئەو دوو نێرەورچە نەدەهاتم. هەر ئەوان جنێویان بەدین و عایشە و عومەران دەدا، ئەمنیش جگە لە پیشخواردنەوە و قینهەستان، هیچم لەدەست نەدەهات. هێندەی نەمابوو لە داخان بتەقم. بە وتەی تورکان" غیرەتم چۆخ، گویجیم ئاز!" نەمدەوێرا دەگژیان ڕاچم...

خواوڕاستان کابرایەکی تورکی دوکاندار لەوێ پەیدا بوو. لێم بوو بەخدری زیندە نازانم لە کوێ پەیدا بوو، بەهەرحاڵ هات. گوتی: ئەوە چیە، چتان لەو منداڵە دەوێ؟ ئەمنیش زانیم کابرا پشتیوانیم لێدەکا، یان لانیکەم ڕیش سپیەتییەک دەکاو لەو گێچەڵەم ڕزگار دەکا.

شکایەتی خۆم بەکابرا گەیاند: گوتم پووڵی خۆم داوە ئێستا ئەو شاگردشۆفێرە، شمەکەکانم ناداتەوە دەڵێ: هەتا دوو تمەنی نەدەمێ شتەکانم ناداتەوە...

عەجەمەی خدری زیندە! ماڵی ئاوا بێ، جنێوی بەشاگرد شۆفێرەکاندا، بوخچە و کتێبەکانی بۆ ئەستاندمەوە و لە دەست گێچەڵی ئەو دوو نێرە فیلانەی ڕزگاری کردم. لە ژیانی خۆمدا هەرگیز تووشی گێچەڵی وەها نەهاتبووم. شارەزاییم نەبوو؛ نەمدەزانی عەجەمی نەغەدەی بەوجۆرە بێحورمەتی بەکوردان دەکەن، ئەمنیش لە گارێژ هاتمەدەر و قینی خۆم بە جنێو پێ-ڕشتن. بە تورکی جنێوی خۆم پێدانەوە!...

ئەوجارە دەبوو لەسەر بڕیاری پێشووی خۆمان دەگەڵ فەقێ ئەحمەد لە گارێژی نەغەدە_شنۆ، یەکترمان گرتبایەوە. چوومە گارێژی شنۆ، فەقێ ئەحمەد لەوێ نەبوو. دوای ماوەیەک دیتم فەقی ئەحمەد گەیشتێ. دوای هێندێ قسەوباس سوار بووین بۆ شنۆ. هەر چەند جنێوی خۆمدابوو بەڵام هیشتا سووک نەببووم. باسی بەسەرهاتی خۆم بۆ فەقێ ئەحمەد، نەگێڕایەوە نەوەک تووشی لۆمەی ئەویش بێم. بەهەرحاڵ هەردووکمان سواری ماشێنی شنۆیە بووین، ئەمن یەکەم جارم بوو شنۆ، و نەغەدەم دەدیتن. لەدڵی خۆمدا دەمگوت تازە هەرگیز ناگەمەوە شارویرانی. بەهەرحاڵ گەیشتینە شاری شنۆ، چووینە حوجرەی مزگەوتی حەنەفییان. فەقێی زۆر لێبوون، هەموویان فەقێی کەڵەکەڵەی سمێڵ ئەستوور، ئەمنیش کۆسە و منداڵکار، بەوتەی فەقێیان: "ئەمرەد" هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا، منیان بۆ ببوو بە دەعبایەکی سەیری جێگای پرسیار، کاکەفەقێ ئەتۆ چ دەخوێنی؟

گوتم: عوامل!

مەلا عەزیزی شاوانی ئەودەم "عەولا یەزدی"ی دەخوێند، گوتی: کاکە فەقێ لە شارویران کەس نەبوو دەرسی عوامل بزانێ، ئەتۆ لای بخوێنی، ناچار بووی بێی بۆ شنۆ؟ ئەمنیش شەرم دایگرتبووم، نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە. زۆر لە کردەی خۆم پەژیوان بووم.

بەڵام تازە هاتبووم "خودکردەرا تدبیر نیست" دیار بوو نیازیان نەبوو ئەمن وەک سوختە ڕاگرن؟
فەقێ ئەحمەدیان دەناسی. فەقێ ئەحمەد، لای مەلا عەزیزی شاوانی، دامەزرا. لە فەقێ ئەحمەدیان دەپرسی: ئەو فەقێیەی لەکوێ دەناسی و...؟ فەقێ ئەحمەد دەیمنگاند وای پێشان دەدا، کە لە نەغەدە تووشی یەکتر هاتووین. کورتوکرمانجی فەقێ ئەحمەدیش خۆی لە بەڵێنەکانی بوارد!
خواوڕاستان، لەودەمەیدا مەلاعەلی بلۆلی، خوالێخۆشبوو، ئەودەم لای قازی خزری لە گوندی نەلیوانی دەخوێند، میوانی حوجرەی بوو. نازانم چۆن بوو سەرنجی خۆی دایە من؟ دیار بوو بەلای ئەویشەوە، ئەمن وەدەعبایەکی نامۆ دەچووم، گوتی: کاکە فەقێ خەڵکی کوێی؟:
: قەرەشلاخێم!
گوتی: ئەتۆ قەت بۆ فەقێیەتی وەدەر کەوتووی؟
:نا، هەرگیز!
ئەو پرسیارە و چەند پرسیاری دیکەی لێکردم. هەستم کرد سۆزی بەرامبەر بەمن هەیە. هەرگیز موحێببەتی ئەوخوالێخۆشبووەم لەبیرناچێ. ئەو دەم موستەعیدەکانی حوجرەی مزگەوتی حەنەفییان، مەلا عەزیزی شاوانی و مەلا محەممەدی حافزی دێشەمسێ بوون. حەوت سوختەیان هەبوون. هەر لە سەرەتاوە بۆم دەرکەوتبوو کە مەیلی ئەوەیان نیە، ڕامگرن. فەقی ئەحمەد لای مەلا عەزیز خۆی دامەزراندبوو. ئەوەی سەری بێکڵاو مابۆوە ئەمن بووم. نە پووڵی ڕیگای گەڕانەوەم هەبوو؛ نە دەخۆشمرا دەدی بچم بۆ حوجرەیەکی دیکە؛ پێموابوو لەوانەیە ئەوانیش وەکوو ئەمانە بمدەنە بەرتەشەران؟ ئەو هەموو هیوایەی لە سەر فەقێ ئەحمەدم هەڵچنیبوو، بوو بە هیچ!
هەربەوە زۆر نارەحەت بووم: ناوبراو بەجۆرێک دەدوا کە بە هەڵکەوت لەڕێگا تووشی یەکتر بووین! بەهەرحاڵ دوایی مەلا عەلی بلۆلی بە مەلاحافزی گوت: دەبێ ئەو فەقێیەی ڕاگری،

وادیارە سەرەتای فەقێیایەتیەتی... مەلا حافز، لە سەر قسەی مەلاعەلی، گوتی قیدێ ناکا، بە خاتری تەئەسوفی قەرەشلاخیگەری، ڕایدەگرم.
ئیترلە خۆشییان شاگەشکە بووم. یەکەمدەرسی فەقێیەتی دوور لە ئاوایی خۆمانم لای ئەو ئەو مامۆستا کوێرە خوێند. کوێر بوو، بەڵام سەرف و نەحوێکی فرەباشی دەزانی. لە پێشدا ڕۆژێ سێ کەلیمەی پێدەگوتم. دوایی گوتی: وادیارە ئەتۆ زیرەکی دەبێ باش بخوێنی. بەکوردی لێم بوو بەکەسوکار. دەتوانم بڵێم ئەوەی پێیدەگوترێ موحیببەت و خۆشەویستی، لەو ئینسانەمدا بەدی کرد، هەرگیز لە بیری ناکەم. ئەگەر ماوە بەعیززەتەوە تەمەن بەرێتە سەر،ئەگەر کۆچی دوایی کردوە، یەزدانی مەزن لێی خۆش بێ. ماوەیەک لە شنۆ بووین. وەک لەنێو فەقێیاندا ئەو دەم باو بوو، دوایی ماوەیەک فەقێ شوێنی خوێندنیان دەگۆڕی. دەگەڵ مامۆستاکەم و سوختەکانی دیکە، هاتین بۆ گوندی دەربەندی شێخ جەلالی. ئەو دەم، مامۆستا مەلا قەسیمی ڕەحمەتی، مەلای دەرس-بێژی دەربەند بوو. (دەنگۆ بوو، دەیانگوت مامۆستا مەلا قەسیم، دەگەڵ قادراغای، شێخ جەلالیان کوشتوە، دوای ماوەیەک گیران و بەندی، بە دانی بەرتیل بە کاربەدەستانی دادگای حکوومەتی حەمەرەزاشا لە بەندیخانە ئازادیان کردبوو.) ناوبراو مەلای دەربەندی بوو. ماوەیەکی چەند مانگی لە دەربەند لای مەلاحافز سوختە بووم، بەڵام هەتا خوا حەز دەکا فەقێیەکی کەمڕوو،و شەرمێون بووم.
ئەگەر دەیانگوت بچوو بۆنانی فەقێیان، دەتگوت، گرانترین کاری نەشیاوم پێدەکەن. ئامادە بووم سەماوەر و پاکوخاوێنی و هەموو کارەکانی حوجرە بکەم، بەڵام نەچم بۆ نانی فەقێیان! سەرەتای فەقێیەتی بۆ من لە ڕادەبەدەر ناخۆش بوو. دەگەڵ ویست و داخوازییەکانم نەدەهاتەوە. هەرچەند مامۆستاکانم سەرجەمیان لە پیاوە هەرە باشەکان بوون. دیسانیش ئەمن دەگەڵ پیشەی مەلایەتی سازگاریم نەبوو، نەفرەتم لە چاولەدەستی بوو.

داستانەکانی سەردەمی فەقێیەتیم زۆرن؛ ناتوانم هەموویان بنووسم...
ئەوەی بۆخۆم وەک ڕووداو بەسەرم هاتوە وەک داستان باسیان لێوە دەکەم:

***

## گێچەڵ؟

هەرئەوساڵە بوو، بۆ جێژنی قوربان و سەردانی ماڵ، چووبوومەوە قەرەشلاخێ. ئێستێش ئەو باسوبەسەرهاتانەی بەسەرم هاتوون گێڕانەوەیانم بۆقورسە، بەلام خۆمیان لێ نادزمەوە:
پێش جێژنی قوربان، بابم دەگەڵ خۆی بردمی بۆ شاری سابلاخ، جووتێک کەوشی زەردی تەورێزی جوانی بۆ کڕیم. کەوشەکانم زۆر پێجوان بوون.
دوای جێژن گەڕامەوە بۆ شنۆ، کاتێک گەیشتمەوە نەغەدە، لەو پووڵە کەمەی بابم بۆ خەرجی ڕێگا دایبوومێ، دوو، سێ تمەنم خەرج کرد، جووتە گیوەیەکیشم کڕی بۆ ڕێگا کە کەوشەکانم دەپێ نەکەم؛ نەکوو کۆن بن و بدڕێن، گیوەکانم دەپێکردن.
ئەودەمە، کرێماشێنی نێوان شاری شنۆ، نەغەدە بۆ یەک کەس، دووتمەن بوو. بەڵام هەرکەس سواری ماشێن بووایە، دەلاڵەکانی گاڕێژی نەغەدە_ مەهاباد، پێنج قڕانیان بەناوی دەلاڵی، لە موسافیرەکان دەستاند. ئەمنیش دەگەڕامەوە بۆ شنۆ، پارەکەم دەرینەدەهێنا بەشی هەقی ماشێن و دەلاڵیی نەدەکرد. بۆئەوەی تووشی قێڕە و تەشقەڵەی دەلاڵەکانی عەجەم نەبم، ڕێگای شنۆم گرتەبەر بۆسەر پردی نێوان کۆیلان و نەغەدە.
ئەو دەم ئیدارەی ژاندارمەریی نەغەدەی لەسەر پردی (گادەر)ی بوو. لەم بەرەی پردێ، لە پێش دەرگای ئیدارەی ژاندارمەری، ئەمنیەیەک بەکێشک ڕاوەستابوو، هەرای کردمێ: "هۆی فەکێ وەرە لێرە"

ئەمنیش خۆم لێ گێلکرد پێشانم دا کە گوێم لێنیە، دەمویست بڕۆم خۆمی لە دستان ڕزگار بکەم. هیچیشم لەخۆمدا شک نەدەبرد. لەپێش‌دا گوێم نەدایە، دەمویست بڕۆم، بەڵام دیار بوو ژاندارمەکە دەستبەردار نیە. دیسان هەرای کردمێ، ئەوجارە زۆربە جیددی. ئەمنیش ناعیلاج چوومە پێش. ژاندارمەکە ڕیگای سڵاوی پێنەدام. گوتی: ئەوە چیە پێتە؟ دەستی کرد بە گەڕانی گیرفانەکانم و بەدەنم هیچم پێنەبوو. دوایی گوتی ئەو بوخچەیەی بکەوە. بوخچەکەم کردەوە جگە لە کەوشەکانم کە لە نێو کۆنە پەرۆیەکەم وەرپێچابوون، هیچی دیکەم تێدا نەبوو. تەنانەت دەنێو دەسرەیەکی جوان‌و پاک‌وخاوێنیشدا نەبوون.

ژاندارەمەکە، بانگی یەکی دیکەی کرد: سەرگرووبان... ئەوجارە سەرگرووبان هات.

گوتی: کوا سیجلیت؟

ئەو جار ئەمن بە زمانی تورکی گوتم:

"مەنم سیجلیمی نێنسیس؟"

کابرای ژاندارم گوتی: "ئیتوو سەربازی!"

ئەو بە کوردییەکی سەقەتی دەدواندم.

ئەمنیش دیسان بەتورکی گوتم: " هیچ مەنم بوغلاریمی گوێرمسس دۆداخم ئویستی تووک گوویریب؟"_ ئەمن مووم لەسەرەوەی لیوم شین بووە، هەتا بم سەرباز؟

ئەو دەم تەمەنم نێوان ١٧و١٨ساڵان بوو. بە هەرحاڵ گوتی: "کوپەک ئوغڵنن، دیلنە باخ نەجور تورکی دانیشر؟" _ تەماشای کوری سەگەکەی، چۆن ترکی دەڵێ. بەهەرحاڵ زۆریان نارەحەت کردم زۆریان ئیهانەت کردم، لاوێکی تازە پێگەیشتووی خاوەن-غروور لەکراسی خۆیدا، دڵ پڕ لە ئاوات و ئارەزو و... دنیای رووناکیان لە بەرچاو تاریک کردم. نەقودرەتم هەبوو نەپووڵ، نە ئەوانیش ئەخلاقی مرۆڤایەتی!

داوای دە تمەنیان لێدەکردم... دەستم کرد بەپاڕانەوە، بە زمانی بەتورکی...



هەولێرنامەی کتێب

گوتیان هەتا دەتمەنی نەدەی ئازادت ناکەین، یان دەتمەن، دەنا دەتگێڕینەوە، بۆ مەهابادی.
دیسان هەر پاڕامەوە، سوێندم خوارد: پوولّم نیە. گوتیان باشە لەجیاتی دە تمەنەکە ئەو جووتە پێڵاوەمان بدەیە ئازادت دەکەین. ئیدی ئەوجارە، ئیمانم نەما؛ لە بەرامبەریاندا ڕاوەستام. گوتم:
ئەمن ئەگەر دەتمەنم هەبووایە تووشم بەتووشی ئێوەوە نەدەبوو بەو جۆرە شڵتاخم پێبکەن؟
گوتیان: بۆ ئەودەم چتدەکرد؟
گوتم: ئەمن ئەگەر بیستوپێنج قرانم هەبا، لە گارێژ سواری ماشێن دەبووم، بێرەدا ڕانەدەبردم ئێوە لێرە ڕووتم بکەن و کەوشەکانم لێبستێنن؟ لەبەر نەبوونی پێنج قران ئەمن تووشی ئەو مەخمەسەیەی ئێوە بوومە. ئەوجارە دووتمەنەکەم پێشان دان، گوتم ئەو دووتمەنەم هەیە پێی دەچمەوە شنۆ، نە کەوشەکانتان دەدەمێ نە دووتمەنەکە، بمگێڕنەوە.
کابرای گرووبان بە ئەمنیەکەی بەردەرگای گوت:
"بوراخ بو کوپەک ئوغلّنن بیر شەی چخّماس!"
بەهەرحاڵ بەوتەی عەلی دەلۆی:"بە دوو تف و نەحلەتێک لە دەست ئەمنییان ڕزگاریم بوو!"

***

## مەلاسەلیم و مەلایەتی!

"تەسریفی مەلاعەلی"م دەخوێند. نزیک مانگی ڕەمەزان بوو دەچووەمەوە شنۆ. لە قاوەخانەی کۆسەکەرێزێ، تووشی مەلایەک بووم، مەلا شاقەلی نەبوو. دوای چاکوخۆشی، مەلا لە چایخانە پرسیاری لێکردم چ دەخوێنم و دەچمە کوێ...؟
: دەچمەوە شنۆیە و تەسریفی مەلاعەلی دەخوێنم. ئەوجارە ئەمن پرسیارم لە مەلا کرد: مامۆستا ئەدی جەنابت دەچیە کوێ ؟

گوتی: ئەمن مەلای گوندێکی نزیک سەڵماسم و دەگەڕێمەوە بۆسەڵماس: بۆ دەگەڵ من نایەی ئەو ڕەمەزانە لە نێو شکاکان ببی بە مەلای ڕەمەزانێ؟ گوندێکت بۆ دەدۆزمەوە ببە بەمەلای ڕەمەزانێ، سەرفترەی ڕەمەزان بەشی ژیانی ساڵێکی فەقێیەتیی تۆ دەکا. کورت‌وکرمانجی مەلا سەلیم تاریفی مەلایەتی و سەرفترەی بەجۆرێک بۆ کردم، تووشی وەهم و خەیاڵات بووم. نەبوونی پێنج قرانەکەم کەوتەوە یاد چۆن تووشی گێچەڵی ژاندرمان بووم، چیان بەسەر هێنام!

تەسلیمی قسە خۆشەکانی مەلا سەلیم بووم، بەدڵێکی پڕلە هیوا، ڕەگەڵی کەوتم بەرەو سەڵماس. خوا هەڵناگرێ، لە ڕێگا، زۆر بە دڵفرەوانی، پارەی نان‌وچای بۆ دام، ئەگەر یارمەتیی ئەو نەبایە، پارەکەم بەشی خەرجی ڕێگای ورمێ و سەڵماسی نەدەکرد، پێی نەدەگەیشتمێ. بە هەرحاڵ دەگەڵی چووم. ماڵی لە گوندێکی نزیک شاپوور بوو، بەناوی (شەرەمێرگ). شەوێک مێوانی مامۆستا مەلا سەلیم بووم، زۆری قەدرگرتم. بۆسبەی ئەو شەوە، قاقەزێکی پڕ لەرێزی بۆلای مەلایەکی هاوڕێی خۆی، لەگوندێک نزیکی خۆیە، بە ناوی (یەزدکان) بۆ نووسیم. گوتی ناوبراو دۆستی خۆمە و لەنزیک ئاوایی‌یەکەی ئەو، گوندی بێ‌مەلا هەن بۆم نووسیوە، گوندێکت بۆ بدۆزێتەوە..

ڕێگایەکی دوورودرێژم بە پێیان پێوا. چوومە ماڵە مەلای ناوبراو. بەداخەوە ناوی مەلاکەم لەبیر نەماوە. وەک مەلا سەلیم دەیگوت: مەلا، خەڵکی ناوچەی موکریان بوو. مەلا سەلیم بەنووسراوە داوای لێ‌کردبوو کە لە گوندەکانی دەوروبەری خۆی، گوندێکم، بۆ بدۆزێتەوە بۆ مەلایەتیی ڕەمەزانێ...

ئەوەندەی مەلاسەلیم، دەگەڵم ڕووخۆش و مێهرەبان بوو، مەلای هاوڕێێشی دووجار ئەوەندە مۆن و خوڵق‌ناخۆش بوو، دەتگوت کەکرەیە. زۆر بەسەرسەنگی هەڵسوکەوتی دەگەڵ کردم. گوتی: گوندی بێ‌مەلا نەماوە، لەو نزیکانە. تەنیا گوندێکم پێ‌شک‌دێ

ئەگەر مەلایان نەبێ؟ دەتوانی بچی بۆ ئەو گوندە. گوندەکە ناوی بابەکان بوو.

نان و چایەکی "قوزەڵقورتی"م لای خوارد و زۆر بەنابەدڵی، بەرەو گوندی ناوبراو، وەڕێکەوتم. ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە نێو ئاوایی. درەنگانی ئێوارە بوو، خەڵک لە نێو گوند و سەربانان بوون. مەلا ماڵێکی بۆ دەستنیشان کردبووم بچمە ئەوماڵە. ماڵی گۆرینیان پێشان‌دام، چووم. شەو خەڵکی ئاوایی هاتن. باسی چوونی خۆم و سپاردەی مەلای یەزدەکان بۆمەلای ڕەمەزان دەگەڵم باس کردن. بەو هیوایە کە بەڵکوو ڕامگرن. گوتیان: چەند ڕۆژ لەوەپێش مەلایەکمان بۆ هاتوە بەڵێنیمان بەو داوە، لەوانەیە ئەمڕۆ سبەی بێ، مەلای بەژن‌وماڵە خانوومان بۆ دیاری کردوە...!

ئەویش نەیگرت، بێهیوایی باڵی بەسەرکێشام...

کەوتمە نێو خەیالاتی گەڕانەوە...؟

شانسی خۆم، کابرایەکی بەیتبێژی دۆلکانی، لە نێو جەلالییان‌ڕا هاتبوو، میوانی ئەو ماڵە بووکە ئەمنی لێ‌بووم. کابرای بەیتبێژ دەچوو بۆ ناوچەی سۆمایە. کابرا گوتی: مەلا بۆ دەگەڵ من نایەی بچین بۆ ناوچەی سۆمایە؟ ئەمن دەچم بۆ لای عەمەرخانی شکاک، دەگەڵ من وەرە. ئەو سەرۆک عاشیرەتە، دەستی دەڕوا، بەڵکوو گوندێکت بۆ بدۆزێتەوە بۆ مەلا ڕەمەزانی؟

کابرا لێم بوو بەخدری زیندە، پووڵ و خەرجی ڕێگام نەبوو، دەگەڵی چووم. بە پێیان بەرەو سۆما ڕێگامان بڕی. شەوێک لە گوندێکی پشت سەڵماسێ، میوانی ماڵی کابرایەکی عەجەم بووین، ئەویش داستانی خۆی هەیە و لێرەدا جێگای نابێتەوە...

بە دووڕۆژ گەیشتینە زیندەشتێ چووینە دیوەخانی عەمەرخانی. بائەوەش بڵێم: کابرا لەڕێگا پێی‌گوتم: مەلا! ئەگەر چووینە لای عەمەرخانی بڵێ لە خانەقای شێخی بورهانیڕا هاتووم، ئەو مریدی شێخی بورهانە، زۆری شێخی بورهانی لا پیرۆزە، بەڵکوو بۆ مەلای ڕەمەزان لە گوندێکت دامەزرێنێ. دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، وەژوور کەوتین، دیوەخانێکی گەورە زیاتر لە بیستکەس لەو

ژووره گەورەیە دانیشتبوون. عەمەرخان پیرە پیاوێکی پەڕپووت، لە سەر دۆشەکێک دەوروبەری باڵنجی گەورە، لەبەر پیری و بێ-تاقەتی هەرجارەی پاڵی وەباڵنجێک دەدا.

کە وەژوور کەوتین، بە دابونەریتی خۆیان دەستی ڕێزیان بەسنگەوە گرت، بەخێرهاتنیان کردین. دیار بوو کابرای دۆلکانی لای ئەوان ناسراو بوو، ڕێزێکی تایبەتی‌یان لێگرت، دەگەڵی زۆر بەمێهرەبانی دەدوان و پرسیاریان لێ‌دەکرد کە بۆچی وا درەنگ هاتوە. دواتر پرسیاریان لەمن کرد. هەروەک کابرای پێی گوتبووم: بەعەمەرخانم گوت: فەقێی خانەقام و هاتووم (هەی‌درۆ) کە لەگوندێک، ببم بە مەلای ڕەمەزانێ. چەند ڕۆژێکی مابوو بۆمانگی ڕەمەزان. عەمەرخان جەماعەتێکی زۆری لەلا بوون، بە یەکێک لە کوڕەکانی کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، گوتی: قادرخان لەزمان منەوە، نامەیەک بۆ ئاغاکانی گوندی (ئاڵەکان) بنووسە بەڵکوو مەلایان بۆ نەهاتبێ.

بەگوتەی عەمەرخان، قادرخان نامەی بۆ نووسیم و زۆر بە هیواوە، هەر ئەو ڕۆژە چووم بۆ گوندی ئاڵەکان. گوندەکە دوور نەبوو، چوومە ماڵەئاغای کە برازای عەمەرخان بوو. ئاغا خۆی لە ماڵ نەبوو، دایکی هەمەکارە بوو. نامەکەمدا بەخانم، ئەویش بەدوای ئاغاکانی تریدا نارد هاتن. کەسێک لەوان، نامەکەی خوێندەوە. گوتی: مەلا دوێنێ مەلایەکمان ڕاگرتوە، مەلای بەژن‌وماڵە، مەلای دایمەیە و... بەرلە ڕەمەزان ماڵی دەگاتە ئێرە. شەو لەوێ مامەوە و بەیانی ناچار گەڕامەوە لای عەمەرخانی. ناوبراو گوتی: مەلا ئەوە ڕەمەزان گەیشتێ ئێستا هەموو شوێنێک گیراوەتەوە...

گوتم خان! ئیلتیفاتت زیاد بێ ئەمنیش دەگەڕێمەوە.

:گوتی مەلا دراوی خەرجی ڕێگات هەیە؟

گوتم: نەخێر خان!

ئیدی نەیکردە نامەردی، دەتمەنی دامێ بۆ کرێ‌ماشێن. ئەودەم دەتمەن دراوێکی کەم نەبوو، پێی دەگەیشتمەوە... داپەڕیمە خوار

بەرەو قاوەخانەی "قوڵنجە"ی لەوێ سواری ماشێن بووم، هاتمەوە ورمێ. بیرم کردەوە واباشە ئەو ڕەمەزانە بچم بۆ گوندی "حاجی بەرکەولیان" لای مامۆستا مەلا سمایلی شەمسوڵڵا. لەورمێ بەند نەبووم، سواری ماشێنی کوکی و تەموتەر بووم، چووم بۆ گوندی (حاجیبەرکەولیان). لەبەختی ڕەش و نەهاتیم، مامۆستا مەلاسمایل لە ماڵ نەبوو، چووبوو بۆ شنۆ. ئیدی لەوێش بەند نەبووم، ڕێگای گەڵی قاسملوم گرتەبەر بەرەو شنۆ. بە پێیان گوتام و پێوام. گەیشتمە راست گوندی حاجی عەولای، دیتم لە بناری چیا، لە نێو مێرگێکی نزیک ڕێگا، چەند کەسێک لە دەوری ئاورێک کۆبوونەوە. کە منیان دی هەرایان کردمێ: هۆی فەقی!

چووم، دیتم مەلا شەمسوڵڵایە، دەگەڵ دووسێ کەسی دیکە لەوێ دانیشتوە چای دەخواتەوە...

ماندوونەبوونی لێکردم: فەقێ بەرەو کوێ دەچی و...؟

گوتم بەرەو شنۆ دەچم: مامۆستا چوومە گوندەکەی ئێوە، بەو نیازە ئەگەر ڕامگری لای ئێوە دەرس بخوێنم.

گوتی: براگیان، ئێستێ ڕەمەزانە، دەرس ناخوێندرێ.

گوتی ئەتۆ دەرسی زمانی فارسیت خوێندوە؟

: بەڵێ!

دەتوانی بە فارسی بنووسی و بخوێنیەوە؟

: بۆنا؟

: دێرێکم بۆ بنووسە بزانم چۆن دەنووسی؟

وەک لە بیرم مابێ؟ ئەم شێعرەی حافزم بۆ نووسی:

ایدل اندر بند زلفش ازپریشانی منال...

مەلا چاوێکی لە دەستخەتەکەی کردم، نازانم زانی ئەو شێعرەی حافزە یان نا، بۆی سەیر بووم؟

گوتی: ئەتۆ خەڵکی کوێی و... چ دەخوێنی؟ نەقڵوحاڵی خۆم، بەکورتی بۆ گێڕایەوە. بە سەرنەکەوتنەکەم خۆشحاڵنەبوو. گوتی: بەداخەوە زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری بێدەسکەوت!

ماموٚستاگوتی: دەڵیی چی ئەم ڕەمەزانە لای ئەم کاک ئەحمەدە بی و دەرسی فارسی پێ بڵێی و سەریان چاک کەیەوە دوای ڕەمەزانی ١٠٠تمەنت بداتی؟

هیچ بڕوام نەدەکرد، چونکە نە کیسەم بۆ هەڵدڕووبوو، نە خەونیشم پێوە دیبوو. گوتم لە کوێو چۆن؟ گوتی ئەو تەنیاماڵە، دووبرانە و بابیان حاجییەکی پیری خواناسە. کابرایەکی دەوڵەمەندە، ماڵی لەودۆڵەیە، سەریان چاکەوە و دوای ڕەمەزانێ سەت تمەنەی خۆت وەرگرە و خوات لەگەڵ...

لە خۆشییان بڕوام نەدەکرد.

کاک ئەحمەد دەچوو بۆ ورمێ. گوتی بەو دۆڵەدا دەڕۆی نیوسەعاتەڕێیە، کە گەیشتیێ بڵێ ئەحمەد ناردوومی... لە ماڵێ بە هەتا ئەمن دەگەڕێمەوە، بابیشم لە ماڵ نیە چۆتە لۆلان بۆ زیارەتی شێخ ڕەشیدی...

لەسەر ڕێنوێنیی کاک ئەحمەد، ڕێگای ماڵەکەیانم گرتەبەر چووم. زۆریان ڕێزگرتم. گوتم کاک ئەحمەد ناردوومی... دوای چەندڕۆژ کاک ئەحمەد هاتەوە و بە دوای ئەویشدا حاجی نحوّی باوکی، لە زیارەتی شێخ ڕەشیدی لۆلان هاتەوە. حاجی نحوّ، وەک دەیانگوت: خەلیفەی شیخ ڕەشیدی لۆلان بووە لە دیوی ئێران. حاجی هاتەوە جەماعەتێک سۆفی و حاجی و مەلا دەگەڵدا؟ یەک لەوان مەلاعەلی گوندی (ئاڵیانێ) بوو. حاجی هەتا خودا حەز دەکا ناحاڵی و لەدنیابێخەبەر بوو. بەکورتی لەدنیای خۆیدا دەژیا. بەهۆی دەستڕۆیشتوویی، ئەو جەماعەتە زۆرەی مەلا و حاجی و سۆفی هەرکی، بە دەوریەوە بوون. پێشتر مەلاعەلی ئاڵیانێم دەناسی. هاوڕێ و دۆستی مەلا عەولای دەربەندی بوو، لە شنۆ جارێکی میوانی حوجرەکەمان ببوو.

بەهەرحاڵ دوای چەندڕۆژ میوان و میوانداری، میوانەکان هەریەکەی چۆوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی ، بڵاوەیان کرد. وابزانم دوو ڕۆژی مابوون بۆ ڕەمەزانێ. حاجی گوتی: "باوەڕم دوو ڕۆژمانە بۆ تەڕاویحان" ئیدی کە حاجی باسی تەڕاویحانی کرد،

هەوڵنامەی کتێب

ئەمن لەرزم وێکەوت؟ خەونە خۆش و ئاواتەکانم لێبوونە ژاری مار و ژەقنەمووت!

کەوتمە نێو گێژی خەیاڵاتان، ئەوجارە، چۆن بەسڵامەتی خۆم لەدەس حاجی دەرباز بکەم. گوتم باشترین کار ئەوەیە بە بێدەنگی سبەی بەیانی بوخچەکەم هەڵگرم و داگەڕێمە خوار بەرەو شنۆ، سەگ دەو نانەی ... ئەمن دەیخۆم.

ئاخرئەمن لەهەموو تەمەنی خۆمدا، نوێژێکی تەڕاویحم نەکردبوو، ناشزانم نوێژی تەڕاویح چۆن دەکرێ و چۆنی ئەنجام دەدەن، ئەمن خوڵاخوڵام بوو بتوانم فەڕزەکان بەجێ بێنم...! شەو لەبەر فکران خەوم لێنەدەکەوت. کازیوەی بەیانی هەستام چوومە سەرکانی دەگەڵ حاجی نوێژی بەجەماعەتمان کرد و نانمان خوارد...

بەدڵمدا هات، بڵێم دەچم بۆ ئاڵیانێ بۆ لای مامۆستا مەلا عەلی... هەستام بەدۆڵێدا داگەڕامە خوارێ. بۆ نیوەڕۆ گەیشتمە ئاڵیانێ، چوومە ماڵی مامۆستا مەلاعەلی. مامۆستا زۆری قەدر گرتم. دوای نیوەڕۆژخواردن گوتی: هەرچەند پرسیار لە میوان بە نەشیاو دەژمێردرێ، بەڵام چۆن بوو ئەتۆ هاتیێ بۆ ئێرە، ئەمن دوێنێ یان پێرێ، لای تۆ بووم، بۆ باست نەکرد کە دێی؟

ناچاربووم ڕاستوڕەوان؛ مەسەلەی تەڕاویح و چۆنایەتیی سەربردەی خۆم بە درێژی بۆ مامۆستا مەلاعەلی گێڕایەوە: گوتم ئەگەر مامۆستا مەلاسمایلی شەمسوڵڵا، باسی تەڕاویحانی دەگەڵ کردبام، بێشک نەدەچوومە نژدەرێ. مامۆستامەلا سمایل، بۆچی ناردوومە و ئەمن بەسەر چدا دەکەوم_ حاجی چی لێم دەوێ!

مامۆستا گوتی: جا قەیدی چ دەکا؛ تەڕاویحی خۆتان بکەن ڕەمەزان بە تەڕاویحانەوە خۆشە.

گوتم: مامۆستا! بەو قورعانەی لێتخوێندوە، ئەمن بە حەیاتی خۆم ڕکعەتێکم تەڕاویح نەکردوە و ناشزانم چۆنی دەکەن و دەڵێن چی. مەلا لەبەر پێکەنینی برکی کردبوو، شین ببۆوە؟

دوایی مەلا کە زانی ئەمن تەڕاویح نازانم زگی پێم سووتا، یان؟...
هەرچۆنی بوو گوتی: خەمت نەبێ سەوادی خویندنەوە و نووسینت هەیە؟
گوتم لە خویندنەوە و فارسی‌نووسین، وەک دەدانی ماریم.
مەلا پێکەنی گوتی: خۆت سەخڵەت مەکە. ئەمن هەر ئێستا بە نیوسەعات، شێوەی تەڕاویح وچەند رکعەتە و چەندوچۆنیەکەت هەموو بۆ دەنووسم، بەڵام کەس نەزانێ کە هاتوویە لای من فێری بووی، خۆت مەلایەکی تەواوی و بڕایەوە.
گوتی ئەو حاجییە خەڵیفەی شێخ ڕەشیدە. ئەگەر ماوەیەک پێکەوە مانەوە ئەودەم حاجی و شێخەکەی باشتر دەناسی. گوتی: کارت بەحاجی نەدابێ، دوای ڕەمەزانێ سەت تمەنەی خۆت وەرگرە و "فی ئەمانیللا" خوات لەگەڵ!
مامۆستا مەلاعەلی دابوودەستوری تەڕاویحی‌بۆ نووسیمەوە و فێری کردم کە چۆن تەڕاویحان دەست پێ‌بکەم و لە نیوەی سەرەتای مانگی ڕەمەزان بە"مرحبا یاشهر رمضان"و لەنیوەی دووهەمدا بە"الوداع یاشهر رمضان" تەڕاویحان کۆتایی پێ‌بێنم.
بۆ ئێوارەیەکی درەنگ، بە چیایەکی زۆرد و هەڵمووتدا گەڕامەوە بۆ ماڵە مام حاجی. سبەی یان دوو سبەی ئەو ڕۆژە ڕەمەزان بوو. دەبوو پێنج فەرزە دەگەڵ حاجی نوێژمان بە جەماعەت کردبا بەجێی خۆی، دەبوو پێنج فەڕزەش لەو دۆلە چۆڵەوارە، بانگم دابا، هەزار جارم گوتوە: سەگ لەو نانە بڕی کە مەلا دەیخۆن! تاقەماڵە لە چۆلگەیەک دوور لەخوا و ئاوایی و هەموو گیانلەبەرێک، بانگ بدەی، تەڕاویح بکەی بۆحاجی، بە خاتری ١٠٠تمەنی سەگ لەسکەی‌ڕیاو...!
ڕەمەزانم بە "مرحبا یا شهر رمضان دەست پێکرد_ بە الوداع یاشهر رمضان" گوتایی پێ هێنا. بەسەگمەرگی تەواوم کرد. دوای جێژنی ڕەمەزان، لە شانسی بەدی من ئەحمەد نەخۆش کەوت بردیان بۆ ورمێ. حاجی لە سەد تمەنەکەش دەبەی دەرهێنا ٩٥

تمەنی دامێ. بەهەرحاڵ دەنگم نەکرد، گوتم بە زیاد بێ. لە هەموو تەمەنمدا ئەوەندەم پارە لە گیرفانی خۆمدا نە دیبوو!

***

## لەڕێگا گیرام!

بەدڵخۆشی بەدۆڵی قاسملوویدا بەرەوماڵ ڕێگای باڵانیشم گرتەبەر. لەگوندی کووکی و تەموتەرێ تێپەڕیبووم، لەپڕ تووشی ماشێنێکی ئەرتەشی بووم. ماشێنەکە لە ڕاست من ڕایگرت پڕبوو لە سەرباز. گرووبانێک لە ماشێنەکە دابەزی داوای ناسنامەی لێ-کردم؟

ئەمنیش بەخوشییەوە ناسنامەم پێبوو؛ پێشانمدا، ناسنامەکەم وێنەی پێوە نەبوو. کابرای گرووبان گوتی ئەوە ناسنامەی خۆت نیە. ئەدی بۆ وێنەی خۆتی پێوە نیە؟ سوێندوقورعانم بۆ خوارد ناسنامەی خۆمە، گوێی نەدا سوێندەکانم، سواری ماشێنیان کردم گێڕایانمەوە بەرەو دۆڵی قاسملووی،_ گرتیانم.

ماشێنێکی ریۆی ئەرتەشی، پڕبوو لە سەباز. سەربازەکانیش هەموویان ترکزمان بوون، هەریەکەی بەنۆرەی خۆی پلارێکی تێ-دەگرتم.

لەنێو سەربازەکاندا دانیشتبووم. کەس قسەی دەگەڵ نەدەکردم. گەیشتینە نزیک کۆکی ماشێنەکەیان ڕاگرت. گرووبانەکە هاتەوە نێوماشێنەکە گوتی دابەزە. ئەمنیش دابەزیم. گرووبانەکە گوتی دەبێ بچی بۆ (ورمێ)، ئەودەم بە رەزاییە ناو دەبرا.

پاڕامەوە ئازادم کا، کەڵکی نەبوو. گوتی یان بیست تمەن دراو، یان بچوو بۆ ڕەزاییە. هەرچی پاڕامەوە فایدەی نەبوو، گوتم پارەم نیە و بە بیانووی گەران لە بەڵگەی قاچاخ، دەستی بەگیرفانیدا کردم، پارەکەمی دەرهێنا. گوتی: "ئومەرن گورووغی!" _ کلکە عومەر! ئەدی بۆ دەتگوت پارەم نیە؟ لە پارەکەی بیست تمەنی دەرهێنا، ئیعتیراڕزم کرد. ئەوجارە

نرخەکەی داشکاند بۆ دە تمەنی. گوتی مایەت بۆ دادەنێم دەنا دەبوو ناردبامی بۆ ورمێ. هەروا بەسووکوسانا ڕزگاریت نەدەبوو. بە ناچاری دەنگم نەکرد، دەمزانی بمنێرێ بۆ ورمێ زۆرترم دەچێ. گوتی:

" ئەللاهە تاپشردم" یانی بەخوام سپاردی.

دیسان بە تێکشکاوی، بە نارەحەتی بەرەو باڵانیش گەڕامەوە. ئاخر، وەک لای ئیمە دەڵێن: مارانگاز، لە خشەی "قۆڕی"یش دەسسڵەمێتەوە. لەوە دەترسام ئەوجارە تووشی ئەمنییەکانی باڵانیش بم و ئەوانیش گێچەڵێکم پێ بکەن؟...

(هەر ڕۆژەی کە لە تەمەنم تێپەڕ دەبوو، قینونەفرەتم لەدژی حکوومەتی شا و کاربەدەستانی، زۆرتر پاشەکەوت و لەسەریەک کەڵەکە دەبوو و دەبوو بە هاندەر بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی، کەوتنەشوێن ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆم).

***

هەواڵنامەی کتێب

## نەقڵی خانێ!

نەقڵێکی دیکەی گیرانی خۆم بەدەست گرووبان و سەربازەکانی ئەرتەشی شاهەنشایی لەخانێ:

فەقێ بووم، لە ئاوایی چەقەڵمستەفام دەخوێند. هاوینی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی بوو. لە خۆڕڕا لەسەری دام، بچم بۆ لاجان، ماوەیەک لەوێ بخوێنم؟ رووم کردە ناوچەی لاجان، بەو خەیاڵە کە لەوێ بخوێنم. شارەزای حوجرەکانی ناوچەی لاجان نەبووم. شەوی یەکەم چوومە گوندی گەرگوولی خوارێ، میوانی حوجرەی فەقێیان بووم. خەباتگێڕی ماندوویینەناس، ماموٚستا مەلامحەمەدی بابی گەورە، دەگەل مەلاعەولای قەلاتەڕەشی موستەعید بوون، لای ماموٚستا مەلایووسفی گەرگوولێ دەرسیان دەخوێند. چوار، پێنج سوختەی سمێڵئەستووریشیان هەبوون.

هەموویان لە من بەتەمەنتر بوون. ئێستێ کە ئەم دێڕانە دەنووسم بەخۆشییەوە مامۆستا مەلا محەممەدی بابی گەورە_ "عوسمانی" لە ژیاندا ماوە، هەر تەمەن درێژ بێ. شەو لە دەرێ فەقێکان دەستیان کرد بە پرسیاران، خەڵکی کوێم وچ دەخوێنم و نیازی کوێم هەیە؟...

ئەمنیش کەموزۆر، خۆم ناساند، داوای رێنموونیم لێکردن. چەند جێگایان بۆ هەڵدام: وەک شیناوێ، سوغانلوو، بندرە و... چوومە شیناوێ، لەوێ جێگا نەبوو. ئەوجارە چووم بۆبندرە مامۆستاکەی بندرە جێگای دامێ و زۆر پێخۆش بوو لای ئەو دەرس بخوێنم، بەڵام نازانم بۆ بەدڵم نەبوو؟

بەرەو شنۆ گەڕامەوە. بەرەو پردی دربکە هاتم، نیازم بوو بگەڕێمەوە بۆ سەرگیز. مامۆستا مەلا شەریف ئەودەم لە سەرگیزبوو. مەلایەکی زیرەک بوو، سەرفونەحوی باش دەزانی، ویستم بچمەوە لای ئەو. ئەو دەم کاری سەربازخانەی خانێ هێشتا تەواو نەببوو. لە شکری پێنج نەهاتبوو بۆخانێ. سەبازخانەکە تێلبەند نەکرابوو. دەمویست بچمە سەر جادە بەری پردی دربکەی. لە پردێ نزیک ببوومەوە. سەربازێک بە راکردن هاتە پێشم و گوتی: سەرگرووبان بانگت دەکا! گوتم سەرگرووبان منی بۆچیە؟ بەهەرحاڵ سەرباز بوو، دەگەڵی چووم. بردمی بۆ ژوورێک، کۆمەڵەسەربازێک و گرووباندوویەک، لەو ژوورەدا بوون. گرووبانەکە لەپێشدا دەستی کرد بە پشکنینی گیرفانەکانم و بوخچەی کتێب و ئەوەی پێمبوو. دواتر دەستی کرد بە پرسیاران؟

گوتی: ئەتۆ لە ئێراقەوە دێی، ئێراقیی!

گوتم: ئەمن لە بندرەوە دێم و ئێرانیم. زۆری درێژە نادەمێ لەوێ ڕایانگرتم. تەواوی کتێب و خرتوپرتی فەقێیەتی و ئەوەی پێمبوو، هەموویان لێ بەگۆڕێ وەرکردم. خۆشبەختانە ئیعلامییەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرناساندنی هێندی کەسی سابڵاخی دەرچووبوو، ئیعلامییەکەم لە چەقەڵ مستەفا بەجێ-

هێشتبوو. هیچی گومانایم پێنەبوو. دیسانیش کابرای گرووبان زۆری بێڕێزی پێکردم؟
ئەوجارە سەربازێک بوو بە دەلاڵ داوای دراوی دەکرد بیدەم و خۆم ڕزگار کەم. هەموو گیانیان پشکنیبووم تەنیا دوو تمەنم پێ-بوو. ئەویشم نەدەدانێ. کە زانیان هیچم لێ هەڵناوەرێ ئەو جار ئیزنیان دام بڕۆم.
ئاوابوو، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کاربەدەستانی دەوڵەتی شاهانشایی دەگەڵ ئێمەی کوردی سوننەمەسەب!!

****

## دووساڵ پێشتر!

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئەو ڕووداوەی باسی لێوە دەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پاییزی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی؟
ئەودەم هێشتا نەچووبوومە نێو فەقێیان. لە قوتابخانەی مەمێندی کلاسی پێنجی سەرەتاییم دەخوێند. تەمەنم لە نێوان پازدە و شازدە ساڵیدا بوو. دوو، سێ ساڵ بە سەرکودیتای ١٣٣٢و ڕەشبگیری ئازادیخواز و نیشتمان پەروەرانی مەهابادیدا ڕابردبوو. هەلومەرجەکە ناخۆش و بەئازار بوو، تەنانەت لە سەر کەسانی خۆمئاسایی کاردانەوەی خۆی دانابوو. ئەو کاردانەوەیە شوێنی لە سەر زۆربەی مێرمنداڵ و لاوانی دێهاتیش دانابوو، هەموومان تاڕادەیەک گوێقولاغ و لەسەرهەست بووین. قین و بێزاری لە ژاندارم و دەرەبەگ بەرەو هەڵکشان بوو. قورسایی نیری جەورو بێ ڕێزی لە سەر ملی وەرزێر و زەحمەتکێشانی وڵات زۆرترو زۆرتر دەبوو. ئاسۆیەکی روون بەدی نەدەکرا. بە وتەی نووسەرێکی کورد: "کودیتا سالی ٣٢ سەرکەوتبوو، شای ئێران گەڕابۆوە سەرتەخت، دوو دەسرە سەمای دەکرد"!...
لەمێژساڵ بوو لە مەڵبەندی شارویرانی، نەریتێکی نایاسایی بەسەر وەرزێرەکانی شارویراندا سەپابوو: هەموو ساڵیک دوای

کۆکردنەوەی خەلەوخەرمان و بەروبوومی وەرزی، جووتبەندە و ڕەشایی لە جیاتی وچان‌و سانەوەی دوای ماندووبوونی وەرزەکانی بەهار و هاوین و پاییزێ، دەبوو ئاخرمانگی پاییزی هەموو ساڵێک، بە کەڵوعارەبەی خۆیان، بە تەشوێ و مشارەوە بچن بۆ "پایینی گەزی" کە دەکەوێتە ئاخری سنووری کوردستان، لەبەری عەجەمستانی، لەوێ گەزی ببڕن بیهێننەوە بۆ ئاوردووی زستانی ماڵی ئاغا...
ئەو نەریتە نەنوسراوە نایاسایی‌یە، لە پاییزی هەموو ساڵێکدا دووپات دەبۆوە. ساڵی واهەبوو دووکەڕەت جووتبەندە و قەرەی خەڵکی گوندەکان چووبان بۆ گەزهێنان بۆماڵی ئاغاکان. ئەو بێگارە لە دێرزەمانەوە بەسەر وەرزێرانی مەڵبەندی شارویراندا سەپابوو.
ئەوساڵەش (١٣٣٤) بەڕەواڵی ساڵانی پێشوو وەرزێرانی گوندەکانی گردیاقووب و کۆتەدێ و داشخانە، ئاگادار کرابوون بچن بۆ گەزی لە پایینی بەحری ورمێ، بۆ ماڵی عومەراغای گردیاقووبی. بەودابە دەگوترا: "بێگار" یان کاری زۆرە ملی. هەروەک پێشتر گوترا: بۆ بێگاری گەزبڕین و هێنانەوەی دەبوو هەر جووتبەندەیەک کەسێکی قەرەی لەگەڵ بووایە بۆ یارمەتی. بەکورتی خەڵکی ئاوایی کەس لە نیعمەتی بێگاری ئاغاکان بێبەش نەبوو. گشت زەحمەتکێشانی بێ‌زەوی‌وزاری ئاوایی وێڕای وەرزێرانی خاوەن زەوی، دەبوو چووبان لە بڕینی گەز و بار کردن و هێنانەوەیدا هاوبەش بان. بەوتەی خەڵکی مەڵبەند: "قەرە و جووتبەندە" دەبوو پێکەوە مل بدەنە بەر نیری بێگاری دەرەبەگەکان...
لە پاییزی ئەوساڵەدا کاتی هێنانەوەی گەز لەڕێگادا، لەنێو وەرزێرەکانی گردیاقووب و داشخانە، ڕووداوێکی کەموێنە ڕووی دا، هەتا ئەوکات، شارویران "شاکاری" وەهای بەخۆوە نەدیبوو؟!

***

# ڕووداوەکە!

ئەوساڵەش هەروەک ساڵانی پێشوو، قەرەو جووتبەندەی گوندەکانی گردیاقووب، کۆنەدێ و داشخانە، ئاگادار دەکرێن بچن بۆ پاییزی بەحری ورمێ، گەزی بێنن بۆ عومەراغا. دەبوو بۆ بەسەرڕاگەیشتنی ڕەعییەتەکان، لەلایەن ئاغاوە کەسێک دەگەڵ بێگارچییەکان چووبا کە چاوی لەسەریان با، گەزی ئەستوور و بەمایە ببڕن و کەمی لە عارەبەکانیان بار نەکەن...
پاییزی ئەو ساڵە، عومەراغای "گردیاقووب" برا چووکەی خۆی، بە ناوی "عەبوولاغا" دەگەڵ گەزبڕەکان دەنێرێ.
عەبوولاغا ژیانی منداڵی و مێرمنداڵیی بەرۆژگارێکی ناخۆش و پڕنەگبەتدا تێپەڕاندبوو. لە سەردەمی منداڵیدا دایکی کۆچی دوایی کردبوو. بە وتەی خەڵکی مەڵبەند، بە نازی دایکی خۆی گەورە نەببوو، جەوری زێڕدەستیی زڕدایکی کێشابوو، لەجیاتی نازی دایکانە قازەوانیی پێدرابوو، لەوەش نەگبەتتر تووشی نەخۆشیی کەچەڵی ببوو. ئێستێ "کەچەڵاغای قازلەوڕێن، پێگەیشتووە و کراوتە ئاغادێ و هەمەکارەی ئاوایی. ئەو ساڵە دەبێتە ئاغای سەری ئەو ڕەعییەتانە کە بە بێگار دەنێردرێن بۆ هێنانی گەزی.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو: سەرپێچەکەی بە جۆرێک دەبەست هەم فیزوئیفادەی پێوە دیاربێ و هەمیش کەچەڵییەکەی پێ بشارێتەوە. پێچەکەی دەهێنایە نێوچاوانی و لکی دەسرەکەی بە پشتەوەدا، یان بەلاملیدا بەردەدایەوە. ئەمن خۆم ناوبراوم بەو پەسنانەوە دیبوو. ناوبراو لە زارشڕیدا بەرامبەر بە ڕەعیەتەکان، کەموێنە بوو. قسەی خۆشی دەگەڵیان سەگباب و...بوو. ئیتر ڕقوقینی سەردەمی بێدایکیی خۆی و جەوری ژێردەستیی زڕدایکی، بە ڕەعیەتە چارەڕەشەکان دەڕشت!
وەک دەیانگوت: دانیشتووانی دێیەکانی گردیاقووب و کۆنەدێ لە دەستانی وەئەمان هاتبوون...

ئێستێ بۆهێنانی گەزی ئەوپاییزە، عەبوولاغا بۆتە ئاغاسەری گەزبڕەکان. کاتێک وەرزێر و زەحمەتکێشەکانی گردیاقووب و کۆنە دێ و داشخانە، لە گەزبڕین دەبنەوە، گەزەکەی بار دەکەن. عەبولاغا لەرادەبەدەر ئەو گەزە تەڕەیان پێ لە عارەبەکانیان بار دەکا. کەڵی زۆر بەهێزو توانا نەبان بارەکەیان دەر نەدەبرد.
یەکێک لە وەرزێرەکان، کەڵەکانی لاواز و کەمهێز دەبن و عەبوولاغاش گەزێکی زۆری پێ لە عارەبەکەی باردەکا. ڕێگاکەش سەرەڕای دووری زۆر ناخۆش و پڕکەندولەند و هێزپڕووکێن دەبێ، کەڵەکانی ئەو وەرزێرە چارەڕەشە، بارەکەی دەرنابەن و لە ژێر نیریدا دەخەون!
وەک یەکێک لە قەرەکانی ئاوایی کۆنەدی بۆخۆمی گێڕاوەتەوە: (نیوەی ڕێگامان نەبڕیبوو کە ئەو ڕووداوە رووی‌دا) کاتێ ئەو خەڵکە چاویان بەو وەزعە نالەبارە دەکەوێ عەبوولاغای ئاگادار دەکەن... ئەی‌جا خۆ ئاغا، قبووڵ ناکا بارەگەز لە مەزرا فڕی درێ و نەگاتەوە کۆنەدێ! وەک دەیانگوت: عەبوولاغا، بە هەیبەتەوە دەستوور دەدا، گەزەکەی بەسەر عارەبەکانی دیکەدا سەرشکێن بکەن. ڕەعیەتەکان جورئەت ناکەن بڵێن ئاغا ئەتۆ بەدڵخوازی خۆت، هەتاڕازی بوویە گەزت پێ بارکردوین و...
ناچار دیسانیش ملیان دەبەنەوە نێوشانیان و هەر کەسەی بە گوێرەی خۆی هێندێک لە عارەبەکەی خۆی بار دەکا.

***

## حەمەدەمین یارە!

نۆرە دەگاتە لاوێک بەناوی حەمەدەمین یارە. ئەویش بەگوێرەی خۆی نەختێک لەگەزی کابرای کەڵوەستاو بار دەکا. عەبوولاغا بە حەمەدەمین یارەی دەڵێ: ئەتۆ کەمت بار کردوە دەبێ زۆرتری بارکەی. حەمەدەمین دەڵێ ئاغا، ئەتۆ لەوێ هەتا بۆخۆت رازی بوویە و گوتووتە بەسە، گەزت پێ لەعارەبەی داوم، ئێستێ

لێرەش دیسان ئەوەندەم بار کردوە؛ ئاخر کەڵەکانی منیش وەک کەڵی ئەم برادەرە دەوستن و دەری‌نابەن، ئەو دەم ئەمنیش بە دەردی ئەم برادەرە دەچم...

هەرچی حەمەدەمین عەرزی ئاغای دەکا، وەڵامەکەی بە جنێو و قسەی سووک وەردەگرێتەوە. عەبوولاغا دەڵێ: والێکراو، دەتەوێ جوابەجەنگیی من بکەی؟

وەک دەیانگوت: کاتێک حەمەدەمین کێرد دەگاتە ئێسکانی بەرچاوی تاریک دەبێ و دەغەزرێ، بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێ و هێمنایەتیی خۆی لەدەست نادا هەتا خۆی لە عەبوولاغا نزیک دەکاتەوە. یەخەی دەگرێ و دەڵێ: چما ئەتۆ خودای منی؟ جا لەو شوێنە چزۆرە، دارە گەزی تەڕی بڕاو. وەری دەگەڕێتێ": چێت خواردوە، ترش و چەوەندەر" بەدارە گەزان هەتا شل دەبێ دەیگوتێ. عەبوولائاغا کەلاکی لەوێ دەکەوێ!

گوایە: یەک دووکەس لە ڕەعیەتەکان، دەیانەوێ نێوبژیوانی بکەن نەهێڵن حەمەدەمین هێندەی شپڕێو بکا؟ حەمەدەمین هەڕەشەیان لێدەکا دەڵێ: هەرچی بێتە پێشێ، وەک سەگ دەیتۆپێنم.

ئیدی کەس جورئەت ناکا نزیکی بێت. یان خودی شاکارەکەیان بەدڵ دەبێ و بە تۆڵەێ ئەو بێڕێزییەی دەقەبڵێنن کە عەبوولاغا دەرهەق بەوان کردوویە؟

حەمەدەمین عارەبەگەزی بەکەڵەوە بەجێ دێڵێ و بەرەو چارەنووسی نادیار ڕێ دەگرێتە بەر و دەڕوا. کەس ناکەوێتە شوێنی...

ئەو ڕەعیەتانەی کە وەک بێگارچی دەگەڵ وەرزێرەکانی خاوەن کەڵ‌وعارەبە چووبوون بۆگەزی، کەڵ‌وعارەبەکەی حەمەدەمینی داژۆن و کەلاکی کەلەلای عەبوولاغای، بە دارە مەیت هەڵدەگرن لە عارەبەی کابرای کەڵوەستاوی بار دەکەن. بە نیوەمردوویی دەیهێننەوە بۆ ئاوایی کۆنەدێ...

ئەو رووداوە بۆ ڕۆژگاری سەردەمی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی زۆر بە دەگمەن دەژمێرا. کەم هەڵدەکەوت کەسێک، لە بەرامبەر هەیبەت و دەسەڵاتی ئاغاواتان بەو شێوەیە سەربزێوێ بکا. دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگا، کەسایەتەی لە ڕەعیەتەکان داڕنیبوو. کەم کەس ئەو جورئەتەی هەبوو لەسەر زۆریوزۆرداری، بەگژ دەرەبەگاندا بچێتەوە و بەرگری لەماف و کەرامەتی خۆی بکا...
ئەگەر داستانی بێڕەحمی، زۆروزۆرداری و ملهوڕیی دەرەبەگان درێژە پێبدەین کاتی زۆری گەرەکە، بەچەند پەرتووک تەواو نابێ و لە توانای نووسەری ئەو چەند دێرەشدا نیە.

***

## کاردانەوەی عومەراغا ؟

کاتێ کەلاکی نیوەمردووی عەبوولاغا، دێننەوە "کۆنەدێ"، وەرزێرەکان دەخوڕا نابینن خۆیان پێشانی عومەراغا بدەن. وەک دەیانگوت: زۆر بەترسو لەرزەوە عومەراغایان لە ڕووداوەکە ئاگادار کردبوو.
کاتێک عومەراغا، لە بە سەرهاتەکە ئاگادار دەکرێ، دەغەزرێ چاوی هەردی نابینێ، بەدوای وەرزیرە بێگارچییەکاندا دەنێرێ. لە پێش دیوەخانێ کۆیان دەکەنەوە. وەک دەیانگوت: زۆر کەس لە وەرزێرەکان لەترسان خۆیان حەشار دابوو. بانگ دەکرییێن، لە بەردەرگای دیوەخانێ ڕادەوەستن. ئاغا ڕێگا بەکەس نادا بێتە ژووری دیوەخانێ. ئیدی بەتاوانی ئەوە کە: حەمەدەمین یارەیان بۆنەگرتوە و بە دەستوپێبەستراوی بۆیان نەهێناوەتەوە، ئەوەی پێی دەگوترێ بێڕێزی و سووکایەتی بە وەرزێرەکانی ئاوایی دەکا. ئەمن لێرەدا حەزناکەم ئەوەی بۆیان باس کردووم بەوردی بیگێڕمەوە و باسی لێوە بکەم. کەمتر سزایان ئەوە بووە: لە تەویلەی ئاژەڵانی کردبوون!

## چارەنووسی حەمەدەمین؟

حەمەدەمین، ئەولاوە دەخۆرادیوە بوو، لەحاند دەسەڵاتی نارەوای دەرەبەگایەتی، لەگوندی تالاوێ، لە سەر بەرگری لە مافو کەسایەتیی خۆی لەلایەن (هەمزە خەلیل و وسێنە زەرد)ەوە بەحوکمی ژاندارمەری لە سەر زێدی خۆی دەرکرابوو. داخوا ئەم جارە لە سەر ئەو سەربزێوییە لە دەست عومەراغا، چۆن لەو قەیران و گێژاوەیە دەربازی دەبێ؟...

حەمەدەمین، نیگەرانی داهاتووی براکانی دەبێ. بەڵام، هەستی بەرگری لە حەیسییەتی مرۆڤایەتیی خۆی، حوکمی پێدەکا کە لە بەرامبەر سووکایەتی و بەکەمگرتندا، دەستان بەرنەداتەوە و ملی نەباتەوە نێوشانانی و بێدەنگ نەبێ. ئەو بەرگریکردنە بوو بەسەرمەشەق، بۆ وەرزێرانی خاوەنهەست و شعور.

ناوبانگی ئازایەتیی حەمەدەمین یارە، دەمەڵبەندی شارویران گەڕا. وەك: وەرزێرێکی ئازاو دەخۆڕادیوی ئەو ناوچەیە ناوبانگی دەرکرد. خەڵکی مەڵبەندی شارویران، ئازایەتی و بەرگری-لەخۆکردنی ئەویان، بە داستان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە!

حەمەدەمینیارە ماوەیەک لەمەهابادو ئێر ئەوێ، دوور لە داشخانە و براکانی خۆی پەنا دا. بەڵام نەدەکرا بۆ هەمیشە لە پەناوپەسیواندا خۆی حەشار بدا. دەگەڵ ئەوەی وەرزێکی ساکار و ئاسایی بوو، بەڵام "ئەو دارەش نەبوو بە هەموو بایەک بلەرزێ" بە کەسری شانی دەزانی خۆی لە پەناو پەسیواندا مەڵاس بکا، یان بازرە بێ و بڕوا دەست لە دایک و براکانی هەڵگرێ. ئەوە دەگەڵ ڕەوشتو جورئەتی ئەو تەبا و سازگار نەبوو.

***

## بنەماڵەی یارەی!

پێکهاتەی بنەماڵەی یارەی: سێ برابوون دەگەڵ دایکیان. براکان هەرسێک بەژنوماڵ بوون، براگەورەکەیان ناوی محەممەد بوو، حەمەدەمین برای نێونجیو برای چووکەشیان سوڵتانی ناو بوو کە سەرباز بوو. بەکورتی ئەو سێ برایە، لە سەر بەرگریکردن لە مافو کەسایەتیی کوردانەی خۆیان، دەبوو لە داشخانەش دەربەدەر بکرێن؟

برایانی یارەی، دەگەڵ کۆمەڵێک لە وەرزێرانی شاماتی، بەتاوانی دژایەتیی زوڵموزۆری نیزامی دەرەبەگایەتی،لە گوندی تالاوێ دەرکرابوون، لە داشخانە گیرسابوونەوە...

زاوایەکیان هەبوو، بەناوی قاسم کاکەڵڵا، لە بنەماڵەی شیخاغاییيان بوو. خوشکیان هاوسەری قاسم کاکەڵڵا بوو. ناوبراو ئەودەم هێشتا نەببوو بەحاجی، هەربە قاسم کاکەڵلا مەنشوور بوو. دواتر چووە زیارەتی حەجێ، بوو بەحاجی قاسمی شێخاغایی. ئەوخوالێخۆشبووە، بەوتەی خۆمان، کەسایەتییەکی ماقووڵ و تێگەیشتوو، بوو. لەلای خەڵکی مەڵبەند و لە نێو وەرزێرانی شامات و شارۆێران، خاوەنی ڕێزو حورمەتێکی تایبەت بوو. دەنگۆ بوو، دەگوترا:

کاک قاسم کاکەڵڵا، چاوی بەعەبیزاغای خەڵیفەلیان کەوتوە، داوای لێکردوە، ئەو زستانە لەماڵە برایانی یارە، گەڕێن هەتا بەهارێ بۆ خۆیان شوێنێک دەدۆزنەوە، بار دەکەن...

گوایە عەبیزاغا، بەڵێنی پێدەدا، عومەراغای کۆنەدێ، ڕازی دەکا. ئەو زستانە لە ماڵە برایانی یارەی گەڕێ، لە داشخانە بمێننەوە. کاتێک بەهار داهات، خۆیان لەداشخانە بار دەکەن دەڕۆن.... عومەراغا قانع دەبێ مۆڵەتیان دەدا...

بەهار داهات. برایانی یارە، لە سندووس و شنۆ، لاجان و ناوچەی مۆکریان بە شوێن دۆزینەوەی جێوڕێیەک بۆ نیشتەجێیخۆیاندا گەڕان، مخابن لەهیچ کوێی ئەو مەڵبەندانە ڕایاننەگرتن!

بەختوجوامێریی خۆیان، دەفریایان هات. کاک ڕەحمانی پیرۆتی قەرەشلاخێ، دەگەڵ ئاغایانی کۆنەدێ و گردیاقووب، بەتایبەت ماڵە هەمزاغای باوکی عومەراغا، نێوانی خۆش نەبوو، هەرچەند ئامۆزای یەکتر بوون، بەڵام حەزیان لە چارەی یەکتر نەدەکرد؟ ئیدی لەسەرچی بوو ئێمە ئاگامان لە سەرچاوەی نێواناخۆشیی ئەوان نیە. ئەوەندەمان زانی گوتیان: ماڵی برایانی یارەی، لە داشخانە کۆچیان کردوە، هاتوونە قەرەشلاخ لە سەر خانوو، زەویوزاری ماڵە عەولای زینێ دامەزراون. جێگاو ڕێگایەکی بەرفراوان و زەویوزار و کێڵگەیەکی زۆر باشیان لە قەرەشلاخ دەست کەوت...

***

ماڵەیارەی هاتنە قەرەشلاخ و بوون بە دراوسێمان. کاک محەممەد یارەی، براگەورەیان، پیاوێکی هێدی و مەند و کەمدوێ، کوردێکی خاوێن و خەباتگێر بوو. هاوکات بەحوکمی ئەوە کە ڕاوچی بوو، بوو بە ئاشنا و هاو پیشەی بابم. ناوبراویش دەگەڵ خێڵی راوچییانی قەرەشلاخ کەوت و زۆربەی کاتی بێکاری، دەگەڵ ئاغاکانی ڕاوچی، دەهاتە ماڵی ئێمە. ئەو سەردەمە، ئەمن فەقێ بووم دەرسی مەلایەتیم دەخوێند.

***

## حیزبایەتی!

ئیستێ کە دەمەوێ بەسەرهات و ڕووداو، بیستن و دیتنی خۆم بەسەر کەمەوە، پێویستە ئامازەیەک بە سەرەتای حیزبایەتی و کوردایەتیی خۆشم بکەم: ئەمن منداڵی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و خوێندەوار نەبووم. حیزبایەتیی من لە کۆمەڵگایەکی ١٠٠%٩٩ نەخوێندەوار و تێکەڵاوی دەگەڵ زەحمەتکێش و زوڵم و زۆرلێکراوانی دێهاتی سەری هەڵداوە. یان بەواتایەک ئەمن لە فێرگە و قوتابخانان دەرسی سیاسیی حیزبایەتیم نەخوێندوە و

فێری نەبووم. مامۆستاکانی من ئەو وەرزێرە زوڵملێکراو و زەحمەتکێشانەی دێهاتی بوون کە نێوەنێوە، لەم نووسراوەدا یادی بەخێریان لێدەکەمەوە.
ماڵە یارەی هاتنە قەرشلاخ، دەگەڵ ماڵە یارەی بووین بە دراوسێییەکی تەبا و یەکماڵ. دواتر دەگەڵ کاک محەممەد یارە بووین بەدۆست و هاوڕێی حیزبی. ساڵی ١٣٣٦بوو، کاک عەلی وەسمان، کاک محەممەد یارەی پێناساندم پێوەندیی پێوە بگرم. ئیتر لە هەموو ماوەی تەمەنمدا، هەتا ئەوکاتەی لە وڵات بووم، پێوەندیی دۆستایەتیو هاوڕێیەتیمان دەگەڵ برایانی یارە بێ-پساونەوە بەردەوام بوو، یادیان بەخێر.

***

## مەلایەتیی ڕەمەزانێ؟

دەگەڵ مەلامستەفای خدرکاکلی خوڕخوڕەیی هاوڕێی سەردەمی منداڵی بووین. یەکترمان زۆر خۆش دەویست. مەلامستەفا زۆری حەز لەخوێندن بوو. ئەمنیش بە پێچەوانەوە، خویندنی مەلایەتیم پێخۆش نەبوو. زۆرتر دەکەوتمە شوێن چالاکیی حیزبایەتی. لە گوندی چەقەڵمستەفا، لای مامۆستا مەلابرایمی لاوە، هەر دووکمان "سیوتی"مان دەخوێند. دەوروبەری ڕەمەزان بوو، لە سەریدام گوتم بابچین بۆنێو شکاکان لەوێ ببین بە مەلای ڕەمەزانێ. هیچ نەبێ پارەی سەرفترە بەشی دەستە لیباسێکمان دەکا. مەلا مستەفا زۆر مایل نەبوو، بەڵام دەگەڵم هات گوتی با مەلامحەممەدی موقەددەسییش دەگەڵ خۆمان بەرین. ئاخری پاییز بوو، یان سەرەتای زستان؟ گوتم زۆرباشە ئەویش لە ئاوایی بارانی دەیخوێند. چووین ئەویشمان ساز کرد و سێ کەسی وێکڕا چووین بۆ شاری ورمێ. سبەی لەوێڕا چووین بۆ ناوچەی سۆمای. هەر جێگایەک دەچووین یان مەلایان هەبوو، یان دەیانگوت مەلای سەڵتمان ناوێ. چووینە گوندی "قوونیە" مەلای دەرسبێژی هەبوو،

گوتمان دەچینەلای مەلا بەڵکوو یارمەتییەکمان بدا. پێش ئەوەی بگەینە گوندی قوونیە، شەو لە دێیەکماینەوە نازانم ناوی چبوو؟ دەستی کرد بە کرێوە و باسریشک "هەرچی دەیکەم ئێستێی دەکەم" دوو ڕۆژان نەمانتوانی لەو گوندە بڕۆین. پاش دوو ڕۆژ ڕێگا شکابوو، چووین بۆ مزگەوتی گوندی "قوونیە". تەماشامان کرد پڕە لە فەقێ هەموویان هاتبوون بۆ مەلایەتیی ڕەمەزانێ. لەبەر بەفرو کرێوە لەوێ حاسێ ببوون. مزگەوتێکی زەلامی ساردی بێ-ئاوردوو. سەیرم کرد، مەلاڕەحمانی ئەمەری کە موستەعید بوو، خەڵکی ئاوایی خۆمان بوو، لە من کەمێک بە تەمەنتر بوو، لە منیشی پتر خویندبوو، لەوێ فەقێ بوو. هەرکە چاوی بەمن کەوت شاگەشکە بوو. دەستمان لەملی یەکتر کرد، زۆری حورمەت گرتین. تەگبیرمان پێکرد گوتی وەڵلا ئەمنیش زۆر شارەزا نیم بەڵام وەک دەڵێن مەنتیقەی چاریە گوندی بێمەلای هەن، بچن بۆ ئەوێ دەنا لە ناوچەی سۆما، مەلاێ سەڵتە ڕاناگرن. گوتی جارێ لێرە بن هەتا هەوا خۆشی دەکا، ئەگەرهەوا خۆشی کرد و ڕێگا کرانەوە بچن بۆ ناوچەی چاریە. جارێ دوو حەوتووی ماوە بۆ رەمەزان...

پاش دووسێ ڕۆژ مانەوە لەوێ، ڕۆژێک وەڕێکەوتین بۆناوچەی "چارییە" سەعاتە ڕێیەک لە گوندی "قوونیە" دوور کەوتینەوە لە زینوێک وەسەر کەوتین و شۆڕ بووینەوە خوار بەسەر دەستە-سەربازێکدا کەوتین. سەرپەرستی سەربازەکان سەرجووخەیەک بوو، لەو سەروپێخۆرانە. داوای سجیلی لێکردین. سجیلەکانمان دانێ، هیچمان سەرباز نەبووین. گوتی ئێوە ئیجازەی روکنی(٢) دووتان پێ نیە بۆتان نیە بێنە مەرزی. دەتانبەم بۆ مەرزبانیی سەڵماسێ!

هەرچی پاڕاینەوە، ئیزنی نەداین لەوێ هەرسێکمان گیراین. گەڕاندیانینەوە بۆگوندی "قوونیە". بەخێر گوزەرا، مەلاڕەحمان بەهۆی کوێخای ئاوایی، دەگەڵی دوست بوو، سەربازەکانی قانعکرد و ئیزنیان داین. گوتمان دەگەرێینەوە، نێوچاوانمان نانی پێوە نیە. ئەمن پارەی تەواوی گەڕانەوەم نەبوو، نزیکەی دوو سێ

تمەنم کەم بوو، هەتا دەگەیشتینەوە ئەگەر هیچمان نەخواردبا، دەبوو هەرکەسەی لانیکەم، حەوت تمەنمان هەبا. مەلامستەفا و مەلامحەممەد پارەیان هەبوو. خۆمان سازکرد بەرەو ناوچەی ئەنزەل و ورمێ، وەرێکەوین. مەلاڕەحمان چاوی لەمن هەڵتەکاند، گوتی ناهێڵم ئەتۆ بگەڕێیەوە. ئەو ڕەمەزانە پێکەوە لێرە دەبین، دوای ڕەمەزان پێکەوە دەگەڕێینەوە. ئەو رەمەزانە دەرس نیە و ئەمن بەسەیدا مەلال جەلالی دەڵێم و پێکەوە لێرە دەبین... منداڵی دێیەک بووین و زۆریش دۆست و خۆشەویستی یەکتر بووین. لەهەمانکاتدا پێم شەرم بوو لە رەفیقەکانم هەڵبڕێم. ئەوانیش دەیانزانی ئەمن پارەی خەرجی ڕێگام تەواو نیە. گوتیان ئەگەر پێتخۆشە لای مەلا رەحمان بمێنەوە، راست دەکا ئەوە ڕەمەزانە، دەرسخوێندن نیە و دوای رەمەزانیش ئەگەر پێتخۆش پێکەوە بگەڕێنەوە. ئەوان لەبەر پارەی ڕێگا حەزیان دەکرد بمێنمەوە. ئەمن بە چاوهەڵتەکاندنی مەلا ڕەحمان شتێکم لە زەینی خۆمدا بەدی کردبوو.

هاوڕێکانم بەرەوماڵ وەرێکەوتن، ئەمنیش لای مەلا ڕەحمان مامەوە. دوای رویشتنی هاوڕێکانم مەلا ڕەحمان گوتی: پێکەوە دەچین بۆناوچەی شپیران، لەوێ دوو گوندمان دەدەنێ. گوتم چزوانی؟ گوتی ئەمن لێرە فەقێی مەلا جەلالیم. مەلا جەلال لە زۆر پێغەمبەرانی خاوەنئۆممەت لای خەڵکی ناوچەی شکاکان خۆشەویستتر و خاوەنڕێزترە. نامەیەک بەناوی ئەو دەنووسم، بۆسۆفی "دێلەزێ" سەرۆک عەشیرەتی ناوچەی"شپیران"ە، بێشک شوێنێکمان بۆمەلایەتیی مانگی ڕەمەزان بۆ دەدۆزێتەوە. دیار بوو ئەو شارەزای ئەو مەڵبەندە بوو. دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە گوندی قوونیە، ڕۆژێک دەگەڵ مەلاڕەحمان، بەرەو شپیران وەرێکەوتین. چووینە ماڵە سوفی لە گوندی"دێلەزێ".

دیوەخانێکی زەلام پڕلەحەشیمەت. نانمان خوارد، مەلاڕەحمان نامەکەی بەخەتی خۆی بۆسۆفی نووسیبوو داییە. لە نێو ئەو حەشیمەتە زۆرە کەسێک نەبوو خوێندەواریی هەبێ و نامەکەی

مەلاجەلالی کە مەلاڕەحمان بۆ سۆفیی نووسیبوو بخوێنێتەوە؟ تەنیا مەلای ئاوایی سەوادی هەبوو ئەویش لە ماڵ نەبوو.
مەلاڕەحمان خەتی خۆش بوو، نامەکەی خۆی نووسیبووی بۆ سۆفیی خوێندەوە: دوای عەرزی سڵاو. ئەوە مەلا ڕەحمان و مەلا محەممەد هەردووکیان موستەعیدن و لای من ئاخرمادان دەخوێنن. ناردمن بۆ لای ئێوە کە بۆ مەلای ڕەمەزانێ شوێنێکی باشیان بۆ دیاری بکەی و...
شەو لە دیوەخانی سۆفی ماینەوە، ناوبراو زۆری ڕێز گرتین. بۆ سبەی ئەوشەوە، دەگەڵ شارەزایەک ناردنی بۆ دوو گوندی حشتراک و کەیکان. مەلاڕەحمان گوندە گەورەکەی هەڵگرت و ئەمنیش بە گوندە چووکەکەی قانع بووم. زۆر بەڕێزەوە وەریانگرتین. ئەو ڕەمەزانە لەو گوندانە بووین بە مەلای ڕەمەزانێ.
ئەوخەڵکە گوناح و نەخوێندەوارە، هەریەکەی جۆرە پرسیارێکی شەرعیی لێدەکردم. کابرایەک هەبوو، بەناوی مام قەلیج، پرسیاری کرد: گوتی سەیدا! ئەگەر مرۆڤ بمرێ دەبێ چۆن کفن‌ودفن بکرێ؟ ئەمنیش ئەوەندەی لێم دەزانی وەک شوشتن‌و کفن‌و نوێژ لە سەرکردن و تەڵقین و ناشتن ڕوو بە قیبلە و...
گوتی: مەلا نوێژی مردوو واجبە؟ گوتم فەرزی کیفایەیە. تێم-گەیاند، مردووەکە لە سەری واجب نیە. واجبەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی زیندووەکان...
زستان بوو، بەفرێکی لەرادەبەدەر لە هەردی بوو. ڕۆژێک مام قەلیج، هات، گوتی: سەیدا بابچین بۆ گۆڕستان نوێژێک لە سەر قەبری بابم بخوێنە. گوتم مام قەلیج بابی تۆ کەنگێ چۆتە ڕەحمەتێ؟
گوتی: "سەیدە خودێ باوەڕم پەنجا ساڵ هەیە! هەرچی بیرم کردەوە قسەیەکم پێشک نەهات مام قەلیجی پێ قانع و پەژیوان کەمەوە... جا خۆ ئەگەر نەچووبام و نوێژم لە سەر قەبری بابی مام قەلیج نەکردبا، ئەویش بێشک سەرفترەکەی نەدەدامێ. ناچار

دەگەڵ مام قەلیج کەوتم و نوێژم لەسەر قەبری بابی مام قەلیج کرد. لەوە دەترسام هەموو خەڵکی ئاوایی وەک مام قەلیج ئەو پەندەم بەسەر بێنن؟!
گوتم: مام قەلیج، بەشاهید بە، ئەوە بەخێری خۆم، نوێژ لەسەر هەمووی ئەو مردووانە دەکەم کە پێشتر چوونەتە ڕەحمەتێ و نوێژیان لەسەر نەکراوە...!
هەزارجارم سەگ دەو سەرفترەیە ڕیاندوە کە مەلا وەری‌دەگرن!

***

## هێرشی ساواک بۆسەر ح. د. ك

مانگی سەرماوەزی پاییزی ساڵی ١٣٣٨بوو، ساواک هێرشێکی هەموو لایەنە کردە سەرئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە پانتایی کوردستان ئەندام و لایەنگرانی حیزب گیران، لەپێشدا بردیانن بۆ تەوریز، دواتر بردیانن بۆ تاران. لەو سەردەمەدا هەرچەند چالاکیم هەبوو، بەڵام بەرپرسایەتییەکی وەها بەرچاوم نەبوو جگە لە خەڵکی ئەو گوندانە کە پێشتر ئاماژەم پێ‌کردوون، کەسم لە بەرپرسانی شار نەدەناسی. کاک محەممەد یارە هاتە لام، گوتی: ساواک هێرشی کردوە، شەوی ڕابردوو خەڵکێکی زۆر لە شاری مەهاباد گیراون. پێم‌باشە ماوەیەک خۆت ببوێری و لەماڵ نەبی. ماوەیەک لە ئاوایی چەقەڵمستەفا و دەوروبەر خۆم بوارد، دیتم لەبارەی منەوە هیچ باس‌نیە. دواتر هاتمەوە ماڵ، زانیم کەس پرسیاری لێ‌نەکردووم.

* * *

# فەسڵی ٣

## سەربازی

دووسێ ڕۆژبوو هاتبوومەوە ماڵیخۆمان، ڕۆژێک کوێخاسجیلی ئاوایی، (ئەو سەردەمە حەمەمراد بوو) دەسەرم بوو گوتی: ناوت هاتوە بۆ سەربازی. گوتم ئەمن دەچم بۆ حەوزە خۆم دەناسێنم. بەپێی قانوونی نیزاموەزیفەی ئەو سەردەمە، کەفیلی دایکوبابم بووم. کوێخا گوتی: ئەمن بۆت دەبم بەزامن و وەرەقەی کەفالەتت بۆ وەردەگرم خەمت نەبێ. بەهەرحاڵ بردمی بۆ مەهاباد و تەسلیمی حەوزەی نیزاموەزیفەی کردم. هەر ئەودەم بردیانم بۆ دیژبان و لەوێ لە ژوورێکی چووکەیان کردم و دەرگایان لەسەرداخستم و کێشکچی لەبەر دەرگا!

ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، سەرۆکی حەوزەی نیزاموەزیفەی مەهابادێ ئەودەم، کەسێک بوو بەناوی "سەرگورد ئاریا"؟ ماوەیان پێنەدام ماڵئاوایی لە دایکمو بابم بکەم. بابم هاتە دیژبان دووراودوور چاوی پێمکەوت. بیستتمەنی دراو دامێ. ئەمنیش زۆرم دڵخۆشیی بابم دایەوە:

هیچ نیە و ئەمنیش وەک کوڕی خەڵکی ئەم وڵاتە... دەگەڵ من دوو لاوی دیکەش هەبوون هەر دووکیان ناویان حەمەدەمین بوو. یەکیان خەڵکی دریاز بوو، تەمەنی زۆر لە سەرەوەو نزیک چل پەنجاساڵ دەبوو. حەمەدەمینەکەی دیکەش خەڵکی گەرگوولی خوارێ، کوڕی حاجیمستەفای بوو. دەگەڵ ئەو دوو کەسە بەڕێیان کردم بۆ ورمێ. ئەودەم هەنگی ئاموزشی (دەورەی ڕاهێنانی سەرەتایی سەربازی) لە ورمێ بوو. ئەو دەورەیە بەشی هەرە زۆری سەربازەکان کورد بوون. زۆربەیان بەڕەشبگیری بە سەرباز گیرابوون. سەربازی بە تەمەنی لە سەرووی چلساڵ و پەنجاساڵ کەم نەبوون. بەشی هەرە زۆری سەربازە بەتەمەنەکان کورد بوون.



هەواڵنامەی کتێب

ئەمن و دوو حەمەدەمینەکەیان بردن بۆسەربازخانەی. بردیانین بۆ ژوورێک نزیکەی ١٠٠کەسی تێدابوو. لە تەمەنی نێوان بیستو پەنجاساڵیدا. هەموویان کورد بوون. سەقزی، بانەیی، بۆکانی شارستانی و دێهاتی بوون. ئەو ڕەفتارەی دەگەڵ ئەو خەڵکەی دەکرا هیچ مرۆڤێکی بێویژدان دەگەڵ ئاژەڵانی نەکربوو!؟
لێم یەقین بوو، هەمووی ئەو بێڕێزی و بێ حورمەتییە تەنیا بەهۆی کورد بوونمان بوو!؟ بەگشتی جلکی کوردیمان دەبەردا بوو، هێشتا جلکی سەربازییان دەبەر نەکردبووین. بەدەستەی سی، چل کەسی دیانبردین بۆ سەر پێشاوێ، بێئەوەی تەوالێت هەبێ لە تەنیشت یەکتر لەو دەشتە دەبوو... سەربازیش بەتفەنگەوە دەورمان بدەن و لەسەرمان ڕاوەستن؟!!! باسی ئەوهەموو بێحورمەتییەم بۆ ناگەڕێتەوە؟....
لەو ماوەیەدا زۆر کوڕی بەجەرگو ئازا هەبوون یەک،یەک و دوو،دوو، خۆیان دزیەوە و ڕایانکرد. ئەمن مامەوە بەشی زۆرمان دراین بە گورهانی دوو. دواتر چاوم بەمەلا سەید ڕەشید سەعیدی خەڵکی خنخنەی سندووسی و مەلاحێدینی مودەرریسی کەوت، دەگەڵ زۆر لە ئاشناو ناسیارانی دیکە.
لەوێ دەگەڵ لاوێک ئاشنا بووم بەناوی ڕەحیم ئاگووشی، خەڵکی گوندی خەڵیفەیان بوو. ئەو لاوە لەسەر گیرانی خۆی بەسەرباز، داستانی هەبوو. ڕەحیم ئاگووشی داستانەکەی خۆی بەو جۆرە بۆگێڕامەوە:

ناوبراو گوتی: بێ ئاگا لە هەمووشت لەماڵی خۆمان خەوتبووم. نیوەشەو بوو یان بەرەبەیان؟ ماشێنێک سەرباز و چەندکەسێک جەلوبەرگی ئاسایی "کۆتو شلوار"لەبەر، بەسەرماڵیاندا داین، لە خەوێدا بووم هەڵیانستاندم و توند گرتیانم! لە پێش چاوی دایكوبابم و هاوسەرو بنەماڵە چاویان بەستم و کەلەپچەیان لە دەستی کردم بردیانم...؟!

نازانم چەندەمان لە ڕێگا پێچووبوو، لە شوێنێک دایانبەزاندم. زانیم ئەو شوێنە سەربازخانە و زیندانە. ناوبراو گوتی لێیان نەدام، هێشتا نەیان بردبوومە بەردەم لێپرسینەوە. ئەو کەسانەی پرسیاریان تەواو ببوو دە ژووری گشتییان کردبوون. لە ژووری تاکەسی هێنابوویاننە دەر. زۆریان ڕانەگرتم بردیانم بۆ بەردەم لێپرسینەوە. پرسیاری کەسانی وایان لێدەکردم لەژیانی خۆمدا، نەمدیبوون، نەمناسیبوون، بۆخۆشم نازانم بۆچی گیرام و بۆچی بەریاندام؟! لێپرسینەوەیان دەگەڵ نەکردمەوە، زانیان بە تەمەن سەربازم. ئازادیان نەکردم، ناردیانم بۆ نێو ئەو زیندانییانەی لێپرسینەوەیان تەواو ببوو...

باسی ئەزیەتو ئازاری کاک حەمەدی سەرووکانی و زۆر کەسایەتیی دیکەی بۆ گێڕامەوە، هەموویانم لەبیر نەماون. ئەمن هەرناوی کاکحەمەدیسەرووکانیم لە بیرماوە!... ناوبراو گوتی دوای ئەوەی زانیان منیان بەهەڵە گرتوە، سواری ماشێنیان کردم و هینایانم لێرە، لەو سەربازخانەیەی ورمێ دایانبەزاندم!...

ڕەحیم ئاگووشی داستانی گیرانی خۆی بۆ گێڕامەوە. کاتێ ڕەحیم ئاگووشی، لە سەربازخانەی ورمێ باسی ئەشکنجەی ئەندامانی حیزبی بۆ دەکردم، ترسم ڕێدەنیشت... ئیدی دەگەڵ ڕەحیم ئاگووشی بووین بە دۆست و ئاشنا.

***

## سیتوان سیاسی؟

لە سەربازخانەی ورمێ دوای چەندرۆژ جلی سەربازییان دەبەرکردین و رۆژانە دەیانبردین بۆ دەرسی سەربازی و راهێنان و... ئەفسەردەستەیەکمان هەبوو بەناوی سیتوان سێ ... سیاسی. وەک دەگوترا ناوبراو بە ڕەچەڵەک "لوڕ" بوو. ئەو ئەفسەرە خاوەنشکۆیە؟ لە کاتی خزمەتو غەیری خزمەت، تووشم بووایە بەجۆرێک لەجۆرەکان بێ ڕێزیی پێدەکردم؟ هەرچی بیرم

دەکردەوە نەمدەزانی ئەو کابرایە بۆچی وا بێڕێزیم پێدەکا. هەتاپرسیارم لێکردبا ئەو زۆرترو بێئەدەبانەتر وەڵامی دەدامەوە!

چەند جارێک تەمای ڕاکردنم گرت. دوایی پەژیوان دەبوومەوە. زۆرکەسم لە هاوڕێ سەربازەکانی خۆم بە ڕاکردن دابوون، بەڵام بۆخۆم مابوومەوە. دەگەڵ مەلامحێدینی مودەرریسی و مەلاسەیدڕەشیدی سەعیدی، بووینە هاوخەرج و هاوڕێ. دوای چوار مانگان دەورەی ڕاهێنانمان تەواو بوو، دابەش کراین. ئیمە، ئەوانەی خوێندەواریمان هەبوو، کەمو زۆر، هەموویان ناردین بۆگوردانی "ئاموزشگا"ی گرووبانی. بەشێک لە سەربازەکان درانە بەشی بێهداری و...

بەشی هەرە زۆرمان وەبەر پیادەنیزام کەوتین. ئیدی ئەمن هەر لەڕۆژی یەکەمەوە، دەگەڵ شادڕەوان مەلاسەیدڕەشیدی سەعیدی خنخنەیی و مەلامحێدینی مودەرریسی، بووین بە هاوڕێ و هاوخەرج. هەم لە دەورەی سەرەتایی و هەم لە دەورەی ئامووزشگای گرووبانی هاوخەرج و هاودەم بووین. کاتێک دابەش کراین و هاتین بۆ ئامووزشگای گرووبانی گوتم: ئۆخەیش ئەوە لە دەست بێڕێزی و بێئەخلاقیی سیتوان سیاسی، ڕزگاریم هات!

چەندڕۆژ دوای دابەشکردنمان، لە ورمێ ڕایانگوازتین بۆ سەربازخانەی پەسوێ کە، تازە تەواو ببوو. ئێمە یەکەم دەستەسەرباز بووین چووینە نێو سەربازخانەی پەسوێ. سەبازخانەی پەسوێ لە چاو سەربازخانەکانی دیکەی ئەو سەردەمەی ئێران، زۆر مودێڕن بوو. فەرماندەی گوردانی ئامووزشگای گرووبانی سەر هەنگیکی تورکی تەورێزی بوو بەناوی سەرهەنگدوو نووری. پێموایە ناوی چووکەی حوسێن بوو؟ ناوی سەرگرووبانەکەی خۆم لەبیر نەماوە؟

کابرایەکی خەڵکی خۆیە بوو، پیاوێکی خراپ نەبوو. ڕۆژانی تەعتیل ئیزنی دەدام دەچوومە گوندەکانی گردکسپیان، گرتکشانە، کێڵوبەلەبان و ئەو دەوروبەرە...! ئەمنیش خزمو ناسیاوم

لەوگوندانە هەبوون. بەتایبەتی زۆر دەچوومە گرتکشانەی، ماڵە برایم قازڵی و دوکانی سەید تەهای. ئەو کەسانەی پێیان دەگوترا قاچاخچی بۆکرینی چایی‌و کەلوپەل، هاتوچۆی ئەو دیوی سنووریان دەکرد، زۆرتر لە دوکانی سەید تەهای چاوم پێیان دەکەوت و لەبارەی دەنگوباسی ئەودیو پرسیارم لێ‌دەکردن. ئاگاداریی ئەوەم هەبوو، هێندێ‌کەس لە ئەندامانی حیزبی خۆیان دەرباز کردوە و لەودیو وەرگیراون و مەلامستەفای بارزانی و حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، بە رێزەوە لێیان دەڕوانن...

زۆرجارم پرسیاری وەزعییەتی حکوومەتی"کەریم قاسم" کردبوو. هیچ ترسم نەبوو زۆرم پێ ئاسایی بوو. رۆژێک لە ڕۆژانی هاوینی ١٣٣٩ی هەتاوی بوو، بابم هاتبوو بۆ سەردانم. ئەمنیش ئیجازەم لە سەرگرووبانەکەم وەرگرت کە بابم هاتوە. حەز دەکەم ئەمشۆ لەلای‌بم. گوتم ئەم شەو نایەمەوە سەربازخانەی، ئەویش ئیزنی دام. ئەمنیش نەمدەزانی لەلایەن سەرهەنگ نوورییەوە کەوتوومە ژێر چاوەدێری...؟ وەرەقەی بیست‌وچوار سەعاتیم وەرگرت‌و دەگەڵ بابم چووم بۆ گوندی کێلێ، مەلای کێلێ خزممان بوو. شەو لەوێ بووین سبەی دوای نیوەڕۆ، بابم بەرەو شارویران گەڕایەوە و ئەمنیش گەڕامەوە بۆ سەربازخانە. لە دەروازەی سەربازخانەی دیزبان ڕایانگرتم، داوای وەرقەیان لێ‌کردم، پێشانم دان. ئەوجارە دەستیان کرد بە پشکنینی ئازای گیانم و ئەو پرێسکانە کە بابم لە ماڵەوە بۆی هێنابووم. ئەویش کولێرە و ڕۆنەکەرە و قەندوچا وخرتوپرت و خواردەمەنی بوون. ئەوە نازانم کە لەلایەن سەرهەنگ نوورییەوە کەوتوومەتە ژێر چاوە دێری و دەستووری بەدیزبان داوە کۆنترۆڵم کەن. بێ‌خەبەر لە هەمووشت. گرووبانەکەی دیزبانی، لیستی هەموو شتەکانی نووسیبوو دابووی بە سەرهەنگ نووری!

رۆژی دواتر، کاتی وچانی نیوەڕۆ بوو، گرووبانێک هاتە بەردەرگای گورهانەکەمان ناوی منی خوێندەوە: گوتی جەناب سەرهەنگ نووری داوای کردووی.

چووم بۆستاد. دەستم بەنیشانەی سڵاوی نیزامی بەرز کردەوە و توند پێیەکانم لەهەردی دان. سەرهەنگ وشەی "ئازاد"ی لەدەم نەهاتە دەر. ئەمنیش وەک دارێکی وشک بێگیان و جووڵە ڕاوەستابووم!

گوتی: خەبەردار! ئەمنیش بێگیان لەبەر دەمی ڕاوەستابووم. ئەو سەرهەنگە قوبەلەسەر شانەی شاهەنشا!!، ئەوەی پێی دەگوترێ جنێوی سووک و نەشیاو، دوور لەشانی مرۆڤایەتی، لەدەمی دەردەپەڕی! پاشانگوتی بەئیجازەی کێ چوویەتە دەرەوەی سەربازخانە و گوندەکانی ئەو ناوە دەگەڕێی؟ ئەمنیش گوتم جەناب سەرهەنگ بابم هاتبوو، ئیجازەم لە سەرگروبان وەرگرتوە، ئیجازەکەم مۆری ستادی جەنابسەرهەنگی پێوەیە.

گوتی ئەو نان و قەندوچایەی پێت بوو بۆ کێت بردوە؟

گوتم جەنابسەرهەنگە ئێمە سێ کەس هاوخەرجین نانەکەمان خواردوە، قەندوچایەکەش ماوە، دەگەڵ هێندێک ڕۆنەکەرە کە بەهۆی گەرما تواوەتەوە!

گوتی: بچوو ئەوەی هێناوتەتە نێو سەربازخانەی بیانهێنە بۆ ئێرە! چوومەوە، ئاسایشگە ئەوەی بابم بۆی هێنابووم و مابوو، دەگەڵ خۆم بردم بۆ ستادی ئامووزشی. سەرهەنگ ئەوجارە کە دیتی شتەکان ماون و بۆهیچ کوێ نەبراون، چاوی لەلیستەکە دەکرد، جگە لە نانەکە کە، خواردبوومان، ئەوانی دیکە هەموویان مابوون، لەسەر نەمانی شتەکان هیچی دەست نەکەوت.

ئەوجارە دیسان بەشێوەی پێشوو، دەستی کردەوە بەجنێودان:

"لە بارزانیو عەبدولکەریم قاسم...؟ پدرتو درمیارم...!"

سێچوار گرووبانی ملئەستوور، لە ژوورەکەیدا خەریکی نووسین و کاری خۆیان بوون، جاروباریش تەماشایەکی منیان دەکرد...؟

ئەوجارە خۆی هەستا بە پۆتینی ئەمریکایی وەرگەڕایە قاچوقولانم. هێشتا ئەمن هیچ ناڵێم، نە زمانم هەیە نە زیندووم! دوایی دەستووری بە دوو گرووبان دا بمخەوێنن. یەک لەسەر سەرم دانیشت یەک لەسەر پێیانم، گرووبانێکی زەلامیش

بەقامچی، جاوەرە قامچیکاریت بکەن...! نازانم چەندەیان لێدام؟ بەڵام وەڵامەکەی من بۆ سەرهەنگ نووری بێدەنگی بوو، هاوارم نەکرد. پاشان سەرهەنگ ئەوەندەی دیکەی قین هەستابوو:
"ببین پدرسوختە صدا هم درنمیارە...!
پێیوابوو دەست دەکەم بە هاتوهاوار!
هەرهەڕەشەی دەکرد و جنێوی دەدا. هەتا کوڵی دڵی خۆی پێڕشتم قامچی کارییان کردم! دوایی گوتی هەستە. زۆریان لێدابووم هەستانەوەم لەبەر گران بوو. دەستووری دا بڕۆم. شتەکانم بۆ هەڵنەدەگیرا. گرووبانێک شتەکانی دەگەڵ هەڵگرتم بۆ ئاسایشگا. چوومەوە ئاسایشگا، هەر چەند لەبەر ژانی گیانم زۆر ناڕەحەت و پەشێو بووم. بەڵام خۆم وا پێشان نەدەدا کە قامچیکاری کراوم. محێدین و مەلاسەیدڕەشید زانیان چونکە ئازای گیانم هەرشوێنێک قامچی وێکەوتبوو ڕەشوشین هەڵگەڕابوو.
سەرهەنگ زۆریشی جنێو بە سەرگرووبانکەم دابوو کە ئیجازەی دابووم. جەرەیانی لێدانەکەم بۆ مەلا محیدینو مەلاسەیدڕەشیدی گێڕایەوە. بەڵام لای سەربازەکانی دیکەی ئامووزشگا، باسمان نەکرد. غرووری لاوەتی ئیجازەی پێ نەدەدام، بڵێم سەرهەنگ نووری لێیداوم.
لای کەس نەمدرکاندبوو. چەند ڕۆژ دواتر سەرگرووبانەکەم، ئەوەی لە سەرهەنگی بیستبوو، نەیویست بەمنی بڵی، بەڵام گوتی: ئەتوو چوویەتە کوێ، هاتوچۆی کێ دەکەی؟ ئەمن لاوێکی سادەوساکاری بێ ئەزمون، پێم شک نەدەهات لایکەس لەدژی حکوومەتی ئێران دوابم!
قاچاخچی هاتوچۆی "زینوێ"یان دەکرد، ئەمنیش لە وەزعی ئەودیوم پرسیار کردبوو... بەڵام پێم شک نەدەهات شتێکی تایبەتیم هێنابێتە گۆڕێ کە زیانی بۆپەزەکان هەبێ. دیار بوو بەهۆی کەسێکەوە بە گوێی سەرهەنگیان گەیاندبوو کە ئەمن پرسیاری هێندێ بابەتم کردوە کە لە روانگەی ئەوانەوە خەتی سوور بووە؟

هەرچی بیرم دەکردەوە نەمدەزانی کێ ئەو ڕاپۆرتەی داوە. ئاخرەکەی شکم بۆ کابرایەک چوو ماڵی لەکوندرێ بوو. بەوتەی خۆمان کابرا کۆلکە سیوادێکی هەبوو، کەمولکە خوێندەوارییەکی هەبوو. سەیدێکی رووهەڵماڵاو بوو، دەیویست خۆی لەمن نزیک بکاتەوە. منی بە سادەوساکار و بێخەبەر لە هەمووشت دەزانی. سەید بە زوڵموزۆری ئاغاواتاندا دەهاتەخوار و جاروبار پارێزی بۆ حکوومەتی حەمەڕەزاشاش دەبرد... ئەمنیش هێندە پوختەوبەئەزمون نەبووم بە سەید بڵێم بێدەنگ بە! ناوبراو، هاتوچۆی دیوی گەرمێنێشی دەکردو دەنگوباسی ئەودیوی بۆ دەگێڕامەوە.

ئاخرمانگی هاوینی ١٣٣٩ بوو، دەورەی ئامووزشی فێرگەی گرووبانیمان بردە سەر، تەواو ببووین. دیسان لە دابەشکردندا دەگەڵ محێدینی مودەڕڕیسی، وەبەر لەشکری چواری ورمێ کەوتین. ناردیانین بۆ ورمێ. لەوێش دیسان دابەش کراینەوە بەسەر هەنگەکانی لەشکری ٤ی ڕەزائییەدا. محێدین وەبەر هەنگی ١٠ی ڕەزمی کەوت ناردیان بۆ دالانپەڕ. ئەمن مامەوە دەگەڵ پێنج یان شەش سەرجووخەی تورکی ئازەری. سەرهەنگ دوویەک هات بۆ دابەشکردنمان. دەپێشدا سەرهەنگەکە ڕیزی کردین و گوتی:
هەرکامەتان دێڕێک، ئەوەی خۆتان حەزتان لێیە بنووسن. هەر کەسەی بەگوێرەی ئیستعدادی خۆی شتێکی نووسی و بە ناوی خۆی ئیمزای کرد، دایە سەرهەنگەکە. ئەمنیش ئەو شێعرەی سعدیم نووسی:
"من آنمرغ سخنگویم کە درخاکم رود صورت– هنوز آواز میآید کە سعدی درگلستانم".
سەرهەنگ گوتی: "محمدخضری بیاید تو" دیسان ترسم ڕێنیشت. ئەوەش وەک سەرهەنگ نووری، مەرەدێکم بەسەر نەهێنێ؟ چوومە ژوور بەدابی سەربازی دەستم بەرز کردەوە و توند پێیەکانم لە هەردی دان...!

سەرهەنگە گوتی ئازاد. دواتر گوتی: خەڵکی کوێی؟
گوتم جەناب سەرهەنگ مندالە دێهاتیم خەڵکی دەوروبەری مەهابادم. گوتی ئەو شێعرەی نووسیوتە هیکام شاعیرە؟
گوتم جەناب سەرهەنگ هی سەعدییە. دیاربوو سەرهەنگ بەپێچەوانەی سەرهەنگ نووری، لوتفی هەبوو، دیار بوو شارەزای ئەدەبیاتی فارسییە. یەکدوو قسەی خۆشی دەگەڵ کردم، دواتر دەگەڵ سێچوار سەربازی دیکە جیایان کردینەوە. ئێمە چوارکەس یان پێنجکەس بووین ناردیانین بۆ ستادی لشکری چوار. شەو لەوێ مامەوە، سبەی هەتا نزیک نیوەڕۆیە ڕایانگرتین، پاشان منیان گێڕایەوە بۆهەنگی دوازدەی ڕەزمی (سەربازخانەی ورمێ) لەوێش وەریان_نەگرتم ئەو جارە ناردیانم بۆ گوردانی دووی هەنگی دوازدەی ڕەزمی. لەویش وەریاننەگرتم؟ ئەوجار ناردیانم بۆ ئەرکانی گوردانی دوو. ئەو چوارپێنج کەسەی دەگەڵ من بوون و لە ستادی هەنگ کردیان بەسەر دەفتەر و (مونشی) هیچکامیان خەتیان لەخەتی من خۆشترو جوانترنەبوو. زانیم دەوڵەتەکە کورد، بە هاووڵاتی خۆی نازانێ، یان بە وتەیەکی دیکە، کورد بەئێرانی نازانێو هەقی خۆشی بوو!
لە گورهانی ئەرکان، کردیانم بە گروباندەستە. دەستەیەکی ٣٠سەربازییان بۆ دیاری کردم ڕۆژانە دەگەڵ باقیگرووبانەکانی گورهانی، دەمبردن بۆعەمەلیات و مەشقی سەربازی. ئاخر مانگی هاوینی ١٣٣٩ بوو، سەرجووخە بووم و دەرەجەی گرووبانیم نەبوو. لەو گورهانەدا، تەنیا ئەمن کورد بووم. سەربازەکانی گورهان، بە دەرجەدار و ئەفسەرەوە، گشتیان تورکی ئازەری بوون و دژەکورد. بەپێی قسەو فتوای مەلاکانیان، کورد، مسوڵمان نیە بەجێی خۆی بە ئێرانییشیان نازانن. زۆرم گوێ لەقسەی دزێو و ئیهانەت دەبوو، وەسەرخۆم نەدەهێنا. تەنانەت سەربازەکانی خۆم، هەر کە چاویان پێمدەکەوت: "کورت کوپەک ئوغلێ گیلدی...!" واتە کوردی سەگباب هات...!

رۆژێک لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەزبەر بوو. بۆ مەشقپێکردنی ڕۆژانە چووبووینە "شێخ تەپەسی"، زۆرم ماندوو کردبوون. دوای مەشق-کردن هاتینەوە سەربازخانە. بە دەستووری سەر گرووبانی، ئەمنیش بە سەربازەکانم گوت: پۆتینەکانتان داکەنن قاچەکانتان بشۆن، چەکەکانتان خاوێن کەنەوە.
دەستووری سەربازی بوو، هەموویان ئەنجامیان دا. ئەمنیش هاتوچۆی لای دەرجەدارەکانی دیکەم دەکرد، بەشێوەیەک خەریک بووم؟
سەربازێکی نابووتەی خەڵکی لای مۆغانێ، چاوی لەلای من نەبوو، چووە سەرجێگاکەی دانیشێ چەکەکەی خاوێن کاتەوە. گوتی:
"ئومەرە لەعنەت، بوگوین ساعەت ئۆنئیکیدا خدمەت قوتاردی. کورت کوپەک ئۆغلی بیزی ئویلدردی نەفەسم چخماس...؟"
واتا: لەعنەت لەعومەر، ئەمڕۆ خزمەت لە کاتژمێر دوازدەی تەواو بوو. کوردی سەگباب ئێمەی کوشت، پشووی لێبڕیوم...
ئەو سەربازانەی منیان دیتبوو، لە فرقەی پێکەنینیان دا. ئیدی ئەو بێڕێزییەم بۆ تەحەممول نەکرا، دەبوو کاردانەوە پێشان بدەم کە سەربازێکی دیکە جورئەت نەکا بێڕێزی وەهام پێبکا. سەربازەکە ئەوە نەبوو بتوانێ لە بەرامبەرمدا خۆی بگرێ، یان توانای ئەوەی هەبێ دەست بکاتەوە. یەکی نابووتەی کورتەباڵا بوو. لەپێشدا بەدابی سەربازی کە بەرپرسیان بووم، خەبەردارم دا بە سەربازەکانی نێو ژوورەکە گوتم: بێ هەرەکە! جا ئەو جارە کەوتمە گیانی "ڕەحیم منیری" سەبازەکە ناوی ڕەحیم مونیری بوو. لێدانێکم لێدا وەک دەڵێن:"عارەب لە گامێشێی نەدابێ"! نازانم کێ؟، بەپەلە خەبەری بردبوو بۆ سەرگرووبان. کاتێک سەرگرووبان گەیشتێ ئەمن لە لێدانی ڕەحیم مونیری ببوومەوە. بەڵام هێشتا هەستم بە تۆڵەی ئەو بێحورمەتییە دەکرد کە بە عومەر کرابوو!...
سەرگرووبان هات دەستی کرد بە شیرەشیرێ، گوتی: کورت "کوپەک ئوغلی. دەدەیین یاندررم سەربازی ئویلدرران؟...

ئەوجارە زۆر بەجیددی هەڕەشەم لە سەرگرووبانی کرد...
سەربازەکە خۆی مراندبوو، بە یەکدوو سەربازان هەڵیانگرت بردیان بۆ پێش دەفتەری فەرماندەی ئەرکانی گوردان، سەرگرووبانیش بەدواوە. ئەمنیش لەپێش گورهانی قەدەمم لێ-دەدا و پیشم دەخواردەوە...
دوو ئیستواری کوردی سنەیی کە هەردووکیان مەسئوول و بەرپرسی گورهانی بێهداریی هەنگ بوون، شوێنی کارەکەیان، دراوسێی گورهانەکەی ئێمە بوو. لە نزیک من قەدەمیان لێدەدا و باسی شەڕی گۆرینیان دەکرد. لە من نزیک بوونەوە، بە فارسی پرسیاریان لە من کرد:
"لەو گورهانە شەڕ بووە؟"
منیش بە کوردی وەڵامم دانەوە گوتم:
"بەڵێ سەرکار نایب، ئەمن بووم دەگەڵ سەبازێک تووشی شەڕ بووم. گوتیان:
" لە سەر چی؟"
ئەمنیش گوتم"ئیهانەی مەزهەبی کردووم و جنیوی بە عومەر داوە، ئەمنیش بۆم قبووڵ نەکراوە..."
گوتیان:
ئەدی بۆ ئەو باوکحیزت نەکوشت؟"
دیار بوو ئەوان زۆر لە من توندتر بوون. لەو قسانەدا بووین گرووبانێک هات گوتی: فەرماندەی گورهان داوات دەکا. سەرگرووبانیش هەر دەیشیڕاند، دەیگوت:
" جەناب سەروان! ئەمن لە زەمانی موسەددیقەوە کورد دەناسم. کورد ئێرانی نیە و لە بەردەرگای دەفتەرێ هەر دەیگوت و دەیگوتەوە...
چووم بۆ پێش دەفتەری گورهان. سەروان مێهدیوون بانگی کردم: "بۆچی لەو سەربازەت داوە؟" ئەمنیش قسەم بۆ نەدەکرا لەداخان. هەموویان گوتیان لەخۆڕا لێی داوە! کەس نەبوو قسەیەکی خێر بۆ من بکا و سەرگرووبانیش هەر جنێوی دەدا، ئەمنیش دامنەنواند.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوجار گرووبان سێیەکی وەزیفە بەناوی (فیرووزسەفەر عەلیزادە)، خەڵکی خۆی بوو گوتی: "جەناب سەروان مەن دوزن دییرم!" فەرماندە گوتی:
"سەفەری عەلیزاد، سەن دووزن دێی. سەن دووز ئادەم سەن"
سەفەر علیزادە گوتی: "جەناب سەروان! کورت دەستور ویردی: سیلاح لاریوزی سیلن...! بۆگیدەدا، ئۆمەری ئەبابەکری ئوسمانی هەمووسینی سویش ئیڵەدی... کورت دا ئاجغلاندا وردی."
واتا:(گوتی جەنابی سەروان ڕاستییەکەی ئەمن دەیڵێم: کوردە دەستووری پێدان چەکەکانتان خاوێن کەنەوە... ئەو هەتیوەش دەستی کرد بەجنێودان بەعومەر و ئەبووبەکر و عوسمانان... کوردەش قینی هەستا، وەریگەڕایە و لێی دا...)
سەروان زۆر ناڕەحەت بوو، رووی کردە سەرگرووبانی گوتی: سەر گرووبان!...
ئەو وتەیەی (سەر گرووبان)ە خۆی مانای کتێبێکی گەورە بوو؟ سەربازەکەی ئەمن لێمدابوو، لەوێ خۆی مراندبوو، کەوتبوو. کاتێک سەروان مێهدیوون گوتی سەرگرووبان. سەرگرووبان ناوی عەبدولحوسینی غولامی بوو، کە هەستێ بەناڕەحەتیی فەرماندەی کرد بۆ سەربازەکە چوو گوتی:
"کوپەک ئوغلێ ئومەری سوێش ئیلاران؟..."
بەسەربازەکەی گوت: کوڕی سەی، جنێو بە عومەر دەدەی؟
بۆی چوو سەربازەکە، کە هەتا ئەودەم خۆی مراندبوو دەرپەڕی هەڵات! سەر گرووبان گوتی بیگرنەوە...
ئیدی ئەمن ئاگام لەوە نیە کە چوونەتە سەر سندووقەکەم، دەفتەرو یەک دوو کتێبی وەک حافزو کتێبێکی ئایەتوڵڵا مەردۆخ بەناوی (دانش‌ودین) دەگەڵ کتیبێکی چووکەی نالی کە تازە هاتبوو بۆ ئیران و... هەموویان هێنابوون بۆ دەفتەرێ؟ وادیار بوو سەرگرووبان دەفتەر و کتێبەکانی بۆ فەرماندە هێنابوون وای زانیبوو ئەوانە هەموویان بەڵگەی زیانبەخش و دژی حکوومەتن، پێشانی فەرماندەیان بدا.

هەواڵنامەی کتێب

لەوانەیە فەرماندەش پێی وا بووبێ ئەوانە بەڵگەی یاساخن؟
فەرماندە بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی گوتی: "ئەوانە هی تۆن؟
گوتم: بەڵی!
گوتی:" ئەوانەم پێشان بدە و بۆم بخوێنەوە بزانم ئەوە چین؟"
یەکی یەکی هەموویانم پێشانیدا. ئەو جارە شوێنی چاپو چاپخانەکەشم پێشان دان... دوایی هێندێک لە دەفتەرەکەی ئامووزشگای گرووبانی ڕوانی کە دەرسی سەربازی بوون و تەماشای نووسراوەکانمی کرد، گوتی:
"دیارە ئەتۆ خەتت خۆشە، ئەوانە خەتی خۆتن؟ ئەمنیش گوتم بەڵی جەناب سەروان! پێش هاتنی من بۆ گورهان مونشیی دەفتەرەکەی کە سەربازێک بوو، ماوەی خزمەتی سەربازیی تەواو کردبوو، چووبۆوە وڵاتی خۆی. کوڕێکی میاندواوی وەک مونشی نا، زۆرتر وەک خزمەتکاری دەفتەر و نامەبەر، لە لای بوو. ئیدی ئەو کوڕە هەر ئەوەندە بوو دەرگای دەفتەرەکەی بۆ دەکردوە و خاوێنی دەکردەوە و نامەکانی بۆ گوردان دەبرد. کارەکانی دەفتەریش، سەروان مێهدیوون خۆی ئەنجامی دەدان. ئیدی لە جیاتی سزا، کردمی بەمونشیی دەفتەر. زۆری دڵخۆشی دامەوە گوتی: برۆ ئەسبابەکانت بێنە دەفتەر... رۆژانە لە دەفتەر دەبووم، شەوانەش لە گورهان دەخەوتم. ئیدی سەرگرووبان کە بەدوای بەڵگەی دژی شاهەنشایدا دەگەڕا دەسکەوتی نەبوو. ئەوجارە سەروان کردمی بە مونشیی دەفتەری ئەرکانی گوردانی دوو. دەگەڵ سەروان مێهدیوون نێوانمان زۆرخۆش بوو، سۆزی بەرامبەر بەمن هەبوو، ئەفسەرێکی خوێندەوار و خەتخۆش، شارەزای ئەدەبیات و شێعری شاعیرانی وەک: حافز و سەعدی بوو...!

وەک مونشیی دەفتەر لای سەروان مێهدیوون مامەوە. چاردە مانگ بوو لە سەربازخانە سەرباز بووم. رۆژێک تێلگرافێکم بۆ هات لێی نووسرابوو. بەو ژمارەیە... رۆژی فلان ئەنجومەنی شاری مەهاباد لە کۆبوونەی خۆیدا لە حەوزەی نیزاموەزیفە، محەممەدی خزریی

وەک کەفیل ناساند و... خۆت وەدوای نامەکەی خۆت کەوە...؟ ژمارەی نامەکەی لەسەر تێلگرافەکە نووسرابوو. تێلگرافەکەی ڕەوانشاد سەیدعەلی حەسەنپوور بۆی ناردبووم.
دەگەڵ سەربازێکی مەهابادی ببووم بە ئاشنا، ناوبراو لە ستادی لەشکری چواری ورمێ بوو، بەناوی قادر ئەسحابی. چوومە لای قادر، لەستادی لەشکر، جەرەیانەکەم پێگوت. ناوبراو گوتی وەرە! دەگەڵ خۆی بردمی بۆ دەفتەری ناوەندی پەیام. لەوێ نامەکەمان دیتەوە دایە بەردەستی کەسێک، سەرباز بوو یان گروبان لە بیرم نەماوە؟ کەمتر، یان زیادتر لە حەوتوویەکی کێشا، نامەکە نێردرا بۆ هەنگی دوازدە و لە وێشەوە بۆ گوردان و گورهان. کاتێک نامەکە لە گوردانەوە هات، ژمارەم لێدا و لەپێش سەروانم دانا.
سەروان چاوی بە نامەکە کەوت، سەری سوڕمابوو لای سەیر بوو. ئەگەر ئەمن کەفیل بوومە ئەدی ئەو چاردەمانگە خزمەتە دەبێتە چی و لەسەرچی حیساب دەکرێ؟... بەرگەی کەفالەت و مەعافییەتی سەربازیم بۆ هات. ئەو ماوەیەی لەلای سەروان مێهدیوون بووم، هیچ جۆرە (تبعیض)یکم بەرامبەر بەخۆم لەلایەن ناوبراو، هەست پێنەکرد و بەخاترەیەکی خۆشەوە ماڵئاواییم لێ-کرد و سەربازخانەم بەجێ هێشت.
هەروەها بۆ ماڵئاوایی چوومە لای دۆستە سەربازەکانم وەک: ڕەحیم ئاگووشی و کاک ڕەسووڵی دیبۆکری و محێدین مودەرریسی... ماڵئاواییم لە گشتیان کرد و بەرەو شارۆیران و گوندەکەی خۆمان قەرەشلاخ گەڕامەوە.
دەبێ ئەوەش بڵێم لەو ماوەیەدا کە لەدەفتەر بووم، سەروان ئیجازە و وەرەقەی دایمیی دابوومێ، لە کاتەکانی مەجاز و غەیری خزمەتدا، دەمتوانی وەک هەموو گرووبانێکی کادر، بێمە نێوشار. هەروەها لەو ماوەیەدا دووجار ئیجازەی سەفەری چەندڕۆژەی دابوومی، سەردانی ماڵی خۆمانم کردبوو.

***

# فەسڵی ٤

## ئازادبوون لە سەربازی خەون وخەیاڵی ئەویندارى...!

لاو بووم، وەک هەمووﻻوێک، خەونوخەیاڵی ئەویندارى لە دڵودەروونمدا هەبوو، بەڵام هێشتا بڵێسەی نەستاندبوو. ناتوانم وەک پسپۆڕێک لەسەر خۆشەویستیی دایک بەرامبەر بە رۆڵەی خۆی بدوێم، ئەو بابەتە داستانێک نیە لە توانای مندا بێ، ئەو باسەی بۆ کەسانی زاناو لێکۆڵەر، بەجێ دێڵم. ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم تاقیکردنەوەو سەربردەی خۆمە و...

دایکی منیش وەک هەموو دایکان، بە ئاواتەوە بوو: کوڕەکەی خۆی پێبگەیەنێ و ئەو جۆرەی خۆی ئاواتی بۆی دەخوازێ بە ئیرووی بکا...

تاقانەی ئەو بووم، ئێستێ ماشەڵڵا بۆخۆم بوومەتە پیاوێک. حەزی دەکرد کوڕەکەی ببێتە خاوەنژنوماڵ و بەئیروو بێ و... سەرەڕای دەیان ئاوات و ئارەزووی ژیانی زەحمەتکێشی خۆی، دەخەمی ژن-هێنانی کوڕەکەشیدا بوو. ئاخر بە وتەی خۆی: ئەو تەنیا هەر ئەوتفڵەی هەبوو حەزی دەکرد، بە زیندی سەری، ژنێکی بەدڵی خۆی بۆبێنێ و چاوی لەسەری بێ و لێی دوور نەکەوێتەوەو ببێتە گۆچانی دەستی پیریی و...!

هەرجارەی پێکەوە دەبووین وەگوێی هەڵدێنام: "بریا نەمردبام هەتاژنێکی باشو بەمشووری بەدڵی خۆیم بۆ دەهێنا، جا ئەوجار دەمردم چش"!...

پێش ئەوەی لەسەربازی ئیزن بدرێم و سەربازخانەی بەجێبێڵم، بۆ سەردانو پارەی جلکان هاتبوومەوە ماڵی خۆمان. دەگەڵ دایکم دووبەدوو لە ماڵ بووین قسەی بۆ دەکردم، گوتی:

"ماڵە حەلی مینەی ئامۆزای، لە گوندی بەردەڕەشان باریان کردوە، هاتوونەتە سابڵاخی. کاتێ زانیویە چووتە سەردانیان. مینە کچێکی هەیە بروانـاکا لە هەموو کوردەواری ژنێکی وا ئاقڵو

ژنچاک و بەمشوور هەبێ! هاوتەمەنی خۆمە، پێمگوتوە، کوڕێک هەیە لە سەربازییە، دێتەوە ئەگەر بەدڵت بوو، حەزدەکەم ببێ بەبووکی پووڕێ خۆی. ئەگەر هاتیەوە، بچۆ بیبینە، کچێکی زۆر جوان و ئاقڵ و ڕەشیدە و..."
ئەوەیەکەم جارم بوو دایکم کچێکی بەدڵی خۆی، بۆ دیاری دەکردم.

جگە لە دایکم، لەبارەی ئەو کیژەوە کەسانی دیکەش باسیان بۆ کردبووم، بەڵام نەک بەشێوەی ویستو ئەلاقەی دایکم. دەگەڵ چەند سەربازی کوردی خەڵکی بەردەڕەشان، لە گورهانێک بووین. جاروبار کاک رەسووڵی برای ئەو کیژەی دایکم لەبارەیدا دەدوا، بەبۆنەی خزمایەتی دەهاتە سەردانم. بە هاتنی کاک رەسووڵ، سەربازەکانی هاوئاوایی کە زانیان پێکەوە خزمین، دواتر دەنێوان قساندا باسی خوشکی کاک رەسووڵیان بۆکردم. وەک ئەوان باسیان دەکردو دەیانگوت: کاکی نابەدڵ، بەزۆر، بۆ خۆی بەژن دابوو...
بەهەرحاڵ، ئەمن لەسەرئەو کیژە، لەزمان سەربازە هاوڕێکانم هێندێ زانیاریم هەبوو. بەڵام لای دایکم باسی بیستنی خۆمم نەکرد. کاتێک دایکم باسەکەی بۆ کردم لە رووم نەهات بڵێم باشەیان نا و متەقم نەکرد. لە دڵی خۆمدا تەمام گرت بیانوێک بدۆزمەوە بچمە ماڵیان، چاوم پێی بکەوێ.
ئەوکاتەی لە سەربازی ئیزن درام بگەڕێمەوە وەک باو بوو، بۆ ماڵئاوایی چوومە لای دۆستە سەربازەکانم، لەوانە چاوم بە کاک رەسووڵی خزمیشم کەوت. ناوبراو داوای لێکردم دەبێ بەسابلاخدا بچمەوەو سەردانی ماڵیان بکەمو خەبەری ساخیو سلامەتیی ناوبراو بۆ دایکوخوشک و کاکی بەرمەوە...
هەروام کرد! هاتمەوە سابلاخ. بەو ناوونیشانەی دایکم پێی گوتبووم ماڵەکەیانم دۆزیەوە. چووم تەنیا دایکی لەماڵ بوو. سلاوم کرد و خۆم ناساند چکەسم. ئەوجارە پوورە زبێد دەستی

دەئەستۆ کردم، ماچی کردم و زۆری بەخێرهاتن کردم. خۆشحاڵ بوو لەوەی چاوی بەکوڕی ئامۆزا زارای کەوتوە ماشەڵڵا لەخوێ...
ئەمنیش بەنۆرەی خۆم خەبەری ساخیی کاک رەسووڵی کوڕیم پێ-ڕاگەیاند. ئەوەندەی پێنەچوو، کچەکەشی هاتەوە، ئەویش بە گفتێکی پڕلەڕێز و حورمەت، بەخێرهاتنی کردم. دایکی پێیگوت: ئەوە محەممەدی کوڕی ئامۆزا زارایەیە! ئەوجارە زۆرتر لەپێشوو بەخێرهاتنی کردم. ئەمنیش بە چاوی مشتری سەیرم دەکرد و وەڵامم دەدایەوە. لە هەمانکاتیشدا قسەکانی دایکم هەڵدەسەنگاند، پێموابوو دایکم بەهەڵە نەچووە. زۆرم بەدڵ بوو. ئەوجارە هەریەکتردیتن و ئاشنابوون و یەکترناسین بوو، هیچیتر. ئاشقی شێوەی دوان و گفتەکانی بووم. بەودیدار و چاوپێکەوتنە قەناعەتم هات و بەدڵی خۆش گەڕامەوە ماڵ.
دایکم زۆرشاد بوو کوڕەکەی لە سەربازی گەڕاوەتەوە... خێرا پرسیاری لێکردم چوومەتە سابڵاخ ؟
:بەڵێ
چاوت بەفاتمێ خوشکت کەوت؟
: بەڵێ!
ئەدی چوویە ماڵە حەلی؟
گوتم: بەڵێ چووم!...
ئیدی لەوە بەدوا بووین بە ئاشناو پێوەندی و هاتوچۆمان دەستی پێکرد. پەیڤو دوانی ئاسایی شوێنی خۆیان دا بەپەیڤی ئەڤینداری. ئیدی بووینە ئەویندار و دڵدار. هەرچی خەونی هەمانبوو دەربارەی داهاتووی خۆمان لە یەکترمان نەدەشاردەوە، ڕاشکاوانە باسمان لێوە دەکرد...
موشکیلی هەرەگەورە و بەربەستی پێشمان، کاکی بوو، ژنەکەی مردبوو، بێهاوسەر و کابان مابوو. وابزانم دوای تێپەڕبوونی ساڵێک لە ئاشنایەتیمان بوو، هێشتا کاکی نەببوو بەخاوەنی ژنوماڵ. دایکم لەمن بەپەلەتر بوو. دەگەڵ دۆستێکی خۆم، چوون بۆ خوازبێنی...



هەواڵنامەی کتێب

وەڵامی خوازبێنییەکە وەڵامەکەی ئەرێنی نەبوو ویستو داخوازی دایکمی بەجێ نەهێنابوو. کاکی هەرچەند نەیویستبوو، دایکم بە ناڕازی بەڕێ کاتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا، بێژنیو بێکابانیی بۆخۆی کردبوو بە بیانوو...!
بەکورتی خوازبێنییەکەی بێئاکام بوو. ئەمن لەوە بێئاگا نەبووم کە تووبا منی لەقوڵایی دڵەوە خۆش دەویست. ئەمنیش بەنۆرەی خۆم پێموانەبوو لەسەر ئەو تۆپی زەوییە جگە لەتووبا ئافرەتێک هەیە ببێ بە هاوسەرم. ئاشقی یەکتر بووین، ئاشقو دڵداوێکی خاوێن، دوور لە کەڵێنو قوژبنان؛ ئەوەی بوومان: خەونەکانی داهاتووی خۆمان بۆیەکتر دەردەبڕی!
دوای خوازبێنییە بێئاکامەکە، دایکم زۆر سەخڵەت بوو، خۆی بەشکست خواردوو دەزانی. لە پێشدا پێی وانەبوو کاکی دژایەتیمان دەکا. ئەوجارە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکەی خۆی، کەوتە شوێن پەیداکردنی ژنێکی دیکە بۆمن. خزمێکمان هەبوو، کچێکی هەبوو، ئەوی بۆ هەڵنابووم. لە ڕاستیدا کچی خزمەکەمان، وێڕای ئەوە بنەماڵەیەکی جێگای ڕەزامەندیی خۆمانو ڕێزی خەڵکی ناوچە بوون، زۆریش جوان بوو. ئەمن لە ماڵی باوکی کچەکەی وەک کوڕی بنەماڵە بووم، هاتوچۆ، و خزمایەتیمان لەرادەبەدەر خۆش بوو. بەڵڵام ئەمن هەرگیز بەدڵمدا نەهاتبوو، رۆژێک لەرۆژان دەگەڵ ئەو کێژە پێکەوە بین بە هاوسەری یەکتر، لەوبارەیەوە هەرگیز قسەمان پێکەوە نەکردبوو...
خوشکم هاوسەری مامی ئەو کیژە بوو. دایکم، دەگەڵ کیژەکەو دواتر دەگەڵ دایکوبابی باسەکە دەدرکێنێو دەهێنێتە گۆڕ، بەداخەوە هیچ کامیان دژ نابن. ئیدی دایکم بێئەوەی دەگەڵ من پێشتر باسی کردبێ دەچێتە قزڵقۆپی و داوای دەکا. دایکوباب واموخاڵ، هەموویان دەڵێن هەر پیرۆزبایی دەوێ...
دایکم بە هاتنەوەی بانگی دۆستی خۆشەویست و هاوڕێی هاوخەباتم، کاک محەممەدیارەی کردبوو، لە ماڵی خۆمان

جەرەیانەکەی دەربڕی. محەممەد یارەو حەمە شەعیلە کە هەر دووکیان دۆستی خۆم بوون، گوتیان هەر پیرۆزبایی دەوێ. ئیدی زۆریان لەو بارەیەوە قسە بۆکردم... ئەوە ڕاست بوو، بنەماڵەی کیژەی لە شارویران ناسراو بوون...

بەو قسانە بەسەریاندا سەپاندم، بێئەوەی نارەزایەتی دەربڕم گوتم باشە! حەوتووی نەبرد، کورد گوتەنی کیژەیان لێ مارە کردم. شکم لەوەدا نەبوو کچی خزمەکەمان لە تووبا جوانترە، کەمتەمەنتریش بوو. لە بنەماڵەیەکی وەرزێری دەسڕۆشتووش بوو. نازانم چ حەماقەتێک بوو، بۆچی قەناعەتم هات. هەتا ئێستێ بۆ ئەو کارە نابەدڵو نابەجێیە جگە لە حەماقەتو لەڕوودامان، هیچ وەلامێک شک نابەم خۆمی پێ قانع بکەم. وازهێنان لە تووبام بۆ سەخت بوو، هەرچی بیرم لە داهاتووی هاوسەریی خۆم دەکردەوە، جگە لەتووبا کەسی دیکەم نەدەکەوتە بەرچاو.

چەند مانگ دوای ئەو ماجەرایە، چوومە سابلاخ چاوم بەتووبا کەوت و جەریانەکەم بێدرۆ بۆ باس کرد. ئەویش بزۆزیی دایکم لەلایەك و کەللەشەقیی کاکی بەهۆی سەرەکی دەزانی. سووربوونی خۆی لەسەر ئەو بەڵێنەی پێشتر پێی دابووم دووپات کردەوە.

هەتا ئەو کیژەم مارە نەکردبوو، زۆرم هاتوچۆی ماڵی خۆشکم دەکرد، بەلام دوای مارەکردنی ئەو کیژە نەدەچووم.

دایکم زانی ئەلاقەم بەو کیژەوە نیە بەلام تازە کارێک بوو کرابوو بە وتەی خۆی: "سواری کەرێ عەیبێک دابەزینەوە دوو عەیب!"

ئیتر ماجەرا گەلێگ مانگوساڵی بەسەردا تێپەڕین. ئەمن تووشی قاچاخیو دەبەدەری هاتم لەگەرمێن بووم بە پێشمەرگە، لەحاند ئەو کیژەی خزممان خۆم زۆر بە شەرمەزار دەزانیو زۆری پێوە سەخڵەت بووم.

دەگەڵ مەلا محەممەدی عەجەم بابەتەکەم هێنایە گۆڕێ. لە یەکێک لە سەفەرەکانمان بۆ رۆژهەلاتی کوردستاندا ، ناردم بەدوای ئامۆزاکەیدا و داوای لێبووردنم لێکردن. بە حزووری کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی حیزبی دەستم لە ئامۆزاکەی هەڵگرتو

بەنووسین ئیزنم پێدا بە کەیفی خۆی و هەرکەس بەباش دەزانی شووی پێبکاو داوای لێبووردنم لێکرد و هیوای خۆشبەختی و ئاخر خێریم بۆ خواست... بەخۆشییەوە دواتر دوعاکەم قبووڵ بوو مێردی کرد و ژیانێکی خۆش و بەختەوەرانەی بردەسەر و ئەمنیش لەحاند دایکوباوکی ویژدانم نەختێ ڕاحەت بوو.
دەگەڵ تووبای خۆشەویستم هەرگیز پێوەندیمان نەپسا و هەتا پێک گەیشتین و کۆتایی ژیان سەبارەت بەیەکتر بە وەفاداری و هاوسەرییەکی سەمیمیماینەوە یادی بەخێر!
ئەوچەند دێڕەم بۆیە نووسین کە خۆم لە هەڵەو نەزانینی خۆم نەدزمەوە!

***

## دووکانداری

هەروەک ئامازەم پێداوە: بەرلەوەی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی نوێ بێتەوە، کۆتایی مانگی ڕێبەندان یان مانگی ڕەشەمە بوو، هاتمەوە ئاوایی قەرەشلاخ، لای دایکمو بابم. بۆ هەمیشە وازم لە خوێندنی مەلایەتی هێنا. نیازی کاسبیو ئاڵوویرم هەبوو. دوکانێکی چووکەی هەژارانەمان هەبوو، بابم خۆی پێوە خافلاندبوو، بژیوی ڕۆژانەی خۆیانی پێ دابین دەکرد...
ئەمنیش لاو بووم، کورد گوتەنی: سەرێکی بەتاڵ و دڵێکی پڕلەئاوات! هەرچی کەسبوکار بوو شارەزاییم لێینەبوو جگە لە وەهموخەیالات، بەکردەوە هیچ ئەزموونێکم نەبوو.
برایەکی زاواکەمان، بەناوی "عەلی بارام" ڕۆژێک هات پێشنیاری پێکردم: پێکەوە ببینە شەریک لە قەرەشلاخ دوکانێک دانێین. گوتم کاکەعەلی، ئەمن دەسمایەم نیە دوکانی پێدابنێم. ناوبراو گوتی دەسمایە لەمن، پێڕاگەیشتن و حیسابدارییش لە ئەستۆی تۆ...!
پرسوڕام بەبابم کرد، بابم ڕازی نەبوو، زۆر بەنابەدڵی گوتی: کەیفی خۆتە بۆخۆت دەزانی. بابم ڕازی نەبوو بەجێی خۆی،

دایکم زۆر ڕاشکاوانە ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕی. دەیگوت: "ئەمن عەلی بارامم بەقەد تۆ خۆش دەوێ، بەڵام نامەوێ بەهیچجۆر وەتایفەی بابەکری کەوم". حەزناکەم دەگەڵیان تووشی ئاڵووێر بی. دایکم لە دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگای کوردەواری بەری نەبوو، بەڵام لە هەمانکاتدا ژنێکی ئاقڵ و بەزیپکوزاکوون بوو. بەهەر حاڵ کاک عەلی، دەستبەردار نەبوو هەتا قەناعەتی بەدایکم هێنا دەگەڵی ببم بە شەریکەدوکان. کاکعەلی دەگەڵ ئەوەی ماڵی لە سابڵاخ بوو، زۆرتر لە قەرەشڵاخ دەژیا و لە ماڵی ئێمە دەمایەوە...

دەگەڵ کاک عەلی چوومە مەهاباد، لەوێ لە قەندوچا و ڕۆن و ئەو بابەتانەی بۆ خەڵکی دێهات پێویستی ڕۆژانە بوون، بایی دوو هەزارتمەنێکمان کەلوپەل لە کاکی و میرزا ڕەحمانی لالەعەبباسی کڕی. ئەو دەم قەرشڵاخ ڕێگای ماشێنی نەبوو، بەداشقە و بارگین کەلوپەلەکانم لە مەهابادەوە هێناوە قەرەشڵاخ. کەمتر لە مانگێکم دەگەڵ کاک عەلی شەریکە دوکان بووین. لە بەختی ڕەشی من، کاک عەلی بارام، نەخۆش کەوت، بەپەلە بردیان بۆ تاران. تووشی نەخۆشیی سیل ببوو، لە نەخۆشخانەی سیلی تاران بۆماوەی نزیک بەساڵێک خەواندیان. چوومە سابڵاخ بە زاواکەمانم گوت: ئەوە کاک عەلی نەخۆش کەوتوە، حەز دەکەم بابەتەکانی دوکانەکەم لێ وەرگریەوە، ئەمن پارەم نیە و ئەو توانایەش لەخۆمدا بەدی ناکەم بتوانم لە عۆدەی بێمەدەر. دووهەزار تەمەن، پووڵێکی زۆرە، دەخۆمڕا نابینم خۆم دەگژ ئەو بارە قورسە ڕاکەم.

زاواکەمان گوتی: جاچۆن شتی وادەبێ، ئەمن لە جیاتی دوکان بۆتۆ دانیم، ئێستێ هێندێ کەلوپەلت بردوە بیفرۆشی، لەتۆی بستینمەوە؟ ئەمنیش لاوێکی سادەی بێئەزمون، دوور لە فڕوفێڵ و خۆشباوەڕ، بڕوام پێکرد. هاتمەوە، بێ خەبەر لەوەی ئەو کەلوپەلانەی داویە بە ئێمە، جگە لە خواردەمەنییەکە، لەوشتانە

بوون کە بۆی نەفرۆشراون و هەمووشی بەسێ قاتی نرخی خۆیان داون بە ئێمە. بێئەوەی ئاگام لە نرخی بازار هەبێ.
کورتوکرمانجی ماڵەقەڵبەکەی خۆیبەمن ساخ کردەوە...

***

## باغی قەرەداغی؟

بابم ئاشنایەکی ڕاوچیی هەبوو بەناوی سوارە مەنگوڕ، لەمێژ نەبوو ماڵی هاتبوو قەرەشڵاخ. ڕۆژێک هاتە لای بابم پێشنیاری پێکرد: باخی قەرەداغی دەگەڵ بەئیجارە بگرێ. بابم ئامادە نەبوو. سەری لەوجۆرەکارانە دەردەچوو. دەیزانی میوەی باخی قەرەداغی نەلەشار فرۆشی دەبێ نە لەشارۆیران خورد دەبێتەوە. میوەکەی بۆ تاریف نەدەبوو، ئەودەم خەڵکی شارۆیرانیش هەژارو نەدار بوون. جگە لەکاتی خەرمانان، کەمکەس توانای کڕینی میوەی هەبوو. کاکە سوار بابایەکی بێکار و هەژار بوو، چووبووە لای ئەحمەداغای قەرەداغی داوای لێکردبوو باغەکەی بەئیجارە بداتێ. ئەحمەداغا گوتبووی: ئەگەر شەریکێکی باشت هەبێ بۆنا، بەئیجارەت دەدەمێ. سوارە هاتەوە، ئەوجارە منی ساز کرد بچینە باغی قەرەداغی لە نزیکەوە سەیری بکەین.
یەکەمجار بوو بچم بۆ سەیرکردنی باغ. ئەوەندە شتزان نەبووم بەڵام لەباغ هەرهیچم نەدەزانی. ئەگەر شام بووایە لەجەگەن، قامیش، لغە و لوولە و سێسوو، قاقرودان و... تاڕادەیەک سەرم لێدەردەچوو، بەڵام قەرەشڵاخ نەباغی هەبوو نەدار، ئەوەی هەیبوو تەنیا دارێک بوو؛ بەویشیان دەگوت دارەپەڵک!
دەگەڵ سوارە بە دووچەرخەی چووینە باغی. باغ چباغ قەیسی و هەڵوژە لکی دارەکانیان داهێنابوو. کابرایەک ڕەسووە ڕەش، باغەوانی ڕەسووڵاغای بوو. ناسیاوی بابم بوو. چوومە لای لە مەڕ نرخو داهاتی باغەکە پرسیارم لێکرد.

سۆفی ڕەسووڵ گوتی: ئەگەر بۆتان خورد بێتەوە بە هەزارودووسەد تمەن بەئیجارە بتاندەنێ، لەوانە قازانجێ بکا. ئەویش بەو مەرجەی بتوانن خوردی کەنەوە و باشی ڕەنێو بێنن!...

تەبلیغاتی سوارە و لێنەزانیی خۆم بەسەرمدا زاڵ بوو، دەگەڵ سوارە باغەکەمان لە ئەحەمەداغا بە ئیجارە گرت...

بەهەرحاڵ لە دوکانداری سەرکەوتوو نەبووم. دوکانەکەم بۆ بابم بەجێ هێشت. بەو هیوایە بە باغداری شکەستەکەم قەرەبوو بکەمەوە. هەتا هەڵووچە و قەیسی ئاڵوبۆڵ نەبوون، هەربەهیوای قازانجی زۆر بووین. کاک سوارە ژیانێکی پڕ لە تراژیدی و ناسەرکەوتووی بەڕێ کردبوو. بەهیوا بوو داهاتوویەکی باشتر پێشوازیی لێ بکا. هەرشەوە لایەکی باغەکەی بۆ حیساب دەکردم و بەشە ئیجارەی ئاغای لێ دەردەکرد، بەقازانجێکی زۆرەوە سەری وەسەر سەرین دەکرد. ئەو ڕۆوتە درێژەی کێشا هەتا هەڵووچە و قەیسی پێگەیشن. کاتێ قەیسی و هەڵووچە پێگەیشتن، کەسی کڕیار نەبوو بەجێی خۆی، مشتەریی بانگ نەکراو بەهەزاران وەسەر باغی گەڕان؟

خەزایی، سێبەری لەسەرباغی دەکرد، بە دووتفەنگی ساچمەزن دەرەقەتی خەزایی نەدەهاتین. چاویان لە گوللەی نەدەترسا. ئەو جارە دەرەقەتی کڕینی ساچمەو باڕووتی ساچمەزنەکانیش نەدەهاتین! لەسەر ئەوداره دەفڕین لەسەرداریێکی دیکە دەنیشتنەوە. بەو میوەیەی دەیانخوارد زۆر ناڕەحەت نەبووین، ئەوەی بەدارەکەشەوە مابا بە هەردیان وەردەکرد و دەیانوەراند. ئەو جارە ئەو کیسەیەی بۆ قازانجی باغی هەڵماندرووبوو، کون بوو، خەزایی مایەکەشیان خواردبوو...

شەوێک لەباغی سوارە بەخەمباری رووی کردە من گوتی: میرزا محەممەد براڵە تەگبیرێکی دیکەم کردوە. گوتم فەرموو کاکە سوار!

: سبەی بە دووچەرخەی بچووە گوندی گابازەڵە و کێچاوایە، لەوێ دە، دوازدە منداڵان بگرە ئەو میوەیەی خەزایی دەهەردی دەکەن کۆی کەینەوە هەڵیخەین، وشکی کەین، دەبێتە وشکەبار پارەی چاک دەکا.
ئەمنیش بەقسەی کاکە سواری قەناعەتم هێنا بۆ بەیانی چوومە گابازەڵە و کێچاوا کۆمەڵە منداڵیکم گرت بۆ کۆکردنەوەی هەڵووچان. هەریەکەی تمەنێکو میوە بەشی ماڵی خۆیان...
ڕۆژی وابوو نزیکەی پازدە بیست تمەنمان خەرجی کۆکردنەوەی ئەو هەڵووچانە بوو کە خەزایی بۆی بەردەداینەوە. ئەو ڕەوتە ماوەیەک درێژەی کێشا. نازانم بابم چی زانیبوو؟ ڕۆژێک هات. شارەزای باغەکە بوو. بەنێو باغەکەیدا گەڕا، بەسەرکەلاکی هەڵووچەی کۆکراوەدا کەوت کە مندال بۆیان کۆ کردبووینەوە. بابم گوتی کاکە سوارە، ئەوە چەندتان بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەڵووچانە خەرج کردوە؟
سوارە گوتی مامە لەوانەیە هەمووی دووسەت هەتا سێسەد تمەنی لەسەر قەرزدار بین پوولێکی هێندە زۆر نیە، هەڵووچەکان دەفرۆشین، هەڵووچەی وشک پارەی چاک دەکا نەمانهێشت خەسار بن.
بابم دەستی کرد بە پێکەنین، پێکەنینێک ئاوی بە چاوانەوە بەند نەدەبوو.
گوتی کاکە سوارچما هەموو هەڵووچەی باغەکەی وشک کەیەوە بایی ٢٠٠ تمەن دەبێ؟ ئەتۆ بەقسەی خۆت ٣٠٠ تمەنیشی لە سەر قەرزداری.
سوارە گوتی: مامە، پێم حەیف بوو خەسار بن.
بابم گوتی قسەیەکی خۆشە: بۆئەوەی هەڵووچەکان خەسار نەبن سێسەت تەمەنیشت مایە بۆ داناوە، بۆئەوەی پێت نەڵێن باغەکەی پێ ڕەنێو نەهاتوە.

هەر ئێستا کتێب

سوارە دەیزانی بابم لەگۆمیکی دیکەدا مەلەی دەکا. تازە کارەکە کرابوو. گوتی دەڵێی چی مامە ئەو هەڵەیەمان کردوە بمانبوورە، ئێستێ چ بکەین؟
بابم هیچی بەمن نەگوت. چووە بۆ قەرەقشلاخێ. گوتی ئاگاداری ترێیەکە بن، گورگ پێی فێر نەبن. گورگی شاخەڕەشی قەرەداغی بە ناوبانگ بوون. شەوانە دادەگەڕانە خۆوار دەبوونە میوانی بانگنەکراوی باغەکەی ئێمە...
ئەوەندەی لە کرێی کرێکارانمان دابوو، دوو ئەوەندەمان بە ساچمە و باڕووت دابوو بۆ تەقەکرن لە گورگان...
لەقازانج و زیانی باغ دوور دەکەوینەوە بزانین لەنزیک باغ چ-ڕووی داوە؟

***

## عەلی دوورەبەش؟

هەواڵنامەی کتێب

هاوینی ١٣٤٠ بوو، وەرزێڕ لەدروێنەی ببوونەوە، خەریکی کێشانەوەی کلۆش و جەنجەڕ بوون. لە پێش ئەو باغەی کە ئێمە بەئیجارەمان گرتبوو، لەڕاست باغی رەحماناغای، زەوییەک هەبوو کرابوو بەجۆ. هی ماڵی "قاسم دوورە بەش"ی بوو. رۆژێک لەڕۆژە گەرمەکانی هاوینی ١٣٤٠ی هەتاوی بوو. راست لە جەنگەی نیوەڕۆدا، ئەو ڕۆژە کوڕی قاسم دوورەبەشی، ئەگەر لە بیرم مابێ پێموابێ ناوی عەلی بوو؟ عەلی بوو یان ناوێکی تر؟... دەگەڵ مێرمنداڵێک هاتبوو کلۆش لە عارەبەی بار بکا بۆ جێ-خەرمانان. وەک مەشەدی دەیگوت: کلۆشەکەی لەعارەبە بار کردبوو خەریکی گوریسکێشان دەبن، مەحموودی بابکراغای قەرداغی، دەگاتێ. دەڵێ عەلی والێکراو، ئەوە بۆ نەچوویەتە پووشی بەندێ؟ ئاخر مەحموود لەزمانشڕی و جنێوفرۆشیدا بەرامبەر بەڕەعییەتەکانی، بەناوبانگ بوو. ناوبراو سواری ئەسپ دەبێ...

عەلی دەڵێ: ئاغائەوە دەڕۆم، کلۆشەکەی لە جێخەرمانان فڕێ دەدەم و دەڕۆم بۆ (یالمی) قەرەشلاخێ.
مەحموداغا دەڵێ: دەبێ هەر ئێستێ کلۆشەکەت لێرە فڕێدەی و بڕۆی بۆشامی قەرەشلاخێ!
("ئەو دەم پووشی بەندێ"، پووشی بەندەکانیان لە شامی قەرەشلاخ دەهێنا.)
عەلی دەڵێ: ئاغا! کلۆشەکەم لێداوە تەواو بووە، ئیجازە بدە گوریسەکان بکێشین، جێخەرمان، لە سەر ڕێگایە عارەبەکەی لەوێ هەڵدەرێژم و دەڕۆم بۆشامی قەرەشلاخێ، بۆلێرەی هەڵڕێژم و بەسەڵتی بگەڕێمەوە؟
مەحموداغا دەڵێ: گەواد! ئەمن دەڵێم کلۆشەکەی لێرە فڕێدە و بڕۆ، چیدی زماندرێژی دەگەڵ من مەکە، هەی...
عەلی زۆری لەبەر دەپاڕێتەوە: ئاغا ڕێگاکەم بە جێ-خەرمانانندایە، لوتف بکە با عارەبەکەی لەوێ هەڵڕێژم.
مەحموداغا دەڵێ: نابێ. گەواد چما لێم بوویەتە کەڵەگا دابەزە هەی والێکراو جوابەجەنگیم دەکەی؟
هەرچەند عەلی نەرمی دەنوێنێ مەحموداغا، بەزارشڕی لێی رژدتر دەبێ و زۆرتری بێ حورمەتی پێدەکا.
عەلی دەڵێ ئاغا ئیختیارت هەیە دێمەخوار گوریسەکان دەکەمەوە عارەبەکەی هەڵدەڕێژمو دەڕۆم!...
عەلی جوامێر! بەخەرەزەنەوە لە عارەبەکەی دادەبەزێ. مەحموداغاش سواری ئەسپە لە کن عارەبەکە ڕاوەستاوە، بێ-ئەوەی بەخەیاڵیدا هاتبێ کە عەلی پەلاماری دەدا.
عەلی، دادەبەزێ زۆر بەشێنەیی لە مەحموداغا نزیک دەبێتەوەو جڵەوی ئەسپەکەی دەگرێ و بەخەرەزەنان وەری-دەگەڕێتێ: "چت خواردوە ترشو چەوەندەر"؟ بە خەرەزەنان شڕی دەکا، هەرخەرەزەنەی دایدەوەشێنێتێ زوێڵە چەرم لە بەدەنی مەحموداغای دەکاتەوە هەتا لە ئەسپەکەی دەکەوێتە خوار، عەلی دەستی لێهەڵناگرێ هەتا نووزەی لێدەبڕێ لێیدەدا. دوای

ئەوە، جەندەکی نیوەگیانی مەحمووداغا بەجێ دێڵی. عەلی بەشێنەیی بەنیوان باغی رەحماناغا و باغی گەورەدا، بەرەو ئاوایی گابازەڵە، بۆی دەردەچێ و دەڕوا کە ڕۆیی!

لەو کاتە گەرمەی نیوڕۆیەدا، جگە لەمەشەدی باغەوانی ڕەحماناغای، بەندەی خودا بەدەرەوە نابێ. مەشەدی بابایەکی تریاککیشی بێدەستوپل بوو. وەک تەماشاچی سەیری ئەو ڕووداوە دەکا. مەشەدی عەجەمێکی، خەڵکی مەڵبەندی مەراغەی بوو، ئەگەر توانای هەبا سەیرێکی دەوروبەری باغەکەی خۆی دەکرد، دەناخەریکی فوولێکردن و بەزموبیساتی تریاک و نشەی خۆی دەبوو. چارداخی باغەکەی مەشەدی لە نزیک شوێنی ڕووداوەکە بوو. ناوبراو بەتەواوی چاوی لەسەر ڕووداوەکەی ببوو کە عەلی چۆن مەحمووداغای (خوریشۆر) دەگوتێ، داویەتە بەر خەرەزەنان.

ئەمن ئەو ڕووداوەم لەخودی مەشەدی وەرگرتوە. دوای ئەوەی کە عەلی کەلاکی نیوەزیندووی مەحمووداغای بەجێدێڵێ، خۆی بە ساخوسلامەتی بۆی دەردەچێ. مەشەدی هاوار دەبا بۆجێ-خەرمانان و....

پیاوەکانی ئاغاو دەستوپێوەندەکانی، لەسەر بەسەرهاتەکە ئەحمەداغا ئاگادار دەکەن. ناوبراو سێکەس لە پیاوەکانی خۆی، بە تاپڕ و دەمانچەوە، بەناوی قادری چاپەز و مرادی زارا ئوزندەرێ کە کوێخاسجیل بوو، دەگەڵ کەسێکی دیکە -ناوەکەیم لەبیر نەماوە-؟ وەشوێن عەلی دوورەبەشیان دەخا. ئەو سێ کەسە هاتن بۆ باغی، لای ئێمە کاکە سوارو من مانەوە. ئەگەر کەسێک هاتبا بۆ باغی دەچوونە نێو دێراوەباغان هەتا کەسەکە دەڕۆیشت و دوایی دەهاتنەوە لامان خەریکی گەپو چاخواردنەوەی خۆیان دەبوون. دوو ڕۆژمان لەلابوون. دوای دووڕۆژ، چووبوونەوە عەرزی ئاغایان کردبوو: هەتابەری عەجەمی ڕۆیشتوونە سەرو سۆراغی عەلی یان نەکردوە...

کورت و کرمانجی، لە جیاتی ئەوەی مەحمووداغا بەرن بۆ تەورێز، یان بۆ مەهاباد، لە مەهابادەوە دوکتور لازار، دێنن بۆ دەرمان-کردنی مەحمووداغا. بە دوکتور دەڵێن: ئەگەر پێویستیی بەخستنی نەخۆشخانە نەبێ، بەباشی دەزانن هەر لە ماڵی خۆیان دەرمانی بکەن. رۆژانە یان دوکتۆر دەهات یان رەحیمی برینپێچی دەنارد بۆ دەرمانکردنی.

بەهەڵکەوت لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا سۆفی رەسووڵی باغەوانی رەسووڵاغاش لەوێ نەبوو. ئێمەش دەگەڵ کاک سوارە و باغەوانەکان لەنێوباغی گەورە بووین و ئاگامان لەو بەسەرهاتە نەبووە.

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە: مەحمووداغا لەزمانشڕی و داوێن پیسیدا، لە نێو ئاغاکانی شاروێران ناوبانگی هەبوو.

ئەو ڕووداوە هاوکاتی بوو دەگەڵ هاتنەسەرکاری دەوڵەتی دوکتورعەلی ئەمینی. دەوڵەتی عەلی ئەمینی کە تازە هاتبووە سەرکار، دەمی لە ڕێفۆرم و ئیسلاحاتی ئەرزی و کورتکردنەوەی دەستی فیئۆداڵەکان دەدوا. زۆری و زۆرداریی خاوەنمڵکەکان سەبارەت بە ڕەعیەتەکانیان لەوپەڕی خۆیدا بوو. هەرچەند کاری دەوڵەتی تازەهاتووی "ئەمینی" جیددی نەبوو، کاری ئەو دەوڵەتە لە قسەوە نەگەیشتە کردەوە؛ بەڵام دیسان ئاغاواتی شاروێران ترسیان ڕێنیشتبوو!

ئەو بەسەرهاتەی گوندی قەرەداغ بۆ خاوەنمڵکەکانی شاروێران، هەواڵێکی لەرادەبەدەر ناخۆش بوو. بۆیان هاسان نەبوو بێ-تەفاوەت بەقەراخیدا ڕاببرن.

ئاغاواتی شاروێرانی جگە لەبەرەی پیرۆتئاغا و گوڵاوییاغا، بەشی هەرە زۆریان لە گوندی (لەجێ) کۆ ببوونەوە. دیارە، مەبەستیان لەو کۆبوونەوەیە هەڵوێستگرتن بووە، سەبارەت بەو ڕووداوەی لەسەرەوە باسمان لێوە کردوە.

وەک گوتراوە، نووسەر بیستوویە: جەعفەراغای کەریمی قومقەڵایە، وەک گەورە دەرەبەگی دەستڕۆیشتووی ناوچەی

شاروێران، کەسێکی شارەزای دەرك‌ودیوانان بوو. لەو سەردەمەدا، زۆر لۆمەی ئاغاکانی شاروێران کردبوو لەسەر هەڵسوکەوتیان سەبارەت بەڕەعیەتەکانیان... گوتبووی:

"ئەگەر ئێوە دەتانەوێ وەکوو ڕابردوو، درێژە بە زوڵم‌وزۆری بدەن و تۆڵە لە ڕەعیتەکان بستێننەوە، بێشک ڕەعیەت لە حاند ئێوە بێدەنگ نابن و دەست بەرنادەنەوە، کاردانەوەی لەوە توندتریش پێشان دەدەن: نازانم ئێوە لەسەر سیاسەتی دەوڵەت چەندە ئاگادارن؟ بەڵام دەبێ ئەوەی بزانن ئیسلاحاتی ئەرزی و دابەشکردنی زەوی بەڕێگاوە و چیدیکەمان وەک ڕابردوو بۆ ناچێتە سەر. دەبێ لەمبارەی ڕەفتار دەگەڵ ڕەعیەتان بەخۆماندا بچینەوە. خۆمان جۆرێک پێشان بدەین کە دواتر بتوانین دەگەڵ ڕەعیەتەکانی رابردوومان ببین دراوسێیەکی باش..."

وەک گوتراوە: ئەوجارە، ڕوو دەکاتە ئەحمەدی بابەکراغای قەرەداغی، ناوبراو براگەورەی محمووداغا بوو: لە جیاتی تۆڵەساندنەوە و بێحورمەتی کردن سەبارەت بەماڵی قاسم دوورەبەشی، یان دەربەدەرکردنیان، بەباشی دەزانم تاوانبارەکە، بە (وتەی ئەوان) خۆی دەماڵە حاجی حەمەدەمیناغای کۆسەکەرێزێ باوێ و داوای بەخشین و لێبووردن بکا. ئێوەش بیکەن بە پیاوەتی و خاتری حاجی حەمەدەمیناغا کە خەزوری مەحمووداغا بوو. ئەوە باشترین ڕێگاچارەی ئەو ڕووداوەیە!

هەر ئەوجۆرەی کە جەعفەراغا نوسخەکەیان بۆ دەپێچێتەوە، بەعەلی دوورەبەشی دەڵێن: بچێتە ماڵی حەمەدمیناغای، حاجی مارفاغای لە گوندی کۆسەکەرێزی شاروێران.

ناوبراویش، پێشنیارەکە بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو دەزانێ و دەچێتە ماڵێ حەمەدەمیناغای کۆسەکەرێزێ، داوای بەخشین و لێبووردن دەکا و مەسەلەکە کۆتایی پێدێ... ئەوەش جوامێریی وەرزێرێکی خاوەن‌غیرەت لەحاند دەرەبەگێکی بێ‌غیرەت!

***

# ڕاپەڕینی بارزانی!

نزیکەی دووساڵ لە هێرشەکەی سەرماوەزی ١٣٣٨ی هەتاویی ساواک تێپەڕیبوو. ئێمەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێوەندیمان لەگەڵ حیزب پسابوو، جموجۆڵی سیاسیی ئەندامانی حیزب لە ناوچەی شارویێران، کپ بوو. ئێمە چەندکەس، وەک محەممەد یارە، عەلی وەسمان و مەلا ڕەحمانی موقەددەسی لە گوندەکانی گردیاقووب و قەرەشلاخ جاروبار وەک هاوڕێ، مەجلیسی دۆستانەمان دەبوو، بەڵام هیچ پێوەندییەکمان بەحیزبەوە نەمابوو. لەڕاستیدا بەرپرسەکانی حیزب، یان لە بەندیخانەدا بوون، یان ڕایانکردبوو، لە دەرەوەی وڵات بوون. ئیدی ئێمە لە شارویێران، جگە لە مەجلیسی دۆستانەی خۆمان، پێوەندیمان لەگەڵ حیزب بچڕا بوو.
سەرەتای پاییز بوو، ئێوارە بوو، لەباغی قەرداغی بووم. رادیۆمان هەبوو، ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا، هێشتا باسی هیچی نەکردبوو، ڕادیۆی پەیکی ئێران، باسی کۆبوونەوەی عەشیرەتەکانی کوردستانی ئێڕاقی کرد، لە دۆڵی خەلەکان، بە وتەی رادیۆی پەیکی ئیران، بە فیتی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم، کۆبوونەوەکە بەگژ حکوومەتی دێموکراتی عەبدولکەریم قاسمدا بێنەوە! زۆری نەخایاند، دەنگۆی تێکچوونی نێوان حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم و بارزانی وەڕاست گەڕا، بارزانی وەبەندەنێ کەوتبوو. جارێکی دیکە شۆڕشی چەکداری کوردستانی گەرمێن هەڵایسایەوە. لەو ساڵەدا هێشتا ئێمە پێوەندیمان دەگەڵ حیزب گرێ نەدابۆوە و چالاک نەببووینەوە.

***

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

پاییزی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی، جارێکی دیکە شۆڕشیکوردستانی گەرمێن بەسەرۆکایەتیی مەلامستەفای بارزانی، هەڵگیرسایەوە... حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر وەک لەسەرەوە باسمان کردوە، زیاتر لە دووساڵ بوو چالاکیی حیزبی، لە ناوچەی شاروێران وەستابوو. لەساڵی ١٣٤١دا ناوچەی شاروێران جارێکی دیکە بەڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆوە بە مەیدانی خەباتی نهێنی دژی حکوومەتی شای ئیران. ئەگەر پێشتر، خاوەن-مڵکەکان گەورەترین کۆسپ و مەترسی و تەگەرەی سەر ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازی بوون، ئێستێ کە ئاغایەتییان نەمابوو کەوتبوونە سەر ساجی عەلی، ڕوویان کردبووە کوردایەتی! زۆر چالاکانە بە دڵئاواڵەییەوە ببوونە لایەنگرو هاوکاری خەباتگێڕانی ڕزگاریخوازی کوردستان. هەرچەند ئەو نزیکییە لەلایەن ئەندامە چەپەکانی پێشووی حیزب، بێڕەخنە نەبوو، هێندێ ڕەخنەی دەگەڵ خۆی هێنابوو...؟ ناوچەی موکریان، بە مەنگوڕ و گەورک و دێبۆکرییەوە، ڕوویان کردە حیزبی دێموکراتی کوردستان. تەنانەت لەنێویاندا کەسانی خەباتگێر و دڵسۆز هەڵکەوتن و هاتنە ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازی.

***

# فەسڵی ٥

## چالاکی و دەربەدەری!

لەناوچەکانی شاروێران و شامات و چۆمی مەجیدخان، کومیتەکانی حیزبی بە شێوەی جۆراجۆر دەستیان کردەوە بە چالاکیی خەباتی سیاسی. لەو سەردەمەدا کادری بە ئەزموون و ڕاهێنراو لە ناوچەکاندا نەبوو. ئەندامانی کۆنی حیزبی بەگوێرەی تاقیکردنەوە و بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان ئەرکی تەشکیلاتیی کۆمیتەکانیان بەڕێوە دەبرد.

کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاروێران، لە سەرەتاوە لەلایەن زیندوویادان، مامۆستا مەلامستەفای حەیرانی، حاجی مەلابرایمی ڕۆستەمی و من، بەڕێوە دەچوو. لە هاوینی ١٣٤٢دا، بەبۆچوونی خودی مامۆستا مەلامستەفا و حاجی مەلابرایم و ئێمەش دەگەڵ ئەو کۆمیتەیە پێویستیی بە بەرفرەوانتربوون هەبوو. لەسەر تەسمیمی هاوڕێیان، بڕیار درا هێندێ کەس لە چالاکانی حیزبی بۆ کۆبوونەوە بانگ بکرێن و بەرپرسایەتییەکان دیاری بکرێن...

پێشتر بەرپرسی پێوەندییەکانی شاروێرانی خوارێ و مەحاڵی شازدەی ئەمن بووم. لە سەر داوای ناوبراوان ڕۆژێکمان دیاری کرد بۆ کۆبوونەوە لە قەرەشلاخ لە ماڵی مامۆستا مەلا مستەفای حەیرانی. ئەمن کە بەرپرسی پێوندییەکان بووم، دەبوو ئەوانەی پێویستە لەو کۆبوونەوەیەدا هاوبەشی بکەن، پێیان ڕاگەیەنم و دەعوەتیان بکەین.

ئەوانە بەشی هەرەزۆر و بەرچاویان مەلا بوون.

وەك: مەلامستەفای حەیرانی، قەرەشلاخ، مەلاکەریم، گردەقیت، مەلاسەید محەممەدی ئەسعەدی، قەرەقەساب. مامۆستا مەلا مەعسووم مەلای گوندی ئادێ. مەلابرایمی ڕۆستەمی، گردیاقووب.

مەلامحەممەدی خالیدی، خورخورە، مەلاعومەری چۆڕی ئەمیرابادی، بەفرەوان.

جگە لەو مەلایانە هێندێ کەسی غەیرەمەلاش هەبوون وەک: مەلا رەحمانی موقەددەسی، گردیاقوب. قادری زارایە، داشخانە. عەلی وەسمان، قەرەشلاخ. سەید ئەحمەدی تەپەڕەشی، تەپەڕەش. محەممەد یارە، قەرەشلاخ. محەممەد خزری، قەرەشلاخ. لەو کۆبوونەوەیەدا، هەرکەس بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی. شوێنی کۆبوونەوەکە لە ماڵە ماموستا مەلا مستەفای حەیرانی بوو لە قەرەشلاخ...

لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی شارویرانیان، هەڵبژاردەوە. ماموستا مەلا مستەفا دیسان وەک بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژێردرا. بەرپرسی پێوەندییەکان، گۆڕانی بەسەردا نەهات. ماموستا مەلابرایمی رۆستەمی لەسەر داوا و پێشنیاری ماموستای قەرەشلاخێ، بە جێگری بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژێردرا، پیاو هەق بڵێ لە بەرپرسی کۆمیتەو گشت مەلاکانی دیکە چالاکتر و چاونەترستر بوو.

ئەوسەردەمە ئاگاداریمان لەسەر رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەم بوو، یان هەرنەبوو. دەنگۆی سەیروسەمەرە لەسەر کاک ئەحمەد تۆفیق (سەید عەبدوولڵای ئیسحاقی) بڵاو دەکرانەوە.

بۆوێنە: دەگوترا ئەو یارمەتییانەی ئەندامو لایەنگرانی حیزب کۆی دەکەنەوە بۆ شۆڕشی گەرمێن، گشتی خودی کاک ئەحمەد تۆفیق دەیخوا و دەستی بەسەردا دەگرێ، هیچی بە شۆڕش ناگا. هەروەها: ناوبراو دەگەڵ سازمانی جاسووسیی ئەمریکا دەستی هەیە و چەندین مڵک و ساختمان و هوتێلی لە لوبنان کڕیوە...؟

لەو کۆبوونەوەیەدا، پێشنیار کرا، بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە، دوو کەس بچن بۆ گەرمێن بۆلای خودی مەلا مستەفا و ڕێبەرانی شۆڕش. ماموستا مەلامستەفای حەیرانی کە پیاوێکی وردبین و بەحەوسەلە بوو، گوتی: جارێ لەسەر چوون بۆ گەرمێن و پرسیار لە بارەی کاک ئەحمەد تۆفیق، پەلە مەکەن، لەوانەیە

لەداهاتوودا ئەوەمان بۆ ڕوون بێتەوە. کاتمان لە بەردەستدا هەیە، ئەگەر پێویست بوو، دووکەس دیاری دەکەین، دەیان نێرین بۆ گەرمین... لەوانەیە ئەو دەنگۆیانە خودی ساواک بڵاویان کاتەوە...

ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا تێنەپەڕیبوو، مامۆستا مەلا مستەفا، لە لایەن ساواکی مەهابادەوە بانگ کرا. ئەودەم قەرەشلاخ، جادەی ماشێنی نەبوو. ئەگەر وشکانی بووایە و کۆنەماشێنی ئەحمەد سەعدوونی ساز با، مرۆڤ دەیتوانی سواری بێ. دەنا دەبوو ڕێگای قاوەخانەی پێچپێچی، یان پردی بەردەزەردی بەپێیان پێوابا.

ئەودەم ساواک بەهۆی ژاندارمەرییەوە، بەژمارەی تایبەت خەڵکی بانگ دەکرد. ئێمە ماڵمان نزیکی ماڵە مامۆستای بوو. بێکار بووم، زۆرتری ڕۆژان لای مامۆستا دەبووم. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە لە ماڵی مامۆستا بووم، ژاندارمەیەک هات، ژمارەیەکی هێنابوو دای بە مامۆستا کە بچێتە ساواکی مەهاباد. مامۆستا چوو بۆ ساواکی مەهاباد. ئەمن نازانم چپرسیارێکیان لێکردبوو.

کاتێک لەمەهاباد گەڕایەوە پرسیارم لێکرد: مامۆستا لە ساواک پرسیاری چیان لێکردی؟ گوتی: شتێک نەبوو ڕاپۆرتی بەدرۆیان داوە، مامۆستا نەیویست زۆری لە سەر بڕوا، ئەمنیش بێدەنگەم لێکرد...

ماوەیەک لە چوون و گەڕانەوەی مامۆستا بۆ ساواک تێپەڕیبوو، ڕۆژێک پێی گوتم: ئەگەر لە ساواک بانگیان کردی، نەکا بترسێی. ئەگەر لەسەر حیزب، پرسیاریان لێکردی خۆت زۆر ناشارەزا پێشان بدە. بە جۆرێک کە هیچ سەرت لەوجۆرە بابەتانە دەرناچێ و هیچی لێنازانێ و ئەوە کاری تۆ نیە...!

پێشتر زۆر لە ساواک نەدەترسام، بەڵام بەقسەکانی مامۆستا، ترسم ڕێنیشت. وەک هەموو لاوێک، ئەمنیش لە ماجەراجوویی و سەربزێوی بێبەش نەبووم. قین و بێزاریی پاشەکەوتم بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران، لە کەمیی نەدابوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە

هەڵکشان و زیادبووندا بوو. ئەمن بەڕەواڵی جاران ئەگەر کارێکی تەشکیلاتی هەبا و مامۆستا گوتبای ئەنجامم دەدا و بۆ هاتوچۆی شارویران و محاڵی شازدە قالبسووک بووم، سواری دووچەرخە دەبووم و دەچووم...

لە هەمانکاتدا کە چالاکی سیاسی بووم، بێکاریش بووم. کەسێک کاری نەبێ و دەگەڵ نیزامی حاکم ناتەبا بێ، قین و بێزاری و نفرەتی بەرامبەر بەو نیزامە زۆرتر دەبێ. وێڕای ئەوە، ڕۆژانە بەکردەوە زۆروزۆرداریی ژاندارم و کاروکردەوەی کاربەدەستانی حاکمییەتمان تاقی دەکردەوە!

وزعیەتی ماڵی بابم خراپ نەبوو. دایکوبابم تاڕادەیەک زیاتر لە بەشە بژیوی خۆیان هەبوو، دەتوانم بڵێم: بە تەسەلی دەژیان. قەرزداری کەس نەبوون پاتاڵیان لە گوێرەی خۆیان هەبوو. موشکیلەی گەورەیان لەماڵدا، خۆم بووم. وێڕای ئەوە سەرباری دایکوبابم بووم، نیازو تەوەقوعاتی بێ جێی لاوەتییش بەپێی فیلان. بەتەواوی کەوتبوومە نێو گێژاوی تەوەهومات. مەترسیی گیرانم لە نزیک خۆمەوە هەست پێدەکرد. ئەوانە لەسەر یەک بوون بەهۆی ڕۆیشتنم بەرەو چارەنووس.

دوو برادەرم لە قەرەشلاخ هەبوون زۆربەی شەوان، پێکەوە دەبووین. ئەودوو برادەرە هەردووک ئامۆزا بوونو وردەمالیکی ئاوایی قەرەشلاخ بوون. هەڵبەت پێشتر بەهۆی ئیسلاحاتی ئەرزی لە دەربەگایەتی داڕنابوون. دەگەڵ خوالێخۆشبوو، کاک سمایلی پیرۆتی، بەشی زۆری تەمەنی منداڵیمان، پێکەوە بردبووە سەر. کاک ڕەحمان گولابی بە تەمەن دووسێ ساڵ لە ئێمە گەورەتر بوو. هەردووکیش ئەندامی حیزب بوون. دیار بوو، ئەوان تەمای چوونەگەرمێنیان هەبوو. هیچ شتێکمان لە یەکتر حەشار نەدەدا. لەسەر چوونبۆگەرمێن لەراستیدا هەرسێکمان هاوڕا بووین. نەماندەویست بە نەناسراوی، بێناساندنی بەرپرسێکی حیزبی بچین بڵێین: سەلامەلێک!

بۆ خۆناساندن نیازمان بەناساندنی بەرپرسی کۆمیتەی مەهابادهەبوو، ئەودەم کاک عومەری قازی بەرپرس بوو. بە پێویستمان زانی بەرپرسی کۆمیتەی مەهاباد بماننناسێنێ. ئەو کارەمان بە کاک ئاڕەحمانی ئەسپارد. ناوبراو ناوونیشانی پێوەندیی لە کاک عومەری قازی وەرگرتبوو.

ئەودەم کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک سولەیمانی موعینی بنکەیەکیان لەسونێ کردبۆوە، بەڵام خۆیان زۆرتر، لە نزیک سەرۆک بارزانی دەبوون. کاک حەسەنی ڕەستگار، ئەو دەم بەرپرسی بنکەی زینوێ شێخی بوو. ئێمە هەتا نیوەی مانگی سەرماوەزی ١٣٤٢ ڕاوەستاین. لە نیوەی مانگی سەرماوەزی١٣٤٢دا ڕۆژی چوار شەممۆ بوو. بە مامۆستامان نەگوت کە نیازی کارێکی وەهامان هەیە. ئەویش هۆیەکەی ڕوون بوو. مامۆستا ئیجازەی لەسەر نەدەبوو. گوتمان دوایی داوای لێبووردنی لێدەکەین...

سێقۆڵی بەبیانووی چوونەبازاڕی مەمێندی، چووین بۆ پردی بەردە زەردی، لەوێ سواری ماشێن بووین بۆ نەغەدە و لەوێشەوە بۆخانێ "پیرانشار". هاوڕێکانم ناشارەزا بوون. بەڵام ئەمن لەوان شارەزاتر بووم. کەسێکم لە کاسوورەدێی نزیک خانێ دەناسی بەناوی (حەمەدی سوور).

ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنمان لای ئێمە نەختێ بەفر بارییبوو. بەڵام لەخانێ بەفرەکە زۆر بوو. ئێوارێ چووینە گوندی (کاسوورەدێ) میوانی ماڵی حەمەدی سوور بووین. دوای شێوخواردن ئەمن بەکاک حەمەدم گوت کاک حەمەد ئێمە نیازمان هەیە بچینە زینوێ، ناشارەزاین بەڵکوو یارمەتییەکمان بدەی.

ناوبراو گوتی ئەی بەسەرچاو. زۆری نەخایاند لاوێکی بەکار و بە ئەزموون و شارەزای وەک ڕێپێشاندەر، بۆ ئامادە کردین و وەڕێ-کەوتین بەرەو سنوور. شەوێکی لە ڕادەبەدەر ساردبوو. گەیشتبووینە بناری چیای سنوور، لاوە شارەزاکەمان، گوتی: ئەگەر (بەدوڵنەوی)دا بڕۆین لەوانەیە هەمووومان بە هیلاک بچین.

گوتمان تەگبیر چیە؟
لاوەکە پێی باش بوو بە تەمەرچییاندا بڕوێن، گوتی: ئیمە سەڵتەین بەخوارەوەی مالاندا هەمووی دە دەقە ڕێگایە هەتا خاکی گوندی شێوەڕەشی. سەرمایەکە ئەوەندە بەتەوژم بوو، هێندەی نەمابوو هەمووومان لە کەلک بخا. ڕوومان کردە گوندی تەمەرچییانی نزیک پاسگای سنووری ئێران و ئێراق. چرافتیلەی ماڵێک داییسا چووینە حەساری ماڵەکە، هەرچی هەرامان کرد دەرگایان لێنەکردینەوە. لەوکاتەدا درواسێیەکی ئەو ماڵەی کە بەدەنگمانەوە نەهاتن، بەهەڵکەوت هاتبووە دەر. ئێمەش ڕوومان-کردە ماڵەکەی ئەو. کابرا کە زانی ئێمە کەسیرە بووینە، پیاوانە خوڵقی کردین. هەرچەند خانووێکی چووکەی هەبوو، یەک دوو منداڵ و هاوسەری. زۆر بەگەرمی وەریگرتین، بە ڕووخۆشی میوانداریی لێکردین و گەلێک ڕێزوحورمەت. چرای هەڵکردەوە و ئاگری بۆ کردینەوە. چای لێنا و ماڵێکی بەسامان هەژار، بەغیرەتی مرۆڤایەتی دەوڵەمەند! لەڕادەبەدەر گەرموگوڕ بوو. لەکاتی خۆگەرم کردنەوەدا بوو، بەفرەتی خۆمان لەو ماڵەی دەربڕی کە دەرگایان لێ نەکردبووینەوە... کابرای خانەخوێ گوتی: ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەمن ئێوە دەناسم! بەمنی گوت ئەتوو ژنبرای قادرەزاڵەی نی؟ زۆرساڵ لەوەپێش کاتێک تەمەنم هەشتنۆسالان بووە، خوشکێکم مێردی بە کابرایەکی گوندی مەمێند کردبوو، بەناوی قادرەزاڵە. دوای ماوەیەک خوشکەکەم کۆچی دوایی کرد، ئەودەم منی لە مەمێندی دیوە یان چۆن بووە،ناسیبوومیەوە. بەکاک سمایلیشی گوت: ئەتوو سمایلی کاک حەمەدەمینی. هەروەها کاک ئاڕەحمانیشی ناسی.
کابرا پێشتر خەڵکی گوندی مەمێند ببوو. لەبەر زوڵموزۆری ئاغایان ماڵەکەی بار کردبوو هاتبووە ئەو گوندەی سەر سنووری.
وابزانم گوتی: ئەمن لێرە ناوم ئەحمەد مەمێندییە؟
ئەوجارە کاک ئاڕەحمانیش کابرای ناسیەوە. گوندەکانی قەرەشلاخ و گردیاقووب و مەمێند و گردەقیت، هەموویان هی

بنەماڵەی گولاویاغا و پیروتاغای بوون. بەهۆی هاتوچۆی زۆر، خەڵکی ئەو گوندانە هەموویان یەکتریان دەناسی. کابرا، ئەوماڵەی دەرگایان لێنەکردبووینەوە پێناساندین: ماڵی حاجی کەریمە. دوای خۆگەرمکردنەوە و چاخواردنەوە، کاک ئەحمەدی خانەخوێمان، وەپێشمان کەوت هەتا لە ئاوایی رەتی کردین قەیاسێک لە ئاوایی تەمەرچییان دوور کەوتینەوە، خرێک، بەرەو حاجیئومەران هەڵدەکشا، وێڕای ئەوەی رێگاکە بەفر بوو پێشانی داین و دەگەڵ ئەو لاوەی کاسوورەدێی کە لەگەڵمان هاتبوو بەکەمتر لە سەعاتێک گەیشتینە نێو ماڵی حاجیئۆمەران. چووینە بەر دەرگای ماڵێک، زۆر پیاوانە بە گەرموگوڕی وەریان-گرتین. شەوی زۆر نەمابوو. هەتاخۆمان گەرم کردەوە، رووناکایی بەیانی خۆی پێشاندابن. ئێمەش بە شێنەیی نانوچامان خوارد و دوایە ماڵئاواییمان لەماڵە سەیدەکەی حاجیئۆمەران کرد و بەرەو گوندی زینوێ شێخی رۆیشتین.

چووینە بنکەی حیزب. کاک مەلاحەسەنی رەستگار، سەعید کوێستانی و کاک قادرشەریف و کاک حوسێنی مەدەنی و کۆمەڵێک پێشمەرگەی چەکدارو بێچەک لەبنکەی زینوێ بوون وەك: حەسەنی نەغەدەیان، محەممەدی کاکاغازادە، شەهید یوونسی ئاهەنگەری، زیندوویاد قادری قازی، شەهید خەلیل شەوباش و...

زۆریان رێز گرتین. خۆمان ناساند و عەلامەتی پێوەندیمان پێ-گوتن. دوای دووڕۆژ مانەوە لە زینوێ، ئەوان کۆبوونەوەی خۆیانکرد گوتیان ئامادە بین، دەمانێرن بۆخوارێ. نەماندەزانێ خوارێ کوێیە؟...

دەگەڵ کاک قادری قازی– مامەند، کاک حوسێنی مەدەنی، داگەڕاینە خوار بەرەو دۆڵی باڵەکایەتی، بە جادەی هاملتۆندا گەیشتینە چایخانەی شێخ ئەحمەدی چۆمانێ. ئەودەم ئاوەدانیی چۆمان تەنیا چایخانەکەی شێخ ئەحمەدی بوو!

***

# کاک ئەحمەد تۆفیق!

دەگەڵ کاک حوسێن و کاک قادری قازی، لە دەربەندی تێپەڕیبووین، گەیشتینە چایخانەی چۆمان. لەوێ تووشی دەستە پێشمەرگەیەک بووین، بەرەو زینوێ شێخی هەڵدەکشان. کاک حوسێنی مەدەدنی: ئای ئەوە برادەرانی خۆمانن دەگەڵ کاک ئەحمەد توفیقی!

بۆ یەکەمجار لەوڕێگایەدا بوو، تووشی کاک ئەحمەد تۆفیق بووین. دوای یەکترلەباوەشکردن و ماچوماچ... برادەران نامەکەیاندا بەکاک ئەحمەد. دواتر لەچایخانەی چۆمانەوە دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، بەرەو بنکەی زینوێ شێخی، گەڕاینەوە. چووینەوە بنکەی زینوێ.

کاک ئەحمەد دەگەڵ کادرەکانی زینوێ کۆبوونەوە. لەسەر مانەوەی منو کاک ئارەحمان، بڕیاریان دابوو. هەڵبەت لە مەودای ڕێگادا، دەگەڵ کاک ئەحمەد کە بەرەو زینوێ شێخی دەگەڕاینەوە، بەنۆرە لەسەر وەزعی ناوچە پرسیاری پێویستی لێکردبووین، ئێمەش بەپێی ئاگاداریی خۆمان ئەوەی دەمانزانی وەڵاممان دابۆوە.

دوای یەکدوو ڕۆژ مانەوە لەزینوێ، کاک ئەحمەد دەگەڵ پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی "دۆڵێ هەرۆتییان" گەڕانەوە، کاک ئارەحمانی هاوڕێشمی دەگەڵ خۆی برد. بە منیشی گوت: بچمە گوندی دەڵاوان، لەوێ هێندێ پارچەی جلکی پێشمەرگان هەیە، لە ماڵی مام کوێخا خدرە بیهێنم و بچمەوە لای ئەو...

ئەمن دەگەڵ کاک سمایلی گەڕامەوە بۆگوندی شێوەڕەشی کە بچم بۆ گوندی دەڵاوان. لەبەر بەفری زۆرو سەرما دەخۆمرا نەدی بچمە گوندی دەڵاوان. مەئموریەتەکەم دا بە قادر لاجانی، برای ساڵح لاجانی ئەودەم هێشتا ماڵیان هەر گوندی دەڵاوان بوو. ئیدی ئەمن گەڕامەوە بۆ زینوێ. زیندوویاد کاک قادر شەیف دەگەڵ یەکدوو

پێشمەرگە لەوانە: خەلیل شەوباش و یوونسی ئاهەنگەری و چەند پێشمەرگەی دیکە لە بنکەی زینوێ بوون، ئەمنیش لەوێ مامەوە.
دوای چەند ڕۆژێک مەلاحەسەن بۆکاری سیاسی دەگەڵ قەیماس و کەریم نستانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی مەهاباد. ئیدی ئەمن نەمدەزانی لەنێوان کاک ئەحمەد توفیق و کادر و پێشمەرگەکاندا ناکۆکی و ئالۆزی و نارەزایەتی هەیە...!
کاک قادرشەریف زۆرترخۆی بەخوێندنەوەی کتێبەوە سەرقاڵ دەکرد. وەک‌دواتر بۆیان باس کردم، ناوبراو بەرپرسایەتیی نەبوو، بەهۆی ناکۆکیی بیرو بۆچوون دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە، تەجمید کرابوو. ڕۆژێک کتێبەکەی لەسەر تاقەی بەرپەنجەرە دانابوو، خۆی لە ژووری نەبوو، ئەمنیش بەبزۆزی؛ ویستم بزانم ئەوکتێبە چیە کاک قادر هەمیشە دەیخوێنیتەوە؟ کتێبەکەم لێک‌کردەوە چاوم بەگوتە قاقەزێکی چووکە کەوت کە وەک یادداشت دەچوو، لێی نووسرابوو:
مەلامحەممەدی لاچینی (خالیدی) مەلای ئاوایی خورخورەی شارویران، دەگەڵ سەیدئەحمەدی تەپەرەشی هاتوونە... کوتە قاقەزەکە شتێکی روونی بە دەستەوە نەدەدا؟
کەوتمە شوێن پرسیاران لەئاکامدا بۆم دەرکەوت ناوبراوان، هەر دووکیان هاتوون بۆگەرمێن. ئەوان ئەندامی کۆمیتەی شارویران و هاوکاری خۆم بوون. دەیانزانی ئەمن لە بنکەی زینوێ شێخیم. ئەدی چۆن بووە چاویان بەمن نەکەوتوە؟... ئیدی بەهۆی بیرکردنەوە، نەمزانی کتێبەکەی کاک قادر چیە. زەین‌و هۆشم بەهاتنی ئەو دوو ئەندامەی حیزبەوە خەریک بوو. بۆچوون و لێکدانەوەی خۆم لەسەر هاتنی ئەو دوو کەسە خستمیە گومانەوە، لە ناکاو جریقەی لێدا، بۆچی بۆچەند ڕۆژێک نەگەڕێمەوە شارویران، جەرەیانی هاتنی سەید ئەحمەد و مەلامحەممەد، دەگەڵ بەرپرس و هاوڕێیانی شارویران، بەتایبەت مامۆستامەلا مستەفای حەیرانی بێنمە گۆڕ و دەگەڵیان باس بکەم؟...

هەوالنامەی کتێب

کەسی بەرپرس لەوێ نەبوو داوای ئیجازەی گەڕانەوەی لێ‌بکەم. مەلاحەسەن گەڕابۆوە بۆ کوردستانی ئێران. سەعید کوێستانی و کاک حوسێنی مەدەنی بەرەو قەڵادزە چووبوون. جگە لە کاک قادر شەریف، کادرێک لە زینوێ نەبوو ئیجازەی لێ‌وەرگرم.
بۆ بەیانی بە کاک قادر شەریفم گوت: ئەگەر ئیجازەم بدەی بۆ ماوەی حەوتوویەک دەگەڕێمەوە بۆ وڵات. گوتی بۆ دەچی‌و چ-کارێکت هەیە، دەتەوێ یەکجاری بگەڕێیەوە؟ گوتم نا، کارێکی تایبەتیی خۆمم هەیە هێندەم پێ‌ناچێ. زوو دێمەوە. کاک قادر گوتی ئەمن بەرپرسایەتیی سیاسیم نیە. بەڵام ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا بتوانی بگەڕێیەوە باوەڕ ناکەم موشکیلێک بێتە پێش.
چاوەڕوانیم دەکرد ئاشنایەک پەیدا بێ، دەگەڵی ئاوای دیوی ئێران بم. شەهید قادر لاجانی، ئەودەم کۆڵکێشیی دەکرد، هاتوچۆی زینوێ شێخیی دەکرد. هەر جارەی کە دەهات، ئەگەر دەستی کەوتبا سیپە چایەکی دەکڕی، بە کۆڵ دەیبردەوە لە دیوی ئێران دەیفرۆشتەوە...
قادر هاتە بنکەی زینوێ. گوتم قادر، منیش دەگەڵ خۆت بەرەوە. گوتی بەراستتە؟ گوتم بەڵێ ئەمنیش دێمەوە. دەگەڵ قادر گەڕامەوە. هەشت نۆکەس دەبووین هەموویان کۆڵیان پێ‌بوو جگە لە خۆم، بۆ درەنگانی ئێوارە گەیشتینە "شیوەڕەش" میوانی ماڵی حاجی عەولا بووین چایەکمان خواردەوە، وەبەندەنێ هەڵگەڕاین. هەوایەکی ساماڵی وشکەبەندین‌هەبوو، مرۆڤی وشک دەکرد. هەتا گەیشتینە "شینکێ حەمەدە زڕەی" چوارکەس لە هاوڕێکانمان، دەستولاقیان سەرما بردی، بەفر زۆر بوو، ئەو چوار کەسە لەکار کەوتن. ناچار لە شینکێڕا لەبەفرێ نیشتین هەتا داوێنی گوندی (قیسقەپانێ). بەداخەوە ئەوچوار لاوەی دەستو اقیان سەرما بردبووی نەیانتوانی درێژە بە ڕێگای خۆیان بدەن، ناچار لە قیسقەپان مانەوە. دەگەڵ قادر لە قیسقەپان ڕێگای خۆمان جودا کردەوە. نەیهێشت بزانن ئێمە دەچینە کوێ. بۆ درەنگانێکی شەوێ

گەیشتینە گوندی کەڵەکینی. بووین بەمیوانی کاکە سواری کەڵەکینی. بۆ سبەی ئەو رۆژە خدرە سووری چایچی، وەک ڕێنوێن دەگەڵم هات هەتا نزیک پردی درپکەی.

***

## ڕێوی تەماعی تێکردبووم؟

لە ڕاست گوندی (درپکە)ی تێپەڕیبووم. هەوایەکی ساردو ساماڵی هەبوو. شوێنی گورگو ڕێوی لەو دەشتەی نێوان (درپکە و بەردەقەڵی) ئەوەندە زۆر بوو، لە حیساب نەدەهات. تاووساو بوو. نازانم جۆگە بوو یان کەندەلان، بەسەر ڕێوییەکدا کەوتم. ڕێوییەکە، لە پێشم دەرپەڕی بەڵام زۆر نەڕۆیشت ڕاوەستا. چەکی دەستم گۆچانێکی ئاسنی نووک تیژ بوو. درێژەم بەڕیگا دەدا، لەزۆر جێگای ئەو دەشتە بەفربەسەر بوو. نازانم بۆچی ئاوڕم دایەوە؟ تەماشام کرد ئەوە ڕێویی گۆرینم بەدواوەیە!

ئەگەر ئەمن ڕادەوەستام، ئەویش ڕادەوەستا. ئەگەر لێی ڕادەسام ڕای دەکرد، کە دەڕۆیشتم دیسان بەدوامدا دەهاتەوە! هێندە لەلای تەنیشتمەوە دەڕۆیشت. ببووە هاوڕێم یان تەماعی خواردنی تێ- کردبووم؟ ئەوجارە گۆچانە ئاسنەکەم سەرەوبن کرد، خۆم لێ سڵ نەکرد و ڕێوییش هەردەهات لێم نزیکتر دەبۆوە. لێی گەڕام هەتا ئەوەندە نزیک بێتەوە گۆچانەکەم بیگاتێ. خۆم بۆ ئامادە کرد. زۆر نزیک ببۆوە، ئەمنیش خێرا پلارە گۆچانم تێهەڵکرد، ئەوەندە دوور نەبوو نەیئەنگێوم، کاتێک پلارەکەم تێگرت ڕێوییەکە نزیک بوو، بە سورعەتێک خۆی هەڵاویشت، دەتگوت باڵی گرتوە.
گۆچانەکەم لەشوێن لاقەکانی کەوت و ڕێوی بۆی دەرپەڕی ئیدی ڕۆیشت نەگەڕایەوە. ئەمنیش درێژەم بە ڕێگای خۆم دا.

مانگی بەفرانبار بوو، هاوکات ڕەمەزانیش بوو. بۆ نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتمە گوندی شنۆزەنگێ. ڕێگاکەم بەنێو ئاواییدا بوو، چاوم بە حەوش‌و حەسارێکی گەورە کەوت، ڕووم کردە ئەومالە. ژنێکی گەڕاوەی قوڵچاخە لەبەر، لەبەر دەرگابوو. سڵاوم لێکرد زۆر بەڕێزەوەی وەڵام دامەوە. گوتم: پووری گیان، لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووم زۆرم برسییە، دەبووری بە ڕۆژوو نیم...

گوتی برالە زۆر بەخێریی فەرموو! خێرا چادانەچایەک و نانێکی کوردانەی بۆ هێنام. ئەمن خەریکی نان‌وچاخواردن بووم، لەو ژوورەش کەسێک خەوتبوو. دوایە کابرای خەوتوو هەستا، بەڵام ماندوونەبوونیی لێنەکردم! چووە دەر، گوێم لێبوو یەکێک پرسیاری لێکرد...؟

دیار بوو باسەکەیان لەسەر منە. کابرا پرسیاری لێکرد چکەسە؟

گوتی: "چزوانم چ سەگبابێکە، هێندی نێرەکەرێکە، بەڕۆژوو نیە!

زۆری پێ قەڵس نەبووم ئەوە پەروەردەی کۆمەڵگاکەی خۆمان بوو، کۆمەڵگا ئەوی بەو جۆرە پەروەردە کردبوو...

دوای نان‌وچاخواردن، ماڵئاواییم لە ماڵەکە کرد و بەرەو پەسوێ وەڕێ کەوتم. بۆنزیک ڕۆژپەڕێ گەیشتمە گرتکسپیان، لەوێ لام-نەدا بەرەو پەسوێ ڕێگام کوتا...! تاریکانی شەو بوو گەیشتمە گوندی پەسوێ، چوومە ماڵی عەوڵا شێخاڵی. عەوڵا شێخاڵیم نەدەناسی بەڵام، کاکەسوار کەڵەکینی گوتی: ئەگەر چوویە پەسوێو ئاشنات نەبوو بچووە ماڵە عەوڵا شێخاڵی بڵێ ئەمن دۆستی سوارەم. ئەمنیش لە پەسوێ کەسم نەدەناسی شەو چوومە ماڵی عەوڵا شێخاڵی. ناوبراو، پیرەبابێکی هەبوو لەسەر بەرماڵی نوێژێ، خەریکی ویردو تەسبیحات بوو. عەوڵا شێخاڵی خۆی پیاوی عەلیاغای پەسوێ بوو، لە قەڵاتێ بوو. دوای ئەوە کە مامەپیرە لە نوێژو... بۆوە، زۆری بەخێرهاتن کردم. گوتی ڕۆژووت شکاندوە؟

گوتم: ڕێگاکەم دوور بوو، نەمتوانی بەڕۆژوو بم. گوتی: زۆر بەخێریی کوڕی خۆم. شەو لە ماڵیان بووم و بۆ پارشێو دەگەڵ ئەوان پارشێوم کرد گوتم بە ڕۆژوو دەبم، (هەی درۆ!) سبەی بۆ

بەیانی ئەوڕۆژە، بەرەو شاوەلە وەڕێ کەوتم. هەرچەند نێوان پەسوێ و شاوەلە مەودایەکی ئەوەندە زۆر نەبوو، بەڵام بەفری زۆر برستی لێبڕیبووم. بەهۆی زۆریی بەفر نزیکەی چوار کاتژمێرم پێچوو هەتا گەیشتمە شاوەلە. دوا نیوڕۆیەکی درەنگ بوو گەیشتمە شاوەلە. لە پێشەوە چوومە ماڵێک. هەرچەند زۆرسەرما بوو، بەڵام ئەمن هەموو ئازای گیانم شەڵاڵی ئارەقە بوو. بەفر ئەوەندە زۆر بوو جاری وابوو دەگەیشتە سەرووی چۆکانم. نانم خوارد و چام خواردەوە بە خانەخوێیەکەمم گوت: ئەگەر زەحمەت نەبێ ڕێگای دەشتی قوڕێم پێشان دە. کابراگوتی کاکە زۆری ڕۆژنەماوە ڕێگاکەش نەشکاوە، ئەو شەو میوانی برای خۆتبە، بەڵکوو سبەی هاو سەفەرێکت بۆ پەیدا دەبێ... کابرا زۆری پێداگری کرد بمێنمەوە، بەلام ئەمن سوور بووم لەسەر ڕۆیشتن گوتم دەڕۆم!

هەرچی کابرا گوتی: ئەمن لەسەر ڕۆیشتنی خۆم سوور بووم! کابرا لێم وەشک کەوت، ئەمن کەسێکی ئاسایی نیم؟ هەرچی کابرا پرسیاری لێکردم ڕاستیی لێ نەزانیم. کابرا، دەگەڵم هات، هەتا لە گوندی وەدەرکەوتم. ڕێگاکەی پێشان دام. ئەمنیش بەرەو ئاوایی دەشتی قوڕێ ڕێگام گرتەبەر. بەفرەکە ئەوەندە زۆر بوو هەرچی دەخۆم دەنووسام، تێنەدەچووم. ڕێگاکە نەشکابوو. لەو شوێنانەی باڕنی کردبوو، باش دەڕۆیشتم. بەڵام لەو شوێنانە کە با، نەیگرتبوون تێدەکەوتم هەتا ئەستووراپە ڕانی دەبەفرێدا حاسێ دەبووم. زۆر بەئاستەم دەمتوانی بەفرەکە ببڕم. ڕۆیشتم هەتا دووراو دوور ئاوایی دەشتی قوڕێ وەدەرکەوت.

***

# دەشتی قوڕێ، ماڵە حاجی کاڕەسووی!

تاریک داهاتبوو، ئاواییم دەدیت بەڵام نازانم چەندە دوور بووم، لەسەر سپیایی بەفرێ دیتم خەڵکی ئاوایی "دەشتی قوڕێ" لە سەربان و نێوگوندی دیارن. تۆمەز ئەو خەڵکە، چاویان بەمن کەوتوە و سەیری من دەکەن، کەوا زۆر بەهێدی و لەسەرخۆ، بەرەو دەشتی قوڕێ دەچم. وادەزانن ئەمن لە بەفرێدا کەسیرە بوومە و ناتوانم بڕۆم. لەڕادەبەدەر سەرما و سەخڵەتی بوو...

هاوارم بۆ هەستا! خەڵکی ئاوایی بە سواری و بە پێیان، بەرەوە من هاتن؟ لە پێشدا وامزانی بووکگوازتنەوەیە. کە چی دیتم بەرەو من دێن و هەرام لێدەکەن: دامەنیشە. ئێمە ئێستێ دەگەینێ. بەڵام ئەمن تێنەدەگەیشتم دەڵێن چی؟ بیرم لەوە نەکردبۆوە کە ئەو خەڵکە بۆ یارمەتی و رزگارکردنی من بەرێوەن! چونکە ئەمن نەک هەر سەرمام نەبوو، لە بەر بەفری زۆر، هەموو ئازای گیانم ئارەقە بوو. ئەوجارە سوارەکان گەیشتنە نزیک ٥٠٠ میتری، هەرای منیان دەکرد وەرە غیرەتێ بەرمەدە، ئەوە گەیشتینێ. ئەوجارە زانیم ئەو حەشیمەتە زۆرە بۆمن هەڵپشکوتوە، وایانزانیوە ئەمن کەسیرە بوومە. لەپێشەوە لاوێک سواری جانووئەسپێکی کوێت بوو، گەیشتە من و دابەزی. زۆر بەرێزەوە ماندوونەبوونیی لێکردم و گوتی فەرموو سوار بە! گوتم کاکە زۆر سوپاس، ئەمن بەپێیان دەڕۆم سواری ئەسپی نابم هەموو گیانم ئارەقەیە، ماڵت ئاوەدان بێ... بە دوای ئەودا سوارەکانی دیکەش گەیشتنێ و بەدوای ئەواندا پیادە... حەشیمەتێکی زیاتر لە بیست کەسی دەبوون. لاوەکەی دەپێشدا گەیشتبۆیە دەستی لە یەخەی نەدەکردمەوە و پێی داگرتبوو: دەبێ سواری ئەسپەکەی من بی. ئەمنیش ملم نەدەدا. دوایی گوتی: هەرسێک تەلاقم کەوێ سوار دەبی. تازەشم ژن هێناوە و تازەزاوام. خەڵکەکەش گوتیان تازە دەبێ سوار بی، خۆ ئیشاڵلا تەلاقی ناخەی تازەی بووک بۆ دابەزیوە!

سوار بووم و گوتم میوانی ماڵی حاجی ڕەحمان مەلەکیم. لاوەکە دیسان تەلاقی خواردەوە کە ناچیە ماڵە هیچکەسێک لە غەیری ماڵە مە!

خۆشی یان ناخۆشی، دەگەڵی چووم. گەیشتینە حەوشی ماڵەکەیان، خانەدانێکی گەورە، دەتگوت سەربازخانەیە؟ دابەزیم چوومە دیوەخانێ. زیاتر لە پازدە کەس لەو ژوورە دانیشتبوون، ئەوەی لەبیرم مابێ بانگی شێوانی دابوو، ڕۆژوویان شکاندبوو. سڵاوم کرد لەبەرم هەستان، زۆریان بەخێرهاتن کردم. کەس پرسیاری لێنەکردم چ کارەم و لەکوێڕا دێم. دوایی نانیان هێنا...

دوای نانخواردن خەڵکی ئاوایی ڕوویان کردە دیوەخانی ماڵی خانەخوێکەم. هەرچی دەهات دەستی بەرز دەکرد و دەیگوت بە خێرێی خزم!...

بەهەڵکەوت ئەوحاجییە کە نیازم هەبوو بچمە ماڵیان، هاتە ئەوماڵەی کە ئەمنی لێبووم. زیاد لە هەمووکەس ئەو حاجییە پرسیاری لێکردم لە کوێڕا دێم و چکارەم؟

ئەمنیش خۆم بە چێودار ناساند. نێ خەبەر لەوەی کە ئەوان هەموو خاوەن مەڕوماڵات بوون گشت چێودارەکانی ناوچەیان بەکورد و عەجەمەوە دەناسی. حاجی زوو زانی کە ئەمن چێودار نیم و دەیویست قەراخی بکێشێ و... بە هەڵکەوت، سەیدێک لەو ماڵە میوان بوو جارێک لە ماڵی حەمەدی سوور، چاوی بەمن کەوتبوو، ئەو ناسیمیەوە. بەحاجیی گوت: ئەمن ئەو برادەرە دەناسم چێوداره! سەید برایم خەڵکی ئاوایی میشەدێی مەنگوڕان بوو. خوا بتحەسێنێتەوە سەید، حاجی لەکۆڵ کردمەوە. هەتا درەنگانی شەوێ ئەو هەموو خەڵکەی لەو دیوەخانە دانیشتبوون نەقڵیان دەگێڕانەوە، نیازی هەستانیان نەبوو؟

زستان بوو، کاتی کارو کوێرەوەری و مووچەومەزرا نەبوو، کاتی خۆیان بە نەقڵگێرانەوە دەبردە سەر. ئەوەی بۆمن سەرنجڕاکیش بوو، گێڕانەوەی دیتن و بیستنی کابرایەک بوو _ بە ناوی ئەحمەد

گامێشەوان. ناوبراو بۆ سەردانی خزمانی، چووبوو بۆ ناوچەی شنۆ. لە سەفەری شنۆ گەڕابۆوە. خەڵکەکە، داوایان لێکرد کە ئەوەی لەو سەفەرە دییتوویە بۆیان باس بکا...
ئەحمەد بەمجۆرە دەستی کرد بەگێڕانەوەی دیتن و بیستنی خۆی:
"لەوسەفەرەیدا کە بۆ دەشتی شنۆیەم کرد، هەتا هەر دووک دێشەمسان چووم. سەری خزمانم دا، زۆر خۆشم ڕابوارد. جا باسی حەوزو کانی و مزگەوتەکانی شنۆ، دەگەڕانەوە نایە پیاو حەز دەکا شەووڕۆژ، لەو مزگەتانەدا خەریکی نوێژو عیبادەت بێ... لە گەڕانەوەمدا بەئاوایی گەڵواندا هاتمەوە. ئەوەی بۆمن زۆر جێگای سەرنج بوو مزگەوتی ئاوایی "گەڵوان" بوو...
:مزگەوتێکی چەندخۆش، سپیکارییان کردوە، کێچی پێهەڵگەڕێ پیاو دەیبینێ. هەموو فەرشکراو... گەرم، مجێور بەپێوە ڕاوەستاوە بزانێ کێ ئاوی دەوێ... لە هەموو ئەوانە خۆشتر: مەلایەکیان هەیە مەشرەف خۆش، بەگفتولفتو زاروکەلیمەڕەوان، دوای نوێژی خەوتنان، مەلا دەستی کرد بە وەعزدادانێ. وەعزەکانی ئەوەندە خۆش بوون حیسان قەستی دەکرد بچێتە دەچاوانی.
باسی ئەسحابە و پێغمبەرانی دەگێڕایەوە. وەعزەکانی ئەوەندە خۆش دەگێڕانەوە پیاو لێی فێر دەبوو. ئەمنیش زۆری لێفێربووم. ئەوەتا "مەلای خەڵکی دەڵێی سەی هارە، مەلای مەش دەڵێی گۆڵەی لەزمانی هاتوە زاری لێک نابێتەوە!"
(ئەو وشەیەی "سەی هار" هی من نیە، قسەی خودی ئەحمەدی ناوبراوە!)
ئەوەی بۆمن زۆر جێی سەرسوڕمان بوو: جەماوەری کۆڕەکە بوو، بە وشەی "سەیهار"ی ئەحمەد، هیچجۆرە کاردانەوەیەکیان پێشان نەدا. دیار بوو ئەو وشەیە بۆیان زۆر قسەیەکی ئاسایی بوو.!
لەوێ زانیم: مەلا کە زۆر وریا بێ، پێی دەگوترێ: "سەی هار"!

درەنگانێکی شەوێ خەڵکی ئاوایی ڕۆیشتن، ئەمنیش زۆرم خەو دەهات. کاتێک خەڵکەکە رۆیشتن نزیکەی حەوت هەشت کەس مانەوە هەموویان خۆم ئاسایی میوانی ئەو ماڵە بوون. پرسیاری خاوەنماڵەکەم لە کاک سەیدبرایم کرد کە ناوی چیە و چکەسە؟
سەیدبرایم گوتی: ئێرە ماڵە "حاجی کاڕەسوو "یە، خانەدانی ئاوایی دەشتی قوڕێیە!
بەهەق خانەدان بوون. بۆ پارشیوێ هەموویان دیسان هاتنەوە دیوەخانێ بۆ پارشێوکردن کە سبەی بەرۆژوو بن. ناچار ئەمنیش دەگەڵیان هەستام بۆ پارشێوخواردن. ئەو شەوە، هەر لە ئێوارەوە دەستی کرد بەکڕیوە و بەفربارین هەتا بەیانی. چێشتەنگاوێ، نەختێکی هەڵبرونگاندبوو، هەواکەی نەختێک خۆش کردبوو، ئەمنیش نیازی رۆیشتنم هەبوو گوتم: دەچم بۆ "بەیرەمبوغەی" گوتیان کاکە چۆن قسەی وا دەکەی. چما هەتا بیست رۆژ لە بەهار دەچێ، ڕێگای نێوان "دەشتی قوڕێ و بەیرەمبوغە"ی دەکرێتەوە؟ گوتیان هەتا هەوای خۆش نەکا و ڕێگاوبان نەکرێنەوە نابێ قسە لە رۆیشتن بکەی!
هیچ قسەیەکم نەبوو زۆر لەوە دەترسام لەناکاو ناسیارێکم لێ پەیدابێ و ئاشکرا بم. سەید برایمی میشەدێی گوتی ئەمن دەچم بۆ "چەقەڵ مستەفای" سەبر گرە، چوار کەسین، دەگەڵ ئێمە ببە بە هاوڕێ، پێکەوە دەڕۆین! ئەمنیش لەخوام دەویست. یەک حەوتووی تەواو میوانی ماڵی حاجی کاڕەسووی ئاوایی دەشتی قوڕێ بووین. ئەو خانەدانە، وابزانم چوار پێنج برا بوون. یەک لەیەکی مرۆڤدۆستتر و رووخۆشتر و نانخۆشتر بوون! دوایی کاروانی وشتری ماڵی حاجی کاڕەسووی دەچوو بۆ "بەگمقەڵایە" لەوێ گیا بێنن بۆ مەڕی...! ڕیگاکەیان شکاندبوو... دوای حەوتوویەک دەگەڵ سەید برایم، ئامادەی رۆیشتن بووین، ماڵئاواییمان لە برایانی حاجی کاڕەسووی کرد و بەرەو سندووس وەڕێکەوتین.

حەزم دەکرد ئەوەندە کۆڵەوار نەبام، توانام بووایە بە تەسەلی بە شێوەیەکی شیاو کە دەگەڵ سیماو شان‌وشکۆ و دڵگەورەیی ئەو خانەدانە کوردە خاوەن‌غیرەتە هاتباوە بابەتێکم نووسیبا و هێنابامە سەرقاقەز. ئەو بنەماڵەیە شایانی ئەوەن رۆمانێکی بەچێژیان لەسەر بنووسرێ. خانەدانێک کە لەژیانی دەربەدەریی خۆمدا، سەرەڕای گەڕانی ئەوهەموو ئێروئەوێیە و خولانەوە بە کوردستاندا، هاوشێوەی ئەو بنەماڵەیەم بەچاو نەدیتبوو. ماوەی حەوتوویەک میوانیان بووم، کاتێک ماڵئاواییم لێکردن، پرسیاریان لێ‌نەکردم خەڵکی‌کوێم و ناوم چیەو چکەسم؟

گەلێک ساڵ‌وعەیام، بەسەر ئەو بەسەر هاتەدا تێپەڕیبوو. بەرپرسی کوورەخانەی میرزا ڕەحیمی خەڕڕازی بووم لە نەغەدەی. رۆژێک حاجییەک هات بۆ کوورەخانەی نەغەدە بۆخشت‌کڕین. دوای ماندوونەبوونی پرسیارم لێکرد؛ کاکە حاجی خەڵکی کوێی؟ گوتی خەڵکی دەشتی قوڕێم. گوتم ماڵی حاجی کارەسووی دەناسی؟ گوتی ئەمن برای حاجی کارەسووم. گوتم ئەوجار زۆر بە خێرێی، سەرچاوی من: ئێوە زۆرتان ڕێزوحومەتی من گرتوە، خۆم زۆر بە قەرزداری موحیببەت و پیاوەتیی ئێوە دەزانم. ئێوە شایانی ڕێزوحورمەتی تایبەتن، نازانم چۆن ئەو قەرزەتان بدەمەوە...؟
حاجی خێرا گوتی: دەستوور بدە خشتی باشم بۆ بار بکەن و زوو نۆرەم بدەنێ بگەڕێمەوە تەراکتۆرەکەم مەحتەل نەبێ! یادتان بەخێر، گەورەماڵی دەرگا ئاواڵەی کوردستان!

***

# گەڕانەوە بۆشارویران!

دەگەڵ کاک سەیدبرایم وەڕێکەوتین. دەشتی سندووسی بەفری کەمتر بوو، هەوایەکی ساماڵی هەبوو، ڕێگا شکابوو. بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتینە گوندی چەقەڵ مستەفا. میوانی خوالێخۆشبوو، عەولا زەلامەی قاچاخچی بووم. سبەی ئەو شەوە دوای سانەوەم ناردم لەدوای کاک عەولای ڕەحیمی زێنێ، ئەو دەم ماڵەکەی لە مەحمەشەی خوارێ بوو.

لە چەقەڵ مستەفای ترس و نیگەرانیم نەبوو، خەڵکی ئاوایی هەموو دەیانناسیم. ئاگاداری ئەوە نەبوون کە ئەمن ئێستێ قاچاخم... پێشتر لەوێ فەقێ ببووم، دەگەڵ خەڵکی ئاوایی بەگشتی نێوانم خۆشبوو، برادەریشم کەم نەبوون. لەشکرم وەسەر گەڕابا دەگیر نەدەکەوتم، ماڵەکانی ئاوایی هەموویان وەک ماڵی خۆم بوون...

کاک عەولای ڕەحیمی زێنێ هات. گوتم نیازم هەیە شەوێک بچمەوە قەرەشلاخ، چاوم بەدایکم و بابم بکەوێ و دوایی بگەڕێمەوە. دەبێ بۆم لە بیری هاوسەفەرێکدا بی بۆ گەڕانەوەم بۆ زینوێ. گوتی دەڵێی بۆ قەرەشلاخ دەگەڵت بێم. گوتم پێویست ناکا هاوڕێم هەیە.

بۆسبەی ئێوارەیەکی درەنگەوەخت، دەگەڵ دۆستێکی خۆم، وسێنی حەسەنی کەڵی، بەرەو شارویران_گوندی قەرەشلاخ وەڕێکەوتین. بەفری ساڵی١٣٤٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە زۆریدا کەموێنە بوو. درەنگەوەختانێکی شەوێ گەیشتینە قەرەشلاخ. بێئەوەی سەگان وەخەبەر بێنین، شارەزا بووم دەمزانی بە کوێدا بڕۆم. بەپێش ماڵی مامۆستا و کاک وسێنی مەلایدا ئاوەژووی دیوی حەساری خۆمان بوومەوە. بە پێێ لەدەرگام دا، دایکم وەخەبەر هات. دایکان لەبەر خەم و پەژارەی ڕۆڵەکانیان کەمترخەویان بەچاویدا دێ؛ هەمیشە هەر بەخەبەرن!

شادڕەوان فاتمی خۆشکم، هێدی دەرگاکەی بۆکردینەوە، چووینە ژووری ماڵێ. دانیشتین وێڕای چاخواردنەوە دایکم دەستی کرد بە پرسیار و چاکوچۆنیم و گازندە لە ڕۆیشتنم و دەیان پرسیار. خۆ ڕازونیازی دایکان تەواوبوونی بۆنیە...!
ماڵەکەمان جیرانی ماڵی مامۆستا مەلا مستەفای حەیرانی بوو. ئەو ڕۆژە هەتا دەرەنگانێک لە ژوورە چووکەکەی خۆمان کە بەڕواڵەت دوکانی باوکم بوو، خەوتم. دایکم مامۆستای ئاگادار کردبوو کە محەممەد هاتۆتەوە! زیندوو یاد مامۆستا مەلامستەفا بەبێدەنگی تاریکانی شەو ناردی بە دوامدا و چوومە ماڵی مامۆستا، دانیشتین چوونی خۆم و کاک ڕەحمانم بۆ دیوی گەرمێن، بەتەسەلی بۆ مامۆستا گێڕایەوە...
دواتر لەبارەی دەنگوباس، ئەوەی دەمزانی زۆرکەم بوو، بەڵام بۆمامۆستام گێڕایەوە، پوختەی زانیاریی خۆم لەسەر دیوی گەرمێن بۆ باس کرد. پاشان هاتمە سەرباسی هاتنی مەلامحەممەدی خالیدی، (لاچینی) دەگەڵ سەید ئەحمەدی تەپەڕەشی بۆ کوردستانی عێراق. مامۆستا سەری سوڕ مابوو، چۆن بێئاگاداریی ئەو، سەفەریان کردوە؟...
هەروەها باسی نێوانناخۆشیی سەرۆک بارزانی و پارتی _ مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلالم بۆ گێڕایەوە: نێوانیان لەو پەڕی ناخۆشیدایە و ئاویان بەجۆگەیەکدا ناڕوا!
لەسەر هاتنی سەید ئەحمەد و مەلامحەممەد گوتم: پێموایە، مەلامحەممەدی خالیدی و سەید ئەحمەد، کاتێک زانیویانە ئەمن لە بنکەی زینوێ شێخیم، خۆیان ئاشکرا نەکردوە و بەبێ هەستی، داگەڕاونە خوار، بەرەو گەلاڵە ڕۆیشتوون. ئەوەی زانیومە_ لە گەلاڵە چاویان بە عەزیزی سورمێ کەوتوە. نازانم عەقیدکافییان دیتووە یان نا...؟
دواتر، لەوێڕا بەرەو ناوچەی قەڵادزە چوون. کاتێک زانیویانە کاک ئەحمەد تۆفیق، کاکسولەیمانی موعینی (فایق) لە سەنگەسەر، لای سەرۆک بارزانین. چوونە ماوەت _ بۆ دەفتەری

سیاسیی پارتی. ئەمن هیچ لە سەر سەفەری ئەوان نازانم، بەڵام لێیان بەگومانم؟

ئەوەندەی ئەمن ئاگاداریم، هەیە چاویان بەکاک ئەحمەد تۆفیق و کاک‌فایق_سولەیمانی موعینی نەکەوتوە! پێوەندییان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەگرتوە. بەپێوستم زانی بگەڕێمەوە لەسەر هاتنی ئەو دوو کەسە ئاگادارتان کەمەوە کە، وریای خۆتان بن. ئەمن لێیان بەشکم پێم‌وایە، ئەو سەفەرە دوورودرێژە، خۆیان هەڵیان‌نەبژاردوە؟

چوون بۆ لای دەفتەری سیاسی پارتی لای مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلال. کورد گوتەنی "ئەو ماستە بێ‌موو نیە!

شادرەوان مامۆستا مەلا مستەفا کەسایەتییەکی هێدی و لە سەرەخۆ بوو، کوردێکی دڵسۆز و کەم تەوەققوع بوو، هەر چەند نیگەرانیی خۆی پێشان نەدا، بەڵام پێیەوە دیار بوو کە نیگەرانی ئەوسەفەرەیە. ئەوەی پێویستی بەگوتن هەبوو لەو چاوپێکەوتنەدا گوترا...!

پاشان نابراو، گوتی: چدەکەی بەوبەفر و سەرمایە چۆن دەگەڕێیەوە؟ گوتم خەمی منت نەبێ، ئەمن دەگەڕێمەوە بۆ چەقەڵ مستەفا، لەوێ عەولای ڕەحیمی زێنێ بەڵێنی پێ‌داوم بۆ گەڕانەوە هاوڕێم بۆ پەیدا دەکا. برادەری دیکەشم هەن وەک مراد رەسوڵ و عەولا زەلامە کە هاوڕێی خۆمن، ئەوان دەمگەیەننەوە. مامۆستا، وێڕای دربڕینی نیگەرانی سەبارەت بەمن، دیار بوو زەینی لە شوێنێکی دیکەیە؟...

لەو گەڕانەوە و چاوپێکەوتنەدا، زۆرم دڵخۆشیی دایکم دایەوە. بۆئەوەی نەختێ دڵی سوکنایی بێ، زۆرم بەڵێنی بەدرۆ پێ‌دا، بۆئەوەی لانیکەم دڵخۆشییەکی بدەمێ. شەوی دواتر تاریکانی شەوێ، بەبێ‌هەستی، ئیدی دەستی دایکم و باوکمم ماچ کرد و داوای دوعای بەخێرم لێکردن، بەخوام سپاردن، دەگەڵ حوسێنی کەڵی، گەڕاینەوە بۆ چەقەڵ مستەفا.

***

# عەوڵای ڕەحیمی زێنێ!

(ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی دەگەڵ کاک عەوڵای رەحیمی زێنێ ئاشنا بووم. ئەودەم لە چەقەڵ مستەفا فەقێ بووم، دەمخوێند. ناوبراو تازە ماڵی هاتبووە مەحمەشەی خوارێ. هاتوچۆی ئەودیوی سنووری دەکرد، چا و پێداویستیی کوردەواریی دەهێنا.
لەسەر ڕابردووی پێشتری شارەزاییم نیە. بەڵام بیستوومە کاتی خۆی، لەسەردەمی لاوەتی‌دا سەربزێویی هەبووە؟... لەو کاتەوە دەگەڵی ئاشنا بووم، لەپێش‌دا وەک لایەنگر و دواتر وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی دەگەڵی بووم بە هاوڕێ...
ئیدی لەو دەمەوە وەک ئەندامێکی بەوەفا و کاردروست، حیسابم لەسەر کردوە و زۆر ئازایانە ئەوەی پێم‌ئەسپاردوە وەک نامە و ئیعلامیەو... زۆر سادقانە گەیاندوونی و ئەرکەکەی ئەنجام داوە. جارێک نەبووە کارێکم پێ سپاردبێ ئەنجامی نەدابێ.)

لە چەقەڵ مستەفا، لەماڵی ماموستاکەم بووم. بە دوای کاک عەوڵای ڕەحیمی زێنێمدا نارد، نابراو هات. دەیزانی دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ زینوێ. گوتی: هەتا چەند ڕۆژێکی دیکەم سەبرم لێبگرە، ناهێڵم بە تەنیا بگەڕێیەوە. دوو، سێ، ڕۆژەکە بەسەر چووبوو، عەوڵای ڕەحیمی زێنێ هات. عەوڵا زەلامەو مراد ڕەسووڵ، عەلی مەلای، هەموویانی ساز کرد گوتی: دەچین لە زینوێ چای دەکڕین و بەکرێ کۆڵان دەیهێنینەوە...

ئەوانە هەموویان کورد و دڵسۆز بوون یادی گشتیان بەخێر. بەرەو لاجان بە دوڵی بەیرەمبوغەدا، کەوتینە ڕێ. بەفرەکە ئەوەندە زۆر بوو بڕستی لێ بڕیبووین. بەسێ ڕۆژ گەیشتینە گوندی (گردەبن). زۆر ماندوو،و شەکەت بووین. لە ماڵی برادەرێک میوان بووین، پێم‌وایە ئەویش ناوی مرادڕەسوڵ بوو.

دوو سێ ڕۆژ لەگوندی گردەبن ماینەوە. شەوێک لاوێک هاتە ئەو ماڵەی ئەمنی لێبوو. لاوەکە لە زینوێ شێخی گەڕابۆوە. دەنگو باسی دیوی گەرمێنێی بۆ دۆستەکانی خۆی دەگێڕایەوە، دوو شەو لەوە-پێش لە زینوێ شێخی ببوو. گوتی:

ئەمن پێرێ شەوێ میوانی بنکەی زینوێ بووم. شەو بارزانی هاتن بەسەر بنکەیاندا دا هەموو پێشمەرگەکانیان چەک کردن، بەڵام کەسیان دەسگیر نەکرد.

لاوەکە دەیگوت: "مەنسوولی بارزانییەکان ناوی زەکی بوو. مەلا حەسەن و سەعید کویستانی و هەموو پێشمەرگەکانیان چەک کردن، چەکەکانیان دەگەڵ خۆیان بردن"!

بۆمن جێگای سەرسوڕمان بوو. لاوەکە بە پەرۆشەوە ئەو هەواڵەی دەگێڕایەوە. هەرچی بیرم دەکردەوە، بۆم حەل نەدەبوو مەسەلە چیە؟ چونکە ئەمن هیچ ئاگادارییەکم لەسەرناکۆکیی نێوان کاک ئەحمەد تۆفیق و جەماعەتی زینوێ شێخی نەبوو، هیچم لەو بارەیەوە نەبیستبوو...

دەگەڵ عەولای ڕەحیمی زێنێ، و ڕەحمەتی عەولا زەلامە، بەرەو دەشتیپیران وەڕێکەوتین. بەدوو ڕۆژ، گەیشتینەوە زینوێ. بەیانی زوو بوو، چووینە بنکە. لە بنکەی زینوێ یادی بەخێر کاک عەلی پیرمەند، دەگەڵ کوێخا مارفی بەردەڕەشان کە، ناوی خۆی نابوو "قەیماس" لە بنکە بوون. دوایی هەردووک عەولا، چوونە نێو بازاڕی زینوێ بۆ کڕینی چا و پێداویستیی خۆیان. دوای ڕۆیشتنی هاوڕێکانم، عەولای ڕەحیمی زێنێ و عەولا زەلامە، دەگەڵ کاک عەلیی پیرمەند، ئێمەش چووینە نێو دوکانەکانی زینوێ. کاک عەلی. لە ڕێگادا بەکورتی باسی چەککردنی جەماعەت و مەلاحەسەنی بۆ کردم...

گوتی: وەک ئەمن گوێبیست بوومە دەڵێن: ئەتۆش دەگەڵ ئەو جەماعەتەی بوویە، قادرشەریف و ئەوان، ئەتۆیان ناردۆتەوە بۆ دیوی ئێران؟

کاک عەلی گوتی: کاک ئەحمەد تۆفیق، من و کوێخا مارفی ناردوە هەتا بەرپرسێک بۆ بنکەی زینوێ دەنێرێ، ئێمە لێرە لە بنکە بمێنینەوە. ئەوە چاوەڕوانین یەکێک بنێرێ.
دوایی کاک عەولای ڕەحیمی زێنێ و کاک عەولا زەلامەم بەڕێ کردەوە. گوتم لەوانەیە ئەمن بچم بۆلای کاک ئەحمەد تۆفیق، کاتێک گەڕامەوە دواتر ئاگادارتان دەکەمەوە. ئەوان ماڵئاوایی‌یان کرد و بەرەو سنووری ئێران گەڕانەوە.
ئەودەم کاک ئەحمەد لەنزیک بارەگای بارزانی، لە شاروچکەی سەنگەسەر بوو. کاک ئەحمەد، دوو ژووری لە کوێخا ئەمەری سەنگەسەری بەکرێ گرتبوو، کردبووی بە بنکە و کارەکانی خۆی لەوێ ڕادەپەڕاندن...

***

## ئاشنابوون دەگەڵ عەلیی کاکەسووری!

هەواڵنامەی کتێب

دوای چەند ڕۆژ کاک عەلی کاکە سووری بڵباسی و میرزا سمایل نەغەدەیی و کاک حەمەکەچەڵی قاچاخچیی مەهابادی، هاتن بۆ بنکەی زینوێ. سمایل قەرەنی و حەسەن قەرەنی ئەو دوو برایەش ماڵیان هاتبووە زینوێ. ئەوانە هەموویان دەگەڵ حوسێن لاسووری شەریک بوون. ناوبراو بەدەستی ژاندارمان کوژرابوو. کاک ئەحمەد تۆفیق، دوای کوژرانی ڕەحمەتی حوسین لاسوور، وەک هاوڕێیەکی بەئەمەگ، ناردبووی بەدوای ئەوکەسانەدا، حیساب و کیتابی حوسین لاسووری لێ‌دەویستن بۆ منداڵەکانی. منداڵەکانی حوسێن لاسوور سەغیر و بێ‌سەرپەرست مابوون!
حوسین لاسوور، باوکی مستەفا داداری، ئەندامێکی چالاک و دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ناوبراو، هاتوچۆی دیوی گەرمێنێی دەکرد و چا و کوتاڵی دەهێناوە بۆ مەهاباد، بژیوی خۆی و منداڵەکانی لەو ڕێگایەوە دابین دەکرد. وێڕای ئەوە پێداویستی و یارمەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی

دەگەیاندە دەستی کاک ئەحمەد تۆفیق لەدیوی گەرمێن. ساڵی ۱۳٤۱ی هەتاوی لە گەرمەی شەڕی نێوان شۆڕش و حکوومەتی بەعسدا لە عێراق، زۆربەی یارمەتییەکان ناوبراو دەیگەیاندە شۆڕشی گەرمێن، یادی بەخێر.

دوای چەند ڕۆژ، ئەمنیش دەگەڵ ئەو جەماعەتە ساز بووم هەمووومان پێکەوە، بەرەو سەنگەسەر کەوتینە ڕێ. یادی بەخێر، مستەفا خاڵەشمان دەگەڵ بوو، دوای سێ ڕۆژ، بە پێیان گەیشتینە، سەنگەسەر.

لە سەنگەسەر نزیک بووینەوە، دەگەڵ کاک عەلی بڵباسی لە نزیک بنکەکەی کاک ئەحمەد تۆفیق، چایخانەیەکی چووکە هەبوو، پێشەکەی کەپرئاسا بوو، بە رامبەر بە بارەگای بارزانی، کە قوتابخانە گەورەکەی سەنگەسەر بوو. کاک مەلا حەسەنی ڕەستگار و کاک سەعید کوێستانی، لەو چایخانەیە دانیشتبوون. چاویان بەمن و کاک عەلی کەوت، شاگەشکە بوون. دوای چاکوچۆنی لەلایان دانیشتین. چایەکەمان نەخواردبۆوە، کاک حەسەنی ئیسحاقی برازای کاک ئەحمەد تۆفیق، هات گوتی:

کاک مەلا محەممەد! کاک ئەحمەد دەفەرموێ بێتە ژوور ئەوە بۆ لەلای سەعیدە کوێر و جەماعەتی دەرکراو لە حیزب دانیشتووی؟ هەرکە ناوی سەعیدە کوێڕی بەسەر زماندا هات سەعید، کاردانەوەی پێشان دا و داگژایە حەسەنی برازای کاک ئەحمەد تۆفیقی.

مەلا حەسەن و کاک عەلیی کاکەسووری، کەوتنە نێوبژیوانی، چایەکەمان لێ تاڵتر بوو، بەئەوکمان ڕۆنەچوو خواحافیزیمان لێکردن بەرەو ژوورەکەی کاک ئەحمەد چووین.

لەهەمان کاتدا بارانێکی بەتەوژم دەباری، دەگەڵ کاک عەلی چووین بۆ بنکەی. دوای چاکوخۆشی دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، لەبەر سۆبەی دانیشتین، چاوپێکەوتنێکی گەرم و دۆستانە بوو، کاک ئەحمەد زۆر بەگەرمی وەریگرتین. چامان خواردەوە و کاک سولەیمانی موعینییش هات. یەکەمجاربوو چاوم بە کاک

سولەیمانی موعینی "فایق" دەکەوت. شەوێ بردیانینە ماڵێک لەوێ بخەوین.

بەهەڵکەوت ئەو شەوە مەلا ڕەحمانی سێوەتاڵی و شیخ جەمیلی مەردۆخیشیان هێنا بۆ ئەوماڵە کە ئەمنی لێبووم. ئەوان منیان نەدەناسی. نەمگوت پێشمەرگەم یان کەسێکی سیاسی و قاچاخم. گوتم ئاڵوێرچیم و خەڵکی مەهابادم. ناسیاویم دەگەڵ بنەماڵەی کاک ئەحمەد تۆفیق هەیە...

کاک ئەحمەد، جەمیل و مەلاڕەحمانی بانگ کردبوو حیسابیان لێ‌-بکێشێ نازانم چەکیان لابوو چی... بە وتەی کاک ئەحمەد جەمیل و مەلا ڕەحمان دەگەڵ عومەر سادق نگلی، هاوڕێ و هاوکاری مستەفا و کاوە بوون، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لایان دابوو؟ ئەوشەوە لەو ماڵە دەگەڵیان ئاشنا بووم. ئیتر بەیانی چوومەوە بنکە، کاک ئەحمەد گوتی: ئێوە دەگەڵ کاک عەلیی کاکە سووری و میرزا سمایلی، بچن بۆ گوندی بەستەستێنێ بۆ ماڵێ کوێخا برایمی: لێرە جێگاکەمان بەرتەنگە، ئێوە بچوون منیش ئێوارە دێم بۆ ئەوێ. هەڵمەت و سمایلە شەلی دەگەڵ ناردین بۆ شارەزایی، یان بۆ ئەوەی نەوەکوو ڕاکەین؟

هاتین بۆ بەستەستێن. درەنگوەختانی ئێوارە، کاک ئەحمەد، هات. ئەو شەوە لە ماڵی کوێخا برایم بووین و میوانداریيەکی زۆر باشیان لێکردین. دوای ئەوەی کاک ئەحمەد تۆفیق، دەگەڵ کاک عەلیی کاکە سووری و میرزا سمایل کۆبوونەوەیان تەواو بوو، نۆرەی من هات. پێکەوە دانیشتین. کاک عەلیی پیرمەند لەبارەی جەماعەتی کاک مەلاحەسەن پێی گوتبووم: لەوانەیە کاک ئەحمەد سەبارەت بەتۆ بەدبین بێ؟ هەروەک ناوبراو پێی گوتبووم، کاک ئەحمەد نیگەرانیی ئەوەی پێوە دیارە. بەڵام دوایی بەدرێژی و بەدروستی باسی سەفەرەکەی خۆم بۆ گێڕایەوە، ئەو جارە، نەزەر و بۆچوونەکەی گۆڕا...

دەگەڵ کاک ئەحمەد گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر. دوای چەندڕۆژ مانەوە لە سەنگەسەر، بانگی کردم. دانیشتین گوتی: "برام،

ئێستێ کەسمان بۆ بەرپرسی بنکەی زینوێ دیاری نەکردوە، قەیماس و عەلی پیرمەندمان لەوێ داناون هەتا بەرپرسێک بۆ بنکەی زینوێ دیاری دەکەین. پێویستە بگەڕێیەوە بۆ زینوێ. ئەو دوو برادەرە نەخوێندەوارن، نووسراوە، یان ئاگادارییەک دەرچێ کەس نیە لەوێ بیخوێنیتەوە، یان کەس نیە لە سەر وەزعی وێ شتێکمان بۆ بنووسێ و ئاگادارمان کاتەوە..." بەهەرحاڵ بەدوای ئەوەدا گەڕامەوە بۆ باڵەکایەتی. دیسانیش دەگەڵ کاک عەلیی کاکە سووری و میرزا سمایل، بووینەوە هاوسەفەر.
چەند حەوتوویەک بەسەر چووبوو؟ ڕۆژێک نامەیەکی کاک ئەحمەد هات نووسیبووی: پێویستە بچم بۆ سەنگەسەر.
نێوان سەنگەسەر و زینوێ ئەگەر بەشێنەیی ڕۆیشتای دووڕۆژ و دانێک، یان سێ ڕۆژەڕێ بوو.
هەوای نێودەشتێ و دوازدەبانوو گەرم داهاتبوو، بەڵام زینوێ هێشتا بەفر بەری نەدابوو. گەڕانەوەکەم بۆلای کاک ئەحمەد لەبەر دیاریکردنی بەرپرس و هاوکاری بوو.
دوای ئەوەی گەڕامەوە باسی ناردنی بەرپرسی بنکەی زینوێی دەگەڵ کردم. عەرزم کرد هەرکەس بۆ بەرپرس دیاری بکرێ ئامادەی ئەنجامدانی هەموو ئەرکێکی خۆمم بەمەرجێ دەگەڵ عورفو ئەخلاقی سیاسی بگونجێ بە شانازییەوە فەرمانبەرداری دەبم.

***

## کاک ڕەئووف!

کاک ئەحمەد گوتی: کاک ڕەئووف مەلاحەسەنمان بۆ بەرپرسی بنکەی باڵەکایەتی دیاری کردوە. کاک ئەحمەد، ئەو دەم زۆر لە بارزانی نزیک بوو، هەمەکارەی بارەگای مەلامستەفا بوو، قسەکانی بڕیان دەکرد.
دوای چەندرۆژ مانەوە لە سەنگەسەر، دەگەڵ کاک ڕەئووف مەلاحەسەن و حەمەسەلیم و مەلا قادری لاچینی گەڕاینەوە بۆ

بنکەی زینوێ. قەیماس گەڕایەوە بۆ سەنگەسەر. کاک عەلی دەگەڵ ئێمە لەزینوێ مایەوە. سەرەتای بەهاری١٣٤٣ی هەتاوی بوو. نازانم چەندرۆژ لە بەهارێ تێپەڕ ببوو، رۆژێک بەیانیی زوو بوو، پێنج کەس هاتن بۆبنکەی زینوێ بوون بەمیوانمان. ئێمەش زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنمان کردن. میوانەکان خۆیان ناساند: سێ‌کەس لە میوانەکان برا بوون، بەناوەکانی حەسەن و ئەحمەد و سولەیمان. کوڕانی مامعەزیزی قەرەنیاغای گرتکسپیان بوون، یەکێکیش خزمیان بوو بە ناوی برایم. کاک برایمیش ئاغای کوندرەی مامەشان بوو، برادەرێکیان دەگەڵ بوو ناوی ڕەحمان بوو، نەختێ چاوی خێل بوون. بە وتەی خۆیان "پیاویان بوو". گوتیان: ساواک هێرشی کردوە و بەشی هەرە زۆری ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەسبەسەر کراون.

***

## هاتنی عەشیرەتی مامەشان!

شەوێک یان دووشەو لامان مانەوە، دیتمان خەڵکێکی زۆر لەدیوی ئێرانەوە بەرەو دۆڵی باڵەکایەتی دادەگەڕێنە خوار؟ گوتیان ئەوانە هەموو عەشیرەتی مامەشی ئێرانن! بەهەرحاڵ ئەو برادەرانەی میوانی ئێمە، گوتیان ئەوان ئەندامی حیزبن. کاک ڕەئووف، گوتی: بابچینە دەرێ نەختێ پیاسە بکەین.
پێکەوە چووینە دەرێ، نابراو گوتی: فلانکەس! پێویستە دەگەڵ ئەوانە بچی بۆ سەنگەسەر. بۆخۆت دەزانی، ئێمە خۆمان نانمان نیە بیخۆین، ناتوانین وەڵامدەرەوە و بریاردەری ئەو میوانانە بین...
گوتم: بان چاو! رۆژێک بەیانی ئامادەم کردن بڕوێن بەرەو سەنگەسەر. بەجادەی دۆڵی باڵەکایەتیدا کەوتینە ڕێ.
ئێمە لە زینوێ شێخی، داگەڕاینە خوار، بەرەو گەڵاڵە، لەڕێگا تووشی خێڵ و عەشێرەتی مامەشان بووین، بەرەو ڕایات و

هەوالنامەی کتێب

دەربەند و گەلاڵە، دادەگەڕانە خوار. لەگوندی دەربەندی، لە نێو ئەو جەماعەتەدا چاوم بەدوو ئاشنای کۆنی خۆم کەوت کە، لە ئاغایانی دێبۆکری بوون بە ناوەکانی: کاک سمایلی پیرۆتی قەشلاخێ هاوتەمەن و هاویاریی سەردەمی منداڵی و هاوڕێی حیزبی کە پێشتر بەیەکەوە هاتبووین بۆ گەرمین دەگەڵ کاک سولەیمانی پیرۆتی لەئاغایانی گردەقیتی. لەسەر جادەی نزیک قاوەخانەی مستەفا سولەیمانی دەمولکەیەک دەگەڵیان ڕاوەستام و دوای چاکوخۆشی ئێمە لەسەر سەفەر بووین ئیدی لەوێڕا خواحافیزیم لێکردن و ڕێی خۆمان گرتەبەر...

هاوڕێکانم لەڕێگا ڕۆیشتندا زۆر کول بوون، ئەو ڕۆژە بۆ ڕۆژئاوایەکی درەنگوەخت گەیشتینە گوندی قەسرێ. هاو سەفەرەکانم هەرگیز ڕێگایان دە شاخوداخ نەکەوتبوو، لەڕادەبەدەر ماندوو،وەکەلەلا ببوون. گەیشتینە گوندی قەسرێ. سەعیداغای قەسرێ لە پێش دیوەخانەکەی خۆی قەدەمی لێدەدا، یان بە زاراوەی خەڵکی گەرمێنێ: پیاسەی دەکرد. ئەمنیش چوومە لای، سلاوم لێکرد وەلامی سلاوەکەی نەدامەوە. پێموابوو گوێی لێ- نەبووە؟ دیسان سلاوم کرد و گوتم سەعیداغا ئەوانە کوڕانی مامعەزیزی گرتکسپیانن دەچن بۆ سەنگەسەر و...

زۆرتوندم بەگژدا هات گوتی: بابم خۆ ئێرە خان (کاروانسەرا)ی شاعەبباس نیە هەرکەس هات سەلامەلێک، ناوەڵلا نەجێگام هەیەو نەدیوەخان ئێوەی تێدا بحاوێنمەوە...!

ئێوارەیەکی درەنگوەخت بوو، باران دەستی پێکردبوو، ئەودەم ئاوایی قەسرێ، گوندێکی چەند ماڵی بوو، بەهۆی شەڕ زۆربەیان گوندەکەیان بەجێ هێشتبوو، ئەوانەی مابوونەوە هەموویان هەژار و بێدەرەتان بوون. ناچار بە هاوڕێکانمم گوت: غیرەتێ بەرمەدەن گوندی سوورەبان زۆر لێرەوە دوور نیە دەچینە وێ...!

کابرایەکی خەڵکی ئاوایی قەسرێ گوێی لە قسەکانی من و وەلامی سەعیداغا ببوو، کە دیتبووی ئێمە بەو هەوا بارانییە و بەو شەوە تاریکە گەرەکمانە بەرەو سوورەبان بڕوین، کەوتە شوێنمان. لە

قەراخ ئاوایی گەیشتە لامان داوای لێکردین میوانی ئەو بین. کابرا، بەخوڵقێکی لەڕادەبەدەر گەرم پێشوازیی لێکردین. گاوانی ئاوایی بوو. لاوێک بوو هەتا خوا حەز دەکا هەژار و نەدار بوو. گوتی بەو شەوە بارانییە بۆ کوێ دەچن، وەرنە ماڵەکەی من ئاورم هەیە و لەبەر باران مەمێننەوە. نانم هەیە بەڵام دەبێ ببوورن پێخۆرم نیە. دەبێ بە چای شیرن ڕازی بن.
چووینە ژوور. خانووەکەی خڕکە بەردی لەسەریەکهەڵچنراوی بەدارو گەڵداپۆشراو بوو، ناوی خانووی لێنرا بوو.
کابرا زۆر بەشەرمەوە داوای لێبووردنی لێدەکردین، بەڵام ئێمە ماڵە کابرای هەژارمان زۆر پێ باشتر و خۆشتر بوو لە دیوەخانەکەی کابرایەکی دڵچکوڵەی وەک سەعیداغای قەسرێ. چای بۆ لێناین، گۆڕکی بۆ داگیرساندینەوە، خۆمان لە بەرگەرم کردەوە بە تەواوی بووژاینەوە و ئەو جار خەو دەیبردینەوە. ئیتر بە داخەوە، ئەو کابرا دڵگەورەیە جگە لە نانو چای شیرن، نە خواردەمەنییەکی هەبوو بماندانێ؛ نە پێخەفێکی هەبوو شەو بەخۆمانیدا دەین. لە دەوری گۆڕکەکەی هەتا بەیانی بۆی مات بووین. بەیانی نانوچای شیرنمان خوارد و بەرەو سوورەبان و هەورازی وەسان و گوندی لێوژێ وەڕێ کەوتین. هەرچەند نێوان قەسرێ و گوندی لێوژێ مەودایەکی ئەوەندە زۆر دوور نیە، بەڵام سولیمان و ئەحمەداغا پێلاوەکانیان، شڕ ببوون و قاچیان بلۆقی کردبوو، بە هیچ جۆر نەیان دەتوانی بەڕێگادا بڕۆن.
بۆ شەو گەیاندمنە گوندی لێوژێ، میوانی جەوەراغای لێوژێ بووین. پێشتر دەگەڵ جەوەراغای ناسیاویم پەیدا کردبوو، چەند جارمیوانی ببووم. هەرچەند بەهۆی شەڕ و میوانی زۆر، دەسکورت ببوو، بەڵام لە پیاوەتی و میوانداریدا لە کەمی نەدابوو. زۆر دڵ-دەوڵەمەند بوو. زۆری ڕێز لێگرتین. لەشانسی بەدی ئێمەش باران لێی نەدەکردەوە. ڕووباری دوڵی شەهیدان بواری نەدەدا و نەماندەتوانی بەرەو سەنگەسەر وەڕێ کەوین. جەوەراغاش جار لە جاری خوڵقخۆشتر و ڕووخۆشتر دەبوو دەیگوت: بۆکوێ دەچن

خۆ لە سەحرایە نەماونەوە؟ دووڕۆژ لە گوندی لێوژێ ماینەوە، بەڵام دیسان نەماندەتوانی بە دۆڵی شەهیداندا بەرەو سەنگەسەر بچین.
گوتیان بەبەری دەستەڕاستدا هەڵگەڕێن، -ناوی شوێنەکەم لەبیرنەماوە- وەسەر دەکەون بەدیوی گوندی "دووگۆمان و جەلکەومەمکان"دا ئاوەژوو دەبنەوە... هاتین گەیشتینە گوندی: دووگۆمان" یەکەمجار بوو چاوم بەئاغای کانەبی، ئاغای دووگۆمان دەکەوت. بەڕاستی لە پیاوەتی و میوانداریدا کەموێنە بوو، ئەویش دەگەڕایەوە سەرپیاوەتی و میوانگریی عەشیرەتی ئاکۆیان. لەو سەردەمەدا، عەشیرەتی ئاکۆیان، لە میوانگری، جوامێریدا کەموێنە بوون. نێوان سەنگەسەر و دووگۆمان، نیوکاتژمیر یان زۆرتر و کەمتر بوو؟ لەوێ هاوسەفەرەکانم لە ماڵی ئاغای کانەبی بەجێ هێشتن، بۆخۆم داگەڕامە خوار بۆ سەنگەسەر. چوومە لای کاک ئەحمەد تۆفیق، مەسەلەی هاتنی عەشیرەتی مامەش بۆ دیوی کوردستانی گەرمێن و هێرشی ساواک بۆسەر ئەندامانی حیزب لە کوردستانی ئێران، ئەوکەسانەی ئێستێ دەگەڵ خۆم هێناون... ئەوەی زانیبووم هەموویم بۆ باس کرد...

کاک ئەحمەدتۆفیق گوتی: ئاگادارم جەماعەتێکی زۆر گەیشتوونەتە سەنگەسەر. بنکەی سونێ، لەبەر زۆریی پەنابەری کوردی ئێرانی، هەر جمەی دێ. گوتی کارێکی باشت کردوە ئەو جەماعەتەت لە ماڵی ئاغای کانەبی بەجێ هێشتوون. ئێستێ پێکەوە دەگەڕێینەوە بۆ گوندی دووگۆمان. گوتی مام ئەحمەدی هەوشینان دەگەڵ خۆت بەرەوە بۆ بنکەی زینوێ. دەبێ هەرچی زووترە گوندی زینوێ بەجێبێڵن و لە یەکێک لە گوندەکانی باڵەکایەتی شوێنێک بدۆزنەوە. مەلا مستەفا، دەستووری ئەکیدی داوە، دەبێ هەتا زووە، گوندی زینوێ بەجێبێڵن. ئێران گوشاری خستۆتە سەر، دەبێ بە زوویی بنکەی زینوێ چۆل بکەن.

کاک ئەحمەد گوتی: مەلا محەممەد! ئەوە خەمی تۆیە دەبێ کە گەڕایەوە شوێنێک بدۆزیەوە و بگوێزنەوە. ئەمن هاوسەفەرەکانی خۆم و کاک ئەحمەد تۆفیقم لە ماڵی ئاغای کانەبی، بەجێ‌هێشت، دەگەڵ مام ئەحمەد بەرەو زینوێ شێخی گەڕاینەوە، بەڵام ئەوەی چاک بوو مام ئەحمەد هێستری پێ‌بوو دەگەڵ کتری و قەندوچا! هەر شوێنێک پێمان خۆش با کتریمان وەسەر دەنا.

کاتێک دەگەڵ مام ئەحمەد، گەیشتینەوە زینوێ، نامەی کاک ئەحمەدمدا بە کاک ڕەئووف. لەوماوەیەدا بێ‌پسانەوە، ڕۆژانە خەڵک دەهات بۆ دیوی گەرمێن. هێندێ پارە بەکاک خدری ڕەسووی قەرزدار بووین کە بۆ بنکەی زینوێ قەرز کرابوو، خەرج کرابوو. کاک ئەحمەد تۆفیق، زۆری پێوە ناڕەحەت بوو. لەو کاتیشدا پارەی نەبوو، وابزانم دواتر لە شێخەی حاجی ڕەسووی پارەی بۆ وەرگرتم. پارەکەی کاک خدر ڕەسوومان دایەوە و ئاسوودە بووین.

***

## سمایلی شەریفزادە!

لەو سەروبەندەدا، لاوێکی جوانچاکی مەهابادی هاتبوو، میوانی کاک مستەفای شێخ عوبەیدوڵڵا بوو. ئەولاوە، هەموو ڕۆژێ دەهاتە بنکەی. دەگەڵ کاک ڕەئووف، زۆریان روو دەلای یەک نەبوو!
ڕۆژێک خۆی بەمن ناساند: ناوی سمایلە و ناوی بنەماڵەی شەریفزادەیە و خوێندکار بووە لە تاران، ئەندامی حیزبە، وەک زۆر کەسی دیکە لە خەڵکی کوردستان ڕای کردوە...
سمایل ڕۆژانە کە دەرفەتی وەدەست هێنابا، دەهاتەلام و دەستی دەکرد بە پرسیاران. زۆرتر لە هەمووانیش لە کاوە و مستەفای دەپرسی: بۆ دەگەڵ ئەحمەد تۆفیق نەحاوانەوە؟
جەماعەتی مەلاحەسەن و قادر شەریف بۆ چەک کران؟
مام جەلال و مەلا مستەفا، لە سەرچی ناکۆکن؟...

زیندوویاد شەیفزادە لاوێکی کونپشکن بوو. واشیدەزانی ئەمن ئاگاداری بنەوانی هەمووی ئەو بەسەرهات و رووداوانەم. ئەمنیش ئەوەندەی لێرو لەوێم بیستبوو، بۆم دەگێڕایەوە. لەو ماوەیەدا لە زینوێ شێخی بوو، دەگەڵ سمایل بووین بە ئاشنا و ئەوجارە ڕاشکاوانە قسەی دەکرد. رۆژێک گوتی: ئەتۆ چۆن دەتوانی تەحەممولی ئەو کاک ڕەئووفە بکەی؟

سمایل ئەوەندەی جوانچاک بوو ئەوەندەش قسەخۆش بوو. لێرەدا دەرفەت نیە باسی قسە خۆشەکانی بکەم، ئەگەر دەرفەت هەبوو لەشوێنی خۆیدا ئاوڕێک لە نەقڵ و قسەخۆشەکانی سمایل و لاساریی سالاری حەیدەری دەدەمەوە.

دوای ماوەیەک سمایل بەرەو سەنگەسەر رۆیشت. ئەودەمانەی دەچووم بۆ سەنگەسەر هەروەک پێشوو، دەگەڵ سمایل دەستمان دەکرد بە قسەوباسان. سمایل لە وەزعی مەوجوود زۆر ناڕازی بوو. زۆری نەخایاند کاک حەمەدەمینی سیڕاجییش هات بۆ سەنگەسەر. سالار و سمایل و کاک حەمەدەمین نەیانتوانی لە سەنگەسەر بمێننەوە، چوون لە قەلادزێ، خانوێکیان گرت لەوێ مانەوە. لە شوێنی خۆیدا دەگەڕێمەوە سەریان.

***

دەگەڕێمەوە سەرباسی بنکەی زینوێ. نامەکەی کاک ئەحمەد تۆفیقم دا بە کاک ڕەئووف مەلا حەسەن. نامەکەی کاک ئەحمەدی دخوێندەوە، رووی کردە من گوتی: هەر چۆنێک بێ دەبێ لەزینوێ بار بکەین. ئەتۆ کە لەو مەڵبەندە شارەزای جێگایەکت پێ شک-نایە بچینێ؟ ئەمنیش ئەوەندە شارەزا نەبووم، کاک ئەحمەد بە خۆمی گوتبوو، ئەمنیش بەڵێنیم پێدابوو لە خەمی شوێنێکدا بم. لە هەمان کاتدا لە کاک ڕەئووف دەخۆڕادیوتر بووم. گوتم: ئەمن دەچمە دۆڵی سەکران، بزانم شوێنێک لەو ناوە نادۆزمەوە؟

بەجادەیدا داگەڕامەخوار بۆ نیوەڕۆیە چۆمە ناوپردان. بوومە میوانی ئەحمەداغای ناوپردان. پێشتر وەک ڕاڕەو، زۆر جاران میوانی حەسەناغا و ئەحمەداغای ناوپردان ببووم دڵگەورە و میوانگر و خاوەنڕێز بوون. تاڕادەیەک بۆم ببوون بەناسیاو. لەسەر نانخواردنی نیوەڕۆیە بووین، حەسەناغاش هات. ڕووم کردە ئەحمەداغا و حەسەناغای داوام لێکردن، ئەگەر خانوویەکیان هەبێ بماندەنێ حەز دەکەین بنکەکەمان بگوێزینەوە بۆ ئێرە.

زۆربە رووخۆشی گوتیان: ئێمە عەردمان هەیە بۆ خانوو بتاندەینێ ئەگەر بۆخۆتان خانووی لە سەر ساز بکەن، بەڵام بەداخەوە جگە لە دوو چاوە کۆنەخانووی بەبەردی هیچی دی شک نابەین. ئەگەر دەزانن بە کەڵکتان دێ و دەتانەوێ، ئێمە شانازی بەوە دەکەین پێشمەرگە و کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئێمە و ئاواییەکەمان ڕازی بن.

گوتم بەرەو هاوین دەچین، چادری باشمان هەیە بۆ ئێستێ، بۆ زستانیش لەوانەیە خۆمان بنکەیەک دروست بکەین. زۆریان پێ-خۆش بوو. ئەمنیش خۆم زۆر بە سەرکەوتوو زانی. بەڕاستییش چادری زۆر باشمان هەبوو لە دیوەخانان گەورەتر و خۆشتر بوو. خانووەکە بەکەلکی ئەوە نەدەهات مرۆڤ تێیدا بحاوێتەوە. بەڵام بۆعەمباری کەلوپەل خراپ نەبوو. بە دڵخۆشییەوە گەڕامەوە زینوێ و باسی سەفەرەکەی خۆم بۆ کاک ڕەئووف گێڕایەوە زۆری پێخۆش بوو. خێرا هێستر و بارەبەرمان پەیدا کردن، بنکەمان گوازتەوە بۆ ناوپردان.

لە سەربانی چادرمان هەڵدا و کەلوپەلەکانمان لە کۆنە خانووەکە دانان. نامەیەکمان بۆ کاک ئەحمەد نووسی کە وا بنکەمان گوازتۆتەوە بۆ گوندی ناوپردان و ئێستێ ئەوە چەند ڕۆژە لەو گوندەین...!

ئێمە ئەوەندە کەسمان لە بنکەی ناوپردان بووین: کاک ڕەئووف مەلاحەسەن وەک بەرپرسیار، کاک عەلیی پیرمەند پێشمەرگە،

سەید عەولا، لاوێکی تازەپێگەیشتووی مەهابادی بوو، خۆم. جاروبار مام ئەحمەد و مەلا قادری لاچینییش دەهاتن. ئەوان هاتوچۆی دیوی ئێرانیان دەکرد لەلامان دەمانەوە. زۆری نەخایاند کاک عەلیی پیرمەند، گەڕایەوە بۆ سەنگەسەر. دوایی لەسەر ئیزنی کاک ئەحمەد تۆفیق، گەڕایەوە بۆ ئێران لای ژن‌و منداڵەکانی...

دوای ڕۆیشتنی کاک عەلی، لەو ماوەیەدا کە دەگەڵ کاک ڕەئووف و سەید عەولا لە بنکەی ناوپردان بووین، بە هەمووومان تەنیا یەک چەکمان هەبوو، ئەویش سیمینۆفەکەی کاک رەئووفی بوو. لەو ماوەیەدا ئاغاکانی مامەش و پیران، لە گوندەکانی دۆڵێ سەکران نیشتەجێ ببوون. پیاوەکانیان و خۆیان جاروبار بە وتەی خۆیان بە قاچاخ بۆ سەردانی ماڵ‌ومنداڵیان دەچوونەوە دیوی ئێران. لەدیوی ئێران مڵک‌وماڵیان هەبوو!

بەوتەی کاک ئەحمەد تۆفیق، بەرلە هەلایسانی شۆرشی کوردستان، قەندیل و دۆڵەتی و ئەو بەندەنە، ببوو بە مەکۆی چەتە و کەسانی گورگەمێش. ئەوانەش زۆرتر بە پاڵپشتیی ئاغاکانی مەنگوڕ لەوانە عەلیی حەسەناغای ئاڵیەرەشی و ئاغایانی ئاکۆ، لە ناوچە خەریکی چەتەیی و ڕاووڕووت و تالان و سەربزێوی بوون.

کاک ئەحمەد توفیق، کەسانی وەک وەسمانکە، برایمە ڕەش، مەلا مۆچکەی گرتبوون، بەلێنیان دابوو، دەست لە چەتەیی و گورگەمێشی هەڵگرن، وەک خەڵکی ئاسایی خەریکی کاروکاسبی بن و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە چەتەیی و پیاوخراپی بکەن. بەوتەی کاک ئەحمەد تۆفیق، چوارکەس مابوون کە بیانگرێ. ئەوانەش بریتی بوون لە: ١-رەسووە خووس. ٢-قادرە خووس ٣-جانگیر. ٤-رەزا. دەستوری دابوو، هەرکات ئەوانەمان وەبەر دەست کەوتن، دەرفەت لەدەست نەدەین بیانگرین!...

***

## محەممەدی گاپیسی

دوای هێرشەکەی بەهاری ١٣٤٣ی ساواک بۆسەر ئەندامانی حیزب، محەممەدی گاپیسی، روو دەکاتە گەرمێن، دەچێتە سەنگەسەر. یەکێک لەو کەسانەی ناوبراو دەناسن، دەچێ بەکاک ئەحمەد تۆفیق دەڵێ کەسێک لەنێو بازاڕە بەناوی مەلا محەممەدی گاپیسی، پیاوی ساواکە. ناوبراو خەڵکی گوندی گاپیسی شارویرانە، بە مەلا محەممەدی عەلیشەیتانی مەنشوورە. ناوونیشانەکەی دەڵێ...

کاک ئەحمەد تۆفیق، دوو پێشمەرگان دەنێرێ لە چایخانەیەکی سەنگەسەری دەیگرن، دەیبەن بۆ زیندانی سەنگەسەر. ئەودەم زیندان لە خانوێکی چووکەی ئیدارەی پۆستی سەنگەسەردا بوو. بەهەڵکەوت ئەمنیش لەوکاتەدا لە سەنگەسەر بووم. ئاگاداری ئەوە نەبووم کە گاپیسی هاتۆتە گەرمێن. کاتێک دەیگرن و پرسیاری لێدەکەن دەڵی: ئەمن خزمی ماڵی برایم لێتانم. دوو کوڕی برایم لێتانی دەگەڵ ئێمە پێشمەرگە بوون بە ناوەکانی شێرزاد و شێرکۆ، خانەو عوسمان. براگەورەکەیان ڕەحیم بەماڵەوە هاتبووە ناوپردان. شێرزاد و شێرکۆ، دەڵێن ئێمە ئەو کەسە ناناسین. بەکورتی بە تۆمەتی ساواکیبوون دەگیرێ و دەکەوێتە زیندان. کاک ئەحمەد تۆفیق، شەهید ساڵح لاجانی بۆ لێپرسینەوە دەنێرێ بیهێنێ. بەساڵح لاجانی دەڵێن کە ئەوکەسە ساواکییە. ساڵح لاجانییش کەسێک نەبوو دەسەر جاسووس و ساواکییانەوە بچێ. کاتێک دەچێ لەزیندانەوە بیباتە لای کاک ئەحمەد تۆفیق، نازانم چی بەگاپیسی دەڵێ، گاپیسی چی وەڵام دەداتەوە؟

لەزینداندا لە دیوێکی تاکەکەسی دەبێ. ساڵح لاجانی دەکەوێتە گیانی و دەست دەکا بەلێدان و کوتانی. هەتا پێشمەرگەکانی بەندیخانە دەگەنێ ساڵح لاجانی شڕی دەکاو بەکەلەلایی دەیبا بۆ لای کاک ئەحمەد، بۆ لێپرسینەوە. لەوێ دەڵێ ئەمن زۆرکەس

دەناسم، لەوانە مەلا قادری لاچینی، مەلامحەممەدی قەرەشلاخی و...

ئەمنیش بێخەبەر. نازانم کێ بوو لە پێشمەرگەکان هات گوتی کاک ئەحمەد دەڵێ بێ کارم پێیەتی، چووم. دیتم ئەوە گاپیسی لە ژوورێکدایە و لەوێ گیراوە. کاک ئەحمەد گوتی ئەتۆ ئەو کوڕەی دەناسی؟ گوتم محەممەدی گاپیسی باش دەناسم.

-چ کارەیە؟

بەناو فەقێیە بەڵام نە سەوادی هەیە، نە دەشخوێنێ، وەک بیستوومە زۆرترخەریکی دزی و گورگەمێشی و ئەوجۆرەکارانەیە.

کاک ئەحمەد گوتی: جاسووسی و ساواکی چی؟

گوتم: ئەوەی نازانم، بەڵام زانیومە کە گورگەمێشی و دزی دەکا و تەنانەت وەک بیستوومە لەسەر دزی گیراویشە.

مووم لەزمانی بێ. خۆ ئەگەر گوتبام نایناسم ڕزگاری نەدەبوو.

بەهەرحاڵ، دوای کوتان و لێدان، کاک ئەحمەد تۆفیق ئازادی دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەو جارە ئاشکرا دەبێ کە ناوبراو جاسووسی ساواکە. مەلا بەردەمێشی، تەلاج ئەو دەداوی دەخا و بەگرتنی دەدا و چوار ساڵی ڕەبەقی زیندانی ساواکی پێکێشا!

ئەو ماوەیەی لە کوردستانی گەرمێن پێشمەرگە بووم ڕووداو و خەڵکی سەیروسەمەرەمان دەدیتن و دەگەڵیان بەرەوڕوو دەبووین.

یەکێک لەوانە جانگیرو ڕەسووەخووس بوون...

***

## جانگیر؟

جانگیر و ڕەزا، برا بوون. هەروەها ڕەسووە خووس و قادرە خووسیش برا بوون. ئەو چوار کەسە پیشەیان چەتەیی و پیاوخراپی لە سنوورەکانی ئێران و ئێراق و بناری قەندیلی بوو. ڕەسووە خووس و قادرە خووس، هاتبوونە لای ڕەسوواغای کۆسرەتان. حاجی ڕەسوواغای کۆسرەتان دەیانبا بۆلای موقەددەم

عەزیز لە گەڵاڵە ئەمینیان دەکاتەوە و لای ڕەسوواغای کۆسرەتان دەمێننەوە. وەک دەیانگوت: دەبنە تووتنەوانی ڕەسوواغا...
بەڵام جانگیر و ڕەزا لەمێژساڵ بوو وەبەندنێ کەوتبوون، هەر وەک گوترا: بەڕێچوونیان لەسەر چەتەیی و تاڵانی خەڵکی بێ-تاوان بوو. باجیان لەئاغاکانی ئەودیو ئەمدیوی سنووریش دەستاند. لە بەندەنێ قەندیلی لە زەویەیە ڕەزگەیی‌یان، خانوویان دروست کردبوو لێی دەمانەوە و راووڕووتیان دەکرد. ئەو دەم دارستانی نێوان پردانان و ئاڵوەتان و بناری قەندیلی، لە دارستانەکانی ئورووپا چڕتر و قەوغاتر بوون. ئەو سەردەمە جادەی بەری میرگان بۆسەردەشت لێنەدرابوو.
کورتوکرمانجی، ئەو دوو برایە لە دەوڵەت و عەشیرەتان یاغی ببوون. تەنیاکەس کە لەو سەردەمەدا ترسیان لێی هەبوو، ئەحمەد تۆفیق بوو. چونکە پێشتر کاک ئەحمەد تۆفیق مەلا مۆچکە و وەسمانکە و برایمە ڕەش و... کە سەردەمێک ببوونە کەڵەگای ئەو بەندەنانە و ملئەستووریان دەکرد، ملی زۆرانی شکاندبوو.
ڕەزا و جانگیر مابوون. ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی نازانم بە واستەیکێ، دەوڵەتی ئێران، لەچەتەیێ و دزی و جینایەتەکانیان خۆش ببوو، عەفووی کردبوون. لەبەندەنێ هاتبوونە خوار خۆیان دامەزراندبۆوە. لەگوندی قەڵاتەڕەشێی پیرانان، لای مارفی قەرەنیاغای قەڵاتەڕەشێ نیشتەجێ ببوون. وەک دەگوترا، سازمانی ئەمنیەتی ئێران، نیازی هەبووە لەدیوی ئێڕاق، کەسانی وەک کاک ئەحمەد تۆفیق و سولەیمانی موعینی و... بەدەستی جانگیرو رەزا، تیرور بکا!
بەهەرحاڵ ئەو دووبرایە لەو گوندە جێگیر ببوون. پێشتر کاک ئەحمەد تۆفیق، پێشمەرگە و بەرپرسەکانی ناوچەی پیرانانی ڕاسپاردبوو: لە هەرشوێنێک دەگازتان کەوتن دەرفەتیان نەدەن.
مارفی قەرەنیاغای شیناوێی پێشوو، دەگەڵ زۆری دیکە لە ئاغایانی مامەش و مەنگور، بەهۆی نارەزایەتی لە دەوڵەتی ئێران، هاتبووە دیوی گەرمێن، لە دۆڵێ سەکران جێگیر ببوو.

گوندەکانی دوڵێ سەکران، گوند نەبوو ئاغاواتی مامەش و پیران و مەنگوڕی ئێرانی لێنەبێ.
لەنێو ئەوانەدا کەسانی حیزبێ و خاوەنڕابردوو، کەسایەتیی سیاسی هەبوون، هاتوچۆی بنکەیان دەکرد.
کتوپڕ ڕووداوێک هاتە پێش جانگیر، هاتبوو بۆ دۆڵێ سەکران، بۆلای مارفاغای (بەوتەی زیندوویاد کاک ئەحمەد تۆفیق، جانگیر، داواکراوی حیزب و مەلا مستەفا بوو.)؟
کاتێ جانگیر دێتە گوندی گۆرۆنێ، مام ڕەسووڵی برای حەمەدەميناغای شیناوێ و زیندوویاد کاک سەیدئەحمەدی زێدان کە هەردووکیان ئەندامی ڕێکخراوی بەری پیرانان بوون، خۆیان گەیاندە ناوپردان، گوتیان جانگیر هاتوە و ئەوە لە ساباتی مارفاغایە لە گوندی گۆرۆنێ.
کاک ڕەئووف گوتی چ بکەین؟ ئاخر ئەو خوالێخۆشبووە، هەر ناوی بەرپرس بوو، دەنا مەقەبایەک بوو بۆخۆی. مرۆڤێکی دەستەوەستان و فەقیر بەمانای تەواوی وشە. گوتم ئەو سیمینۆفەم دەیە هەر ئێستێ لەوێ دەیگرم و بۆتی دێنم بۆ ئێرە.
گوتی: تۆقورعان بەراستتە؟
گوتم: فیشەکدانەکانت دانێ هەتا ئەندازەکەیان بەقەدی خۆم بکەم. مام ڕەسوو، سەید ئەحمەد، یادیان بەخێر، گوتیان: با ناوو نیشانی جانگیرت بۆ هەڵدەین: کابرایەکە تەمەن لە سەرووی پەنجاسال، چوارشانە، کەواو پاتۆڵیکی مرادخانیی تووسیی دەبەردان، فیشەکدانێکی لە قەدی بەستوە و یەکی ڕاستوچۆپ لە شاندایە.
گوتیان بەهیچجۆر کەس نەزانێ کە ئێمە ئەو مەعلوماتەمان داوە بەئێوە!
تفەنگی کاک ڕەئووفم بەدەستەوە گرت، وەبەندەنی ناوبەرگەدا هەڵگەڕام بەرەو گۆرۆنی. لە بەرزایی نێوان گۆرۆنی و حەساری سەکران ساباتیان دروست کردبوو، کاک سێمان شاوەلە و سمایلاغای ئەمیرعەشایەری و کوڕوکاڵی مامەشان میوانی

مارفاغای بوون. دەگەڵ ئاغایانی مامەش نێوانم خۆشبوو، هەموویان جاروبار بەناوپرداندا دەهاتن دەبوون بە میوانمان. زۆریان بەخێرهاتن کردم... ئەو ناوو نیشانانەی مام ڕەسوو، کاک سەید ئەحمەد پێیان گوتبووم، لەوێ بەدیم کرد، دیتم ئەوە چای بۆ میوانان دادەنێ.

مارفاغام بە ئاماژە هەستاند، هێدی لە ساباتەکەی چووینە دەر دوور کەوتینەوە. پێمگوت ناردوویانم جانگیر، دەگەڵ خۆم بەرم بۆبنکەی بۆهێندێ پرسیار، دوایی دێتەوە لاتان.

مارفاغا گوتی: جانگیر لێرە نیە. گوتم بەراستتە؟

گوتی بەڵێ! ئەوجارە تووشی ئێحساساتی لاوەتی بووم. گەڕامەوە بۆ ژێر ساباتەکەی، بانگم کرد: کاک جانگیر! بەحوزووری ئەو خەڵکەی لەوێ دانیشتبوون گوتی بەڵێ. ئەوجار رووم کردە مارفاغا، گوتم مەردی حیسابی شەرم ناتگرێ؟

گوتی: پیاوم دەوێ جانگیری لە مزڵێ من بەرێتە دەر. ئەمنیش قسەی دزێوی ناشیاوم لە دەمی دەرپەڕی و کردمان بە زۆرانبازی قسە و قسەڵۆکان... کاک سێمان و سمایلاغا ئەمیرعەشایەری، بوون بە نێوبژیوان، نەختێک منیان خاو کردوە،و هەروەها مارفاغاش. گوتیان سبەی ئێمە جانگیری دەگەڵ خۆمان دێنین، دەچینە خزمەت عەقید کافی...

ئەمن بەقسەی کاک سێمان و سمایلاغای قانع بووم، گوتم: ئەگەر ئێوە دەبن بەزامن ئەمن قسەم نیە. قسەمان بڕایەوە گوتیان: سبەی نێوان ٩-١٠بەیانی ئێمە لە ناوپردان ئامادەین دەچین بۆ گەلاڵە...

ئەمنیش هەرئەودەم خواحافیزیم لێکردن و گەڕامەوە. راستەوخۆ چوومە شێخان. حەسەناغای مامعەزیزی دوو پیاوی هەبوون هەر دووک چەکدار بوون، یەکیان بەناوی عەلی و ئەوی دیکە بەناوی ڕەحمان.

داوام لە حەسەناغا کرد: ڕەحمان یان مام عەلی یەکیانم وەک پێشمەرگە دەگەڵ بخا بەیانی جانگیر دەبەم بۆ گەلاڵە. هەر

ئەودەم حەسەناغا، مام عەلیی کە پیاوێکی دەنێوەچووی خەڵکی (چەشمەگۆل) بوو دەگەڵ خستم. هاتینەوە، ناوپردان. مام عەلی شەو لە ناوپردان لای ئێمە خەوت. بەیانی هێشتا چامان نەخواردبۆوە ئاغاکان دەگەڵ جانگیر، لە بنکەی ناوپردان پەیدا بوون. لەبیرم نەماوە چەندە بەند بوون. ئەمن و جانگیرو مام عەلی دەگەڵ یەک دووکەسی دیکە ناوەکەیانم لەبیر نەماوە؟ رۆیشتین بۆ بارەگای هێز و لای عەقید کافی لە گەلاڵە. بەرلە چوونی من بۆلای عەقید کافی، مارفاغا و چەندکەس لای عەقید کافی بوون. دیار بوو قسەی خۆیان لای ناوبراو کردبوو.

دوایی، عەقید کافی بانگی منی کرد. ناوبراو گوتی ئەو کابرا فەقیرەتان بۆ گرتوە لێی گەڕێن با بڕوا، وەدوای کار و گرفتاریی خۆی کەوێ...

لای عەقید کافی گوتم: بەگم! ئەمن ئەو برادەرە ناناسم، بەڵام داوا کراوە بۆ پرسیار، ئەمن زۆر لەو بارەیەوە نازانم. کاک ئەحمەد تۆفیق نامەی نووسیوە بۆ ئێمە. دەنا ئەوە یەکەمجارە ئەمن بە خزمەتی دەگەم. عەقید کافی، کە ناوی ئەحمەد تۆفیق و بارزانیی بیست، شل بۆوە، گوتی جا ئەوە خۆتان دەزانن.

داوام لە عەقید کافی کرد دوو پێشمەرگەی چەکدارم بداتێ. ناوبراو پاساوی بەوە هێنایەوە: کە پێشمەرگەکانیان هەموو لە مەفرەزەن و پێشمەرگەی چەکداریان نیە... بەڵام دەمزانی مەبەستی ئەو شتێکی دیکە بوو، دیسان داوای لێکردم کە ئەو کابرایە ئازاد بکەین.

***

## دەگەڵ جانگیر بەرەو سەنگەسەر!

پێشتر کاک ڕەئووف دەمانچەی مام ڕەسووی شیناوێی بەئەمانەت وەرگرتبوو. تفەنگم پێنەبوو بەڵام دەمانچەی مام ڕەسووم دەگەڵ خۆم هێنابوو.

خۆمو مام عەلی پیاوی حەسەناغای گرتکسپیان، دەگەڵ جانگیر بەرەو سەنگەسەر، بە ڕێگای پردی زەرددا وەڕێ کەوتین. بۆ عەسرێکی درەنگوەخت لە هەورازی وەسانێ وەسەر کەوتین. لەسەر بستووی دانیشتین وچانێک بدەین، لەودەمەدا جەمیلاغای برای جەوەراغای لێوژێ، گەیشتە لامان. ماندوونەبوونی لێکردم گوتی: ئەوە دەگەڵ کاک جانگیر دەچنە کوێ؟ دیاربوو کاک جانگیری چاک دەناسی. گوتم دەچین بۆ سەنگەسەر. ئیدی باسی ئەوەم نەکرد کە جانگیر گیراوە. ناوبراو گوتی: ئێمە هاتووینەوە سەرتووتنان، بچوونەماڵەمە. لە ڕێگایە بەمام عەلیم گوتبوو: مامعەلی ئەوە جانگیرە لێینزیک نەبییەوە، تفەنگەکەت لەدەستان بادا و بیڕفێنێ؛ هەردووکمان دەکوژێ و ڕادەکا ها. نەکا شەوێ بخەوی. ئەگەر خەو دایگرتی بەمن بڵێ. ئەمن دادەنیشم ئاگام لێی دەبێ!

مام عەلی دەیگوت بەڵێ قوربان.

لەو کاتەوە کە لەگەڵاڵە وەڕێکەوتین، دەگەڵ جانگیر وەک هاوڕێیەک قسەم دەکرد، ئەوجۆرەی ئەو پێیخۆشە لای کاک ئەحمەد تۆفیق قسەی باشی بۆ دەکەم... لە گوندی لێوژێ نزیک ببووینەوە، جانگیر رووی کردە من گوتی: کاک مەلا وەرە ئەتۆخودا و شەرەفت، لای ئەو ئاکۆیانە وەک دەسبەسەر رەفتارم دەگەڵ مەکەن و مەمشکێنن. سەرانەم لە هەموویان ئەستاندوە. ئێستێ بۆمن مردنە کە ئەوان بە دەسبەسەریم ببینن...

گوتم کاک جانگیر ئیختیارت هەیە براگیان، ئەتۆ دەسبەسەر نی. ئەمن دەگەڵ تۆ وەک هاوڕێ و هاوسەفەرم رەفتار کردوە، لەوە بەدواش ڕەفتاری ئێمە هەر هاوڕێیانە دەبێ. لە هەمان کاتدا هەتا دەرفەتم دەست دەکەوت بەقسەو بەئاماژە بەمام عەلیم دەگوت نەکا بخەوێ! شەو چووینە سەر حەوزێ خۆم ڕاوەستاوم

هەتا مام عەلی و جانگیر هاتوونە دەر. بەڕاستی لە جانگیر زۆر دەترسام فیشەکم بردبووە بەر لوولەی دەمانچە و زامنم کردبوو. دەبوو زۆر بە وریایی مەودایەک لە دواوەی جانگیر رۆیشتبام، سەرەڕای ئەوە دەبوو ئاگاداریم لە مام عەلییش کردبا! ئەوەی باش بوو شەو لە ژووریدا نەخەوتین. نوێنیان بۆ هێناین لەسەربان بخەوین.

بە خانەخوێکەم گوت: خۆمان جێگاکانمان ڕادەخەین ئێوە خەمی ئەوەتان نەبێ. جێگای مام عەلی لە خوارەوەی خۆم ڕاخست، جێگای خۆم لە تەنیشتی جانگیری بە مەودای، سێ، چوار میتر دوور لەو. جێگای جانگیری لە سەرەوەی خۆم، ئەمن کەوتبوومە نێوان جانگیر و مامعەلی، بە مەودای زیاتر لە چوار میتر لە جانگیر دوور بووم. جانگیر و مام عەلی ڕاکشان دواتر خۆم راکشام. زۆری نەخایاند دەنگی پڕخەی مام عەلی دەتگوت ئاشی ئاورییە!

لێم یەقین بوو جانگیر نیازی کوشتن و ڕفاندنی دەمانچەکەمی هەیە. دەمانچەکەم چاردەخۆری مام ڕەسووی شیناوێ بوو. ئەو شەوە ئەمن لەترسی جانگیری خەوم بە چاویدانەهات. جانگیریش ئەو شەوە بەچاوەڕوانی دەرفەت خەو بەچاویدا نەهات. لەحەیفی مام عەلی دەتگوت تەقیم. دەستم لەسەر دەمانچە و چاوم بڕیوتە جانگیری. دوای نزیک بەدوو سەعات جانگیر بۆتاقی کردنەوەی من، بەبیانووی میزکردن هەستا. ئەمنیش دەستم لەسەر دەسکی دەمانچە و هەستام دانیشتم.

جانگیر گوتی کاک مەلا ئەوە نەنوستووی؟

گوتم خەوم نایە: ئەوجار پێویست ناکا بۆ میزکردن بچینە خوار هەر لێرەوە هەڵیدێرە.

دانیشتبووم و دەستم لەسەر دەسکی دەمانچەی لانەدەچوو. بەهەرحاڵ ئەوشەوە، ئەمن لەترسی جانگیر و جانگیر بە چاوەڕوانیی دەرفەت وەدستهێنان هیچکاممان نەخەوتین. شەوێکی لەڕادەبەدەر درێژ و بێبڕانەوە بوو؛ رۆژ نەدەبۆوە!

هەواڵنامەی کتێب

هاوین بوو، گەرمای ناوچەی ناودەشتێ حەشری دەکرد. بەیانی زوو مام عەلیم هەستاند: هەتا فێنکە زوو وەڕێکەوین. چووین بۆ سەرکانی دەموچاومان بشۆین. خۆم کێشک ڕاوەستام هەتا جانگیر و مام عەلی چاویان شوشت. ماڵە جەمیلاغای ئاوەدان بێ، خێرا نانی بەرچایی بەیانیان بۆ هێناین. دوای نانی بەیانی ماڵئاواییمان لێکردن و بەرەو دۆڵی شەهیدان کەوتینە ڕێ. لەکۆمتان کە ڕەت دەبووی هەتا سەنگەسەری ئاوایی لە سەر ڕێگا نەبوو. زۆر دوورە، نانمان پێنەبوو. ئەودەم نان لەو مەڵبەندە زۆر بەقەدروقیمەت و خۆشەویست بوو، لە رووومان هەڵنەهات داوای چەند نان بکەین بۆ ڕێگا.

گەرمای دۆڵی شەهیدان و برسییەتی، مامعەلی و جانگیری لەپێ خستبوو. ئەمنیش برسیم بوو، بەڵام دەمتوانی ڕێگا ببڕم. نزیکی عەسر بوو، هێشتا مابووومان بگەینە سەددی دۆڵێ شەهیدان، سەیرم کرد ڕەشماڵێک لەوبەری هەڵیداوە. ئاوی دۆڵێ شەهیدان زۆر کەم بوو، دۆڵەکەی ئاوێکی وای پێدا نەدەهات، بەرەو وشک-بوون دەچوو، ڕوومان کردە ڕەشماڵەکەی. کاتێک چووین دیتمان تەنیا ژنێکی لێیە و ئەویش لە لاپاتکی ڕەشماڵەکەی خەریکی نانکردنە لە سەرسێڵێ. سڵاومان کرد ژنە لە جیاتی سڵاووەرگرتنەوە گوتی: خۆ ئەمن پیاوم لەماڵ نیە (یانی بڕۆن ملتان بشکێنن)!

گوتم خۆشکی بەڕێگادا هاتووین، زۆر شەکەتین خێرت دەگاتێ پارووە نانێکمان دەیەی. ژنە گوتی ئەمن ناتوانم هەستم نانی بدەمەنگۆ، ئاگرەکەم دکوژێتەوە... بەکورتی بیانوومان لێبڕی گوتم هەریەکەی دوو سێ نانمان بدەیە قەیدی ناکا هەڵمەستە.

ژنە لێمان مۆن بۆوە، ناچارمان کرد، هەریەکەی دوو نانی داینێ، نانی سێڵی. وەهیچ کوێی مەعدەمان ڕانەگەیشت گوتم خوشکێ من، ئێمە پێشەرگەین و بەڕێگادا هاتووین، برسیمانە، پارەت دەدەینێ...!

ژنە یەک دوونانی دیکەی داینێ، لەبەر برسیەتی چارمان نەبوو دەنا ئەو نانانە، لە ژەقنەمووتێ تاڵتر بوون. لەژێر ڕەشماڵەکە، وچانێکمان دا، خەبەرێک لە چای نەبوو، ژنە لە جێگای خۆی نەبزووت داوای ئاومان کرد، مەشکەی ئاو لەژێر ڕەشماڵەکە بوو ئاومان خواردەوە، ماڵئاواییمان لە ژنەی کرد، هەرچەند لێی حاڵی نەبووم، بەڵام ئەوەی دەگەیاند: دەبرۆن : ملتان بشکێنن.

رێگای سەنگەسەرمان گرتەبەر، ئێوارەیەکی درەنگوەخت بوو، رۆژ گەیشتبووە سەر سوێ، گەیشتینە سەنگەسەر. کاک ئەحمەد تۆفیق، دەگەڵ مام حارس بارزانی و کاک حەمەدەمینی سیراجی و کۆمەڵیک لە کادر و پێشمەرگەکان، لەپێش خانووەکەی دایرەی بەریدێ، لەژێر سێبەر سەماوەرێکی تەنەکەیان دانابوو چایان دەخواردەوە. دووروزیکی جەماعەتەکە بووم کاک ئەحمەد گوتی: ئەوە مەلا محەممەدە. ئەو بەرازەی چۆن گرتوە و گەیاندوویەتە ئێرە؟...

ڕەوانشاد مونتەقیمی قازی، جامانەیەکی سووری لەسەر و ڕانکوچۆخەیەکی بادینیی دەبەردا بوو، ببوو بەبارزانی. بەوتەی خۆمان بەرپرسی بەندیخانە بوو. کاتێک گەیشتمێ لە پێشدا جانگیرم تەسلیمی کاک مونتەقیم کرد و گوتم: کاک جانگیر زۆر ماندوو و شەکەتە، پێویستیی بەسانەوە هەیە. دواتر چوومە لای جەماعەت. کاک ئەحمەد بەرەوپیرم هات و دەستی لە دەستی نام و ماچی کردم گوتی: "پێم بڵێ بزانم. ئەو بەرازەت چۆن دەداو خستوە و گەیاندووتەتە ئێرە؟

جەرەیانەکەم بە وردی بۆ گێڕایەوە. بە پێویستی نازانم لەوە زۆرتر درێژدادڕی لە سەر ئەو بەسەرهاتە بکەم.

دەگەڵ مام عەلی یەک دوو ڕۆژ لە سەنگەسەر ماینەوە، هەتا ماندوویەتیمان حەسایەوە، دەمانویست بەرەو باڵەکایەتی بگەڕێینەوە. کاک ئەحمەد، گوتی کاتێک ساز بووی بۆ گەڕانەوە، ئیشم پێتە، چاوت بەمن بکەوێ.

پێش وەرێکەوتن چوومە لای. ناوبراو گوتی: مەلا محەممەد! ئەتۆ شایانی ئەوەی کەلاشینکۆفێکت بدرێتێ، بەڵام دەگەڵ بێ ئیمکاناتی و نەبوونی چ دەکرێ؟ ئەوە نامەیەکەم بۆ کوێخا خدری دەڵاوان نووسیوە، تفەنگێکی هۆڵندای لایە، زۆر جوان و تازەیە دەگەڵ دوو ڕەختان، لێی وەرگرەوە بۆخۆت. بەڵام ئەگەر فیشەکەکانی کەم بوون باسی فیشەکی دەگەڵ مەکە. کوێخاخدر لە دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە. کاتێک هاتیەوە، خۆم لێرە فیشەکت بۆ دابین دەکەم. نامەی مام کوێخا خدر و نامەی کاک ڕەئووفم وەرگرت و ماڵئاواییم لە کاک ئەحمەد کرد...

دەگەڵ مامعەلی بەلارەلار، بە پێیان بە گەرمای هاوینی ۱۳٤۳ی هەتاوی بە دۆڵێ شەهیدان و ناودەشتێدا، بەدوو ڕۆژ گەیشتینەوە باڵەکایەتی و تفەنگی گۆڕینم لە کویخا خدر وەگرتەوە...

***

ئەو ماوەیە لە ناوپردان، دەگەڵ کاک ڕەئووف، زۆر سەمیمی و هاوڕێیانەمان ڕا دەبوارد. ڕۆژێک کاک ڕەئووف گوتی: ئەمن پرسیارێکم هەیە و کارێکی زۆر زەرووریشم هەیە، هەرچی بیر دەکەمەوە لە تۆ زیاتر کەس شک نابەم دەگەڵی بێنمە گۆڕێ...

گوتم فەرموو.

کاک ڕەئووف: ئەمن لە وەتەی حیزبی بەعس هاتۆتە سەر کار، لەترسی حیزبی بەعس، ژنو منداڵەکانم لە بەهاری ۱۹٦۳وە لە سلێمانی هێناونە دەر، ڕەوانەی بۆکانم کردوونەوە. ئەوە ساڵێکو چەند مانگ دەبێ لێیان بێخەبەرم و زۆرم تاسەی منداڵەکان و دایکی منداڵان کردوە. ئەتۆ کەسێکت پێشک نایە یارمەتیمان بدا و منداڵەکانم بۆ بێنێ؟

گوتم خوا کەریمە!

سەری با دا، گوتی: عەجەب وەڵامێک، تۆقورعان ئەوە بەڕاستتە؟

هەواڵنامەی کتێب

جارو بار دەمانکردە گاڵتە. گوتم ماوەی چەند ڕۆژێک سەبر بگرە، کەریم کەسێکمان بۆ دەنێرێ...
چەند ڕۆژی پێچوو، مەلامحەممەدی عەجەم هات. ناوبراو هێشتا قاچاخ نەببوو. ئەوجۆرەی ئەمن کاک مەلامحەممەدی عەجەمم دەناسی، کاک ڕەئووف ناسیاویی لەسەری نەبوو.
دەگەڵ عەجەمی وەدەر کەوتین بۆ پیاسە، دەنێوان قسەوباسی ئەو دیودا، دەگەڵ ناوبراو هێنامە گۆڕێ: داخوا دەتوانێ ماڵومنداڵی کاک ڕەئووف بگەیەنێتە ئێرە.
:گوتی هەروەک مستێ لە چاوی دەی. جا ئەوەش کارە؟
هاتینەوە بنکە. ڕووم کردە کاک ڕەئووف: نەمگوت کەریم دەینێرێ. ئەوەش ئەو کەسەی کە دەتگوت منداڵەکانت بۆ بێنێ.
کاک ڕەئووف شاگەشکە بوو. بەکورتی، وابزانم کاک ئەحمەد ١٠ دیناری بۆکاک ڕەئووف ناردبوو، بۆ منداڵەکانی بنێرێ. بەهەرحاڵ وابزانم کەمولکە پارەیەکی دا بەمەلا محەممەدی عەجەم بۆ کرێ-ماشینی منداڵەکانی.
مەلا عەجەم گەڕایەوە بۆدیوی ئێران. چوارپێنج ڕۆژ بەسەردا چووبوو. ڕۆژێک دەچوومە سەر ڕووبارێ نزیک جادەی تەماشام کرد دوو کوڕیژگەی هشت، نۆ دەساڵی، بەشادی و ڕاکردن و یاریکردن بەرەو ناوپردان دێن. کوڕیژگە خوێنشیرنەکان، گوتیان ئێمە لە ئێرانەوە دێین؛ کوڕی وەستا ڕەئووفین. سەیرم کرد عەجەم لەوبەری لەسەر جادە دەگەڵ دوو ئافرەت و منداڵێکی چووکە بەرەو ناوپردان بەڕێوەن.
خێرا گەڕامەوە بۆ بنکە. کاک ڕەئووف لە چادرەکەدا ڕاکشابوو. گوتم کاک ڕەئوف مزگێنیم دەیە منداڵەکانت گەیشتنێ. هەرکە وشەی مزگێنیم بەسەر زاریدا هات، نەگەیشتبوومە ئاخری وشەی مزگێنی، کاک ڕەئووف دەرپەڕی شەدەکەی لەملی هاڵابوو، فریای ئەوە نەکەوت شەدەکەی لەسەری بەستێ، بەدەستیەوە گرت، گوتی لەکوێن؟

:گوتم بەرەو پردی لای جادە بڕۆ. کوڕەکانی عومەر و عوسمان بوون، نزیک ببوونەوە، ئیدی خۆیان لە باوەشی باوکیان هاویشت. کاک ڕەئووف فرمێسکی شادیی لە چاواندا قەتیس مابوون، دەستی لەملی کوڕەکانی کردبوو ماچی دەکردن چۆن؟.. بەدوای ئەواندا ناجییەی کچی و هاوسەرەکەی دەگەڵ منداڵە بچکۆلانەکەیان و مەلاعەجەمی گەیشتنێ. دوای دووساڵ لێکدووری پیک شاد بوونەوە...!

مەلاعەجەم ئەودەم زۆر ئازایانە هاتوچۆی دیوی ئێران و بنکەی زینوێ و دواتر ناوپردانی دەکرد. جارناجاریش دەچووە سەنگەسەر. دواتر ئیدی بۆ ساواک ئاشکرا بوو، نەیدەوێرا وەک جارانی پێشوو بەڕاشکاوی هاتوچۆ بکات. لەوەدوا زۆرتر لە بنکەکانی حیزبی لە دیوی گەرمێن دەمایەوە.

***

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم سەفەر بۆ شارویران

ماوەیەک بوو مەلاعەجەم چووبوو بۆ سەنگەسەر. ڕۆژێکی ئاخری مانگی گەلاوێژی هاوینی١٣٤٣بوو، لەژێر دارەتووەکەی ناوپردان، دەگەڵ کاک رەئووف و ساڵح لاجانی، لە سەربانی دانیشتبووین، لەناکاو، مەلاعەجەم و کاک ئارەحمان قەرەشلاخی پەیدا بوون. هاتنی مەلاعەجەم لە هەرساتو کاتێکدا، بۆ بنکەی ناوپردان، شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام هاتنی کاک ئارەحمان لەو ڕۆژەدا جێگای پرسیار بوو؟
عەجەم گوتی: جارێ دەنگێ مەکە. دوای سانەوە، کاک ئارەحمان گوتی: خۆت ئامادە بکە دەگەڕێینەوە بۆ وڵات. کاک ئەحمەد گوتوویە: دەگەڵ مەلا محەممەد پێکەوە بگەڕێنەوە.

ئەمنیش بەهەواڵی گەڕانەوە بۆ وڵات زۆر خۆشحاڵ بووم، دەگەڕێمەوە چاوم بەدایکوبابم و خوشکم دەکەوێ و بەدیداری دۆست و خۆشەویستان و یادگارەکانی زێدەکەم شاد دەبمەوە. بەڵام هیچ پارەو پووڵێکم لەگیرفاندا نەبوو، کە لەڕێگا، پێداویستییەکی خۆمی پێ دابین بکەم.

لەهەمان کاتدا شەهید ساڵح لاجانی چووبۆوە سەر سنوور، بۆ چاوپێکەوتنی دایکیو براکانی، ئەویش لەوێ بوو... هەرچەند زۆرم بۆ قورس و سەخت بوو، بەڵام هیچ چارم نەبوو، بە کاک رەئووفم گوت ئەتۆ هیچ پارەیەکت هەیە، بمدەیەی بۆ ڕێگا هیچم لەگیرفاندا نیە.

بەداخەوە گیرفانی ناوبراویش لە هی من بەتاڵتر بوو. ئەویش هیچ پارەی نەبوو بمداتێ. گوتی: ڕاوەستە بابچمە لای حەسەناغای ناوپردان، بەڵکوو چەند دینارێکی لێ قەرزکەم ئەو ڕۆژانە کاک ئەحمەد پارەمان بۆ دەنێرێ دەیدەینەوە.

چووە لای حەسەناغا داوای سێ دیناری لێکردبوو. ئەویش زۆر مەردانە دە ١٠دیناری دابۆیە. دیتم کاک ڕەئووف بە زەردەخەنەی شادییەوە دەگەڕێتەوە، گوتم چ باسە وادیارە بە سەرکەوتوویی گەڕاویەتەوە.

گوتی: ماڵت ئاوەدان بێ بۆسەفەرت. ئەگەرئەتۆ ئەو سەفەرەت نەکردبا، کوا ئەمن دەبووم بە خاوەنی پارە؟ کاک رەئووف دوو یان سێ دیناری دا بەمن، کورتوکرمانجی بووم بەخاوەنی گیرفانی بە پارەوە. هەر ئەودەم چوومە گەلاڵە، ئەوەی پێویستم بوو، وەک فلچەو خەمیردەدان و...کڕیم.

بۆسبەی دەگەڵ مەلاعەجەم و کاک ئارەحمان بە دۆڵی خۆشکان و ئێنێ و مژدەدیناندا، بەرەو زێدی خۆمان کەوتینە ڕێ. هاوین بوو، جگە لە سەیدەکانی سەروچاوەی بیتوێنێ، لە ڕەوەندی گەرمێنێ، کویستانچیی مەڵبەندی خۆمان هەموویان داگەڕابوونەوە خوار، کاتی خێڵبەرەوژێر بوو. شەو کورتو رۆژ درێژ بوون، لە شەش حەوت کاتژمێر زۆرتر نەماندەتوانی ڕێگا ببڕین. سێ شەو لەڕێادا

هەوانامەی کتێب

بووین، بۆ شەوی چوارەم گەیشتینەوە شارویران. ئامادەکاریی پێشترمان بۆ نەکرابوو، دەوروبەری بەیانی بوو گەیشتینە مەزرای قەرەشلاخێ. ناچار بۆئەوەی ئاشکرا نەبین خۆمان گەیاندە شاخی خورخورەی. شاخی خورخورە هەر ناوی شاخە، دەنا باسکە کێویکی نەوییە لە نێوەڕاستی دەشتی شارویرانی. ئەو شاخە ئەشکەوتێکی چووکە و نەویی هەیە، دەگەڵ کاک ئارەحمانی خۆمان خزاندە نێو ئەو ئەشکەوتە چووکەیە. لەوێدا بۆی مەلاس بووین. لەچۆمی ئاومان دەگەڵ خۆمان برد و مەلاعەجەمیشمان ناردەوە ئاوایی قەرەشلاخ، کە دۆستو ئاشنایان ئاگادار کات...

هەڵکەوتەی ئەشکەوتەکە، ڕوو بە ڕۆژئاوایە. بەسەر گوندەکانی قزڵقۆپی و کۆسەکەرێزدا دەڕوانێ. هەتا دەوروبەری نیوڕۆیە کەس بە دواماندا نەهات. راکشابووین، لەو کاتەدا گوێمان لە دەنگێک بوو، کە سەرم هەڵێنا دیتم کابرایەک دارێکی درێژی بە دەستەوەیە و هێندەی نەماوە بگاتە سەرمان. دیتم سەردارەکەی بەڕەنگ سوور کراوە، جاروبار دارەکەی دەگوازێتەوە، دیار بوو دەگەڵ کەسێک قسەی دەکرد کە لە خوارەوەی خۆی بوو. زانیم کە خەریکی نەخشەهەڵگرتنی کانالەکانی سەددی مەهابادن. بیستبوومان خەریکن سەددی مەهاباد لێدەدەن. ئێمە هەر ئەو کەسەمان دەدیت کە دارەکەی بەدەستەوە بوو. ئەو کەسەی دووربینەکەی پێبوو لە ئێمەوە دیار نەبوو. بەڵام کابرای داربەدەست، دەگەڵ ئێمە مەوداکەی هەر نێوان سی هەتا چل مێتر دەبوو. ئەمن پێموابوو کابرا ئێمەی دیوە بەڵام نایەوێ چاومان لێبکا و کابرای دووربین بەدەست بزانێ. چونکە سەیری هەموو جێگایەکی دەکرد جگە لەو ئەشکەوتەی کە ئەمن و کاک ئارەحمانی تێدابووین.

دوای ماوەیەکی دەپازدە دەقیقەیی نەخشەهەڵگرەکان ڕۆیشتن. بەدوای ڕۆیشتنی ئەواندا، لە قەرەشلاخەوە، خوالێخۆشبوو رەسووی عەبدوڕڕەحیمی کە کوڕە پووری کاک ئەحمەد تۆفیق بوو،

نان‌وچا و خواردەمەنیی بۆ هێنابووین. هەتا تاریکانی ئێواریێ نەماندەتوانی بەرەو ئاوایی وەڕێکەوین.
تاریکانی ئێوارەێ، داپەڕینەخواریێ، بەنێو جۆگەکاندا کەوتینە ڕێ. هەموو شوێنێکی ئەو ناوە شارەزا بووین، چووینە ماڵی کاک سمایلی برای کاک ئارەحمانی. بۆ خۆحەشاردانی ڕۆژەکەی شامی قەرەشڵاخیان بۆ دیاری کردین، چووینە قۆپیی قازان. ئاخر ئەو ڕۆژە هەتا ئێواریێ تەپۆ، یان بەوتەی خەڵکی مەڵبەند: مێشە کوێرە، دەردێکیان بە سەر هێنایین، با بەدەواری شڕی نەکردبێ. لە تەپڵی سەرمانەوە هەتا قاچوقولمان، کەوتبووە بەرهرووژمی درێشەی تەپۆیان. تەپۆ، ئەوەندەیان پێوە دابووین، ئازای گیانمان ببوو بەلیر. لەو سەفەرەدا ئەمن نەچوومەوە ماڵی خۆمان بەڵام دایکم و بابم و خوشکم ڕۆژانە دەهاتنە لام، چاومان بەدۆستانی خۆمان دەکەوت.
بۆ شەوی دواتر، چووینە ئاوایی کۆنەدێ لەماڵی کاک حەمەدەمینی گولابی ماینەوە. ناوبراو ئامۆزای کاک ئارەحمان بوو. ئەو سەفەرەی ئێمە، هاوکات بوو دەگەڵ هاوینی ساڵی١٣٤٣کە، بەشی هەرەزۆری ئەندامانی حیزب لەوساڵەدا کەوتبوونە بەر هێرشی ساواک. لەوانە ماموٚستا مەلا مستەفای قەرەشڵاخی و کاک عەبدوڵڵای ماموسێنی (حاجی عەبدوڵڵای پیرۆتی) مەلابرایمی ڕۆستەمی، میرزا عەوڵای حاجی‌تاغی و زۆری دیکە لە ئەندامانی حیزبی... لە بەندیخانەی قزڵقەڵا دەسبەسەر کرابوون. بەداخەوە نەمانتوانی بەدیداری ئەو هاوڕێیانەمان شاد بین. بەڵام لە سەریەک سەفەرەکەمان سەفەرێکی خۆش بوو، چاومان بە کەس‌وکاری خۆمان و زۆر لە دۆست و هاوڕێیانی حیزبی کەوتبوو. دوای سێ شەو مانەوە بەرەو گەرمێن گەڕاینەوە. لە گەڕانەوەدا، شەوی یەکەم، نەمانتوانی خۆمان بگەیەنینە بەیرەمبوغەی، ڕۆژمان بەسەردا هات. ناچار ئەو ڕۆژە چووینە گوندی گۆلی چۆمەڵان بووینە میوانی میرزا عەوڵای میرزا سمایلی.

کاک ئاڕەحمان، بە هۆی ئەوەی دایکی و هاوسەر و کوڕەکەی لەمەهاباد بوون، نەیتوانیبوو چاوی پێیان بکەوێ. هەرچەند بەڕواڵەت لای ئێمە دەنگی نەدەکرد و وەسەرخۆی نەدەهێنا، بەڵام پێیەوە دیار بوو کە دیدار و سەفەرەکە ناتەواوە...
میرزاعەولا، پرسیاری لێکرد کە، چاوی‌بە هاوسەری و دایکی کەوتوە یان نا؟
دیارە وەڵامەکە روون بوو، گوتی: نا!
دەوروبەری نیوەڕۆ لە خەو هەستاین، میرزا عەولا هاتە لامان گوتی: ئێوارێ خۆتان ئامادە کەن دەتانبەم بۆ مەهاباد. کاک ئاڕەحمان زۆری پێخۆش بوو. دیارە ئەمن دەبوو مابامەوە. ئێوارە، عەجەم و کاک ئاڕەحمان، سواری تەڕاکتۆری میرزا عەولای بوون کە یەکێک لە براکانی شوفیر بوو، ڕۆیشتن بەرەو مەهاباد. قەرارمان دانا دوای سێ شەو مانەوە لە مەهاباد، بگەڕێنەوە گوندی گۆلی. تفەنگو فیشەکدان و کەلوپەلی پێشمەرگایەتی‌یان لەوێ بەجێ‌هێشت. ئەمنیش دەستم دایە تفەنگو بەرەو گوندی قزڵقۆپی چووم بۆ ماڵی خوشکم. سێ شەووڕۆژ لە ماڵی خوشکم مامەوە، بۆ شەوی چوارەم لەسەر بڕیاری پێشوومان، دەبوو لەگوندی گۆلی چۆمەلان، یەکتر بگرینەوە. ئەمنیش گەڕامەوە بۆ گوندی گۆلێ. کاتێک گەیشتمەوە، عەجەمو کاک ئاڕەحمان تازە گەیشتبوونەوە گۆلێ.
گوتم بەچی هاتوونەوە؟
:گوتیان جوولەکەیەکی مەهابادی بە گەرانتی بەماشێنی خۆی هێناونی و لێرەی داناوین. گوتیان لەڕێگا پێی‌گوتووین: دەتوانم بتانگەیەنمەوە کوردستانی ئیراقێ. جوولەکەکە، وابزانم ناوی یووسف، کوڕی دەدەنیسانی زێڕینگەر بوو، خزمی وەستا محەممەدی دارتاشی پێشوو، شوشەبڕی دواتر (وەستا محەممەدی حوسین‌پوور) بوو.

وەستا کەریم بەفراو، بە وەستا محەممەدی گوتبوو: دوو پێشمەرگە لەنێو شارن دەیانەوێ لەشار وەدەرکەون پێویستمان بە وەسیلەیەک هەیە بیانگەیەنێتە شوێنی خۆیان...

وەستا محەممەد بە یووسف دەڵێ: ئامادە بە دوو پێشمەرگە لەنێو شارن، بیانگەیەنە ئەو شوێنەی کە خۆیان پێت دەڵێن کوێیە. ئەویش زۆر جوامێرانە هات سواری ماشێنی خۆی کردین، بێترس‌ولەرز بە جادەدا ئاژۆتی و لێرە دایبەزاندین...

خێرا خۆمان ئامادە کرد و هەرئەو شەوە گوندی گۆلێمان‌بەجێ هێشت. هەرچەند شەو درەنگ بوو، نەماندەتوانی لەسێ، چوار سەعات زۆرتر ڕێگا ببڕین ڕۆژ دەبۆوە. ئەو شەوە چووینە "بەیرمبووغەی"، ڕۆژەکەی لە ماڵی برایمی بایز قەیتەرانی مابنەوە. زۆریان ڕێز لێگرتین. بۆ سبەی شەو خۆمان گەیاندە گوندی گردئاشەوان لەلاجانی مامەشان. بۆ دوو سبەی شەو لە دەشتی پیرانان پەڕینەوە، لە"گۆڕی دیلانان"، وەسەر کەوتین، ئەمن لەبەر بێخەوی لەپێ کەوتبووم. عەجەم و کاک ئاڕەحمان، گوتیان با هێندێك لەگۆڕێ دیلانان دوور کەوینەوە ئەودەم دەتوانی سەر خەوێکی بشکێنی...

ئەوانیش ماندوو بوون، بەڵام وەکوو من نەکەوتبوون، کەلەلا نەببوون. هێندێک روشتین، لە دۆڵێکدا، کۆڵەپشتییەکەم لە ژێر سەرم ناو ڕاکشام. سەرمای قەندیلێش لە مانگی گلاوێژدا، کازیوەی بەیانی حەشری دەکرد. عەجەمو کاک ئاڕەحمان ناچار، ئاگریان لە دەوری کردبوومەوە بۆ ئەوەی سەرما رەقم نەکا. وابزانم چەند دەقیقەیەک خەوتم، دوایی هەستام زۆرم سەرما بوو. خەو بەری دابووم. لەو نێوەش ئاوەدانی نەبوو کە لێی وەحەسێین، تەنیا ئاوایی لەو دۆڵەدا لەسەرەوە "دۆڵەنێ" بوو، ئەویش زۆر دوور دەکەوتینەوە، لەسەر ڕیگامان نەبوو. بەرەو قەندیل وەسەر کەوتین بە سەرچادری بنزێرییاندا کەوتین. چووینە چادرێ ڕەسوواغای بنزێری. ئەو ڕۆژە وچانێکی خۆش‌و بێ-ترس‌و دڵەڕاوکێمان دا، لێی خەوتین. بۆ سبەی لە قەندیل وەسەر

کەوتین، بەدیوی قەرناقەو و پشتئاشاندا داگەڕاینە خوارەوە، بۆ شەو گەیشتینەوە سەنگەسەر. دوای چەندڕۆژێک مانەوە لە لای هاوڕێیان و دیدار دەگەڵ کاک ئەحمەد گەڕامەوە ناوپردان.

***

## مەلامحێدین؟

ماوەیەک بوو لە سەفەری وڵات گەڕابوومەوە. ڕۆژێک دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، ئاخرمانگی هاوینی ١٣٤٣بوو. وەک هەمیشە ، دەگەڵ کاک ڕەئووف و سەید عەوڵا، لەژێر سێبەری دارەتووەکەی ناوپەردان دانیشتبووین. دوو پێشمەرگەی بارزانی هاتن: سەلاممەلێک، مەلامحێدین دەگەڵ. نامەیەکی لێژنەی ناوچەی باڵەکیان پێبوو، دایان بە کاک ڕەئووف. پێشمەرگەکان بارزانی بوون داوای رەسیدیان لە کاک ڕەئووف کرد، بەپەلە بوون، بەند نەدەبوون رۆیشتن.

مەلامحێدین هاوڕێی سەردەمی فەقێیەتی و سەربازیی خۆم بوو، زۆر شەووڕۆژان وەکوو هاوڕێی یەکتر، ژیانمان پێکەوە بەسەر بردبوو...

پێشمەرگە بارزانییەکان گوتیان: وریای بن، ئەوە ساواکییە ڕادەکا.

کاک ڕەئووف دیتی ئەمن وەک دۆستو هاوڕێیەکی زۆر سەمیمی دەگەڵ ناوبراو هەڵسوکەوت دەکەم و لە دۆستان و باوکی و دایکی و... دەپرسم، سەری سوڕمابوو.

خۆی پێنەگیرا، نامەکەی لیژنەی ناوچەی گەلاڵەی دامێ خوێندمەوە. نووسرابوو: ئەوبرادەرە لە نزیک سنووری ئێران وەک کەسێکی ساواکی خۆی بە پێشمەرگەکانی ئێمە ناساندوە. ئەوانیش هێناویانە بۆ لیژنەی ناوچەی باڵەک. ئێمە پرسیارمان لێکردوە چکارەیە و چکەسە؟

ناوبراو لە ئیفادەکەی خۆیدا گوتوویە: ئەمن لە ساواک داوام کردبوو وەک فەرمانبەر داممەزرێنن. دوای ماوەیەک، بەدوایاندا ناردم. چووم بۆساواک. لەوێ پێیان گوتم ئەگەر بتوانی ئەوەی پێتی دەسپێرین وەک مەئمووریەتێکی باش ئەنجامی بدەی، ئێمە داتدەمەزرێنین...

: ئەمنیش بەهۆی بێکاری و هەڵەی خۆم، بەڵینیم پێدان و گوتم ئامادەم هاوکاریتان بکەم... ئەمن چوومەوە ماڵی خۆمان، لەکرداری خۆم، لەو کارەی کە کردبووم پەژیوان بوومەوە و خێرا تەمام گرت ڕابکەم، بێم بۆ کوردستان لە جیاتی ئەوە ببم بەساواکی، هاتووم ببم بە پێشمەرگە...

لەنووسراوەکەدا نووسرابوو، بڕیاری لیژنەی ناوچە ئەوە بوو کە بینێرین بۆ بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان...

دوای خوێندنەوەی نامەکە سەیری کاک ڕەئووفم کرد ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو، سەیر شپی هەڵگەڕابوو. ئەو ڕەحمەتییە ئەوندەی لە باری فیزیکییەوە بێهیز بوو، دووئەوەندە ترسەنۆک و کلەزراو بوو. بانگی کردم گوتی ئەتۆ ئەو کوڕە دەناسی؟ گوتم نابیسی لە بابودایک و کەسوکاری دەپرسم.

محێدینی ئەحمەق، پێی وادەبێ ئەگەر خۆی بەساواکی بناسێنێ و بگاتە کوردستانی گەرمێن، کاربەدەستانی شۆڕش سەری دەزێڕی دەگرن و دەیکەن بە ژەنەڕاڵ.

بێخەبەر لەوەی کە ئاشێکی بۆ خۆی ناوەتەوە سەری تێدابچێ. لە مێژە گوتوویانە: " شێتێک بەردێک لەبیرێ باوێ، بەدەیان ئاقڵ هێنانەدەری دژوارە.

بەکاک ڕەئووفم گوت: مەترسە. ئەمن ئەو کوڕە دەناسم. ڕاناکا و کوڕێکی خراپیش نیە و باوکی لە شۆڕشگێڕەکانی ساڵانی ۳۰و۳۱و۳۲ی ناوچەی شامات بووە...

دەگەڵ محێدین هاتین بۆ سەر جادە و بەرەو قاوەخانەی چۆمان، بە قسەکردن دەڕۆیشتین. گوتم ئەحمەق بەڵا قات بوو، ئەوە چ-

بەڵایەک بوو بەسەرخۆت هێنا. بەڕاست ئەوەی لە نووسراوەکەی لیژنەی ناوچەدا نووسراوە، بەکردەوە ئەنجامت داوە؟
گوتی هەرچی ئەمن لەژیانمدا کردوومە، ئەتۆ دەیزانی. ئێستێ دیسان باڕاستییەکەت پێ‌بڵێم: ئەمن هاتووم بۆ لای تۆ، زۆر تاسەی تۆم هەبوو، نازانم چحەماقەت و نەزانینێک بوو، لەسەری دام.
گوتم: ئەو قسانەی لیژنەی ناوچەی باڵەك نووسیویانن، لە ئێران بەکردەوە ئەنجامت داون؟
گوتی هەرگیز!
گوتم ئەوەی ئەمن لێرە پێت‌دەڵێم، هەمووی لەبەر بکە. ئەمن نامەیەک بۆ کاک ئەحمەد تۆفیق دەنووسم و پێشانت دەدەم چیم بۆ نووسیوە. کە چوویە لای ئەو نامەکەت دایە واقیعییەتەکەی هەموو، بەو شێوەیەی نووسیومە بۆی باس بکە...
(دەگەڵ مەلامحێدین دەورەی سەربازی و فێرگەی گرووبانیمان تەواو کردبوو و هەتا ئەوڕۆژەی سەبازخانەم بەجێ‌هێشت، هەر هاوڕێ بووین. نابراو ئاگاداری لەسەر ئێش و ژانەکانی سەردەمی سەربازیی من هەبوو. هەروەها دەشیزانی ئەمن ئەندامی حیزبم...)
هاتینەوە بنکە. کاک ڕەئووفم خاترجەم کرد کە ئەو محێدینە، جگە لەوە حەماقەتی سەبارەت بە خۆی ئەنجام داوە، ئاگاداری هیچ شتێک نیە. پێی وابووە ئەگەر بڵێ ساواکی بووە سەری دەزێڕی دەگرن...
بۆسبەی ئەو ڕۆژە نامەیەکی دووردرێژم لەسەر محێدین بۆ کاک ئەحمەد تۆفیق نووسی: مەلامحێدین کوڕی مامۆستا مەلا حەکیمی مودەرریسی یە. باوکی لە مەلا دەرکراوەکانی شامات، گیرساوەی گوندی داشخانەی بوو.
شک لەوەدا نیە، لەکاتی لێپرسینەوەدا دەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ناوچەی باڵەک ئاقڵانەی قسە نەکردوە. بەڵام، شکت لەوەدا نەبێ کە کوڕێکی پاکەو هاوڕێی سەردەمی سەربازیی خۆم بووە و...

هەوارنامەی کتێب

محێدینم بەنامەوە ناردە سەنگەسەر، بۆ لای کاک ئەحمەد تۆفیق.
بە خۆشییەوە کاک ئەحمەد زۆرباشی وەرگرتبوو... تەنانەت کردبووی بە تایپیستی خۆی...

***

هەواڵنامەی کتێب

# فەسڵی ٦

## کاک ئەحمەدتوفیێق و بیرۆکەی کۆنگرەی دوو!

ئەوساڵە ١٩٦٤ هەتا پاییز، دەگەڵ کاکڕەئووف مەلا حەسەن، لە ناوپردان مامەوە. پاییزی ئەوساڵە بەرەوکۆنگرەی دوو دەچووین، لە سەنگەسەر کۆبوونەوەی کادرەکانی تەشکیلات کرابوو، ئەمن ئاگادار نەکرابووم. کاک ئەحمەد تۆفیق، خۆی تەسمیمی دەگرت، هەرچی گوتبای یان کردبای، کەس هەقی ئیعتیڕازی نەبوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، گوایە هێندێ جێگۆڕکێ بە پێشمەرگەو بەرپرسی بنکەکان کرابوو. گوایە کاک ئەحمەد منی بۆ بنکەیەک دیاری کردبوو کە دەیویست دواتر لە پێنجوێنی دایمەزرێنێ، بەڵام بنکەکە هێشتا نەبوو.

رۆژێک، سەرەتاکانی مانگی سپتامبری ١٣٤٣بوو، کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەک لە ناوپردان، پەیدا بوو. ڕاست لەو سەروبەندەدا بوو کە ئاغاکانی مامەش و پیران، دەگەڕانەوە بۆئیران. هێندێک لە خزمە مەنگوڕەکانی کاک سولەیمانیش، دەگەڕانەوە بۆئێران...

کاک سولەیمان پێی ڕاگەیاندم کە یەک لە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بووە من بنێرن بۆ پێنجوێن... ئەو بابەتە و هەڵوێستی خۆم، بەرامبەر بەو بڕیارە لە نووسراوەی "لاپەرەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی١٣٤٢- ١٣٤٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان" نووسیوە، پێویست بە دوبارەنووسینەوەی ناکا.

هەروەک لەو نووسراوەی پێشوودا ئامازەم پێکردوە، کاک سولەیمان ئاشتی کردمەوەو لەو هەڵوێستەی گرتبووم پەژیوانی کردمەوە. گوتی: لە بەندیخانەی سەنگەسەر ببە جێگر و یارمەتیدەری بەرپرسی زیندانی شۆڕش کە هاوڕێی نزیکی خۆتە...

سبەی ئەو رۆژە، دەگەڵ کاک سولەیمان و جەماعەتی هاوڕێی، بەرەو زینوێ و خەلان و حاجیئۆمەران رۆیشتین. بۆشەو چووینە خەلان بووینە میوانی خوالێخۆشبوو، شیخ عەلائەددینی خەلانێ. سەرۆک بارزانی کاک سولەیمانی ناردبوو، دەگەڵ شێخ عەلائەدین، مەسڵەتێ بۆ قادراغای بابخالاوێ بکەن؟...

***

## قادراغا چ کەس بوو، مەسڵەتی چی؟

قادراغای بابخالاوێ، دەرەبەگ و خاوەنملکی گوندی بابخالاوێ و کانییەڕەشی ناوچەی شنۆ بوو. بەهۆی یاسای چارەسەری کشتوکاڵی ئێران، شۆڕشی سپیی شای ئێران، لە "ئەعلاحەزرەت" زیز ببوو، ئێرانی بەجێ هێشتبوو، ئاوای دیوی باشووری کوردستان ببوو، هاتبوو لەگوندی ڕایاتی دەربەندی باڵەکایەتی، لای مینەی عەلیاغای ڕایەتێ نیشتەجێ ببوو. قادراغا شەوێک لە شەوانی بەهاری١٣٤٣ی هەتاوی، دەگەڵ پیاوەکانی (نۆکەر و دەستوپێوەندەکانی خۆی) دەگەڕێتەوە دیوی ئێران، دەچێتە گوندی کانییەڕەشی بابخالاوێ، هێرش دەباتە سەرماڵی وەرزێرێکی زەحمەتکێشی ئەو گوندە بەناوی ناسر بابۆڵی، بە بیانووی ئەوەی کە وەرزێری ناوبراو، پێتاک و سووروساتی ڕەعیەتیی سالانی رابردووی نەداوەتێ.
بەچەک پەلاماریان دەدا. وەرزێری ناوبراو دوو کوڕی هەبوون، بە ناوەکانی قادر و ئەحمەد، زۆر ناجوامێرانە، بە ناهەق هەردوو کوڕەکەی شەلاڵی خوێن دەکەن و دەیانکوژن.
(ناوی قادر و ئەحمەدم، دوای گەلێک سالان بەهۆی دۆستێکی نووسەری فیسبووک، وەرگرت. سوپاس بۆئەو مامۆستا ڕووناکبیرە.)

قادراغا دوای ئەو جینایەتە سامناکە نەبەخشراوە، بێسڵە و ترس لە تۆڵە و مەحکەمە، دەچێتە گوندی دێرێ لای سەرۆک بارزانی کە ئەو سەردەمە لە گوندی دێرێی نزیک سەرکەپکان لە چادردا دەژیا کە، مەسڵەتی عەشیرەتیی دەگەڵ عەشیرەتی بابۆڵییان بۆ بکا!

ئەوسەردەمە سەرۆکی عەشیرەتی بابۆڵییان، حاجێ عەوڵا شیوەڕەشێ بوو، لە گوندی شیوەڕەشی سەرسنووری ئێران نیشتەجێ و خاوەنی ئەوگوندە بوو. سەرۆک بارزانی ناردبووی بەدوای کاک سولەیمانی موعینیدا، پارەی خوێنی لاوە لەخوێن-گەوزاوەکانی دابوو بەکاک سولەیمانی موعینی و نارد بووی دەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ عەلائەدینی خەلانێ، مەسڵەت دەگەڵ حاجی عەوڵای شیوەڕەشێ بکەن...

شەو لە خانەقای خەلان بووین... نازانم کاک سولەیمان دەگەڵ شێخی باسی چی دەکرد و چۆنیان ئەو مەسڵەتە دەگەڵ حاجی عەوڵا کردبوو؟ بۆ سبەی دەگەڵ زیندوویاد کاک سولەیمان چووین بۆ شیوەڕەش، بووین بەمیوانی حاجی عەوڵا. کاک سولەیمان پارەیەکی زۆری پێبوو، دوای سانەوە و چاخواردنەوە، پارەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا بیدا بە حاجی عەوڵا...

لەو دەمەدا پیرەپیاوێکی کورتەباڵای بەتەمەنی شانداکەوتووی داماو، کوڕیژگەیەکی خوێنشیرنی سێ چوارساڵانە لە کۆشێدا، لەوێ دانیشتبوو. کاتێک حاجی عەوڵا گوتی: مام ناسر!... ئەوجار زانیم ئەوە هەمان مام ناسرە کە قادراغا کوڕەکانیی شەڵتانیخۆێن کردوون. مام ناسر دەگەڵ کوڕیژگەکەی خافڵابوو. نازانم کوڕیژگەکەی چی لە بابە گەورەی دەویست؟

دیتم بابە گەورەی فرمێسکی دەچاواندا قەتیس ماون و جاری وایە سەررێژێ دەکەن، بەسەر ریشە سپییە کۆرپەکەیدا دێنە خوار. بەچاو هیچم نەدەدیت، بەڵام بەهەست، هەستم بەو گڕکانە دەکرد کە لە دەروونی ئەو پیرە پیاوەدا دەکوڵێ و لە چاوەکانیەوە سەررێژ دەکا. هەرچەند ئەودەم، خۆم بەلاوێکی پێستئەستوور

دەزانی و پێموابوو لە حاند مەرگ و کارەساتەکان خۆڕاگرم، بەڵام کاتێک چاوم بەو پیرەپیاوە و دیمەنی خەمبار و داڕماوی کەوت، خەیاڵ، بۆکورتە ماوەیەک هەڵیگرتم بردمیە گوندی کانیەڕەشێ کە هەرگیز بە چاو نەمدیتبوو!
تەرمی لە خویندا شەلاڵی قادرو ئەحمەدم بەچاو دەدیتن. دایکی جەرگ سووتاوم دەدی کە بەدەنگ شینی لەسەر دەگێڕان. منداڵی بێ باوکماو، هاوسەری بێوەژنکەوتووم سەیر دەکردن، گشتیان بۆ دایەپیرەیان دەگێڕایەوە. زۆر دیمەنی دڵتەزێنی دیکەم بە خەیاڵ بە سەر دەکردنەوە...
ئای لەو قەباحەتە لەو بێ شەرمییە. لەو تاوانە نەبەخشراوە! ئەو دەموولکە کورتەی بەچاوی خەیاڵ چوومە گوندی هەرگیز نەدیتووی کانییەڕەش، شوێنی قەسابیی قادر و ئەحمەدی لەخوێندانوقمکراوم بەسەر کردەوە، خۆم پێ ڕانەگیرا ئەمنیش لە پاڵخۆمدا تووشی پەشێوی و قەیرانی دەروونی و سەرلێشێواوی هاتبووم. نەمدەزانی لە کوێم و چدەکەم بۆ لێرەم؟ لەو هۆدە چووکەیەی ماڵیحاجی عەولای کاک سولەیمان و حاجیعەولا و مام ناسر و کوڕیژگە کەمتەمەنەکەی لێبوو، مەودایان دەگەڵ من ئەوندە زۆر نەبوو. هەرچەند دەنگەکانم دەبیستن، بەڵام نە ڕەنگەکانم بۆ لێک دەکرانەوە و نە تێدەگەیشتم دەڵێن چی...!
کاک سولەیمانی موعینی پارەکەی لەجانتاکەی هێنابووە دەر و لەپێش حاجی عەولای دانابوو، بە واتایەک یانی ئەوە لە جیاتی خوێنی بەناهەق ڕژاوی قادر و ئەحمەدی جوانەمەرگە، سەرۆک بۆی ناردووی وەریگرە...!
پەککوو! لەو بێئابڕوویی و تاوانە مەزنە! داخوا ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی چپاساوێک بۆ ئەو تاوانە دێنێتەوە...؟ بەوهیوایە: ڕۆژێک دابێ بەرەی داهاتووی ئێمەی کوردیش بێتە ڕیزی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەم جیهانە، خەسارناسیی ڕابردووی خۆی بکا و لە تاوان و دەستدرێژیی

دەسەڵاتدارانی حاکم ڕزگاری بێ و سایەی شوومی بێ عەدالەتیی لەسەر نەمێنێ.
لە نووسراوەی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧..." ئەو بابەتەم داوەتە بەرباس. لەو سەردەمەدا لە کوردستانی گەرمێن، گەلێک ڕووداوی ناخۆش و ناجوانمێرانەمان بەچاو دەدیتن. بەداخەوە بۆم نالوێ هەموویان بەسەر کەمەوە.

***

## گەڕامەوە سەنگەسەر

هەرووەک گوترا: کاک سولەیمان دڵخۆشیی دامەوە، نەیهێشت بتۆرێم دەگەڵ خۆی بردمیەوە سەنگەسەر: ئەوە خەباتە. حیزبایەتی پشووی درێژی دەوێ ئەتۆ نازانی لەو ساڵانەدا ئەمن چیم چێشتوە... ناوبراو خۆی لەو بارەیەوە هیچی بۆمن باس نەکرد، ئەمنیش پرسیارم لێنەکرد، قەناعەتم بەقسەکانی هێنا و دەگەڵی گەڕامەوە بۆ سەنگەسەر. کاک سولەیمانی موعینی، لەگەڵ هاوڕێی خۆی زۆر سەمیمی بوو. هەرگیز حەزی نەدەکرد هاوڕێی خۆی بە خەمباری و دڵپەرۆشی ببینێ...
کاتێک گەیشتینەوە سەنگەسەر، ناوبراو گوتی ئەتۆ جێگر و یارمەتیدەری هاوڕێکەی خۆت بە. ئەمن دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق لە بارەی تۆوە قسە دەکەم... کاک ئەحمەد هات ماندوونەبوونی و ئەحواڵپرسیی لێکردم، بەڵام باسی هیچی دیکەی دەگەڵ نەکردم. دیار بوو کاک سولەیمان قسەی دەگەڵ کردبوو. لە بەندیخانەی سەنگەسەر بووم بەیارمەتیدەر و جێگری بەرپرسی بەندیخانە...

***

هەواڵنامەی کتێب

# لە سەنگەسەر مامەوە!

وەک دەڵێن:"ئاواڵی گولان خدرۆکەن!" لە سەنگەسەر جێگیر بووم. دەگەڵ مەلاقادری لاچینی یەکترمان گرتبۆوە. یەک لە یەکێ موفلیستر. ئەو کاتانە کە تەنیا دەبووم، رۆژانە بەپیاسەکردن دەرۆیشتم بەرەو سەدد و دۆڵێ شەهیدان. هاواڵی من جگە لە مەلا قادر لاچینی لەو سەردەمەدا دەبوو کێ بێ؟ ئەو گۆ خڕەی زەویت ئاوەژوو کردبایەوە، لە مەلا قادری لاچینی موفلیسترو هەژارتری تێدا نەبوو جگە لە جەنابی خۆم.

مەلاقادر ئەوەندەی لە بێپارەییدا هەژار بوو، دوو ئەوەند لە سەداقەت و دڵسۆزی و فیداکاریدا دەوڵەمەند بوو. بەداخەوە، لە بواری هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەدا، هیچی پێنەبڕابوو...

سەرەڕای هەمووی ئەوانە ناوبراو، لە پاڵ خۆیدا ئاشقی کچێکی جوانی سەنگەسەری ببوو. ماڵی باوکی کچەکە، لە خوارەوەی قشڵەی سەنگەسەر بوو. لە نزیک ئەو کۆڵانەش چاخانەیەکی چووکە هەبوو کە لە هەموو ڕۆژی خوایدا چوارکەس ڕوویان تێ- نەدەکرد چایەک، یان ساردییەکی لێبخۆنەوە. مەلاقادر، ئەگەر ٥٠فلسی دەست کەوتبا، دەهات دەیگوت: کافرا! وەرە پارەم هەیە بچین، دۆمینەی بکەین. ئەگەر لە چایخانەکانی دیکە چایان بەخۆڕایی دابایێ، مەلا قادر رووی تێنەدەکردن، ئیللانوبیللان دەبوو چووباینە ئەو چاخانەیە کە نزیک ماڵی دڵدارەکەی مەلاقادر بوو. دوو چامان دەخواردەوە و ئەگەر بیست فلس مابایەوە هەڵیدەگرت بۆ جارێکی دیکە...

کاتی بێکاریی خۆمان لە سەنگەسەر بەو شێوەیە دەبردە سەر. بائەوەش بگوترێ: مەلاقادر هەرگیز لە نزیکەوە گوێی لە دەنگی یارە خەیاڵییەکەی خۆی نەببوو...

جگە لە مەلاقادر، ئاشنایەکی دیکەشم هەبوو بەناوی مەلاقاسم. مەلاقاسم برای وەستا عەولای خەیات، خەڵکی ئاوایی ماسوێ بوو. فڕنچی (نانەوا)ی حەسۆ میرخانی بوو. لەنزیک قوتابخانە و

بازاڕی سەنگەسەر، دەگەڵ برادەرێکی خەڵکی بیجاڕێ بە ناوی هاشمی عەتار، ژوورێکیان پێکەوە بەکرێ گرتبوو شەوانە لێی دەخەوتن. قاسم ڕۆژانە کاری نانەوایی بۆ حەسۆ میرخان دەکرد، هاشمیش لەنزیک ماڵەکەی خۆی دوکانێکی چووکەی عەتاریی هەبوو ڕۆژانە لە دوکانەکەی خۆی دەبوو... بەهەڵکەوت ماڵی زیندوویاد ساڵح لاجانییش لەوخانووەدا بوو کە قاسم و هاشمی عەتاریی لێ دەژیان. ساڵح دایکی و براکانی عەبدوڵلا و قادر و منداڵەکانی هێنابوون لەوحەوشەیەدا ژوورێکیان گرتبوو تێیدا دەژیان...

***

## بەڵای لابەلا؟

ڕۆژێک لە ڕۆژانی ئەو پاییزە، بەسەرمدا هات بچم سەرێک لە قاسم بدەم. چووم قاسم لە ماڵ نەبوو. لای پوورە گوڵێ دایکی ساڵح لاجانی هێندێک دانیشتم دوایی هەستام بەرەو بنکە گەڕامەوە. بەو کۆڵانەدا هاتمە خوار کە دوکانێ هاشمی لێبوو. تەماشام کرد ساڵح لاجانی و کەریم ڕەشاش، لە دوکانێ هاشمین. بەنیاز بووم وا خۆم پێشان بدەم کە نەمدیون و تێپەڕم بڕۆم. ساڵح و کەریم بانگیان کردم. ناچار چووم. ناوبراوان گوتیان: دەبێ شتێک لە هاشمی بکڕی. ئەگەر وایانگوت ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا. گوتیان ئیللانوبیللان دەبێ شتێک بکڕی.
ئەمنیش لەو ڕۆژەوە کە ئاوای دیوی گەرمێن ببووم، جاموولکە و فلچە و سابوونی ریشتاشینم نەبوو. تازە بەرسەریاندا سەپاندبووم، غрووریش ڕێگای پێنەدەدام بڵێم: کاکە وەڵڵا ئەمن پارەم نیە. هەتا ئێستێ کە ئەو یادەوەرییە دەنووسم؛ ڕەنگی جاموولکە نایلونەکە و فلچەکەی ڕدێنتاشین و سابوونەکەم لە زەینیدا ماون!...

شۆڕش تیغ و بەردە چەخماخ و تووتن و پەڕە جغارەی بۆ دابین دەکردین... جامولکەو سابوون و فلْچەم هەلْگرت، بەهاشمم گوت ئێستێ پارەم لانیە دوایی بۆت دێنم. هەموویان بایی ٢٥٠فلسی ئەو سەردەمە بوون. هێندێک لای هاشم و سالْح و کەریم ڕاوەستام، قسەم دەگەلْ دەکردن، بەلاّم زەینم لە شوێنێکی دیکە، بۆ دانەوەی پارەکەی هاشمی دەگەڕا.

شتەکانم هەلْگرت بەرەو بنکە گەڕامەوە. ئیدی لەوە بەدوا بەو ئاقارەدا نەڕۆیشتم کە دوکانی هاشمی لێبوو. رووم نەکردەوە ئەو کووچە و کۆلاّنانەش کە نزیکی دوکانی هاشمی بوون نەوەکوو داوای ٢٥٠فلسەکەم لێبکا.

ئەو ٢٥٠فلسەی هاشمی بۆمن بوو بە ئێشێکی بەتەوژمی ڕووحی. ئێستێش کە وەبیرم دێتەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان هەستی پێ-دەکەم.

***

## تێگوشینی بەهیوای جیرانی...!

قەدەرعەیامێک لەکڕینی شتەکانی کاک هاشم تێپەڕیبوو. رۆژێک حەسۆ میرخان، هات گوتی: مەلامحەممەد دەگەلْ مەلامحێدین بچن بۆگوندی"بێپالاّن" کابرایەک لەوێیە، بیهێنن. ناوی کابرای بێپالاّنیم لەبیر نەماوە؟ ئەو خوا عەفووکردووە، لە ژاندارمەکانی سەردەمی ڕەزاشا بێ ڕەزاتربوو. خەلْکی پشدەر و دوازدە بانووی، مەنگوڕایەتی، لە دەست حەسۆ میرخانی وەئەمان هاتبوون، زۆر زارشڕ و بێبەزەیی بوو...

دەگەلْ محێدین چووین بۆ گوندی ناوبراو، دوای نیوەڕۆ، بێ کابرا، گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر، لەبیرم نەماوە لەمالْ نەبوو یان چ-بوو...؟

بائەوەش بگوترێ: محێدین پێشتر لەلایەن حەسۆ میرخانەوە کرابوو بە بەرپرسی کۆکردنەوە زەکات و سووروساتی شۆڕش لە



هەوالنامەی کتێب

وەرزێرانی ناوچەی سەنگەسەر و ژاراوە. دەمزانی محێدین پارەی هەیە. چاوم بە کیفەکەی کەوتبوو،٥دیناریی سوورم تێدا دیتبوو... بە دەرفەتم زانی کە ٢٥٠فلس لە محێدین وەرگرم. لە دڵی خۆمدا پێموابوو وام بۆ هەڵناکەوێ؟ بەلامەوە ئاسایی بوو چونکە ئەمن و محێدین کاتی خۆی لە سەربازی، هەر گیز دوو گیرفانمان نەبوون. هەرچەند دیسانیش زۆرم بۆقورس بوو، ناچار غیرەتم وەبەر خۆم نا و درکاندم.

: محێدین. پێویستیم بە ٢٥٠فلس هەیە بمدەیە!

محێدین پێکەنی گوتی: ٢٥٠فلست بۆ چیە؟

ئەمنیش گوتم پێویستیم پێیهەیە. نەمگوت ئەو شتانەم لەهاشمی عەتار کڕیون پێی قەرزدارم.

بەپێکەنینێکەوە، کە لە ڕوانگەی خۆمەوە هەمووی سووکایەتی و جنێو بوو، گوتی: ٢٥٠فلسی من چلێدەکەی؟...

ئاخرئێمە ماوەیەکی زۆر پێکەوە هاوڕێ بووین، شەووڕۆژمان پێکەوە بەسەر بردبوون. زۆر ڕەفیقانە و بێجیاوازی ژیابووین. ڕاستە ئەمن کوڕە دەوڵەمەند نەبووم بەڵام مانگ نەبوو، دایکم و بابمە، بەجیا پووڵم بۆ نەنێرن. بەداخەوە محێدینیش بە واتەیەک ناوبراو، لەژێر سێبەری خۆشەویستی دایک بێبەش بوو. زڕدایکی هەبوو،ماڵی باوکیشی دەستڕۆیشتوو نەبوو... بەهەرحاڵ ئێمە هاوڕێی خۆشەویستی یەکتر بووین هەرچی هەمانبایە پێکەوەمان خەرج دەکرد. ئەگەر ئەمن هەمبایە ئەویش هەیبوو، دەناهیچ... نەهاتنی محێدین بەپیر داواکەمەوە، منی لەهەموو مەنتیق و کەسایەتییەک داڕنیبوو. خۆم لەبەرچاو کەوتبوو، لە جیاتی دوو قسەی مەنتیقیی جەرگبڕی پێ بڵێم، لە هەوڵی ئەوەدا بووم چۆن کەسایەتیی تێکشکاوم قەرەبوو بکەمەوە؟

زۆرم سەرکۆنەی خۆم کرد: ئەوە چ حەماقەتێک بوو کردم. بۆچی داوای پووڵم لەو پیاوە دڵچکۆلەیە کرد و کەسایەتی و غرووری خۆم دابەزاند؟

هەوراز نامەی کتێب

کاتێک داخوازییەکەم لەلایەن محێدینەوە بەهێند وەرنەگیرا... سەرم دەگێژەوە هات، بەرچاوم تارمایی ڕێنیشت. یەکەم جارم بوو لەژیان تێر دەبووم. تەنانەت ویستم خۆم بکوژم، هەرگیز لەژیانی خۆمدا وەبیرم نەدەهات بەو ڕادەیە بێ غیرەتی و چووکەییم لە خۆم پێشان دابێ. ئێشێکی بە تەوژم وەسەر رووح و دەروونم گەڕابوو. زۆر پەژیوان ببوومەوە بەڵام تازە پەژیوان-بوونەوە بێکەلک بوو. دەیان جارنفرەتم لە گەمژەیی خۆم کرد...!
دوایە لەو هەڵویستە بێجێیەی خۆم، پەژیوان بوومەوە، دڵخۆشیی خۆم دایەوە: ژیان هەوراز و نشێوی زۆری دەبێ!... بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەکەی خۆم، ویستم پێشانی بدەم کە: ئەمن پارەم هەیە، بەڵام ویستم ئەتۆ تاقی بکەمەوە...
:جاروبار بەیانان دەچووم بۆ دارکڕین و ماستی بەیانانی بنکەی. پارەی ماست و دارکڕینی زیندانم لە گیرفانیدا هەبوو. پارەکەم دەرهێنا پێشانی محێدینم دا گوتم: هەی خوێڕی بێغیرەتی نامەرد ویستم تاقیت کەمەوە ئەتۆ دەزانی ئەمن بۆتۆ چۆن بووم. چئەو دەمەی پێکەوە سەرباز بووین، چدواتر ئەمنو تۆ، هەرگیز دوو گیرفانمان نەبوون هەی بێچاووڕوو... ئەوە راستە کە گوتوویانە:
"مەرد ئەگەر کاری بەنامەردانە _ دەردی سەرباری هەموو دەردانە"
دیسانیش هەروەک پێشوو دەستی کردەوە بەپێکەنین ئەو پێکەنینەم بۆخۆم بەئیهانەت و سووکایەتی دەزانی، گوتی: دەمزانی پارەت هەیە...
هاتمەوە، ئەو شەوە نیسکێنەکەی مام عەلی عەجەمم پێنەخورا. مام عەلی و کاک ئاڕەحمان پێیان گوتم دەڵێی حاڵت باش نیە، خۆ نەخۆش نی؟ گوتم: لەڕێگای بێپالانێ وەستاوم. یادی ئەو رۆژانە بەخێرنەبێ!
لەو رۆژانەدا کاک ئەحمەد تۆفیق، زۆر بەجیددی سەرگەرمی تەداروکاتی گرتنی کۆنگرەی دوو بوو. کەمتر دەهاتەوە بنکەی.

پارەی خەرجی زیندانەوان و زیندانییەکان خۆی، یان حەسۆ میرخان، دەیدا بە کاک ئارەحمانی هاوڕێم. جاروبار کە دەچووم بو کڕینی دار و ماست، ئەمنیش پارەم لەو وەردەگرت بۆکڕینی دارو ماستی زیندان و زیندانەوانەکان. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە ئارەحمان، پارەی لەلا نەمابوو، کەسیش لەوێ نەبوو پارەمان بداتێ. کاک سولەیمانی موعینی دەچوو بۆ قەڵادزە، چوومە لای، گوتم: کاک فایق پارەی دارو ماستمان نیە.

کاک فایق سێ دیناری دامێ. ئەمنیش چووم دار و ماستی بەیانیم بۆ زیندان کڕی. هەمووی بایی دوو دینارونیو بوو. نیودینار لە پارەکە مابوو، بۆ کاک فایقم بردەوە. خەریک بوو دەگەڵ کەریم ئەستانی و هەڵمەت و چەند پێشمەرگەی دیکە، سواری ماشێن دەبوون بەرەو قەڵادزە دەچوون...

نیودینارەکەم بە دەستەوە بوو، بۆ کاک فایقم بردەوە. بۆم ڕاداشت گوتی: ئەوە چیە؟ گوتم لەپارەکەت ئەوەندەی ماوەتەوە. مونتەقیمئاسایی گوتی: دەلای بە...

نیودینارەکەی وەرنەگرتەوە گوتی بۆخۆتی خەرجکە. بووم بەخاوەنی نیودینار. نیودینارەم لە ئەنکەی باخەڵم نا. لە زەینی خۆمدا پارەی هاشمیم لێ دەدایەوە، دەگەڵ مەلا قادری دوومینەمان پێدەکرد...

نیودینارەم لە گیرفانم نا و گیرفانەکەم زیپی هەبوو. وەستا عەولای خەیات بەتایبەت بۆی دروو بووم. گیرفانەکەم دەگەڵ ئەستەری چاکەتەکەم لێکدروا بوون. ئیدی ئەو شەو خەوتم بۆ سبەی ویستم بچم بۆلای دوکانی هاشمی عەتار، ٢٥٠فلسەکەی بدەمەوە. لەقشڵەی دوور کەوتمەوە بەشەقامدا دەرۆیشتم بەدڵمدا هات، نازانم بۆچی، دەستم بۆ گیرفانم برد، نیودینارەکەم وەبەر دەستی نەهات. ئاخر گیرفانێکی بەتاڵ، هیچ تێدا نا.

ناچار بە هەناسەساردی گەڕامەوە بنکەی چوومە سەر تەختەکەم هەموو ولاتم پشکنی نیودینارە نەبوو کە نەبوو...

زۆر شەووڕۆژ بەسەر بزربوونی نیودینارەکەدا تێپەڕیبوون. نیو دینارە لە پێچو پەنای زەینمدا بزر ببوو، هەر لە بیریشم نەمابوو. شەوێک لەسەر تەختەکەم کە کمودێکی قشڵەی بوو، کردبوومە تەخت، لەسەری دەخەوتم، راکشابووم. ڕانم لە ژێرەوە هەستی بەگرێیەک کرد، کەوتبووە ژێرەوەم. دەستم برد جگە لە شاقەلی چاکەتەکەم هیچم وەبەر دەستی نەهات. بەڵام زانیم شاقەلی چاکەتەکەم گرێیەکی تێدایە. شاقەلەکەم کون نەبوو. دەبوو هەڵم وەشاندبا، دەنا نەدەکرا ئەوشتە گوماناوییەی تێیدایە دەریهێنم. چاکەتەکەم داکەند. بە دروستی دەستکوتم کرد زانیم قاقەزە، ئەوە چیە. تەماشای بنی گیرفانەکەی خۆم کرد، دروومانەکەی هەڵوەشابوو، کون ببوو. قاقەزەکەم بە دەستی هێنا هەتا گەیاندمە حاندی کونی گیرفانەکەم. کە سەیرم کرد خۆ ئەوە نیودینارەکەی گۆرینە. ئەوجارە دیتنەوەی نیودینارە، قەرەبووی ناڕەحەتیی بزربوونەکەی بۆ کردمەوە.

سبەی چووم بۆ لای هاشم پێمگوت: خێرا وەریگرە هەتا بزر نەبۆتەوە. هاشم گوتی ئەوە چیە.

گوتم ۲٥٠فلسەکەی خۆتی لێهەڵگرەو ئەوی دیکەشم بدەوە. هاشم سەری سوڕمابوو، دەیگوت ئەمن پارەم لای تۆ نیە. تەنانەت هەر لەبیرشی نەمابوو، کەچی ئەمن شەووڕۆژ خەفەتم پێوە دەخوارد. ئەوەش بەڵای کەریم رەشاش و زیندوویاد ساڵح لاجانی کە تووشیان کردبووم.

***

# کاک سەدیقی ئەنجیری

لەوەتەی هاتبوومەوە سەنگەسەر، دەگەڵ کاک عەبدوڵڵای موعینی ببووین بە هاودەم و زۆربەی کاتە بەتاڵەکانی خۆمان، پێکەوە بەپیاسەکردن دەبردە سەر و دەگەڕاین، زۆرتر لەدەرەوەی شارۆچکەی سەنگەسەر. رۆژێکی پاییزی ١٣٤٣ی هەتاوی بوو، دەگەڵ زیندوویاد عەبدوڵڵا، بەپیاسەکردن، بەرەو سەددی سەنگەسەر دەڕۆیشین. مەودایەک لەبنکە دوور کەوتبووینەوە. ئەو دەم رۆژ لە کورتێ‌یان دابوو، بەڵام دەشتی دوازدە بانوو، هێشتا هەر گەرم بوو. سەیرمان کرد دووکەس بەو گەرمایە بەچەقی ڕێگادا دێن. لێمان نزیک بوونەوە ئەمن سەید عەلی پیاویماڵی بابی گەورەم دەناسی. ناوبراو دەگەڵ کابرایەکی سەرڕووتاوەی کەواوپانتۆڵیکی شوانانەدەبەردا، کە بەهیچ جۆر دەگەڵ قەدوقەوارە و سەری ڕووتاوە و بێ‌کڵاوی نەدەهاتنەوە، پەیدا بوون. کە نزیکتر بوونەوە، عەبدوڵڵا، بە شاگەشکەیی بەپیریانەوە چوو، ئامبازی هاوڕێکەی سەیدعەلی بوو، یەکتریان لە ئامێز گرتبوو، چۆن. دیار بوو کە ئەوە کەسێکی نزیکی خۆیانە... دوای کورتە ماوەیەک پێکەوە ڕاوەستان، عەبدوڵڵا، شوێنی کاک ئەحمەد تۆفیقی بە سەیدعەلی گوت لە کوێیە... ئیدی نەچوون بۆبنکە، سەیدعەلی باوەڕپێکراوی کاک ئەحمەد بوو، ئەوە جاری یەکەمی نەبوو، پۆستەچیی حیزب -کاک ئەحمەد- بوو...

ئەو بابەتەم لە نووسراوەی "لاپەڕەیەک لە..." نووسیوە.

سەیدعەلی و هاوسەفەرەکەی ڕۆیشتن. ئەمن و عەبدوڵڵا، درێژەمان بە پیاسەکردنەکەمان دا، ئەوجارە عەبدوڵڵا بەدەم پیاسەکردنەوە باسی کاک سەدیقی بۆ کردم کە ئەمن هیچم لێ-نەدەزانی. ئەودەم عەبدوڵلا تاییپیستی حیزب بوو...

کاک سەدیق ماوەیەک بزر بوو، جاروبار دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، یان کاک سولەیمان، دەهاتە قشڵەی بۆ دیتنی پێشمەرگەکان. هەرجارەی کە دەهات بەدەمی بە خەندەیەوە

بەنۆبە پرسیاری لە پێشمەرگەکان دەکرد: ئەتۆ خەڵکی کوێی، خوێندەواریت هەیە و...
هەرجارەی کە دەهات حەزم دەکرد دەگەڵی رووبەڕوو بم گوێم لە دەنگ و پرسیارەکانی بێ. هەرکە دەمدیت لە خۆوە شاد دەبووم، بە بۆچوونی خۆم و لە شێوەی دوان و بێ فێڵی وەک کەسایەتییەکی مەزن و سادقم دەهاتە بەرچاو... لەنێو قساندا لە عەبدوڵڵام زانی کە ناوبراو خەریکی نووسینی پێڕەووپڕۆگڕامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بۆ کۆنگرەی دوو.
ڕۆژێک لە رۆژە ساردەکانی مانگی سەرماوەزی ١٣٤٣ی هەتاوی بوو. کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات گەڕابوونەوە ناوچەکانی خۆیان. کاک ئەحمەد بۆ ناوچەی شارویران، مەلا عەجەمو کاک ئاڕەحمانی هاوڕێمی ناردبۆوە. ئەمن دەگەڵ کێشکچییەکانی بەندیخانە، لە سەنگەسەر بووم، خەریکی ئەرکی خۆم بووم. هیچکەس لەوانەی پێیان دەگوترا کادری حیزبی، لە سەنگەسەر نەمابوو. یان چوو بوونەوە ولات، یان لەگوندی سونێ بوون. کاک ئەحمەد هێشتا دەگەڵ خۆم باسی گرتنی کۆنگرەی دووی نەکردبوو. وەک هەمووی ئەو کەسانەی لە کاک ئەحمەد نزیک بوون، ئاگاداریی گرتنی کۆنگرەم هەبوو...
رۆژێک دەمەوئێوارە، کاک ئەحمەد هاتەوە بۆ بنکەی بەندیخانە. لە پێش قشڵەی لەماشێن دابەزی: مەلامحەممەد، با هێندێک پیاسە بکەین. دەگەڵ کاک ئەحمەد هەر لە پێش قشڵەکە چەند هەنگاو بە پیاسەکردن رۆیشتین. دەبوو مەبەستی خۆیم پێ- ڕاگەیەنێ، هەروا چاوەڕوان بووم بزانم دەڵێ چی؟
زیندوویاد کاک ئەحمەد گوتی: "مەلامحەممەد، ئێستێ کە خەریکین کۆنگرە بگرین، ئاڕەحمان لێرەنیە، بارە قورسەکەی بەرپرسایەتی دەکەوێتە سەر ئەستۆی تۆ، دەبێ زۆر بە ڕێکوپێکی بەندیخانە و بەندییەکان بەڕێوەبەری. بەداخەوە کۆمیتەی تەداروکات و تەشکیلاتی حیزب، ناوی ئێوەی وەک نوێنەر بۆ کۆنگرە دەستنیشان نەکردوە".

لە جیاتی ڕەخنە و گازندە، پیرۆزباییم عەرز کرد و داوای سەرکەوتنم بۆکرد گوتم: سەرکەوتنی کۆنگرە سەرکەوتنی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لەبارەی بەندییەکان و بەندیخانەوە، بەڵێنیم پێدا نیگەران نەبێ کارەکان بە مەیلی ئەو دەچنە پێش و ناهێڵم بکەومە بەر لۆمە...

کاک ئەحمەد گەڕایەوە بۆ سونێ. لە بەندیخانە مامەوە و خەریکی ئەرکی خۆم بووم. لەهەمان کاتدا زۆرم بێز لە خۆم هەستابوو...

وتەی مامۆستا مەلا سەعیدی کامەمیم هاتەوە یاد، رۆژێک پێی-گوتم: "خزری ئەتۆ ئەگەر بە نانەزگ بچی ببیە شاگرد قاوەچی لەو حیزبایەتییەی دەیکەی شەریفتر و پیرۆزتر نابی...؟

ئەو قسەیەی مامۆستا مەلاسەعید، دەگەڕایەوە بۆ کۆتایی بەهاری ١٣٤٣. کۆبوونەی کادر و ئەندامانی حیزبی بوو، بەڵام ئەمن و مامۆستا مەلا سەعید بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگ نەکرابووین.

ڕووداوەکە بەو جۆرە بوو: رۆژێک لە ڕۆژانی ئەو بەهارە کاک ئەحمەد، دەگەڵ هێندێک لە کادرەکانی وەک: مراد رەسووڵ و مرادحاسڵی عەلیلەیلانی، عەوڵای مەلا عوسمانی، مەلا قادری لاچینی، مام حەسەن حەوتەوانە، مام حەوڵای سەعیدی و... کۆبوونەوەیان هەبوو، لە سەنگەسەر.

ئەودەم مامۆستا مەلا سەعیدی کامەمی دەگەڵ زۆر لە ئەندامانی حیزب، ئاوارەی دیوی گەرمێن ببوو. زیندوویاد مەلا سەعید ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو. کەچی ئێستێ کەهاتۆتە دیوی گەرمێن کاک ئەحمەد، وەک ئەندامێکی ساکاری حیزب، حیسابی بۆ نەکردبوو، بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگ نەکرابوو. لێرەدا لەمنی پرسی ئەدی ئەتۆ بۆ نەچووی بۆ کۆبوونەوە؟ ئەمنیش گوتم ئەمن ئەندامی حیزب نیم...

لێرەدا بوو گوتی: "بەنانە زگ شاگردقاوەچیەتی بکەی لەو حیزبایەتییە شەریفتر و پیرۆزتر نابی؟" ئەوە بوو بەهۆی ئەوە

بوو کە دواتر مامۆستا مەلا سەعید تەمای گەڕانەوەی گرت و گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئەو دەم لەگوندی کامەم بوو، یادی بەخێر...

چەند ڕۆژ لەسەر هاتنی کاک ئەحمەد و قسەکانی تێپەڕیبوو. چێشتەنگاوێکی درەنگوەخت بوو، کاک ئارەحمان و مەلاعەجەم گەیشتنەوە سەنگەسەر. سڵاوی هاوڕێیانی ناوچە و دایکوبابم و دۆستانیان بۆ هێنابوومەوە. ئەوان باسی گیرانی بابمیان بۆ من نەکردم، بەڵام کوژرانی مەلای خوڕخوڕەیان بۆ گێڕامەوە. ئەو خواعەفووکردووە، مەلا محەممەدی خالیدی، مەلای خوڕخوڕەی خوێڕییە پیاوێکی ساواك، لە ڕادەبەدەر خۆێڕی و پیاوخراپ بوو... مەلاعەجەم گوتی ساز بە بابڕۆین. گوتم بۆ کوێ؟
:بۆسونێ!
گوتم: بۆچی؟ گوتی: ئەتۆ نوێنەری کۆنگرەی، کۆمیتەی ناوچە ئەتۆ و کاک ئارەحمانیان وەک نوێنەر بۆ کۆنگرەی دوو، هەڵبژاردوە، نامەیان نووسیوە. گوتم ئەمن هەتا کاک ئەحمەد تۆفیق، بۆخۆی نەیە و پێمنەڵێ نایەم بۆ کۆنگرە، ئەتنانەت بۆ گوندی سونێش.
ئەوان ڕۆیشتن. بۆسبەی ئەوڕۆژە، دوانیوەڕۆیەکی درەنگ بوو کاک ئەحمەد تۆفیق، بەسواری جیپە شڕەی حەمید ئەفەندی پەیدا بوو. گوتی: برام! کۆمیتەی شارویران ئەتۆ و ئارەحمانیان بەنوێنەر هەڵبژاردوە بۆ کۆنگرەی دوو. بەندیخانەکەی تەسلیمی مەلامحێدین بکە و سبەی بۆ خۆت وەرە بۆسونێ...
( حەمید ئەفەندی جیپێکی شڕەی لە جاشەکانی هەولێر بەخەنیمەت گرتبوو، دابووی بەکاک ئەحمەد تۆفیق)
هەستم بەوە کرد کاک ئەحمەد ئەو هەڵبژاردنەی منی بەدڵ نیە. بەڵام تازە نامە نووسرابوو، کادری خۆی نامەکەی بۆ هێنابوو. هیچ نەدەکرا و دەبوو تەحەمولی بکا.

***

# چوون بۆ کۆنگرە وەک نوێنەری کۆمیتەی شارویران!

سبەی ئەو ڕۆژە، بە پێیان بەرەو سونێ وەڕێکەوتم. سەد فلسم نەبوو بۆ کرێماشێن هەتا قەڵادزەی پێبڕۆم. پووڵوپارەیەکی بەندیخانە کە بۆ کڕینی دار و ماستی بەیانان لام بوو، دام بە مەلا محێدین و خۆم بەپێیان بەرەو سونێ وەڕێکەوتم. بۆئێوارە گەیشتمە سونێ. لە سونێ گوتیان دەبێ بچی بۆ شوێنی کۆنگرە. ئەمنیش نەمدەزانی لە کوێیە. شادڕەوان خانە لێتان کە ئەو دەم بەشێرزاد ناو دەبرا، گوتی پێکەوە دەچین. وەبەندەنێ کەوتین لە بناری مامەندە سێچوار چادر هەڵدرابوون، چووم چادری کۆنگرە بوون.

ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز بوو، لەو دۆڵە بوو بەتەقە. دوای چەند تەقەیەک، کاری زیندوویادان کاک ئەحمەد تۆفیق، ساڵح لاجانی، کەریم ڕەشاش -ڕەشاشێکی برێنی پێبوو-، مونتەقیمی قازی، دەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە بووە.

ئەو تەقەیە وەڵامێک بۆ حکوومەتی حەمەڕەزاشای کە پێی وابوو دوای لە داردانی پێشەوای مەزن، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێتەوە خەون و خەیاڵ، جووڵانەوەی کوردستان بۆ هەمیشە، دوایی پێدێ...

چادرێک لە چادرەکانی دیکە گەورەتر بوو. چادرەکان و هەزینەی کۆنگرە بەگشتی لەلایەن خودی مەلا مستەفای ڕەحمەتییەوە دابین کرابوون. ئەگەر ئەمن گەیشتمێ، کاک ئەحمەد بەرنامەی کۆنگرەی ڕاگەیاندبوو دەستی کردبوو بەوردە ڕاپۆرتان. کاتێک گەیشتمێ لە پێش یەکێک لە چادرەکان کاک سەدیق ڕاوەستابوو. سڵاوم لێکرد... گوتی ئەوە ئەتۆش هاتی بۆ کۆنگرە.

گوتم: بەڵێ. یادی هەمیشە زیندووی بەخێر، زۆری پێخۆش بوو. شەوێ دوای نانخواردن کاک ئەحمەد هاتەوە نێو نوێنەرانی کۆنگرە لە چادرە گەورەکەدا، دەستی کردەوە بەخوێندنەوەی

هەواڵنامەی کتێب

ڕاپۆرت... مونتەقیم لەلای من دانیشتبوو. ئەو ڕەوانشادە هەرگیز نەیدەتوانی بێدەنگ دانیشێ... دوای ڕاپۆرتەکەی کاک ئەحمەد، هاتە لام گوتی: برام! کارم پێتە. نامەیەکم نووسیوە بۆ مەلا عەوڵای بارزانی، دەبێ سبەی بیبەی بۆ ڕانیە؟

ئاخربەگیانی ناخێرم ئەمن نوێنەری کۆنگرەم، ئەو هەموو پێشمەرگە بێکارە لەبنکەی سونێن چۆن ئەمن جەلەسەی کۆنگرە بەجێ بێڵم و بچم بۆڕانیە نامە بۆ مەلا عەوڵای بارزانی بەرم؟...

دەنگم نەکرد، ناوبراو پارەی کرێماشێنی دامێ. سبەی بەیانی سەحەری هەستام، بەرەو قەڵادزە وەڕێکەوتم، هێشتا کاتژمێر نەببوو بەدوازدە، گەیشتمە ڕانیە و نامەکەم دا بە مەلا عەوڵای بارزانی.

کاتێک لە ژوورەکەی مەلا عەوڵای بارزانی هاتمە دەر، تووشی کاک حەمەدەمینی سیڕاجی، سمایلی شەریفزادە و سالاری حەیدەری، حەسەنی قازی و مامەند و هێندێک لە ناڕازییانی سیاسەتی کاک ئەحمەد تۆفیق بووم. هاتبوون بچنە لای مەلا مستەفا پێی بڵێن: ئەحمەد تۆفیق کۆنگرەی گرتوە، ئێمە هەموومان ئەندامی حیزبین و بەهۆی چالاکی لەو حیزبەدا تووشی دەربەدەری بووین. ئێستێ ناوبراو ڕێگای ئێمە نادا بچین بۆ کۆنگرە...

کاک حەمەدەمینی سیڕاجی کاتێک لەنزیک بارەگای بارزانی چاوی بەمن کەوت، گوتی:

دەی مامۆستا! کۆبوونەوەکەی سونێ بە کوێ گەیشت؟ بەڕادەیەک ناڕەحەت بووم هیچ وەڵامێکم نەبوو بەو پرسیارەی کاک حەمەدەمینی بدەمەوە. گوتم هیچ وەڵامێک لای خۆم شک نابەم کە عەرزی کاک حەمەدەمینی بکەم.

خێرا ئەوانم بەجێ هێشت، هاتمە گاڕێژێ سواری ماشێن بووم بۆ قەڵادزە. مەلا عەوڵای بارزانی بە نووسراوە وەڵامی نامەی کاک ئەحمەدی نەدایەوە. تەنیا گوتی: ئەمن دەگەڵ حەسۆمیرخان پێوەندی دەگرم، بە ئەحمەد بڵێ نیگەران نەبێ. ئەوە هەمووی

وەڵامی ئەو نامە پڕنێوەرۆکەی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو کە مەلاعەولای بارزانی دایەوە و من بۆم هێنایەوە!
کاتێک گەیشتمە قەڵادزێ ئێوارەیەکی درەنگ بوو. کورد گوتەنی: دەلاقانم وەراند بەرەو سونێ بۆ تاریکانێکی درەنگوەخت گەیشتمەوە سونێ. بە درێژایی ئەو ڕێگایە باران و شڵێوەم پێدا باریبوو. لە قەبری عوسمانی تێپەڕیم هەواکەی گۆڕی کردی بە بەفربارین. ئیدی هەرچۆنی بوو بۆ ئێوارەیەکی درەنگوەخت خۆم گەیاندەوە جەلەسەکانی کۆنگرە. بۆ زۆر کەس جێگای سەرسوڕمان بوو، چۆن بەوڕۆژە کورتەی پاییزی توانیومە بچمە ڕانیە و بگەڕێمەوە...

بۆسبەی ئەوڕۆژە کە لەڕانیە تووشی کاک حەمەدەمینی سیڕاجی و جەماعەت ببووم، کاک حەمەدەمین دەگەڵ جەماعەتی ناڕازی، مل پێوە دەنێن بۆ شوێنی کۆنگرەی. چۆنیان زانیبوو شوێنی کۆنگرە لە بناری مامەندەیە، ئەمن ئەوەی نازانم؟
لە ڕێگا تووشی پرسگە دەبن و ڕیگریان لێدەکرێ وەسەر کەون. مەلا ڕەسووی پێشنەماز دەگەڵیان تووشی دەمەقاڵی دەبێ. کاتێک دەبینن پێشمەرگەی لێیە،چەندکەسێک لەوانە وەک خدر مەرەسەنە و... ڕاست دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزە و دەڵێن: ئێمە نەهاتووین خۆمان بەکوشت بدەین یان خەڵکی بکوژین...
کاک حەمەدەمین کە وەک عادەتی هەمیشەی خۆی، زۆر بەنەرمی دەیاندوێنێ، یەکێک لە پێشمەرگەکانی پرسگەکە، قانع دەکا کە هەواڵی هاتنی ئەوان بەکاک سەدیق بگەیەنێ تەنانەت بەکاک ئەحمەدیش. پێشمەرگەکە وابزانم شێرزاد بوو، هاتە نێو چادەرکانی کۆنگرە. ئەمن ئاگادار نەبووم، بەڵام دەنگی بەرزی کاک ئەحمەد تۆفیقم بیست: خوێڕی بۆتەقەتان لێنەکردون هەی...
دیتم کاک سەدیق لەپێش چادرێکە و دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق دەستیان کرد بە قسەکردن کە ئەمن نەمدەبیست. دکەمتر لە نیوسەعاتی پێچوو، کاک حەمەدەمینی سیڕاجی لە نێو چادرەکانی

کۆنگرە وەدەرکەوت. ئیدی ئەمن چاوم هەر لەسەر ناوبراو بوو. دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق هێندێک پێکەوە قسەیان کرد و دوات ردەگەڵ کاک سەدیق بە ماوەیەکی درێژتر لە کاک ئەحمەد، قسەیان کرد و دیسان کاک حەمەدەمین دەگەڵ شێرزاد گەڕایەوە بۆ خوارێ...

(بەشدار بووانی جەماعەتی نارازی لە گۆنگرەی دوو، ئەوەندە بووە کە ئێمە لێرەدا باسمان لێوە کردوە. بیستوومە کەسانێک باس لە ئاگاداری و هاوبەشیی خۆیان لەکۆنگرەی دوودا کردوە، لەوانەیە بەخەیاڵ هاوبەشییان کردبێ، بەڵام بەجەستە لە کۆنگرەدا نەبوون! بەشداربووانی کونگرەی دوو، لە نووسراوەی "لاپەڕەیەک لەتێکۆشانو..." ناویان نووسراوە جگە لەیەک دووکەس...)

بۆ شەو بەفربارین و باسریشکێ مەودای نەدا کۆنگرە لەو بەندەنە درێژە بە کارەکانی خۆی بدا. لە هەمان کاتدا چەند نوێنەری کۆنگرەش لە دەشتی مردواوێ لەبەر کرێوە و بەفری زۆر گیریان خواردبوو، نەیانتوانیبوو خۆیان بگەیەننە کۆنگرە. لەوانە زیندوویاد سەید ڕەسووڵی بابیگەورە و حەبیب قەرەگوێزی و چەند کەسێکی دیکە، بەناچاری گەڕابوونەوە. کۆنگرەش لەو بەندەنەی گەڕایەوە بۆ نێومزگەوتی گوندی سونێ و لەوێ درێژەی بەکارەکانی خۆی دا...
ڕاپۆرتی سکرتێر بۆ کۆنگرەی دوو، دوایی نەهاتبوو. کاک ئەحمەد، مێژووی ئەو چاردەساڵەی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانی بەدرێژی دایە بەرباس. ئەگەر بەوردی، دوور لە زێدەوێژی، سەرنجی وتارەکەی ئەو زیندوویادە درابێ، بەشی هەرەزۆری هێرش بۆسەر نەیارانی خۆی و تاریف لە کەسایەتیی بارزانی و چەکدارە کانی بوو!...

***

## نوێنەران و کۆنگرەی دوو

نوێنەرانی کۆنگرەی دوو، تێکەڵاوێک بوون لەکەسانی لەرادەبەدەر ساکار و نەخوێندەوار و سادق و کەسانی کەمخوێندەواریی ناسادق و جێگای پرسیار... (ئەو کەسانەی کە جێگای پرسیار بوون، دوای گەڕانەوەم لە وڵات، بۆم دەرکەوت، کاسەلێسی ساواک و حکوومەتەکەی حەمەڕەزاشا بوون...)

لە کونگرەی دوودا ڕێبەرایەتیی کۆماری کوردستان، زۆر بێ-ڕەحمانە لەلایەن کاک ئەحمەد تۆفیقەوە، درایە بەر هێرش. ناوبراو ڕێبەرانی کۆماری وەک کەسانی "بێ سەڵاحییەت و جەبوون" پێناسە کرد! ئەگەر بوێرم بیڵێم: ئەو هێرشە بێ-ڕەحمانەیە لە دڵودەروونی خودی کاک ئەحمەد تۆفیق هەڵ نەقوڵابوو، چونکە ناوبراو، خۆی بە درێژەدەری ڕێگای پێشەوای نەمر و شەهیدانی کۆماری کوردستان دەزانی. ئەوەی ئێمە وەک شانازی شکمان دەبرد، ڕێبازی کەسایەتیی پێشەوای نەمر و کۆمارە جوانەمەرگەکەی بوو...

ئەوهێرشەی کاک ئەحمەد لەکۆنگرەدا کردیە سەرکۆماری کوردستان، زۆرتر وەک ڕاسپاردەیەک دەچوو، ئەمن وەک نووسەری ئەم یادداشتانە و شایەدحاڵی ئەو کۆنگرەیە، هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نیە پێشانی بدەم، بەڵام وەک لە دوای کۆنگرە بوو بەجێگای باس: جێگای بۆ شکوگومان نەدەهێشتەوە!

لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا بەڕوونی دەرکەوت کە هێرش-بردنە سەر برایم ئەحمەد و هاوڕێکانی سیاسەتی سەرۆک بارزانی بوو، نەک سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەرحیزب و ڕێکخراوێک، مافی خۆیەتی لە کۆنگرەی خۆیدا لەسەر سیاسەتی خۆی بەباش و ناباشیەوە بدوێ و بیداتە بەر باس. بەڵام ناکۆکیی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی

هەواڵنامەی کتێب

دێموکراتی کوردستان، هیچ پێوەندییەکی بەحیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نەبوو!

لە بەیاننامەکەدا، وشەی زۆر دزێوی ناسیاسییانە بەرچاو دەکەوت؟... شەهید دوکتۆر قاسملوو و هاوبیرەکانی تۆمەتی جاسووسی بۆ ساواکیان وەپاڵ درابوو، بەخایین ناسێندرابوون و لە حیزب دەرکرابوون. بەڵگەی باوەڕپێکراو بۆ تاوانیان نەبوو...!

لێرەدا نامەوێ لەوە زۆرتر کۆنەبرینان بکولێنمەوە.

ئەو هەڵوێستانە ئاکامەکەیان بوو بەهۆی وازهێنانی ساڵی ١٣٤٤ی کاک ئەحمەد و دانیشتن لەگوندی شێخان و... ئەو بابەتم لە "لاپەڕەیەک لە..." بەوردی نووسیوە باچیدی باسی لێوە نەکەین...

نوێنەرانی کۆنگرەی دوو، نەک هەر کەسانی خاوەننەزەر و بۆچوونی سیاسی نەبوون، بەشی هەرەزۆریان لە کەسانی ساکار و نەخوێندەوار پێکهاتبوون. بەشی زۆریان نەیاندەزانی کاک ئەحمەد لە بارەی چیەوە دەدوێ و باسی کێ دەکا، هەرتەقەیان لەسەری دەهات!...

کۆنگرە پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی پەسند کرد. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و چاوەدێریی بەرزی هەڵبژارد. ئەوەی جێگای تێرامانە، ئەندامانی ڕێبەرایەتی پێشوەخت لەلایەن خودی کاک ئەحمەدەوە دیاری کرابوون، بێڕکەبەر ، بەتەنیا دەنگی خۆیان دەبوون بەئەندامی ڕێبەرایەتی، پێوستییان بە دەنگی کەسی دیکە نەبوو!؟

ئەو بابەتەم بێ کەموکوڕی و سادقانە و بێغەرەزانە لە نووسراوەی "لاپەرەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان."دا داوەتە بەرباس!

دوای چەند ڕۆژ کۆنگرە دوایی هات، نوێنەرانی بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی بەفری زۆر نەیانتوانی بە کوێستانەکانی دالانپەڕدا بگەڕێنەوە بۆ ئێران. ناچار دەگەڵ خەڵکی سوێسنایەتی و ناوچەی سەردەشت کەوتن، چوون بۆ

سەردەشت، لەوێڕا بەماشێن گەڕانەوە بۆشوێنی ژیانی خۆیان. کەسانێک کە دەیانەوێ لە سەر چۆنایەتیی کۆنگرەی دووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاگادارییان دەست کەوێ کتێبی "چپدرایران به روایت اسناد ساواک - حزب دمکرات کردستان" بخوێننەوە. ئەو کتێبە درۆی شاخدار و دوور لە واقعییەتی زۆر تێدایە، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕاستییشی زۆر تێدایە.

کۆنگرە تەواو ببوو، بەشێک لە جەماعەت خەریکی گەڕانەوە بوون بۆ سەنگەسەر. کاک ئەحمەد تۆفیق، بەمنی گوت دەتوانی بچیەوە سەرێکی ماڵی خۆتان و ناوچە بدەیەوە. ئەمن نەمزانیبوو کە بابم لەلایەن ساواکەوە گیراوە. بەشاهیدیی مێژوو ئەمن هیچ ئاگادارییەکم لەکوشتنی مەلا محەممەدی خالیدی نەبوو. کاک ئەحمەد تۆفیق، بەشاهیدی بەشداربووانی کۆنگرە، بە نیوەشۆخی و نیوەجیدی بەمنی‌گوت: "مەلامحەممەد! مەلای خوڕخوڕەشت کوشت **دەستت خۆش بێ"**.
خۆساواک باشی دەزانی کێ ئەوکارەی کردوە بەڵام بەداخەوە، ئەو قسەیە بەنرخێکی بەگران لە سەرمن وەستا!

ئەمن دوای کۆنگرەی دوو، بەچەکەوە تەنیا دەگەڕامەوە بۆ شارویران. خەریک بووم خۆم ساز دەکرد بۆ گەڕانەوە. شەهید مەلاسمایلی فەقێیسی گوتی: ئەمنیش دێم بۆ ناوچەی نەڵێنێ. کوڕێکی خەڵکی میشەدێی خوارێ لە بنکەی سونێ بوو، وای خۆپێشان دەدا کە پیاوی کاک خدری میشەدێیە. ناوی برایمەسوتاو بوو. نەخوێندەوار بوو، بەڵام ڕووهەڵماڵاوی و زرینگییەکەی دەگەڵ نەخوێندەوارێکی ئەو سەردەمەی مەنگوڕایەتی نەدەهاتەوە؟
ئامادەی گەڕانەوەی شارویران بووم، دەگەڵ مەلاسمایل و برایمە سووتاوی. سێ‌قۆڵی کەوتینە ڕێ. بەدۆڵی لەقلەقەیدا هاتینە کاولانێ. بناری قەندیل بەفری زۆر بوو، بۆ سبەی نانی ئێوارەمان

لە سێپێکان لەماڵی ئاغاکان خوارد و خێرا وەڕێکەوتین. شەهید مەلاسمایل هەتا قەبری وسێنیمان دەگەڵ بوو، ناوبراو لەوێ لە ئێمە هەڵبڕا، بەرەو باوەلە داپەڕیە خوار. ئەمن و برایمە سووتاو، بەخوارەوەی گوندی (کەوپەڕ)دا داپەڕیین بۆسەر زێیە. لە دارستان تێپەڕیبووین، ئەوێ بەفری کەمتر بوو، بەڵام بەفر دەباری. ئەوە جاری یەکەمم نەبوو بەو مەڵبەندەدا تێدەپەڕیم. بەشی خۆم شارەزای ڕێگاکان بووم، دەمزانی کام ئاوایی پاسگەی ژاندارمەریی لێیە و دەبێ کام ڕێگا بگرمە بەر. برایمە سووتاو کۆڵەپشتییەکەمی هەڵگرتبوو، لە پێش من دەڕۆیی. بە وتەی خۆمان خۆی کردبوو بە چاوساخم. هەواکەی ئەوندە تاریک نەبوو ڕێگا دەرنەکەین. برایم لە پێشەوە، ئەمن بەدوایەوە سەرنجم دا ئەوە لە نزیک گوندی (گرباساک)ین. دەنگمدا گوتم: هەتیوە ئەوە دەتەوێ ئەمن بۆکوێ بەری؟ کەوام گوت؛ بەجارێک خەجلا! هەستم بەخەجلانی کرد، گوتم: وەگەڕێ وەک سەگ دەتتۆپێنم! دەتەوێ لەداوی عەجەمانم خەی، هەی...؟

برایمە سووتاو گەڕایەوە دەستی کرد بە سوێند و قورعانان کە هەرگیز مەبەستی ئەو خەراپە نیەتو... گەڕایەوە لەخوار (خڕێ ئاغەڵان) پەڕیینەوە، لەبەر بێخەوی ساتمەم دەبرد... نەمهێشت لە هیچ کوێ لادا، بۆ بەری بەیانی خۆم گەیاندە گوندی میشەدێی خوارێ. میوانی شادڕەوان عەولا دەرویش بووم. لە دەست برایمە سووتاو ڕزگاریم هات. چێشتەنگاوێ لەخەو هەستام داوام لە عەولا دەرویش کرد کەسێک بنێرێ بۆ گوندی کاسەکەران، مام حەسەن حەوتەوانەی دەگەڵ خۆی بێنێ. ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارە مام حەسەن هات. دەگەڵ مام حەسەن بەرەو شارویران کەوتمە ڕێ. مامحەسەن نەخوێندەوار بوو، بەڵام لە کوردایەتیدا قاڵ ببۆوە. ناوبراو کادری حیزب بوو. هەر پێیەکی لە دیوی ئێران، پێیەک لە گەرمێن لای کاک ئەحمەد تۆفیق بوو...

ئەو سەفەرە، هەمان سەفەر بوو کە تووشی مراد شیرێژ و حەسەنی هەمزە ریتاڵ و سولەیمان کەرقەشان هاتبووم و شەرحی

ئەو بەسەرهاتەم لە کتێبی پێشووی خۆمدا بەناوی "لاپەرەیەک لە... " بەوردی نووسیوە.

.

لە مێشەدێی هەتا، گەرگوولی سەرێ، دەگەڵ مام حەسەنی هاتم. لە گەرگوولی سەرێ دوو لاوی قۆچاخی دەخۆڕادیوی وەک ڕێنوێن و هاوڕێ، ڕەگەڵ خستم مام حەسەن خۆی گەڕایەوە...
دەگەڵ لاوەکان هاتم زۆری شەو نەمابوو، گەیشتینە "جۆیە گەورەی قەرەشلاخێ" هێندەمان نەمابوو بگەینە نێو ئاوایی. بێ ئاگا لەوەی کە: شاسەیوان، جێ جێخون،خەرمانی حەمەدەمیناغای قەرەشلاخیان، هەڵدڕیوە، کردوویانەتە زنج و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و حەواندنەوەی مەڕوماڵاتیان. لە جێخەرمانەکان نزیک بووینەوە، سەگەلی شاسەیوانان شالاویان بۆ هێناین و شاسەویوان بەدوای سەگەکانیاندا! دەیانویست لێمان نزیک بنەوە و بمانگرن. ناچار بەشوێنی خۆماندا گەڕاینەوە، بۆ چما شاسەیوان لەدوامان دەبوونەوە، جنێویان دەدا "ئۆغری ئۆغری" یانی دز، دز...!
ئەوجارە ناچار بووین تەقەیان لێبکەین. لێیان گەڕامەوە دووفیشەکم بەسەردا هەڵتۆقاندن، محەممەد خەرەزەن، فیشەکێک، ئیدی عەجەم و سەگ خۆیان دەکونەکانی خۆیان هاویشتەوە. لە هەموو لایەکەوە سەوەڕی ئاوایی دەبیسرا.
شارەزای ئاوایی خۆمان بووم. دەبوو دەوری ئاواییم دابایەوە، هەتا ئاوایی ئارام دەبۆوە. ئێمە ڕێگاکەمان گۆڕی. بەنێو (جۆیە گەورە)دا رۆیشتین هەتا خۆمان گەیاندە سەر ڕێگای قزڵقۆپی، بەسەر چۆمی قەرەشلاخێدا هاتین. ئەوجارە سەگەکانی ماڵی کاک ڕەحمان، لە دەراوی چۆمی و سەگەکانی ماڵی سۆفی مستەفای وەنەوشەی جیرانمان؟
ئەوسەگانە ڕێگایان بە هیچ ڕێبوارێک نەدەدا بەو نێوەدا ڕاببرێ. زۆر دڕو بێڕەزا بوون. لە قەراخ ئاوایی بە هاوڕێکانم، محەممەد و حەسەنم گوت: بۆ ئەوەی سەگ پێمان نەوەڕن و کەس لە ئاوایی

هەست بەهاتنمان نەکا، پێویستە سەرتان داخەن جگە لە بەرپێی خۆتان چاو لە هیچ کوێیەک نەکەن. ئەمن دەپێش ئێوەدا دەڕۆم، ئێوەش بکەونە دوام. لە هەورازی چۆمی قەرشڵاخێ وەسەر کەوتین، بە پێش ماڵە سۆفی مستەفایدا تێپەڕیین، سەگ نەوەڕین، زانیم هاوڕێکانم دەستوورەکەیان باش بەجێ هێناوە. چوومەوە حەساری خۆمان هێدی زنجیری دەرگاکەم راوەشاند، دایکم وەخەبەر هات. بەخوشکمی گوت: فاتم ئەوە محەممەدە دەنگی زنجیری دەرگای هات.

خوشکم هات دەرگای کردەوە، کەچاوی بەمن کەوت گوتی: خێرا وەرنە ژوور، نەوەک کەسێک هەست پێ‌بکا. چووینە ژوور. ئەوجار دایکم و خۆشکم دەستیان لە ئەستۆ کردم. ئەمجار بابم هەستا دەستە لەرزۆکەکانی لە ئەستۆی کردم، چاوم لێ‌بوو فرمێسک لەچاوە کەمهێزەکانی دەهاتنە خوار... لەدوای هێندێ وچان، دایکم گوتی: زانیبووت بابتیان گرتبوو؟

گوتم: بۆ دایە؟

:"رەئیسی دەیگوت: کوڕەکەتان هاتۆتەوە، ئەومەلای خۆڕخوڕەی کوشتوە، ئەنگۆ شاردووتانەتەوە! ئەمن‌و بابتیان برد بۆ ماڵە عەبیزاغای لەوێ لێپرسینەوەیان لەمنیش کرد، بەڵام ئەمن ئەوەندم هەمیەت وێ‌نەدان...

بابتیان برد بۆ سابڵاخێ لەوێ بەحوکمی دادگەی مەهابادێ، بە تۆمەتی تاوانێک کە هەرگیز ئاگاداری نەبوو، زیندانییان کرد. هێندە لەمێژ نیە ئازادیان کردوە، مامۆستا مەلا مستەفاشیان گرتبوو مرتوز خان زوو بۆی بوو بە زامن و سەنەدی بۆ دانا ئازادیان کرد... "

ئەو دیدار و چاوپێکەوتنەی دایکم‌وبابم، بۆمن زۆر پڕلەئازار بوو، خۆم بە شەرمەندەی ئەو پیرەدایك‌وبابەم دەزانی. لەڕاستیدا ئەمن بۆیان ببووم بەهۆی دەردی سەری و ئازارێکی بەژانی دەروونی!...

مامۆستامەلا مستەفا، لە مێژ نەبوو لە زیندانی قزڵقەڵا ئازاد ببوو، ئەوجارەش بە تۆمەتی هاوکاریی پیاوکوژان گرتبوویان. هەروەک گوترا: ساواک دەیزانی مامۆستا مەلا مستەفا لەوکارە دوورە، زۆرتر وەک گوشار، تۆڵەی بەهێندنەگرتنی خۆیانیان لێ-دەکردەوە. بۆسبەی دایکم چوو بۆلای گوتبووی: محەممەد هاتۆتەوە.

مامۆستا هاتنەوەی منی بۆ شاروێران پێخۆش نەبوو. ئەو جارە درەنگانی ئێوارە هات بۆلام. ئەگەر هات شادڕەوان محەممەد یارەم لەلا بوو. برادەرە هاوڕێکانم بەیانی چووبوون بۆداشخانەی نەکوو کەسێکی ناسیاو بیانبینی، هەتا دووسبەی ئێوارە لەداشخانە لە ماڵی سمایل سەراڵی مابوونەوە.

مامۆستا لەهاتنەوەم ناڕازای بوو، هەقیشی بوو، ماوەیەکی زۆرلە قزڵقەڵا و دواییش گێچەڵ و تەشقەڵەی مەلای خۆڕخوڕەی... ئەوەی لە کۆنگرەدا باس کرابوو، بۆم گێڕایەوە و ئەوەی پرسیاری لێکردم بەدروستی وەڵامم دایەوە. ئەو دوو شەووڕۆژە لە ماڵی خۆمان بووم. یادی بەخێر بایزاغای براگەورەی کاک ئاڕەحمانی هاتە لام دەگەڵ چەندکەسی نزیکی خۆم. ئیدێ دوای دووشەو ئێوارەیەک لەکاتی تاریکاندا هاوڕێکانم لەداشخانە گەڕانەوە و بێ دواکەوتن بەرەو لاجان وەڕێکەوتین. لەو سەفەرەدا بە ڕەچاوکردنی سڵامەتیی هاوڕێیان و خۆم نەمتوانی بەشی زۆری دۆستانی نزیکی خۆم ببینم و زوو گەڕامەوە.

ئەو زستانە ناوچەکانی لاجان و بەری مێرگان بەفریان زۆر بوو، ماوەیەکی چەند ڕۆژی لە سەیداوا لەلای سەید ڕەسووڵی بابی گەورە مامەوە. زیندوو یاد کاک سەیدڕەسووڵ سەیدعەلیی دەگەڵ خستم هەتا سەنگەسەر یادیان بەخێر. لەو سەفەرەدا زۆرم کوێرەوەری کێشا هەتا گەیشتمەوە...

لێرەدا جێی خۆیەتی یادێک لە زیندوویادی بێسەرشوێن و گڵکۆ کاک سەدیقی ئەنجیری بکەینەوە.

***

## کاک سەدیق!

زستانی١٣٤٣ی هەتاوی لە سەنگەسەر مامەوە. زیندوویاد کاک سەدیقی ئەنجیری، ئەو دەمانەی بێکار دەبوو دەهاتە مزڵەکەی کاک باپیر. حەزم دەکرد لەلای بام و گوێم لە قسە خۆشەکانی بایە و ئەمنیش دەچووم. بەداخەوە ناوبراو، زۆرکەمی قسە دەکرد. زۆرم لەگوێیان خۆش دەهات کە بەزاراوەیەکی خەست و ئەدەبیاتێکی کۆنی سابلاخییانەی قسە دەکرد، کەیفم پێی دەهات. رۆژێک گوتی: ئەتۆ شەترنج دەزانی؟

گوتم کاک سەدیق پێشتر کەمێکم دەزانی ئەگەر لە بیرم مابێ. گوتی وەرە بابیکەین! ئیتر دەستمان دەکرد بە شەترنج، هەمووجاری خێرا ماتی دەکردم. زۆرم هەوڵ دەدا کە وەبیرخۆمی بێنمەوە... رۆژێک هاتە بنکەی و لە سەر تەختەکەی من دانیشت، گوتی: بابیکەین. ئەمنیش حەزم لێبوو، دەستمان کرد بە شەترنج. دەبێ ئەوەش بلێم زۆری یارمەتی دەکردم پێی خۆش بوو فێری شەترنج بم. بەهەڵکەوت ئەو جارە سەرکەوتوو بووم، و کاک سەدیق مات بوو. زۆرم کەیف ساز بوو لە شایان پێدەکەنیم ، کورد گوتەنی: دەتگوت خەنی بووم. کاک سەدیق کەیفی پێ-دەهات، لەمنی پێخۆشتر بوو، پێدەکەنی چۆن...

: "کاکە برالە! بەنووری ئەو ڕۆژەی لە وەتا ئەتۆ شەترەنج دەکەی هەر دۆڕاندووتە. دیسان پرسیاری لێدەکردم: ئەرێ زۆرت پێخۆشە ئەمنت مات کردوە"؟

ئەمنیش گوتم: کاک سەدیق خۆم زۆربە سەرکەوتوو دەزانم. کاک سەدیق گوتی: ئەگەر ئەتو کەیفت پێی ساز بێ ئەمنێش بەنووری خۆم زۆرم پێخۆشە.

با لێرەدا ئەوەش بلێم: کاک سەدیق مۆرەی شەترنجی نەبوو، بۆخۆی لە هەویر دروستی کردبوون و ڕەنگی کردبوون!

یەکێک لە پێشمەرگە نزیکەکان و شەیدای قسە خۆشەکان و سەداقەتی ئەو گەورە مرۆیە بووم. دەگەڵی زۆر سەمیمی بووم. لەقووڵایی دڵەوە خۆشم دەویست. هەر رۆژێک نەمدیبا تاسەییم دەکرد... ئیدی لەو ڕۆژەوە کە دەگەڵ ئەو زیندوویادە ئاشنا بووم، هیوام بەخەبات لەنێوحیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بەهێزتر ببوو. داخی بەجەرگم. دەستی ڕەشی تیرۆر و جینایەت نەیهێشت چێژ لە بۆچوون و زانیاریی ئەو مرۆڤە زانایە بکەین لەسایەی زانیاریی ئەو شتێک بۆ خۆمان فێر بین. یادی بەخێر...

ئەو ساڵەی کە لە سەنگەسەر بووین، دەگەڵ رووداوی سەیروسەمەرە بەرەوڕوو دەبووین. باهێندێکیش لەسەر ئەو رووداوانە بدوێین:

***

## سەید محەممەد سەقزی؟

هەوڵنامەی کێڤ

پاییزی ١٣٤٣ی هەتاوی بوو. ڕۆژێک دووپێشمەرگەی بارزانی، سەیدێکی سواڵکەریان لەسیدەکانەوە هێنا، بۆ بەندیخانەی سەنگەسەری. پێشمەرگەکان، پێشمەرگەی (ئەحمەدی مستێ) بوون. بەگوێرەی وتەی ئەوپێشمەرگانە، سەیدی سواڵکەریان لە کوێستانی کێلەشین دەسگیر کردبوو. تووشی ئەو سەیدە سواڵکەرەی دەبن، پرسیاری لێدەکەن چکارەیە؟ بەقسە و نووسراوەی ئەحمەدی مستێ کە بۆکاک ئەحمەد تۆفیقی نووسبوو: پیاوی دەوڵەتی ئێرانە، لەبیرم نەماوە ساواکی بوو یان روکنی ٢؟ دەیگرن دوای ماوەیەک ڕاگرتن لە بنکەی سیدەکان، ئەحمەدی مستێ بەدوو پێشمەرگەدا بە نامەیەکەوە دەینێری بۆ سەنگەسەر تەحویلی کاک ئەحمەد تۆفیقی بدا. ئەودەم لە سەنگەسەر بووم. جێگری بەرپرسی بەندیخانە بووم. کاک ئەحمەد، سەیدی تەحویل وەرگرت و بە سوپاسەوە وەڵامی نامەکەی ئەحمەدی مستێی

دایەوە و سەید کەوتە نێو زیندان و لێپرسینەوە و بەر ڕەحمەتی کوتان و لێدانی کاک ئەحمەد تۆفیق! سەید ناوی محەممەد و خەڵکی سەقز بوو. نازانم پیشەی چ بووە، بەڵام کاری سواڵکەری بوو.

ڕۆژێک بەدوو پێشمەرگان سەیدیان برد بۆ کۆنەئاشەکەی ماڵی چۆمی ڕووباری سەنگەسەری بۆلای کاک ئەحمەد بۆ لێپرسینەوە. دوای ماوەیەک سەیدیان هێناوە، سەید دەم‌ولووتی خوێناوی بوو. ئیدی ئەمن نازانم لە لێپرسینەوەدا کاک ئەحمەد چپرسیارێکی لەسەید کردبوو،و سەیدی وەڵامی دابۆوە؟

ئەوەی ئەمن دیتم سەیدبەدروستی نەیدەتوانی بەرێگادا بڕوات. سەید دانی تاوانی خۆی دانابوو، جابەڕاست جاسووس بووە یان، لەژێر گوشار و لێدان دانی پێدا هێنابوو، ئەوە هەرخوا دەزانێ و خودی سەید؟

سەیدی داماو بێ‌حوکم و دادگایی هەتا ئاخرمانگی هاوینی ١٣٤٤ی هەتاوی لەزینداندا مایەوە. بە وتەی خۆی، سەید خاوەنی ژن‌ومنداڵ بوو. ناوبراو، هەتا ئەودەم کە کاک سولەیمانی موعینی بەندیخانەی تەحویلی شۆڕش دایەوە لەزیندان بوو. ئەودەم کە زیندانی شۆڕش تەحویل دەدەنەوە، سەیدی ئیجازە دەدا بگەڕێتەوە نێو ماڵ‌ومنداڵی لە سەقز. ئەوەش سزای سەیدی جاسووس.

کاتێک شۆڕشی کوردستان، بەپانەوە کەوتبووە ژێر نفووزی دەوڵەتی ئێران، ساواک چ پێداویستی‌یەکی بەوە هەبوو سەیدێکی سواڵکەری نەخوێندەواری ناشارەزا، وەک جاسووس بنێرێ بۆ دیوی گەرمێن زانیاری بۆ کۆکاتەوە، ئەمن سەرم لەوە دەرناچێ؟

***

# سەلیمۆك و خەمێ

لەسەردەمی پێشمەرگایەتیی خۆمدا، بەتایبەت ئەودەمەی پاسەوانی بەندیخانەی شۆڕش بووم، گەلێک بەسەرهات و ڕووداوی سەیرو سەمەرەم بە چاو دیوە.

پاییزی١٣٤٣ی هەتاوی بوو، ڕۆژێک کابرایەکی شکاک هات، پرسیاری کاک نحۆی شکاکی لێکردین. ئێمەش شوێنی مزڵیکاک نحۆ، باپیر شکاکمان پێشان دا. دوایی زانیمان ئەو کابرایە کچی ڕەدووی کابرایەکی هەژاری گوندی خۆیان کەوتوە. کابرای هەژار کچەکەی هێناوە بۆدیوی گەرمێنێ، بردوویەتە سیدەکان، لە ماڵی (گولیزار خانمێ) ی داناوە.

باوکی کچەی، کەوتبووە شوێن کچەکەی، لەکابرای بستێنێتەوە. گوایە ئەو لاوەی کچەکەی هەڵگرتبوو پێشەی گاوانیی ئاوایی دەبێ. دەگەڵ کچەی یەکتریان خۆش دەوێ، کابرای هەژار پارەی خوێنی کچەی نابێ بیدا بەباوکی و بیخوازێ، یان لێیبکڕێ. ئەوسەردەمە لە مەڵبەندی وان کچ بەپارە دەفرۆشران. ناچار دەگەڵ کچەی پێک دێ هەڵیگرێ و کچەش ڕەدووی دەکەوێ. ڕۆژێک دەگەڵ کچەی، پلانەکەیان دەکەنە کردەوە و ڕێگای گەرمێن و گوندی سیدەکان دەگرنە بەر. جاچەند ڕۆژان بەڕێگاوە دەبن تا دەگەنە سیدەکان؟ ئەوەی نازانم.

کابرای هەژار، کچەکەی دەباتە ماڵە گولیزار خانمێ، خێزانی سەید تەها و خوشکی شەهید سمکۆی شکاک. بابی کچەی کاتێک دەزانێ کابرای گاوان، کچەکەی بردۆتە ماڵە گولیزار خانمێ لە سیدەکان، دەزانێ لەوێ هیچی دەسگیر نابێ و بۆی ناستێندرێتەوە. ئەوجارە کەسانێکی شارەزا، کاک نحۆشکاکی پێ دەناسێنن، بەڵکوو ئەو دەفریای کەوێ. کابرای گاوان کچەی بردۆتە نێو قەڵایەک کە باوکی بەهاسانی بۆی لەوێ دەرنایە. تەنیاکاک نحۆ دەتوانێ چاری بکا و کچەی بۆ بستێنێتەوە و کابرای تاوانباریش بەسزا بگەیەنێ!

بەوتەی باوکی کچە: کابرای کچهەڵگرتوو، ناوی سەلیمۆکە، گاوانی ئاوایی بووە و خاوەنژنوماڵە، کچەکەی ئەویشی فریوداوە! بابی کچەی ئەوقسەیەی ڕاست بوو: کچەکەی ڕەدووی کابرایەکی هەژار کەوتبوو، ناوی سەلیمۆک بوو. ناوبراو گاوانی ئاوایی بوو، بەڵام دڵی بە کچەکەوە بووە و کچەش کەیفی بەسەلیمۆک هاتوە و...!

ئێستێ سەلیمۆک کچەکەی هەڵگرتوە، پارەی نیە بیداتە بابی مەسڵەتی دەگەڵ بکا. وەک خەڵکی بناری چیای مامەندەی "بنەتۆو" لەو مەڵبەندە داب نیە و مەسڵەت بە "بنەتۆو" ناکرێ؟!
باوکی کچەی کاتێک دەزانێ سەلیمۆک کچەکەی بردۆتە نێو قەڵایەکی پتەو و کەس ناتوانێ لەوێ زەفەری پێ بەرێ. لە رووی ناچاری روو دەکاتە سەنگەسەرو کاک نحۆی شکاک. وەک دەگوترا: کاک نحۆ دەگەڵ گولیزار خانم خزم بوو. ناوبراو هەرکات دەگەڕایەوە وڵات چەندرۆژ میوانی گولیزار خانم دەبوو...
کابرای باوکی کچە، کاک نحۆ لە جەرەیانی کچەکەی و سەلیمۆک تێدەگەیەنێ و سکاڵای خۆی لای ناوبراو دەکا.
کاک نحۆش مەسەلەکە دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، باس دەکا. ئیدی ئەمن نازانم چۆن تەسمیم دەگرن، ئەوەی ئەمن دەیزانم تەنیا ئەوەندەیە کە بەچاو دیتوومە؟ کاک ئەحمەد تۆفیق، قاقەز بۆ ئەحمەدی مستێ یان گولیزار خانم دەنووسێ، ئەو کابرایەی کچەکەی هەڵگرتوە، دەسگیر بکەنو کچەکەش بنێرن بۆ سەنگەسەر!
ئەوەی ئەمن دەیزانم ئەوە بوو: کاک ئەحمەد تۆفیق، نامەکەی بە دوو پێشمەرگەدا بە ناوەکانی هەڵمەت و ڕێبوار، دەنێرێ بۆ ئەحمەدی مستێ یان گولیزار خانمێ؟ لەسیدەکان. داوا دەکا کچەکەی دەگەڵ ئەو دوو پێشمەرگانە بنێرن بۆ سەنگەسەر! هەڵمەت و ڕێبوار لە سەنگەسەرەوە بە پێیان چوون بۆ سیدەکان. زیاتر لە حەوتوویەکیان پێچوو. لەوێرا کچەی چارەڕەشیان بە پێیان دەگەڵ خۆ هێنابوو، بۆ سەنگەسەر.

کچەکە لە سەنگەسەر لەماڵی ڕێبوار بوو، دوای ماوەیەک نازانم چۆن و کێ سەلیمۆکی هێنا بۆ سەنگەسەر. لە بیرم نەماوە لەکاتی هێنانی سەلێمۆک بۆ زیندانی سەنگەسەردا، لە کوێ بووم؟ بەهەرحاڵ سەلیمۆک کەوتە زیندان. سەلیمۆک لاوێکی تەمەن سی-سالان، بالابەرزێکی شۆخ، خوێنشیرن و لەبەردلان بوو. خۆ ئەگەر ئەمنیش کچ بام و لە گوندەکەی سەلیمۆک بام حەزم لێدەکرد و ڕەدووی دەکەوتم.

ڕۆژێک سەلیمۆک و کچەیان بردن بۆ مەحکەمەی شۆڕش لە قەلادزە. نازانم ئەمن دەگەڵ عەبدوڵلای موعینی بۆچی چووین بۆ قەلادزێ؟ بەهەڵکەوت بووین بەهاوسەفەری کچەکە و بابی و سەلیمۆک. ناوی کچەم لە سەلیمۆک پرسیار کرد.

: ناوی خەمێیە!

خەمێ و باوکی و سەلیمۆکیان بردن بۆ مەحکەمەی شۆڕش. ئەو دەم کابرایەکی خەڵکی ئاکرێ، بەناوی حاکم عەلا حاکمی شۆڕش بوو لە قەلادزێ. حاکم، لە مەحکەمەیەکی ماوە کورتدا، حاکم سەلیمۆکی بە سێزدەساڵ بەندی مەحکووم دەکا و خەمێ دەداتەوە بە باوکی!

کابرای باوکی خەمێ، بەنەغدی خۆی دەگات و هەر لەوێڕا بەڕێگای سەردەشتدا خەمێ دەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆسۆمایە، لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان. سەلیمۆکی چارەڕەشیش بەسیزدەساڵ حوکم دراوە، هێنایانەوە بۆ زیندانی سەنگەسەری. شک لەوەدا نەبوو کە ئەگەر سەلیمۆک پارەی خوێنی خەمێی هەبا، دابای بەباوکی کچەی، ژنێک سەهلە سەلیمۆک سێ ژنیشی هەبان، باوکی خەمێی دەگەڵ خۆی نەدەبردەوە و لە جیاتی خەمێ، پارەی دەگەڵ خۆی دەبردەوە.

ئێستێ سەلیمۆک لەزینداندایە و دەبێ ڕۆژئەژمێری حوکمەکەی بکا بزانێ کەنگێ سێزدە ساڵ تەواو دەبێ بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی؟ لە شوێنی خۆیدا دەگەڕێمەوە سەر سەلیمۆک.

***

## چاوئێشە

لە سەفەرەکەی خۆمدا بۆ وڵات کە دوای کۆنگرەی دوو کردبووم ، چاوم بە بەفر ئەنگوتبوون. تووشی چاوئێشەی ببووم، چاوم هەڵنەدەهاتن. رۆژێک لەسەر جێگاکەم ڕاکشابووم، زیندوویاد کاک باپیر، نحۆ شکاک هات، چاوی پێمکەوت گوتی: مەلا محەممەد ئەوە چاوت چیانە؟

گوتم کاک باپیر لە وەتەی لەوڵات گەڕاومەوە لە ڕێگا چاوم بە بەفر ئەنگوتون و تووشی ئەو چاو ئێشەیە هاتووم. پرسیاری کرد: چوویەتە لای دوکتور؟

:گوتم نا! دوکتوری شۆرش ئەودەم تەنیا دوکتور حیکمەت بوو، بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ، شوێنی نەخۆشخانەی شۆرشی گوازتبۆوە بۆگوندی"بۆڵێ". لە قەڵادزە و ڕانیەش، دوکتوری چاو نەبوو.

کاک باپیر گوتی ئامادە بە دەگەڵ مام ڕەزا پێکەوە بچن بۆ سولەیمانی لەوێشەوە بچن بۆ بەغدا. ئەمنیش گوتم باشە. زۆری نەخایاند کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ خۆی بردمی بۆ قەڵادزە وەرەقەم بۆ وەرگرێ. ئەودەم بەرپرسی لێژنەی ناوچەی قەڵادزە، زیندوویاد میرزا باپیر بوو. چووینە لای میرزا باپیر، وەرەقەم بۆ بنووسێ. ناوبراو گوتی ئێمە وەرەقەی دەدینێ بەڵام وەرەقە زۆرجێگای متمانە نیە. لەوانەیە لەڕێگا بیگرن، چونکە ئێمە وەرەقەی پێشمەرگەی بۆ دەبڕین. گوتی بە دەفتەرنفووس سەفەرەکەی بکا باشترە. زیندوویاد کاک سولەیمانی موعینی، هەرلەوێ دەفتەرنفووسێکی نەنووسراوی لە میرزا باپیر وەرگرت، بەخەتی خۆی بۆی پڕکردمەوە، لە سەر ناوی خۆم. میرزا باپیر، مۆری دایرەی نفووسی قەڵادزێ و پوولی بۆ لێدام، ئیدی بووم بەخاوەنی ناسنامەی ساختەی عێڕاقی.

هەوڵنامەی کتێب

گەڕامەوە بۆ سەنگەسەر. سبەی ئەو شەوە مامڕەزا لە هاتن بۆ سلێمانی پەژیوان بۆوە، نەیوێرا بێ. زیندوویاد کاک باپیر، گوتی ئەتۆ ڕامەوەستە بچوو مام ڕەزا نایە. بیست دیناری دامێ، نامەیەکی بۆکاک ڕەشەی قاچاخچی بۆ نووسم گوتی: بچووە لای کاک ڕەشە، ناوبراو پارەی منی لایە، بۆم نووسیوە، هەرچەندی پێویستت بوو، دەتوانی پارە لەو وەگری، ئەگەر پێوستیش بوو بتبا بۆ بەغدا. لەنامەکەدا بۆکاک ڕەشەم نووسیوە...

ئەو ئێوارەیە چوومە ڕانیە. شەو لەماڵە کاک ڕەئووف بووم، ئەودەم ماڵەکەی لە ڕانیە بوو. شەو لەلای کاک ڕەئووف مامەوە. بۆ بەیانی بەدوازدە پەنجایی سواری پیکابێک بووم چووم بۆ سلێمانی. ئەودەم زەمانی تەلیفون‌و ئەو جۆرە شتانە نەبوو. ئادرێسی سەیدەلیی نووری عەلیم وەرگرتبوو، لە هەموو سلێمانی بەناوبانگ بوو دۆزیمەوە. کە زانیان پێشمەرگەم، هەر کەس دەهات بەنۆرەی خۆی، ڕێزوحورمەتی تایبەتیی لێدەنام. بەدوای کاک ڕەشەیاندا نارد و ناوبراو هات. خەڵکی سلێمانی بەڕاستی خەڵکێکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر بوون.

کاك رەشە هات ماندوونەبوونی وچاک‌وچۆنیی دەگەڵ کردم... پیاوێکی نانخۆش و ماڵخۆش و دڵگەورە بوو. دەگەڵ خۆی بردمیەوە ماڵ. ئەودەم خۆی هەر تەنیا بوو، هێشتا خێزانی و منداڵەکانی لە مەهاباد بوون.( لەوێ بوو دەگەڵ هاشمی جەلالی، ئاشنا بووم. شەرحی هاشمی جەلالیم لە پەراوێزی نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا نووسیوە یادی بەخێر.) بۆسبەی ئەو رۆژە کاک ڕەشە بردمی بۆلای دوکتورێکی چاو. دوکتورەکە دوای چاو لێکردنێکی ورد گوتی: بەخۆشییەوە چاوت هیچجۆرە نەخۆشییەکیان نیە. تەنیا "التهابیان" کردوە، قەترەیەکی دامێ لەوێ چەند دڵۆپی دەچاوان کردم، چاوم کرانەوە. دوایی دەرمانی بۆ نووسیم چووین لەسەیدەلیی نووری عەلی وەرمانگرت، ئەویش پارەی لێنەستاندم. بە کورتی نزیک بە حەوتوویەک لە سلێمانی مامەوە، خەرجی ڕێگام بەچوون و هاتنەوە دینارو نیوێکی

تێنەچووبوو، هەر جێیەك دەچووم میوان بووم و پارەکەم درابوو...
لەودەمەدا حەسەنی برازای کاک ئەحمەد تۆفیق، لە سلێمانی بوو. گوتی پێکەوە دەگەڕێینەوە. گوتم باشە. کاک ئەحمەد تۆفیق داوای قاقەزی ڕۆنیۆی کردبوو، دەبوو قاقەزەکەی دەگەڵ خۆمان بەرینەوە سەنگەسەر. قاقەزیش لە تریاک قاچاختر بوو.
قاقەزەکەمان لە پیکابێکی لاندروڤەر بارکرد. حەسەن گوتی دەچم کارێکم هەیە دوایە دەگەڕێمەوە. نازانم چاوی بەکێ دەکەوێ. کورت‌وکرمانجی فیسماڵکی دایە، خۆی لێدزینەوە رۆیی دەگەڵمان نەهاتەوە. لە بیرم نەماوە پیکابەکە کێی تێدابووە و چەندکەس بووین؟ بەڵام دەزانم شۆفیرەکەی زۆر ئازا و بەجەرگ و نەترس بوو. لە سلێمانی وەدەر کەوتین لە تاسڵووجەی نوختەی پشکنین هەبوو، ئەمن قاچاخ، قاقەز قاچاخ، بە دەفتەرنفووسی قاچاخەوە!
کابرای شوفێر دابەزی چاک‌وخۆشیی دەگەڵ عەسکەرەکان کرد و دوایی: بە فی‌امان‌الله، ڕێگای خۆی گرتەبەر. لە دوکان و هیزۆپێش هەر بەوجۆرە. گەیشتینەوە ڕانیە و سەنگەسەر. دەگەڵ شۆفیرەکە قاقەزەکەم گەیاندەوە سەنگەسەر کە چی هونەرەکە بوو بەهی پاڵەوان کەچەڵی، ئازایەتیی حەسەنی ئیسحاقی.
چاوم چاک ببوونەوە. لە پارەکەی کاک باپیر، نزیکەی ٢ دینارونیوم خەرج کردبوو. رۆژێک چوومە مزڵەکەی کاک باپیر. زۆرم سوپاس کرد، دوایی پارەکەم لە گیرفانم هێنایە دەر بیدەمەوە،. کاک باپیر زۆر بەهێدی گوتی: ئەوە چییە مەلا محەممەد؟
گوتم پارەکەی جەنابتە کاک باپیر،٢دینارونیوم لێ خەرج کردوە.
گوتی: دەتەوێ پارەکەم بدەیەوە؟
گوتم زۆرت سپاس دەکەم کاک باپیر، شکم لەوەدا نیە دڵی تۆ زۆرلەوە مەزنترە ئەمن بیری لێدەکەمەوە، دیسانیش سوپاسی ئەو هەستە مرۆ دۆستانەیەتان دەکەم و...

گوتی: مەلامحەممە دشەرم بکە. ئەتۆچۆن پارەی بۆمن دێنیەوە؟ چما ئەمن چیم داوە بەتۆ بۆچی ئەمن ئەوەندە بێنرخ و چووکە دەکەیەوە؟...

دەردێکی بەسەرهێنام ناوی خۆمی لەبیر بردمەوە. زیندوویاد کاک باپیر، مرۆیەکی فرە دڵگەورە و نەفسبەرز بوو، یادی هەمیشە زیندووی بەخێر!

***

## گوازتنەوەی زیندان بۆ "شێنێ"

ساڵی١٩٦٥ی زایینی بوو، بەهار داهاتبوو، بەهاری ١٣٤٤ی هەتاوی. نێوانی شۆڕش و حکوومەتی عبدالسلام عارف، بەرەو ناخۆشی دەچوو، لە زۆر شوێن لە نێوان پێشمەرگە و لەشکری عێراقدا پێکهەڵپڕژان ڕووی دابوو. حکوومەتی عیراق ڕانیەی گرتبۆوە. ئێمەش خێرا زیندانی شۆرشمان گوازتەوە بۆ گوندی شێنێ سەرسنووری ئێران. کۆنە قشڵەکەی شێنێمان بە کارکردنی زیندانیەکان سەروبەر کردەوە و کردمانە بەندیخانە. بەندییەکان زۆربەیان پۆلیس و عەسکەر و جاش بوون. لە نێویاندا، چەند بەندیی سیاسی بەندکراوی خودی سەرۆک بارزانی هەبوون کە بریتی بوون لە: ١- زیندوویاد مامۆستا عەلی حەمدی (مەردان)٢- مەحموودی حاجی تۆفیقی سلێمانی٣- مەجید گورک کۆیە،٤- سەدیقعەلی ئامێدی،٥- قادرمەنتک هەولێر،٦- محەممەد حوسینە کوردە خانەقینی. ئەوانە گشتیان کەسانی سیاسی و خاوەن-ڕابردووی شۆڕشگێرانە بوون...

کاک ئەحمەد تۆفیق مکوڕ بوو: دەیگوت ئەوانە خائینن. دەبێ وەک جاش و پۆلیس و عەسکەرەکان هەلسوکەوتیان دەگەڵ بکرێ! ئەودەم هێشتا لە سەنگەسەر بووین، شەوێک جێژنی دووی

ڕێبەندانمان گرتبوو. ئەمنیش چوومە بەندەکەی مامۆستا عەلی حەمدی و هاوڕێکانی، گوتم:
ئێمە ئەمشۆ جێژنی دووی ڕێبەندانمان گرتوە، ئەگەر پێتان خۆش بێ حەز دەکەین، ئێوەش بەشدار بن..
مامۆستا عەلی حەمدی گوتی: "کوڕێ من، چما جێژنی دووی ڕێبەندان تەنێ هێ ئێوەیە؟ ئەوە جێژنی گشت گەلی کوردە، چوا نایەم..."
هەموویان هاتن دەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆمان، دانیشتن گوێیان بۆ مەراسیمەکە گرت. قادر مەنتک، هەرچەند مەعلووماتی سیاسیی بەو ڕادەیە نەبوو، بەڵام کورد گوتەنێ "بەدەموپل" بوو، قسەی لەسەر کۆمار و کەسایەتیی پێشوا و... کرد.
مامۆستاعەلی حەمەدی و سەدیق و مەجید گورگ و... قسەیان نەکرد، بەڵام هەتا کۆتایی مەراسیمەکە لامان بوون. یادی بەخێر مونتەقیمی قازی، بوو بە ڕێچەشکێن. بێپرس‌وڕا دەچووە بەندی مامۆستا عەلی حەمدی، دەگەڵیان دەستی دەکرد بە یاریی تەختەنەرد. ئەوهەڵسوکەوتەی مونتەقیم بۆمن بوو بە تەسکینی رووحی، ئەمنیش ئەو ڕەویەیەم کردە پیشەی خۆم، دیارە ئەودەم ئەمن تەختەنەردم نەدەزانی بەڵام دەگەڵیان دەچوومە دەرێ و...
ئیدی ئەوانە بەهیچ جۆر بەرامبەر بە ئێمە هەستیان بەناڕەحەتی ڕووحی نەدەکرد. بەڵام نەیاندەشاردەوە کە زۆر دژی کاک ئەحمەد تۆفیق و بارزانی بوون. ئیدی ئیمە هەتا ئەوڕۆژەی بەندیخانەمان تەسلیمی شۆڕش کردەوە، دەگەڵ ئەو بەندییە سیاسی یانە، ڕەفتارمان هاوڕێیانە بوو، تەنانەت دەمانبردن بۆنێو ئاوایی و جەنگەڵ و سەیرانیش.
بیرەوەریی ئەو سەردەمە زۆرن، ئەمن هەموویانم بۆ نانووسرێن. ناچارم بەسەر بەشی هەرە زۆریاندا پاز دەم!

***

# سەلیمۆکم ئازاد کرد

ئەو ماوەیە کە لە سەنگەسەر بووین، دەگەڵ سەلیمۆک ببووم بە ئاشنا. لەنێو بەندییەکاندا چوارکەس کوردی ئێرانی بوون. سەید محەممەدی سەقزی کە پێشتر ناوم بردوە. کاک عومەرسادق نگڵی بەتۆمەتی ئەندامەتیی کۆمەڵەی ڕزگاری و هاوکاریی کاک سەلاحی موهتەدی، ئەویش لەلایەن کاک ئەحمەدەوە گیرابوو. حەسەنی هەمزە ڕیتاڵی، هاوڕێی مراد شیرێژی، بەندیی سیاسی مەلامەستەفا بوو، دەوڵەتی ئێران داوای دەکرد، چاوڕوانی ڕادەستکردنەوەی خۆی بوو. چوارەمین کەس سەلیمۆک بوو. حەسەن و سەلیمۆک و سەید محەممەد، کاریان قاپ‌ومەنجەڵ-شوشتن بوو. دەگەڵ پێشمەرگەکان دەچوونە دەرەوە...

یەکیک لە تایبەتمەندییەکانی سەلیمۆک: گورانی‌گوتن و دەنگ - خۆشی بوو. کاتێک دەمگوت سەلیمۆک گۆرانییەکی خۆشم بۆ بڵێ! هەرگیز نەیدەگوت نا. دەستی دەکرد بە پێهەڵاگوتنی خەمێ. خەمێ خەمی هەرەگەورە و گرانی سەلیمۆک بوو. لەمێژ بوو لە دڵی خۆمدا دەمهێنا و دەمبرد، غەدرێکی دوور لە ویژدان لە سەلیمۆک کرابوو. لە دڵم دەرنەدەچوو. نەمدەزانی چۆنی ڕێگای ڕزگاری بۆ بدۆزمەوە؟

لەگوندی شێنێ بووین، تازە چووبووین. شەڕ لە ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێ دەستی پێکردبوو. ڕۆژێک جەماعەتێکی زۆر لە دیوی ئێرانەوە گەیشتنە گوندی شێنێ. هەموویان سەڵتە بوون. گوتیان هاتووین بۆکرێکاری و گیادروونێ، دەیانەویست بچنە بیتوێنێ. لەو کاتەدا لە بیتوێنێ شەڕ بوو. ئەوجار مەنتیقەی پێشمەرگەش نەبوو بەئازادی پێیدا بڕۆن. ناچار دەبوو گەڕابانەوە. لە نێو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا، چەند کەسی ناوچەی شارویێران هەبوون، یەک لەوانەم دەناسی خەڵکی دارەلەک، محەممەدی کوڕی قادرە قیتی بوو. دوای ماندوونەبوونیو بەخێرهاتنی، گوتم کاک محەممەد دەگەڕێیەوە؟

گوتیٚ بەڵێ!
: گوتم لاوێکی شکاک هەیە دەتوانی بەئەمانەت بۆم دەگەڵ خۆت بەریەوە هەتا دەیگەیەنیە قاوەخانەی کۆسەکەرێزێ؟
گوتی: ئەی بەسەرچاوان بەزەمانەت دەگەڵ خۆمی دەبەمەوە هەرکوێیەک بڵێی دەیگەیەنمە وێ.
بانگی سەلیمۆکم کرد: سەلیمۆک!
:بەلێ ئەز بەنی.
: خۆت ئامادە بکە.
گوتی: ئەزبەنی بۆ کوێ؟
گوتم مەرەخەست دەکەم.
بڕوای نەدەکرد. ئەوجار کە زانی بەڕاستیمە خێرا خۆی پێچایەوە و هات دەستی ماچ کردم، گوتم: پێویست ناکا ئەتۆ برای منی. ئەگەر نارەحەتی و گازندەیەکت لەمن هەیە داوای لێبووردن دەکەم. سەلیمۆک ئەگەر جارێکی دیکە خەمێت هەڵگرتەوە نەکا روو لە دیوی گەرمێنێ بکەیەوە ها!
تەنیا پرسوڕام دەگەڵ کاک سولەیمان کردبوو. سەلیمۆکم ئازاد کرد، دەگەڵ محەممەدی قادرە قیتی بەرەو وڵات بەڕێم کردەوە... ئەوەش نەقڵی سەلیمۆکی، لەسەر هەڵگرتنی کچێک حاکم سێزدە ساڵت حوکم بدا؟...
ئەوجار دەخەمی سەید محەممەد سەقزیدا بووم. ئەو وەبەر من نەکەوت کاک سولەیمانی موعینی خۆی، دوای گەڕانەوەی ئێمە، دەگەڵ عومەر سادق نگڵی ئازادی کردبوون..

***

# یادێک لە شەهیدی ناکام عەوڵا گرِوێ!

سەرەبەهاری ١٣٤٤ی هەتاوی بوو. هێشتا بەفری سەری چیاکانی سنوور، هەردی بەرنەدابوو. دەشتی "ساوان" خاڵبەڵەک بوو. لاوێکی ئازا و بەجەرگی خەلکی داوداوێ، یان مامکاوێ، ناوی عەوڵا گرِوێ بوو. گرِوێیەکی خوێن شیرین و ڕەزاسووك، خۆشەویستی هەموو پێشمەرگەکانی حیزب بوو. زۆر هاتوچۆی بنکەکانی سونێ و شێنێی دەکرد. دیار بوو ئەندامێکی چالاک و باوەڕپێکراوی بەرپرسانی حیزبە.

مێژووی مانگ‌وڕۆژەکەم لەبیرنەماوە، بەڵام دەزانم سەرەبەهار بوو. هێشتا کادرەکان پێڕەو و پرِۆگرامی کۆنگرەی دوویان بڵاو نەکردبۆوە، ڕۆژێک عەوڵا گروێ لە بنکەی شێنێ پەیدا بوو، دەگەڵ لاوێکی دیکە. چوو بۆ لای کاک ئەحمەد تۆفیق. ناوبراو، بەکۆڵێک بەرنامە و بەڵگەی حیزبییەوە گەڕایەوە کە بۆ بەرپرسانی حیزبی لە ناوچەی سوێسنیانیان بەرێتەوە. لاوێکی دیکەشی دەگەڵ بوو. شەوێ لەگوندی داوداوێ تێدەپەرن دەگەنە دەشتی "ساوان" لەو شەوەدا بەسەر کەمینی ژاندارمەکانی دۆڵەتوێدا دەکەون. ئەو کەسەی دەگەڵ عەولای دەبێ، خۆی دەرباز دەکا و ڕادەکا. عەوڵابە کۆڵێک نووسراوەی حیزبی و نامەی تایبەتیی بەرپرسانەوە دەکەوێتە دەست ژاندارمان. لاوەکەی هاوسەفەری، خەڵکی ناوچەی بوو، شارەزای هەموو دۆڵ و دەرە و پنچک و دەوەنێک بوو؛ دەیزانی بەکوێدا خۆی دەرباز بکا. ڕادەکا بەرەو سنوور، بەیانی زوو بوو، ناوبراو بە شڵەژاوی گەیشتەوە بنکەی شێنێ. وابزانم بەنهێنی بەسەرهاتەکەی بۆ زیندوویاد مەلا مەحموودی زەنگەنە گێڕابۆوە: دەگەڵ عەوڵا گرِوێی، بەسەر بۆسەی ژاندارماندا کەوتین. نامە و نووسراوەکان بەعەوڵا بوون، ئەو نەیتوانی ڕابکا، کەوتە دەست عەجەمان لەدەشتی ساوان، ئەمنیش ڕامکردوە و خۆم دەرباز کردوە...

هەواڵنامەی کتێب

لاوەکە رۆیشت بۆگوندی سونێ، هەواڵەکەی بەکاک ئەحمەد تۆفیق ڕاگەیەنێ. بەسەرهاتەکە کەموزۆر بۆ کاک ئەحمەد باس دەکا. زۆری نەخایاند کاک سولەیمانی موعینی، دەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەک گەیشتنە شێنێ:

ئەستاندنەوە، عەولا گڕوێ!

کاک سولەیمانی موعینی و کۆمەڵە پێشمەرگەکە هەتا ئێوارە لە شێنێ مانەوە. هەر ئەو ئێوارەیە داگەڕانە خوار بۆ گوندی گۆڕەشێری، لەبەری سنووری ئێران. ئەمەرە سووتاوی گۆڕەشێری، هەم حیزبییەکی تۆخ بوو، هەم خەفیەی ژاندارمەری و ساواک، کورت وکرمانجی: ڕەفیقی کاروان و شەریکی جەردان بوو!

کاک سولەیمان خێرا ناوبراو، دەنێرێ بۆ گوندی دۆڵەتوو بۆ لای سەرۆکی پاسگا، داوای نامە و نووسراوەکانی حیزب و ئازادکردنی عەولا گڕوێی دەکا. دەوری پاسگەی گوندی دۆڵەتووێ دەگرن. گوایە ئەمەرە سووتاو دەچیتە دۆڵەتوێ، دەگەڵ خەڵکی ئاوایی دۆڵەتوێ، بە سەرۆکی پاسگەی دەڵێن ئێوە، لێرەن هەم ئاوایی تووشی موشکیلە دەبێ هەم بۆخۆتان، ئێستێ پارەیەکی باش وەرگرن و ئەو لاوەی گرتووتانە، ئازاد بکەن و نامەکەی بدەنەوە. نزیکەی دوو ڕۆژی کێشا هەتا ئالوویرەکە سەری گرت و سەرۆکی پاسگە قانیع بوو. دوایی عەولا گڕوێی ئازاد دەکەن و نامەکەی دەدەنەوە، بەڵام بەرنامەکان لە دۆڵەتوێ دەسووتێنن. کاک سولەیمان و پێشمەرگەکان، عەولا گڕوێیان دەگەڵ خۆیان هێنایەوە بۆشێنێ.

ئیدی عەولاگڕوێ نەوێراجارێکی دیکە بەئازادی بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان، بوو بە پێشمەرگە. ناوبراو لە یەکێک لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ٤٦-٤٧ دا، دەینێرن بۆ پێوندی_گرتن دەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی قەندیلی. لەنزیک چیای جاسووسان بەسەر کەمینی ژاندارمە، یان ئەرتەشدا دەکەوێ، بەداخەوە، لەو سەفەرە ناگەڕێتەوە و شەهید دەبێ.

یادی هەمیشە زیندووی بەخێر!

# فەسڵی ٧

## ناکۆکی دوای کۆنگرەی دوو

## یەکەم سەفەری کار لە وڵات!

ئاخری مانگی خاکەلێوەی١٣٤٤بوو، لە بنکەی زیندانی شۆڕش بووم لەشێنێ. ئەمن بەرپرسایەتی بەندیخانەم نەبوو. مەلا مەحموودی زەنگەنەی بەرپرس بوو. ڕۆژێک کاک سولەیمان _ فایق هات گوتی: خۆت ئامادە بکە دەگەڵ مەلا عەجەمی سەفەری وڵاتتان لەبەرە. ئەمنیش حەزم لێبوو، گوتم بۆکەی؟ گوتی هەرچی زووترە.

گوتم: پێشمەرگەیەکمان پێویستە، دووکەس ناتوانین کێشک لەخۆمان بکێشین، ئەوجارە، ڕێگاکەشمان دوورە پێویستیمان بە هاوڕێیەکی باش و ئازا هەیە. زیندوویاد کاک سولەیمانی موعینی گوتی: دەگەڵ کێتان پێخۆشە مانیعی نیە. گوتم ئەحمەد نستانی دەگەڵ خۆمان دەبەین. ئەحمەد ئەودەم، لاوێکی پێگەیشتوو بوو، تازە پشتی لێوی مووی لێدەهات... دوای چەند ڕۆژان، ئامادەی ڕۆیشتن بووین، کاک ئەحمەد تۆفیق گوتی: سەید عەولاش دەگەڵ خۆتان بەرنەوە دەچێتەوە سەردانی ماڵێ خۆیان دەکا.

کاک ئەحمەد تۆفیق، دەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانی کومێتەی ناوەندی، جگە لە مەلاسەید ڕەشید، دەگەڵ ئەوانی دیکە نێوانی لەو پەڕی ناخۆشیدا بوو.

بەهاری١٣٤٤بوو، دەگەڵ عەجەم، بە هاوڕێیەتی کاک ئەحمەد نستانی بەرەو وڵات وەڕێکەوتین و سەید عەولاشمان دەگەڵ.

کۆتایی مانگی یەکەمی بەهار بوو، بەدەشتی مردواوێدا نەڕۆیشتین، بەدۆڵێ لەقلەقەیدا چووینە خوار. دۆڵێ لەقلەقەی پڕبوو لە بەفر، بەهەڕەمە دەتواوە. ئاوی بەفرێ، دەشتی وەزنێی

داگرتبوو. لەخوارێ ئاوەکە ئەوەندە زۆر بوو، ببووە ڕووبارێکی ترسناک، نەماندەتوانی لێی بپەڕینەوە، خۆمان بگەیەنینە ئاوایی کونە مشکێ. تاریکەشەو بوو. سەید عەوڵامان هان دا ئاوەکە بەتاقی کاتەوە. ئاوەکە زۆر بەخوڕ و تیژ دەڕۆیشتە خوار. سەید عەوڵا ئەو مرۆڤە شەریفە، بە قسەکەی ئێمە ئازایانە ئەو کارەی کرد. بەڵام لە بەختی ڕەشی، ئاوی بەخوڕ و بەتەوژم، سەید عەوڵای دەگەڵ خۆی برد. ئەمن لە سەر لێواری ئاوەکە، سەید عەوڵا لەنێو ئاوی ڕووباردا ئاو دەیبرد. ئەو لە نێو بەفراودا و ئەمن لەسەر لێواری چۆمی پێکەوە دەڕۆیشتین. زۆریش تاریک بوو. لەناکاو کەوتە بیرم، بۆ لوولەی تفەنگەکەمی بۆ دریژ نەکەم بەڵکوو دەستی بیگاتی بیگرێ؟
ئەو کارەم کرد و بە سەید عەوڵام گوت: دەستی بە لوولەی تفەنگەکەم بگرێ. خواوراستان سەید ئەو کارەی کرد و ڕامکێشا و هێنامە دەر، ڕزگاری بوو. لایتی چووکەمان پێبوون، هەڵمان دەکردن. شارەزای ئەو دەشتەمان، تەنیا مەلا عەجەم بوو. لەو کاتەدا دەگەڵ ئەحمەد نستانی بەسەید عەوڵا پێدەکەنیین. هەستم کرد سەید عەوڵا زۆر ناڕەحەت بوو...
عەجەم گوتی: بابڕۆین لەو خوارە پردێک هەیە، ئەمن شارەزام. بەتاریکی داگەڕاینە خوار. لە ئاوایی کونەمشکێ فەقێ چاویان بەشۆقی لایتەکەمان کەوتبوو. ئەوان شارەزا بوون دەیانزانی ئاوەکە زۆرە هەرکەس خۆی لێدابێ بێشک ئاو بردوویە.
ئیدی فەقێکان چوار ناڵی کوتایان بەرەو پردەکە ، جار ناجاریش بانگیان دەکرد: هۆی کابرای خنکاو ئەوانیش وەکوو ئێمە نیگەرانی ژاندارم و عەجەمان بوون. ئێمە زۆر لەو دەنگوهەرایە دڕدۆنگ و نیگەران بووین. گەیشتینە پردەکە و ئەوانیش لەوبەرەوە دەگەڵ ئێمە دەهاتن. ئەحمەد نستانی و عەجەم خۆیان لە هەردی دا، دەنگیان دان: کوڕە ئێوە کێن؟
گوتیان؛ ئێمە فەقێی ئاواییین، کاتێک چراکەتان هەڵدەکرد ئێمە دەماندی، زانیمان ئێوە شارەزا نین و پێمان وابوو لەوانەیە

پێشمەرگەش بن. ئاوەکەش بواریٚ نادا. بڕیارمان دا بێینە فریاتان و زرگارتان بکەین. چووینە پێش چاکوخۆشیمان دەگەڵ فەقێکان کرد. (یەکێک لەو فەقێیانە، خەباتگێری ناسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک مەلا عەزیزی ئەحمەدی بوو ئێستێ کە ئەو یادداشتانە دەنووسم، بە خۆشییەوە ساخوسڵامەتە و لە وڵاتی سویس پەنابەرە.)

بەزمان و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە، زۆرمان سوپاسی هەستی مرۆڤ دۆستانەیان کرد، دەگەڵیان هاتینە ئاوایی کونەمشکێ. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم یەکسەرە چووینە ماڵی مەلا عەزیزی. بەوشەوە نازانم چۆن وابەخێرایی ئەو هەموو نانوشێوەیان ساز کردبوو. سەید عەوڵا جلەکانی وشک کردنەوە، زۆرمان پێداگری کرد: دەبێ بەخێرایی لە ئاوایی کونەمشکێ کە سەر ڕێی عەجەمان بوو، دوور کەوینەوە. فەقێکان گوتیان ئێمە شارەزای تەواوی ناوچەکەین. هەرکوێ بچن دەگەڵتان دێین هەتا دەگەنە شوێنی مەبەستتان. نانمان خوارد، سەید عەوڵا خۆی وشک کردبۆوە و لە بەرەبەیان نزیک دەبووینەوە. وەڕێکەوتین بەرەو میراوێ، فەقێکانیش وەک شارەزا دەگەڵمان هاتن. بەری بەیانی بوو گەیشتینە گوندی میراوێ. بووین بە میوانی ماڵێک ئەگەر لە بیرم مابێ ناوی حەسەنی ڕەسووی مەلا حەسەنی بوو. ماڵێکی خانەدان، ئەوەندەیان ڕێز لێگرتین خۆمان لێ ون ببوو یادیان بەخێر.

لەوێ سەید عەوڵامان بەڕۆژ بەرەو مەهاباد بەڕێ کردەوە. خۆشمان ئێوارە، لە میراوێ وەڕێکەوتین بەرەو نەڵێن. دەخۆمانرا نەدی بچینەوە پردی قەڵاتاسیان، زۆر بەڵەد نەبووین، ترسی دەرگیربوون دەگەڵ ژاندارمانمان هەبوو. عەجەم لەو ناوە بەڵەد بوو، دەرنگانێکی ئێوارە گەیشتینە گوندی باوەڵێی شەهید سەید یاقوبی. چووینە ماڵی سەید یاقوب، لەڕادەبەدەر حورمەتی گرتین. زۆری پێخۆش بوو کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ وەژوور کەوتوون. دوای نانوچاخواردن، کوڕێکی

خۆی بەسواریی ئەسپ دەگەڵ خستین هەتا لە بواری بێخێرێ، لە ڕووباری زێیەی پەڕاندینەوە دوایی کوڕەکە گەڕایەوە.

لە زێیە پەڕیینەوە بەرەو شەختان و گردنەڵێن هەڵدەکشاین، لە ڕاست هەنگەوێ لەو چۆمەدا، هەستم بە دەنگی خڕکەبەردان دەکرد کە لە ژێر پێیان دەنگیان دەهات و لێمان نزیک دەبۆوە. ناچار بووین خۆمان بە هەردیدا بدەین. ئەحمەد نستانی، خۆی بەهەردیدا دا و دەنگی دا کوڕە کێیی؟

وەڵام نەبوو!

وام لە بیرە! فیشەکی لێبردە بەر تفەنگێ، ئەمن چاوم باشی نەدەدی بەڵام دووربینم پێبوو. بە دووربین سەیرم کرد، ئەوە کەسێکە، دار یان گۆچانە بەدەستییەوە. لێی چوومە پێش پیرەپیاوێکی بەتەمەن، بە ڕیشێکی کۆرپەوە، لەهەمان کاتدا لە بەختی ڕەشی کابرا هەر دووگوێی کەڕ بوون؟! گوێی لە هیچ نەدەبوو. بە هەرحاڵ باشمان ڕزگاری هات. ئەحمەد ئەودەم زۆر لاو بوو. لاوێکی بەجەرگ و ئازا و دەخۆڕادیو. لە کۆنەوە گوتوویانە: ئەگەر دەتەوێ کەسێک بناسی دەگەڵی بچووە سەفەر.

ئەو شەوە چووینە کونە کێچێ میوانی قادرخان بووین. کاک ئەمەرلەماڵ نەبوو. ئەگەر لە بیرم مابێ خێزانەکەی کەڵەژنێک بوو بەجلکی بڵباسییەوە، کۆچکەوئاڵقە و کراسی بەداوێن. دیار بوو دەگەڵ مەلاعەجەم ئاشنایەتیی کۆنیان هەبووە. جارناجار ڕووی دەکردە مەلا عەجەمی: عەجەمە! "ئۆی تێتڕیم عەجەمە"... ئەمن و ئەحمەد نستانی لەبەر پێکەنین شین دەبووینەوە. ئیدی ئەمن بۆ بەیانی چوومە ماڵی هاوڕێی بەوەفا و شوڕشگێر، مام وسینی ئەستێ. یادی ئەو کەڵە شۆڕشگێڕە بەخێر!

***

بەوجۆرە، بەری دارستان و مەنگورایەتیمان بڕی. لە کۆنەکێچێ مام وسین بۆ سبەی لاوێکی خزمی خۆیانی ڕەگەڵ خستین هەتا هاتینە سەرتەنگی. بەدوو ڕۆژ بە هەوشیناندا گەیشتینە ئاوایی سەیداوایە. زۆرم تاسەی سەید رەسووڵ و قسە خۆشەکانی کردبوو، چووینە ماڵیان. هەرچی نامەو نووسراوەیەکی بۆیان ناردبوو دامانە دەستی. زیندوویاد کاک سەیدڕەسووڵ، چۆنایەتیی گۆنگرە و وەزعی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووی لێ-پرسیم.

ئەمن خۆم لەباسی ناکۆکیی نێوان کاک ئەحمەد و کاک سەدیق و جەماعەت دەبوارد. زۆر بە کورتی باسی کۆنگرە و هەڵبژێرانی خۆی لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە، بۆ کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز بۆ گێڕایەوە...

دیار بوو کاک سەید ڕەسووڵ ڕەخنەی زۆری لەحیزب هەیە: "ئەوەی بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی (بەیاننامەی کۆتایی گۆنگرەی دوو) بڵاویان کردۆتەوە، پەڵەیەکی شەرموشوورەیی‌یە بەنێوچاوانی بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە!

هەروەها: ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئیعتیبار و خۆشەویستییەکی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەبێ، لەسایەی کەسایەتیی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و کۆماری کوردستانە، نەک بەرهەمی چالاکیی چەندکەسی قاچاخ قوچاخی بێئاگا لەخۆیان و وڵاتەکەیان".  دیار بوو لەو بەیاننامەیە کە کاک ئەحمەد تۆفیق دوای کۆنگرە بڵاوی کردبۆوە، لەو پەڕی قەڵسیدایە...

ئەوجارە زانیم کاک ئەحمەد تۆفیق، نامەو بڕیارەکان و بەیاننامەی حیزب و بەرنامەی حیزبی بەجیا بۆ ناوبراو ناردوە.

بەیەکەوە دانیشتن. لەسەر ناکۆکیی نێوان کاک سەدیق و برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی دەگەڵ کاک ئەحمەدتۆفیق پرسیاری

لێکردم. لەو بوارەشدا نەمدەویست ئاگاداریی خۆم هەموو باس بکەم، زۆر بەکەمی لەسەر زیزبوون و نارەزایەتیی کاک ئەحمەد لە هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندی دوام... دیار بوو کاک سەیدرەسوڵ بۆخۆی ئاگاداریی لەسەر رووداو و بەسەرهاتەکان هەیە.
کاک سەید رەسووڵ گوتی: ئەمن بەو زووانە خۆم ئامادە دەکەم، بەرەو لای ئێوە وەرێدەکەوم. خەمتان نەبێ ئاشتیان دەکەمەوە. ئەوجارە هاتە سەر باسی بەرێکردنی کاک سەدیقی بۆ گەرمێن. ناوبراو تاریفێکی زۆر بێوێنەی لە کاک سەدیق کرد. گوتی: "کەس هەیە لەو ئێراقە، کەسایەتیی کاک سەدیقی ئەنجیری دەرک بکا و بزانێ چ کەسە"؟
خۆم لە پێشمەرگە نزیکەکانی کاک سەدیق بووم. بەو تاریفەی کاک سەید رەسووڵ، ناوبراوی پێناسە دەکرد و لە بارەی دەدوا، شارەزاییم لەسەری نەبوو. بەڵام شکم لەزانایی و مرۆڤدۆستیی ئەودا نەبوو، لایەنگری هەزاران بوو، بە تاقیکردنەوە بە چاو دیتبووم.
لەلای کاک سەید رەوسووڵ وچانێک دەدەم، دەگەرێمەوە سەر ئەخلاقە مرۆڤدۆستانەکەی کاک سەدیق.

***

## کاک سەدیق!

زیندوویاد کاک سەدیقی ئەنجیری، پێگەی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستیی لەوە بەهێزتر بوو، پێویستی بەتاریف و ناساندنی من هەبێ. هیچ پێویست ناکا دوای نەمانی ئەمن بە ئەدەبیاتێکی سەقەت، لەسەری بدوێم. ئەوەی ئەمن لێرەدا باسی لێوە دەکەم، دیتنی خۆمە و بەس:
زستانی ١٣٤٣هەتاویبوو. دوای کۆنگرە، هاتبووینەوە سەنگەسەر زستانێکی لەرادەبەدەر سارد و بێئەمان بوو. وشکەسەرمای

دەشتی سەنگەسەر و دوازدەبانووان، مرۆڤی ڕەق هەڵدەهێنا. کاک سەدیق ئەنجیری کاتێک هاتبۆ گەرمێن نازانم چ خێرخوایەک ڕانکوچۆغەیەکی شینکیی بۆکڕیبوو؟ بەو زستانەش هەر ئەو ڕانکوچۆغە تەنکەی دەبەردا بوو. نازانم لەمەهاباد، یان لە شارەکانی دیکەی ئێران، پاڵتۆیەکی چەرمیان بۆ ناردبوو. پاڵتۆیەک لانیکەم ئەمن هەتا ئەودەم شتی وا باشم لەبەر هاوڕێیانی خۆمدا نەدیبوو. کاک سەدیق بەونیوپاڵتۆ چەرمەی، خۆی لە سەرمای زستان دزیبۆوە.

لەو سەروبەندەدا، لاوێکی مەهابادی بەناوی سەید عەبدوڵڵا، هاتبوو بۆ قەڵادزە و ڕانیە و ئەو ناوە. بۆ دابینکردنی بژیوی خۆی بەشوێن کاردا دەگەڕا. وەک ناوبراو، خۆی باسی دەکرد: دایکوباوکی کۆچی دوایی‌یان کردبوو، خۆی ببوو بە کەفیل و داژداری چەند خوشکی و برای لەخۆی چووکتر. هەژاری و بێدەرەتانی بەرەو گەرمێنی کێشابوو. بەو هیوایە کارێکی دەست کەوێ، بژیوی خۆی و خوشکی و برا چووکەکانی پێ‌دابین بکا. بەداخەوە کاری دەست نەکەوتبوو، دەیویست بگەڕێتەوە بەڵام بەفری زۆر ڕێگای سنووری لێگرتبوو. ناچار چووبوو بۆ لای کاک ئەحمەد تۆفیق، گوتبووی: بەفری سنوور بەڕادەیەک زۆرە دەخۆیڕا نابینێ بگەڕێتەوە بۆدیوی ئێران، پارەشی نیە لە چایخانان بخەوێ و...

کاک ئەحمەد تۆفیق، پێی‌گوتبوو: برام، هەتا بەهاری لە بنکەی حیزب لای پێشمەرگەکان بمێنەوە خواردن و خەوت دەگەڵ ئەوان بێ، بەڵام ئەتۆ کارت تەنیا چالێنان بێ. سەید لە خۆشییان هەزار دوعای بۆ عەمرومالّی کاک ئەحمەد دەکرد...

سەید هاتە بنکەی، بوو بە هاوڕێمان. ڕۆژێک لەڕۆژە ساردەکانی ئەو زستانە بێ‌ئەمانەی سەنگەسەر بوو، باران دەباری لە بێڵایە بەردەرگای قشڵەی، بە هەڵکەوت بوو، یان کارێکم هەبوو؟ پاڵتۆلەبەر، دەگەڵ، یەک دوو پێشمەرگەی دیکە لە لای کێشکچی، ڕاوەستابووین. هەمووومان هەرکام بە گوێرەی خۆمان شتێکی

گەرمی زستانیمان لەبەردا بوو. بە هەڵکەوت، سەید عەوبدوڵڵاش لەلامان ڕاوەستابوو. ئەو هیچ جۆرە سەربەرگێکی گەرمی لەبەردا نەبوو بەجێی خۆی، لەبەر رووتی و ڕەجالییش دەتگوت قەقنەسە.
لەو کاتەدا کاک سەدیق، هات دەچووە ژوورەکەی کاک باپیری. سڵاو و ئەحوالپرسی، ڕاوەستا چاوی بەسەید عەولا کەوت. رووی کردە سەید عەبدوڵڵا گوتی: "کاکە! ئەوە بۆ بێپاڵتۆ بەو سەرمایەی لێرە ڕاوەستاوی؟ برۆ پاڵتۆکەت دەبەرکە نەخۆش دەکەوی، بەنووری ئەو ڕۆژەی نەخۆش دەبی ها".
سەید گوتی: کاک سەدیق ئەمن پاڵتۆم نیە، سەرمام نابێ، ڕاهاتووم.
کاک سەدیق لەپێشدا پێی وابوو، سەید بە گاڵتە دەڵێ پاڵتۆم نیە گوتی: بەراستی پاڵتۆت نیە یان شۆخی دەکەی؟
سەید گوتی: کاک سەدیق لەوەی دەبەرمدا دەبینی زۆرترم نیە هەتا دەبەر خۆمی بکەم.
کاک سەدیق بە سەرسوڕماوی سەیرێکی سەیدی کرد؟ ئیدی هەرلەوێ پاڵتۆکەی خۆی داکەند و دای بەدەستی سەیدی گوتی: بیگرە، دەبەریکە. سەید عەولا خۆی سەرسام ما؟. کاک سەدیق بوو، شۆخی نەبوو. ئەوەی بڕوای پێی نەبا، نە دەیگوت و نە دەیکرد. سەید پاڵتۆ چەرمەی وەرگرت و هەرلەوێ دەبەرخۆی کرد. سەید عەولا لە سەرما و لەرزین رزگای هاتبوو، ئەوجارە زگمان بەکاک سەدیق دەسووتا...
ئەوە نموونەیەکی چووکەی ئەخلاقی کاک سەدیق بوو.

***

# حەمەدەمینی ڕاتبی

دەوروبەری بەهاری ١٣٤٤ی هەتاوی بوو، هێشتا هەرلە سەنگەسەر بووین. بە حوکمی ئەوەی ئەو مەڵبەندە تاڕادەیەک گەرمەسێرە بەهارەکەی زووتر دێ. دەگەڵ زیندوویادان عەبدوڵڵای موعینی و مونتەقیمی قازی و کاوە هەورامی، لە بەربەرۆچکەی قشڵەی سەنگەسەری خۆمان وەبەر هەتاو دابوو. (حەمەدەمین ڕاتبی) برای حەمەدی مەولوودی، هاتبوو لە تەنیشت ئێمەخۆی وەبەر هەتاو دابوو، پشتی وەدیوارەکەی قشڵەی دابوو، هەڵتووتەکابوو.

ئاخر حەمەدەمین، پێشتر کادرێکی چالاک و هەڵسوڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. زیاتر لە دەساڵ زیندان و ئەشکنجەی حکوومەتی حەمە ڕەزاشای کێشابوو. بەداخەوە لە زیندان حاڵی تێکچووبوو، حاڵەتی ئاسایی خۆی لەدەست دابوو، هەمیشە لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، بەتووڕەیی تفی فڕێ دەدا... یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حەمەدەمین ئەوە بوو: بە وشەی_"بێم" لەڕادەبەدەر قەڵس دەبوو...!

ناوبراو، بەین نابەینێک، سەری لە سەنگەسەر و قەڵادزە هەڵدێنا. زۆرتر دەچووە لای زیندوویاد کاک سولەیمانی موعینی. کاک سولەیمان هاوڕێی رابردووی خۆی بوو، ئەوەندەی ئیمکانیشی هەبا یارمەتیی دەدا و ڕێزی دەگرت...

هەروەک ئاماژەم پێداوە: ئەوڕۆژە حەمەدەمین هاتبووە لای ئێمە پاڵی وەدیواری دابوو. شادڕەوان مونتەقیمی قازی بێبەزموگاڵتە نەدەحاوایەوە. دەچووە پەنای کاوە هەورامی و دەیگوت: بێم؟ هەرکەس دووجاری لە سەریەک بە حەمەدەمین گوتبا- (بێم؟) حەمەدەمین، دەهری دەبوو ئەوەی بەدەستیەوە با پێیدا دەدا... مونتەقیم دوو سێجار، لەپەنا کاوە هەورامییەوە، ئەو وشەیەی دووپاتە کردەوە: بێم؟

حەمەدەمین دەیگوت ئەمن دێم. سەری دەبەر خۆی نابوو بێ-ئەوەی سەرهەڵێنێ جنێوی دەدا و ئەوەی پیاو بیری لێ-نەدەکردەوە بەسەر زاری حەمەدەمینیدا دەهات...

مونتەقیمی رەحمەتی دەستی هەڵنەگرت، حەمەدەمینی جاڕز کرد و لە جێگای خۆی دەرپەڕاند.

کۆنە خەنجەرێکی ژەنگاویی لەبەر پشتێندێدا بوو، خەنجەرەکەی هەڵکێشا ، هەڕای کردە کاوە هەورامی و گوتی: "چما کەللەی کۆسەی هەجیجی وا لێناکا...!

لەو کاتەشدا کاک ئەحمەد تۆفیق هات. لە جێپە شڕەکەی دابەزی، بەسەر ئەوبەزمەیدا کەوت. چاوی لەسەر ڕووداوەکە بوو. بەداخەوە: حەمەدمینی گرت، خەنجەرەکەی لەدەستی ئەستاند، زۆر بێ ڕەحمانە دایە بەر بۆکسان، دەمولووتی حەمەدەمینی پڕکرد لەخوێن. بە بێحورمەتی و لێدان و کوتان، بە دەمولووتی خوێناوییەوە بردی دە ژوورێکی چۆلی ساردی بێدەرگا و پەنجەرەی قشڵەی کرد. بەمنی گوت: ئاگات لێبێ لەو ژوورەی نەیەتە دەر و خەنجەرەکەشی لێئەستاندبوو بردی...

حەمەدەمین لەو ژوورەدا دەگریا و دەیگوت: دایکەکەی سەید ئیسحاقی وا... زیاتر لەدە ساڵان دەزیندانت کردم، جاسووسی بەس نەبوو؛ ئێستێ دەتەوێ بەمجۆرەم بکوژی...؟ حەمەدەمین کەسێکی لەڕی لاواز بوو، دەتگوت تەشی‌یە کەوتە بەر بۆکس و مستی کاک ئەحمەدتوفیق، هەر بۆکسەی کە لەو چارەڕەشەی دەدا، ساتمەی پێدەبرد و بەسەر چاوانیدا دەخست. حەمەدەمین کەوتبووە بەر قین‌ورقی کاک ئەحمەد تۆفیق. ئەویش جگە لە جنێو، هیچ بەرگرییەکی دیکەی نەبوو، بەڵام لە جنێودان دەمی گەرم و کراوە بوو. حەمەدەمین سزاواری ئەو هەموو لیدان و بێ-حورمەتییە نەبوو کە کاک ئەحمەد بەناهەق بەسەری هێنابوو.

سەرەڕای ئەوهەموو لێدانە، حەمەدەمینی لێقەوماوی لە ژوورێکی ساردی چۆلی بێڕایخ و دەرگا و پەنجەرەی قشڵە کردبوو.

حەمەدەمینی بە دەم و لووتی خویناوییەوە، لەو ژوورەدا زیندانی کردبوو، ئەمنیشی کردبوو بە کێشکچی، ئاگام لێی بێ ڕانەکا!
زۆری نەخایاند، کاک سەدیق هات. دەچووە ژوورەکەی کاک باپیر شکاک. کاک سەدیق ئاگاداری ئەو بەسەرهاتە نەبوو. گەیشتە نێو ڕاڕەوەکەی قشڵەی، چاوی بەمن کەوت لەوی ڕاوەستابووم. پێموابوو لەنێو پێشمەرگەکاندا لە هەموویان زۆرتر لە کاک سەدیق نزیک بووم. بەهەرحاڵ، باشم لەبیر نەماوە؟ ئەمن یان یەکێک لەوانەی لەوێ بوون، بە ئاماژە یان بەقسە؟ سەرنجی کاک سەدیقیان بۆ لای ئەو ژوورە ساردە بێدەرگا و پەنجەرەیە ڕاکێشا کە حەمەدەمینی تێدا حەبس کرابوو...
کاک سەدیق ساختاری وجوودی، لە ڕێزوحورمەت و مرۆڤایەتی داڕێژرابوو. بە واتایەک مرۆڤدۆستێکی بەمانای تەواوی وشە بوو. ناوبراو یەکێک بوو لە ئەندام و پێڕەوانی "قوتابخانەی مرۆڤایەتی "ژانپول سارتێر". کە چاوی بەو حاڵەی حەمەدەمینی کەوت، لەرادەبەدەر ناڕەحەت بوو. لە پێشدا پرسیاری لەمن کرد: کاکە ئەوە حەمەدەمین بۆ لەو ژوورە ساردەدایە...؟
ئەو جارە ئەمن بە شێنەیی لە بەسەرهاتەکەم ئاگادار کرد، بە کورتی بۆم گێڕایەوە.
چووە ئەو ژووورە ساردە لای حەمەدەمین دانیشت. دەگەڵ حەمەدەمین دەدوا، حەمەدەمین سەری دەبەرخۆی نابوو، چڵم و فرمێسک و لیکاوی خوێناویی بەدەمو لووتیدا دەهاتە خوار. هەر ئیسنانێکی خاوەنبەزەیی مرۆڤایەتی چاوی پێکەوتبا زگی پێ-دەسووتا. هەرکەس چاوی بەو دەردە کەوتبا کە کاک ئەحمەد تۆفیق، بەسەری هێنابوو ئاوری دە جەرگی بەردەبوو. مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئەوەندە دڵڕەق و بێبەزەیی بێ!
ئەویش سەبارەت بەکەسێک کە بەوجۆرەی لە سەروە باسمان کردوە_ زیاتر لەدەساڵ لەسەر حیزبی دێموکرات زیندانی کێشابێ و لەزینداندا تووشی ئەو بەسەرهاتە ناخۆشەی جنوون هاتبێ.

چۆن دەکرێ بەوجۆرە پاداشی بدرێتەوە و هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ؟!

کاک سەدیق چووە لەلای حەمەدەمین دانیشت، دڵخۆشیی دەدایەوە. حەمەدەمین، خۆی زۆر بە غەدرلێکراو دەزانی، ئەهمیەتی بەکاک سەدیقیش نەدا، نازانم نەیزانی کێ قسەی دەگەڵ دەکا؟ ئەوجارە کاک سەدیق، بە زمانێکی زۆر نەرمی هاوڕێیانە و سەمیمانە حەمەدەمینی دواند. کاتێک حەمەدەمین کاک سەدیقی ناسی، ئەوجارە ئەوەندەی دیکە کوڵی هەستا دەستی کرد بە گریانێک ئینسان ئاوری بۆی تێبەردەبوو. کاک سەدیق، زۆری دەگەڵ خەریک بوو دەستی لەئەستۆی کرد، قەناعەتی پێهێنا، دەگەڵ خۆی بردیەوە ژوورەکەی کاک باپیر شکاکی. حەمەدەمین دیسان دەستی کردەوە بەگریان. جۆرێک دەگریا، ئەگەرپێم عەیب نەبووایە ئەمنیش دەگەڵی دەگریام...

کاک سەدیق خۆی پێڕانەگیرا، چووە لای کاک ئەحمەد تۆفیق. گوتی: کاکی خۆم بۆچی وات لەو بێچارەیە کردوە؟ مەردی حیسابی حەمەدەمین مرۆڤ بکوژێ هیچ دادگایەک سزای نادا، بۆ وات بەسەر ئەو بێچارەیە هێناوە...!؟ کاک سەدیق زۆر لۆمەی کاک ئەحمەد تۆفیقی کرد. پێموابوو کاک ئەحمەد هەرگیز لەژیانی خۆیدا ئاوا نەکەوتبووە بەرلۆمە، بەوجۆرە بێدەنگی هەڵبژێرێ؟...

کاک سەدیق خۆمئاسا هیچ پارە و پووڵێکی لەگیرفانیدا نەبوو. پارەی لە کاک باپیری وەرگرت، حەمەدەمینی دەگەڵ خۆی برد بۆ قەڵادزە...

حەمەدەمین جگە لە کاک سولەیمانی موعینی داوای پارەی لە کەسی دیکە نەدەکرد. سولەیمانیش زۆری حورمەت دەگرت هەر جارەی بە پارەیەکی کەم حەمەدەمینی ڕازی دەکرد...

حەمەدەمین دەیان جارلە سەرچۆمی ئاراس گیرابوو. دەیویست بچێ بۆ باکۆ بۆلای کاکی "کاپیتان حەمەدی مەولوودی"(هەتا ئاخرەکەی سەرکەوتوو بوو، چوو بۆ باکۆ... گوتیان دوای ڕووخانی

رژێمی شا، گەڕابۆوە بۆمەهاباد...؟) ئەوەش بزۆزیی ڕەوانشاد مونتەقیمی قازی و بەسەرهاتی حەمەدەمینی ڕاتبی، بەدەستی کاک ئەحمەد تۆفیقەوە!
دەگەڕێمەوە دیدارەکەم دەگەڵ کاک سەید ڕەسووڵ.

***

دەگەڵ زیندوویاد سەیدڕەسووڵ نێوانمان زۆرخۆش بوو، مادام ڕێگام دەوڵات کەوتبا چاوم پێیدەکەوت. ناوبراو کاتێک زانی بەپرسایەتیی ناوچەی شارویێرانم وەرگرتوە، هێندێ کەسی نیشتمانپەروەری ناوچەی پێ ناساندم، لەوانە:
ئەگەر چوومە گوندی ماسوێ، کەسێک هەیە بەناوی "حەمە خڕە" ئاشەوانە، کوردێکی دڵسۆز و جێگای بڕوایە، پێیخۆشە دەگەڵی ئاشنابم و بیناسم. ئەگەر کارێکی ئێروئەوێم هەبوو، نیگەران نەبم زۆر بەباشی بۆم ئەنجام دەدا. ئەوەندەی سادە و سارکارە، چەند ئەوەندەش سادق و دڵسۆزە...
هەروەها مەلا محەممەدی مەزنەش ماڵی لە گوندی "خەڵیفەیە، ئەویش مرۆڤێکی سادق و چالاک و بەکارە...
لە سەفەری بەهاری ئەوساڵەدا بوو، بۆ یەکەمجار دوای ڕووخانی کوماری کوردستان، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب، دەکەوتەوە بەردەستی بەرپرس و ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و شاری مەهاباد.
دەگەڵ بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، چەند نامەی تایبەتییشمان پێبوون بۆ بەرپرسانی شارە جۆراوجورەکانی وەک: تاران، ئەهواز، تەورێز و... دەبوو ئەو نووسراوانە بە سڵامەتی بگەیەنینە نێو شاری سابڵاخ و بەدەستی زیندوویاد کاک خەلیلی سەدیقی بگەیەنین...!
مامۆستا مەلامحەممەدی مەزنەی، بۆ گەیاندنی نووسراوەکان پێشنیاری تایبەتیی هەبوو: خۆتان بێچەک بچن بۆنێو شار ئەوپەڕی بەدەمانچەوە، لەبەر پشتێندێدا دەشاردرێتەوە. کاک

حەمە گۆرانی لە هاوڕێیانی چالاک و دڵسۆزی حیزبە، ماڵی لە گوندی برایمەیە دەنێرم بەدوایدا. مامۆستا بەدوایدا نارد و ناوبراو هات. حەمە گۆران، لە ئازایەتی و فیداکاریدا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێنەی کەم بوو. ئەو پێشمەرگە گومناوە، کاغەز و بەیاننامە و بەرنامەکانی لێوەرگرتین، دەگەڵ خۆی بردنی. گوتی بیاندەم بەکێ؟ گوتمان نامە و شتەکان بەرە بۆ ماڵی کاک خەلیلی سەدیقی، تەسلیمی خۆیانی بکە. ئێمەش لە پێش تۆدا، یان دوای تۆ دەگەینێ و چاومان پێی دەکەوێ.

کاک حەمەگۆران ڕۆیشت، نووسراوەکانی دەگەڵ خۆی بردن. ئەمنیش بە کەواوپاتۆڵێکی شوانانەوە، کە هی براکانی مامۆستا مەزنەی بوون، گۆچان بەدەستەوە، دەگەڵ مەلا عەجەم، لەگوندی خەڵیفەی داگەڕاینە خوار بەرەو مەهاباد. تفەنگ و کۆڵەپشتی و باقیی ئەوشتانەی پێمان بوون، دەگەڵ کاک ئەحمەد نستانی لە خەڵیفەمان بەجێ هێشتن.

ئەودەم، پردی سوور هێشتا مابوو، گوندی قازیاوای کۆنیش هەر ئاوەدان بوو. بەنداوی مەهاباد لێ نەدرابوو. بە قەراخ گوندی قازیاوای پێشوودا بەرەوشار خوشین. بەهەڵکەوت ئەوڕۆژە هەینی بوو، خەڵکێکی زۆری مەهاباد هاتبوونە سەیرانێ. نێوان پردی سوور و قازیاوا، پڕ بوو لە حەشیمەت.

سەری خۆمان داخست دەگەڵ عەجەمی بۆ نزیک ڕۆژئاوایە گەیشتینە نێو شاری. بەپێش ئیدارەی ژاندارمەریدا ڕابردین، لەوبەری گومرگی لە پێشەوە چووینە ماڵێك ئەگەر لە بیرم مابێ خاوەنماڵەکە ناوی وەستا حوسێن بوو؟ پێشەی بەننایی بوو. ئێوارەیەکی درەنگوەخت بوو. عەجەم ئەمنی لەو ماڵە بەجێ-هێشت بۆخۆی ڕۆیشت. زۆری نەخایاند، فاتمێ خوشکم دەگەڵ کاک عەلی بارامی ، برای مێردەکەی، لێم وەژوور کەوتن. لە مێژ بوو چاوم بەخوشکم نەکەوتبوو، دەستی لەستۆ کردم بەڵام خوشکم شێرەژن بوو، نەگریا، ناوبراو شانازیی پێوە دەکردم کە بوومەتە پێشمەرگەی کوردستان...

## ئاشنابوون دەگەڵ کەریم بەفراو

زۆری نەخایاند، رەوانشاد وەستا کەریم بەفراو، یان (کەریمی جانگیری) هات. وەستا کەریم، دەگەڵ وەستا محەممەدی شووشەبڕ، زۆرترین ئەرکەکانی حیزبیان لەنێوشاری مەهابادی ئەوسەردەمەدا ڕادەپەڕاندن. یادی هەمیشەزیندوویان بەخێر.

سەرەتای ئاشنابوونم دەگەڵ وەستا کەریم بوو. ئەمن پێشتر لە قومقەڵا لەماڵی میرزا رەحیمی مەولوودی، چاوم بە ناوبراو کەوتبوو، بەڵام ئەو منی نەدەناسییەوە. زۆری نەخایاند بەدوای وەستا کەریمدا ماشێنێک وابزانم جیپ بوو هاتە بەردەرگا. گوتیان لە کووچەی چاوەڕوانیتان دەکەن. دەگەڵ وەستا کەریم هەستاین ماڵئاواییمان لە ماڵی وەستا حوسێن و خوشکم و کاک عەلی بارام کرد، سوار بووین چووین بۆ ماڵێک نەمدەناسی. شەوێ لەوماڵە مامەوە. بەڕۆژ برادەرانی حیزبی دەهاتن چاوم پێیان دەکەوت. وەستا کەریم جلکەکانی شوانیی لەبەر داکەندم، کەواوپانتۆڵێکی ڕەشی جوانی خۆی بۆ هێنام دەبەرم کردن ئەوجار بوومە کوڕێکی قۆزی پۆشتە.

پێنج یان شەش رۆژ، لەنێو شاری مەهاباد مامەوە. لەوماوەیەدا ئەو کەسانەی پێویست بوون چاوم پێیان بکەوێ، لە شارویرانی و بنەماڵە، هەموویان هاتن لە مەهاباد چاوم پێان کەوت. لەو سەفەرەدا وێڕای بەجێ گەیاندنی ئەرکی پێسپێردراوم دوو چاوپێکەوتنی دیکەشم هەبوون. جارێ هەر باسی یەکیان دەکەم: داوام لە وەستا محەممەد و وەستا کەریم کرد: ئەگەر بگونجێ حەز دەکەم دەگەڵ کاک سوڵتان قۆیتاس (سوڵتانی شکاک نژاد، چاوپێکەوتنێکم بۆ بڕەخسێنن. ناوبراو زۆر لە مێژ نەبوو، لەزیندان ئازادببوو. بەگویرەی ئەوەی بیستبووم گوایە لاقەکانی لەدەست دابوون، بە ئەرکی خۆم دەزانی، بەخزمەتی بگەم و پێی بڵێم: فیداکاری و خەباتگێڕیی تۆمان لەبیر ماوە.

هەوراز کتێب

وەستا محەممەد و وەستا کەریم، دیدارەکەیان پێکهێنا. بۆ ئاخرین‌جار، لەماڵی کاک وسێن سەرمازەڵەی، چاوم بەکاک سوڵتان قۆیتاس کەوتەوە.

:لەو ڕۆژە پاییزەی ١٣٣٨ی هەتاوی لە باغی ئێندرقاشی (نزیک وسووکەندی) هەتا ئەو چاوپێکەوتنە، شەش ساڵ بەسەر چووبوو. زۆرم تاسەی چاوپێکەوتن و دیدارنوێ‌کردنەوە دەگەڵ ناوبراو هەبوو. بە خۆشییەوە بەیارمەتیی هاوڕێیانی بەڕێز و خەباتگێڕی مەهاباد، کە لە سەرەوە ناویانم برد، ئەو دیدارە پێکهات و دەگەڵ زیندوویاد کاک سوڵتان چاومان بەیەکتر کەوتەوە. کاک سوڵتانیش وەکوو ئێستێی خۆم، هێزی هەر دوو قاچەکانی لە دەست دابوو، بەدژواری دەیتوانی بەدارشەقە، نەختێ جووڵە بکا. وەزعی لە ئێستێی خۆم زۆر باشتر نەبوو. ئەوەی ئەودەم دەمزانی، وەک پێزانین و ئەمەگداری پێم‌ڕاگەیاند. ناوبراو، بەو دیدارە زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام پێیەوە دیار بوو کە کەوتۆتە نێو دەریای خەیالاتی ڕابردووی خۆی؛ چاوە کزەکانی ئاویان تێدا قەتیس مابوو...؟

هەتا درەنگانی شەو پێکەوە دانیشتین. ناوبراو باسی ناکۆکیی نێو زیندانی بۆ دەکردم، ئەمنیش ناکۆکیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەرمینم، بۆ دەگێڕایەوە!

هەرچەند کاک سوڵتان خوێندەواریی نەبوو، بەڵام ئەو زیندوویادە، کۆگایەک ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەبوو. لەبواری سەداقەت و خۆشەویستی لەنێو ئەندامانی حیزبی ناوچەی شارویێراندا جێگای تایبەتیی هەبوو. ناوبراو بەنیگەرانییەوە لە داهاتووی حیزبەکەی خۆی دەڕوانی. بەو دیدارە تاسەی خۆم شکاند. بەراستی بۆمن فرەخۆش بوو...

مەودای ئاشنایەتیی ڕابردوومان وەک ئەندامی حیێزب، ماوەیەکی زۆری نەخایاند، ناوبراو کەوتە زیندان و ئەمنیش بە سەرباز گیرام. هەر وەک لە سەرەوە ئامارژەم پێ‌داوە: سەرەڕای

نەخوێندەواری لە خەباتگێڕی و فیداکاریدا لەشامات و شارویران، کەموێنە بوو، لەنێو ئەندامانی حیزبدا ڕێزو حورمەتێکی تایبەتیی هەبوو، یادی بەخێر...

***

دوای چەندڕۆژ عەجەمی هاوڕێم هاتەوە لام، لەسەر وەدەرکەوتن لەشار ساخ بووینەوە، دەبوو وەدەر کەوتباین. نامە و شتەکانمان تەسلیم کاک خەلیل کردبوون کارمان لەشار نەمابوو. ئاخرین شەو لەمەهاباد، لەماڵی شادڕەوان دوکتور محەممەدی بەهمەنیی ددانساز بووم. ئەودەم مستەفای بەهمەنی کوڕی دوکتور، لاوێکی حەڤدە هەژدە ساڵە بوو. ئاشقی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی بوو، هەستێکی تایبەتیی کوردانەی پێوە دیار بوو. ئەوەی بەمێشکیدا هاتبا پرسیاری لێدەکردم. دەبوو بۆ بەیانی زوو ئەمن لەشار وەدەرکەوتبام. ڕەوانشاد دوکتور بەهمەنی گوتی: ئەمن چوونەدەرەوەت لەشار تەرتیب دەدەم خەمت نەبێ. وەستا محەممەد و وەستا کەریم شەو هاتن بۆلام. پێشتر دووشەو لە ماڵی خودی وەستا کەریم بووم، ئەودەم خانووی خۆی نەبوو، لە خانووی ڕەوانشاد کاک محەممەدی شیرنێدا بوو. ماڵئاواییم لێکردن و سوپاسی میوانداریيەکەیانم کرد...

بەیانیی زوو مستەفای بەهمەنی، بە ماتۆڕسیکلێتی چووپاوە، لەحەساری ئامادە بوو. ئەمنیش جلەکانی شوانیم دەبەر کردەوە، خواحافیزیم لە دوکتور بەهمەنی کرد و لە پشتەوەی مستەفای سواری ماتۆڕ بووم. بەبەری مەحمودکانێد و بەڕێگای کۆنەکوورەخانەکانی قسڵێدا بەرەو قازیاوا ماتۆڕی تاو دا. گەیشتینە نزیک دیبۆکری، نازانم چ شتێک کەوتە ژێر تەگەری ماتۆڕەکەی، ئەمن بەسەرسەری مستەفادا ئاوەژوو بوومەوە، بەڵام ئەو جێگایەی لێی بەربوومەوە نەرمان بوو، هیچم بەسەر نەهاتبوو. ئەوجار زۆر نیگەرانی مستەفا بووم. مستەفاش زۆر

نیگەرانی من بوو. بەخۆشییەوە، هیچمان بریندار نەبووین. ماتۆڕیش هیچی بەسەر نەهاتبوو. ئیدی هەر لەوێڕا، دەستم لە ئەستۆی مستەفای کرد، ماڵئاواییم لێخواست و وەبەندەنێ گوندی خەڵیفەی هەڵگەڕام و مستەفاش بەرەو شار گەڕایەوە....

بەدوای مندا مەلاعەجەم گەڕایەوە. چوومەوە لای ئەحمەد نستانی، لە مووچە لای براکەی مامۆستا مەزنەی بوو. شەوی دواتر چووینە گوندی ماسوێ، کارەکانی خۆمان ڕاپەڕاندن و دواتر بەرەو گەرمێن کەوتینە ڕێ.

بە ڕێگای سەرشاخان و دوڵی میشەدێدا گەڕاینەوە. دووڕۆژ لە ئاوایی میشەدێ مەحتەل بووین، دەبوو ئاگاداریمان لە سەر بواری زێیە هەبا بۆ پەڕینەوە. هەرهەواڵیک هەبووایە، بەهۆی بەرپرسانی حیزب لەو ناوچەیە و گوندەکانی سەرزێیە، ئاگادار دەکراین. پێیان ڕادەگەیاندین:

بیستبوومان ئێوارانە ژاندارمە دێن بۆسەر دەراوێ "بارەبی" و "بواری بێ خێرێ" بە چاوەڕوانیی ئێمە، یان کەسانی دیکە دەچنە مەتەرێزەوە و؟...

لێرەدا جێگای خۆیەتی، یادێک لەلاوە فیداکار و بەجەرگەکانی نەتەوەکەم بکەمەوە و لەحاند لەخۆبردوویی‌یان بۆ پێشمەرگەدا، وەک ئەمەگێک سەری ڕێزو نەوازش بچەمێنم. ئێمە کاتی خۆی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ لەو کاتوساتەوە کە لە سنوورە دەستکردەکانی کوردستانەوە، پێمان دەنایە نێو خاکی وڵات ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهاوکاری و فیداکاریی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان بوو دەمانتوانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە، هەتا باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو ناوچەکان بە سەرکەوتوویی بەسەر کەینەوە و بە سلامەتی و بێ هەزینە بگەڕێینەوە بنکەکانی خۆمان.

ئەگەر هاوکاری و ڕێنوێنیی خەباتگێڕانی نێوخۆی وڵات و فیداکاریی وان نەبایە، هەرگیز نەماندەتوانی ئەرکەکانی حیزب

بەباشی ئەنجام بدەین. کاتێ دەیانزانی پێشمەرگەی حیزبی هاتوونەوە نێوخۆی وڵات، لە پێشەوەی ئێمەی پێشمەرگە، گیانی خۆیان دەکردە قەڵخان بۆمان.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە پەنجاساڵ لەو بەسەر هاتە، هەتا ئیستێش ئەو بیرەوەرییە فەرامۆشنەکراوانەم لە زەین‌ودڵدا بە زیندوویی ماون، هەرگیز ناتوانم فیداکاریی لاوانی نەتەوەکەم فەرامۆش بکەم. داستانی لەخۆبردوویی‌یان ئەوەندە زۆرە بەچەند لاپەڕە قاقەز کۆتایی پێ‌نایە، یادی هەمیشە زیندوویان بەخێر.

ئەودوو ڕۆژەی لە میشەدێ بووین، خۆمان بەرۆژ هەتا درەنگانی ئێوارە، لەچیای نێوان گوندی هەنگەوێ و میشەدێ حەشاردەدا. حەمەدی ئاغای و کاک‌خدری مێشەدی، جووتەبرا، یادیان بەخێر هەتا کاتی ڕۆیشتنمان هەر لەلامان بوون. پێش ئەوەی وەڕێ‌کەوین، کەسێکمان وەک چاوساخ و ڕێنوێن، نارد بۆگوندی "خڕێ ئاغەڵان" لە سەرجادّەی نزیک زێیە. بۆئەوەی ئەگەر، پێشهات و مەترسییەک هەبوو بێتەوە لامان و ئاگادارمان کاتەوە. ئێمەش لاڕێ بەرەو خڕێ‌ئاغەڵان، ڕۆیشتین. لە تاریکانی ئێوارەدا، بەرەو گوندی ناوبراو داگەڕاینە خوار. گەیشتینە قەراخ گوندی، ئەو برادەرەی ناردبوومان دەگەڵ دوو لاوی قۆچاخی ئاوایی "خڕێ‌ئاغەڵان" بەرەوپیرمان هاتن.

گوتیان: هەر کورتە ماوەیەک لەوە پێش ژاندارمەکان بە سەرڕەو بەرەو کاسەکەران و "بارەبێ" بە خوار ئاواییدا ڕۆیشتن. گوتمان زۆر بوون؟ گوتیان خۆ ئێمە دارژمێرمان نەکردوون، بەڵام زۆر بوون و سوارە بوون. دەپێش ئێمەدا خەڵکی ئاوایی "خڕێ‌ئاغەڵان" نان و شێوێکی زۆرباشیان بۆ ساز کردبووین. ئەودەم "خڕێ ئاغەڵان" هەر شەش حەوت ماڵ، یان شتێک زۆرتر دەبوو؟

***

# پەڕینەوەمان لە زێیە

نانمان خوارد و نەختێ وچانمان دا، خۆمان ئامادە دەکرد کە وەڕێکەوین.

کۆتایییەکانی مانگی خاکەلێوە بوو. زێی بچووک کوولاوکوول دەهات! گوتمان بەرەو "بواری بێخێرێ" دەڕۆین. "بواری بێخێرێ" دەراوێکی بەناوبانگی زێی بچووک بوو. لە نێوان هەنگەوێ و گرباساک و کەوپەڕێ بوو... ئەودەم لەسەر زێیە جگە لەپردی قەڵاتاسیان و پردی ڕێگای سەردەشت - مەهاباد، پردێکی دیکە نەبوو. خەڵکی ئاوایی "خڕێ ئاغەڵان" گوتیان نابێ بچن بۆ بواری بێخێرێ. دەبێ هەر لێرەوە داگەڕێنە خوار، لە راست گرشەیتانی بپەڕنەوە. سێ ئەسپی بەکاریان بۆ ئامادە کردین. هاتینە سەرچۆمی زێیە. لاوەکان بەو سەرمایە، خۆیان رووت کردەوە گوتیان:

سوار بن. ئێمە بەمەلە دەڕۆین، هەوساری ئەسپەکان دەگرین، ترستان نەبێ، ئەسپەکان وەمەلەش کەون خەمتان نەبێ ئەسپەکان بەدواماندا دێن، ئێوە بەس خۆتان بگرن. ئەمن تەنیا خۆم لەبیرە؛ ئاگام لە ئەحمەد نستانی و مەلا عەجەمی بڕا، پاتۆڵەکەم داکەند، لە نێو کۆڵەپشتییەکەم ئاخنی و سوار بووم. لاوێک هەوساری ئەسپەکەمی گرتبوو، دیار بوو زۆر مەلەوانی چاک بوو، دەگەڵ خوڕە و تەوژمی ئاوی زێیە، ملەی نەدەکرد، خۆی بە ئاوەکەدا دا و بەمەلە، هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو دەیکێشا، ئەسپیش هێندێک وەمەلە کەوتبوو، منیشی لە سەرپشتێ. فیشکدانەکانم تەڕ ببوون، تفەنگەکەم بەرز ڕاگرتبوو کە تەڕ نەبێ، زۆڕیش دەترسام، هەرچەند خۆم مەلەم دەزانی، بەڵام بەو بارە قورسەوە، نەمدەتوانی مەلە بکەم. مەودایەک بەنێو چۆمیدا، ئاو بەرەو گرباساکی بردین. دواتر گەیشتینە تەنکایی. لە قەراخ چۆمی جلەکانم تەڕ ببوون خەریکی گوشینیان

بووم. دیتم مەلا عەجەم و ئەحمەد نستانییش بە قاقای پێکەنین گەیشتنە لای من.
گوتیان بابڕۆین بۆ گرشەیتان. چووین بۆ دیوەخانێ کاک خدری گرشەیتانی، بەخۆی و براکانیەوە، لێمان وەدەرکەوتن و ئەوەی پێیدەگوترێ ڕێزوحورمەت لێان گرتن، یادیان بەخێر. سۆبەی دارانیان بۆ گەرم کردین لەبەر سۆبەی خۆمان، وشک کردەوە، دوای وچان و چاخواردنەوە، ماڵئاواییمان لە لاوەکان و کاک خدر و براکانی کرد و بەرەو پردانان کەوتینە رێ. لە نزیک قەبری وسێنی، هەستمان بەدەنگ و پڕمەی یەکسمان کرد. ئەحمەد نستان بەر ڕێ بوو، خۆی لەهەردی دا. ئەمنیش دووربینم پێبوو، بە دووربین دیتنم کەیەکسمی ڕەوەن. گوتم کاکە هیچ نیە یەکسمی ڕەوەن دەلەوەڕێن.
لەچۆمی‌پردانان وەهەورازی هەڵگەڕاین بەرەو "زەویی ڕەزگەیی-یان" دەبوو بەرەو بناری چیای قەندیل هەڵکشێین. ئەمن لە بەر بێخەوی توانای ڕێگا ڕۆیشتنم نەبوو. دەمویست لە سەر ڕێگاکە، کە زۆرتر وەك بزنەڕێ دەچوو ڕاکشێم؟ مەلا عەجەم و ئەحمەد نستانی، هەرچۆنی بوو بەزۆر ڕایانکێشام لە پردانان دوور کەوتینەوە. ماوەیەکی زۆر هەورازیان پێبڕیم. بەرەبەیان بوو، لە ناکاو بەسەر چادرێکی تاقەماڵەدا کەوتین. ئیدی بوونی ڕەشماڵ، لەوسەرە بەهارەدا، بۆمان شتێکی سەیروسەمەرە بوو. چووینە چادرەکە، پیاویان لەماڵ نەبوون. زۆرمان سەرما بوو، دوای نەختێک سانەوە و خۆگەرم کردنەوە لەبەر ئاگری نێوگۆڕکی چادرەکە، لێیخەوتین. مەتەرسیی ژاندارممان نەبوو. زۆر بەخاترجەمی بۆی خەوتین. درەنگانێکی پاش نیوەڕۆ وەخەبەر هاتین. دیار بوو ماڵە خانەخوێکەمان، زۆرمان قەدر دەگرن. گۆشتی برژاویان بۆ هێنایین و...
گوتیان گۆشتی چوێشتیرە. گوایە بەقسەی خانەخوێکەمان، نەختێ لە لەوەڕ لەکەمیی دابوو، ئەوانیش چەقۆیان لە ئەوکێ نابوو...

ئێمە نەماندەزانی بە مردوویی چەقۆیان لە ئەوکی ناوە یان بە زیندوویی؟ ئەوەی بۆئێمە گرینگ بوو گۆشتەکەی بوو، بەشبەحاڵی خۆم خواردنی هێندە بەچێژم نەخواردبوو. بۆسبەی کە دەبوو خۆمان ئامادەی ڕۆیشتن بکەین، ئەحمەد نستانی گوتی: ئێستا ئەوە بۆگرووتان بۆ نیسکێنە سەگتێڕیاوی حەمەدەمین چاوزەق و مام عەلیعەجەمی گرتوە؟ ئێوە خواش دەتانداتێ نازانن بیخۆن، بۆ دانانیشن لێرە گۆشتی چوێشتیرێ بخون؟

(ئەحمەدنستانی ڕاستی دەکرد: ئەودەم لەبنکەی شینی پاسەوانی بەندیخانەی شۆڕش بووین، جێشتی خۆشمان نیسکێنە بوو) ئەو ڕۆژە بەخاتری کاک ئەحمەد و حەزی خۆمان لەو شوێنە بۆ خواردنی گۆشتی چوێشتیر ماینەوە. بۆسبەی وەهەورازی خواری هەڵگەڕاین بەرەودیوی گەرمێن. جەنگەی کارگ و ڕێواسان بوو، تووشی کیژو لاوی سوێسنییان بووین هاتبوون بۆ کارگ و ڕێواسان. لای ئەوانیش چامان خواردەوە و وچانێکمان دا. هێشتا خێڵی ڕەوەندان نەگەیشتبوونە سەران. بۆ شەو هاتینە گوندی ئاڵیەڕەشی، بووین بەمیوانی عەلیی حەسەناغای. هەرچەند عەلیی حەسەناغای، زۆری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک ئەحمەدتۆفیق خۆش نەدەویست. ناوبراو هیچ بیرەوەرییەکی خۆشی لێیان نەبوو. بەهەرحاڵ ئەو شەوە لەوێ بووین. بۆ سبەی بەرەو شێنێ کەوتینە ڕێ. دواى نێوەڕۆیە گەیشتینەوە شێنێ. چاومان بەکاک سولەیمان و کاک سەدیق کەوت و ڕاپۆرتی سەفەرەکەمان دانێ...!

***

## زەق بوونەوەی ناکۆکییەکان

ئەوساڵە هەتاهاوین شوێنی کۆمیتەی ناوەندی لەگوندی دێلۆیە بوو. نێوانی کاک ئەحمەد تۆفیق و چوار کەسەکەی دیکە لە ئەندامانی هەیئەتی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو، گەیشتبووە لووتکە. هاوینێکی پڕلە کێشە بوو. لەلایەک کۆمیتەی ساخکەرەوە و کەسانی ناڕازی لە سیاسەتی کاک ئەحمەد تۆفیق، هاتبوونەوە نێو حیزب، لەلایەکی دیکەوە کاک ئەحمەد تۆفیق، ئیستیعفای خۆی دابوو، دابڕانێکی دیکەی تازە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەڕێوە بوو، شکڵی دەگرت. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وازهێنانی کاک ئەحمەدیان قبووڵ نەکرد. ئەوجارە ناوبراو داوای وچانێکی سێ مانگیی کرد بۆ سانەوە بچێتە قەندیل. هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ وچان لارییان نەبوو، نابراو دەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی سەروەخۆی بەناوی وچان ڕۆیشت بۆ قەندیل.
ئێمە لە شێنێ بووین. شەڕی نێوان حکوومەتی عێراق و شۆڕش، لەوپەڕی گەرمیدا بوو. کۆمەڵێکی زۆر لە جاش و عەسکەر و پۆلیس، بەدیل گیرابوون و ئێمەش پاسەوانیمان دەکێشان. شەڕی ئەو هاوینە زۆرگەرم بوو. ڕۆژ نەبوو فرۆکە شەڕکەرەکانی حکوومەتی عێراق بەسەرمانەوە نەسووڕێنەوە. ئێمەش لە دۆڵودەران، خۆمان حەشار دەدا.

***

## هەڵبڕانی ڕەفیسکەم

لە یەکێک لەو ڕۆژانەی هاوینی ١٣٤٤ی هەتاویدا گوندی سونێ و گەڵوەڕەز، کەوتە بەرهێرشی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق و بۆمباران کرا. کاک ئەحمەد بۆ چاپخانەی خەبات، خانوێکی لە

گەڵوەڕەز دروست کردبوو. وەک دەرکەوت جاسووسان ڕاپۆرتیان بە حکوومەتی عێراق دابوو. بەگومانی ئەوەی کە چاپخانەی شۆڕش لەگوندی سونێ و گەڵوەڕەزە، ئەو دووشوێنەی دایە بەر هێرشی فڕۆکە و بۆمبارانی کردن.

لەهەمان کاتدا کۆمیتەی ساخکەرەوە و جەماعەتی ناڕازیی حیزب گەڕابوونەوە. لە سونێ و گەڵوەڕەز بوون.

ئەوڕۆژە بەهەڵکەوت، دەگەڵ چەند پێشمەرگان، لەوانە ئەحمەدە شین و سەیدعەولای چاوزل، چووبووین بۆ دۆڵەکەی سەرەوەی قشڵەی شێنێ. هەم بۆ خۆحەشاردان هەمیش بۆ خۆفێنککردنەوە. گەرما بوو، ویستم هەم خۆم بشۆم و هەمیش خۆم فێنک کەمەوە. جلەکانم داکەندن. ئاوێکی فێنکی ڕوون، لە بەرزایەکەوە بەسەر تاشەبەردێکدا هەڵدەڕژا، دەتگوت دووشی حەمامە دێتە خوار. نیازم بوو لە ژێر لوورەوی ئاوەکە خۆم بشۆم. هەستام وەسەر کەوم بچمە ژێر تاشەبەردەکە و کەڵک لەو ئاوە وەرگرم کە وەک دووشی حەمام هەڵدەڕژایە خوارەوە.

دۆڵەکە پڕ بوو لە تاشەبەرد و گابەردی گەورە. دەبوو بەسەر ئەو گابەردانەدا پازدم دابا هەتا دەگەیشتمە شوێنی مەبەستم. بەسەر دوو یان سێ گابەرداندا توانیم پاز دەم و وەسەرکەوم، بەڵام بە داخەوە لە پازدانی بەردی سێیەم یان چوارەمدا بن پێم قەوزە و تاتەبەردێکی لووس بوو، پێی چەپەم هەڵخلیسکا، لە جیاتی بەرەوپێش بڕوا، بۆ دواوە کشایەوە، بەو پەڕی تەوژمەوە، پاشپانیەی پێم و ڕەفیسکەم وەتیژایی نووکەبەردێک کەوت و ڕەفیچکەی پێمی هەڵبڕی. بەڵام ئەمن گەرمەبرین بووم، بەخۆم نەزانیبوو! ئەو جارە ئاوڕم دایەوە دیتم دۆڵەکە لە جیاتی ئاو، لە دواوەم خوێنی پێدا دەڕوا؟ بەربوونەوەکەم ئەوەندە بەتەوژم بوو، خۆم پێم نەزانیبوو رەفیسکەی پیم هەڵبراوە. کاتێک هەستامەوە ویستم بگەڕێمەوە، چاوم بەو هەموو خوێنە کەوت کە دەگەڵ ئاو تێکەڵاوە بووە و بە دوڵەکەدا دەڕواتە خوار... ئیدی هەرئەوەندەم

توانی خۆم بگەیەنمە نزیک جلەکانم و بەپشتێندەکەم توند قاچە بریندارەکەم ببەستم.
ئەحمەدەشین لە خوارەوەی من بوو، وابزانم سەید عەبدوڵڵا چاوزلیشی دەگەڵ بوو. باشم لەبیر نەماوە خۆم هەرای ئەحمەدەشینم کرد، یان خوێناوەکە، ئەحمەدەشینی گەیاندە من؟
ئیدی ئەحمەدەشین و سەیدعەبدوڵڵا، گەیشتنە سەرم شۆکە ببوون. گوتم بمگەیننەوە بنکەی. یارمەتییان کردم جلەکانیان دەربەر کردمەوە. ئەوجارە بەنۆرە بە کۆڵ گەیاندیانمەوە قشڵەی شێنێ کە بەندیخانەی شۆڕش بوو! بەرپرسانی حیزب، کەسیان لە شێنێ نەبوون. هەموویان لە سونێ و دێلۆ بوون. مەلا کەریمی ساردەکۆسانی برینپێچیی دەکرد، لە بەختی ڕەشم ئەویش لەماڵ نەبوو، یادی بەخێر. کورتوکرمانجی کەس نەبوو، ئەو شاڕەگەی ڕەفیسکەم بۆ بدروێتەوە. خوێنەکەی بەند نەدەبوو؟
مامۆستاعەلی حەمدی، مەحموودی حاجی تۆفیق و سەدیق عەلی، بەندکراوی مەلا مستەفا بوون و لە شێنێ لای ئێمە بەندی بوون. هەر بەناو بەندی بوون. کاتێک زانیبان کە ئەو مەرەدەم بەسەر هاتوە، هاتن. یادی بەخێر مامۆستا عەلی حەمدی کاتێک چاوی پێمکەوت، ڕەنگوڕووم سپی هەڵگەڕابوو، زانیی زۆرم خوێن لەبەر ڕۆیشتوە. خوێنەکە وەستانی نەبوو. ئەوجارە مامۆستا عەلی حەمدی، گوتی: قاچی لە کۆڵەکە و داری ساباتەکە، هەڵواسن کە ئەو کارەیان کرد. زۆر ناخۆش بوو. زۆرم زەجر کێشا، ئەوەی لەو بەسەرهاتە نەگبەتە، بەسەرم هاتوە بۆم ناگەڕێتەوە. بۆسبەی ئەوڕۆژە، کاک سەید حەسەنی هاشمی و کاک حەمەدەمینی سیراجی، سمایلی شەریفزادە و ئاوارە و جەماعەت، هاتن تازە درەنگ ببوو بۆ درووونەوە. دەرمان نەبوو، دوکتور نەبوو. زیندووویاد عەقید نووری شێخ ساڵح، ڕەئیس مەحکەمەی شۆڕش بوو. هاتبوو بۆشێنێ، سەرپەرستیی مەحکەمەی تۆمەتباران بکا. دوای ماوەیەک وەدارەدارە کەوتمەوە و بە دارشەقە دەڕۆیشتم، ڕۆژانە دەچوومە لای ئەو، بۆی دەرمان دەکردم.

کاک ئەحمەد لە قەندیل، لە هەوڵی ئەوەدا بوو هێندێ لە کادرەکانی حیزب، بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. ئەمن ناتوانم لێرە بە قاتیعی جگە لەخۆم باسی کەسی دیکە بکەم.

بەڵام بۆخۆم لەو کەسانە بووم کە هێشتا قاچم بریندار نەببوو، مراد ڕەسووڵی عەلی لەیلانی، لە قەندیلەوە گەڕابۆوە، لە گوندی شێنێ هاتە لام، گوتی: کاک ئەحمەد فەرموویەتی: بە فلانکەس - یانی من- بڵێ ، بچمە لای لە قەندیل. گوتی هێستریشم پێیە. وەڵامەکەی من سوپاس بوو، بۆ کاک ئەحمەد تۆفیق.

ئەو کەسانە کە پێشتر لە کاک ئەحمەد تۆفیق زۆر نزیک بوون، وەک زیندوویاد مەلا مەحموودی زەنگەنە و ڕەوانشاد مەلاقادری لاچینی و... دوای کۆنگرە و سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان، نەبوونەوە هاوڕا و هاوکاری کاک ئەحمەد تۆفیق.

کۆمیتەی ناوەندی، دەبوو دەستبەکار بێ و خێرا کادرەکانی بۆکاری تەشکیلاتی بگەڕێنێتەوە نێوخۆی وڵات. لە ماوەی سێ مانگدا کاری تەشکیلاتی و دامەزراندنەوەی کۆمیتەکانی ناوچە ئەنجام بدەن و دوای بەسەر چوونی ماوەی دیاریکراو، بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانی پێشووی خۆیان.

ئەو باسە دەگەڕێتەوە بۆکاری تەشکیلاتیی ساڵی١٣٤٤ی هەتاوی لە نووسراوەی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧" بەگوێرەی پێویست داومەتە بەر باس.

***

## گەڕانەوە بۆ وڵات

تەواوی هاوینەکەی ١٣٤٤ بەهۆی برینی قاچم،گردەنشین بووم. برینی لاقم برینێکی ترسناک بوو. پێموابوو بۆ هەمیشە لاقم شەل دەبێ؟ برینەکەم هەتا مانگی ئاگوستێ درێژەی کێشا و نەمدەتوانی بەڕێگادا بڕۆم. لەو مانگەدا نەختێ گۆشتەزوونی هێنابۆوە، بەڵام برینەکە وا بەزوویی سەری وێک نەدەهاتەوە.

لاقم هێشتا بریندار بوو، دەگەڵ عەجەمی خۆمان ساز کرد بۆ گەڕانەوەی وڵات.
زیندوویاد کاک سولەیمانی موعینی، گوتی: پەلەی مەکەن با هەموومان پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ وڵات. کاک سولەیمان بەدەست بەرپرسیاری بەندیخانەوە پێوە ببوو. کەس لەبەرپرسانی پارتی ئامادە نەبوو بەندیخانە وەستۆی خۆی گرێ. ئەوە بۆمان ببووە گیروگرفتێکی گەورە. پێشمەرگەکانی بنکەی‌سونێ و شێنێ هەموویان ببوون بەکێشکچیی بەندیخانە و پێیەوە گرفتار بوون. هەتا بەرپرسانی شۆڕش بەندیخانەیان تەحویل وەرنەگرتبایەوە کاک سولەیمان بۆی نەدەکرا سەفەری وڵات بکا. لەو دەمەشدا کە خەریکی گەڕانەوە بووین مەلامحەممەدی عەجەم بێچەک بوو، هیچ ئێمکاناتیش نەبوو چەکێکی بۆبکڕن. هەرچەند خودی عەجەم، زۆر ئەهلی تەووەققوع نەبوو تەنانەت بە دەمانچەیەکیش ڕازی بوو.
ماوەیەک بوو کۆمیتەی ساخکەرەوە گەڕابوونە. لە شێنێ و سونێ دەبوون. داوای چەکم لە کاک سولەیمانی موعینی کرد بۆ عەجەم. لەهەمان کاتدا دەمزانی ئیمکاتمان نییە.
زیندوویاد مەلا ئاوارە، رووی کردە من گوتی: حەمە، ئەمن چەکێکی ئوتوماتێکت بە سێ دەراخەوە بە ئەمانەت دەدەمێ، بەڵام دەبێ بەڵێن بدەی کە گەڕانەوە بمدەیەوە. ئەمنیش زۆرم سپاس کرد و ئوتوماتیکەکەم لە مەلا ئاوارەی شەهید وەرگرت بۆعەجەم. بەڵێنیم دایە بیدەمەوە. دوای ڕۆیشتنی شەهید کاک نحۆ پاشایی، ئەمنیش بەشەلی دەگەڵ عەجەم خۆمان ئامادە کرد بۆ گەڕانەوە.

***

## بەرەو سنوور

کاتی سازبوونمان بۆ گەڕانەوەی وڵات، ڕەسووە لاڵی میراوێمان میوان بوو. دەگەڕایەوە میراوێ مەلاخەلیلی. ڕەسوومان ڕاگرت هەتا خۆمان ساز کرد، ڕۆژێک وەهەورازی نێوان زیوکە و دۆڵەتووێ هەڵگەڕاین بەرەو وڵات. خێڵ بەرەوخوار بوو، خێڵی ڕەوەندان لەسەران نەمابوون. بەرەو گەرمێن گەڕابوونەوە. لەسەر ڕێگا تووشی چەند خەڵەفەمێش هەنگوین بووین نەبڕابوونەوە. عەجەم گوتی: ئەمن دەزانم هەنگوینی چۆن دەبڕنەوە...

زۆر دژی بووم. عەجەم گوێی پێنەدام، گەڕا گڵێنە یان ئاگردانی مێش بڕینەوەی دۆزییەوە. وابزانم، دووکەڵی بۆکردن. دەگەڵ ڕەسووی، شانەیەکیان هەنگوین دەرهێنا. هێشتا، دەستیان نەکردبوو، بەخواردنی هەنگوینەکە، خاوەنی مێشەکان گەیشتە سەریان. خاوەنی مێشەکان، کوێخا عەولای زێوکەی بوو. ئەمن هەنگوین ناخۆم. بیخۆم پێی نەخۆش دەکەوم، هەرچەند زۆریشم پێخۆشە. کوێخا عەولا گەیشتێ، دەگەڵمان دانیشت و دوو شانەی دیکەی بۆ دەرهێنان، گوتی جا ئەوەندە چییە؟

(کەچی دوایی چووبوو بۆبنکەی سونێ لای کاک سەید حەسەنی هاشمی شکایەتی کردبوو: هەر دووک مەلا محەممەد هەنگوینیان لێدزیوم!

بەهەرحاڵ ئێمە بەرەو ناوچەی شارویران و شامات گەڕاینەوە. شەهید ڕەسووە لاڵمان دەگەڵ خۆمان برد بەرەو ناوچەی مەهاباد. ڕەسووە لاڵ ئەودەم قاچاخ نەبوو، بەڵام بەهەق ئەوەندەی هەژار و زەحمەتکێش بوو، سێ قاتی ئەوە ئەندامێکی خاوێن و بەبڕوا و فیداکار بوو، یادی بەخێر. (وەک بۆیان باس کردم، ناوبراو ساڵی ١٩٧٤ کەوتبووە بەرهێرشی بۆمبارانەکەی شاری قەڵادزێ و شەهید ببوو، رووحی شاد و یادی بەخێر.)

گەیشتینە گوندی سەیداوا، چووینەماڵی زیندوویاد سەید ڕەسووڵی بابی گەورە بەداخەوە، لەو سەفەرەدا، چاوم بەکاک سەید

هەولانامەی کتێب

ڕەسووڵ نەکەوت. ناوبراو، بەرەو لای کاک ئەحمەد تۆفیق، ڕۆیشتبوو.

***

## هەواڵێکی ناخۆش!

دواتر چووین بۆگوندی "خەلیفە" میوانی مامۆستا مەزنە بووین. ڕەسوومان ناردەوە شارویران، بە تایبەتی بۆ ماڵی خۆمان کە سەرێکی دایکم و بابم بدا و هەواڵی گەڕانەوەی منیان بۆبەرێ. لە هەمان کاتدا بچێتە مەهاباد هێندێ پێداویستیمان هەبوو بۆمان بکڕێ. ناوونیشانی ماڵی تووبای هاوسەرمم دایە و گوتم چاوی پێی بکەوێ و هەواڵی گەڕانەوەی منی بداتێ. ڕەسوو ڕۆیشت، بەرەو مەهاباد و شارویران، دوای دوو، سێ ڕۆژ گەڕایەوە.
کاتێک ڕەسوو هاتەوە، ئەمن و عەجەم لە پشت ئاوایی خەلیفەی لەسەر کانییەک دانیشتبووین. هەرکە چاوم بە ڕەسوو کەوت، لە دلم چەقی کە هەواڵێکی خۆشی بۆمن پێنیە. زیندوویاد ڕەسووە لاڵ، لاڵبوو، کورد گوتەنی: "هەتا دەیگوت قۆرە ترێ دەگەیشتێ" لەسەر کانییەکەی پشت ماڵەکانی گوندی خەلیفەی دانیشبووین، گوتم: کاک ڕەسوو چباسە؟ حەز دەکەم زوو خەبەرێکی ڕاستی ماڵی خۆمانم پێبلێی.
لەپێشدا ڕەسوو سوێندی خوارد: هەموویان ساخن، زۆریان قەدر گرتووم، محەممەد یارەم دیوە و... ئاخر دیسان ئەوەی پێی-دەگوترێ هەستی شەشەم، لە سەرم مکوڕ بوو زۆرتر ڕەسوو بدۆزم. ڕەسوو گوتی: بەگیانی منداڵەکانم کەستان لێ نەمردوە، بەڵام دایکت هێندێک نارەحەتیی تووش بووە. ئەویش ئیشەڵڵا بە زوویی چاک دەبێ.
گوتم خیرابە پێم بلێ!

گوتی ڕاستیت پێدەڵێم: دایکت چۆتە ورمێ، لەوێ چاوی عەمل کراون، بەداخەوە لە عەمەلەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە، بینایی لەدست داوە.
ئیدی وەک لە سەرچیایەکی بەرز، بەرەو دۆڵ و دەرەیەکی قووڵی بێبن، بە سەرمەقولات خللۆر ببمەوە، تاسام، تاسانێک کە فرمێسکی چاوەکانم، وشک ببوون، حەبەسابووم سەرم دەسووڕا. لەپڕ کوڵی دڵم تەقی، ئەوجار لەسەر ئەو کانییە دەستم کرد بە گریانێکی بێدەنگ کە هەرگیز لە بیرم ناچێ. عەجەم و کاک ڕەسوو، لێمگەڕان، هەتاکوڵی دڵی خۆم بڕێژم. بۆچما فرمێسکی چاوانم بەندبوونیان هەبوو؟ قەدەرعەیامێک کەس قسەی دەگەڵ نەکردم. دواتر عەجەم و کاک ڕەسوو، وێڕای هاودەردی خەریک بوون بەقسەی خۆش و بابەتی خەمەکەم لەسەر سووک بکەن... ڕەسوو هێندێ قسەو دیاری لە تووبای خێزانم بۆ هێنابووم. (بائەوەش بگوترێ: ئەودەم دەگەڵ تووبا هێشتا نەببووین بەهاوسەری یەکتر، هەر خۆشەویستم بوو، دواتر بووین بە هاوسەری یەکتر.)
هەرجارێک تووبا، دیارییەک یان نامەو هەواڵێکی بۆ دەناردم، خۆشیی ئەو نامە و هەواڵە، هەموو تاڵییەکانی ژیانی خۆمی لەبیر دەبردەمەوە. بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەو جارە وانەبوو؟ خەمی لەدەستدانی بینایی دایکم، بەجۆرێک بەسەرمدا بارییبوو، گەرووم دەگوشی، خەریک بوو دەیخنکاندم! چێژی خۆشیم لەهیچ شتێک نەدەکرد، تەنانەت دیاری و ڕاسپاردەکانی تووباش، دەفریام نەهاتن...
هاوڕێکانم بەقسەی خۆش دەگەڵم دەدوان، قسەم دەگەڵ دەکردن، کەچی هۆشم لایان نەبوو؟ گەڕابوومەوە سەردەمی منداڵیی خۆم و دەوری ڕابردووی ئەو سەردەمەم دەکردەوە:
دەگەڵ دایکم دەچووم بۆ بەردە قسڵان و سووتاندنی شۆڕەسابوونە و قنیەتەهەڵقەندن لەگەڕووس و شۆڕەکاتی قەرەشڵاخی.

دایکم وەکوو هەموو ژنە کوردێکی زەحمەتکێشی ئەو سەردەمە لەهەموو مافێکی ئینسانی و خێروخۆشی بێبەش بوو. ئەوەی بەو بڕابوو زەحمەت و کوێرەوەریی ڕۆژگار بوو. لە هەمان کاتدا لە جورئەت و زیپکوزاکوون و دەخۆڕادیوی بیبەش نەبوو. بۆ ژیانی سەربەرزانەی خۆی و بنەماڵەی، لەهەموو وەرزەکانی ساڵدا بێ-کار نەدەحەجمی: لە حەسیرچنین و تەشیڕێسی هەتا سابوونکردن و بوزووڕایەڵکردن، چوار وەرزی ساڵێ وچانی نەدەدا، ژنە کوردێکی بەمانای وشە زەحمەتکێش بوو.

بیرم لەو کاتانە دەکردەوە: دەگەڵ خۆی دەبردمە مەزرایە، لە حاڵێکدا خەریکی کاری خۆی بوو، بەڵام هۆشی هەر لەسەر من بوو، هەرگیزلێم خافڵ نەبوو. ئەگەر نەختێک لێم دوور دەکەوتەوە، یان ئەمن لەو دوور دەکەوتمەوە، بانگی دەکردم: هۆی محەممەدە، وەرە کن دایکێ خۆت. ئەوە خەریکی چی؟ ئەمنیش وەڵامم دەدایەوە: دایە ئەوە مێرووڵان بەشەڕ دەدەم. دەیگوت: ڕۆڵە گیان ئەتۆ چکارت بە مێرووڵان داوە، وەرە کن دایکێ خۆت، خوانەخواستە مار پێیتەوە نەدا...!

هەرچی هەودا و ڕایەڵکەی پێوەندیی نێوان دایکوکوڕ بوو، کەم-وزۆر ئەوەندەی دەمزانی؟ هەموویانم هاتبۆوە بەر زەین، هەر جارەی لاپەڕەیەکم هەڵدەدایەوە، هەموویان ئۆگری و خۆشەویستیی دایک بوون بۆ ڕۆڵەی...

یەکەمجار بوو لەژیانی خۆمدا بەسەر خەم و بە سەرهاتێکی ئاوا ناخۆش و چاوەڕواننەکراودا دەکەوتم. حەزم دەکرد خۆم بەشتێکەوە خەریک بکەم لەدەست خەمی ئەو کارەساتە تاڵە ڕزگاریم بێ، تاوێک لەبیر، بچێتەوە بۆم نەدەلوا؟ پاداشی تەمەنێک ڕابردووی پڕلە ڕەنج و کوێرەوەری، شەو نخونی نابینایی بێ بەپیرییە سەری!

بە تاقیکردنەوەی خۆم، بۆکوڕێک، هیچ دەردێک لەوە بەئازارتر و بەژانتر نیە: خۆشەویستی و ڕەنج و شەونخونییەکانی ڕابردووی دایک سەبارەت بەخۆت لەقووڵایی دڵەوە هەست پێبکەی، بەڵام

لە کاتێکی وەهادا کە دایکت تووشی بەڵایەکی زەویگیر بووە توانای ئەوەت نەبێ بەئەمەگ و وەفایەکی شیاو وەک ئەرکێک کە قورسایی لە سەر ڕووحت هەیە وەڵامی دایکت بدەیەوە؟!
لەحاند وەڵامدانەوە بۆ ئەو هەموو ئۆگری و خۆشەویستییە دەستەوستان بووم تەنیا پەژارە و گریانم شک دەبرد بۆ ئەو ژانە بەتەوژمە خۆمی هێور بکەمەوە! رابردوو گشتی دەبوو بەتابلۆیەک بە بەرچاومەوە. ئیدی جگە لەو تابلۆیە، چاوم شتێکی دیکەی نەدەدی. داستانی خۆشەویستیی دایک، لەوە زۆر بەناوەرۆکتر و مەزنترە ئەمن بتوانم لە بارەیەوە بدوێم و بنووسم. ئەوبابەتەی بۆ پسپۆڕ و کەسانی خاوەنئەزەری ئەوبوارە بەجێدێڵم...

***

ئێمە وەک کادری تەشکیلاتی گەڕابووینەوە کە لە ماوەی سێ مانگدا شانە و سەرشانە و کۆمیتەکانی ناوچە دامەزرێنینەوە و بگەڕێینەوە بنکەکانی خۆمان. ئەوکارە لە ناوچەیەکی وەکوو شارویران و شامات بۆ کادرێکی ناسراوی ناوچە، کارێکی سەخت و دژوار بوو.
بۆ وێنە خۆم، لە ناوچەی شارویران زۆرتر ناسرابووم، بەرنامەی کارم بەجۆرێک دارشتبوو، لە هیچ ئاواییەک دوو رۆژ نەمێنمەوە. لە پێشدا چوومە شامات، وێڕای ئەوە لەوێ کەمتر ناسرابووم، دیسانیش لەڕۆژێک زۆرتر لە هیچ دێیەک نەدەمامەوە. دەبوو لە حەوتوویێکدا ئەوەی پێویست بوو ئەنجامم دابا و خێرا گەڕابامەوە شوێنێک کەم کەس بەجێگاکەم بزانن. جۆرێک دەجووڵامەوە، بەبۆچوونی خۆم، گیانی خۆم و ئەندامانی حیزب پارێزراو و لە ئەماندا بن. ئەوە بوو کە خێرا دەگەڕامەوە چیاوچۆڵەکان دوور لە ئاواییەکان دەبووم.

***

# گەڕانەوە بۆ شارویران

دەگەڵ مەلا عەجەمی دانیشتین باسی کاری تەشکیلاتی ناوچەمان کرد. ئەوکەسانەی پێویست بوو لە شارویران پێوەندییان پێوە بگیرێ پێم ناساندن. مەلاعەجەم ئەوەی باش بوو: لە ناوچەی شارویران ناسراو نەبوو، دەیتوانی وەک کەسێکی ئاسایی بە ناوچەکەدا بخولێتەوە. ئەگەرخۆی لە ماجەراجوویی دوور گرتبا، دەمانتوانی زۆرباشتر کارەکانی تەشکیلاتی ناوچە بەڕێوەبەرین.
دەگەڵ مەلاعەجەم داگەڕانەخوار بەرەو گوندی ماسوێ. لەوێ چاوم بە حەمەخڕە کەوت. دەگەڵ ئەو واقعییەتە بەرەوڕوو بووم کە زیندوویاد سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، لەسەر حەمەخڕە پێی گوتبووم. ڕاست بوو، حەمەخڕە کوردێکی ساکاری نەخوێندەوار، دڵسۆزێکی بێئیددیعا، شەیدا و خەمخۆری پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.
یەکەمجار، ناردم بۆگوندی مەحمەشەی خوارێ کە گوندێکی ئازەریزمان بوو. بۆ لای هاوڕێ عەولای ڕەحیمی زێنێ، بێ چاوم پێیبکەوێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حەمەخڕە، ئەوە بوو، دەبوو خۆی شوێنی مانەوەم بۆ دیار و دابین بکا. لە خۆی زیاتر دەبوو کەس بە شوێنی مانەوەی منی نەزانیبا...
عەولای ڕەحیمی زێنێ، وێڕای نەخویندەواری کوردێکی نەترس و ئازا و دەخۆڕادیو، وشیار و نهێنیپارێز بوو. کاک عەولا هاتو ئەوەی پێویست بوو لەسەر هاتنەوی خۆم، ئاگادارم کرد و هەتا ئەوجێگایەی دەبوو بەو بگوترێ، دەگەڵ ناوبراوم هێنا گۆڕێ.
گوتم: لەوانەیە دوای ماوەیەک بگەڕێمەوە. کاتێ گەڕامەوە ئاگادارت دەکەمەوە. گوتی: ئەگەر پێویستت بەمن هەیە، ئەمن ئامادەم هەر کوێیەک بڵێی دەگەڵت بیم...
: پێویستم بەتۆ نیە هەرکات پێویست بوو ئاگادارت دەکەم. دوای ڕۆیشتنی عەولای ڕەحیم (ناوبراو لەو کەسەوریایانەی ئەو سەردەمە بوو) گوتم ئەگەردەنگوباسێک هەبوو ئاگادارم بکا.

خۆم ئامادەی سەفەری دەشتی شارویران و شامات و مەحاڵی شازدە دەکرد. دەگەڵ عەجەمی هەتا قەرەشلاخ هاوسەفەر بووین.

یەکەمجارم بوو بچمەوە، دایکم بەکوێری و زەلیلی ببینم. باسی ئەو دیدارە ناخۆشەم بۆ لەگەڕانەوە نایە. ئێستێ دوای ٥٣ساڵ کە ئەویادە ناخۆشەم دێتەوە بیر، کاردانەوەیەکی ناخۆش لەسەر رووحم قورسایی دەکا! زۆرگریام، دایکم بە کوێری دەستی لە ئەستۆم کردبوو بۆنی پێوە دەکردم و ئێستێ کە چاوی نەیدەدی، جارناجار دەستی بەسەر شان و پیلانمدا دەهێنا بە دەست دەیویست دیداری ڕۆڵەکەی بەزەینی خۆی بسپێرێ! دەستی لە ئەستۆم کردبوو، بەقوربانوسەدەقەم دەبوو، دڵخۆشیی دەدامەوە کە نەگریم ئای لەو دیدار و چاوپێکەوتنە ناخۆشە؟...

ئەوشەوە لە قەرەشلاخ، ماڵی سۆفی مستەفای وەنەوشەیان بۆ شوێنی مانەوەم دیاری کردبوو. بەڕۆژ دایکم و خوشکم دەهاتن بۆلام. ماڵمان لێک نزیک بوو. باشیی ئەو ماڵەش ئەوە بوو کە دوو سەگێ دڕیان هەبوون، هیچ کەسێکی غەوارە، نەیدەتوانی لە حەوشوحەساریان نزیک بێتەوە. ئەو ڕۆژە زۆرتر بابم و دایکم و خۆشکم دەهاتنەلام. ئێوارە ماڵئاواییم لێکردن بۆ شەو چوومە گردیاقووب، لە ماڵە دۆستێکی دێرین و بەوەفا و ئەندامێکی نهێنیکاری حیزبی، ماڵی سەیدسەعیدی دارتاش لە سەیدانی تووتاخاجی مامەوە یادی بەخێر.

سەرەتای ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، زۆرکەس لە ئەندامانی حیزبیی ناوچەی شارویران، لەلایەن ساواکەوە گیرابوون. ئاگاداریی وردم لە سەر وەزعی ناوچە و ئەندامانی حیزب نەبوو، پێویستیم بە زانیاریی زۆرتر لەسەر ناوچەی شارویران هەبوو. بۆ وەرگرتنی زانیاریی ورد، شادڕەوان سەید سەعیدی دارتاش، باشترین کەس بوو. ناوبراو خوێندەواریی نەبوو، بەڵام ئەندامێکی ئازا و ڕازدار و بەکار و بەبڕوا بوو. کاری کادرێکی چالاکی ئەنجام دەدا. بەبیانووی دارتاشی تەشوێ و مشاری دەخورجێنی دەنان و بەشانی دەدا و دەکەوتە شوێن ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی پێیان

سپاردبوو. ئاخری مانگی خەرمانان، یان سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٤٤ی هەتاوی بوو. بۆسبەی بەیانی پرسیارم کرد،
گوتم: ئاگاتان لە مەلاڕەحمانی موقەددەسی هەیە؟
گوتی: لەمێژ نیە لەزیندان ئازاد کراوە، هەر دوومانگ دەبێ هاتۆتەوە. پێشتر لەلایەن ساواکەوە گیرابوو بردبوویان بۆ بەندیخانەی قزڵقەڵا. خاڵەسەید گوتی ئێستێ لەماڵە.
گوتم: حەزدەکەم چاوم پێیبکەوێ.
ئیدی خاڵە سەید بە مەلاڕەحمانی گوتبوو، فلانەکەس هاتۆتەوە، لە ماڵی ئێمەیە ئەمن دەرگام لەسەرداخستوە، ئەتۆ دەتوانی بچی بیبینی... دوایی مەلاڕەحمان هات یەکترمان لە ئامێز گرت و... (بۆ ڕوونکردنەوە: مەلاڕەحمان مەلا نەبوو، باوکی مەلا بوو. خۆی کەسێکی زەحمەتکێش بوو، کۆلکە سیوادێکی کەمی هەبوو. لەبەر ئەوەی کوڕە مەلا بوو، خەڵکی ناوچە بەویشیان دەگوت مەلا.)
: دوای قسەوباسی زیندان و ناوچە بەگشتی، گوتم ئەمن سەفەری شامات و محاڵڵی شازدەم لەبەرە. لە مێژە لەوناوچانە بێئاگام، کارەکەشەم کەوتۆتە ئەو بەشەی. دەتوانی و دەخۆترِا دەبینی بۆ ئەو سەفەرە وەک شارەزا و ڕێنوین دەگەڵم بێی؟
گوتی: هەتا ماوم واز لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناهێنم. کاتی گەڕانەوە لەگەرمێنیش هەر وام بەکاک ئەحمەد تۆفیق و کاکفایق گوتوە. (مەلارەحمان بەهاری١٣٤٣ی هەتاوی لەکاتی هێرشەکەی ساواک بۆ سەرئەندامانی حیزبدا، وەک زۆربەی ئەندامان، خۆی گەیاندە گەرمێنێ. ماوەیەک لە گەرمێن مایەوە، یەک دوو سەفەری وڵاتیشی کرد، بەڵام بەهۆی منداڵی ورد و زۆری، نەیتوانی زۆر لە گەرمێن بەند بێ، ناچار گەڕایەوە وڵات. لەوڵات لەلایەن ساواکەوە گیرا و برا بۆ بەندیخانەی قزڵقەڵا).

***

## یەکەمسەفەر بۆ شامات

ئەو رۆژە نانی ئێوارەمان خوارد، تاریکانی ئێوارە دەگەڵ مەلارەحمان لە گردیاقووب وەڕێکەوتین، بۆ بەرەبەیانی گەیشتینە مەرجاناوا. چووینە ماڵی مەلای ئاوایی، مەلا هەم کۆنەرەفیقی سەردەمی فەقێیەتیی خۆم بوو، هەمیش برازای مەلارەحمان بوو. مەلا هەر مەلا بوو و بەس، نەهەستی کوردایەتیی هەبوو، نەدەوڵەتی عەجەمی خۆش دەویست.
لەلایەن مەلاوە خاترجەم بووم، دەمزانی لەکەسانی خۆفرۆش نیە. لەهەمان کاتیشدا لەترسان زۆر نهێنیکار بوو. بەدوای دەروێش قادری ئامینێمدا نارد. دەروێش قادر هات.
دەروێش قادری ئامینێ، ئەندامێکی چالاکی ساڵەکانی ١٣٣٠ هاوڕێی ڕەوانشاد حەمەدەمین شەشە بوو. خۆم پێناساند و بەرپرسایەتیی خۆم و مەسەلەی زیندووکردنەوەی شانە و کۆمیتەی شاماتم دەگەڵ هێنایە بەرباس... کەسێکی خاوەن-ئەزمون و تێگەیشتوو بوو. ڕێنوێنیی تەواوی کردم و لە شارەزایی ناوبراو کەلکم وەرگرت. ناوبراو شارەزایی وردی لە سەر وەزعی ناوچە و ئەندامان هەبوو.
دوونامەم پێبوون، یەکیان بۆ مەحمووداغای شێخاغایی و ئەوی دیکە بۆ مارفاغای شێخاغایی مەرجاناوا بوو، کاک سولەیمانی موعینی بۆی نووسیبوون. پرسم بەدەروێش قادر کرد: نامەکەی مارفاغا خۆم بیدەمێ، یان بەکەسێکدا بۆی بنێرم؟
ناوبراو گوتی: ئەمن پێوەندیی سیاسی و تەشکیلاتیم دەگەل مارفاغا نیە، بەڵام بەکەسێکی گومانلێکراوی ناناسم. پێموایە بۆخۆت دەتوانی نامەکەی بدەیەی. باسی کاری تەشکیلاتیی دەگەڵ مەکە بزانە بۆخۆی دەڵێ چێ؟...
لە مەلام پرسی: دەگەل مارفاغا نێوانیان چۆنە؟
مەلا گوتی: نێوانمان زۆر خۆشە و هاتوچۆمان هەیە و...

مەلام نارد پێی بڵێ میوانێکم هەیە، ئەگەرکاتی هەبێ حەز دەکاچاوی پێی بکەوێ...

مەلاچوو. دوای ماوەیەک هاتەوە. دیار بوو مارفاغا، بێمەیل نەبوو چاوم پێی بکەوێ. بێچەک وەک کەسێکی ئاسایی دەگەڵ مەلای چوومە ماڵی مارفاغا. چاوم بەنابراو کەوت و نامەکەم دایە. زۆری رێز گرتم. نەمزانی نامەکە چی تێدا نووسرابوو. دوای ماوەیەکی کورت ویستم هەستم بڕۆم. نازانم دەروێش قادر زانیبووی ئەمن لە ماڵی مارفاغام یان نا؟ پێش ئەوەی ئەمن هەستم بڕۆم، دەروێش قادرهات. بەدابی خەڵکی مەڵبەندی کە، دەچنە ماڵەدراوسێی خۆیان چاویان بەکەسێکی نەناس دەکەوێ، گوتی: بە خێرێی خزم.

دوای ماویەکی چەند دەقەیی دەگەڵ مەلای ئاوایی هەستاین. ماڵئاواییمان لەمارفاغا کرد. ناوبراو گوتی: کاتی رۆیشتنت ئاگادار بم کارم پێتە.

کاتی رۆێشتن مارفاغام ئاگادار کرد کە ئەم ئێوارەیە دەڕۆم. ئیتر مارفاغا بۆخۆی نەهات، بەهۆی یەکێک لەکوڕەکانی پرێسکەیەکی بۆ ناردبووم. کاتێ پرێسکەکەم کردەوە تەماشام کرد کراسێکی تازەی گەرمی خوریی لەنێودایە. جگە لە ڕانکوچۆخەیەکی تەنکو پۆلیوێرێکی تەنک، هیچم دەبەردا نەبوو. پێڵاویش کە هەرنەبوو جگە لەجووتە کلاشێکی هەورامی. هەرکەس لەشاماتی چاوی پێم کەوتبا، دەیزانی کەسێکی نامۆم و خەڵکی ئەو مەڵبەندە نیم...

لە سەرکاری تەشکیلاتی شاماتی دەگەڵ دەروێش قادر ساخ بووینەوە. کارەکەی زۆر بۆهاسان کردم. ناوبراو، دێی مەنسوور و حاجی حەسەن و خێراوای وەستۆی خۆی گرت.

ئەمنیش لەو سەفەرە بچمە گەزەڵێن و دێی وەیساغا و لەو چەند دێیە بزانم چەندە سەرکەتوو دەبم، هەروەها بەرەو محاڵی شازدەش بڕۆم...؟

دەروێش قادر لەگەزەڵێن، حاجی وسێنی رۆستەمی ئاگادار دکردبوو. شەو برادەرێک وەک شارەزا دەگەڵمان هات بۆ گەزەڵێن.

چووین بۆ گوندی ناوبراو بۆماڵە حاجی وسێنی یادی بەخێر. حاجی دەگەڵ چەندکەس لە ئەندامانی گەزەڵێن و دێی وەیساغای لەماڵە خۆیان کۆ ببوونەوە، چاوەڕێی ئێمە بوون. یەکەم بارانی پاییزی لە مەرجاناوایەڕا دەستی پێکرد، هەتا گەزەڵێن پێماندا باری. گەیشتینە گەزەڵێن چووینە ماڵی حاجی وسێن. هەتا درەنگانی شەوێ لە ماڵی حاجی وسێن بووین. ئەوەی پێویست بوو بگوترێلەوێ دەگەڵم باس کردن. مەلابرایمی تەلاجیش لەوێ بوو... بۆ خەوتن و مانەوەم چوومە ماڵی میرزا کەریم. ڕۆژەکەی هەتا شەو بەسەردا هات، لە ماڵی ناوبراو بووم. ئێوارەکەی دەستی کرد بەبارانێکی بەتەوژم. دەگەڵ مەلاڕەحمان بێ شارەزا بەرەو رەسووڵاباد وەڕێکەوتین. لە ڕێگای نێوان گەزەڵێن و رەسووڵاباد، کلاشەکانم لە قوڕێدا حاسێ بوون و بەجێم هێشتن! بە پێخواسی و بێپێڵاوی، بەوسەرماو بارانە، نیوەشەو بوو گەیشتینە ڕەسووڵاباد. لەدەرگەی ماڵی مامۆستا مەلا حەکیممان دا، مامۆستا هەستا، لە پێشدا حەبەسابوو؟ دوای دەستماچکردن و ماچومووچ، تفەنگ و فیشەکدانەکانیان لێوەرگرتم بردیاننە ژووری ماڵێ کە لە بەرچاوان نەبن. جلەکانمان داکەندن خۆمان وشک کردەوە. ئەمن لە ماڵە مامۆستا مەلاحەکیم، بێگانە نەبووم. هەر وەک کوڕی ماڵی بووم.

لایان سەیر بوو، چۆن بەپێخواسی گەیشتوومە رەسووڵاباد؟ گوتم زۆرمان نەمابوو بۆئاوایی پێڵاوەکانم لەقوڕداحاسێ بوونو بەجێم-هێشتن. خەمتان نەبێ کلاشی هەورامی بوون. مامۆستا گوتی: بەڵگەی قاچاخیت لەسەر خۆت لابردوە.

بۆبەیانی نە دوکان هەبوو جووتەکەوشێکی لاستیک بکڕم، نە لە رەسووڵاباد ئەوەندە گیر دەبووم... نامەیەکی کاک ئەحمەد تۆفیقم بۆ مامۆستا مەلا حەکیم هێنابوو، ئەویشم لە محێدینی کوڕی وەرگرتبوو، نەک لە خودی کاک ئەحمەد تۆفیق. ئەو ڕۆژە و سبەینەکەشی بێوچان باران باری!

مەلاڕەحمان و مامۆستا مەلاحەکیم، ئاوالّزاوا بوون. ناوبراو، لە مەلا شۆڕشگێڕەکانی شامات بوو. ئەو مەلایە بوو کە دەگەڵ وەرزێرەکانی شامات لە ئاوایی دەلکداش،ماڵەکەیان دەرکردبوو، لە داشخانە گیرسابۆوە. کە چاوی پێمکەوت زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام کە چاوی بە پێخواسیی من کەوت بەو سەرمایە لاقم سوور هەڵگەڕابوون، زۆری پێناڕەحەت بوو. هەرچەند پیر ببوو، هێزوتوانای لەکەمی دابوو، بەڵام ئاواتەکانی هەر لەجێگای خۆیان مابوون دڵەکەی بۆ ئازادیی کوردستان هێشتا لێی دەدا.

دووڕۆژ بێوچان باران لێی نەکردەوە. ناچار لە ڕەسووڵاباد ماینەوە. دوای دووڕۆژ نەختێ هەڵیبرووکاند. دەگەڵ شادڕەوان مەلارەحمان خەریک بووین ماڵئاوایی لە مامۆستا مەلاحەکیم بکەین. لەوێ جووتە پێڵاوێکی لاستیکی کۆنیان بۆ پەیدا کردم، لە پێخواسی باشتر بوون. کۆنەکەوشم دەپێکردن، دەگەڵ مەلا رەحمان بەرەو پایین و قەڵات وەڕێکەوتین. بەخوار گوندی "گردەڕەش"دا کە گوندێکی گەورەی ئازەرینشینە، لابڕ بەقەراخ گوندی"دێی مەروانی"دا بەرەو گوندی "گردی دانی" وەڕێکەوتین. زۆرمان ڕێگای گردی نەبڕیبوو، دیسان باران دەستی پێکردەوە. لە نێوان گردەڕەش و دێی مەروانی، لەبەر قوڕێ دەرنەدەچووین. ئەو جارەش لنگێکی کۆنە کەوشەکەم لە قوڕدا حاسێ بوو، بەڵام ئەوم بەجێنەهێشت. لە قوڕم دەرهێنایەوە، ئەویش بنەکەی لە سەرپەنجەوە هە تا نێوێ لاقم هەمووی بەریدابوو.

نێوان "گردی دانی"و دێی مەروانی، مەودایەکی ئەوەندە زۆری نیە، هەرچۆنێ بوو خۆمانگەیاندە ئاوایی. مەلاڕەحمان شارەزای ماڵە مەلا فەتاح بوو، ماڵیان لە پێشەوەی ئاوایی بوو. چووینە ماڵە مەلا فەتاح. لە شانسی بەد و نێوچاوانی خۆم، مەلا فەتاح و کوڕەکانی لەماڵ نەبوون. هێشتا خەڵکی ئاوایی هەموویان نەخەوتبوون، بەتایبەت خێزانی مەلا فەتاح نەخەوتبوو. زۆر بەڕێزەوە پێشوازیی لێکردین. خێرا چای ساز کرد و نانی هێنا، گوتمان: نانمان خواردوە. پرسیاری مەلا فەتاحم کرد. بەقسەی

خێزانی دەگەڵ کوڕەکانی چووبوو بۆ مەهاباد. دواى سانەوە، گوتم: براژن سێتای مووتان هەیە ئەوەی دەیکەنە گوریس؟ مەلا فەتاح وەرزێر بوو، دەمزانی گوریس و کەڵ و عارەبەیان هەیە. هاوسەری مەلا فەتاحی لەو کەڵە ژنانەی کوردستان بوو، خێرا گلۆڵەیەکی هێنا. لەبەر چاوی ئەو بەکارم نەهێنا. هەرتەماشای من و تفەنگ‌ودەمانچەکەمی دەکرد. ئەدی بۆ ئەسپ و بارمان پێ نیە...؟ ئاخر لەو عەجەمستانە، جگە لە قاچاخچی زەینی مرۆڤ بۆ شتێکی دیکە نەدەچوو؛ دواى نەختێ سانەوە بارانیش هەڵی-برووکاند. گوتمان دەڕۆین شکی لە قاچاخچییەتیی مندا نەبوو. بەڵام مەلا ڕەحمانی دەناسی پێی وابوو، وەک شارەزا، دەگەڵ خۆم هێناوە.

لەکاتی ڕۆشتندا گوتم: ماڵتان ئاوا بێ، ئەگەر مەلا فەتاح هاتەوە بڵێ ئاشناکەی ماڵی مەلا حەکیم هاتبوو، چاوی پێت بکەوێ. بەداخەوە لەماڵ نەبوو، بەڵام ئیشەڵڵا جارێکی دیکە ڕێم دێرە دەکەوێتەوە.

دەگەڵ مەلاڕەحمان وەڕێکەوتین. لە پشت ئاوایی پەنجەی پێڵاوەکەم بەسێتای موو بەست و بەرەو گوندی "چۆغانلی" وەڕێ-کەوتین. (مووی بزن بۆ خۆڕاگری لە هەموو بەنێک بەهێزتر و بە دەوامترە و درەنگ دەپسێ.) یەکەم جار بوو دەچوومە ئاوایی چۆغانلی، بەڵام دەمزانی گوندێکی چووکەیە لەنزیک چلگ و قەرەقاجاتەیە. ئەو دوو گوندە ئازەرینشین بوون. گوندی چلگی پاسگەی ژاندارمەریی لێبوو. ئیدی لە چۆغانلی بەولاوە گوندی کوردنشینی لێ نیە. چووینە ماڵێک بەناوی مام ڕەحیم. لە گەورەماڵەکانی ئاوایی چۆغانلی بوو. خەوتبوون زۆری نەمابوو ڕۆژ بێتەوە لە رووی ناچاری رووومان کردە ئەو ماڵە. مەلا ڕەحمان لەپێشدا چوو بۆحەسارێ لەخەوێی هەستاندن. حەسارەکەیان دەروازەی نەبوو. مەلا ڕەحمان مام ڕەحیمی دەناسی، خێرا چرایان هەڵکردەوە، لێمان وەدەرکەوتن، جێگاوبانەکانیان کۆ کردبوونەوە،

چامان خواردەوە، لێیخەوتین. بەڵام خاوەنماڵەکە شکی لەوەدا نەبوو کە ئەمن قاچاخچیم و بارەتریاکم پێیە.
ئەورۆژە هەتا دوای نیوەڕۆ خەوتم. نیگەران نەبووم. مام ڕەحیم شارەزای زۆرشتان بوو، زەینی هەموو شتێکی بەسەر دەکردەوە جگە لە کوردایەتی. ئەوەندەی ئەمن لێی تێگەشتم: ئەوبرادەرە ئەوەی نەیبوو، هەستی نەتەوایەتی بوو. مەلاڕەحمان ناوبراوی دەناسی بەوتەی یەکێک لە هاوڕێیانی خاوەن نەزەر: "هەموو شتێک بوو کورد نەبێ".
(ئەو وتەیە هی من نیە هی کەسێکی خاوەننەزەرە، زۆر جاران لەنێو باسەکانماندا ئەوەی دەگوت" رابردووی کورد، ئەوەمان پێشان دەدا، کورد، ئیستعدادی هەموو شتێکی هەیە جگە لە کوردبوون، هەتا ئێستێش ئەو ڕەوتە هەر درێژەی هەیە")
هەتا تاریکانی ئێوارە لەماڵە مام ڕەحیم ماینەوە، لەو گوندە خۆم بەکەس نەناساند و باسم لەحیزب و کوردایەتی نەکرد، بەهیچ جۆر زمینەی کوردایەتیم لەو ماڵەدا بەدی نەکرد؟ دوایی بەرەو پایین و قەڵات و حەیران، داپەڕیینە خوار. ئەو ناوە سەربازخانە و ئەرتەشی لێبوو. ڕەوەی شای لەو مەڵبەندە لە نێو گەزەڵێنی بەری عەجەمیدا بوو. ئەرتەشەکە پارێزگاریی لەڕەوە و مەڕی ئەرتەش دەکرد. بەڵام ئێمە دۆست و هاوڕێی باشمان لەگوندەکانی قەڵات و تەپەڕەش و پایین هەبوون. نیگەران نەبووین. چووین بۆگوندی قەڵات. یەکەمجار بوو ڕێم دەوگوندە دەکەوت. چووین بۆ ماڵی محەممەدی میرزا قەرەنی برازای حاجی وسێنی ڕۆستەمی، ناوبراوم دەناسی.
مەلاڕەحمان شارەزای ماڵەکەیان بوو، لە سەرپەڕی ئاوایی بوون. لە بەختی ڕەشی ئێمە کاک محەممەد ئەو شەوە لەماڵ نەبوو. وەک هەمیشە، مەلا ڕحمان لەپێشدا چوو لەخەوێی هەستاندن، ئۆدەیەکی چووکەیان لە حەسارێ هەبوو، تەنیا خێزانی لەماڵ بوو. ئەو شەوە ئێمە لە وەتاغی میوانان خەوتین. ئەمنیش پێم وانەبوو، سەرباز و ئەرتەش واخێرا دەگەنە سەرمان.

هاوسەرەکەی کاک محەممەدی میرزا قەرەنی، ئەو ڕۆژە بەکردەوە پێشانی دا بە هەق شێرەژنە.
چێشتەنگاو بوو، دوو ژاندارم، یان سەرباز؟ بەسواری هاتنە حەساری. هەرایان کرد کوێخا! کوێخا!
خیزانی کاک محەممەدی دەرگای ژوورەکەی لە دەرەوە لە سەر من داخستبوو. ئیدی بەپیر ژاندارمەکانەوە نەچوو، بەترکی لە ژووری ماڵەوە، وەڵامی ژاندارمەکانی دایەوە، کە مێردەکەی لە ماڵ نیە. دەیانویست دەرگایان بۆ بکاتەوە و بێن نان‌وچای، یان قاوڵتوونێ لەوێ بخۆن. خێزانی دەرگای ماڵێی لێ‌نەکردنەوە و دەگەڵیان تووشی سووکە دەمەقاڵێیەک بوو. ژاندارمەکان بە جنێودان ڕۆیشتن، بەڵام خێزانی کاک محەممەدیش جنێوی کەم دەگەڵ نەخستن...
وەتاغەکە چووکە بوو، دوو پەنجەرەی چووکەی بەرزی تێدابوون. ئەو ژاندارمانە ژاندارمی پاسگا نەبوون. ڕەوەوان بوون. بەو جۆرە دەیانویست مەعاشی خۆیان پاشەکەوت بکەن و زگی برسییشیان بەنانی بەلاشی کوردی داماو تێر بکەن. لە دەرەوەڕا ژووری وەتاغەکەی ئەمنی لێ‌خەوتبووم، دیارێ نەدەکرد. ئەو ڕۆژە هەتا درەنگانێکی بەڕاستی تووشی دڵەخورپە ببووم. مەلا ڕەحمان چووبۆوە نێو ئاوایی...
پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ کاک محەممەد هاتەوە. دوای دانیشتن چاوم بە یەک دووکەس کەوت. حەزم دەکرد چاوم بە کاک مەحموودی قارەمانی بکەوێ، بەڵام بەداخەوە ئەوسەفەرە ئەویش لەماڵ نەبوو، بۆم نەلوا چاوم پێی بکەوێ.
ئێوارە تاریک داهات، بە وتەی خەڵکی مەڵبەند شەو، قەڵای مێرانە، دەگەڵ شادڕەوان مەلا ڕەحمانی موقەددەسی، لەگوندی قەڵات بەرەو گردیاقووب وەڕێ‌کەوتین بۆ کاتژمێر سێی بەیانی گەیشتینەوە گردیاقووب. ڕۆژەکەی لە ماڵی شادڕەوان سەید سەعیدی نەچاڕ بووم. گوتم: خاڵە ئەگەر مامۆستا مەلا برایمی

ڕۆستەمیتان ئاگادار کردبا حەزم دەکرد پێش ڕۆیشتنم چاوم پێی بکەوێ. بەباشی نازانم خۆم بچمە خورخورەی.

وەک لە دێهاتی شارویران باو بوو، خەڵکی بێکار بەشی هەرە زۆریان بەتایبەت پیرەپیاوەکانی بێکاری ئاوایی، دەهاتن لەلای وەستای دارتاش دادەنیشتن، نەقڵونەزیلەی ڕابردووی خۆیان بۆیەکتر دەگێڕایەوە. ڕەوانشاد سەید سەعید بەیانی دەرگای لەدیوی دەرێ لەسەر داخستم و خۆی ڕۆیشت بۆ خورخورەی. سەید سەعید کوڕێکی هەبوو، دەگەڵ ژنێک. کوڕەکەی فەقێ بوو لەمەدرەسەی علومی دینی دەیخوێند. ژنەکەشی کەمتر لە ژوورەکەی خۆی دەهاتە دەر.
دوای ڕۆیشتنی خاڵە سەید سەعید، زۆری پێنەچوو، یەکێک خەریک بوو دەرگاکەی دەکردەوە. ئەمنیش هێشتا هەر لەجێگادا بووم. کە هاتە ژوور، زیندوویاد مامۆستا مەلابرایمی ڕۆستەمی بوو. ئەودەم هێشتا نەچووبووبۆ حەج، حاجی نەبوو. دەستمان لە ملی یەکتر کرد... ماوەیەک بوو چاومان بەیەکتر نەکەوتبوو، بەڵام پێوەندیمان نەپسابوو. ئەوە یەکەمجار بوو دوای ئازادبوونی لە قزڵقەڵا چاومان پێک دەکەوتەوە.
لەسەر کاری تەشکیلاتیی ناوچەی شارویران قسەمان کرد. کاری هەرەزۆری تەشکیلاتی شارویرانی وەئەستۆ گرت. بەهەق نەترس و فیداکار و چالاک بوو. بێ ترس و دڵەڕاوکێ بێوچان درێژەی بەخەبات دەدا. ئەو ڕۆژە هەتا درەنگانێک پێکەوە دانیشتین. دوایی گوتم ئەمن ناتوانم ئەوەندە لە شارویران بمێنمەوە، نەوەکوو ئاشکرا بم و دەگیرکەوم.
زیندوویاد مامۆستا مەلا برایمی رۆستەمی هەتا کۆبوونەوەی هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی ناوچە، بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی وەستۆی خۆی گرت. ئیتر لەوێڕا گوتم: هەتا چاوپێکەوتنێکی دیکە لای ئێوەم خۆش.

دەمەو ئێوارە، عەجەم پەیدا بوو. دەمویست خێرا بۆماوەیەک لە دەشتی شارویران بچمەدەر. نیازم وابوو شەو بچمەوە قەرەشلاخ، چاوێکم بەدایکم و بابم و فاتمێ خوشکم بکەوێ. بەعەجەمم گوت سەرێکی قەرەشلاخ بدا، بەکاک محەممەد یارەی بڵێ بۆ تاریکانی ئێوارە لەدەراوی (گۆمی نەقان) چاوە ڕوانی دەکەم، عەلامەتمان لێدانی چەخماخ ، فەندەکی دەستی بێ...

عەجەم ڕۆیشت. تاریکانێ دەگەڵ مەلا ڕەحمان وەدەرکەوتین. بەسەر چۆمیدا بەرەو دەراوی گۆمی‌نەقان هاتم، بەو عەلامەتەی لەپێشدا دیاریمان کردبوو، کاک محەممەد یارە وەڵامی داینەوە. مەلا ڕەحمان ئەوەندە ڕانەوەستا گەڕایەوە بۆ گردیاقووب. ئەمن و کاک محەممەدیارە، چووینە نێو قووڵایی جۆگەی گردیاقووب. ئەودەم لێواری چۆمی جۆگە بوو. کاک محەممەدیارە لە ڕێگادا گوتی بەڵێنیم بە پوورەزارا "دایکم" داوە، چاوی پێم بکەوێ...

زۆرخێرا، هاتینە حەوشەکەی ئەوان، بە نەردیوان وەسەر کەوتین. زۆرم پەرۆشی دایکم بوو، دیان ڕۆژ سەهلە، بە مانگ‌وساڵان لای وەڕەز نەدەبووم. هێدی چووینەوە ماڵ، دەگەڵ خوشکم و دایکم و بابم هەتا ماوەیەکی درێژ دانیشتم.

چاوم بە مامۆستا مەلا مستەفا کەوت، گوتم: ئەمن بۆماوەی سێ مانگ لە ناوچە دەمێنمەوە دەبێ لەوماوەیەدا هەموو شانە و سەرشانەکان وەکار بخرێنەوە، دوای هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەی ناوچە دەگەڕێینەوە بۆ ئەودیو...

مامۆستا گوتی: مانەوە لە شارویران و شامات، زۆرسەختە ساواک شوێنت هەڵدەگرێ و دەگیر دەکەوی. ئەو دەم دەبیتە هۆی کارەسات.

گوتم: ئەمن کارەکانی خۆم بەش کردوون، هەرکەسەی شتێکم پێ ئەسپاردوە. بۆخۆم لەو نێوە نامێنمەوە دەچمەوە بەندەنێ و بەچەند حەوتوو جارێک دەگەڕێمەوە، نیگەران مەبە. خواحافیزیم لێکرد، بۆخەوتن و مانەوە لە ماڵی سۆفی مستەفای وەنەوشە

مامەوە. مانەوە لەماڵی ناوبراو و بوونی دایکم و خوشکم لەو ماڵە پرسیاری بەدوای خۆیدا نەدەهێنا.
ئەمن بۆسبەی ئێوارە گەڕامەوە، نەگەیشتمەوە بناری ماسوێ، ڕێم لە کۆسەکەریزێ کەوت لامدا، چوومە ماڵی ساڵحی حاجی قادر. لەوێ چاوم بە ئەندامانی حیزب کەوت. شەو هەتا درەنگانێک دانیشتین و ئەوەی بۆگوتن دەبوو، دەگەڵیانم باس کرد. بۆ خەوتن، بردیانم بۆ ماڵێک، ماڵە گاوانی ئاوایی بوو. ماڵە گاوانەکە، نزیکی ماڵی کاک ساڵح بوو. ئەو ڕۆژە لەو ماڵە خەوتم، کابانی ماڵەکە وەکوو دایکم کوێر بوو. پرسیارم لێکرد: دایە ئەتۆ لە مێژە بینایيت لەدەست داوە؟
گوتی کوڕی خۆم، چاوم ئاوی ڕەشیان هێناوە، دەڵێن: چاری ناکرێ. زۆری پێناڕەحەت بووم. دایکم دەهاتەوە بەرزەینم و ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە بە دیتنی سیمای ئەو خاتوونە خەموپەژارەی دایکم لە کۆڵم نەدەبۆوە، تەنیا کێژۆڵەیەکی هەشتنۆسالانەی هەبوو. یارمەتیی دەکرد...
ئیوارێ کاک ساڵح هات، دەگەڵی چوومەوە ماڵە خۆیان. دانیشتم دەروێش کەریمی پینەچی، دەگەڵ خدرەشێتی پەیدا بوون. نازانم چۆن بوو، کاک ساڵح لە دیوی ژووری ماڵەوە دەهاتەوە دیوەخانێ چاوی بە پێلاوە شڕەکانی من کەوت. زۆر بەقەڵسی هاتە ژوور گوتی: ئەو کەوشە پیسە شڕانە هی کێنە هاتووە لێرەی بەجێ-هێشتوون؟
هەمیشە دەمشاردنەوە، بەڵام دیوەخانی پڕ لە مافوورەی ماڵە ساڵحی حاجیقادری، ڕێگای پێ نەدابووم کەوشەکانم بەرمە ژوور، ناچار دەبوو لە پێشخانێ دایانکەنم. خەریک بوو فڕێیاندداتە دەرێ، گوتم نەکا کەوشەکانی من بن.
دیتم کاک ساڵح ڕەنگی ڕووی گۆڕا ، بە بۆچوونیخۆم بەدیتنی کەوشە شڕەکانی من سەری سوڕمابوو.

کاک ساڵح هاتەوە ژووری دیوەخانێ، شادڕەوان خدرەشێت لەوێ
بوو. کاک ساڵح گوتی خدر! جا بەئێمەش دەڵێن کورد؟ فەرموو
وەرە بچین چاو لەو پێڵاوانە بکە!

گوتم: کاک ساڵح ئەگەر رۆیشتمە خوار، هەوای خۆش بوو، وشکانی
بوو، بارانی پاییزی هێشتا دەستی پێنەکردبوو. ئەمنیش کەڵاشی
هەورامیم دەپێدا بوون، لەو سەفەرەدا باران باری، ئەمنیش
کەڵاشەکانم بەجێهێشتن، ئەو کۆنە کەوشانە دەمگەیەننەوە
ماسوێ لەوێ پێڵاوم هەیە. (وەی درۆ!) دیتم ساڵحی حاجی قادری
زۆر تێکچووە. خدرەشێت، چووە پێشخانەی چاوی لە پێڵاوەکان
کرد ئەویش هەر بەوچەشنە، بە دیتنی پێڵاوەکانم تێکچوو.

ڕەوانشاد کاک ساڵحی حاجی قادری، پاکەتێکی لەسەر تاقەی
هێنایە خوار، پاکەتەکە لە سەری نووسرابوو: "کفش ایران‌تاج"
زانیم کەوشن. کەوشی ایران تاج، بۆ شەقام و سەر ئیسفاڵت
دروست کرابوون، ئەو سەردەمەش کەوشی (ایران‌تاج) بەناوبانگ
بوو. کاک ساڵح گوتی: ئەوانە دەپێکە بزانە بۆ پێت دەبن دەنا
سبەی دەچمە شاری، جووتە پێلاویکی باشترت بۆ دێنم.
پێڵاوەکانی نومرەی لاقی خۆم بوون. خدر گوتی: تەڵاقم کەوێ
هەربۆ لاقی مەلای دروست کراون.

: سوێندم وا قورعانم وا کەوشم هەن ئەوە لەگوندی ماسوێنە.
ساڵح سویندی لێخواردم: ئەگەر ئەو کەوشانە دەپێنەکەم
بۆهەمیشە واز لە کوردایەتی دێنم، جاچۆن؟.

هەرچەند ئەو پێڵاوانە بۆ رۆیشتن و دەپێکردن لە چیاو بەندەنان
نەدەبوون، بۆئەوەی کاک ساڵح دڵئێش نەبێ هەڵمگرتن.
شەوەکەی هەتا درەنگانێک دەگەڵ هاوڕێیانی کۆسەکەرێز
دانیشتم. ئەمن لە نێو هاوڕێیانی کۆسەکەرێز تەنیا خدرەشێت و
دەروێش کەریمم دەناسین... خەریک بووم خۆم ساز دەکرد بڕۆم،
ساڵحی حاجی قادری گوتی سەبرکە، خدر دەتگەیەنێتە شوێنی
خۆت. هێشتا برینی لاقم سارێژ نەببوو. بەسابوون دەمشوشت و
خۆم دەرمانم دەکرد. گوتم ئەمن بۆخۆم دەڕۆم. گوتی نابێ. خدر



هەوڵنامەی کتێب

هەستا رۆیشت، دوای کورتەماوەیەک بەسواری و یەخترمەیەک بەدواوە هاتە حەوشی ماڵە حاجی قادر. ئیدی ئەمن خواحافیزیم لە هاوڕێیانی کۆسەکەرێز کرد و سوار بووم. کاتێک لە ئاوایی وەدەرکەوتین، خدر گوتی بەرەو کوێی بازۆم؟ گوتم بە "دۆڵی گوڵووکە زەردان"دا بەرەو هومام.

لابڕ بەقەراخ گوندی "گۆڵێ و چۆمەڵاندا، بۆ بەرەبەری بەیانی گەیشتینە پێش چادرەکانی گوندی ماسوێ کە هێشتا نەچووبوونەوە نێو خانووان. بەخدرم گوت بگەڕێوە، هەتا خەڵک وەخەبەر نەهاتوە لابڕ بڕۆ بۆ ئەوەی کەس نەتناسێ. گوتی نا دەچمە ماڵە هەباساغای، هەتا ئێوارە، دوایی بە تاریکی دەگەڕێمەوە، خەمت نەبێ ناهێڵم کەس بزانێ لە کوێوە دێمە و لێم وەشک ناکەون.

کازیوەی بەیانی بوو، کورد گوتەنی "هێشتا دۆست و دوژمن لێک نەدەکرانەوە" لە پێش چادرێ عوسمانی مام وسووی دابەزیم. کاک عوسمان بەخەبەر بوو. هاتەدەر منی ناسی. زۆری بەخێرهاتن کردم. خدر ڕانەوەستا گەڕایەوە. عوسمانم هێندێک خافڵاند بۆئەوەی خدر نەناسێ. ئیدی خدر گەڕایەوە بەرەو کۆسەکەرێز. دەوروبەری گزینگی تاوێ، عوسمان گەڕایەوە بۆ ئاوایی، پێمگوت: حەمە خڕەم بۆ بنێرە، بڵێ: لە چادری ئێمە میرزا مستەفا چاوەڕوانیت دەکا. ئیدی عوسمان ڕۆیی، ئەمنیش خەوتم. دەوروبەری نێوەڕۆ، ڕەوانشاد حەمەخڕە بە قەفەسە کەوەوە، هاتە چادری ماڵی کاک عوسمان. نان‌وچای بەیانیم نزیک نیوەڕۆ خوارد، دەگەڵ حەمەخڕەی وەبەندنێ کەوتین. تەنیا دەمانچەم هەڵگرت و تفەنگ و کۆڵەپشتییەکەم لەچادرێ بەجێهێشتن.

حەمەخڕە، ئەڵقەی پێوەندیی نێوان من‌و کاک عەوڵای ڕەحیمی زێنێ بوو. ناوبراو گوتی: عەوڵا هاتوە، دەڵێ: کۆمەڵێک ژاندارم هاتوون بۆ گوندی مەحمەشەی خوارێ، لە دیوەخانی ئیرزاخانی جێگیر بوون، هەتا ئێستێ نازانم بۆ هاتوون و بەدوای چدا

دەگەڕێن؟ بە میرزامستەفای بڵێ وریای خۆی بێ و جارێ نەیەتە ئاوایی ماسوێ و دایماوێ.

گوتم: زۆر ماندوو بووم. پێڵاوەکانم شڕ بوون دەبێ جووتەپێڵاوێکم بۆ پەیداکەی. دەتمەنم دایە گوتم: بینێرە بۆ محەممەدی شیرنێ یان بۆ وەستا کەریم بەفراوی، لە شاری مەهاباد، جووتە پێڵاوێکی فیل‌نیشانی نمرە دە١٠م بۆ بکڕن.

ماسوێ ماشێنی خەتی هەبوو. هەموو ڕۆژێ خەڵک دەچوو بۆ مەهاباد. بۆ دوو سبەی ئەو ڕۆژە حەمەخڕە هاتەوە، بە جووتێک پێڵاوی جیری فیل نیشانەوە. ئەمنیش پێڵاوەکانی کاک ساڵحم دا بە حەمەخڕە.

چادری ماڵێ مام وسووی لەسەر ڕێگا بوو، بۆ مانەوە نەدەبوو. چادری ماڵێ مام بەکری حامیدی لەسەر مووچەی خۆیان بوو، ئەوێ شوێنێکی باشتر و بەلاوەتر بوو. جاروباریش هاتوچۆی گوندی خەڵیفەم دەکرد، دەچوومە ماڵی مامۆستا مەلامحەممەدی مەزنەی. بەرزایی پشتی‌گوندی خەڵیفەی مەهاباد و سەری مەیدان و دوڵی ماسوێ... هەموو لایەکی لێدیار بوو. زیاتر لە دوو حەوتوو لەو نێوە مامەوە. حەسابوومەوە.

***

## دووهەم سەفەرم بۆ شامات

ئەمجارە بۆ گەڕانەوەی شامات، یەکسەر لە گردیاقووبەوە نەچووم بۆ مەرجاناوا، چوومە گردەگڕوێ و لەوێشەوە بۆ دێی مەنسووری، ماڵی قوربانی سەرڕووتی. هەرلەدێی مەنسورەوە بەهۆی برادەرانی حیزبی توانیم پێوەندی بەدەرویش قادرەوە بگرم، چاوم پێی بکەوێ. ناوبراو زەمینەی چوون بۆ حاجی حەسەن و خێراوایەی بۆ ئامادە کردبووم. شەو دەگەڵ عەوڵا قوربانی و

برادەرێکی دیکە، چوومە گوندی حاجێ حەسەن. لە ماڵی کاک ڕەحمان ناوێک کۆ بووینەوە.

دوایی بردیانم بۆ شوێنی حەسانەوە و مانەوەی سبەینێ. ماڵێک بوو لە سەرپەڕی گوندی حاجی حەسەن. برادەرێکی گوندی حاجی حەسەنم دەگەڵ بوو. لە پێشدا چووە ماڵەکە لە خەوی هەستاندن. ژنێکی بە تەمەن، بەڵام بەگوردوئازا و کەڵەژن. بە ئاماژەی ڕێنوێنەکەم، چوومە پێش، حەساری بە دەروازەیان نەبوو، پیاویشیان لە ماڵ نەبوون. دایەخانم بە خێرهاتنی کردم، خێرا نوێنوبانی هێنا بۆ ژوورێک کە نەختێک لە ژووری ماڵەوەیان دوور بوو. دیاربوو ژوورەکەیان تازە دروست کردبوو، بۆنی شەداری و سواخی لێدەهات. ئیدی تفەنگەکەم دەگەڵ خۆم درێژ کرد و خەوتم. دوا نێوەڕۆیەکی درەنگ بوو کەسێک هات، لاوێکی لەوکاتی خۆم بەتەمەنتر. لاوەکە دەرگای کردەوە، کە زانی بەخەبەرم سڵاوی کرد و زۆری بەخێرهاتن کردم. داوای لێبووردنی کرد کە لەماڵ نەبووە...

دیار بوو کاک ڕەحمان چاوی بەلاوەکە کەوتبوو، جا چی پێگوتبوو ئەوەی نازانم. لاوەکە هەر تەماشای منی دەکرد و سەری دادەخست، زەردەخەنەی بەلێوانەوە دیار بوو. دوایی پرسیارم لە لاوەکە کرد: کاکە، دەڵێی پێکەنینت بەشتێک دێ؟

ئەوجارە لاوەکە، پێکەنینەکەی خۆی ئاشکرا کرد، گوتی: بەدایکم پێدەکەنم. ناوبراو گوتی:

کاتێک هاتمەوە ماڵ، دایکم پێی گوتووم: ڕۆڵە! ئەوشۆ کاک رەحمان کابرایەکی ناردوە ئەوە لەو دیوە تازەیە جێگامان بۆ ڕاخستوە، خەوتوە. کابرا دیارە "گۆرانە"! لەو مەڵبەندە بەدز دەڵێن گۆران. تفەنگ‌ودەمانچە و فیشەکدانی پێیە، بەڵام جگە لە سیلاح هیچی دیکەی پێنەبوو؟...

ئەو سەردەمە لە مەڵبەندی شامات و شارویران، دزی دیاردەیەکی قێزەونی بەربڵاو بوو. هەژاری و بێکاریی کۆمەڵگا بەتایبەت لە نێو توێژی دەسکورت و نەخوێندەوار، ئەو خەڵکە هەژارەی

بەتەواوی لەکەسایەتی داڕنیبوو، دایڕزاندبوو! دزەکانی عەجەمستان، ئەوەی بە گورگەمێشی دەستیان کەوتبا دەیانهێنا بۆ دزەکانی کوردستان. دزەکانی کوردستانیش، هەربەوچەشنە، ئەوەی بەدزی دەستیان کەوتبا دەیانبرد بۆ عەجەمستانی. هاوکاری یەکتربوون، بۆ یەکتریان خورد دەکردەوەو بەوجۆرە بە ماڵی دزی ئاڵوویریان دەگەڵ یەکتر دەکرد!

بەگوێرەی گێڕانەوەی لاوەکە، دایکی پێی وابووە" ئەو گۆرانەی ئەو شۆ هاتۆتە ماڵی ئەوان، لەوانەیە مێگەلە مەڕی ڕاپەڕاندبێ بۆ ئەوبەری جەختەتووی عەجەمستانی؟
ئەمن هەتا ئێوارەیەکی درەنگ لەوماڵە، چاوەڕوانی کاک ڕەحمان و شارەزایەک بووم کە دەگەڵم بێ بچم بۆ خێراوا. لاوەکەی خانەخوێم، چووە ماڵە جیرانێکیان، بۆچی چوو نازانم؟ دوایی هاتەوە گوتی:
حەمەدەمین دەسبڕاو، لەوماڵە جیرانەمانە دەڵێ: کەسێک بەناوی مەلامحەممەد خزری، بەرەو شامات هاتوە، تفەنگێکی بڕنۆی سوارەی پێیە دەگەڵ دەمانچە و دوو قەد فیشەکدان، رانکوچۆخەیەکی شینکیی دەەردایە؟!

***

## حەمەدەمین دەسبڕاو کێ بوو؟

ناوبراو کاتی خۆی پێش سەردەمی کۆماری کوردستان چاپەز، یان گزیری حەمەلانی لەجێ، حەمەداغای موزەففەری، خاوەنملکی گوندی لەجێی شارویران بووە. حەمەداغای لەجێ، لەسەر دەسپاکی و داوێنپاکی دەستێک و سەری کەپۆی ئەو حەمەدەمینە ساڵح و پاکە دەپەڕێنێ...

حەمەدەمین دوای ئەوەی کەپۆی و دەستێکی لەسەر ساڵحی و پاکیی خۆی دادەنێ، بەدەستێک هیچ کارێکی پێناکرێ یان نایکا؟ روو دەکاتە خانەقای زەنبیل لەوێ تۆبەی دەکا و دەبێتە، سۆفی زەنبیلی.

حەمەدەمین ئەوکاتانەی کە خەڵیفە لەزەنبیل بەرەو شامات و شارویران و سندووس وەرێدەکەوت، دەخزمەتیدا دەبوو. دەیانگوت: جاروبار، خۆی بەخەڵیفەش ناو دەبرد... لە تایبەتمەندییەکانی ئەو عالیجەنابە: ریشێکی کۆرپەی زۆر جوان بوو. باڵابەرزێکی رێکوپێک، دەنگێکی خۆش، دەگەڵ بابەخەڵیفەی دەگەڕا و لەمزگەوتان حەیرانی بۆخەڵک دەگوت... کاتێک بابەخەڵیفە، لە بەسەرکردنەوەی مریدانی ناوچە دەبۆوە، حەمەدەمینیش دەستی دەکرد بە گۆرانیگوتن بۆشایی و زەماوەندان...

ئەوجار بەوەشەوە نەدەوەستا، دەگەڵ دزەکانی شارویران و شامات دەبوو بەشەریکەدز. هەرکەس بەشی نەدابایە، لە ژاندارمەری ڕاپۆرتی لێدەدا و تووشی سەرئێشەی دەکرد. کورتوکرمانجی ناوبراو هەم شەریکەدز بوو، هەم پیاوی ژاندارمەری. دەکرا گومان و زەینێ مرۆی بۆ لای کردەوە دزیوەکانی خۆی ڕاکێشێ، جگە لە چاکە هەموو ئاکارێکی خراپی لەدەست دەهات. تەنانەت باجی لە دەوڵەمەندە دەوڵەت-پارێزەکانیش دەستاند و دەیکرد بەقومار دەیدۆڕاند. ئەوە کورتەیەک بوو، لە کەسایەتیی حەمەدەمین دەسبڕاو. ئەوەی لێرەدا نووسراوە، باشترین پێناسەیە بۆ ناوبراو!

حەمەدەمین بۆمن کەسێکی نەناسراو نەبوو. بەمانگ لەماڵی ئاغاکانی قەرەشلاخ و ماڵە کاکحوسێنی حاجی برایمی قەرەشلاخێ دەمایەوە.

حەمەدەمین کەسێکی زۆر مەترسیدار بوو. نازانم لە کوێ و لە کێ ئەو پێناسە دروستەی منی وەرگرتبوو؟ ئەمن لێم یەقین بوو، حەمەدەمین بە شوێنمەوەیە. ئیدی ئەمن بە وتەی لاوە خانەخوێیەکەم زۆر تێکچووم. بەلام وەسەرخۆم نەهێنا. نازانم

خانەخوێکەم چۆن لەمن حاڵی بوو؟ ئێوارە تاریک داهاتبوو، شارزاکەم هات، دەگەڵی ڕۆیشتم بەرەو خێراوا. ناوبراو شارەزای ماڵڵی کاک مستەفادزەی بوو. کاک مستەفا دز نەبوو، مرۆیەکی شەریف و بەئەخلاق و نهێنیکار بوو. نازانم ئەو ناوەی بۆچیو کێ بەناهەق بەسەریدا سەپاندبوو؟

نابراو ئەمیندار و پیاوی مەحمووداغای شیخاغایی بوو. برادەرە شارەزاکەم چوو بۆ نێوگوند و ئەمنیش لە دەرەوەی ئاوایی لە جۆگەیەکدا مات بووم. زۆری نەکێشا. شارەزاکەم و کاک مستەفا هاتن، کاک مستەفا دەگەڵ خۆی بردمیەوە ماڵە خۆیان. مەحمووداغا لەماڵ نەبوو، چووبوو بۆ تەورێز. دەگەڵ کاک مستەفا و دووسێ کەسی دیکەی ئاوایی خێراوایە چاوپێکەوتنمان هەبوو. بەڵام ترسی حەمەدمین دەسبڕاوی، ببوو بە مۆتە لە سەرسینگم لانەدەچوو. نامەکەی مەحمووداغام دا بەکاک مستەفا بیداتێ ناوی خۆم پێگوت...

هەواڵنامەی کتێب

بۆ سبەی شەو، کاک مستەفا کەسێکی دەگەڵ ناردم هەتا دێی وەیساغای. ئەو شەوە شارزاکەم ئەمنی بردە ماڵی مەلا برایمی تەلاج.

دەگەڵ مەلابرایمی تەلاج بەدرێژی قسەمان کردم، سبەی ئەوشەوە دەگەڵ ناوبراو، چووینە گوندی قۆجاوایە، لەوێ کۆبوونەوەمان بوو، بەڵگە و بەیاننامە و باقی شتە پێویستەکان، گشتیانم تەسلیمی ناوبراو کرد. بەشێکی زۆری کاری ناوچە و پێوەندیگرتنم، پێئەسپارد و شوێنی خۆم و ئادرەسی حەمەخڕەی ماسوێم دا بە ناوبراو، خێرا گەڕامەوە...

دوای کۆبوونەوەی قۆجاوایە، دەگەڵ مەلابرایم بەرەو دەلکداش هاتم. لە وێوە چووم بۆ گردی. ئەوجارە چاوم بە مەلا فەتاح کەوت، بەڵام بۆ مانەوەی سبەی، هەر ئەو شەوە هاتمە گردی کایە. ڕۆژەکەی لە(گردی کایە) مامەوە و مەلا فەتاح هاتە لام. بۆ شەو کە دەگەڕامەوە بۆ گردیاقووب، ئەسپێک و دوو لاوی قۆچاخی بۆ ئامادە کردم. ئەمن سواری ئەسپەکە بووم، لاوەکان پیادە

دەگەڵ ئەسپەکە دەڕۆیشتن بەڕاستی ئازا و قۆچاخ بوون. کاتێک گەیشتینە گردیاقووب هێشتا قەیاسێکی مابوو بۆبەرەبەیان.
چوومە ماڵی مەلاڕەحمان، ناوبراو بۆ مانەوەم، ئەو شەوە بردمی بۆگوندی (کۆنەدێ). میوانی سۆفی رەحیم محاڵی بووم. کۆنەدی گوندێکی چووکە بوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەو گوندە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. گردیاقووب، هەر بەو جۆرە بوو.
لەگوندی(کۆنەدی)، ماڵی کاک حوسێنی حاجی برایمی شاییان هەبوو،زەماوەندی ئەبووبەکری ڕەمەزانی بوو.
سوفی ڕەحیم پێیگوتم: مەلا محەممەدی عەجەم، سەرچۆپیی داوەتێ ناداتە کەس، لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ دەستی داوەتی بەرنادا...!
زۆری پێقەڵس بووم. مەلا محەممەدی عەجەم زانیبووی لەوشوێنەم. زۆری نەخایاند دەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک هەباسی ڕەمەزانی هاتن بۆ ئەو ماڵەی ئەمنی لێبووم. هەڵیانئەستاندم. لەلام دانیشتن عەجەم زانی قەڵسم. گوتم: مەردی حیسابی ئەوە گاڵتەکردن بەچارە نووسی ئەو خەڵکە فیداکارە نیە ؟...
گوتی کەس ئەمن ناناسێ. گوتم ئەگەر ناتناسن ئەدی ئەو هەواڵەیان چۆن بەمن داوە؟ زۆرم لۆمەی عەجەمی کرد، نەدەبوو کاری وا بێجێ بکا و یاری بە چارەنووسی خۆی و خەڵک بکا...
ئەورۆژە دیسان مەلاعەجەمم نارد بۆ ئاوایی قەرەقشلاخ، شادڕەوان محەممەد یارە، ئاگادار بکا: ئەمشۆ دێمەوە بۆ قەرەشلاخ، لە دارەپەڵکی چاوەڕوانیم بکا. عەجەم چوو بۆ قەرەشلاخ و هاتەوە، پێوندییەکەی گرتبوو.
تاریکانی ئێوارێ دەگەڵ زیندوویاد مەلا ڕەحمانی چۆماو چووم، بەرەو قەرەشلاخ وەڕێکەوتین. گەیشتینە نزیک گۆڕستانی بارزانییان لە دارەپەڵکێ، تروسکایی فەندەکی کاک محەممەد یارە دەرکەوت. زانیمان هاوڕێی خۆمانن.

گەیشتینێ، محەممە دیارە تەنیا خۆی بوو. بەنێو جۆگەی سەر چۆمیدا، بەرەو ئاوایی ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە ڕاستی گۆمێ سەیدی. (شوێنێکە لە قەرەشلاخ دەبێتە پێش ماڵی هەباسی مەحموود سێمانی) لەسەر لێواری چۆمییە.

لەودەمەدا هەستم بەخشپەیەک کرد، ڕاوەستام. خشپەکە بێدەنگ بوو. بە کاک محەممەد یارەم گوت هەستی مرۆڤ بوو. گوتی هیچ نیە وەرە، لە قەراخ جۆگەکە نازانم کۆنەچاڵ بوو، یان ئاودڕ؟ چوومە سەری کابرایەکی تێدابوو، کەزانی دەچمە سەری هەستایە سەرپێ. دەنگم دا گوتم کێی کوژرای.

کابراکە زۆر هێدی و لەسەرەخۆ گوتی مەلا بابم بۆ دەمکوژی، خۆ ئەمن پیاوخراپ نیم. کابرام ناسی. محەممەدی برای هەباسی مەحموود سێمانی بوو. هەباسی مەحموود سێمانی، کەسێکی خۆشناوی ئاوایی و مەڵبەند بوو. بەڵام محەممەدی برای گورگەمێشیی دەکرد...

دەبوو چووباینە حەوشەی ماڵی یارەی و لەوێڕا بە نەردیوان وەسەر کەوین بۆ بەسەربانی و لەوێوە ئاوەژووی حەوشەی ماڵێ خۆمان باینەوە. وەکوو جارەکانی پێشوو، بە نەردیوان وەسەر کەوتین بە سەربانیدا شۆڕ بووینەوە حەساری ماڵێ خۆمان. لەو ڕێگایەدا هەستم بە زیندەوەرێک نەکردبوو.

تەنانەت سەگێک پێمان نەوەڕیبوو. ئەمن ئەو فێڵەیان فێر کردبووم کە سەگ پێمنەوەڕێ. دەگەڵ کاک محەممەد یارە چووینە ماڵێ خۆمان دانیشتین چایان حازر کردبوو، فاتمێ خوشکم چووە دەرێ هەستێک ڕاگرێ. گوێم لێبوو جنێو بە کەسێک دەدا؟ دەستم دا تفەنگەکەم، محەممەد یارە پێشی گرتم. فاتمێ خوشکم لەو شیرەژنە نەترسانەی سەردەمی خۆی بوو. ئەو کەسانەی ناوبراویان چاو پێکەوتبێ لە من باشتر و جوانتر، باسی ئەو شیرەژنە دەکەن. ناوبراو هاتەوە ژوور، گوتی: دەست دە تفەنگەکەت و بڕۆ خێرا ئاوایی قەرەشلاخ بەجێبێڵە.

دەستم دا تفەنگەکەم گوتم چباسە؟ گوتی: ئاشکرا بوویە، دەرگام کردەوە ڕەحیمی حەمە مرادی لەپشت دەرگا بوو، پێمگوت بێ-شەرەف، ئەوە بۆ هاتوویە پشت دەرگا...

ڕەحیم گوتی: دادە فاتم ئەوچەکدارە کێ بوو، هاتە ماڵێ ئەنگۆ؟...

خوشکم گوتی: دەبێ هەر ئێستێ لە قەرەشلاخ وەدەر کەوی. ئەمن فریای ئەوەی نەکەوتم نان دەگەڵ خۆم هەڵگرم. بەکاک محەممەد یارەم گوت وەدەر نەکەوێ هەتا ئەمن خۆم دەربازی قەراخی ئاوایی دەکەم. وەدەر کەوتم، گەیشتمە قوونەبانی ماڵی سوڵتان یارەی جیرانمان، چرای دوکانی مستەفا شەبانی داییسا. لەسەر تەپکی قەرەشلاخێ لە پێش قوتابخانەی ئاوایی، چرایان تێگرتم، چراکە هەر ئەوەندە بوو ماشێن نەبوو. هەرچەند چراکە دەگەڵ من مەودای هەبوو؛ بە کابرام گوت چراکەت بکوژێنەوە، نەیبیست. نە جارێک نە دووجار، دەستهەڵگر نەبوو. ئەمنیش فیشەکم لێبردە بەر تفەنگێ، تەقەم لە کابرای کرد، بەڵام هەر بەسەریمدا هەڵتۆقاند. دوو فیشەکم بە سەردا هەلتۆقاند. چراکە کوژایەوە، چرای دوکانی مستەفا شابانیش کوژایەوە. بەڵام تەقەی من و چەقولووری سەگی ئاوایی قەرەشلاخیان وروژاندبوو.

ئەودەم ماڵی ئێمە و کاک وسێنی برای مامۆستای خانووەکانمان بەسەر یەکەوە بوون. ماڵێ مامۆستای لەسەر جۆگەی بوو، دەکەوتە قەراخی ئاوایی. زۆر تیژ تێپەڕیم خۆم گەیاندە زەویی پشت ماڵان. رووم کردە ماڵی شادڕەوان میرزا محەممەدی شابانی. ناوبراو لەو زەوییە تاقەماڵە بوو، لەمێژ نەبوو خانووی لێساز کردبوو. کە گەیشتمە حەساری ماڵی میرزا محەممەد، هەموویان بەخەبەر بوون. زانیان ئەمن کێم. دەگەڵ میرزا محەممەد، چەندجارێک چاومان بەیەکتر کەوتبوو. دەگەڵم هاتنەوە ژوور. گوتیان ئەوە ئەتۆ بووی تەقەت کرد؟ بەسەرهاتەکەم بەکورتی بۆ گێڕانەوە و داوای نانم کردو، خیرا سەلکێک رۆنی کەرە و نردوێک نانیان بۆ هێنام. گوتم ئەوەندەم نان‌وپێخۆر پێهەڵناگیرێ...

ئەوەندەی پێویستم بوو لە جانتاکەی خۆم ئاخنی و هەڵمگرت، بەتەنیا ڕێگای گۆل و چۆمەڵانم گرتە بەر. نیوەشەوێکی تاریک بوو. لەنزیک قۆپیی کەسکاوایە بەسەر مێگەلەمەڕێکدا کەوتم. سەگ شاڵاویان بۆ هێنام و شوانەش سەگەکانی تێبەردەدام و جنێوی دەدا، دەیگوت؛ دایکی... بێیە پێشێ بلاوت دەکەم!؟

هەرچەند ئەمن بە شوانەم دەگوت سەگەکان ئارام کاتەوە ئەو توندتر دەبوو. پێی وابوو ئەمن دزم هاتووم مێگەلەکەی ڕادەم. سەگەکان زۆر دڕ بوون، وەک سەگی هەموو شوانان. ناچار تەقەم لێکردن سەگەکان بە تەقەکەی پرینگانەوە. ئەمنیش ڕێگای خۆم گرتە بەر. زۆر توند دەڕۆیشتم. بە بۆچوونی خۆم کۆسەکەرێز بۆمانەوە نەدەبوو. دەبوو هەرنەبێ خۆم بگەیەنمە گوندی سێلەکەی. بەرەبەیان بوو لەگوندی گۆلێ تێپەڕیبووم، گەیشتبوومە، پشت مێشەکەی ئەو دۆڵە کە دەچوو بۆ چۆمەڵانی. زۆر بەخێرایی دەڕۆیشتم. دەگەڵ زەردەی هەتاوێ گەیشتمە پشت ماڵەکانی سێلەکەی. لە نێوان گوندی چۆمەڵان و سێلەکەی بەرزایییەک هەیە، چوومە سەر ئەو بەرزایییە. بە دووربین سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، زیندەوەری خوای دیار نەبوو. تاشەبەردێکم بەدی کرد، تفەنگ و کۆڵەپشتی و دووربینەکەم لەبن تاشەبەردێک نان و هێندێک قانگەلاشک و قاللۆرم بەسەردا دان، خێرا لێیان دوور کەوتمەوە، خۆم گەیاندە ڕێگای نێوان سێلەکە و چۆمەڵان. بۆئەوەی ئەگەر کەسانێک چاویان پێمکەوت وا بزانن ئەمن ڕاڕەوم لە گوندی چۆمەڵانەوە دەچم بۆ سێلەکەی.

***

## هاتوهاواری ژنێک...؟

لەبیرم نەماوە، دەمانچەی سەید ڕەسووڵی سەید لاجانیم پێبوو، یان‌هی حەمەد گۆرانی؟ دەمانچەکەم لەبەر پشتێندم ناو داگەڕامە خوار بۆ گوندی سێلەکەی. لەکن مێشەکەی سەرووی

ماڵان، تووشی عەلیی مام سمایلی بووم. (دەگەڵ کوڕەکانی مام سمایل، کاک محەممەد و کاک عەلی ناسیاویم هەبوو. هەر دووکیان کوردی نیشتمانپەروەر بوون.) بە کاک عەلیم گوت: تفەنگ و دووربین و کۆڵەپشتییەکەم لەژێر فلانە تاشەبەرد حەشار داون، بە دیاریانەوە بە، ئەمن دەچمەوە ماڵێ ئەنگۆ، زۆر ماندووم نەختێک وچان دەدەم و نان‌وچایەک دەخۆم، دوایی دێمەوە لات. کاک عەلی هێندێ پاتاڵی لەبەردا بوون بە بیانووی پاتاڵەکەوە، بەدیار تفەنگ و شتەکانی منەوە لەوێ خۆی خافڵاند...

ئەمن چوومە ژوری دیوەخانەکەیان. مام‌سمایل لەسەر بەرماڵی نوێژێ بوو، خەریکی ویرد و تەسبیحاتی خۆی بوو. سۆبەی بەگوێنییان داییسا. لەبەر سۆبەکەی خۆم گەرم کردەوە بووژامەوە، خەوم لێکەوت. ئیدی نازانم کامیان هاتبوو جاجم بوو، یان لێفە؟ بە سەری هەڵکێشابووم. لەبەر ماندوویەتی هەتا دەرەنگانێکی دوای نیوەڕۆ وەخەبەر نەهاتم. ئەو دەمەش هاوسەری یەکێک لە براکان بوو هاتە ژووریێ گوتی: "برالە ئەتۆ لە تاوهەڵاتەوە خەوتووی، ئاخر ئەوە نوێژی ئێوارەیە، نانێک، چایەک بخۆ..."؟

بەقسەی ئەو خوشکە وەخەبەر هاتم هەستام دانیشتم. دەمانچەکەم هەر دەبەر پشتێندێدا بوو، لەبەر پشتێندێم هێنایە دەر لەلای خۆم دانا، پێچ و کڵاوەکەم لە تەنیشت خۆم دانان، نان و شیرێژوڕۆنی مەڕی قەوسی پاییزیان بۆهێنام، خۆم پێ‌سەیر بوو، تێرم نەدەخوارد؟ خواردم بەڵام خواردن!

ئەوجارە چادانێکیان چا بۆهێنام ئەویشم خواردەوە. زۆرم خۆ پێ سەمەرە بوو، دەتگوت مانگێکە نان‌وچام نەخواردوە؟...

نیازم هەبوو وەدەر کەوم، بچمە لای کاک عەلی ، بەڵام هێشتا کڵاو و پێچەکەم نەبەستبوو، خۆم توند نەکردبوو. لەپڕ ژنێک بە لەخۆدان و هات‌وهاوار هاتە حەساری ماڵی مام سمایلی بە چۆکی

خۆیدا دەدا و دەیگوت: "ئەی ئامۆژن بەقوربانت بم دەبەرتمرم، ئامۆژن میوانەکەتان کوا؟ عەجەمم گەیشتنە سەری"!؟
گوێم لە قسەی ژنەکە بوو، ژنە، هەر سێ چوار میتر لەمن دوور بوو. ئیدی ئەمن وەک فەنەرم لەژێردا بێ دەرپەڕیم. دەمانچەکەم هەڵگرت دەگەڵ پێچ و کڵاوەکەم، فریای ئەوە نەکەوتم کەوشەکانم دەپێ بکەم، یان کڵاو و پێچەکەم لەسەرم بەستم. کڵاو پێچو دەمانچەکەم بە دەستەوە بوو، پێڵاوەکانیشم بەسەرپێوە بوون، فریا نەکەوتبووم پانیەی کەوشەکانم هەڵکێشم. بەمانای وشە پەشۆکابووم. بۆخۆم نازانم بە چسورعەتێک لەو ژووره هاتمە دەر، لە حەوشی ماڵێ مام سمایلی دوور کەوتمەوە؟ ئاگام لەوەی بڕا ئامۆژن چی گوت و ژنەی بە هاتوهاوار، چی بەسەر هات!
پێموابوو ئەوە عەجەمەکان لە سەربانن و ها ئێستێ بمدەنە بەر دەسڕێژ و دابێژدابێژم بکەن. نزیکەی بیست تاسی میترێک، لەو ژوورەی پێشتر لێی خەوتبووم دوور کەوتبوومەوە. گوێم لە تەقە و دەنگدانی عەجەمان و هیچ شتێک نەبوو. دوو ژن لە سەر کانییەکەی سێلەکەی بوون کە منیان دی، گوتیان: وادیارە عەجەمەکان هاتن ئەوە قاچاخچییەکەی ماڵێ مام سمایلیش وەدەرکەوت، ڕۆیی.
ژنەکانی سەرکانی ئەوەندەی دیکەیان ترساندم. پەنجا میتر، یان زۆرتر، لە ماڵان دوور کەوتبوومەوە. ئەو جارە پانیەی کەوشەکانم هەڵکێشان، خۆم ئامادە کرد بۆ ڕاکردن بەرەو پۆلەدارەکەی سەرووی ماڵان. هێشتا ئاوڕم لە دوای خۆم نەداوەتەوە. کاتێک ئاوڕم دایەوە نزیکەی سەت میترێک لەئاوایی دوور کەوتبوومەوە.
ئیدی کە گوێم لە دەنگی تەقە نەبوو، کەس دنگی نەدام، ئەو جارە باشترم ئاوڕ دایەوە، عەجەم دیار نەبوون. ئاهێکم هاتەوە بەر، زەین و چاوم پیوەندییان پێکەوە گرتەوە. هەوڵم دا زۆر ئاسایی بەڕێگەدا بەرە و چۆمەڵان بۆ ئەو شوێنەی کاک عەلی بەدیار کەلوپەلەکانمەوە دانیشتبوو، بڕۆم. هەر واشم کرد. دیتم کاک عەلی لە سەرووی مێرگەکەی ئاوایی بەدیار پاتاڵەکەیەوە

دانیشتووە، چاوەدێریی شتەکانی منیش دەکا. ناوبراو ئاگای لەو بەسەرهاتە نەبوو کە منی پەشۆکاندبوو. چوومە لای و ئەوەی دیتبووم و بیستبووم بۆم گێڕایەوە. گوتم ئەتۆ بچۆوە ئاوایی بزانە ئەو هاتوهاوارە چبووە بەڵام خێرا بە نانوپێخوری تەسەلەوە بگەڕێوە لام، ئاگادارم کەوە. کاک عەلی مام سمایلی رۆیشت، ئەمنیش هەڵکشام بۆ شوێنی شتەکانم.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو. فیشکدانەکان و کۆڵەپشتییەکەم لە خۆم بەستن و داگەڕامەوە خوارێ. زۆری نەخایاند کاک عەلی بەبوخچەیەک نانوپێخۆرەوە گەڕایەوە لام. گوتم بەسەرهاتەکەم بۆ باس بکات ئەو هاوهاوارە چ بووە؟

ناو براو بەو جۆرەی بۆ گێڕامەوە:

" ئەمڕۆ بەیانی، کاتێک ئەتۆ هاتوویە ماڵێ مە، لاوێک کە پێشتر شوانی خۆمان بووە و لە کوێستانان چاوی بە تۆ کەوتوە، تۆی ناسیوەتەوە. ئەولاوە لە چەوەندەرهەڵقەندنەوەی وەرزێرێکی خەڵکی مەحمەشەی بووە لە دەراوی سێلەکەی. دەبینێ ئەوە ماشێنێک ژاندارم ڕوو دەکەنە نێو ئەو کرێکارانە کە خەریکی هەڵقەندنەوەی چەوەندەرن. ئەو لاوەش کە بەیانی تۆی دیوە، هاتوویە ماڵێ مە پێی وابووە، ئەو ژاندارمانە بەشوێن تۆوەن. خێرا وەبەندەنێ هەڵگەڕاوە خۆی گەیاندۆتەوە ماڵێ خۆیان. بەدایکی گوتوە: دایەخیرا خۆت بگەیەنە ماڵێ مام سمایلی، ئەگەر میوانەکەیان نەرۆیشتوە، بڵی بروا هەتا عەجەم نەگەیشتوونە سەری.

ئیدی دایکی ئەولاوەش کە خزمی خۆمانە بە پەشۆکاوی دێ، ئەو هاتوهاوارەی دەماڵێ مە دەنێ" ئەوەش هاتوهاواری هاتنی عەجەمان!

***

## خەبەری عەجەمان چ بوو؟

راست بوو، هەتا خوار ئاوایی سێلەکە هاتبوون. لە هەورازەکەی بەرمالآن وەسەر ناکەون بە بێسیم ئاگاداریان دەکەن، بگەڕێنەوە. گوایە بێسیمیان بۆ دەکەن گەڕابوونەوە... بەهەرحالْ، ئەوش هەستی پاکی لاوێکی کورد، کە کوردایەتی هانی دەدا هەرچی زووە، خۆی بگەیەنێتە گوندی سێلەکە، گیانی پێشمەرگەیەک لە مەترسی رزگار بکا. ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە هەست و هاوکاری و ئەخلاقی شۆڕشگێرانەی لاوانی کورد، بەرامبەر بە پێشمەرگە...

***

لە هاتنی پاسگەی ژاندارمەری بۆ مەحمەشەی خوارێ ئاگادار کرابووم. هەروەها لە شامات قسەکانی حەمەدەمین دەسبڕاوم بیستبوو. شەوی رابردووش لە قەرەشلاخ تووشی ئەو بەسەرهاتە نەخوازراوە هاتبووم. ئەوانە هەموویان بەگشتی پێیان دەسەلماندم کە کۆمەڵێک داون بۆیان ناومەتەوە و زەحمەتە لەو داوانە ڕزگاریم بێ. ئەوە بۆچوونی خۆم بوو لەسەر ئەو پێشهاتانەی دەگەڵیان بەرەوڕوو ببووم، بەو جۆرەم لێک دەدایەوە...؟!

ئەوەندەی بۆم هەلدەگیرا نانوپێخۆرم دە کۆڵەپشتییەکەم ئاخنی، ماڵئاواییم لە کاک عەلی مام سمایلی کرد و بە دۆڵێ گلۆوکە زەرداندا، بەرەو هومام و چارەنووسی نادیار کەوتمە ڕێ. لە دۆلەکەی بەرەو دیوی هومام وەسەر دەکەوتم، ڕۆژ لەسەر سوێی بوو، یان ئاوا ببوو. دیتم لە بناری چیای لای ماسوێ، شوانێک بەسواری گوێدرێژی بەقەدی چیاکەدا دەڕوا، سەگەلێکی زۆری بەدواوەیە. کاتێک سەگەکان چاویان بەمن کەوت بە سەرڕەو شالآویان بۆ هێنام. شوانە دوور بوو، نازانم بانگی سەگەکانی کردیان نا؟ سەگەکان نەدەگەڕانەوە. زۆر دڕ و بێڕەزا بوون. ناچار، بە تفەنگەکەم تەقەم لێکردن. بە تەقەی تفەنگەکە

سەگەکان زۆربەیان لێم پرینگانەوە، بەڵام سەگێکیان بەهیچ جۆر، نەدەگەڕایەوە، قەستی بوو ئامبازم بێ.

***

## بووم بەمیوانی شوانان!

شوانە لە من دیار نەبوو، داگەڕابۆوە خوارتر. سەگەکە، دیتی سەگەکانی دیکە گەڕاونەوە، ئەویش لە ئامبازبونم پەژیوان بۆوە، بە وەڕین کەوتە شوێن هاواڵەکانی خۆی. وەسەر کەوتم دیتم شوانە، لە گوێدرێژەکەی دابەزیوە، خەریکە بارەکەی دادەگرێ.

لەدوورەوە هەرام کردە شوانەی. کاکە لێت نزیک بمەوە ناترسی؟

شوانە گوتی: نەوەڵڵا. زۆریش بەخێرێی.

گوتم: بۆناترسی ئەوە نیە ئەمن دەستم داوەتە چەک و بوومەتە چەتە و وەبەندەنێ کەوتووم.

شوانە گوتی: نا ئەتۆ چەتە نی، ئەمن تۆ دەناسم.

گوتم: منت لە کوێ دیوە، وادەڵێی دەتناسم؟

شوانە: ئەوە نەبوو بەهارێ، لەسەرتەنگی لەندی شێخان دەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بووی، ئێمەش لەوێ چامان بۆ لێنان...!

زۆری پێ سەرسام بووم، سەرم لە پسپۆڕیی شوانان سوڕمابوو؟ گوتم شوانە زۆر ماندووم، دەتوانن دوو سێ شەووڕۆژان دەگەڵ خۆتانم خەن و نەهێڵن ئاشکرا بم و لەئاوایی لای کەس نەیدرکێنن کە لە لای ئێوەم؟

شوانە بەهەستێکی پاکی کوردانە وەڵامی دامەوە، گوتی: ئەگەر ئەتۆ بە هەواڵەتی و نانی ئێمەی شوان ڕازی بی، ئێمە شانازیت پێوە دەکەین و لای کەسیش نایدرکێنن.

ئیدی لەچوون بۆ هومام و سەرشاخان پەژیوان بوومەوە. مانەوە لەلای شوانەکانم لە مانەوەی هەموو ماڵ و شوێنێک بەمتمانەتر زانی. شوانە گوتی ئێرە جێورگەمانە و ئەمشەو لێرە دەسبێنێ دەگرینەوە و مێگەلێ شەوێن دەدەین. ئاوری هەڵکرد، عەبایەکی

بۆ ڕاخستم دانیشتم. قەوسی پاییزێ ١٣٤٤بوو، زۆر سەرما بوو. کاتێک دانیشتم گەرمایی لەبەدەنم دەچووە دەر، هەستم کرد زۆرم سەرمایە. رانکوچۆخەیەکی تەنکی هاوینیم دەبەردا بوو، دەگەڵ پۆلیوێری مارفاغای. بەئاوری شوانەی خۆم گەرم دەکردەوە، گوتی: هەر ئێستێ گیسکێکت بۆ دەکوژمەوە.

ئاخری مانگی سەرماوەز بوو، چادری بناری هومام و بایزبەگی نەمابوون. سەرمای ئەو بەندەنەش، مرۆڤی رەق هەڵدێنا. لەبەر ئاگری شوانەی خەونووچەکە دەیبردمەوە. مێگەل هاتەوە سەر حەوشەی. شوانە بە هاوڕێکانی گوت: کوڕینە! میوانێکی زۆر خۆشەویست بەسەری کردووینەوە.

شوان و سەرشوان، هاتنە دەوری ئاگرەکە و هەریەک بە نۆرەی خۆی بەخێرهاتنیان کردم. سەرشوانەکە دەگەڵ یەکێک لە شوانەکان، سرتوخورتێ بوو؟ دوایی گوتی: ئەمن تۆ دەناسم.

گوتم: ئەتۆ من لەکوێ دەناسی؟ گوتی ئەمن ناوم عەزیزە، لە دەورەی ئاموزشی سەربازی لە سەبازخانەی ورمێ، ئەمن لە گرووهی تۆ بووم. هەموو جارێ کە نامەم لە ماڵەوە بۆ دەهات، ئەتۆ بۆت دەخوێندمەوە و وەڵامەکەت بۆ دەنووسیمەوە...

ئەو عەلامەتانەی شوانە دەیگوتن و هەڵیدەدان ڕاست بوون. گوتم پێتوایە بەهەڵە نەچووی؟ ئەوجارە ناوی سەربازەکانی بۆ هەڵدام، شکم لەوەدا نەما کە ڕاست دەکا و ئەمنیش بە هەوڵ و هێزی بیرم ناوبراوم هاتەوە بیر...

گوتم کاکە عەزیز! ئەوجار تۆم دێتەوە بیر... ئەمن لەوانەیە حەوتوویەک لای ئێوە لەو بەندنە بمێنمەوە، تکات لێدەکەم ئەو برادەرانەی دەچنەوە ئاوایی بۆ هێنانی نانی شوانان، لە زمانیان نەترازێ بڵێن: کەسێکی وەهاتان دەگەڵدایە و... کاک عەزیز خاترجەمی کردم گوتی: بە ڕۆژ تفەنگەکەت لە سەرپشتی گوێدرێژی دەشارینەوە و بۆخۆشت وەکوو ئێمە شوانی بەر مەڕیی...

ئەو شەوە بەپێی بەرنامەی خۆیان کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دابوو، گیسکیان کوشتەوە و لەسەر پۆلووی کۆڵوان، ئەوەی برژاندیان،برژاندیان و ئەوی دیکەیان لە تاوەیدا سوور کردەوە...
دوای گۆشتخواردن، یەک دوو چام خواردنەوە و لێیخەوتم. وابزانم یەک دوو، کاتژمێرێک خەوتم و دوایی مێگەلیان هەستاند بۆ لەوەڕێ. ئەمنیش دەگەڵ شوانان. ئەو ڕۆژە هیچ باس نەبوو. بە کاک عەزیزم گوت: بزانە وەلامێک بۆ حەمەخڕەی نانێری بەدزی حاڵی بکەن بێ چاوم پێی بکەوێ کارم پێیەتی.
گوتی بەچاوان. بۆسبەی ئێوارێ، چووینە بناری هومامی، حەمەخڕە، بە کەو و قەوەزەوە هات. چاوم پێیکەوت گوتی: هیچ باس نیە، ژاندارمەکان هەرلە مەحمەشەن، نەهاتوون بۆ ماسوێ و دایماوێ.
بۆ شەوی سێهەم دەهاتین بۆ بەرزایی بایزبەگی. بەلام، شەوی دووهەم لەنێوان خەڵیفە و چیای هومامدا لەو بەرزاییەیە، دەسبێنیان گرتەوە و مێگەلیان شەوێندا. ئەوشەوەش چەند کاتژمێریک خەوتم بۆبەرەبەیان مێگەلیان بەرە و سەری مەیدان و پشتی ئاوایی سەیداوو، تێهەڵکرد. سەری مەیدانێ لە ڕادەبەدەر سارد بوو، بەیانە بوو، خۆم پێڕانەگیرا. لە سەرمان فیشەکدانەکانم لە قەدی خۆم بەستن. تفەنگەکەم هەڵگرت، بە کاک عەزیزم گوت دەچمە سەر ئەو بەرزاییەیە کە دەڕوانێتە بناری بایزبەگ و ڕێگای مەهاباد و قازیاوا...!
لەو بەرزاییەیە وەسەرکەوتم ، چوومە نێوان دوو تاشەبەردان دەتگوت گۆڕیچە قەبرە، باپەنا بوو، بەرەوڕۆژ تێیدا ڕاکشام. هەوایەکی ساماڵ و لەرڕادەبەدەر ساردی هەبوو. لەنێوان ئەو دوو تاشەبەردەدا ڕاکشابووم. هەم سەری مەیدانم لێدیار بوو، هەمیش بناری هومام و ڕێگای ماسوێ بۆ قازیاوا و مەهاباد. نیوکاتژمێر دەبوو ڕاکشابووم. باشیی ئەو شوێنە ئەوە بوو وێڕای ئەوەی باپەنا بوو، لە هیچ لایەکیشەوە دیار نەبووم. سەیرم کرد کابرایەکی پیادە لەدیوی خەڵیفەوە هات گەیشتە نزیک

کانییەکەی سەری مەیدانێ. چاوم دەکابراکەوە بڕیبوو بەرەو سەیداوا یان"لکبن" بەڕێوە بوو. بەدوای کابراکەدا دیتم ماشێنێکی کەمانکاری سەربازی لەو چڕوهەڵەمووتە وەسەر کەوت!!
ماشێنەکە زۆر لەمن دوور نەبوو، بەچاو دەمدیت پڕ بوو لە سەرباز، یان ژاندارم. لە حاند کابرای پیادە ڕایانگرت. کابراکەیان دەگەڵ خۆیان سوار کرد و بردیان، بەرەو دوڵی لکبن وەڕێکەوتن. دیسانیش لە تێکهەڵچوون دەگەڵ ژاندارمان رزگاریم هات.

ئەو سەردەمە نێوان لاجان و مەهاباد، بەسەری مەیداندا وەکوو ئێستێ جادەی ماشێنی نەبوو. ئەمن هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات ماشێن بتوانێ لەو هەورازە ڕژدەی سەری مەیدانێ وەسەرکەوێ. بەبۆچوونی خۆم ئەوشوێنەم بە جێگایەکی ئەمین و ئارام دەزانی، بۆیە زۆربەی کاتەکانی سانەوەم لەوبەندنەی و سەری مەیدانێ و ئەونێوە دەبردە سەر. ئەو جارە سەرما دەفریام هات، هانیدام روو بکەمە ئەو گۆڕیچەیە و خۆمی تێدا حەشار دەم. ماشێنەکە کابرای پیادەی سوار کرد و بەرەو لکبن و دەشتی لاجان رۆیشت. خاترجەم بووم کەس لەو قەبرەدا ئەمن نابینێ. بەخاترجەمی بۆی ڕاکشام. سەرم وەسەر کۆڵەپشتییەکەم کرد، گوێم لە تەقەی تفەنگان دەبوو. کە سەرم هەڵدەهێنا هیچمگوێ لێنەدەبوو؟ دیسان سەرم وەسەر کۆڵەپشتییەکەم دەکردەوە. هەر جارناجارێک، هەروەک پێشوو دەنگی دەسڕێژی تەقەم دەبیستەوە!؟

لەهیچ کوێیەک کەس دیار نەبوو، جگە لەو مێگەلە کە ئەمنی دەگەڵ بووم. مێگەلەکە گەیشتبووە پشتی سەیداوایە و لە من دوور کەوتبۆوە. ئیدی ئەمن هەر لەوێ بووم. دەنگی تەقەکە ماوەیەکی کێشا. نازانم چەند کاتژمێر بوو تەقەکە وەستابوو؟ ماوەیەکی چەند سەعاتی بەسەردا ڕابردبوو. هەستام چوومە سەر بەرزایی چیای بایزبەگی، لە خوارێ کەسێک دیار بوو، هەرای دەکرد: نەماوە، نەماوە؟

بە دووربین تەماشام کرد کەسەکەم ناسی، ئەحمەدی عەوڵا جۆڵای ماسوێ بوو. کترییەک بەدەستەوە، توورەکەیەک بە پشتەوە، لە بەندەنێ دەڕوانێ و دیسان دەستی دەکردە چەتری چاوانی و هەرای دەکرد: نەماوە، نەماوە. داگەڕامە خوارتر، هێشتا ناوبراو ئەمنی نەدیتبوو. دەمزانی بە شوێن مندا دەگەڕێ. چوومە نزیک تاشەبەردێکی وەک ئەشکەوت، گوتم: ئەوە لێرەم کاک ئەحمەد ئەو عەلامەتە پێوەندییەت لەکێ وەر گرتوە، نەماوە، نەماوە؟

ورده ورده ئەحمەد بەرەو لای من وەسەر کەوت. دیار بوو زۆر ماندوو بوو. گوتی با دانیشم جا نەقڵەکەت لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە.

ئەحمەدجۆڵا، گەیشتێ دانیشت دەستیکرد بەگێڕانەوەی نەقڵەکە. بەڵام باشی ئاگا لە بنجوبەنەوانی بەسەرهات و ڕووداوەکە نەبوو. ئەوەی بۆمن گرینگ بوو، نەمانی مەترسی لەسەرخۆم بوو. زانیم کە هێشتا لە هیچ کوێ هەستیان بەبوونی من نەکردوە.

بە بۆچوونی خۆم، ئەوماشێنە ژاندارمەی بەسەری مەیدانێدا تێپەڕیبوو، بۆ یارمەتیی ئەوژاندارمانە چووبوو لە بەیرەمبوغە دەگەڵ چەتەکان تووشی تێکهەڵچوون ببوون. ئاکامی ئەو تەقوتۆقە بەکوژرانی هیدایەت و قادراغا و ژاندارمێک کۆتایی هاتبوو...

دوای ئەو بەسەرهاتە، عەوڵای ڕەحیمی زێنێ خۆی دەگەیەنیتە حەمەخڕەی دەڵێ: ئەمن لە نزیکەوە چاوم لەسەر بەسەرهاتەکە بوو. ماجەرای ژاندارمەکانی مەحمەشە ئەوە بوو کە ئیمڕۆ ڕووی دا. خەبەر بە میرزا مستەفابدە: هەتا ئێستێ هەستیان بەوە نەکردوە کەسی قاچاخ لەو نێوە هەبێ. دەگەڵ ئەوە پێویستە وریای خۆی بێ، بەڵام وابزانم ماجەراکە تەواو بووە...

حەمەخڕە خۆی نەوێرابوو بێ، لە جیاتی خۆی ئەحمەد جۆڵای بەغیرەت و ئازای ناردبووە لام...!؟

## هیدایەت و قادراغا چکەس بوون؟

هیدایەت و قادراغا، دوو کەسی چەتەی بێشەرم و بێئەخلاق بوون. بەفیتی هێندێ کەس لە خاوەنمڵکەکانی زەرزا، لە ناوچەی شنۆ، دەشتەبێڵ، خەریکی ڕاووڕووت و پیاوخراپی بوون. غەدر و زۆرییان لە وەرزێرانی شنۆ، دەشتەبێڵ کرد بوو، ئازار و ئەزایەتی وەرزێرانیان دابوو. دراویان لێ ئەستاندبوون و وەک بۆیان باس کردبووم: زۆریان نامەردی دەرهەق وەرزێرانی شنۆو دەشتەبێڵ کردبوو. بە گوێرەی ئەوەی بۆیان باس کردووم، ماجەرای ئەو دوو کەسە لە پیاوخراپیدا دوورودرێژە. ئەمن لێرەدا کورتی دەبڕمەوە:

پێشتر ئەمن ئاگاداریی وردم لەسەر ئەو دووکەسە چەتەیە نەبوو. وەک دواتر لە کەسانی ناسیاوی بەرپرسی شنۆم بیست: ناوبراوان، وێڕای ڕاووڕووت لە ناوچەی شنۆ، دەستدرێژیی بێ_شەرمانە و بێئەخلاقانەیان ئەنجام دابوو. ترسولەرزێکی زۆریان دەنێو وەرزێرانی شاوانێ و بێژاوێ و گوندەکانی ناوچەی دەشتەبێڵ خستبوو.

جگە لەوانە هەمووی: دۆڵی باو بادینان، جادەی نێوان نەغەدە و پیرانشاریان گرتبوو. بەهەڵکەوت پلەدارێکی لە پیرانشار، یان جەلدیان، بە خاوخێزانەوە بە ماشێنی خۆی بەو جادەیەدا دێ بچێتەوە شار، یان زێدی خۆی؟ لەڕێگا ئەو چەتانە پێشی ماشێنەکەی دەگرن، کاتێک دەبینن پیاوی دەوڵەتە ئەوەی پێی دەبێ لێی دەستێنن. یئیدی چی بەسەر دێنن، باسی ئێمە نیە؛ بەڵام ئەوەی بۆ بەخشین و چاوپۆشی نابێ و بەشەرییەت شەرمی لێدەکا: بردنی هاوسەری ئەو پلەدارە ئەرتەشییە دەبێ.

بەگوێرەی ئەوەی بۆیان گێڕاومەوە ئەو دوو چەتە پیاوچاکە!! ئەوژنە بێ دەسەڵاتە لە هاوسەر و منداڵەکانی دادەبڕن و دەگەڵ خۆیانی دەبەن؟ ماوەی چەند شەوو ڕۆژان ژنی ئەو ئەرتەشییەی دەگەڵ خۆیان بە چیاوبەندەناندا دەگێڕن و دەستدرێژیی دەکەنە

سەر!؟ ئەو دەمە ئەمن لە شارویران و شامات و ئەو ناوە بووم. بەوردی ئاگاداری ئەو جۆرە ڕووداوانە نەبووم.
بەحوکمی ئەوەی هەموو مرۆڤێکی ماندوو پێویستیی بە شوێنی حەسانەوە و حاوانەوە هەیە ئەو دووکەسەش گوندی (بەیرەمبوغە) بۆشوێنی حەسانەوە و حەشارگەی خۆیان دیاری دەکەن. گوندی (بەیرەمبوغە) لە ناوچەی سندووسە، گوندێکی لاپەڕە و بەچیای فەرەنگەوەیە. لەوگوندە ماڵی کەسێکی وەرزێر، بە ناوی خدربایز، دەکەن بە حەشارگەی خۆیان، لەوماڵەدا ماتەی هەڵدەگرن...
دوای ڕووداو، بەسەرهاتەکەی دوڵی باوبادینان،جادەی نێوان نەغەدە و پیرانشار، بە دەستووری فەرمانده ژاندارمەری زۆر لێبڕاوانە، ئەرتەش و ژاندارمەری سەریان دەدووی قادراغا و هیدایەت دەنێن.
ئەو ڕۆژەش کە ئەمن لەسێڵەکەی دەبم و ئەو ژنە هاتوهاواری هاتنی ژاندارمەکانی لەئاوایی سێلەکە خستبوو، بەشوێن ئەو دوو کەسە مەمبارەکەدا گەڕابوون، نەک بە دوای مندا.
دواتر سیخوڕ و جاسووسەکانی حکوومەتی ئێران، شوێنیان هەڵدەگرن و ئەو شەوە پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە ئەرتەش، یان ژاندارمەری دەوری گوندی بەیرەمبوغەی و حەشارگەکەیان دەدەن.
بەگوێرەی ئەوەی لەبیرم ماوە گوایە سەرەتا پلەدارێک دەچێتە نزیک ئەو ماڵەی ناوبراوان لێی دەخەون، بانگیان دەکا خۆیان تەسلیم کەن دەورەیان گیراوە و دەرچوونیان نابێ...
بەهەرحاڵ تەسلیم نابن و تەقە لە ژاندارمەکان دەکەن، کەسێک لە ژاندارمەکان دەکوژرێ، جابەدەستی قادراغا یان هیدایەت، ئەوەی نازانم و لەبیرم نەماوە؟ بەڵام وەک ئەوەی لە بیرم ماوە و بۆیان باس کردووم، قادراغا زووتر دەکوژرێ. هیدایەت دیوار کون دەکا، یان بە دەرگادا، ڕادەکا بەرەو گەرگوول یان...؟ وێڕای ڕاکردن تەقە لە ژاندارمەکان دەکا. مەودایەک لە ئاوایی دوور

دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا، دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللەی عەجەمان و ئەویش دەکوژرێ.

ئەوە بوو، چارەنووسی هیدایەت و قادراغا، چارەنووسێک کە مێژووی مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکا. دوای کوژرانی ئەو دوو کەسە، پاسگەکەی مەحمەشە بار دەکا و ئەوگوندە بەجێدێڵێ.
ئەوەی جێگای داخە: لەو ڕووداوەدا خدر بایز بەخۆی و کۆڕەکەیەوە دەسبەسەر دەکرێن. وابزانم خدر بایز، ئەو پیرە پیاوە، ماوەی زیاتر لە دەسال لەبەندیخانەدا مایەوە و کوڕەکەشی بە زیندانی ئەبەد حوکم درا. وەک بیستم لە کاتی ڕووخانی حکومەتی شادا، ئازاد بووە. وەک دەڵێن: "سەی سپی بۆ بارە لۆکەی زەرەرە". ڕاستە، لە مەڵبەندی خۆمان بیستوومە، لە کۆنەوە گوتوویانە: "پشیلەی ڕەجەبە شێتی، ئاگری تێبەربووە، گەرەکە ماڵێکی بە خۆیەوە سووتاند"

***

## چووم بۆ شار...!

هەوایساردی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە بناری چیای هومام و بایزبەگ، بەجارێک هێرشی هێنابوو، مێگەلە مەڕیش شەوانە دەچوونەوە، نێو ئاغەڵ و هۆڵان. چوونەنێو ئاواییش بێمەترسی نەبوو، هەرچەند ئاوایی ماسوێ بە تاقی-کردنەوەی خۆم، باشترین و شەریفترین خەڵکی هەبوو. نیشتیمانپەروەی خەڵکی ئاوایی ماسوێ، بە ڕەعیەت و ئاغاوە، بۆ حەشار دانو هاوکاری هەرگیز لەبیر ناکەم. یادیان بەخێر!

دوای ئەو بەسەرهاتەی لەسەرەوە باس کرا، حاوانەوە لە بەندەنێ دژوار ببوو، نەدەکرا. کارەکانی شارۆیران و شاماتیش، بە ناتەواوی مابوونەوە. بەزەینمدا هات بۆخۆدزینەوە لە



هەوڵنامەی کتێب

بەرچاوان،و پێوەندی بە هاوڕێیان لەم کاتەدا شار باشترین شوێنە. لەهەمان کاتدا ماوەیەک خۆم لەو ناوە بزر دەکەم. بۆ شوێنەونکە و دیتنی برادەرانی شارویران و شامات، شاری مەهابادم هەڵبژارد...
لەماڵە مام بابەکری حامیدی بووم. ماڵێکی شەریفی خاوەن-هەستی مرۆڤایەتی، ئەمین، نهێنیپارێز... بە نهێنی بەمام بابەکرم گوت: نیازم هەیە هەتا شار بچم.
مامبابەکر گوتی: ئێمە خزمێکمان ماڵەکەی لەبەری مەحموودکانە. لەسەر جۆگەیە، دەروازەیەکی تەنەکەیان هەیە، وابزانم گوتی: ناوی **قادر ماسوەییـیە؟...**
**(ئەودەم مەحموودکان هێشتا نەببوو بەگەڕەکێکی مەهاباد)**
ڕۆژێک دەمەو ئێوارە، جلەکانی خۆم گۆڕی. حەمەخڕە کەواو پانتۆڵێکی بۆ قەرزکردبووم و بۆی هێنام. لە بیرم نەماوە هی کێ بوون؟ کەواوپانتۆڵەکە پڕبەبەرم بوون، دەتگوت بۆخۆم دراون. جلکێکی ئاسایی ئەو مەڵبەندە بوون، دەبەرم کردن. تفەنگ و شڕوشاتاڵم لە ماسوێ بۆ حەمەخڕەی بەجێ هێشتن. ناوبراو تاقەتی کردبوون. دەمانچەی سەیێد ڕەسووڵی سەید لاجانیم وەرگرت و ڕێگەی بایندەرەم گرتەبەر. کاتێک گەیشتمە بایندەرێ ڕۆژ گەیشتبووە سەرکەلەپۆ. بەقەراخ ئاواییدا بەرەو مەهاباد داگەڕامە خوار. کە گەیشتمە مەحموودکانێ تاریک داهاتبوو. ئەودەم مەحمودکان هێندە ئاوەدان نەبوو. زۆربەی خانووەکانی بە مۆرەدیوار دروست کرابوون، خەڵکێکی زەحمەتکێش و خاوەنی بزن و مەڕ و چێڵ و ئەو جۆرە ئاژەڵانە بوون. بەسەر جۆگەکەدا ڕۆیشتم بەو عەلامەت و نیشانانەی مام بابەکر پێی گوتبووم، دەروازە تەنەکەکەم دیتەوە. بەپتە یان ئاڵقەڕێز بوو لەدەرگاکەم دا، هاوسەری برادەرە خاوەن ماڵەکە هات دەرگای کردەوە گوتی برالە کارت بە کێیە و لە ماڵە کێ دەگەڕێی؟
گوتم خوشکێ ئێرە ماڵە کاک قادر ماسووەیی نیە؟ ژنە رووی سپی بێ، گوتی: فەرموو کاکە. ژنێکی دێهاتی، کورد گوتەنی کەڵەژن.

چوومە حەسارێ، هەرناوی حەسار بوو. خانوێکی چووکە، ماڵێکی هەژارانە بەڵام پڕ لە ڕێز و دڵگەورەیی و هەستی مرۆڤایەتی. پرسیاری کاک قادرم کرد؟ گوتی لەوانەیە ئێستێ بێتەوە. هێشتا نەسابوومەوە، چایەکەم نەخوارد بۆوە، کاک قادر هاتەوە. پیاوێک تەمەنی دەگەیشتە بەینی چل تا پەنجا ساڵ، لە ڕادەبەدەر ڕێزی گرتم.

گوتم: ئەمن لە ماسوێوە دیم. میوانی ماڵی مام بابەکری حامیدی بووم، ئەوان تۆیان بەمن ناساندووە و ناردوویانم... کە ناوی بابەکرم هێنا، دووجار ئەوەندەیان حورمەت گرتم. نانوچامان خوارد. گوتم کاک قادر، ئەمن دەمەوێ بچمە نێو شاری دەتوانی دەگەڵم بێی؟ گوتی خزمەتکارم.

گوتم ئەتۆ وەستا کەریم بەفراوی دەناسی؟

گوتی دەزانم کاری بەننایی دەکا، بەڵام لە نزیکەوە بەخزمەتی نەگەیشتووم. ئەمما کاک قادر بەفراوی دەناسم و شارەزای ماڵەکەیانم. گوتم زۆرباشە. بەخۆشییەوە تۆرەمەی بەفراوان یان (جانگیرییەکانی مەهاباد) لەکوردایەتی و کوردپەروەریدا شوێنی خۆیان هەیە. بەهەق فرچکیان بە نەتەوەپەروەری گرتوە.

دوای کورتە ماوەیەک ماڵئاواییم لە هاوسەری کاک قادر، کەڵە ژنەکەی ناوراو کرد، و دەگەڵ کاک قادر بەرەو شار کەوتینە ڕێ. ئەودەمە نێوان مەحموودکانوو مەهاباد، ئیسفالت و بۆڵوار نەبوو وەکوو ئێستێ، جادەیەکی خاکی شۆسە بوو، هەرلە محموودکانەوە هەتا سەر پردێ، ئەو بەرەو بەری ، هەردوولای جادەکە باغ و مێشەو پۆلەدارەبی و قامیش بوون. بەدەم ڕێگەوە پرسیارم لەکاک قادر کرد: لەو سەرپردە پاسەوان و سەباز، کەس ناپشکنن؟ گوتی جاروبار دیژبانان دەبینم بەڵام کاریان بەخەڵک نەداوە. هاتم نزیک بوومەوە سەربازێک لەوبەری پردێ بوو.

بە کاک قادرم گوت ئەتۆ بڕۆ ئەگەر ئەتۆیان پشکنی ئەمن دادەگەڕێمە خوار بۆ نێو باغی.

هەمەڕەنگی نامەی کتێب

کاک قادر ڕۆیشت سەربازەکە لەوێ ڕانەوەستا بوو، قەدەمی لێدەدا دوور کەتبۆوە. کاک قادر گەیشتە ئەوبەری پردێ چ باس نەبوو. ئەمنیش هەنگاوم توند کردن لەوبەری پردێ گەیشتمەوە، کاک قادر. بەرەو گەڕەکی لای دامپزشکی ڕۆیشتین. بەو ئاقارەدا دەچووین بۆ ماڵە کاک قادر بەفراوی. هەستم کرد لە نزیک ماڵە وەستا محەممەد حوسێنپوورم، ماڵەکەیانم ناسییەوە. بە کاک قادرم گوت:

کاک قادر سوپاسی ئەو هەستە پاک و خاوێنەت دەکەم، لێرەوە شارەزام. زۆر سوپاس، کوردی خاوەنغیرت و شەرەف. ماڵئاواییم لە ناوبراو کرد و بەرەو دەرگای ماڵە وەستا محەممەد ڕۆیشتم. لەو کاتوساتەدا وەستا کەریم بەفراوم لێ وەدەر کەوت. چوومە پێشی، سەری سوڕما گوتی: ئەوە لێرە چدەکەی؟ گوتم کاکی خۆم ئەدی ئەتۆ بەو شەوە لێرە چدەکەی...؟

زۆر خۆشحاڵ بووم. هەستم کرد ئەویش زۆر شاد بوو.

دەگەڵ وەستا کەریم بەرەو پردی یەرغووی ڕۆیشتین. لەو بەری پردی یەرغووی لە بەرزاییەکی خانوێکی بەکرێ گرتبوو. سەلاحی کوڕی نێوان سێ ساڵو نیو دەبوو، جەلالی لەدڵدازیندوو، لەسەرووی دووساڵان بوو. وەک هەمیشە باجە زڵەخا، بەخێرهاتن و میوانداریی کرد.

هەتا درەنگانی شەو لە ماڵی ئەوان دانیشتین و باسی هاتنەوەی خۆم بۆ ناوچە بۆگێڕایەوە. بۆخەوتن بردمی بۆ شوێنێک هەرگیز ئەو ماڵەم نەدیتبوو. گوتی بەیانی دێمەوە لات. نزیک زستان بوو، وەختی کاری بەننایی نەبوو، بچێتە سەرکار. بەیانی هاتەوە لام، دەبوو چاوم بەهێندێ کەس بکەوێ، داخوا ئەو دەتوانێ پێوەندی-یان پێوە بکا. گوتم لە ڕێگەی فاتمێ خۆشکمەوە پێوەندییان پێوە بگرە. وەستا کەریم، گوتی کارەکەت بۆ هاسان کردمەوە. پرسیم: دیدارەکانمان لە کوێ ئەنجام بدەین؟

ڕەوانشاد وەستا کەریم گوتی: دەتبەمە جێگایەک کە هەتا بەهاری لێی نەڕۆی!

کردمانە شۆخی... دەمزانی ماڵە بابی تووبای هاوسەرم دەڵێ. ئەو ڕۆژە لەو ماڵە بووم. تاریکانی ئێوارە کە خەڵک لە دوکان و سەر کاروکەسبی ڕۆژانەی خۆیان دەگەڕێنەوە ماڵ و خەریکی وچانن، دەگەڵ وەستا کەریم ماڵئاواییمان لە خانەخوێیەکەم کرد و چووینە ماڵە کاک عەلیی زبێدێ. کاک عەلیی زبێدێ کورە ئامۆزای دایکم بوو، بەرەی بنەماڵەیەک بوون، زۆریان پێ خۆش بوو. کە چووم فاتمێ خۆشکم لەوێ بوو. ئیدی ئەو شەوە شەوی شادی و پێک گەیشتنەوە بوو...

بۆسبەی ڕەوانشاد فاتمێ خۆشکم گەڕایەوە بۆ قەرەشلاخ بەدوای ئەودا، ڕەوانشاد محەممە دیارە دەگەڵ بابم هاتن. دەبوو کاک محەممەد یارە، دەگەڵ برادەرانی شارویرانی وەک: مەلا برایمی ڕۆستەمی و مەلا ڕەحمانی موقەددەسی و هاوڕێیانی داشخانە، قزڵقۆپی پێوەندی بگرێ ئامادەیی یان هەبێ شەوێک لە یەکێک لە گوندەکانی شارویران کۆ ببنەوە. لەهەمان کاتدا پێمگوت: بە مەلا عەجەمی بڵێ خێرا بگەڕێتەوە بۆماسوێ. ئەو ڕۆژانە ئەمن دەگەڕێمەوە و چاوەڕوانی دەکەم. کاک محەممەد و بابم بۆسبەینێ چوونەوە قەرەشلاخ.

دوای گەڕانەوەی ئەوان، دەگەڵ تووبایە وەک پێشتر باسم کردوە: لە مێژ ساڵ بوو، ئەویندار یەکتر بووین. پەیمانی هاوژینیمان پێکەوە گرێ دابوو، بەلێنمان بە یەکتر دابوو، بۆ یەکتر بین. ئیدی تەمەن دەچووە سەر، کورد گوتەنی هەردووکمان بەرەو "بۆڵ" بوون هەنگاومان دەنا. تەمەنی دەگەیشتە بیستو پێنج ساڵو... لە ماڵە خۆیان دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا قسەی کۆتاییمان بکەین...

بەڵێنمان نوێ کردەوە لە بەهاری داهاتوودا، ١٣٤٥ ئێمە پێک-بگەین. ئەوەم دەزانی کاک سولەیمانی موعینی و کاک سەدیق، بەرهەڵستم نابن، تەنانەت بەپێی ئیمکان یارمەتییشم دەدەن. بەڵێنی ئێمە بە یەکتر لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕاستگۆیی بوو. لەماوەی نزیک بە ٤٨ساڵ ژیانی هاوسەری پڕ لە

تراژیدیماندا، هەرگیز درۆمان دەگەڵ یەکتر نەکرد. لەوێش لەبارەی ئیمکانات و چۆنیەتیی ژیانی خۆمەو، هیچم لێ نەشاردەوە و هەموویم بۆ باس کرد. ئەویش هەر ڕاستگۆ بوو. ئەو ڕاستگۆیی‌یە بۆمن بۆتە جێگای شانازی، ئێستێشی دەگەڵ بێ شانازی بەژیانی ڕابردووی خۆمانەوە دەکەم، یادی بەخێر و ڕووحی شاد.

قەرارمان دانا فاتمێ خۆشکم قسە دەگەڵ کاکی بکا و ئەمنیش بۆ مانگی بانەمەڕ لە هەرکوێ بم بەرەو وڵات بگەڕێمەوە. گوتم: ئەتۆ دەبێ لەو ماوەیەدا خۆت ئامادە بکەی. دەبێ ئەوەش بڵێم: فاتمێ خۆشکم گوتی قسەم دەگەڵ عەلی کردوە. گوتوویە نابێ ئەمن ئاگادار بم. وادیارە موخالیف نیە، بەڵام لە ساواک دەترسێ...

قەرارمان بوو بۆ مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٥ دانا. ئێوارە خواحافیزیم لەکاک عەلی و دایکی و خێزانی، براژنە فاتم و تووبا کرد، دەگەڵ وەستا کەریم وەدەرکەوتین...

چووینەماڵی وەستا محەممەدی حوسێن‌پوور. ماڵە وەستا محەممەدی خانووەکەیان دووقات بوو. قاتی سەرێ ژوورێک بوو کەسی لێنەدەخەوت، تەنیا موشکیلەێ ئەو ژوورە، بێ سۆبەیی بوو. گوتم مامۆستا، خۆ لە بەندنێ چیای هومام و بایزبەگی ساردتر نیە. شادڕەوان وەستا محەممەد مرۆڤێکی بەڕاستی کوردپەروەر و سادق و خەباتگێڕێکی نەترس بوو. لە سەر ئەو تەمەنەیڕا زۆر جیددی بوو. وابزانم سێ یان چوار شەو لەو ژوورەدا بووم. نوێن‌وبانی زۆر و گەرمی بۆدابین کردبووم. ڕۆژانە لەو ژوورەدا، دەگەڵ دۆست و ئاشنایان چاومان بە یەکتر دەکەوت.

پەنجەرەی ژوورەکە لەسەر کۆڵانێ بوو. ئەگەر پەردەی پەنجەرە لادرابا، خەڵک دەیدیتم. بەڵام ئێمە پەردەکانمان لانەدەدا، ئێوارانیش دەهاتمە خوارێ. هاوسەرەکەی بە ڕەچەڵەک جوولەکە بوو. خوالێخۆشبوو، ژنێکی بێدەنگ و بەڕێز بوو. کاک ڕەحمانی کوڕی، ڕۆژانە لە دوکانێ دەبوو، ئێوارانیش دەهاتەوە ئەودەم ژنی نەبوو. جەعفەری کوڕی چووکەی، تەمەنی شەش حەوت ساڵ

دەبوو؟ شەو نەبوو، کەسێک لە دراوسێییەکانی، یان لە کەسایەتییە کوردپەروەرەکانی مەهابادی نەیە بۆ شەونشینی.
شەوێک لەو شەوانە، ئاغای سەقەفی هات بۆ شەونشینی. ئەمن لە نزیک سۆبەکەی دانیشتبووم، بێدنگ. ئاغای سەقەفی لە وەستا محەممەدی پرسی ئەو برادەر خەڵکی کوێیە. وەستا محەممەد گوتی کوڕی ئاشنایەکی خۆمە. بەداخەوە لەبیرم نەماوە گوتی خەڵکی کام گوندە... پێموایە لای بەیرەم و ئەو ناوەی هەڵدا!
ئاغای سەقەفی سەری داخست و هێدی گوتی: "وەی دەکووپی قوڕێت نێم" یانی هەی درۆ!
هێندێک دواتر مەلا ڕەسووی گوێکتەپەی، یان مەلا ڕەسووی عەللاف هات. ئەوشەوەیان بەقسەی خۆش و گاڵتە بردە سەر، کەسانی خاوێن و خاوەن هەستی کوردایەتی بوون. دەگەڵ ئەوەی ئەمن قسەم نەدەکرد، لەقسە خۆشەکانی مامۆستا مەلا ڕەسوو و ئاغای سەقەفی وەڕەز نەدەبووم.
دوای شەونشینی، ئەو شەوە، بۆ خەوتن چوومە ماڵە مامۆستا مەلا رەسووی. مامۆستا دەپێشدا چۆوە ماڵ بۆئەوەی مامۆستاژن تێگەیەنی کە مێوانەکەیان چکەسە، نابێ منداڵەکان و کەسوکاری بزانن. برای خێزانی کارمەندی ساواک بوو، ماڵی لە سەردەشت بوو. بە وتەی مامۆستا مەلا ڕەسووی، زۆربەی رۆژان لە سەردەشتەوە دەهات بچێ بۆ ورمێ، هەموو جارێک دەهات سەری خۆشکێی دەدا. مامۆستا لەوە دەترسا...
دەگەڵ ڕەوانشاد وەستا محەممەد چووم بۆ ماڵە مامۆستا مەلا ڕەسووی. لە ژوورێکی بەلاوە، تاڕادەیەک گەورە جێگای خەوتنیان بۆ دابین کردم. بەرچایی بەیانی و نیوڕۆژەکەشم هەر لەو ژوورە خوارد کە لێی خەوتبووم. مامۆستا مەلا رەسوو، دیار بوو کە زۆر دەترسا کەسێک بێتە ماڵیان و چاوی بەمن بکەوێ. بەهەرحاڵ، بەخۆشییەوە کەس نەهات. ئێوارە ماڵئاواییم لە مامۆستا و مامۆستاژن کرد و چووین بۆ ماڵێکی دیکە.

لەو ماوەیەدا کە ماسوێ و بەندەنم بەجێ هێشتبوو لە بەرچاوان نەمابووم، کەس نەیدەزانی لەچ شوێنێکم. ئەمنیش‌کار و بەرنامەی کۆبوونەوەکانی شارویران و پێوەندیم دەگەڵ شامات بەرقەرار کرد و چاوم بەدەرویش قاد رو تەلاج کەوت و بەسەر کەوتوویی گەڕامەوە بۆماسوێ. شوێن و کەسانی هاوبەشی کۆبوونەمان دیاری کردبوون...

رۆژی گەڕانەوەم، دوانیوەڕۆ بوو، هەتا پشت مەحموودکانێ بە ماشێنێکی جیپ بردیانم. لەوێ دابەزیم و بەڕێگای بایندەرەدا بەرەو ماسوێ کەوتمە ڕێ. خۆم خافڵاند هەتا تاریک داهات. لە تاریکی ئێوارەدا چوومەوە ماڵە حەمە خڕەی. حەمەخڕە کەسێکی ئازا و بەغیرەت نەبوو. بەڵام لە ڕادەبەدەر دڵسۆز و فیداکار بوو. ئەمن نازانم خۆی چەندە ئاگاداری کوردایەتی و دڵسۆزی و فیداکاریی خۆی بوو. بەڵام لای من کەسێکی زۆر شەریف و موخلیس بوو.

کاتێک هاتمەوە ماسوێ عەجەم لەوێ بوو. ئەندامانی کۆمیتەی هومامی ئاگادار کردبوو. بۆسبەی ئێوارە، یادی بەخێر میرزا مەحموودی تالیب‌پوور، عەوڵا ڕەحێم و مەلا محەممەدی محەممەدزاد و زۆری دیکە لە ئەندامانی سندووس هاتبوونە گوندی ماسوێ. کۆبوونەوەکەمان کرد و ئەندامانی کۆمیتەی "هۆمام" دیاری کران. هەرئەو شەوە دوای کۆبوونەوە بڵاوەیان کرد.

بۆسبەکەی ئێوارە، دەگەڵ عەجەم بەرەو شارویران گەڕاینەوە. ئەوشەوە گەیشتینە قەرەشڵاخ. بۆ سبەی‌شەو خۆمان گەیاندە گوندی گردەگڕوێ.

گوندی گردەگڕوێ، ئەودەم گوندێکی چووکە بوو. بەشی هەرە زۆری عەجەمی "شاسەیوانی" لێ نیشتەجێ بوون. سەگی شاسەیوانان، ڕێگای ئاواییان بەکەسی غەوارە نەدەدا. محەممەدی برای کاکە هەباسمان دەگەڵ بوو. ئەودەم شارویران بەشی زۆری زەوییەکانی جۆگەی قووڵ بوون. لە ئاوایی گردەگڕوێ نزیک ببووینەوە، بە

هاوسەفەرەکانی خۆمم گوت: پێش ئەوەی بگەینە ئاوایی سەرتان داخەن، ئاوڕ وە هیچلایەک مەدەنەوە جگە لەپش خۆتان، نابێ بە هیچ جۆر چاو بگێڕن. دەنا سەگی شاسەیوانان شاڵاومان بۆ دێنن و عەجەمیش دەگەنە سەرمان. دەرکەوت دەستوورەکەیان ڕەچاو کردوە.

هاوسەفەرەکانم بە باشی دەستوورەکەیان بەڕێوە بردبوو، یەک سەگ حەپەی لەبەر نەهاتە دەر. ڕاستەخۆ چووینە، ماڵە زیندوویاد کاک حەمەدەمین شەشەی. وابزانم پێش هەمووان کاک مەنافی برای بوو هاتە دەر؟ حەمەدەمین بەجلی خەوەوە، هاتە دەر بەڵام قەڵس! چووینە ژوور گوتی ئەوە چۆن هاتوون و سەگی شاسەیوانان حەپەیان لەبەر دەرناهاتوە؟

: کاکە ئەوەی بەتۆ ناڵێم، ئەمن دوعای وەها دەزانم زاری سەگانیشی پێ ببەستم. سەیر ئەوە بوو بەهەڵکەوت ئەو شەوە کە چووینە ماڵی کاک حەمەدەمین، عوسمان لێتان کە هاوڕێ و پێشمەرگەی خۆمان بوو، خۆی تەسلیم کردبۆوە، لە ماڵی کاک حەمەدەمین بوو.

کاک حەمەدەمین هێندە لەمێژ نەبوو، لە قزڵقەڵا ئازاد ببوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕەوانشادە، ڕاشکاوی و ئازایەتی بوو. زۆر بە توندی لێم قەڵس بوو، بە سەرێک هەقی هەبوو، چونکە نەیدەتوانی کاری سیاسی بکا، کەسێکی زۆر بەرچاو بوو بەجێی خۆی، زۆریشی موراقەبە لەسەر بوو. هاتەوە سەرخۆ، لەسەر چاخواردنەوە، باسی زیندان و مامۆستا مەلا سەعیدی کامەمی و زۆر لە نەقڵە خۆشەکانی دیکەی خۆی بۆ گێڕامەوە...

گوتم ئەمن هاتم پرسوڕات پێبکەم نەک داوای هاوکاریی تەشکیلاتی لەتۆ بکەم، کاتێک هاتووم دەگەڵ کاک سولەیمان، باسمان کردووی. تەنیا بۆ پرس وراکردن هاتووم. لەمێژە ئاگاداریم لەسەر وەزعی شارویران و ئەندامانی حیزب نیە. پێویستیم بە

ڕێنوێنیی هەیە. لە ئاوایییەکانی ئەم بەری چۆمی زۆر شارەزای ئەندامانی حیزب نیم...
چەند کەسی ناو بردن، گوتی ئەگەر هاوکاری بکەن ئەو کەسانە پیاوی چاکن... زۆرم سوپاس کرد. گوتی هەستن لێرە بڕۆن.
هاوسەفەرەکەمان لەماڵی کاک حەمەدەمین بەجێ هێشت. کاک مەنافی برای بە قسەی کاک حەمەدەمین، ئێمەی برد بۆ ماڵی ڕەوانشاد حەمەڕەسووڵی مامەڕەشی. لەماڵی کاک حەمەڕەسووڵی خەوتین. کاک حەمەڕەسووڵ سەرەڕڕای کوردایەتی لە مرۆڤە قسە خۆشەکان بوو، پیاو لە قسە خۆشەکانی تێر نەدەبوو. لەبەر قسە خۆشەکەکانی کاک حەمەڕەسووڵ ڕۆژەکەی هێندە نەخەوتین.
بۆشەو کاک حەمەدەمین، شارەزایەکی ڕەگەڵ خستین ناوی کاک قادر بوو، چووینە گوندی لەجێ. چووینە ماڵی سەید کەریم، ماڵەکەیان دوور لە ئاوایی بوو. دیار بوو لەنێو ئەندامانی کۆنی حیزبیی گوندی لەجێدا گرژی و ناتەبایی هەیە. ئەو گرژییە کاردانەوەی لە سەر گوندی دارەلەکیش دانابوو.
خاڵەسەید توند بوو وەک هەموو سەیدان وەک دەڵێن. دەگەڵ ڕەوانشاد مام عەولای دوکاندار، "نانوویان پێکەوە نەدەکوڵی." ئەوەندەی توانیمان هەوڵی خۆمان دا کاکسەید کەریمان هێندێک خاو کردەووە. خاڵە سەید کەسێکی خاوەنڕێز و تێگەیشتوو بوو. گوتی: "مادام ئێوە پێتان باشە ئەمن دژایەتی ناکەم بە گوێرەی خۆم ئەوەی لە دەستم بێ بۆ کورد و دێموکرات، سەرم پێوە نیە".
ناوبراو تەمەنی لەسەرووی شیستوپێنج، نزیک بە حەفتا ساڵ دەبوو. کوردپەروەریی پێوە دیار بوو. بۆ ئاشتەوایی قادری مام هەمزەی خەڵکی دارەلەکمان وەک ڕیشسپی دیاری کرد، یادی بەخێر.
(ئەوکەسانەی لێرەدا ناویانم بردوە، هەموویان لە کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی ئەو سەردەمی ناوچەی شاروێران و شامات بوون، یادیان بەخێر.)

بۆ سبەی شەو، چووین بۆ گوندی قومقەڵا. میوانی مام مرادی ئاشەخاڵەی بووین. بە ڕۆژ مەلا عەجەم چاوی بەو کەسانە کەوتبوو کە پێویست بوو ببینرێن، بۆ شەو دەبوو بپەڕینەوە بۆ بەری ئیندرقاشی. بەرۆژ ئاگادارمان کردبوون کە دەچین بۆلایان.
ئێوارە بوو تاریک داهاتبوو. دەگەڵ عەجەم لە دیوەخانی ماڵی مام مرادی ئایشەخاڵەی بووین، خەریکی خۆئامادەکردن بۆ ڕۆیشتن بووین...
مام مراد هاتەوە ژووریٚ گوتی: "مەخەجلێن با قسەیەکتان پیٚ-بلێم: وەک دەڵێن کار لەپیاوان دەقەومیٚ! مرۆڤ لە ژیانیخۆیدا جارێک دەمریٚ، مەرگیسەربەرزی ژیانی ئەبەدییە و ترسنۆکییش بۆباسکردن نابیٚ.
وەک دەڵێن ماشێنێک ژاندارمە هاتوون لەبەر دەرگان. ئێوە خێرا تفەنگەکانتان هەڵگرن هیچ بەجیٚ مەیەڵن بچنە ئەو ژوورەی دیکە. بە سمایل و منداڵان دەڵێم دیوارەکەتان بۆ کون کەن. بەڵام نەکا دەست بدەن، ماڵی من چی بەسەردیٚ خەمتان نەبیٚ... هەستن وەدەر کەون بچنە ئەو ژوورەی دیکە. ئێمە هەستاین دەگەڵ مەلا عەجەمی چووینە ژوورەکەی دیکە لە بیری ڕزگاریی خۆماندا بوون.
لێکدالێکدا لە دەروازەیان دەدا!
مام مراد بە سمایلی کوڕی گوت: سمایل بچوو بزانە ئەو عەجەمانە چیان دەویٚ و دەڵێن چی؟ ئێمە لە دیوەکەی دیکە بووین. سمایل چوو، چاوەڕوانی هەواڵ بووین. سمایل هاتەوە گوتبووی: ماشێنی ژاندارمەکان پەنچەر ببوو. نەیانتوانیبوو، بپەڕنەوە داوای یارمەتییان کردبوو. خێرا گەڕایەوە لای عەجەمەکان.
مام مراد هاتەوە لامان گوتی: بەدوای ئێوەدا ناگەڕێن، نیگەران مەبن، ئێستیٚ بەڕێیان دەکا. سمایل یارمەتیی کردبوون. گوایە بەدوای ماشێنێکدا هاتبوون کە بە قومقەڵادا تێپەڕیبوو...

دەراویان بە ماشێنی ژاندارمەکان نیشان دابوو، پەڕیبوونەوە بەرەو گوێکتەپە ڕۆیشتبوون...

هەتا درەنگانێک ڕاوەستاین، ئیندرقاش ئەوەندە دوور نەبوو. خۆمان خافڵاند هەتا خەڵك دەخەوێ. لەچۆمی پەڕیینەوە ڕێگاکە ئەوەندە دوور نەبوو، باشم لە بیرنەماوە جۆگە بوو یان مێشە؟ زیندوویاد کەچەڵی ئیندرقاشی لە پێشمان چاوەڕوان بوو. سمایلی مام مرادمان بۆ ڕێنوێن دەگەڵ بوو. سمایل گەڕایەوە، ئێمە چووینە ماڵە کەچەڵی هەتا نزیک بەیانی دەگەڵ هاوڕێیانی ئیندرقاش دانیشتین. ئەمن چوومە ماڵێک سەید بوون، ماڵیان لەسەر چۆمی بوو، دووبرا بوون. یەکیان ئێستێش پێی وایە بارە تریاکمان پێبووە، هەر باسی قاچاخچی و پارەی بۆ دەکردین!؟.

شەوێ لەوێڕا چووینە دارەلەک بۆ ماڵی هاوڕێی بەڕێز کاک قادری مام هەمزەی. لەمێژ بوو چاوم پێی نەکەوتبوو، چاوەڕوان بوو. دەگەڵ جەعفەری مرادی ئایشەخاڵەی، چووین دیدارێکی دۆستانە و حیزبی یانە بوو. هەتا درەنگ دانیشتین، بۆ خەوتن و مانەوە لەگوندی دارەلەک، چوومە ماڵی هاوڕێی بەوەفا کاک سمایلی زڵەخایە. ئەو ڕۆژە هاوڕێیانی شارۆێران بۆ کۆبوونەوە ئاگادار کرابوون. شوێنی کۆبوونەوەکەمان گوندی قزڵقۆپی دیاری کردبوو. ئیدی بێخەبەر لە هەموو شتێک، بابم هاتبوو بۆ ماڵی کاک سمایلی زڵەخایە بۆ چاو پێکەوتنم.

لە قزڵقۆپی شوێنی کۆبوونەمان ماڵە کاک حوسێنی جەواهێری، دیاری کردبوو. ئاخری مانگی سەرماوەزی ١٣٤٤ بوو، ئەو ساڵە لە هەموو کوردستان بەفر زۆر کەم باریبوو. لە شارۆێران، ئەو پاییزە زۆرتر باران باریبوو. بەهۆی زۆریی باران چۆمی سابڵاخێ کوولاوکوول دەهات، پەڕینەوە و ئەم بەرئەوبەرکردن هاسان نەبوو. هاتینە شوێنی دیاری کراومان لە قزڵقۆپی. ئەو کەسانەی هاتبوون بۆ کۆبوونەوە، ئەوانەی لە بیرم ماون: لە خۆڕخوڕەی شەهید مەلا برایمی ڕۆستەمی، لە گردیاقووب،ڕەوانشاد مەلا ڕەحمان، لە قەرەشڵاخ ڕەوانشاد محەممەد یارە یادیان بەخێر.

دارەلەک و قومقەڵا و ئیندرقاش و لەجێ، ئەوانەی پێشتر ناویانم هێناوە هەموویان هاوبەشی کۆبوونەوە بوون...
مەلابرایم بوو بە بەرپرسی کومیتەی شارویران. دوای کۆبوونەکە مەلابرایم و محەممەد یارە و مەلاڕەحمان گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و ئێمەش هەر ئەو شەوە دەشتی شارویرانمان بەجێهێشت، بۆ بەیانی گەیشتینە گوندی ئاڵابڵاخ. بووینە میوانی حامیداغا.

***

هەوالنامەی کتێب

# فەسڵی ٨

## ناکۆکییەکانی ڕێبەراتی ح.د.ك دوای کونگرەی دوو، گەڕانەوە بۆ کاری تەشکیلاتی لەنێوخۆی وڵات!

کاری دامەزراندنەوەی شانە و کۆمیتەکانی تەشکیلاتی شامات و شارویێرانمان تەواو کردبوو، دەگەڵ عەجەم بەڕێگای سەرشاخان و دۆڵەڕەشدا دەگەڕاینەوە بۆ ئەو دیوی سنوور. لەو سەفەرەی گەڕانەوەماندا بوو لەگوندی کێلێ بۆ یەکەم جار چاوم بەمیرزا عەولای پاکسروشت کەوت و دەگەڵی بوومە ئاشنا. کە دانیشتین ناوبراو، باسی کۆمەڵە چەکدارێکی بۆکردین کە زۆرتر لەو دەوروبەرە دەمانەوە. بە وتەی میرزا عەولا، ئەوانە بریتی بوون لە کوڕانی هەمزە ڕیتاڵ و مراد شێرێژ و سولەیمان کەرقەشان.
پرسیارمان لێکرد داخوا هەڵسوکەوتیان دەگەڵ خەڵکی ناوچە چۆنە؟ ناوبراو گوتی: هەرچەند پێشتر ڕاووڕوتیان کردوە، بەڵام ئێمە لەو ناوچەیە، نەمان زانیوە، خەڵکیان ئەزیەت دابێ یان بەزۆر پارەیان لەخەڵک ئەستاندبێ.
پێشتر ئەو جەماعەتە لەلایەن کاک ئەحمەد تۆفیقەوە دەسگیر کرابوون، دوای لێپرسینەوە، ئازادی کردبوون...
کاتێک دەوڵەتی ئێران پێدەزانێ لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە دەسگیر و دواتر ئازاد کراون... کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران، جەرەیانەکە بەبارزانی دەڵێن و داوای لێدەکەن مرادشیرێژ و ئەو جەماعەتە بگرن و تەسلیمی ئێرانیان بکەنەوە...
ئەوجارە لەسەر ئەمری سەرۆک بارزانی، کاک ئەحمەد تۆفیق دیسان دەسگیریان دەکاتەوە و تەسلیمی حەسۆ مێرخانیان دەکا. دواتر لە زیندان ڕادەکەن و ئێستێ لە ناوچەکانی لاجان و مەنگوڕایەتی دەخولێنەوە. ئەو بابەتە و ماجەرای مراد شیرێژ و

حەسەنی هەمزە ڕیتاڵم بەدرێژی لە نووسراوەی "لاپەڕەیە لە تێکۆشان..."دا نووسیوە...
ڕەوانشاد میرزاعەولا خەڵکی کێلێ لە کەسایەتییە شریفەکانی ناوچەی لاجان بوو. یادی بەخێرا!
دواتر هاتینە گوندی میشەدێ بەهۆی دۆست و ئەندامان، هەواڵی کاک سولەیمانی موعینیمان زانی کە لە ناوچەی گەدەیە. خێرا دەگەڵ مەلا عەجەمی بەرەو گەدە کەوتینە شوێنیان، کاک سولەیمان و کادر و پێشمەرگەکانی لکی سێ لەسێوەێ گەدەی نەمابوون. گوتیان، بەرەو دۆلی شێخان ڕۆیشتوون. بە زینوێ دارە ئیشکێ و دوڵی شێخاندا کەوتینە شوێنیان. دێ بەدێ، لە گوندی "سێلم " دیتماننەوە...
ئەوباسەم بەدرێژی لە نووسراوەکەی پێشووتردا نووسیوە. ئەوەی دەبێتە جێگای باس ئەوەیە:
کاکسولەیمان گوتی: ئەگەر لەبەرتان زەحمەت نابێ پێمخۆشە سەرێکی لای ماسوێ بدەن و وەڵام بۆ برادەرانی مەهاباد بنێرن دیدارێکمان لەگوندی ماسوێ هەبێ. گوتم زۆر باشە بەڵام دەبێ دوو پێشمەرگەمان دەگەڵ بنێری. گوتی هەرکەس دەگەڵ خۆتان دەبەن مانیعی نیە...
زیندوویادان، قادرلاجانی و ساڵح لاجانیمان هەڵبژاردن. دەگەڵ ئەو دوو برایە هاوڕێیەتیمان زۆر خۆش و برایانە بوو. یەکترمان زۆر خۆش دەویست. دەگەڵ ساڵح و قادر و عەجەم بەرەو ماسوێ وەڕێکەوتین. ڕۆژەکەی لەگوندی برایمەی لە ماڵی حەمەگۆرانی بووین، گوتمان ئێوارە وەڕێدەکەوین. شارەزای ماسوێ و ڕێگاکەی بووین، لەماوەی ئەو سێ، چوارمانگەدا کە لە دەوروبەر و گوندی ماسوێ بووم، نیشتمانپەروەریی خەڵکی ماسوێ، جێگای شکوگومان نەبوو. خەڵکێکی شەریف و جێگای بڕوا و هاوکاری حیزب بوون. کەم ماڵ هەبوون لە ماسوێ ئێمەیان پەنا نەدابێ و میوانیان نەبووبین، یادیان بەخێر...
***

# شکایەتی خەڵکی دێبۆکری

ئێوارە بوو، نانمان خواردبوو بەرەو ماسوێ وەڕێکەوتبووین. لاوێکی گوندی برایمەی، ماڵەکەیان لە دۆڵەکەی سەرەوەی ماڵە حەمە گۆران و ئاوایی برایمەی بوو، وابزانم ماڵی حاجی حوسێن بوو؟ لاوێک لەپێش ماڵی خۆیان پێشی پێگرتین گوتی: لانیکەم دەبێ چایەک لەماڵێ من بخۆنەوە! حاجییەکی مەڕدار بوو. وابزانم ئەو ڕۆژە خەڵکی ئاوایی دێبۆکری، زانیبوویان ئێمەی پێشمەرگە، لە گوندی برایمەین؟ نێوان گوندی برایمە و دێبۆکر، مەوداکەی کەمە!...

لەماڵی حاجی وسێن چامان دەخواردەوە دووکەسی مێهرەبان و خوێن‌شیرین وەژوور کەوتن، دیاربوو دڵسۆزی حیزب بوون. گوتیان: ئێمە لە گوندی دێبۆکرەوە هاتووین. شکایەتمان لە سێ برای سەڵتەی خەڵکی ئاواییەکەمان هەیە. لێمان بوونەتە کەڵەگا، هەر ڕۆژەی گێچەڵ بە کەسێکی ئاوایی دەفرۆشن! ئەگەر ئێوە هەڕەشەیان لێنەکەن لەکۆڵمان نابنەوە و ڕاپۆرتمان لێدەدەن، دەمانبەن بۆ گورهانی ژاندارمەری، ئەزیەت و ئازارمان دەدەن و شڵتاخمان پێدەکەن!...

گوتمان ئەوەکاری ئێمە نیە، ئێمە کاری دیکەمان هەیە ناتوانین بێین بۆ دێبۆکری. ئاخر دەستبەردار نەبوون حەمەگۆران و کوڕی ماڵەکەی لێی بووین، بوون بە لایەنگری دوولاوەکەی دێبۆکری. یەکێک لەو دوو کەسە ناوی حەسەن بوو، چاوی خێل بوون. ئەوی دیکەیان ناوی عەولا بوو، پیاوێکی کورتەبالای داڵگۆشت بوو. حەسەن لەڕاستیدا هاوڕێی ئەو سێ برایانە بوو. ناوبراو هاتبوو، لای ئێمە ئێعتراف بە تاوانی خۆی و خراپەی ئەو سێ برا سەڵتە بکا. گوتی:

ئەمن هاوڕێ و دۆستی ئەو سێ برایەم. لە مێژساڵە دەگەڵیان دۆست و برادەرم. ئەوان قەناعەتیان بە منیش هێنا دەگەڵیان بچم بۆ هەنگ یان گورهانی ژاندارمەری، وەک هاوڕێی خۆیان

بەسەروانی فەرماندەی گورهانی ژاندارمەریم بناسێنن. سەروان داوای هاوکاریی لێکردووم، ئەمنیش بەڵێنی هاوکاریم بە سەروانی ژاندارمەری داوە: ئەگەر زانیم چەتە هاتوونە ئەو نێوە ڕاپۆرت بدەم و بەژاندارمەری ڕابگەیەنم...
ئەو سێ برایە، هاتوچۆی ژاندارمەری و ساواک دەکەن. چاویان لەخەڵک ناترسێ. بەکوردی باج لەخەڵکی ئاوایی دێبۆکری دەستێنن. هەرکەس بەربەی ئەوانی نەپێوێ سەرئێشەی بۆ ساز دەکەن. دیارە سەرئێشەی ئەوان جگە لە ڕاپۆرتی ژاندارمەری و ساواک شتێکی دیکە نیە.
ناوبراو بە حەسەنەخێل، بەناوبانگ بوو، گوتی: ئەنگۆ، من بگرن دەستانم ببەستن، بمبەن لە پێش ماڵەکەی ئەوان وەک دەسبەسەر، هەڕەشەی کوشتن و شوێنەونکردنم لێبکەن. ئەمنیش لەوێ ئەوەی کردوومە و ئاگاداریم لەسەری هەیە دانی پێدا دەنێم...
(جێگای سەرنجە! کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران و ساواک، ئێمەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان، بە چەتە ناو دەبرد!!)

***

## وەستاعەلی؟

دۆستانی ئاوایی برایمە و ئەو دووکەسەی دێبۆکری، هاودەنگیساڵح لاجانی، بەسەریاندا سەپاندین بچین بۆ سەر ئەو سێ برایە کە، بە وتەی ئەوان ببوون بە هۆی دەردەسەریی خەڵکی گوندی دێبۆکری. لەڕاستیدا بە هیچجۆر ئێمە نەچووبووین ئەوان سزا بدەین. مەبەست لەچوون ئەوە بوو هەم بیسەلمێنین ئێمە پێشمەرگەی خەڵکی کوردستانین، هەمیش ببین بەهۆی پەژیوان-بوونەوە ئەو سێ برایە...
وتەکانی حەسەنەخێلی، لەسەر پیاوخراپیی ئەو سێ برایە، جێگای شکو گومانی بۆ ئێمە نەهێشتبۆوە. ساڵح لاجانییش بەلای

داواکاراندا شکایەوە، قەناعەتی بەمنیش هێنا. گوتمان با نەختێک شەو درەنگ بێ، خەڵک بخەوێ و...

درەنگانی شەو، بەرەو ئاوایی دێبۆکری، چووینە خوار. نێوان برایمە و دێبۆکر مەوداکەی ئەوەندە نیە. پرسیارمان لە حەسەن کرد: داخوا ئەو برایانە چەکیان هەیە؟ ناوبراو گوتی: ئەمن چەکم پێنەدیون، بەڵام خەنجەر و تەوریان هەیە. شەوانەش کە دەخەون سەری دارێکی ئەستوور و درێژ کە بنی دەگاتە دیوار، بەدەرگای ژوورەکەیانەوە دەنێن کە بەهیچ جۆر دەرگاکە ناکرێتەوە. دەبێ بەفێڵ لەماڵیان وەدەر نێن.

ماڵەکەیان خانوویەکی چووکە بوو، تەنیا ژوورێک بوو ئەویش بەلاوە هەڵکەوتبوو. زیندوویاد ساڵح لاجانی، چووە سەربانی. گوتی کولانەی نیە تەنیا جێگای لوولە سۆبەی هەیە. لە دەرگاکەمان دا، وەڵامێک نەبوو. پاڵمان بە دەرگاکەوە نا دەرگاکە بە هیچجۆر نە بزووت. ئەوجارە عەجەم توند دوا. لە ژوورەوە بەجنێو وەڵامەکەی وەرگرتەوە.

یەکێک لە ژوورەکەوە دەیگوت: بێنە ژوور هەمووتان قەڵتوبڕ دەکەم. ساڵح لەسەربانی ژوورەکەی نارنجەکی بە کونی لوولە سۆبەیدا شۆڕ کردەوە، گوتی: نەیە دەرێ، یان دەرگاکە نەکەیەوە نارنجۆکەکە بەردەدەمەوە!

ئەوجارە کابرای نێو ژوورەکە شێوەی دوانی گۆڕا، زمانی نەرمی بەکار هێنا. حەسەنە خێل بە دەستبەستراوی لە پێش دەرگای دەپاڕایەوە بۆخاتری خوا مەیکوژن. جنێویشی بە وەستا عەلی دەدا کە، چۆنی ماڵ خراپ کردوە و منداڵەکانی لێ هەتیو کردوە: ئەوە بۆ نایەدەر نامەرد، پێت وایە بە نەهاتنەدەر ڕزگارت دەبێ؟ ئەوجارە وەستا عەلی، ناچار دەرگاکەی کردەوە، هاتە دەر. لە بیرم نەماوە مەلا عەجەم، یان قادرلاجانی بوو؟ کە بەڕواڵەت کێشکی حەسەنەخێلی بوو، لێی ڕاسا بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی لە روومەتی حەسەنەخێلی دا. (شەپلاخەکەی زۆر توند و ناشیانە لێدا، زۆرم پێناخۆش بوو!)

ئەوجارە شەهید قادرلاجانی داگژایە وەستاعەلی. قادرم ئەهوەن کردەوە. ئەو شەوە تەنیا وەستا عەلی لە ماڵ بوو. دوو براکەی دیکەی لەماڵ نەبوون. باشم لە بیر نەماوە دەستی وەستا عەلییان بەست یان نا؟ بە بێدەنگی دەگەڵ حەسەنەخێلی، بە رەو ئەشکەوتی دێبۆکریمان بردن.

حەسەنەخیڵ، لە ڕێگا جنێوی بە وەستاعەلی دەدا دەیگوت: "قاحبەبابی سەگباب، ئەتۆ بوویە هۆی بەدبەختیی من و ماڵومنداڵم، چۆن منداڵەکانت لێ بێسەرپەرست کردم هەی قاحبەباب و... لەبەر ئێیمەش دەپاڕایەوە کە نەیکوژین منداڵی وردی هەن و پەژیوانە و...!

وەستا عەلیمان لە گوندی دێبۆکری بردە دەر، ئەوجارە زانی کە ڕزگاریی نابێ، دەستی کرد بە پاڕانەوە. داوای بەخشینی دەکرد. ئەوەی کردبوو وەک کە ڕاپۆرتی لە چەند کەسان داوە و... دانی بە هەموویاندا نا. ئەوجارە، قادر بەڵێنی لێوەرگرت، ڕاپۆرت لە خەڵکی ئاوایی نەدا و دەستی لە هاتوچۆی ژاندارمەری هەڵگرێ. ئەویش قبووڵی کرد و بەڵێنی پێ دا...

دوایی قادر، داوای کرد کە: وەستاعەلی ئەوەی بەرامبەر بەخەڵک کردوویەتی هەمووی دان پێدا ناوە، ئێستاش پەژیوانە، ئامادەیە دەست لەکاری خراپ و ڕاپۆرتدان لەخەڵک هەڵگرێ و هاوکاریی ژاندارمەری نەکا و واز لە بێ نامووسی بێنی...

دوای هێندێ دوورکەوتنەوە لە ئاوایی قادر، قەناعەتی پێهێناین کە ئەمجارە لەو تاوانانەی کردوویە خۆش بین و چاوەڕوانی داهاتووی بین، ئەگەر دووپاتەی کردنەوە بۆ کوێ دەچن؟ بەسزایان دەگەیەنین. ئەو جارە حەسەنە خێل بە ئەداوئەتوارێک دەپاڕایەوە و داوای لێخۆشبوونی دەکرد کە لە تاوانەکەی خۆش بین،کافری پێ موسوڵمان دەبوو. نەخشەکەی باش یاری دەکرد و لێی دەزانی.

دەیبیرمەوە، وەستاعەلی تۆبەی کرد، بوو بە زامنی براکانیشی و حەسەنە خێلی، هەتا ماون هاوکاریی ژاندارم و ساواک نەکەن.

ئێمەش دوایی هێندێکمان قسەی خۆش دەگەڵ کردن و... ئازادمان کردن و بۆ هەمیشەش خەڵکی ئاوایی دێبۆکر و ئەو دۆڵەمان لە شەڕی وەستا عەلی دوور خستەوە.
لەبیرم نەماوە نازانم وەستاعەلی لەساڵەکانی٤٦-٤٧دا لەلایەن ژاندارمێرییەوە گیرا یان نا؟...

***

دوای ئەو ماجەرایە، لە دێبۆکری وەدەر کەوتین بەرەو گوندی خەڵیفە وەسەر کەوتین. ئەو شەوە لای مامۆستا مەلا مەزنەی ماینەوە هەتا سبەی ئێوارە. شەوی دواتر بەرەو گوندی ماسوێ داگەڕاینە خوار.
لەماسوێ حەمەخڕەمان نارد بۆمەهاباد، بۆلای ڕەوانشاد وەستا کەریم بەفراوی کە برادەرانی مەهابادی ئاگادار بکا و بۆ ڕۆژی... بێن بۆماسوێ. ڕۆژەکەمان دیاری‌کرد، دوای هاتنەوەی حەمەخڕە، گەڕاینەوە گوندی خەڵیفە. زانیمان کاک سولەیمان هاتۆتە برایمە. ئەوان دەیانزانی ئێمە لە ماسوێ پێوەندیمان بەمەهابادەوە گرتوە. لەوێ بەرەو خەڵیفە وەڕێ کەوتبوون. لە خەڵیفە یەکترمان گرتەوە. بۆ سبەی‌شەوێ، دەگەڵ کاک سولەیمان و جەماعەت هاتینە ئاوایی ماسوێ. لە ماسوێ بەهۆی برادەرانی حیزبی لەبواری ئەمنییەتی و مانەوە لە ماڵەکان، ئامادەکاریی باشمان کردبوو. کاتێک گەیشتینە نێو ئاوایی ئەو کۆمەڵە کادر و پێشمەرگەیە، نزیک بەسی کەس دەبووین. لەماڵەکانی گوندی ماسوێ، زۆر بەتاکتیکێکی نیزامی دابەش ببووین...
برادەرانی مەهابادی هاتن. دەگەڵ کاک سولەیمان چاویان پێک کەوت و بەیانی بەماشێنی خەتی گەڕانەوە مەهاباد. پێشمەرگەکان، هەموومان جلکی هاوێنیمان دەبەردا بوو. هێندێکمان خۆمئاسایی هیچمان دەبەردا نەبوو. وەستاکەریم

بەفراو نزیکەی چل دەستی جلکی پێشمەرگە بۆ بەدروون دابووین.
لە سەرتان ومرانێ جلکەکانمان گەیشتنێ.

دوای ئەو رۆژە، بۆ شەو گەڕاینەوە گوندی دێبۆکر. ئەوجارە دەستەیەکی دیکە لەخەڵکی سابڵاخ و بنەماڵەی موعینی، زیندوویاد کاک خەلیلی سەدیقی و کاک حەسەنی باباتاهیری و کۆمەڵێک لە خەڵکی خەباتگێڕی شار و کەسوکاری پێشمەرگە سابلاخییەکان هاتبوون، ئەو بەسەرهاتەم لەنووسراوەکەی پێشوودا نووسیوە...

شەو لەگوندی دێبۆکری تووشی نەخۆشی بووم، تاولەرز دایگرتم، خۆم پێ ڕانەگیرا، زیندوویاد عەبدوڵڵای موعینی دەرزیی موسەکینی لێدام بردیانمە ماڵێک لەوێ لەبن کورسی خزیم.

نەمتوانی ئەوەندە لای کاک خەلیلی سەدیقی و کاک سەید حەسەنی باباتاهیری بمێنمەوە. هەتا کاتی ڕۆیشتن لەو ماڵە مامەوە. دواتر چووینە گوندی برایمە...

بەسەرهاتی گوندی برایمە و هاتنی ئەرتەشی پادگانی مەهاباد بۆ سەرمان، بەدرێژی لە نووسراوەی: "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧..." نووسراوە.لێرەدا دووپاتی ناکەمەوە.

لەگوندی "سەلیم ساوڵ"ڕا بە جەولە ڕۆیشتین. هیچ گوندێکی ئەو مەڵبەندمان وەپاش نەدا، سەری هەموو گوندەکانمان دا.

چەند ڕۆژ دوای بەسەرهاتی گوندی برایمەی شەوێک بەرەو گوندەکانی مرانێ و میریسێ دەڕۆیشتین، وابزانم بەرەوگوندی کارگێ بوو زیندوویاد کاک سولەیمان پێیگوتم:

برای خۆم، ئێمە گەڕاوینەوە نێو خەڵک و ولاتی خۆمان، بۆ ئەوەی لەنێو خەڵکی خۆمان خەبات بکەین و بیسەلمێنین پێشمەرگەی ئەو خەڵک و نێشتیمانەین. ئەتۆ بۆ پەلپی گەڕانەوە دەگری، پێمبڵێ دەچینەوە بۆ سونێ لەوێ چدەکەین؟ ئێمە وەك پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەستمان

هەمبانەی کتێب

داوەتە چەک، ئێمە لە پێناو مافی نەتەوەی خۆمان لەم بەشەی کوردستاندا خەبات دەکەین. ئەوەی بزانە سونێ جێگای ئێمە نیە. ئەتۆ سێ مانگە لە پێدەشتی شارۆیران ماویەتەوە، باشە، مانگێکیش لەو چیاو بەندەنانە بمێنیەوە چ دەبێ؟
هەر ئەو شەوە بوو گوتی: یەکێک لە کاربەدەستانی شۆڕش، وابزانم کاک ئیدریس بارزانی بووە، لە ڕەزاییەی ، ورمێ، یەکێک لە دەمڕاستانی "قوڵێی"، حکوومەتی ئیران داوای لێکردوە، ئێمە بگرن و تەسلیمی ئێرانمان بکەنەوە! (ئەو بابەتەم پێشتر لە کتێبی "لاپەڕەیەک لە تیکۆشانو..." بە دریژی نوو سیوە.)
لەوێ بە قسەکانی کاک سولەیمان قانع بووم بۆ مانەوە، بەڵێنیم دایە کە نەگەڕێمەوە و باسی گەڕانەوە نەکەم و هەمووومان ژیان و مەرگمان پێکەوە بێ. ئیمە بیستوچوار کەس، یان زۆرتر، لە نێو خەڵک و وڵاتی خۆماندا بووین. بە هەستێکی خەباتگێڕانە، بێ-خەم و دڵخۆش، بە گڕوتینی لاویەتی و هیوا بە دوارۆژی ئازادیی وڵات، ژیانمان بەڕێ دەکرد. بێ بیرکردنەوە لە بێبەرگی و بێ-پێڵاوی، ژیانی تێروتەسەلی! بە ژیانێکی ساکار و سادەی پێشمەرگایەتی، ئەمڕۆ لێرە و سبەێ لەوێ؛ رۆژگارمان بەڕێ دەکرد، یادی بەخێر.
ئەو زستانە هەموومان لە ناوچەکانی مەنگوڕایەتی و گەورک و سوێسنایەتی بردەسەر. بێخەبەر لە هەموو فڕوفێڵێک، بێ-خەموخەیاڵ لەو داو و پیلانانەی بۆیان نابووینەوە. شوێنی خۆمان بە تاکتیک لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕی. ئاگاداری ئەوە نەبووم کە کاک سەدیق، چەند جاری نامە بۆ کاک سولەیمان نووسیبوو...

***

هەوڵنامەی کێبر

# پیاوی سەروان حاجیلووی!

لەبیرم نەماوە چەند حەوتوو دوای بەسەرهاتی گوندی "برایمە" بوو کە، لەشکری سەربازخانەی مەهابادمان هاتە سەر؟ لە گوندەکانی ناوچەی "نەڵێن" شەوێک ئاوای دیوی دۆڵی میشەدێ بووین و هاتین بۆ گوندی میشەدێی خوارێ. ئەو ڕۆژە لە میشەدێ ماینەوە گوتمان کێ جلی چڵکنی هەیە، داینێ و بیشوا و... بۆسبەی ئێوارە خۆمان ئامادە دەکرد وەڕێکەوین. کارەکەمان جەولەی ناوچەکانی کورستان و مانەوەی لەنێو خەڵکی خۆمان بوو. وێڕای ئەوەش کاری تەشکیلاتی دەکرا و شوێنی خۆمان لە ناوچەکان دەگۆڕی. لەهەمان کاتدا هاوکار و ئەندامانی حیزب بە وریایی چاویان لەسەر جووڵەی هێزی ژاندارم و سیخوڕەکانیان بوو. لە هەرشوێنێک هەستیان بە پیلانێک کردبا، خێرا ئاگاداریان دەکردین.

لە میشەدێ لە ماڵی ڕەوانشاد، عەولا دەروێشی بووم، کاک سولەیمانی موعینی بە دوایدا ناردم، چووم. نابراو گوتی: دەگەڵ ساڵح لاجانی و کەریم ڕەشاش بچن بۆگوندی "گونەدارێ" ماڵە حاجی... بەداخەوە ناوی حاجییەکەم لە بیر نەماوە؟

گوتی: کابرایەک لەوماڵە میوانە، (ناوونیشانی پێگوتم) ئێستێ لە بن کورسی خزیوە... بیگرن بە بێدەنگی بیهێنن. ئەو کابرایە کەوتۆتە شوێن ئێمە. جاسووسی فەرماندەی گورهانی ژاندارمەری پیرانشار، سەروان "حاجیلوو"یە...؟

نێوان میشەدێ و گەنەدار بۆ پیادەی قۆچاخ کەمتر یان نیوساعەتە ڕێیە. دەگەڵ کەریم ڕەشاش و زیندوویاد ساڵح لاجانی، چووین بۆگەنەدارێ، ماڵی حاجیی ناوبراو. دوا نیوەرۆیەکی درەنگوەخت بوو. نەچووینە دیوەخانێ یەکسەرە چووینە ژووری ماڵێ ئەو شوێنەی کابراکە خۆی دەبن کورسی خزاند بوو. دەرگامان کردەوە، راست بوو کابراکە لەوێ بوو، هەتا

ملان خۆی لەبن کورسی خزاندبوو. کە چووینە ژوور، ئێمەی دیت خۆی دەخەو کرد؟

دانەنیشتین، زۆریان بەخێرهاتن کردین و خولْقیان زۆر خۆش بوو... کابراکەمان هەستاند گوتمان: کاکە خۆت ئامادە کە کارمان بەتۆیە. کابرا پیشەی پێشتری شوانی بوو، شوانی ئەو ماڵە حاجییە ببوو. کابرا دەیەویست خۆی زۆربە فەقیر و زەحمەتکێش پێشان بدا، تەفرەمان بدات و بۆی دەرچێ. ماڵە حاجییەکە گوتیان، ئەوە پێشتر شوانی خۆمان بووە، ئێستێ دەڵێ بێکارە و بەدوای شوانیدا دەگەڕێ...

کابرامان هەستاند، ماڵئاواییمان لە ماڵە حاجییەکە کرد و بەرەو میشەدێ کەوتینە ڕێ. ڕاست بوو کابرا شوانیی دەکرد، بەڵام شکڵ و سیمای وەک شوانان نەدەچوو. سەروسیمایەکی زۆر وێچووی هەبوو... لەڕێگا دەپاڕایەوە و سویند و قورعانی دەخوارد کە ئەو کەسێکی زەحمەتکێش و بێئازارە بۆکوێی دەبەن؟... زیندوویاد ساڵح لاجانی دەگەڵ جاسووس و پیاوخراپان زۆر توند بوو.

کاک سولەیمان گوتبووی مەیهێننە ئاوایی میشەدێ. لابڕ، بەرەو گوندی (ئۆغەن) وەسەر کەون...

هەتا ئێمە گەیشتینە ڕاستی مێشەدێ، کاک سولەیمان و کادر و پێشمەرگەکانی دیکە، خەریک بوون لە میشەدێ وەدەر دەکەوتن و لە ئاوایی چووبوونە دەر. کابراکە، دیتی ئێمە نایبەین بۆ ئاوایی میشەدێ، لە ڕادەبەدەر ترسی ڕێنیشت، پێیوابوو دەیکوژین.

بەدەم ڕێگاوە لەڕووی دڵسۆزییەوە کابرام دەدواند. پێمگوت: تەنیا شتێک دەتوانێ دەفریات بێ و ڕزگارت بکا ئەویش، دانناندە بەڕاستیدا. هەتا لە میشەدێ نەدیو نەبووین کاک سولەیمان قسەی دەگەڵ کابرای نەکرد. کە گەیشتینە سەر شاخەکەی نێوان میشەدێ و گوندی(ئۆغەن) نزیک بوو ڕۆژئاوابێ. ئەوجارە کابرا لەلایەن کاک سولەیمانەوە کەوتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە. ئەمن خوا حافیزیم لەکابرا کرد. کابراکە بەتەواوی ورەی بەردا!

وتەکەی پێشووی خۆم بۆ دووپاتە کردەوە: تەنیا ڕاستیگوتن دەتوانێ تۆ ڕزگار بکا و بەس.

ئەمن کاک سولەیمانم بەجێهێشت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، لەلای نەبووم نازانم چپرسیارێکی لە کابرای شوانە کرد؟ ئەوەی کاک سولەیمان بۆی گێڕاومەوە: ناوبراو دانی بەهاوکاری و ناردنی لەلایەن سەروان حاجیلوودا نابوو. وەک کاک سولەیمان گوتی: کەسانێک لە دەشتی پیرانان و مامەشان، شەبەکە بوونە لە گوندەکانی سۆغانلوو، کاسەکەران و ئەو ناوە... خەڵکی دیکەش هەبوون و ناوی هەموویانی بۆ کاک سولەیمان ئاشکرا کردبوو. بەداخەوە ئەمن ناوەکانم لەبیرم نەماون. ناوبراو، ناوەکان و شوێنیانی بەدروستی دەدرکێنێ، دوای داننان بەتاوانی خۆی و دەربڕینی پەژیوانی، داوای عەفوو،و بەخشین لەکاک سولەیمان دەکا.

کاکسولەیمان گوتی: بەمەرج ئازادم کردوە، هاوکاری ژاندارم و ساواک نەکاتەوە...؟

کاک سولەیمانی موعینی هەرچەند کادرێکی جیددی بوو، وەک کاک ئەحمەد دەستوەشێن نەبوو، کەسێکی هێدی و بە تەحەممول بوو. چەند ڕۆژێک لە گوندەکانی گەدەی ماینەوە. لە ناوچەی گەدەی بەفر هەبوو. ڕۆژێک لە گوندی سێوێ گەدەی، لە دیوەخانی ئاغاکان میوان بووین. هەوا نەختێک مژوهەور بوو. یادی بەخێر مونتەقیم، بە پێکەنینەوە هاتە ژوور گوتی: ژاندارم گەیشتنە سەرمان. ئەو ڕوانشادە قسەی جیددییشی هەر گاڵتە و پێکەنین بوو. چونکە هەمیشە گاڵتەی دەکرد پێمان وابوو ئەو جارەش هەر گاڵتەی دەکا. ئەوجارە گوتی بەمەرگی خۆم ئەوە گەیشتنە کانی نۆبەتێیە. هاتینە دەر، بە دوربین سەیرمان کرد ڕاست بوو. کۆمەڵێک ژاندارم، گەیشتبوونەتە نزیک ماڵەکانی (کانی نۆبەتێ)یە. خێراخۆمان ئامادە کرد. پشتی ماڵەکانی ئاوایی بەردەلان و نزیک لە چیاوەیە.

دوو گوندی (کانی نۆبەتی) و سێوێ گەدەی ئەمبەرئەوبەر، ڕووبەڕووی یەکتر هەڵکەوتوون. کاکسولەیمان گوتی: جارێ لە ئاوایی وەدەر مەکەون بزانین لەو بەندەنە دادەپەڕنە خوار؟ ئەگەر ئەوان داپەڕینە خوار، ئێمەش لێرە کارسازیی خۆمان دەکەین. هەموومان پێشمەرگەکان، لەخوار ئاوایی بە ئامادەیی سەیری کانی‌نۆبەتێمان دەکرد. دەماندیتن، ژاندارمەکان هەموویان چوونە دیوەخانی مەلا حەسەنی، ئاغای ئاوایی. دوای زیاتر لە کاتژمێرێک، ژاندارمەکان بەڕێگای خۆیاندا گەڕانەوە بۆ دیوی نەڵێنێ؟

دوایی گوندی سێوی گەدەمان بەجێ‌هێشت. کەسێکمان نارد بۆ لای مەلاحەسەن، ئاغاکەی گوندی کانی نۆبەتێ کە، پرسیاری لێ‌بکا ژاندارمەکان بۆ هاتبوون و بۆگەڕانەوە ؟

نێردراوەکەی ئێمە، چوو دوای ماوەیەک گەڕایەوە. ناوبراو گوتبووی: دەفتەرێکیان پێ‌بوو کردیانەوە دەستیان کرد بە پرسیاران؟

:دەڵێن چەتە هاتوونە ئەو ناوە، ئەتۆ دیتووتن، چەند کەسن و چیان دەوێ...؟

مەلاحەسەن پێی‌گوتبوون: جەنابی سەروان، ئەوانە چەتە نین ماڵی خەڵک تالان ناکەن، نەمبیستوە خەڵکیان ئازار دابێ. جەنابت دەفەرمووی چەتە، با چەتە بن. ئەمن نازانم چەندکەس دەبن و چیان دەوێ؟ ئەوەندە دەزانم هەر جارە دەستەیەک دێت، ئەوان دەڕۆن دەستەیەکی دیکە دێن!

ژمارەیان نازانم، بەڵام دەزانم هەر دەستەیەی لە بیست کەس زۆرترن!

گوتی: سیتوانێکی لاو بوو، دەگەڵ هەشت،نۆ ژاندارمان. کاتێک ناوی چەند دەستەم هێنا، دەفتەرەکەی وێکنا، گوتی تکات لێدەکەم کاتێک پرسیاریان لێکردی مەڵێ چەتەم دیون. نە دەردەسەری بۆخۆت دروست بکە، نە بۆ ئێمە. وەرە ئیمزا بکە کە چەتە نەهاتوون بۆ گەدەی...!

ئێمە بەرەو گاگەش و ئەو ناوە دەڕۆیشتین. لە کانی خەلیلی، ڕێگاکەمان گۆڕی، گەڕاینەوە بۆکونەکێچێ. دەشتی نەڵێنێ بەفری نەبوو...!

***

## گوندی کونەکێچ

لە گوندی کونەکێچێ، کۆبووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کاک سولەیمان، بەڕاشکاوی ڕوو بە کادرەکان گوتی: برایان! بە گوێرەی ئەوهەواڵەی پێیان ڕاگەیاندوە، کاک ئیدریس بارزانی، بەڵێنی بە حکوومەتی ئێران داوە، ئێمە ئەو کەسانەی هاتووینەوە نێوخۆی وڵات، بمانگرن ڕادەستی ئێرانمان کەنەوە!؟...
ئەو تەنیا باسی ئەوەی کرد کە، پێیان ڕاگەیاندوە، ئیدی باسی هاتنی نامەی کاک سەدیق بۆ ئێمەی نەکرد؟
چەند ڕۆژ پێشتر کاک سولەیمان لای من باسی کاک ئیدریسی کردبوو: سەرۆکی ساواک، یان کەسێکی خاوەنپلەوپایەی حکوومەتی ئێران لە ورمێ داوای لە کاک ئیدریس کردوە: سولەیمانی موعینی و ئەو کەسانەی دەگەڵ ئەو هاتوونەوە بۆ دیوی ئێران بگرن و ڕادەستی ئیرانیان کەنەوە...!
لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا پێشمەرگان و کاک سولەیمان لە نێوخۆی وڵات بمێننەوە، ئێمەش کادرەکان بگەڕێینەوە بۆ ئەودیوی سنوور، بچینەوە بنکەی سونێ، چاومان بە کاک سەدیق بکەوێ. ئەگەر دیتمان هەلومەرجی نێو شۆڕش نالەبار و جێگای نیگەرانییە و کاربەدەستانی شۆڕش نیازی رادەستکردنەوەمانیان هەیە، زۆر وشیارانە ئاوای ئەو دیوی سنوور بینەوە بگەڕێینەوە لای هاوڕێکانمان...
ئێمە جگە لە مەلا مەحموود و مونتەقیم هیچکاممان تەمەنمان نەگەیشتبووە سی ساڵ. هەمووومان لاو، کەمئەزموون، کەمموتالا،

ئەوەی شکمان دەبرد هێزو ورەی لاوەتی بوو...! بێخەبەر لە هەموو پیلانێک، خۆشباوەڕ؟
هەرکەس جلکی پێشمەرگایەتیی دەبەردا بایە و خۆی بە کەسایەتییەکی سیاسی ناساندبا، زۆرهاسان باوەڕمان پێدەکرد؟ چیمان دەزانی، لەکوێ بزانین؟ ئاخر ئەوەی بۆ ئێمە جێگای بڕوا نەبوون نەیارانی بەکرێگیراو بوون. چۆن بزانین هاوخەباتی خۆمان خەیانەتمان پێدەکا و پیلانمان لێدەگێڕێ!

کادرەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون: لە زیندوویادان ١_ عەبدوڵلای موعینی، ٢_مونتەقیمی قازی، ٣_ مەلاقادری لاچینی ٤- مەلامەحموودی زەنگەنە٥- مەلامحەممەدی عەجەم٦- محەممەدی خزری ٧-مامەندی قادری قازی.
دوای باسێکی هەموولایەنە، بڕیار درا ئەوحەوت کەسەمان بگەڕێینەوە بۆ بنکەی سونێ. ئیدی لە کۆنەکێچەوە هەتا ناوچەی سوێسنایەتی نزیک سنوور، بە جەولە دەگەڵ کاک سولەیمان بووین. لە دەشتی ساوان، ماڵئاوایی‌مان لەکاک سولویمانو هاوڕێیانی پێشمەرگەمان کردو ئێمە گەڕاینەوە بۆ بنکەی سونی. بەخەیاڵی خۆمان بەچاوکراوەیی و وشیارانە هەلومەرجی نێو شۆڕش هەڵدەسەنگێنین. ئەگەر هەستمان بە مەترسی کرد خێرا ئاوای ئەودیوی سنوور دەبینەوە...
نازانم چەندی مانگی مارسی ١٩٦٦ بوو، گەیشتینەوە سونێ. ئەوەندەم لەبیر ماوە، دەزانم دوای نەورۆزی ١٣٤٥ی هەتاوی بوو. لە مێژ نەبوو مام جەلال گوندی دۆڵەڕەقەی بەجێ هێشتبوو، پاڵی وە حکوومەتی عێراق دابوو!

***

## گەڵوەڕەز!

لەلاپەڕەی ٩٥ هەتا١٠١ی نووسراوەکەی پێشووی خۆم، لەسەر گەڕانەوەمان بۆ بنکەی سونێ و کۆبوونەوەی گەڵوەڕەزێ و چوون بۆ لای کاک سەدیقی ئەنجیری، بەگوێرەی پێویست لەسەر ئەو بابەت و بەسەرهاتانەم نووسیوە. لێرەدا پێویست ناکات جاریکی دیکە بگەڕێمەوە سەریان و دووپاتەیان بکەمەوە و بیاندەمەوە بەرباس. ئەوەی لە نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا ئاماژەم پێ-نەکردوە: گەیشتنەوەی خەبەری کۆبوونەوەکە بەحەسۆ میرخانە کە ئەودەم فەرماندەی هێزی کاوە و هەمەکارەی ناوچەی پشدەر و بناری قەندیل بوو؟

جگە لەو ١٥کەسەی ناوەکەیان لە نووسراوەکەی پێشوودا نووسراوە، کەسی دیکە لەو کۆبوونەوەیەدا نەبووە کە، بزانی ئێمە بەشوێن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا چووین، بگەڕێنەوە بۆبنکەی سونێ. هەرچۆنێک بێ حەسۆ میرخان لە گەڕانەوەی کاک سولەیمانی موعینی ئاگادار کرابۆوە!...

ئەمن چووم بۆ باڵەکایەتی کە چاوم بە کاک ئەحمەد تۆفیق و کاک سەدیق بکەوێ و لە نزیکەوە قسەیان دەگەڵ بکەم و داوای گەڕانەوەیان لێبکەم و وەڵامی نووسراوەی کادرەکان وەرگرمەوە... بەداخەوە کاک ئەحمەد تۆفیق لەلایەن سەرۆک بارزانییەوە دوور خرابۆوە بۆ ناوچەی بادینان بۆ کانی ماسی...؟

***

## دیدارتازەکردنەوە

هەرووەک لە نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا ئاماژەم پێداوە: کاک سەدیق، ئەودەم لەگوندی دەربەندی ڕایات، لە خانووی باغێکدا دەژیا. بەهۆی یوونس ئاهەنگەریی شەهید، شوێنی کاک سەدیقم دۆزیەوە. توانای دەربڕینی خۆشحاڵیی ئەو دیدارە خۆشەی دوای

حەوت مانگ دابڕان لەکاک سەدیقم نیە بیگێڕمەوە؟ کاک سەدیقم هەرگیز بەوجۆرە بە شاگەشکەیی نەدیبوو. ئەمنیش زۆرم تاسەی کاک سەدیق هەبوو. ئەو دیدارە دەگەڕێتەوە بو مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٥ی هەتاوی.

دوایی سانەوە، نامەکەم دا بەکاک سەدیق، کە لە خوێندنەوەی نامەکە بۆوە، سەری بۆ ڕاوەشاندم. پێشان لە مەبەستی حاڵی نەبووم نەمزانی ئەو سەرڕاوەشاندنەی لەبەر چی بوو؟

دوایە دەستیکرد بەگلەوگازندە لە ڕەوانشاد کاک حەمەدەمین سیراجی و سمایلی شەریفزادە. گوتی: ئەو هەموو هیوایەمان لەسەرئەو دوو کەسە هەڵچنیبوو، بەکردەوە پێشانیان دا هیچیان دەبارآندا نیە یان هیچیان لە خۆ نەگرتوە؟...

کاک سەدیق گوتی:

"کاکە بەنووری ئەو ڕۆژەی ئەنگۆش بەقەرا منداڵێک نازانن! ئەمیری قازی چبەرپرسایەتیەکی حیزبیی هەیە ئەنگۆ دەگەڵی کۆبوونەتەوە؟... ئەمیر چکارەیە پێم ناڵێی؟ ئەگەر دەڵێم بەقەرا منداڵێک نازانن لەخۆڕا وا ناڵێم! ئەمیر نەیدەزانی ئەحمەد ئەوە مانگێکە لێرە نەماوە؟ ئێوەی بە خەشێم زانیوە و خۆی بە دڵسۆزی حیزب بە ئێوە پێشان داوە! پێمناڵێی ئەو لە سونێ چدەکا؟..."

گوتی: چۆن ئەتۆ نازانی دوای گەڕانەوەی ئەمیر لە ئێران، ئەحمەد داوای لێکرد ڕاپۆرتی سەفەرەکەی بە نووسراوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی بنووسێ؟ ئەمیر ئامادە نەبوو، نەینووسی!! ئەحمەد پێیگوت: ئەمیرا! ئەمن تۆم نارد بۆ خوێندن بچی بۆ ئورووپا، یان جارێکی دیکە بگەڕێیەوە بۆ ئێران؟!...

ئاگاداریی ئەوەم هەبوو، کاک ئەمیر نەچووەتە ژێر گوشاری کاک ئەحمەد تۆفیق، ئیستیعفای دابوو! ئەمن لە نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا، لاپەڕە ٦٧دا ئامازەم بە دەمەقاڵێ و ناکۆکیی نێوان کاک ئەمیر و کاک ئەحمەد تۆفیق کردوە.

بەڵام نەچوومەتە سەر چۆنایەتیی هاتنەوەی کاک ئەمیر بۆ کوردستانی گەرمێن و وردەکاری؟...

لەڕاستیدلە نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا، نەمویستوە واقیعییەتەکانی ئەو سەردەمە، ئەو جۆرەی ئاگاداریم لەسەریان هەبووە، بدەمە بەرباس و دڵی کەس بێشێنم! تەنانەت لەو جیگایانەش کە دەبوو بە سەراحەت باسیان لێوە کرابا، ئەمن بە ئیما و ئاماژە قامکم بۆ راداشتوون و نووسیومن..

دەگەڕێمەوە سەرباسی سەفەر و دیدارەکەم دەگەڵ کاک سەدیق.

ناوبراو زۆر لە کۆبوونەوەکەمان ناڕازی بوو: بۆچی چوون بەدوای سولەیمانیدا؟ ئەمن لێرە نامەم بۆسولەیمان نووسیوە، دەگەڵی لە پێوەندی دام...

ئێستێ نابێ ئەتۆ لێرە گیر بی، دەبێ خێرا بگەڕێیەوە بۆسونێ نەوەک سولەیمان دەگیری حەسۆ میرخان و بەرپرسانی شۆڕش کەوێ یان بچێ بۆلایان خۆی بناسێنێ!؟ دەبێ خێرا بگەڕێمەوە:

ئەمن لێرە چاوم بە بەرپرسانی شۆڕش کەوتوە، بە سولەیمان بڵێ خێرا بێ بۆ لای من، هەتا ئەمن نەبینێ دەگەڵ کەس پێوەندی نەگرێ! ئەوە قسەی دوای خوێندنەوەی نامەکە بوو کاک سەدیق پێیگوتووم...!

***

## دوایین دیدار!

کاک سەدیق باسی ئەوەی کرد کە ڕاپۆرتیان بە مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی و شەخسی مەلا مستەفای دابوو: بە بارزانییان گوتبوو، سولەیمان دەگەڵ ئەو جەماعەتە گەڕاوەتەوە لە ئێران شۆڕش بکا...!؟

کاتێ خۆی پێی زانیوە، بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی و گومان چاوی بەکاک حەبیب محەممەد کەریم فەیلی کەوتوە، خاترجەمی کردون کە، ئەوەی لە بارەی سولەیمانیان گوتوە درۆیە و ئەسڵ و

ئەساسی بۆ نیە. سولەیمان و کادرەکان بۆ کاری تەشکیلاتی سیاسی گەڕاونەتەوە وڵات و بێشک بەو زووانەش دەگەڕێنەوە گەرمێن.

زیندوویاد کاک سەدیق، لەسەر هەرباسێک کە دەدوا، لە چەند جوملە زۆرتری لەسەر نەدەڕۆیشت...

دوای ئەوەی لە هەموو باسێکی سیاسی بووینەوە، دەگەڵ کاک سەدیق باسی هێنانی ماڵ و بە وتەی گەرمێنییان" هاوسەرگیری"ی خۆم و... دەگەڵ هێنایە گۆڕێ. ناوبراو نەکهەر موخالیف نەبوو، زۆریشی پێخۆش بوو، داوای لێکردم لە جیاتی چوون بۆ ناوچەی قەلادزە، ماڵەکەم بێنم بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، لەوێ خانوویەک دەدۆزنەوە... گوتی: پێویستە ماڵێکمان لێرە هەبێ. گوتی: "نیگەرانی بەڕێچوون نەبم" و زۆری هیوا پێبەخشیم. ئەمنیش وەڵێنیم پێدا، دەگەڕێمەوە لای ئەو. گوتی کەنگێ دەگەڕێیەوە؟

هەروەکوو لە نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا ئاماژەم پێداوە، گوتم: لەمانگی بانەمەڕدا کوێستانچیی شارۆیرانی بەرەو کوێستانەکانی سەرسنوور دێن، دەگەڵ ماڵە خزم و ناسیاران، دەتوانم بێ-موشکیلە ماڵەکەم بگەیەنمە سەرسنوور. کاتێک گەیشتمەوە سەرسنوور، بەزووترین کات، دەگەمەوە لاتان. ئیتر لێرەدا بوو بڕیاری گەڕانەوەی خۆم و هێنانی ماڵەکەم بۆ گەرمێن، لە کاک سەدیق وەرگرت...

ئاخرین وتەی کاک سەدیق ئەوە بوو:

گوتی، ئێستێ وەزعی ناوچەکانی کوردستانی ئێران، هارووژاوە، جاسووسەکانی ساواکو ژاندارمەری، زۆر بەجیددی بەدواتاندا دەگەڕێن. ئەو شوێنانەی پێشتر لێی دەبوون، ئەمجارە نابێ لەوێ بمێننەوە. ئەو ڕێگایانەی پێشتر پێیدا ڕۆیشتوون ئەوجارە دەبێ ریگاکانتان بگۆڕن. لە سەر بەهەڵە بردنی پۆلیسی ئێران زۆری ئامۆژگاری کردم. یادی هەمیشەزیندووی بەخێر!

***

# هاتنەوەی کاک سولەیمان

دوای چەندرۆژ مانەوە، لە دەربەند، دیتم عەبدوڵڵای موعینی و مونتەقیم و چەندکەس لە پێشمەرگەکانیش هاتبوون بۆ ناوچەی باڵەکایەتی. دەگەڵ ئەوجەماعەتە هەموومان پێکەوە گەڕاینەوە سونێ. کاتێک گەیشتینەوە سونێ، کاک سولەیمان و جەماعەت تازە گەیشتبوونەوە. دوای ماندوونەبوونی دەگەڵ کاک سولەیمان لە گەڵوەڕەز هاتینە خوار بۆ بنکەی سونێ. لە ڕێگا جەرەیانی نامەی حەسۆ میرخانی بۆ باس کردم:

گوتی کاتێک گەیشتمەوە شێنێ، نامەی حەسۆ میرخانیان دامێ! لە نامەکەیدا نووسیویە: کاک‌فایق لە سیدەڵان چاوەڕوانیتان دەکەم؟...

بەهەرحاڵ ئەمن وتەکانی کاک سەدیقم پێ‌گوت و گوتم پێویستە خێرا بچی بۆ لای کاک سەدیق...

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە کۆمەڵەکادرێکی حیزبی بووین لە گەڵوەڕەزێ لەسەر وەزعی نابەسامانی حیزب کۆببووینەوە. جگە لەو کەسانەی کەوا لەژێرەوە ناوەکانیان نووسراون کەسی دیکە ئاگاداری نەبوو:

کەسەکان بریتی بوون لەو ۱۵ کەسە کە ناوەکانیان لە خوارەوە نووسراوە:

۱_ کاک ئەمیری قازی ۲- کاک حەمەدەمینی سیراجی ۳_ کاک سمایلی شەریفزادە ٤_ کاک سالاری حەیدەری ٥_ مەلاقادر لاچینی ٦_ مەلامەحموودی زەنگەنە ۷_ مەلاعەجەم ۸_ عەبدوڵڵای موعینی ۹_ مونتەقیمی قازی ۱۰_ مەلابایز (مەلاکەماڵ سەقزی) ۱۱_ مامەند (قادری قازی) ۱۲_ مەلائاوارە مەلا ئەحمەدی شڵماشی ۱۳_ سەید ڕەسووڵی بابی گەورە (دێهقان) ١٤_ محەممە قەرەشلاخی نووسەری ئەو یادداشتانە ناسراو بە محەممەدی خزری ١٥_ خەلیل شەوباش.

جگە لەو ١٥ کەسە هیچکەس لەو چۆڵەوارەی گەڵوەڕەزێ نەبوو، ئیدی حەسۆ چۆنی زانیبوو، ئەوە هەرخودا دەزانێ و ئەو کەسەی خەبەرەکەی پێداوە... ؟!

ئەوجارە باسی گەڕانەوەی خۆم و هێنانی ماڵەکەم دەگەڵ سولەیمانیش هێنایە بەرباس. زیندوویاد کاک سولەیمان، پێی خۆش بوو ماڵەکەم بێنم بۆ ناوچەی قەڵادزە. گوتی مادام بەڵێنیت بەکاک سەدیق داوە بچی بۆلای ئەو، موخالیف نیم. بەڵام حەزم دەکرد لێک نزیک باین. گوتی ئەمن سبەی دەچم بۆ باڵەکایەتی، بۆ چاوپێکەوتنی کاک سەدیق. دیسان دووپاتەم کردەوە گوتم: کاک سەدیق گوتوویە هەتا ئەمن نەبینی نابێ کەس بزانێ هاتۆتەوە...!

دوای هاتنەوەمان بۆ سونێ، کاک سولەیمان دەگەڵ کاک سەدیق دەچن بۆ مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی، نازانم دەگەڵ کاک ئیدریس کۆببوونەوەیان بووە یان نا؟ بەڵام بێجگە لە کاک ئیدریس و مەلا مستەفا کەسی دیکە خاوەنی ئەو جۆرە بڕیارانە نەبوو! کاک سولەیمان و کادر و پێشمەرگەکان دوور دەخرێنەوە بۆ "دۆڵەڕەقە"؟

***

هەوڵنامەی کتێب

# فەسڵی ٩

## گەڕانەوە بەرەو وڵات بۆ هێنانی ماڵو دواتر لێکترازانو تێرۆری کاک سەدیقی ئەنجیری هەتا دوایی...؟

سبەی ئێوارەی ئەو ڕۆژە، دەگەڵ مەلا عەجەم ئامادەی گەڕانەوە بووین. هەرچەند باران دەباری بەڵام ئێمە وەڕێکەوتین. لەسەر قسەی کاک سەدیق، ڕێگا و شوێنی سەفەرەکانی ڕابردووی خۆمان گۆڕین. ئەوجارە بەناوچەی سوێسنایەتی و گەورکاندا بەرەو مەهاباد کەوتینە ڕێ. بەو ئاوچانەدا هاتوچۆمان نەکردبوو. لای خەڵکی سوێسنیان و گەورکان ناسراو نەبووین. ناوی خۆمان دەگۆڕی، لە هەر شوێنەی ناوێکمان لەخۆمان دەنا. شەوو ڕۆژێک لە گوندی ئەحمەدبریو، گردێنە، ماینەوە. ئەودەم جادەی نێوان سەردەشت و پیرانشار نەبوو. ئێوارەکەی بە ڕووناکی، لە چۆمی کەڵوێ پەڕیینەوە بۆ شەو چووینە مێرگەپیتکێ. ئەوە یەکەمجار بوو، ڕێگام دەو شوێنە دەکەوت...

هەواڵنامەی کتێب

***

## مێرگەپیتکێ وئافرەتێکی لێقەوماو؟

مێرگەپیتکێ چوار، پێنج ماڵ دەبوو. کاتێک گەیشتینە ئاوایی تاریک ببوو. هەر یەکەی لە ماڵێک بووین. یەکەمجارم بوو ڕێم دەو گوندە دەکەوت. شەوەکەی لەماڵیک خەوتم. ئاگام لە عەجەم و سولەیمان بڕا، زۆر ماندوو بووم هەتا نزیک نیوەڕۆیە خەوتم.

بەسرتوخورتی ژنان وەخەبەر هاتم. دیار بوو یەکێک لە ژنەکان دەیگوت بچۆ ژووریٚ، بەخەبەرە!
هەستام لە سەر جێگاکەم دانیشتم، هەستم ڕاگرت هیچ باس نەبوو، خەبەری عەجەمیشم نەبوو. دیسان گوێم لە سرتەکە گرت، لە دەرەوە لە بێڵایە بوو. بەدەنگ کۆخیم یانی بەخەبەرم. ئەوجارە دەرگاکە کرایەوە، ژنی ماڵی خانەخوێکەمان بوو هاتە ژوورەکە گوتی: کاکە ئەوە ئافرەتێک هاتوە بۆ لای تۆ شکایەتی هەیە، خێرت دەگاتیٚ کارێکی بۆ بکەی زۆر بێکەسە!
بۆم بوو بە جێگای سەرسوڕمان، ئەو ئافرەتە دەبیٚ چەندە لێقەوماو و بێچارە بیٚ کە هانای بۆ ئێمە هێنابیٚ؛ یان چهەستێکی هەیە شکایەتی خۆی بێنێتە لای پێشمەرگە و بە چاوسووری خۆی بزانیٚ و پێی وابیٚ لەسەری وەجواب دێت و بەرگریی لیٚدەکا...؟
گوتم براژن دەگەڵ خۆت بیهێنە ژوور.
هاتنە ژوور. ئافرەتێکی ڕووتی ڕەجاڵ، بەتەمەن هەر بیست ساڵ دەبوو، بەڵام بەقەڵافەت سەرەژنێکی چڵ ساڵە!. جەوری زەمان و کۆمەڵگای بیٚ بەشی کوردەواری، لە پەڕوپۆی خستبوو! ئافرەتەکە نەیدەزانی یان لەبەر دەردی خۆی لەبیری چووبۆوە سڵاو یان بەخێرهاتنێک بکا؟ لەبەر هەنیسکان و شەرمی دابی کۆمەڵگای دواکەوتوو، نەهامەتییەکانی خۆی، قسەی بۆ نەدەکرا. بەیارمەتیی هاوسەری خانەخوێکەم، وەقسە هات.
گوتی: ڕەدووی کابرایەک کەوتوە، هێشتا مەسڵەتی دەگەڵ براکانی نەکردوە، بەرەڵڵای کردوە و لەماڵەکەی وەدەری ناوە!
گوتم خوشکی خۆم، لەبەرچی مێردت بە کەسێکی وەها کردوە کە، بەقاو وەفاکەی بەرامبەر بە تۆ بەو جۆرەیە؟
گوتی فریوم خواردوە و ئیستێش چت بوومە و بەڕەڵڵای کردووم و هیچ کوێم نیە رووی تیٚبکەم؟
ئەمنیش مانای"چت" بوومم نەدەزانی. ئافرەتەکە لە نێوان گازندە و شکایەتەکەی خۆیدا چەندی جار وشەی "چت بووم"ی، دووپاتە کردەوە.

ئەوجارە لە ژنی خانە خوێکەم پرسی، براژن: ئەو خوشکە هەر دەڵێ "چت بووم"، ئەوە یانی چی؟

گوتی: کاکە یانی حامیلە بووم!

دەرد و لێقەوماوی و چارەڕەشیی ئەو ژنەم ئەوەندە بەزوڵم و ناهەقی هاتە بەرچاو، ئەگەرپێست ئەستووریی لاوەتی نەبا، وەگریانی دەخستم:

بەگوێرەی گوتنی ئەو ژنە، چەند ساڵێک بوو، دایکوبابی کۆچی دوایییان کردبوو. داشداریی چەند خوشک و برای لە خۆی چووکەتری کەوتبووە ئەستۆ. بە کوێرەوەری و هەژاری و چاوەدێریی خێرخوازان، لە سەروپێچکەیی ڕزگاری کردبوون. برایەکی لەخۆی چووکەتری هەبوو، پێگەیشتبوو. ئەوانی دیکە هێشتا هەر سەغیر بوون و پێویستیان بە داشدار هەبوو.

ساکاری و بێ ئەزموونیی خۆی، ئەو مەرەدەی بەسەر هێنابوو کە تووشی ببوو. ئەو زوڵمە زۆرەی لەبارەیەوە کرابوو؛ ئەو جۆرەی کە بۆمنی گێڕایەوە ئەگەر بۆ بەردی گێڕابایەوە لەوانە بوو ئاوی لێ-تکابایە؟! لەژیانی پڕلە چەرمەسەریی خۆمدا، کەسێکی بەو جۆرە لێقەوماوم بەچاو نەدیبوو!

تووشی خەمی کردبووم. دوای نانوچاخواردن، نەمدەزانی چبکەم چیم بۆ ئەو ژنە بێچارەیە لەدەست دێ ؟ هەستام، هاتمەدەر. دووسێ کەسی ئاوایی لە دەرکوبانان بوون. کە چاویان بەمن کەوت هاتنە لام و بەخێرهاتنیان کردم. لە سەربانێک ڕاوەستابووین، ئەمنیش مەسەلەی ئەو ژنەم دەگەڵ وان دایە بەرباس کە دەگەڵ ژنی خانەخوێکەم هاتبووە لام. خەڵکی ئاوایی، بەسەرهاتی پڕلەنگبەتی ئافرەتەکەیان پشتڕاست کردەوە!

پرسیاری ئەو کابرایەم کرد کە ئەو مەرەدەی بەسەر هێنابوو. گوتیان لێرەیە. کابراکە شوانە، ئەویش هات بۆ لای ئەو خەڵکە و خۆشم لە نێویاندا بووم. کابرا هات، چکابرا؟ لە ژنەکە لێقەوماوتر و چارەڕەشتر!

لاوێکی تەمەن نزیک بەسی ساڵان، ئەویش لە ژنەکە رووتوڕجاڵتر؛ لێم پرسی بۆچی بۆچی ئەو ژنەی هەڵگرتوە و ئەو بەڵایەی بەسەرهێناوە و دوایش بەرەڵڵای کردوە؟
لاوەکە گوتی: قوربان! هەردووکمان هەژار بووین، یەکترمان خۆش دەویست، بە ڕەزایەتی هەردووکمان، ئەو کارەمان کردوە کە رووی داوە...
: باشە ئەدی بۆچی دەگەڵی هەڵناکەی و لەماڵ وەدەرت ناوە؟
گوتی: قوربان پێیم بەڕێناچێ. هیچم نیە، شوانم نانی شوانییەکەم هی ئەو سێ، چوار ماڵەیە بەشی خواردنی خۆم ناکا! خەڵکی ئاوایی گوتیان ڕاست دەکا. دەرکەوت کابرا بژیوی خۆی و ژنەکەی پێ دابین ناکرێ. دێیەکە گوندێکی چوار،پێنج ماڵی بوو، کەسپ وکاریان نەبوو! ئەو جارە کەمێک تێگەیشتم کە، هەژاری و نەداری لە کوردستان لە چئاستێک دایە، تەنانەت دوو دڵدار و خۆشەوست لەهەڕەتی لاوەتیی خۆیاندا، ناتوانن بژیوی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن، لەبەر هەژاری و بێبژیوی ناچار دەبن لێک-دابڕێن...؟!
لاوەکەی مێردی کیژەکە، دەگەڵ برای ژنەکەی هێشتا هەر نێوانیان نائاسایی بوو. بەڵێنی دا دەگەڵ برای ژنەکەی ئاشت بێتەوە و نێوانیخۆیان ئاسایی بکەنەوە و بەوتەی خۆمان مەسڵەتی دەگەڵ بکاو...
ئەدی دوارۆژی ئەو ژنە قەلەندەرە کە لە رووی ناچارییەوە هانای بۆ هێنابوو و شکایەت و گازندە خۆی گەیاندبووە لای من دەبێتە چی؟
بێئاگا لە یاساورێسا و قەزاوت و دابونەریتی ئەو مەڵبەندە کە نەمدەزانی چحوکمێک لەسەرئەو بێچارەیە بدەم؟
شوانە گوتی: ئامادەیە دەستی لێهەڵگرێ و منداڵەکەش بداتە خۆی. کوڕە بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە لێک جیا ببنەوە، چونکە ئیمکانی نەبوو، ژنەکەی پێ بەخێو بکرێ!...

ژنە گوتبووی: "لێی نەداوم بەڵام لەماڵێی وەدەرناوم گوتبووی ئەوی پێ بەخێو ناکرێ!" لە ژنەم پرسی ئەو نیازی چیی هەیە؟ تەنیا ئاواتی ئەوە بوو کە دەگەڵ براکەی سوڵحێ بکا و براکەی جارێکی دیکەی ڕێگای ماڵی خۆیانی بداتەوە و بگەیێتەوە لای خوشک‌و برا چووکەکانی...

ئەوجار قسەم دەگەڵ خەڵکی ئاوایی کرد و داوام لێکردن کە کارێک بکەن ئەوکورە دەگەڵ ژن‌براکانی ئاشت بێتەوە یان ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن "مەسلەت"ی بۆبکەن، کچەش ئازاد بێ و هەوڵ بدەن براکانی وەخۆی کەنەوە...

خەڵکی ئاوایی بەڵێنیان پێدام کە ئەوکارە بکەن. لەوێ بە پێی شەریعەتی ئیسلام، ژنەم بەشوانەی تەڵاق دا و قاقەزی تەڵاقنامەم دا بە کچەکە. خانەخوێکەم بەڵێنی پێدام گوتی: با کچەکە لە ماڵی ئەوان بێ هەتا براکانی وەخۆی دەکەنەوە.

ئەوە بەشێک بوو لەژیانی ژن و مێردێکی هەژار و نەداری ئەو سەردەمەی کوردستانەکەی خۆمان!

***

## پایەگا هاتبووە گاگەش!

ئەو بابەتەم لە نووسراوەی پێشوودا نووسیوە، ناچمەوە سەری. لەگوندی مێرگەپیتکێ بەڕووناکی بەرەو کانی‌شینکێ وەڕێکەوتین چووینە ماڵە هەمزە کوردەی. کاتێک گەیشتینە بەر دەرگا، عەولای هەمزە کوردەی رەنگی بە ڕووانە نەما؟ گوتی چۆنوو ماڵوێران کردین. هێشتا کاتژمێرێک بەسەر نەچووە عەجەمان بابمیان بردوە! گوتمان هەرئێستا بەپەلە نانێکمان دەیە دەڕۆین.

خێرا نانمان خوارد و پرسیاری گاگەش و دەوروبەرمان لە عەولا کرد گوتمان بەرەو گەرمێن دەگەڕێینەوە. وەزعەکە سەیر شێوابوو. لەوێڕا بە تاریکەشەوێکی ئەنگوستەچاوی بارانی، بەرەو گاگەش وەڕێکەوتین. گوندی گاگەشی نزیکەی چل ژاندارمەی هاتبوویە و

لە دیوەخانی کاک عەلی گاگەشیدا جێگیر ببوون. عەجەم شارەزای نێو گوندی گاگەش بوو. کەوتە شوێن برادەرانی حیزبی، دووکەس دۆزیبوونە هاتن بۆ لامان. لە سەرپەڕی ئاوەدانی لەماڵێ پێرەپیاوێک و پێرەژنێکی بووین. سەید عەتا و خدرمێر هەبوون هاتن، زۆر دەترسان، هەقیشیان بوو، بەڵام غیرەتی کوردانەیان بەسەر ترس و دڵەڕاوکێدا زاڵ بوو. بە هاوکاری و ڕێنوێنیی ئەو دوو هاوڕێیە لە گوندی گاگەش، بەرەو گەدە ڕۆیشتین. ڕۆژەکەی لە گەدەی بووین گوتمان دەگەڕێینەوە بۆ دیوی گەرمێنێ.

ئەودەم گەدە زۆر ئاوەدان نەبوو، ئێوارە داهات، بەتاریکی ئاوای دیوی دۆڵی میشەدێ بووین. چووینە مێشەدێی خوارێ، لەوێ سولەیمانمان چەک کرد.

(سولەیمان لاوێک بوو کە، کاک سولیمانی موعینی بۆی ناردبووین. پێشتر دەگەڵ مراد شیوێژ و حەسەنی هەمزە ڕیتاڵی ببوو. دوایی بۆمان دەرکەوت کە ئەو کوڕە بەکرێگیراوێکی ساواکە... ئەو بابەتەم لە نووسراوەی پێشترو لە لاپەرەی ١٠٥-١٠٧دا نووسیوە)

بەڕێگای دۆڵەڕشیدا بەرەو کانییەزەرد کەوتینە ڕێ. ئەوجارە بارەکەمان قورستر بوو تفەنگی سولەیمان و تفەنگ و کۆڵەپشتیی خۆمان، ئەم بەسەرهاتەم لە نووسراوەی پێشوودا نووسیوە!

بە ڕێگاکانی پێشووی خۆماندا نەدەڕۆیشتین. خۆمان لە سەیداوا و هەوشینان نەدا هاتینە برایمە، لەوێ دەمانچەی حەمە گۆرانم قەرز کرد، دەمزانی پێویستیم پێی دەبێ. شەو لەوێ نەماینەوە. پەلەمان بوو خێرا خۆمان بگەیەنینە شارویران. دەشتی شارویران ئەمینتر بوو. شارەزای مەڵبەند بووین. مانگی خێڵبەرەوژوور بوو، وەرزی شێوی زەویوزار بوو. وەرزێر خەریکی جووت و کاروباری وەرزێریی خۆیان بوون.

مووچەومەزرا، زۆر ئاوەدان و پڕحەشیمەت بوون، خۆحەشار دان کارێکی هاسان نەبوو. هاتینە سەر ئەو ڕایە ئەگەر شوێنێک هەبێ، ئاوایی بێدەنگترە. حەمەخڕە، لە سەرپەڕی ئاوایی ماسوێ، ماڵی مام بایزی بۆشوێنی حاوانەوەم دیاری کرد. مام بایز دوو

کوڕی هەبوون لە ڕادەبەدەر کوڕی باش و کورددۆست بوون، بە ناوەکانی عومەر و ئەبووبەکر. دیوەخانێکی بەلاوەیان هەبوو شوێنێکی باش بوو، بەرۆژ لە ژوورەکە نەدەهاتمە دەر.
هەتا خۆمان ئامادە کرد، لەو ماڵە مامەوە. چاوم بە عەولای ڕەحیمی زێنێ کەوت، بۆهێنانی ماڵ و خێزانم بۆ گەرمێن داوای یارمەتیم لێکرد، نابراو گوتی: کاتی هاتن بۆ ماسوێ ئاگادارم بکە، بە سواری ئەسپ دەیگەیەنینە دیوی گەرمێن.
بەرەو شارویران وەڕێکەوتین. شەوێ چووینە گوندی ئاڵبلاخ، لەماڵی قادراغا و حامیداغا خەوتین. هاتینە سەر ئەوڕایە، تفەنگ و چەکی گەورە دەگەڵ خۆمان نەبەین، شەو درێژ و ڕۆژ کورت بوون. شارەزای ناوچە بووین لەو شوێنانەی جێگای مەترسی نەبوون بەڕۆژ دەڕۆیشتین. تفەنگ‌و کۆڵەپشتییەکانمان لە ئاڵبلاغ لای قادراغا بەجێ‌هێشتن. دەمانچەم هەڵگرت و ئوتوماتیکی مەلا عەجەممان دەنێو توورەکەیەک نا، عەجەم بەکۆڵێیدا دا، ئێوارەی ئەو ڕۆژە، هێشتا رۆژ بڵیند بوو، بە وتەی خەڵکی مەڵبەندی خۆمان ئێوارەعەسر بوو وەڕێکەوتین. شارەزای هەموو جۆگە و زەوی و قۆپییەک بووم. بە سەر بستووی نێوان کۆسەکەرێز و توتاخاجدا، بەرەو کانی‌شیلان هاتین. ئێوارەیەکی درەنگان بوو، بە کانی‌شیلانێدا داگەڕانە خوار، دەگەڵ تاوپەڕێ لە جادەی ورمێ- مەهاباد پەڕیینەوە. بە مەزاری (حەسەن‌سمایلان)دا، بەرەو قەرەشلاخ ڕۆیشتین. کاتی ئاوداشتن بوو، ئاویان وەسەر زەوییان گێڕابوو، هاتنمان زۆر زەحمەت بوو. گەیشتینە سەر قۆپیی کەسکاوایە، قۆپی کوولاوکوول دەهات.
شارەزای دەراو و پردی سمایل شێخەی بووم. لە قۆپی پەڕیینەوە، هاتینە قەرەشلاخ. بۆخەوتن چوومە ماڵی مام وسێنی حەمەدی خیاڵێ، شەو لە ماڵی ئەوان، رۆژەکەشی هەر لەماڵی ئەوان چاوم دایکم و خوشکم کەوت، حەشارگەیەکی باش و جێگایەکی ئەمین بوو.

ئەو ڕۆژە لە قەرەشلاخ بووین، دەگەڵ خوشکم قەرارمان دانا و ئەو بەرەو مەهابادبچێ، و ئێمەش هەتا تووبا ئامادە دەبێ لە شارویران و شامات خۆمان حەشار بدەین. ئێوارەکەی، دەگەڵ عەجەم بەرەو شامات وەڕێکەوتین. نەدەگەیشتینە مەرجاناوا و تالاو، ناچار چووینە گردەگرێ، لە پێشەوە چووینە ماڵی کاک حەمەڕەسووڵی مامەڕەشی. پێش ئەوەی بخەوین رەوانشاد کاک حەمەدەمین شەشە هاتە لامان. چاومان پێیکەوت. وەزعی ناوچەی شارویرانمان لێپرسی. ناوبراو گوتی: شتێکی تایبەتیم لە شارویران نەزانیوە بەلام وەزعی ئەو سەرانەتان تێکداوە.
ئێمە ئەو ماوەیە چەند ڕۆژ بوو بەڕێگاوە بووین. هێشتا خەبەری دوورخستنەوەی کاک سولەیمان و جەماعەتمان نەزانیبوو، گوتمان: کەس لەدیوی ئێران نەماوە هەموو گەڕاونەتەوە بۆ ئەو دیو...
گوتی ئەدی ئێوە بۆ لێرەن چدەکەن؟
گوتم هەتا مەرجاناوا دەچم ودەگەڕێمەوە...
گوتم: بەڕۆژ دەڕۆین، تەنیا دەمانچە و ئوتووماتیکمان پێیە ئەوانیش کەس نایانبینێ. باشترە لەوەی بەشەو بڕۆین... ئیدی خەوتین و هەتا نزیک نیوەڕۆیە هەڵنەستاین.
دوای نیوەڕۆ بە زینوێ بەردەستێیاندا بەرەو تالاو، ئاوای دیوی دەلکداش بووین، بەسەر چادر و مەڕوماڵی شاسەیوانانداکەوتین. دیتمان ماشێنێکی ئەرتەشی لە لای تالاوەوە بەرەو لای ئێمە دێ. هیچ خۆمان شلوێ نەکرد، وامان خۆ پێشان دا کە خاوەنوشتر و مەڕومالاتین. دەستەوهەوراز بەنێو وشتراندا وەسەر کەوتین. ماشینە ئەرتەشییەکە بەرەو گوندی قسقەلا ڕۆیشت و ئێمەش داگەڕاینە خوار. بۆ شەو چووینە دێیمەنسووری، لەماڵی مام قوربانی ماینەوە. لەو سەفەرەدا لەوێ چاوم بەچەندکەسان کەوت، وەک: مەلا برایمی تەلاج، دەروێش قادری ئامینی و... ئەوەی پێویست بوو باسمان لێوە کرد و گوتم لەوانەیە بەم زووانە نەگەڕێینەوە ولات...

نیشانەی پێوەندیم دا بە مەلا برایمی تەلاج و ماڵئاواییمان لێ-کردن و بەشوێنی خۆماندا گەڕاینەوە. شەو هاتینەوە گردەگرویێ، دیسان لە ماڵی کاک حەمەڕەسووڵ خەوتین. چێشتەنگاو بوو. کاک حەمەڕەسووڵ لەماڵ بوو، سوپای دانیشی ئاوایی سەرزەدە هاتە ژوور، ئێمەش لە نێو جێگادا!

سوپای دانیش پرسیاری کرد: ئەوانە کێن؟

گوتی ئەوان خەڵکی لای مەنگوڕایەتین، بێچارە توونتنیان بردوە بۆبەری عەجەمستانی پوڵەکەیان نەداونێ، ئەوە کەوتوونە شوێن پووڵەکەیان.

ئەوە ئەمنیش گوێم داوەتە قسەکانی کاک حەمەڕەسووڵ و سوپای دانیش. کابرای سوپای دانیش تورک بوو، نەڕۆیشت دەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ دەستیان کرد بە نەقلان. ئەمنیش هەستام بچمە دەر، دەمانچەکەم لەبەر پشتێندم بەربۆوە. کابرای سوپای دانیش لەوێ بوو. خۆم خوار کردەوە دەمانچەکەم هەڵگرمەوە. کابرای سوپا، بەکوردی گوتی: گەیدی نیە، کاکە ئیمە لەوانەمان زۆر دیوە!

بۆم دەرکەوت کە سوپا، نەکەوتۆتە شوێن ئێمە. ئیدی عەجەم مات بوو. هەتا درەنگانێک لەوێ مایەوە. ئێمەش حەزمان دەکرد لەوێ بێ نەکوو، بۆخۆی یان کەسێک بنێرێ بۆ پاسگەی بەردەڕشان!

پاسگای ژاندارمەریی بەردەڕەشان نیوسەعاتەرێ بوو. تاریکانی ئێوارە، کاک حەمەدەمین شەشە هات. باسی هاتنی سوپای دانیشم بۆ گێڕایەوە. گوتی دەست هەڵناگرن هەتا سەرمان بە فەتەڕات نەدەن. کاری بەئێوە نەبووە حەمەڕەسووڵ دەزانێ جلی کات! دوایی بەرەو گاپیس چووین، کاک قادرمان دەگەڵ هات، ئەو شەوە هاتینە قزڵقوپی.

ئەورۆژە، کارەکانی خۆمان رووبەڕاکردن، خوشکم لە مەهاباد، گەڕابۆوە، موشکیلەمان لەمەهاباد نەمابوو... لەهەمان کاتدا دەبوو دەگەڵ ئەندامانی کومێتەی شارویران پێوەندی بگرین، بۆشەو لەقزڵقۆپی کۆبینەوە. چاوەڕوانی هاتنی هاوڕێیان مامۆستا

مەلابرایمی ڕۆستەمی و محەممەد یارە و مەلاڕەحمان بووین. برادەرانی دارەلەکیش هاتن، شەو لەقزڵقۆپی کۆبووینەوە. ئەوە دوایین کۆبوونەوەی ١٣٤٥ی هەتاوی بوو لە شارویران. دوای کۆ بوونەوە، هەرکام گەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، ئێمەش بەرەبەیان بوو لە قزڵقۆپی بەرەو تووتاغاج ڕۆیشتین. دەگەڵ زەردەی هەتاوێ گەیشتینە تووتاغاجی. چووین بۆ دیوەخانی حەمەدەمیناغا. گوتمان قاچاخچیین بارەکانمان ڕۆیشتوون ئێمە بەجێماوین. نانی بەرچاییان بۆهێناین. حەمەدەمیناغا لەماڵ نەبوو، نانمان خوارد، بەرەو ئاڵبلاخ وەسەر کەوتین.

***

## سوپا و هەڕەشە!

چێشتەنگاوێکی درەنگوەخت بوو گەیشتینە ئاڵبلاخ. چووینە دیوەخانێ حامیداغا و قادراغای. لەبەر پەنجەرەی دانیشتبووین سەیری دەرەوەمان دەکرد. حامیداغا لە دێبەری ئاوایی، خەریکی جووتی کەڵان بوو. چاومان لێبوو سوپای دانیشی ئاوایی ماموستای منداڵان، چووە لای حامیداغا؟
دیتمان حامیداغا جوتەکەی ڕاگرت دەگەڵ ئەو مامۆستایە کەوتنە قسەوباسان؟ نەمانزانی باسی چی دەکەن. قادراغاچوو نەگەیشتە لایان گەراوە. چاوەڕێی خەبەر بووین قادراغا بۆمان بێنێتەوە.
قادراغا هاتەوە گوتی: خەبەریان بەسوپای دانیش داوە کە ئەو دووکەسەی هاتوونە ماڵە حامیداغای پێشمەرگەن... دەڵێ: ئەو بەئەرکی خۆی دەزانێ ڕاپۆرت بە ساواک بدا!
گوتمان: چ کارەیە_ کوردە- فارسە- تورکە؟
قادراغا گوتی: کوردە، خەڵکی مەهابادە. کوڕی حاجی حوسێن، چیە؟ باوکی دوکانی عەللافیی هەیە...!
:پێت وایە ئێمە چ بکەین باشە؟

هەواڵنامەی کتێب

گوتی: ئێوە ئامادە بن بڕۆن. خۆتان دەرباز کەن. کاکم لەماڵ نەبووە کە ئێوە هاتوون، ئەمنیش ناتانناسم نانتان خواردوە و ڕۆیشتوون، چمان لێدەکەن؟ با ئێعدامان کەن.

لەڕادەبەدەر نارەحەت بووم. بەتایبەتی لەبەر حامیداغا. ئەو مرۆڤە شەریفە، لەسونگەی ئێمەدا تووشی بەندیخانەی بێ، هەتا ماوم ئەو گرێیەم لەسەر دڵی لاناچێ!

بۆمن بەسەرهاتێکی لەڕادەبەدەر ناخۆش و بەئازار بوو. قادراغا تفەنگ و کۆڵەپشتییەکانی بۆ هێناین خۆمان ئامادە کرد. هێشتا کاتژمێر نەببوو بەدوازدەی نێوەڕۆ. دەترساین دەرباز نەبین، نەگەینە هومام و سەری مەیدانێ.

رووم کردە قادراغا گوتم: دەڵێی چی تفەنگەکەم دانێم، بچم قسەی دەگەڵ بکەم، بیدوێنم کوردە بەڵکوو قانعی کەم ڕاپۆرت نەدا، یان لانیکەم وای بدوێنم کە نەوێرێ لەبەرخۆی ڕاپۆرتتان لێبدا؟

قادراغا پێی خراپ نەبوو. گوتی ئەمن دەگەڵتان نایەم. ئەوجار هەر دووکیشتان مەچن نەکوو بترسێ و ڕابکا؟

قسەکەی زۆر بەجێ و حیسابی بوو. هەستام ئەمن چووم تەنیا دەمانچەم پێبوو، ئەویش دیار نەبوو. چووم حامیداغا خەریکی جووتی بوو، ئەمن چوومە لای سوپای دانیشەکە سڵاوم لیکرد، زۆر بە قورسی وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە.

گوتم ئاغای مودیر وەک زانیومە بەئێمەت گوتوە ئەوانە پێشمەرگەن...!

گوتم ڕاستییەکەی ئەوەیە: ئێمە کاسبکارین چایی بەپشتێ دەگێڕین، ئەوجارە ڕێگامان لەو ئاواییە کەوتوە، چووینەتە ماڵە ئەو ئاغایە کە، نایناسین خۆشی لەماڵێ نەبوو. لەماڵەکەی نانمان خواردوە ویستمان بڕۆین گوایە جەنابت گوتووتە ئەوانە پێشمەرگەن؟

زۆر سووکوهاسان گوتی: هاتن پێیان گوتم.

: ئەوکابرایەی وای بەجەنابت گوتوە، دەبێ سووری کاتەوە کە ئێمە پێشمەرگەین. تازە لەپتەی دەرچووبوو کە پێیان گوتووە ئەوانە پێشمەرگەن، ئێمەش بەپەلەین و لەسەر سەفەر...

بە زمانێکی خۆش و زۆرنەرم و تەوازوع دەگەڵی دوام، باسەکەمان بەرەو لێکتێگەیشتن دەچوو. ئەو، بەقسەی خۆی ترسی ئەوەی هەبووە ڕاپۆرتی لێبدەن: پێشمەرگە هاتوونە ئاوایی ئەو ڕاپۆرتی خۆی بە مەقامات نەداوە.

هەتا دەرەنگانێک لەوێ بووین دوایی گوتمان کاکە گیان ئێمە داوا لە تۆ ناکەین هاوکاری ئێمە بی. ئەتۆ بۆ لەخۆڕا کاتی خۆت بە شتێکەوە خەریک دەکەی کە کاری تۆ نیە. کاری تۆ، دەرسگوتن و پێگەیاندنی منداڵی کوردە، نەک ڕاپۆرتدان لە خەڵکی ئاوایی. ئەتۆ مامۆستای دەبێ ئەوە بزانی کە پێگەیاندنی منداڵە کوردێک دەستکەوتی ئەخلاقیی زۆرترە یان راپۆرت و بەگرتدانی زەحمەتکێشێکی ئاوایی؟

قەناعەتم پێهێنا و دەگەڵ خۆمان بردمان بۆبنار و سەری چیای مام قۆچاخی. وەرزی بەهار بوو، ڕۆژ ئاوا نەدەبوو! هەتا نزیک ڕۆژئاوایە دەگەڵمان بوو، لەوە دەترسایین دوای ئێمە، بگەڕێتەوە و ڕاپورت بدا. زۆرمان قسەی خۆش دەگەڵ کرد، خۆم وا پێشان دا، کە وەک دۆست و کوردپەروەرێک حیسابی لەسەر دەکەین. دواتر درەنگانی ئێوارە ئێمە بەرەو ماسوێ کەوتینە ڕێ و ئەویش دەگەڵ حامیداغا گەڕایەوە گوندی ئاڵبلاخ. ئەوەش بەسەرهاتی ئێمە دەگەڵ سوپای دانیشی ئاڵبلاخ. ئیدی ئێمە گەڕاینەوە، نازانم دوای ئێمە ڕاپۆرتی دا یان نا؟

***

# چوونی عەجەم بۆ شار!

مەلاعەجەم بۆسبەی ئێوارە خۆی ئامادە کرد بچێتە نێو شاری مەهاباد. گوتی ئەمن دەچم بۆ شار ئەگەر تووبا ئامادە بێ دەگەڵ خۆم دەیهێنم. زۆرم پێخۆش بوو.

مەلا عەجەم لە هاورێیەتیدا بەڕاستی فیداکار بوو، رەفیقێکی بەمانای وشە بوو. ناوبراو رۆیشت بۆ مەهاباد. پێش گەیشتنی عەجەم بۆ شار، فاتمێ خۆشکم، لە مەهاباد ببوو تووبای ئامادە کردبوو. عەجەم فاتمێ خوشکم دەبینێ، هەر ئەو ئێوارەیە، ئامادەی گەڕانەوە دەبن. تووبا ناهێڵێ دایکی بزانێ، ماڵئاوایی لە براژنی دەکا و لە سەر بەڵێنی خۆی، بەرەو چارەنووسێکی نادیار، پشتبەستوو بە ئومێد و ئەڤینداری و... لە ماڵ وەدەر دەکەوێ و دەگەڵ هاورێیم مەلا عەجەم ئەوشەوە لەبەری مەحموودکانێ لەماڵە باغەوانێکی باغی میکایلی کە هاورێی حیزبیمان بوو دەمێننەوە. بەیانی بەرێگای بایندەرەدا، بەرەو ماسوێ وەڕێ دەکەون. نێوەڕۆ بوو، لەماڵی ڕەحمانی حاجی مینەی خەوتبووم، دیتم یەکیک بەپێتە لە دەرگاکە دەدا. دەرگا لەدیوی دەرێڕا قفڵ درابوو. دیتم مەلا عەجەمە، بە تەنیایە؟

پێمگوت دەرگاکە دانەخراوە بیکاتەوە. بە هەناسەبڕکە هاتە ژوور، ئێحساساتی سەرکەوتوویی پێیەوە دیار بوو. سڵاوی لەبیرچوو، گوتی هەستە بابڕۆین.

گوتم بۆ کوێ؟

گوتم براژنم هێناوە، ئەوە لەخانووی مووچەی ماڵە... چاوە ڕوانیت دەکا؟ کۆنەشنێلێکی بارانیی برادەرێکی دێبۆکری دایبوومێ، بە سەرشانم دادا، تفەنگەکەم پێ شاردەوە، بەپشتی هۆڵەکانی ماسوێدا، هاتمە خوار، کەس دیار نەبوو، ئاوایی دەتگوت چۆڵە، چووینە نێو مێشەی ماسوێ لە ئاوایی نەدیو بووین، وەبەندەنێ هەڵگەڕاین. کاتێک گەیشتمە دوورونزیکی خانووە چووکەکەی مووچەی، تووبا لەژووی خانووەکەدا بوو، ئەمنیش

هەستێکی سەیرم بەسەردا زاڵ ببوو، ئەوەی پێی دەگوترێ ئێحساسات، خۆشییەک وەسەر ئازای جەستە و رووحم گەڕابوو؛ کە هەتا ئێستێش یادی ئەو دەمولکەیە لەسەر زەینم بەزیندوویی ماوە و فەرامۆشی ناکەم.

تووبا کە چاوی بەمن کەوت، فرمێسکی شادیی لەچاواندا قەتیس بوون... دوو دڵدار بەوپەڕی تاسەوە چاوەڕوانی رۆژیک دەکەن پێکبگەن، کە خەم و تاسەی سالآنی دووری لەیەکتر، بە باوەش-پێکداگرتنێک بشکێنن و لەبیرخۆیانی بەرنەوە...

چماداب و نەریتی کۆمەڵگای دواکەوتوو، رێگامان پێدەدا وەکوو دوو خۆشەویست و دڵدار، دەست لەستۆی یەکتر بکەین یان یەکتر دەباوەش بگرین...؟!

ئاخر دوو دڵدار لە پێکگەیشتندا جگە لە خۆشەویستی و دەست-لەستۆی یەکترکردن و دەوەستبزێوی، چکارێک شک دەبەن بیکەن، یان چقسەیەکیان هەیە بە یەکتری بڵێن و خۆی پێوە بخافڵێنن؟ دەیانجار نەفرەتم لەو نەریتە دواکەتووەی سەردەمی لاوەتیی خۆمان کردوە...!

هاوڕێ مەلاعەجەم، وەک پڕەنسیپ، لێیمان دوور کەوتەوە و چووە لای کابرای جووتیار، دەستی کرد بەقسان و دەگەڵ کابرای جووتیار بە چالێنانەوە خۆیان خەریک کرد، ئێمەی بەجێهێشت. بۆ من دنیایەکی خۆش بوو، بەڵام هەستم بەنیگەرانیی تووبا دەکرد. زۆر بە قەیدوبەندی کۆمەڵگا پابەند بوو، یادی بەخێر. گوتی جێگای وات هەیە لێرە بمێنینەوە یان هەر ئەمشەو وەرێدەکەوین...؟

گوتم تووبا گیان بابچینە ئاوایی جا ئەوجار دەزانی خەڵکی ئێمە چۆن خەڵکێکن؟ راوەستاین هەتا هەوا نەختێک بوولێڵ بوو، لەو کاتەدا کە وەرزێر و زەحمەتکێشانی دێهات لە مووچەومەزرا دەگەڕێنە ماڵ و خەریکی نانخواردنن، ئێمەش، توباو مەلا عەجەم بەرەو ئاوایی داگەڕاینە خوار. عەجەم دەپێشدا چووبووە ماڵی حاجی برایم یادیان بەخێر، لە هاتنی تووبای هاوسەرم

ئاگاداری کردبوون. ئێمەش بەدوای عەجەمدا بەرەو ماڵی حاجی برایم دەرڕۆیشتین. کە گەیشتینە نزیک ماڵەکەیان، دیتمان ژنەکانیان لەدەرێ چاوەڕوانی ئیمەیان دەکرد. گەیشتینە حەسارێ بەرەوپیرمان هاتن، زۆر بەڕێزەوە پێشوازییان لێکردین. ژنەکان تووبایان بەڕێزەوە دەگەڵ خۆیان بردە دیوی ماڵێ، ئەمنیش چوومە دیوەخانێ.

دەگەڵ عەجەمی دەستبەکار بووین: هەر ئەو شەوە مەلا عەجەم چووە لای مامۆستای ئاوایی، ناوبراو لە مامۆستا کوردپەوەرەکانی مەڵبەند بوو، جەرەیانەکەی تێگەیاندبوو کە، میرزا مستەفای هاوڕێی، خێزانی هێناوە و ئێستێ دەمانەوێ مەڕاسیمی مارەبڕینەکەی بە دابونەریتی کوردەواری و شەریعەتی ئیسلام ئەنجام بدەین...!

مامۆستا یەکێک لە موستەعیدەکانی کە بە مەلاعومەری بایندەرێ مەنشوور بوو، ناردبوو، لە ماڵی حاجی برایم لە ماسوێ مارەمان بڕی و بووینە ژن و مێردی شەرعی.

بۆبەیانی دەبوو خۆمان ئامادە بکەین بۆ شەو وەڕێکەوین، ماسوێ بەجێ بێڵێن. چاوەڕوانیی کاک عەوڵای ڕەحیمی زێنێمان دەکرد. ئێوارە لەجیاتی خۆی هاوڕێیەکی خۆی ناردبوو بە ناوی کاک هەمزە، خەڵکی ئاوایی (چەقەڵ مستەفا) دۆستی دێرینی خۆم بوو. نانی ئێوارەمان خوارد و ماڵئاواییمان لە هاوڕێیان و خانەخوێکەمان کرد، لە ماسوێ وەدەرکەوتین. شەوی بەهارێ کورت بوون، نەماندەتوانی بە شەوێک لە دەشتی لاجانێ دەرباز بین. ئەوشەوە هەمووومان لەگوندی گەرگوولی سەرێ ماینەوە.

بۆ بەیانی هاتینە سەر ئەو ڕایە کە تووبا و کاک هەمزە بەڕۆژ بڕۆن، ئێمەش بەشەو بەدوایاندا بڕۆین. ئەوان بچن بۆ کۆنەلاجانێ بەرەو کوێستانی حاجی برایمی وەسەر کەون. بۆ شەوی دواتر ئێمە دەگەینە لایان. بە کاک هەمزەم گوت بچن بۆ کوێستانێ حاجی برایمی. لەوێ پرسیار بکەن و چادری ماڵێ کاک حوسێنی حاجی برایمی قەرەشلاخی، بدۆزنەوە، ئەوان من دەناسن

نیگەران مەبن، زۆر بەگەرمی وەرتاندەگرن، لەوێ بمێننەوە هەتا ئێمە دەگەینێ.

ئەوان بەیانی بەرەو کۆنەلاجان وەرێکەوتن. بۆ شەو ئەمن و عەجەم کەوتینە ڕێ. کاتێک گەیشتنە ڕاستی گوندی (گردەبنی) شەوی زۆر نەمابوو. چووینە حەوشی ماڵێک هێندێک نانوپێخۆر وەرگرین، لە چیا بمێنینەوە. لە دەرگای ماڵێکمان دا کەس بە دەنگمانەوە نەهات. دیسان لە دەرگاکەمان دایەوە، ئەوجارە ژنێک وەک گریان و پاڕانەوە لە ژوورێڕا گوتی: مەحزی ڕەزای خوای دەستمان لێ‌هەڵگرن، ئێوە نازانن ژاندارمان چ مەرەدێکیان بەسەر هێناوین؟ هەرچی گوتمان ئیمە ڕێبوارین نانمان پێویستە، ژنەکە دیسان هەر قسەکانی پێشووی خۆی دووپاتە کردنەوە...

دەگەڵ عەجەمی بەرەو تووژەڵ و گرداسێ و مێشەدێ ڕێگامان کوتا... زۆری شەو نەمابوو، کازیوەی بەیانی لە تووژەڵی گرداسێ تێپەڕیین. لە قسەو پاڕانەوەی ژنەکەی (گردەبنی) وا تێ‌گەیشتین کە دەبێ بەو نزیکانە لە نێوان ژاندارم و جەماعەتی کوڕانی هەمزە ڕیتاڵ و مرادشیرێژیدا، تێکهەڵچوون رووی دابێ؟ بە ڕۆژ نەدەبوو بچینە نێو ئاوایی میشەدێ، تووژەڵی گرداسێمان بەجێ هێشتبوو. عەجەم گوتی هەڵگەڕێ بۆ بەرزایی سەری ئەو چیایە. دەزانم ئێرە مووچەی کێیە. وەسەر کەوتین چووینە سەر لووتکەی چیاکە، تەواوی دۆڵی قەرەخدر و شێلمجارانمان لێ‌دیار بوو. بەردبەرداوی و سەخت نەبوو بەڵام زۆر بەرز بوو، شوێنی وای هەبوو، خۆمانی تێدا حەشار بدەین و وەک مەتەرێزیش کەڵکی لێ‌وەرگرین. مەلا عەجەم گوتی ئەتۆ لێرە بە ئەمن بێ‌چەک دەچمە ئاوایی، نانوچای دێنم و دێمەوە.

ناوبراو، ڕۆیشت سەرچیاکە زۆر سارد بوو، لەسەرمان هەڵدەرزیم چۆن؟ لەسەر لووتکەی چیاکەڕا ئاوایی تووژەڵ دیار بوو. بەدیوی باپەنادا خۆم نەدیو کرد، بۆی ڕاکشام. ڕۆژ وەدەر کەوتبوو، بەڵام هێشتا گەرم نەببوو. روو بە ڕۆژ، ڕاکشا بووم. زۆری نەخایاند گوێم لە دەنگەدەنگ بوو سەرم هاڵێنا، دیتم ئەوە عەجەمی

هاوڕێمە دەگەڵ کوڕیژگەیەک هێندێکیان پاتاڵ لەپێشدایە، وەسەر دەکەون. عەجەم نان‌وپێخۆری تەسەلی ئەو ڕۆژەی بە زیادەوە هێنابوو. ئاو و کتری و کەرەسەی چالێنانی دەگەڵ خۆی هێنابوو. زۆری نەخایاند باب، یان مامی کوڕیژگەکە هاتە لامان. ناوبراو، باسی هاتنی ئەمنیە و شەڕی (بەرکەمرانی) بۆ گێڕاینەوە...

بەگوێرەی قسەی ئەو برادەرە: لەو شەڕەدا محەممەدی هەمزە ڕیتاڵی شەهید ببوو، براکەی حەسەن و برایەکی دیکەی بریندار ببوون، لە ژاندارمانیش کوژراو و بریندار هەبوون....؟

ئەو ڕۆژە ئێمە هەتا ڕۆژپەڕێ لەسەر ئەو چیایە ماینەوە. نزیک تاوپەڕی وەڕێکەوتین، بۆ ڕۆژئاوایە گەیشتینە نێوان گەنەدار و قەرەخدری. ئاودێرێك، خەریکی ئاوداشتنی تووتن بوو. مەودایەکی لێ دوور بووین هەرای کابرای ئاودێرمان کرد. دەمانەویست پرسیاری ژاندارمانی لێبکەین. کابرا کە چاوی بە ئێمە کەوت، پێمەرەی هاویشتە سەر شانێ و بەجنێودان "جاوەر ڕاکە"!

جگە لە جنێودان، هیچمان لە کابرای دەست نەکەوت بە ڕاکردن و جنێودان خۆی دەرباز کرد. نەمانزانی ئەو کابرایە بۆ هەڵات و لەبەرچی جنێوی بە ئێمە دەدا؟

***

## سۆغانلوو

وەسەرکەوتین بەرەو کاسەکەران، لە دەراوێ (بارەبی) لە چۆمی پەڕیینەوە گیانمان تەڕ ببوو، ڕوومان کردە گوندی سۆغانلووێ، چووینە ماڵی مامۆستای ئاوایی. مامۆستا مەلا ڕەسووڵی مەنعاوی، هێشتا سۆبەی هەڵنەگرتبۆوە، ئاگریان بۆ کردینەوە خۆمان وشک کردەوە، نان‌وچایەکمان خوارد و لەوێش مامۆستا بایی نان‌وچاکەی جنێو پێداین.

مامۆستا جنێوەکانی ڕاستەوخۆ دەئێمە نەدەگرت دەیکردنە، کەپسوول، بۆ فایق ئەمین و کاک سەدیقی ئەنجیری حەواڵە

دەکردن! خواعافووی کا، مامۆستایەکی زۆر ئاقڵ نەبوو، بۆ ئەوە نەدەبوو، باسی دەگەڵ بکەی. یەکێک بوو لەو مەلایانەی مریدی کاک ئەحمەد تۆفیقی لەبەری پیرانان. چەند حەوتوو، دوای جنێوەکانی دەگەڵ زۆرکەسی دیکە لە مەلاکانی بەری پیرانان، لەلایەن ساواک، یان ژاندارمەری، دەسبەسەر کران، بەداخەوە هەر یەکەی چەندساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێندرا.

***

## کوێستانی حاجی برایمی!

ئێمە نان‌وچای خۆمان خوارد و ڕوومان کردە بناری قەندیلی. لەگوندی زێوەی کۆنەلاجانێ، لامان‌دایە ماڵێک، مەلا عەجەم دەیگوت: ماڵەخاڵمە؟ (ئاخر ئەوەندەی مەلا عەجەم مام و خاڵی هەبوون، شازادەکانی سعوودییش ئەوەندەیان خوشک و برا نەبوون! بەهەرحاڵ لەوێش وچانێکمان دا، سۆفیی خاڵی مەلا عەجەمی، مجێوری ئاوایی بوو. وەپێشمان کەوت هەتا وەبەندنێ قەندیلی هەڵگەڕاین. لەوێ ماڵئاواییمان لە سوفی کرد، بەرەو چادرەکانی شارویران وەسەر کەوتین. چاومان بە کیژ و لاوان کەوت، بە جلەکانیان زانیمان ئەوانە خەڵکی مەڵبەندی خۆمانن. پرسیاری چادری قەشڵاخیانمان لێکردن. پێشانیان داین.
دەوروبەری نێوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە دوورونزیکی چادرەکان. خوارزایەکەم، چادریان لەوێ بوو، چاوی بە ئێمە کەوت، بە شاگەشکەیی بەرەوپیرمان هات، دەستی دەستۆ کردم... گوتی خاڵۆژنم لە دوێنێوە گەیشتۆتە ئێرە، ڕاوەستە با مزگێنیی بۆ بەرم. گەیشتمە بەرچادری ماڵی کاک حوسێنی، ژن و پیاویان بەپیرمانەوە هاتن. گەیشتینێ، دانەیشتبووین توویا هاتە ژووری چادرەکە، زۆر بەشادی و ڕوویەکی کراوە، بەویقار و جورئەتەوە بەخێرهاتنی کردین. ئەمن زۆرم پێخۆش بوو، کە بەڕووی کراوە،و

جورئەتەوە هات بۆ ژووری ڕەشماڵەکە ماندوو نەبوونیی لێکردین.
کاک هەمزە هەرلەوێ بوو. زۆرم سوپاس کرد. ئەویش لەسەر ئێمە ڕاوەستابوو بگەینێ دوایی بەرەو زینوێ شێخی بڕوا. هەرئەو ئێوارەیە ناوبراو چوو بۆ زینوێ شێخی، بەو نیازە شتێک بکرێ دەگەڵ خۆی بیباتەوە. ماڵئاوایی لێکردین و زۆر بەڕێزەوە بەڕێمان کرد، ماڵی کاک حوسێنیش زۆر ڕێزیان گرتبوو.
زۆری نەخایاند، ڕەوانشاد، مارفی حاجی ڕەشیدی و پیرە تێکۆشەر مستەفای وەنەوشە باوکی خالید وەنەوشەی و مەلا ئەحمەدی لەجێ برای مامۆستا مەلا ڕەحمانیو سمایلی زلەخایە و زۆر لە خەباتگێڕانی شاروێرانی هاتنە لامان یادیان بەخێر...
دوو ڕۆژ بوو گەیشتبووینە کوێستانی حاجی برایمی، تەیارە شەڕکەرەکانی ئێراق دەستیان کرد بە بۆردمانکردنی دۆڵی باڵەکایەتی و سنووری حاجی ئۆمەران...
تووبا وەک بۆی دەگێڕامەوە زۆر نیگەرانی من و مەلا عەجەمی ببوو. ئێمە لەماڵی خوارزاکەم بووین، عەجەمیش هەموو ماڵەکان ماڵی خۆی بوون. جەرەیانی هێنانی ماڵم دەگەڵ هێنانە گۆڕێ.
یادی بەخێر کاک مارفی حاجی ڕەشیدی گوتی: هەتاسبەی سەبرم لێبگرە، دەچمەوە قەرەشلاخێ مەگەر بمرم دەنا لەماوەی سێ ڕۆژاندا ماڵەکەت بۆ دەگەیەنمە ئێرە...
هەرواش بوو، سۆفی مستەفا وەنەوشەو ڕەوانشاد کاک مارف، گرانباریان بردبووە شاروێرانی لەگەڕانەوەدا ماڵەکەیان بۆ هێنابووم. لە پیرانشاری نزیکەی بیست تەلیس "گونی|یان بۆکڕیبووین. برادەرانی شاروێرانی دانیشتن هەموو ئەو تەلیسانەیان هەڵوەشاندن و دروویانن، کردیاننە چادرێکی ڕێکوپێک بەهەموو کەرەسەیەکی خۆیەوە. ڕەوانشاد فاتمێ خوشکم، نێو ماڵێکی بێکەموکوڕیی بۆ پێچابووینەوە و بۆی نادبووین. ئیدی لە خواردەمەنی و نێوماڵ کەمایەسیمان نەبوو.
ڕۆژێک چووم بۆ چادری ماڵی کاک ئەحمەدی خاڵەی. کاک ئەحمەدی خاڵەی، ئاشنا و دۆستی نزیکی حیزبی دێموکراتی

کوردستان بوو. زۆریان ڕێز گرتم گوتیان ئێرە ماڵە خۆتانە، هیچ-کەس نایەتە ئێرە، ئەگەر هاتیشن خۆ ئێوە ئێرانی نین.
بۆ سبەی ئەو ڕۆژە کاک مارف و کاک هەباس و سوفی مستەفا خێوەتی ئێمەیان تەواو کرد و بۆئەوەی مەترسیی هاتنی عەجەمانمان لەسەرنەبێ لە نزیک چادرەکەی ماڵە کاک ئەحمەدی خاڵەی خێوەتەکەیان بۆ هەڵداین. دوای ماوەیەک ماڵێ دۆستانی قەرەشڵاخی بەهۆی نەمانی لەوەڕگەی حەیوانەکانیان، ناچار باریان کرد بۆ شوێنێکی دیکە. چادری ماڵە پێشمەرگە و بارزانییان لەبەر شەڕی هەندرێن هەر دەهات و زۆرتر دەبوون. جەنگەی شەڕە بەناوبانگەکەی هەندرێن بوو.
لەبارەی ئەو هەلومەرجەوە لەنووسراوەکەی پێشوومدا لە لاپەڕەی ١٠٨وە لەسەری دواوم. حکوومەتی عەبدوڕحمان عارف دوای ئەوەی لەشکرەکەی لەچیای هەندرێن بەشێوەیەکی بێئابڕوویانە تێکشکا، داوای وتووێژی کرد، هەیئەتی حکوومەتی ئێراق هاتن بۆ خەلان...

***

# فەسڵی ١٠

## بێ سەروشوێنبوونی کاک سەدیقی ئەنجیری!

مەلاعەجەم لە گەرمەی شەڕ و بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عیراقدا، رۆژێک هەتا گەلاڵە و دەربەند و ئەو ناوە چوو بوو، لەهیچ کوێ سوراخی کاک سەدیق و کاک سەعید کوێستانیی نەکردبوو. دەیگوت ئاواییەکان هەمووچۆڵ بوونە، بەڕۆژ زیندەوەر بەدەرەوە نیەو...

دوو یان سێ رۆژ دوای عەجەم، ئەوجارە خۆم ئامادە کرد، بە رێگای موژدەدینان و دۆڵی خۆشکاندا داگەڕامەخوار بۆ دۆڵی باڵەکایەتی. لەبەر تەیارە و بۆمباران، بەنێو دارودەوەناندا رۆیشتم. ئەگەر تەیارە دەهاتن، لەژێر پنچکەداران مات دەبووم.

لە پێشەوە ڕووم کردە بنکەی شێخان، بنکەی سەرەکیی کاک ئەحمەد تۆفیق. مام حەسەن حەوتەوانە و مامسوارە سەکر لەوێ بوون دەگەڵ یەک دوو پێشمەرگەی تریکە ناوەکانیانم نایەتەوە بیر. مامە سوار، لەمێژ نەبوو، هاتبوو بۆ دیوی گەرمێن. خالیداغای حیسامییش لەوێ بوو، بەڵام ئەمن هەر دەنگم دەبیست، چونکە ناوبراو، لەبەر تەیارە لە نێو حەشارگە و کونەتەیارەدا بوو، دوایی رۆیشتم بە خزمەتی نەگەیشتم. مەلا عەولای سەرباز و مستەفا خاڵەش میوانی بنکەی شێخان بوون. ئەو بەسەرهاتەم لە کتیبی "لاپەڕەیەک لە..." نووسیوە.!

وەزعەکە وا نەبوو مرۆڤ بتوانێ چاوی بەکەسێک بکەوێ پرسیاری لێبکا! بەرۆژ کەس بە دیارەوە نەبوو، گەلاڵە و دەربەند کەسیان تێدا نەمابوو. ئێوارە کە تاریک داهات، هاتمە سەر جادە سواری ماشێنی دۆجی "جۆرج" بووم (جۆرج شۆفیرێکی فەلەی شۆڕش بوو، خەڵکی بە خۆڕایی سواری ماشێنەکەی دەکرد.) لەسێ رێیانی خەلانێ دابەزیم. لە نزیک بەردەزەردی خەلانێ تووشی مام

چووکەڵی گەوهەری بووم. ئەویش لە خەلان تەیارە لەماڵەکەی دابوو، ژنەکەی کوشتبوو، ماڵوێران و سەرلێشێواو بوو. لە وەزعێکی فرە شپرزەدا بوو، بۆئەوە نەدەبوو پرسیاری کاک سەدیقی لێبکەم. دەگەڵ مام چووکەڵی هاتمە ئاوایی خەلان. فەقێ برایم و فەقێ مستەفا، دووبرا بوون ماڵەکەیان هاتبووە خەلان. فەقێ برایم سەڵتە بوو، فەقێ مستەفا ژنی هەبوو، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێی خۆم بوو. ژنەکەی لە ترسی بۆمباران گەڕابۆوە، دیوی ئێران، خۆی و براکەی لە خەلان مابوونەوە.

گوێم لێبوو، کۆمەڵە خەڵکێک لە سەربانێک دەنگیان دەهات، رووم کردە سەربانەکە. بانەکە بانی ماڵە ئەو دووبرایە بوو. سەیرم کرد کاک سەعید کوێستانی دەگەڵ ئەو دووبرایە لە سەربانی دانیشتوون. کە چاویان بەمن کەوت شاگەشکە بوون. ئاخر هاوڕێی یەکتر و پێشمەرگەی حیزبێک بووین، لە قووڵایی دڵەوە یەکترمان خۆشدەویست. ئیدی بە دیتنی کاک سەعید کوێستانی لە زەینی خۆمدا دیتنەوەی کاک سەدیقم بۆ مسۆگەر بوو. لە پێشدا هەواڵی کاک سەدیقم لەکاک سەعید پرسی و گوتم لە کوێیە؟

ناوبراو بەو جۆرەی وەڵام دامەوە کە پێشتر لە کتێبی: "لاپەرەک لە..." لە لاپەرەی ١١١ بەتەسەلی داومەتە بەرباس و لەسەری دواوم!؟

ناهومێدی دڵخۆشییەکەی لە دڵی تاراندم. بەڵام هێشتا بە خەیاڵمدا نەهاتبوو، کاک سەدیق، بەو شێوەیە تیرۆر کرابێ کە کردبوویان!! ئەمن فکرم بۆ ئەوە دەچوو لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لەسەر جادە ڕفێندرابێ چونکە زۆر بێخەیاڵ بوو، لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی زۆر جەسوور و نەترس بوو!

بەهەرحاڵ هێشتا دڵخۆشیی خۆم دەدایەوە و خۆم بەوە فریو دەدا کە ئێستێ شەڕە لەبەر تەیارە رۆژانە کەس ناتوانێ

وەدەرکەوێ... لەوانەیە ئەمڕۆ، سبەی وڵات هێمن بێتەوە لە شوێنێک سەری وەدەرکەوێ...؟
بۆبەیانی لەترسی تەیارە و بۆمباران دەبوو خێرا گوندمان بەجێ هێشتبا و ڕوومان کردبایە دۆڵێ ئالانێ. ڕۆژی پێشتر تەیارە کەمتر هاتبوون و بۆمباران کەمتر ببوو. گوتیان با ئەمڕۆ نەچینە بەندەنێ و دوڵی ئالانێ، هەر لەنێو باخەکانی خەلاندا بین. هەرواشمان کرد. دیتمان شێخ عەبدوڵلا و سەید حەکیم و جەماعەتێک لەپیاوەکانی خەڵکی ئاوایی خەلان، بەدیارماڵەکانیانەوە مابوونەوە. ڕادیۆمان پێبوو، لەنێو باغی گوێمان دابووە ڕادیۆی بەغدا، باسەکەی لە سەر وتووێژ و موزاکەرە بوو؟...
کاتێک خاترجەم بووین کە موزاکەرەی نێوان شۆڕش و حکوومەتی عێڕاق بوو، هەر لەوێ، بە هۆی کاک سەعید کوێستانی خانوێکم لە شێخ عەبدوڵڵای بەکرێ گرت ساڵی بە پێنج دیناران کە ماڵەکەم بێنم بۆ خەلان. سەیری خانووەکەم کرد، خانوو نەبوو، زۆرتر وەک کۆترخان دەچوو! ناچار بووم دەبوو شوێنێک پەیدا کەم خۆ لەو بەندەنە نەدەحاوامەوە. بە دڵێکی خەمبار و پەژارەوە بەرەو چادرەکەمان گەڕامەوە بۆ کوێستانی حاجی برایم.
جەرەیانی بێسەروسۆراخیی کاک سەدیقم بۆ مەلا عەجەم و تووبای خیزانم گێڕایەوە. ئەوانیش بوونە هاوخەمم. گوتم خانوێکم لە خەلان بەکرێ گرتوە، با بار بکەین ناتوانین لەو کوێستانە بمێنینەوە.
بارەبەرمان نەبوو سیپاڵەکانمانی لێ بنێین هەتا خەلانێ؟ ماڵە کاک ئەحمەدی خاڵەی ئاوەدان بێ، ئەوەندەیان پیاوەتی دەگەڵ کردوم کە لە ژیانمدا هەرگیز لەیادم ناچێ. ئەو ڕۆژە کە دەبوو بار بکەین بێین بۆ دیوی گەرمێن و گوندی خەلان، کاک ئەحمەدی خاڵەی دەستووری دابوو، هێستر و بارەبەر و پیاوێک ماڵەکەیان بۆ بار کردین و بۆیان گەیاندینە گوندی خەلان. ئێستێش دەگەڵ

بێ پیاوەتیی کاک ئەحمەدی خاڵەم هەر دەچاویدا ماوە، یادی بەخێر.
کاتێک گەیشتینە گوندی خەلان تووبا سەیری خانووەکەی کرد، رووی کردە من گوتی محەممەد، ئەو ژوورە بۆ ژیان نابێ! گوتم چ- بکەین گوتی هەستە دەگەڵم دەست دەیە با خاوێنی کەینەوە و سواخی بکەین. گوتم چۆنی تۆ دەڵێی وادەکەین. تووبا تەلیسی هەڵگرت و ئەمن و عەجەمیش پێمەڕە و پاچ. شوێنی گڵی سواخیان پێشان داین، گەڵمان هێنا و کادێنی ماڵێ شێخی نزیک بوو قورمان گرتەوە هەر ئەو ڕۆژە بە ئازایەتیی تووبای هاوسەرم و یارمەتیی مەلا عەجەم، قوڕمان گرتەوە، بۆ سبەی ژوورەکەمان سواخ کرد. ماڵەکەمان لە بێلایی دانابوو کە ناویان نابوو متبەخ، خیوەتەکەمان کردبووە ڕایەخ، هەتا وشک بۆوە.
دوای چەند ڕۆژ کاک سولەیمان گەیشتە دەربەند و ئەمن و کاک سەعیدیش چووین. ئیدی لەوێ بوو کە، کاک سولەیمانی موعینی شکی لە تیرۆری کاک سەدیقدا نەماو گوتی کاک سەدیق بە دەستی ئەحمەد تۆفیق لەنێو چووە... ئەو باسەم لە کتێبی :"لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوولانەوەی ساڵەکانی ٤٢- ٤٧حدک" لە لاپەڕەی ١١٤ نووسیوە لێرە دووپاتی ناکەمەوە.

***

## هیواکانم بوونە بابردەڵە!

چووینە نێو ژوورێک و نێو ژیانێکی نوێی پڕلەژان، ژیانێک کە هەرگیز بیرم لێنەکردبۆوە؟ لە مێژساڵ بوو بە دڵێکی پڕلە تاسەوە ئاواتەخواز بووم ڕۆژێک دەگەڵ تووبا بین بە هاوژینی هەمیشەیی، خەمی دووری و لێکدابڕانی ڕابردوو لەبیرخۆمان بەرینەوە و بە ژیانێکی نوێی خۆش و بەختەوەرانە قەرەبووی بکەینەوە.

پێکگەیشتن و هاوژینی هاتبووە دی، تووبا زۆر شاد و سەری‌حاڵ بوو. هەوڵم دەدا وەک ئەو خۆم پێشان بدەم، بەداخەوە بۆم نەدەلوا. خەمێکی نوێی گەورە و گران جێی خەمە کۆنەکانی ڕابردووی گرتبۆوە، خەمێکی پڕلە ئازار و پەژارە. زۆر خەمگین و ئەنگوست بەنێوچاوانەوە بووم، ژیانم لێ تاڵ ببوو. هەر چی دەمکرد و دەمکراند، خەمی دیارنەمانی کاک سەدیقی لە دڵم نەدەچووە دەر، ببووە هاودەمی هەمیشەییم!

تووبا ئەگەر خەمباریش بووایە، لای من خۆی بەخەمبار پێشان نەدەدا، هەر خۆی شاد و دڵخۆش پێشان دەدا. هیچ ئیددیعایەکی نەبوو، هەرگیز پرسیاری لێنەدەکردم ئەمن چەندەم پارە هەیە و چۆن دەژیەین!

ڕۆژێک گوتی محەممەد گیان! ئەگەر دادەنیشین زۆر خەمبارت دەبینم، ئەتۆخەم بەچییەوە دەخۆی، خۆ پێشتر وەها نەبووی؟

دوای تێپەڕبوونی ساڵ و زەمانان ڕووحگەورەیی ئەو هاوسەرەی خۆم بۆ دەرکەوت.

گوتم: زۆرم پێخۆش بوو ئەو پرسیارەت لێکردم. ڕاستگۆیانە پێتی بڵیم؟

گوتی: بۆنا؟ بیڵێ!

گوتم: بەنەمان و بێسەروشوێنچوونی کاک سەدیق، هەموو هیواکانم با بردوونی. لەو ڕۆژەوە کاک فایق، ئەوقسەیەی لا کردووم، قورسایی‌یەکەی لەسەر دڵم بۆتە کێوێک وەلا ناچێ!

: گوتی چما گوتی چی؟

:گوتی "کاک سەدیق نەماوە و بەدەستی ئەحمەد تۆفیق بێ-سەروشوێن کراوە!؟ قسەکەیم ئەوەندە پێ قورس و گران بوو، بەکاک فایقم گوت: شتی وەها نابێ، چۆن کاک ئەحمەد چۆن کاری وا دەکا؟ ئێوە لەبەر ناکۆکیی نێوان خۆتان دەرهەق بەیەکتر زۆر ڕەشبینن. کاک ئەحمەد، خەباتگێڕێکی وەک کاک‌سەدیق، هاوسەنگەری خۆی، چۆن لەنێو دەبا یان دەیکوژێ؟!

هەوڵنامەی کتێب

کاک فایق گوتی: مەلا محەممەد، ئەحمەد تۆفیق هاوڕێی خۆم بووە، ئەمن دەیناسم چ جینایتکارێکە!؟"
گوتم: تووبا، ئیدی لەوێ ڕۆژێوە ئەمن ئۆقرەم لێهەڵگیراوە، وەختە لە تاوی کاک سەدیق، دیق بکەم. کاک فایق بەدوای باوکی کاک سەدیقیدا ناردوە...
گوتم دیسان سوپاس بۆ تۆ: چاک بوو پرسیارت لێکردم، لای تۆ درکاندم و دەرمبڕی، دەنا لەوانە بوو دیق بکەم...
تووبا بەقسەی دڵخۆشکەر، دڵخۆشیی دامەوە: لەوانەیە چووبیتە شوێنێک، ئەنگۆ لێی دابڕاون و لێی نزیک نەبوونە؟...
ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ منی لاو، بڕوا، و هیوا بوو ، مخابن لەبەرێک بڵاو ببوو.
کاک ئەحمەد تۆفیق هۆی سەرەکیی ئەو لەبەرێکبڵاوبوونە بوو! خۆی لەلایەن مەلا مستەفاوە بۆ ناوچەی بادینان ڕاگوێزرا بوو.
کاک سەدیق بەشێوەیەکی گوماناوی؛ هەتا ئەودەم، بێسەروشوێن کرابوو. کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ هێندێک لە کادر و پێشمەرگەکانی لکی سێ، بۆ دۆڵەڕەقە دوور خرابۆوە دەسبەسەر بوو. کاک باپیر و مەلاسمایلی فەقێیسی و پێشمەرگەکانی لە ناوچەی سۆما، بەدەستی ئەرتەشی شای ئێران، شەهید کرابوون. مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی بەهۆی بێدەرتانی و بێهیوایی، لە گوندێکی ناوچەی شاربازێر بەناوی سوورەدزە، ببوو بەمەلا. بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان لەبەر بێدەرەتانی، لە شارەکانی وەک قەڵادزە و سلێمانی یان گەڕابوونەوە بۆ ئێران و گیرابوون و بڵاوەیان کردبوو. بەشێک لای حەسۆمیرخان لە سەنگەسەر و بەشێک لای مەلا ئەمینی بارزانی لە نزیک ڕەواندز، لە دۆڵی ئاکۆیان بوون...!
خۆم لەسەر قسەی کاک سەدیق بەهیوا و هومیدێکی زۆرەوە هاتبووم بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، ئەوەش وەزعی خۆمان!

***

کاک سولەیمانی موعینی، کەوتبووە شون چارەنووسی کاک سەدیق کە بزانێ چیی بەسەر هاتوە؟ رۆژانە پێکەوە دەبووین، بەهۆی نەمانی کاک سەدیق، کاک سولەیمان زۆر لە من خەمبارتر بوو.
کاک سولەیمان ئەوەی باش بوو: زۆر خۆڕاگر بوو، هیوای بەکەسانی وەک من و مەلا مەحمودی زەنگەنە و خۆم و باقی کادر و پێشمەرگەکان دەبەخشی...
کاک حەمەرەسوڵی باوکی کاک سەدیقی ئەنجیری هات. ئەمن دەگەڵی چوومە لای بارزانی. لەوەڵامی داواکارییەکەیدا، سەرۆک بارزانی: دڵخۆشیی دایەوە و...!
ئەو بەسەرهاتەم لە لاپەرەی ١١٨ی نووسراوەکەی پێشووی خۆمدا نووسیوە.

***

## هاوژینی فیداکار!

هەواڵنامەی کتێب

هاوسەری فیداکار و بەوەفا و بەنرخەکەی بەمن مەزەندە ناکرێ! لەمێژ نەبووماڵمان دانابوو، خزم و دۆستانی شارویرانی ماڵیان ئاوا بێ، لە کوێستانان، بژیوی زستانیان لە ڕۆن و پەنیر، بە تەسەلی بۆ دابین کردبووین. بە وتەی خەڵکی لای خۆمان: "رسق و پێخۆر"مان هەبوو، تەنیا ئاردمان نەبوو.
رۆژێک چووم پێنج تەنەکەم گەنم لە کاک عەبدوڵڵای شێخی کڕی. گەنمەکەم هێنایەوە، هەر ناوی گەنم بوو؟ بەشی هەرەزۆری گورگە و زیزانە بوو! تووبا دانیشت وەک شێرەژنانی کورد، دەستی کرد بە خاوێنکردنەوە و گێژەو و باڵەکەوکردنی. ئامادەی ئاش بوو بچم لێیبکەم، بیکەمە ئارد. دەبوو بردبامە ئاشی خەلانێ لێم کردبا و هێنابامەوە. بارەبەرمان نەبوو گەنمەکەی پێبەرمە ئاشی. کابرایەکی خەڵکی ئاوایی خەلانێ هەستی پێکردبوو بارەبەرمان نیە، باراشەکەمی پێبەرم بۆ ئاشی. ناوی کاک حەمەڕەسووڵ بوو، یادی بەخێر. هاتە بەر دەرگای ماڵێ، گوتی:

مەلاپیرۆت، باراشەکەت بردۆتە ئاشی؟ گوتم ناوەڵڵا کاک حەمەڕەسووڵ لەبەر بێبارەبەری نەمتوانیوە بیبەمە ئاشی. گوتی مستۆی کوڕمت بە بارەبەرەوە بۆ دەنێرم خەمت نەبێ.
ماڵی ئاوەدان بێ، دەگەڵ کوڕەکەی کاکحەمەڕەسووڵ باراشەکەم بردە ئاشی خەلانێ. سۆفی ڕەحمان ئاشەوان بوو ماڵی ئاوەدان بێ باراشەکەمی بێ ئاوان، بۆ لێکردم. ناوبراو هاواڵ مریدی بابم بوو. ئاردەکەم ئامادە بوو بە بارەبەری کاک حەمەڕەسووڵی و یارمەتیی کوڕەکەی، ئاردەکەم هێنایەوە.
ئەوجار خەمی ئاوردووی تەندوورمان کەوتە بەر. تووبا گوتی خەمت نەبێ ئەویش جێبەجێ دەکەم. بێوەژنێکی بەساڵداچوو جیرانمان هبوو، بەناوی پوورە بەسێ. یانی هەر ئەوەندە بوو دەرگاکانمان لێنەدەگۆڕا، هەردوو میترێک دەرگاکانمان لێک دوور بوون. تووبا، دەچوو بۆسەرکانی نزیک ماڵی براکەی پوورە بەسێ، کاتێک پوورە بەسێ دەبینێ ئەو ژن جحێڵە ئێرانییە تازە هاتوە، لەسەر کانی نوێژێ دەکا! دەگەڵ تووبایە وەک دایک و کچیانیان لێهاتبوو. پوورە بەسێ بنەوانی براکەی خدر شارۆشی بوو. کاتێک نانی دەکرد، بەتووبای دەگوت کچی خۆم وەرە ئەتۆش هەویرەکەی خۆتی پێوە دە.
ئەویشمان بۆ جێبەجێ بوو. یەکەمجار تووبا، هەویری شێلابووە بچێ نان بکا. چونکە دوای پوورە بەسێ، هەویرەکەی خۆی پێوە دەدا... دوای ماوەیەک هاتەوە بەنانەوە. بەڵام لەبەر پێکەنین شین دەبۆوە. ڕووحی شاد بێ نانەکەی هێنایەوە، داینا دەیگوت: کاتێک دەستم کرد بەنانکردن، هەویر بەهیچ جۆر بە تەندوورەوە بەند نەدەبوو. لەو هەیرەی بردوومە دەگەڵ پوورە بەسێ هەتا ئێستێ خەریکی بووین ئەوەندەمان نان بۆساخ بۆتەوە. کە سەیری نانەکەم کرد پیاوی برسی چاوی پێکەوتبا لەحاندی تێر دەبوو، برسییاتیی لەبیر دەچۆوە؟
ڕێگای هەولێر کرابۆوە. ماشێن هاتوچۆیان دەکرد، دەیانگوت: ناحیەی گەلاڵە، ئاردی لێیە. ڕۆژێک چووم بۆ گەلاڵە تایەکم

ئاردی سپی کڕی نازانم سێ یان چواردینار بوو. بە ماشێن ئاردکەم هێنایەوە. ئاردە سپییەکە، بە وتەی تووبای هاوسەرم زۆر بەپێز بوو، ئاردەکەی دیکەی دەگەڵ تێکەڵ دەکرد زۆر بەقانعی لەبواری بەرێچوونەوە درێژەمان بەژیان دەدا. هەر ئەو بوو هەمیشە هیوای بەمن دەبەخشی...

***

## ژیان لە خەلان و...!

لە گوندی خەلان نیشتەجێ ببووم. بیرم لەکارێک دەکردەوە کە بتوانم بژیوی رۆژانەی خۆمانی پێ دابین بکەم. بۆکەسێکی غەریبە و نائاشنا هاسان نەبوو. دەبیری دۆزینەوەی کارێکدا بووم کە بتوانم لانیکەمی بژیوی رۆژانەی خۆمانی پێ دابین بکەم. ژیان بەبێ‌بژیو ناسوورێ، ئەویش بە هەوڵدان و کۆشش دەست دەکەوت. مخابن ئەوەی کەسپ‌وکار بوو شارەزاییم لێی نەبوو، نەمدەزانی چکارێک بکەم؟ پوڵ‌وپارەیەکی وەهاشم نەبوو، ئاڵووێری پێ‌بکەم. زۆری نەخایاند کابرایەکی خەڵکی نەغەدەی قاچاخ ببوو،ماڵەکەی هێنابۆ خەلان، بوو بەدراوسێمان. کابرا ناوی کاک ئەحمەد بوو، پێمان دەگوت ئەحمەد نەغەدەیی. جیرانێکی لە ڕادەبەدەر باش بوو. (بەداخەوە لەشەڕی نەغەدە شەهید بوو) ئەویش خۆم‌ئاسایی کابرایەکی کەم‌ڕوو، شەرمێون بوو، نەماندەزانی چبکەین. رۆژێک لە سەربانی خۆمان ڕاوەستابووین، باسی تووتنی کرد، گوتی: تووتن زۆر بەبرەوە. ئەمنیش شارەزایی دۆڵی خۆشکان و ئەو ناوە بووم. کاتی تووتن هەڵبڕین و تەرە تووتنان بوو. گوتم حەز دەکەی دەبینە شەریک دەچینە بەری سەکران تووتنی باشی هەیە. گوتی باشە، ئەمنیش پێم وانەبوو، تووتن هێندەی سەرمایە دەوێ...! نەقڵی ئەو تووتن کرینە و

شەراکەتەم لە نووسراوەی پێشووی خۆمدالە لاپەرەی ١٤٦ دا نووسیوە...
لە بیرم نەماوە چەندم لە قازانجی ئەو توتنە پێبڕا؟ تووتن زۆر ببوو، لەبرەو کەوتبوو، تووتنفرۆشی بژیوی ڕۆژانەی دابین نەدەکردین...
ڕۆژێک مام چووکەڵ، گوتی: مەلا پیرۆت با بچین بۆ لای (وەردێ و ناوەندێ) بەڵکوو تاپڕمان دەست کەوێ ئێرانی باشی دەکڕن. مام چووکەڵ شارەزای ئەو نێوە بوو. بەرەو دەربەند ڕۆیشتین، لە دەربەندی وەسەر کەوتین، دوور و نزیکی گوندی وەردێ بووین، لە سەرووی ڕێگاکەمان تەماشامان کرد لاوێک لەو بەندنە جووتی دەکرد. چووینە لای ماندوونەبوونیمان لێکرد، پرسیاری تاپڕمان لەلاوە جووتێرەکە کرد. لاوەکە گوتی وەڵڵا ئێمە تاپڕێکی زۆرباشی سۆجەرمان هەیە دەیفرۆشین. تاپڕەکەی میراتی باوکمانە بۆمن و براکەم بەجێ ماوە. ئەگەر حەوسەلەتان هەبێ کەمێک ڕاوەستن ئەمن نیوسەعاتم پێناچی دەچم تاپڕەکەتان بۆ دێنم، ئەگەر بەکەیفێتان بوو دەتاندەمی. بەڵام با هەرلە ئێستێوە پێتان بڵێم: لە بیستودووددینار کەمتری نادەم. مام چووکەڵ گوتی براڵە! کوو، چما تاپڕی بیست دیناری هەیە؟
پاشان گوتی: بچوو بیهێنە چاوی لێدەکەین، ئێمەش وەدوای ئەوە کەوتووین شتێکمان دەستکەوێ بکڕین، نانێکی لێپەیدا بێ.
لاوەکە ڕۆیشت، دوای ماوەیەکی کەم گەڕایەوە و تاپڕەکەی بەدەستەوە بوو. کە سەیری تاپڕەکەمان کرد، هەر دووکمان لە شاییانی شاگەشکە بووین. ئەمن قسەم نەدەکرد مام چووکەڵ، بە لاوەکەی گوت: خۆ ئەوە ئەمریکی نیە. لاوەکە گوتی ئەمن عەرزم کردی سۆجەری ئینگلیسە، ئێستێ بە کەیفێتان نیەماڵی قەڵب سەر وەساحێبیەتی،
مام چووکەڵ خەریک بوو شتێکی لە نرخەکەی پێ داشکێنێ. لاوەکە ئامادە نەبوو کەمتری بدا. تاپڕەکەمان لێکرێ، ئەمن ٢٥دینارم هەبوو. نازانم مام چووکەڵ چەندی هەبوو، چونکە کەس

حیسابی گیرفانی مام چووکەڵی نەدەزانی؟ خوا لێی خۆشبێ. پارەکەمان دا و تاپڕەکەمان وەرگرت، نەچووینە ئاوایی هەرلەوێڕا داگەڕاینە خوار هاتینەوە دەربەندی. وەستا غەنی چەخماخ_ساز ماڵی لە دەربەندی بوو، بەرەبەری رۆژئاوایە بوو، چووینە دوکانەکەی وەستا غەنی. ئەمن دەگەڵ وەستا غەنی ئاشنایەتیم نەبوو، بەڵام دیار بوو دەگەڵ مام چووکەڵ، دۆست و هاوڕێی یەکترن. مام چووکەڵ پرسیاری لێکرد هیچ تاپڕت نین؟ گوتی تاپڕێکی ئەمریکیم لایە ئەگەر بەکەیفێتان بێ دەتاندەمێ. تاپڕەکەی هێنا، ئەویش جوان بوو ئەویشمان کڕی بە حەڤدە یان شازدە دیناران. هەریەکەی تاپڕێکمان دەشانی کرد، بەرەو خەلان گەڕاینەوە. هەروەک پێشتر ئاژەم پێکردوە، مام چووکەڵ ماوەیەک بوو هاوسەرەکەی تەیارە لێیدابوو شەهید ببوو، کە دەڵێن: "ماڵوێرانی" لەمام چووکەڵی روو دابوو. بەڕاستی ماڵەکەی بە تەواوی وێران ببوو. ژنەکەی کوژرابوو، منداڵەکانی دوو کچۆڵەی تەمەن سێ چوار ساڵان بوون، ئەوانیش خات زێڕنی کۆنە هاوسەرەکەی، لە مەهابادەوە هاتبوو دەگەڵخۆی بردبوونەوە بۆ مەهابادێ. بەڕاستی هاوسەرێکی بەوەفا و فیداکار بوو بۆ مام چووکەڵ ...

مام چووکەڵ بێماڵوحاڵ ببوو، ئەوەی هەمانبوو پێکەوەمان دەخوارد. تەنیا بۆ خەوتن دەچۆوە ماڵە چۆلەکەی خۆی. بەیانان دەچووین بۆ بازاڕی زینوێ شێخی... سبەی ئەو ڕۆژە تاپڕە ئەمریکایییەکەمان لە زینوێ فرۆشت دامان بە سێ ٣٠ دیناری_ بە شەش سەت تەمانی ئێرانی. مام چووکەڵ بیست دینارەکەی خۆمی دامەوە کە دابووم بە لاوەکەی خاوەنی تاپڕە سۆجەرەکە. ئێوارێ بەرەو ماڵ دەهاتینەوە، هەستم بەوەکرد کە، مام چووکەڵ شتێک لە گەمژەیی من حاڵی بووە؛ دیار بوو بەهیوا نەبوو بمکا بە شەریک؟

نانی ئێوارەمان خوارد، مام چووکەڵ کاتی خەوێ بوو، چۆوە ماڵەکەی خۆی. تووبا، پرسیاری تاپڕەکەی دیکەی لەمن کرد؟

گوتم: فرۆشتمان، سێسەت تمەنی قازانج کرد... گوتم تووبا! وا تێ-دەگەم، مام چووکەڵیش شتێک لە گەمژەیی من دەزانێ؟ یان لەوانەیە بە دەوڵەمەندمان بزانێ، نازانێ بۆ کەسری پارەی توونتنەکە ئەتۆ پێنج دینارت لە پوورە بەسێ قەرز کردبوو!؟

گوتی تۆخوا محەممەد،! مام چووکەڵ لێی قەوماوە قەت وا خۆت پێشان مەدە کە ئیمە دەستتەنگین... گوتم بەچاوان. تووبا لەو ژنە دڵگەورانە بوو یادی بەخێر. نەمدەزانی چۆن مام چووکەڵ تێبگەیەنم کە ئەمن لەو تاپڕانە شەریکم؟

تاپڕە سۆجەرەکە خەڵکی ئێران نەیاندەناسی. مام چووکەڵیش داوای ٤٥دیناری لێدەکرد. تاپڕەکە مایەوە، مامچووکەڵ گوتی تاپڕەکە نافرۆشرێ. گوتم حەز دەکەی تاپڕەکان بەش دەکەین، ئەتۆ سەرپشک بە هەرکام ئەتۆ پێت باشە ئەویان بۆتۆ بێ، هەرچی ئەتۆ هەڵگری ئەمن پێی ڕازیم. ئەوجارە مام چووکەڵ زانی نەخێر، ئەوەندەش گەمژە نیم کە ئەو بیری لێکردۆتەوە. تاپڕەکە مایەوە، دەگەڵ مامچووکەڵ، هاتوچۆی زینوێمان دەکرد کەس نەیکڕی. دوایە تاپڕەکە ئەمن هەڵمگرتەوە...

لەوسەردەمەدا گوندی خەلان ببووە ناوەندی هەیئەتی وتووێژ کاری حکوومەتی عێراق و سەرۆک بارزانی. قوتابخانەکەی گوندی خەلان ببوو بە ستاد! هەیئەتی وتووێژکاری حکوومەتی عێراق، هەموو جارێ بە هێلیکۆپتێر دەهات لە پێش قوتابخانەکەی گوندی خەلان دەنیشت و سەرۆک بارزانییش دەهات...

دوای ئەوەی مام جەلال لە دۆڵەرەقە ڕایکرد و چووە نێو حکوومەتیعێراق، کاک عەلی عەبدوڵڵا و ڕەحمەتی نووری شاوەیس و ئەحمەدی نووری تەهای، دەگەڵ مام جەلال نەکەوتن، هاتن بۆلای بارزانی. لە دەوروبەری مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی مانەوە. نازانم بۆ لە ناوپردان نەمانەوە؟ هاتبوونە خەلان لە نزیک قوتابخانەکەی خەلان چادرێکیان بۆ هەڵدابوون. ئەو ڕۆژانەی نەچووبامە زینوێ دەگەڵ کاک سەعید کوێستانی

جاروبار دەچووینە لایان. هاونشینیمان دەگەڵ ئەو کەسایەتییە خاوەنڕابردوو و سیاسییانە پێخۆش بوو...
لەو ماوەیەدا کە وتوویژی نێوان حکوومەت و شۆڕش دەستی پێ-کردبوو، کاک سەعید کوێستانییش ژنومنداڵەکەی لە ئێرانەوە هێنا بۆ خەلان. بە هاتنی ماڵە کاک سەعید و کاک ئەحمەد نەغەدەیی و وەستامەحموودی خەیات، تووبای هاوسەرم، دەگەڵ هاوسەری ئەو هاوڕێیانە، ببوو بە ئاشنا. تێکەلاویمان هەبوو تاڕادەیەک غەریبایەتیی لەبیر چووبۆوە، یان لانیکەم نەختێک خەمی لە سەر سووکتر ببوون.
ئەو دەمو ئێستێشی دەگەڵ بێ، ئەمن ریازیاتم بەهێز نەبوو،و نیە. لە حیساب‌وکیتابدا زۆر کۆڵم! بەڵام ئەودەم ئەوەندەی فێر ببووم: دەبوو لانیکەم رۆژانە، پێنج درهەم، یانی ڕوبعەدینارێک بۆ بژیوی ڕۆژانەی خۆمان پەیدا بکەم. تاپڕەکەم نەفرۆشرابوو، سەفەری کۆبوونەوەی دۆڵەڕەقەم کەوتە بەر. وەک لە نووسراوەکەی پێشتری خۆمدا باسم کردوە: دەگەڵ کاک سولەیمانی موعینی، لەسەر ئەوە ساخ ببووینەوە کە ڕێبەرایەتییەکی نوێ هەتا کۆنفرانس، یان کۆنگرە، لەنێو کادرەکان و ئەوکەسانەی هاوبەشی کۆبوونەکە دەبن، هەڵبژێرینەوە. باسی ئەو کۆبوونەوەیە و سەفەری دۆڵەڕەقەم لە نووسراوەی پێشوودا" لاپەڕەیەک لەتێکۆشان و جووڵانەوەی..." لە لاپەرەی ١٣٠دا نووسیوە.
جێگای خۆیەتی بڵێین: ئەو بەشدارانەی کۆبوونەوەی دۆڵەرەقە کە پێشتر، زۆرمان کیسە بۆ هەڵدرووبوون؛ بەداخەوە بێبەڵێن دەرچوون، بەتایبەت بەرامبەر بە کاک سولەیمانی موعینی. مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لێیان نابووری!

مانگی یونی ١٩٦٦ بوو، لەسەفەری دۆڵەرەقەی گەڕامەوە ماڵ... تووبای هاوسەرم گوتی دووکەس لە ئێرانەوە هاتبوون: مشتەریی تاپڕەکە بوون. پێم‌گوتن، براله پیاوەکەم لە ماڵ نیە و ئەمنیش

هیچی لێنازانم. ڕەنگە ئەو ڕۆژانە پیاوەکەم بێتەوە. لەو کاتەدا مام چووکەڵیش لەماڵ نەبوو.

بۆسبەی ئەو ڕۆژە، ئەمن دەچووم بۆ زینوێ لەڕێگا تووشی کابراکانی مشتەریی تاپڕەکە هاتم. دەیانگوت بەڕێگای بارزینیدا دەگەڕێنەوە بۆ دیوی ئێران.

بەهەرحاڵ دەگەڵ من گەڕانەوە بۆ زینوێ. سەیری تاپڕەکەیان کرد بە کەیفێیان بوو. قسەمان لەسەر نرخی تەواو ببوو، چووینە دوکانی حاجی حەمشینی پارەکەم دەنێ و تاپڕەکەی دەگەڵ خۆیان بەرن. گوتیان باتاقی کەینەوە. فیشەکیان بردە بەر تاقی کەنەوە، پەلاپیتکەیان کێشا تفەنگ دەرنەچوو: چرت!

کابرا گوتی ئەوە بۆ دەرنەچوو؟ هیچ قسەیەکم نەبوو بیکەم، گوتم: کاکە لەوانەیە تفەنگەکە خراپ بێ؟ لێیگەڕێ بچوو لە نیو بازاڕی تفەنگێکی دیکە بکڕە. کابراکان ڕۆیشتن. حاجی حەمشین گوتی مەلا پیرۆت، بەڕاست تفەنگەکە خراپە؟ گوتم حاجی لانیکەم چوار پێنج جار بۆخۆم و چەند جار مام چووکەڵ، بردوویەتە ڕاوەکەوێ. قەت عەیبی نەبووە ئێستێش ئەوە دەرنەچوو! نیزیک نیوەڕۆ بوو دەگەڕامەوە بۆ ماڵ، لە دیوی دەرێ جارێکی دیکە هەمان فیشەکم بردە بەر لوولەی، ئەوجارە تاپڕەکە لە گرمژنی دا و دەرچوو.

کابرای موشتەری، تاپڕێکی دیکەی کڕیبوو، لە قاوەخانەی کاک برایمی بوو. چاوی لێبوو کە تاپڕەکە دەرچوو، هات. گوتی جا وەرە ئەو بەختە ڕەشەی من. زۆری دڵ بە تاپڕەکەوە بوو، گوتم کاکە ئەتۆ تازە تاپڕت کڕیوە، دەبوو دەپێشدا ئەوەت زانیبا، ئەمن چۆن تاپڕی خەراپ بەتۆ یان کەسێکی دیکە دەفرۆشم؟... تاپڕەکەم دەگەڵ خۆم هێنایەوە...

***

## بووم بەقەساب؟

ڕۆژێک فەقێ مستەفای جیرانمان هات گوتی: مەلا پیرۆت، خێڵی سرشمەیی‌یان هاتۆتە (گوندەژۆرێ) بابچین لەوانەیە گیسک و کاوڕیان هەبن لێیان دەکڕین، بنکەی بارزانی لێرەیە پارەیان زۆرە پێیان دەفرۆشینەوە بەڵکوو خێرێکیان بۆ ئێمە هەبێ؟

ڕۆژێک دەگەڵ فەقێ مستەفا و مامچووکەڵ و کاک سەعید کوێستانی چووینە "گۆندەژۆر". ڕاست بوو، خێلی ڕەوند و سرشەمەیی‌یان لەوێ بوو. چووینە نێو چادران گوتمان: ئەگەر کەسێک گیسک، یان کاوڕێکی هەبێ ئێمە دەیکڕین. هەر یەکەی شتێکی هەبوو. ژنە ڕەوەندێک هات گوتی: ئەمن مریشکێکم هەیە هەموو ڕۆژێ هێلکەی دەکا دەیفرۆشم.

بەهیوای ئەوە کە مریشک هەموو ڕۆژێ هێلکەی دەکا گوتم: ئەمن مشتەریی مریشکەکەم. ژنە داوای دینارێکی دەکرد. گوتم خوشکی من، گیسک بە دینار و نیوێکە، چۆن مریشک بە دینارێک؟

ژنە، دایدایە سوێندوقورعانان کە هەموو ڕۆژێ هێلکەی دەکا. گوتم ئەگەر وابێ ئەمن بە نیودیناری دەمەوێ. ژنەکە لەو ژنە زرینگانەی ڕەوەندان بوو. درهەم درهەم لە نرخەکەی دادەشکاند، ئەمنیش بۆی وەسەر دەکەوتم لەسەر ١٢درهەمان ڕاوەستابووم. ئاخری ژنە، بەچاردە درهەمان مریشکەکەی دەستۆ پەستاوتم!. کەچی سوێندوقورعانەکانی ژنە ڕەوندەی گشتی بەدرۆ دەرچوون مریشکە ئەستێور بوو، هەرگیز تەنانەت هێلکەیەکیشی نەکرد!

دوایە بەنێو ڕەوندان‌دا گەڕاین، نێرییەکی مەرەز و بزنیکی ئەستێور و گیسکیکی شەلی سێ لاقمان‌کڕی. وابزانم هەرسێک سەر، بایی نزیکەی١٢ دینارونیوان بوون؟ ئەمن و کاک سەعید کوێستانی و مام چووکەڵ بووینە شەریک. نێری و گیسک و بزنمان هێنانەوە. کەس نەیگوت بە چەندی.

لەستۆماندا مانەوە! کاک سەعید کوێستانی و مام چووکەڵ، شەریکە قازانج بوون، بەڵام شەریکی ماندووبوون و زەحمەت

نەبوون! ئەوان خۆیان لێ بەخاوەن نەدەکردن. زەحمەت و پێوەماندووبوونەکەیان بۆمن بەجێ هێشتبوو! ناچار بووم ڕۆژانە دوور لە چاوی کاک عەبدولقادری شێخی و پیاوەکانی بەرۆژ، بەنهێنی دەمبردن لە نێوباغی ماڵە شێخی دەمبەستنەوە.
نازانم کاک عەبدولقادری شێخی، یان شێخ عەبدوڵڵا دەبێ؟ ڕۆژێک چاوی بەحەیوانەکان دەکەوێ لەنێوباغیدان! بە فەتاحی چاپەز دەڵێ برۆ ئەو حەیوانانە لە نێو باغی دەرکە، ئەوە هی کێنە بۆ هاتوونە نێو باغی؟
فەتاحی چاپەز دەچێ لاقی نێری و بزنەکەی دەکاتەوە ڕاویان دەنێ بۆ بەندەنی پشت ئاوایی خەلانێ! نازانم کێ بوو هات پێی گوتم فەتاح بزنەکانی ئێوەی راو نان بۆ بەندنێ پشت ئاوایی خەلانێ. هەستام چوومە باغی بزن و نێری نەمابوون؟
چوومە پشت ئاوایی خەلانێ، هیچ دیار نەبوو. چووم یەخەی فەتاحی چاپەزم گرت: بزن و نێریم لە تۆ دەوێنەوە. فەتاحیش کە چاپەزی ماڵە شێخی بوو، پشتی بەماڵە شێخی ئەستوور بوو، هەر جوابیشی نەدامەوە! بەخێر تەواو بوو، دوایی بزن و نێریم دۆزینەوە، هێنامنەوە...
ڕۆژێک لە پێش خانەقایە، لە سەربانی خۆمان بووین، کاک عەبدولقادری شێخی یادی بەخێر گوتی: مەلا پیروت ئەو کگیسکە شەلەی بۆ ناکوژیەوە؟ ئەمن کیلۆیەک گوشت و جەرگودڵەکەیم دەوێ. مام پیرۆت مەنگوڕیش لەوێ بوو گوتی ئەمنیش کیلۆیەکم دەوێ. وەستا مەحموودی خەیاتیش هەروا، ئەوە جارێ مشتەریی سێ کیلوم بۆ پەیدا بووە، سەریان کرد کیلۆی بەهەشت درهەمان. حیسابم کرد نۆ٩- درهەم قازانجێ دەکا و کوێرەوەرییەکەشم لەکۆڵ دەبێتەوە.
گیسکم کوشتەوە. زۆر وەستایانە، ڕەفیسکەم نەختێ بڕی و بە قەڵەمی خودکار، فووم تێکرد هەتا کەلاکەکە هەڵمسا، ئەو جار... چوارکیلۆ گۆشت و جەرگودڵەکەیم لێفرۆشت. دینارێک و پێنج درهەمی قازانج بوو، سەروپێکەشی بۆخۆمان، بەڵام بەداخەوە

گیسکەکە سێ لاقی هەبوون دەگەڵ ماڵەکاک سەعید کوێستانی، یەکەم شۆرباو گۆشت بوو کە لە خەلانی بە سەروپێی گیسکە شەلەی سێلاق، خواردمان.
سەعیدۆف گوتی: مەلا پیرۆت کاسبیی چاکە! ئەرێ بەڕاستی ئەو قەسابییەی لە کوێ فێر بووی؟ بۆم گێڕایەوە: فەقێ بووم، جارێکی لە قاوەخانەی بالانیشی چاوەڕوانی ماشێنم دەکرد بگەڕێمەوە بۆ شارویرانی. دوو عەجەم مەڕێکیان هێنا لەپێش قاوەخانە کوشتیانەوە. عەجەمەکان سێپەکێکیان چەقاند و کەلاکی مەڕەکەیان هەڵواسی، ڕەفیسکەی کەلاکە مەڕیان کونکرد و قامیشێکیان دەڕەفیسکەی کەلاکی مەڕەکەی ڕاکرد. ئەو جارە عەجەمە ئەوەندەیان فوو تێکرد هەتا کەلاکەکە چوار هەنگڵ بوو. ئەوجارە زۆر وەستایانە بە چەقۆیەکی تیژ، لەملیڕا هەتا هەرچوار پەلانی هەڵیاندڕی. دوایی بێ چەقۆ، کەلاکی مەڕەکەیان داماڵی پیاو بەکاڵی ئیشتیای دەچوویە ئەمنیش ئەوەی لە کابرای عەجەم فێر بوومە، ئەوە لێرە لە خەلانێ تاقیی دەکەمەوە!
ئەوجار کەوتمە سەر کۆشتنەوەی نێرییەکە. کاک سەعید دەیەویست لە شەراکەتی نێری بچێتە دەر، پێی وابوو سێ شەریکە نانی تێدا نابی. نێرییەکە سوورمەرەز بوو، لیسپی مەرەزەکەی لە هەردی دەخشان؛ مام چووکەڵ لەبەر تەماعی مەرەزەکەی دڵی لە نێرییەکە نەدەبۆوە. لە هەمان کاتدا تووبای هاوسەریشم زۆری پەلە هەبوولە مەرەزەکە. مام چووکەڵ ئامادە نەبوو، وەکوو منگۆشتی بەپشتێ هەڵگرێ بیبا بۆ زینوێ شێخی بەستۆی دوکاندارەکانی زینوێیدا ببڕی و بیفرۆشێ.
نێرییەکەم ئەوەندە لە باغی ماڵێ شێخی لەوەڕاندبوو، وەک دەڵێن: "لەبەر قەڵەوی چوارهەنگڵ ببوو. مام چووکەڵ بەمەرج دەستی لە نێرییەکە هەڵدەگرت کە: نیوەی مەرەزەکەی بدەین بەو. ئەمنیش بە مەرجەکەی ڕازی بووم...
دەگەڵ سەعید هاتینە سەر باوەڕە نێرییەکە بکوژینەوە بیبەین بۆ زینوێ شێخی. زینوێ گوندێکی گەورە و ئاوەدان بوو. خەڵکەکەی

بەگشتی لەچاو خەلانێ تێروتەسەل بوون. دوکاندارەکانی زینوێ ڕۆژانە بە هەزاران تمەن ئاڵوویریان هەبوو. دەگەڵ سەعیدۆف ساخ بووینەوە و پلانەکەمان کردە کردەوە:
نێریم کوشتەوە. ڕەفیسکەم کون کرد، لوولە قامیش یان خودکار بوو؟ دەنێوان گۆشت و پێستی قاچی نێریم ڕاکرد دەستم کرد بە فووتێکردنی، هەتا چوار هەنگڵ بوو، جا ئەوجار زۆر بە خاوێنی داممالی. گۆشتەکەی زۆر بوو، بۆ (تەگە) نەببوو. بەزی هەبوو بەڵام گۆشتی زۆرتر بوو. لە گوندی خەلان تەنیا دوو ماڵ گۆشتیان لێدەکڕین: مام پیرۆت و وەستامەحموودی خەیات. دەگەڵ سەعیدۆفی بیرمان لێکردەوە ئەگەر هەر دوکاندارەی لە زینوێ کیلۆیەکمان لێبکڕێ نیوەی گۆشتەکەمان لەئەستۆدا دەمێنیتەوە، ئەو گۆشتە چی لێبکەین؟
سەعید گوتی: ئەو جارە هەر دوکاندارەی کیلۆیەک نەبێ دوو کیلۆبێ چدەبێ؟ دەستم کرد بەکێشانی گۆشتی، دوو کیلۆمان لە قاقەز وەردەپێچا و لە قەرتالانمان دەنا و بەپشتێ گۆشتمان دەبرد بۆ زینوێ. سەرەتای قەسابیم بوو، زۆرم شەرم دەکرد. ناچاری بەسەریدا سەپاندبووم بەدوکاناندا گەڕام. ئەو دوکاندارانەی دۆست و ئاشنامان بوون گۆشتمان بۆ دەبردن و پارەی خۆمان لێوەردەگرتن.
هەر کەسێک تێمڕانەدیتبایە گۆشتم بۆ نەدەبرد. لە زینوێ هەموو ڕۆژێ قەسابی دەکرا. خدری عەبدی قەسابی زینوێ بوو، زۆربەی ڕۆژان پاتاڵێکی دەکوشتەوە. خەڵکی زینوێ دەستڕۆیشتوو و تەسەل بوون. توانای کڕینی گۆشتیان هەبوو، باشیش دەژیان.
دیتم قەسابی قازانجی زۆرە، کردم بەپیشە. دەچووین بۆ گوندەژۆر و گەلەژێری، نێو ڕەوەندان، هەرکەس حەیوانێکی هەبا دەمانکڕی دەمانکوشتەوە. گوشتەکەمان بەپشتێ هەڵدەگرت دەمانبرد بۆ زینوێ لەوێ خوردمان دەکردەوە، دەهاتینەوە. ڕۆژی وا هەبوو دینارێک یان زۆرتر و کەمترمان بەردەکەوت. سەروپێکەش بۆخۆمان هەرجارەی لەماڵێک. بەو ژیانە نارازی نەبووین.

بەڵام مەرەزی نێرییە سوورمەرەزی، هێشتا تەواو دام نەماڵیبوو، تووبا لەسەرم ڕاوەستابوو، بۆ کەوڵی نێرییەکەی. پوورە بەسی پێی گوتبوو کەوڵەکەی لە تەندووری سارد باوێ سەری تەندوورەکەی بگری ڕۆژێک لەو تەندوورە ساردەدا بمێنێتەوە، مەرەزەکە وەکوو توێلکە کیفۆکێ بەری دەدا. ئیدی ئەمن لەبەر قەسابی ئاگام لە مەرەزی نێری نەما، تووبا بەشە مەرەزی مام چووکەڵی دابوو. ئەو بڵووزێک بۆمن و دوو سەرکڵاو، یان کلێتەی لێ چنیبوو.

***

## قەسابی بێ ژانەسەریش نەبوو!

هەواڵنامەی کتێب

حاجی حەسەن قەرەنی خەڵکی مەهابادی بوو، لەسەر چشتێک قاچاخ ببوو، باسی ئێمە نیە. دەگەڵ سمایلی ڕەحمەتی برای لە زینوێ شێخی گیرسابوونەوە. سمایل بەرەحمەت چووبوو، حەسەن لە زینوێ دوکانی دانابوو. کابرایەکی دەوڵەمەند بوو. ئەمنیش کەسێک پێی نەگوتبام هەرگیز گۆشتم بۆ نەدەبرد. ڕۆژێک حەسەن ئەودەم نەببوو بەحاجی، گوتی: بابم مەلا پیرۆت، بۆچی گۆشتی بۆ هەموو کەس دەبەی، بۆمن نایەنی؟

گوتم کاک حەسەن ئەمن هەرکەس بۆخۆی پێمنەڵێ، گوشتی بۆ نابەم. ئەوجارە ئەگەر قەسابیم کرد گوشتی بۆ تۆش دێنم. ڕۆژێک قەسابیمان کرد گۆشتم بۆ برد، گوتی بایی چەندە؟

گوتم هەشت درهەم.

پارەکەی دامێ و گوتی هەتاقەسابیت کرد گۆشتم بۆ بێنە. ئاڵووێری ڕۆژانەیان دەیانهەزار تمەن بوو. هەشت درهەم، ئەویش لە خەلانێ گیسک بکوژیەوە لەوێڕا بە پشتێ بیهێنی بۆ زینوێ شێخی! دوو جارم گۆشت بۆ حەسەنی قەرەنی برد. جاری سێهەم بوو، گۆشتم بۆ برد لە دوکانێ خەریکی گەزکردن و پێوانی کووتاڵ

بوو، بۆ مستەفای نەغەدەیان خەڵکی مەهابادێی دەپێوا. بە گۆشتەوە چوومە ژووری سەلامەلێک، سڵاوەکەی وەرنەگرتمەوە، گوتی: مەلا پیرۆت، قەسابی کراوە گوشتمان هەیە!
زۆر لە خۆم و ژیانم و کوردایەتییەکەم بێزار بووم...! بەهەزار تووک نەفرین لەخۆم،لە دوکانی حەسەن قەرەنی هاتمە دەر! جیرانێکی هەبوو بەناوی عەولاّی حەمەدی، ئەو کاک عەولاّیە بە هۆی خاوەنویژدانی و پیاوەتی، کەسێکی دەستڕۆیشتوو نەبوو. ناوبراو گوێی لە قسەکانی حەسەن قەرەنی ببوو. ئەمنیش گۆشتەکەم بەدەستەوە بوو، یادی بەخێر، گوتی: مەلا پیرۆت، ئەمن بەفەقیر دەزانی بۆیە گوشتی بۆ من ناهێنیێ؟ ئەمنیش گوتم کاک عەولاّ ئەوەی ڕاستی بێ ئەمن لە ڕووم هەڵنایە بلّێم گۆشتم لێ-بکڕن...
گوتی ئەوە چیە پێتە،گوتم گوشتە، دەیبەم بۆحاجی حەمشینی (وەیدرۆ!) نابراو گوتی ئەوەیێ بدە بەمن... گوشتەکەی لێوەرگرتم. بەخۆم گوت: ئاخر ئەوە ژیانە،سوور دەمزانی مشتەریی گوشتی من نەبوو، بەخاتری هەرچی ناوی دەنێی؟ گۆشتەکەی لێوەرگرتم و پارەکەی دامێ. هەتا ئێستاش بە ئێشێ ئەو برینەوە دەناڵێنم.

***

## بزنە دوڕە؟

جارێک دەگەڵ سەعیدی کوورێکمان لە سۆفییەکی گوندەژۆرێ کڕی. بەپێنج یان شەش دیناران. بزنەکە زۆر قەڵەو بوو، ئەمنیش گوتم سەعیدۆف، ئامادە بە ئەو ئێوارەیە کوورە مسی دەکوژمەوە. ئێوارە کوورەکە کوشتەوە لە ماڵە سەعیدۆفی، کەوڵم کرد. بزن گۆشتی پێوە نەبوو تەواو کەلاکەکەی بەزو پیو بوو، بۆ بەدشانسیی ئێمە بۆتەگەشی لێدەهات!
دەستم بۆی نەدەچوو؟ سەعیدۆف، گوتی: بێنە جێگا جێگای کەین کارت نەبێ ئەمن خوردی دەکەمەوە. زیاتر لە ٣٠کیلۆ بوو.

کردمانە دوو جێگا، لە نێو دوو قەرتالآنمان نا و بەڕەواڵی پێشوو، بەرەو گوندی زینوێ شێخی. لە پێشەوە، جێگایەکمان بۆ حاجی حەمشینی لە دوکانێ دانا. حاجی حەمشین لەو بازارییە زرینگانەی بازاڕی زینوێ بوو، گوتی: مەلا پیرۆت ئەوە گوشتی نێرییە، سەعید نەیهێشت ئەمن دەنگ بکەم، گوتی: حاجی بزنە دوڕەیە!

هەرچی بۆمان دەبرد، بە بۆنی تەگەی دەیانزانی ئەو گۆشتە گۆشتی نێرییە. سویندوقورعانی من و سەعیدیشی لەسەر کە، بزنە دوڕە بووا!...

***

## یادی دوکاندارەکانی زینوێ بەخێرا!

دەبێتە بێئەمەگی ئەگەر یاد و سوپاسی هێندێکەس لە دوکاندارەکانی زینوێ شێخی نەکەمەوە. زۆرێک لەوان دەرهەق بەمن، لەو سەردەمەدا، زۆر خاوەن سۆزی دۆستانە بوون خۆم بەقەرزداری سۆزیان دەزانم. ئەوەی ڕاست بێ خەڵکی زینوێ شێخی، بەتایبەت هێندێک لە دوکاندارەکان، وێڕای ئەوەی کەسانی ئاڵوویرچی و کاسبکار بوون، زۆربەیان مرۆڤدۆست و کوردپەروەر بوون. لەو ماوەیەدا کە لەو مەڵبەندە بووم، ڕۆژانە دەچووم لەوێ بە کۆنەفرۆشی و گۆشتفرۆشیو... سەرقاڵ دەبووم هەستم بەسۆزی مرۆڤدۆستانەیان دەکرد. چەند کەسایەتیی وەک: خدر ڕەسووی، کە دواتربوو بەحاجی خدر، حاجی حەمشین، حاجی محێدین، سەید عەوڵای حاجی سەید مینەی، عەوڵای حەمەدی و حەمەدەمینی سۆفی خاڵندی و عەوڵامامە، یان عەوڵای پوور زێنەبێ، حەمەخاڵە، ئەوانە هەموویان دەرهەق بەخۆم خاوەن چاکەن و خۆمیان بەقەرزدار دەزانم.

کە دەڵێم قەرزدار، قەرزدار لوتفوسۆزی کوردانە بەلای منەوە زۆر لە پارەوپووڵ بە نرخترە! ئەمن لەوێ لەنێو بازاڕی زینوێ کۆنەفرۆشیم دەکرد. ئێواران کە دەگەڕامەوە گوندی خەلانێ شوێنێکم نەبوو، شتە کۆنەکانی خۆمی لێ دابنێم. دەبوا شتەکانم لەشوێنێک دانابان، ئەوانە هەموویان هەریەکە بەشێوەیەک شتەکانیان بۆ وەخۆ دەگرتم، یان لانێکەم خوڵقیان کردووم: دوکانی خۆتە.

لەوەش تێپەڕین: ئەودەم کە قەسابیم دەکرد، هەموویان دەیانگوت هەرکاتێ حەیوانت کوشتەوە، شەرمێ مەکە گوشتمان بۆ بێنە لە دوکانێ دانێیو پارەی خۆت وەرگرە.

سوور دەمزانی ئەوان تامەزرۆی گۆشتی من نین. خەڵکی زینوێ زۆربەی زۆریان خەڵکی دیوی سنووری ئێران بوون کە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەعام خەڵک گۆشتی بزن ناخۆن، ئەمن کە قەسابیم دەکرد، جارێ وا دەبوو بزنم دەکوشتەوە، بێ بەڕوودادانەوە، پارەکەیان دەدامێ یادیان بەخێر.

***

## ئاشنایەتیی ئێمەدەگەڵ خەڵکی زینوێ!

پێشتربنکەمان لەزینوێ بوو. سەعید کوێستانی ئەودەم لەوێ بەرپرسی بنکە بوو، ئەمن پێشمەرگە بووم. خەڵکی زینوێ شەوانە دەهاتنە لامان دەمانکردە جۆرابێن و گاڵتە و شەونشینیی دۆستانە. ببووین بە دۆست و ئاشنا. کە دەیاندی نیوگەزەکەی ئێمە کورتی هێناوە، ئەو وەزعەمان بەسەر هاتوە کە دەبینن، بووین بەقەساب و کۆنە کۆت و پاڵتۆ و شرەفرۆشی؟ ماڵیان ئاوەدان بێ، هەم گوشتیان لێدەکڕیین، هەمیش کۆنەکۆت و پاڵتۆکانیان بۆ وەخۆ دەگرتین. ئێوارانە کە دەگەڕامەوە ماڵ، بۆگوندی خەلان، شتەکانمان لە دوکانی ئەوان بەجێ دەهێشتن...

خەڵکی زینوێ پیاوی باش بوون، هەست و ئەخلاقی کوردایەتییان بەهێز بوو... یادیان بەخێر.)

***

## نەگبەتی!...

بەهاروهاوینی ١٣٤٥ی هەتاوی ١٩٦٦ی زایینی بۆئێمە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەگشتی، ساڵێکی ناخۆش و پڕلە کارەسات و نەهامەتی و بەئێش‌وژان بوو. کاک سەدیقی ئەنجیری بێ‌سەروشوێن کرابوو؟ کاک نحۆ پاشایی دەگەڵ مام و برا و خوارزای و مەلا سمایلی فەقێسی کادری حیزب شەهید کرابوون. کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان، بۆ دۆڵەڕەقەی دوور خرابوونەوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەو کارەساتانە، هێشتا قۆڵمان لەکراسی نەهێنابووە دەر. پێوەندیمان دەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی خۆمان لە وڵات بەردەوام بوو. لە گەرمێنێش دەگەڵ یەکتر پێوەندیمان هەر بەهێز بوو.
ئەمن ژنم هێنابوو، تازەم ماڵ دانابوو، ئەوە وەزع‌وحاڵم بوو، بەوجۆرە بژیوی ڕۆژانەی خۆم پەیدا دەکرد. دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم: ئەو هەموو ڕووداوە ناخۆش و نەگبەتی و کارەساتانە نەیانتوانی کۆڵمان پێبدەن، دیسانیش بە هیواوهومێدەوە خەونمان بە ئازادیی دوارۆژی کوردستانەوە دەدیت و لەو پێناوەدا ئامادە بووین هەزینە بدەین!؟...

کڕینی گیسک و بزن دەسمایەکەی بەپێنج، شەش، دینار سەروبەر دەکرا. پاییز داهاتبوو، گیسک و حەیوانمان دەست نەدەکەوت بیانکڕین بۆ کوشتنەوە. ئەوکەسەی سەری لە هەموو کەس بێ-کڵاوتر بوو، ئەمن بووم. ڕۆژانە هاتوچۆی زینوێم دەکرد، هیچم نەبوو بیفرۆشم، پارەیەکی واشم نەبوو شتێکی پێبکڕم. بەڵام لەماڵێدا هاوسەر و هاوڕێیەکی خۆڕاگر و دڵگەورە و خاوەن-جورئەتم هەبوو. لەو بوارەداخۆم بێ کەموکوڕی دەدی. هەرکات

هەستی بە نارەحەتیم کردبایە بە شێوەیەک لە شێوەکان نارەحەتیی لەسەر سووک دەکردم یادی بەخێر...
هەوای بناری زینوێ و خەلان گۆڕابوو، پاییز بوو، نازانم کام مانگی پاییز بوو، بەلام سەرما داهاتبوو! بە ئاسایی لە بناری سنوور، سەرما زوو دەست پێدەکا. رۆژێک مام چووکەڵ دەچوو بۆ بەغدا، بۆ خۆی کەلوپەل بکڕێ. ئەمن پارەی هەولێر و بەغدام نەبوو. گوتم مامخدر، مامچووکەڵ لەوێ ناوی خدرەشەل بوو، ئەو ٢٥دینارەم بۆ بەرە لەوێ هەرچی پێت باش بوو بۆم بکڕە بەڵکوو شتێکم لێی وەدەست کەوێ. مام خدر ڕۆیشت بۆ خوارێ. ئیدی نازانم چۆتە کوێ؟ رۆژێک لۆرییەک هات باری تاجرەکانی زینوێی پێبوو. عەولا مامە کە حەمباڵیی دەکرد، باری دادەگرت بۆ دوکانانی دەبردەوە، هەرای کرد: مەلا پیرۆت وەرە، ئەوە مام خدر ئەو شتانەی بەناوی تۆ ناردۆتەوە!
ئەمنیش چووم،سێ فەردە بوون نەمدەزانی چین. فەردەیەک لە فەردەکان جلیقە بوون. قاچاخچیی سابلاخی لەزینوێ بوون سەیری کۆت و پاڵتۆ، ئەوجۆرە شتانەیان دەکرد و دەیانکڕی...
هەروەک گوترا: یەکێک لە فەردەکانی مام چووکەڵ ناردبوونیەوە، جلیقە بوون. برادەرێکی سابلاخی هات گوتی ئەو جلیقانەی هی کێن؟ ئەمن مشتەریم. ئەمنیش نەدەزانم جلیقە بە چەندی کڕاون، نەدەزانم قیمەتیان لە بازاڕی چەندە، داخوا هی منن؟
دوکاندارەکان، لەوانە حاجی سەید حەمەد و حەسەن قەرەنی گوتیان نرخیان مەعلوومە ئێمە دەزانین. ٢٢ دینارە، ئەوپەڕی ٤٥٠تمەنە. بیدە با بڕوا لێی ڕامەوەستە. ئێمە دەزانین نرخیان چەندە. بەسەریاندا سەپاندم جلیقەکان بفرۆشم. دوای چەنەبازی لەسەر قسەی حاجی سەید حەمەدی جلیقەکانم دان بە حەوسەت تمەنی. گوتم کاکە ئەو جلیقانەت بەمەرج دەدەمێ: ئەگەر هی مام خدر بن و ڕازی نەبێ، ناتوانم بتاندەمێ. کابرا ئەودەم گوتی باشە. لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی هاتنەوەی مام خدربووم. پاش نیوەڕۆ بوو، مام خدر گەیشتبۆوە ئازادی، یادی بەخێر. فەقێ

برایم، پێی‌گوتبوو مەلا پیرۆت جلیقەکانی فرۆشتوە بە ٧٠٠تمەنی داون. پێش ئەوەی ئەمن مام خدر ببینم، فەقێ برایم باسی مامەڵەکەی بۆ کردبوو.
چوومە گوندی ئازادی مام خدر گەیشتبۆوە ماندوونەبوونیم لێکرد، لە جیاتی وەڵامدانەوە، جاوەرە بەسەرمدا ڕشایەوە چۆن!!
گوتی ئەمن ئەو جلیقانەم بە ٤٥دینار لەمووسڵ کڕیون، ئەتۆ، بێ-ئەوەی بزانی ئەمن بە چەندم کڕیون، چۆن بە چحیسابێک بێ ئیزنی من، ماڵی من دەفرۆشی؟ لە ڕاستیدا ڕاستی دەکرد؛ هەقی مام چووکەڵ بوو، دانم بە کەمئەزموونی و ناشارەزایی و هەڵەو نەزانیی خۆمدا نابوو. مام چووکەڵ بەڵا و مەرەدێکی بەسەر هێنام، یان بەواتەیەک، خۆم بەسەرخۆم هێنابوو؟ لە هەموو کەسایەتییەکی داڕنیبووم! بەڵام دەبوو دڵی نەختێ لەوە گەورەتر بایە، ئەمن ئەودەم لاوێکی تەمەن بیستوپێنج ساڵان بووم و دانم بە هەڵەکەی خۆمدا نابوو؟!...
گوتم: مام چووکەڵ، حاجی سەید حەمەد، و حەسەن قەرەنی گوتیان نرخی جلیقەی چاک ٣٢دینارە، ئەمنیش بەخەیاڵی خۆم بە سەودایەکی باشم زانی، بە ٣٥دینارم داون. بەڵام قسەم دەگەڵ کابرای قاچاخچی کردوە: ئەگەر هی من نەبێ و مام خدر ناڕازی بێ مامەڵەکەمان نابێ!
دەگەڵ مامخدر لە گوندی ئازادییەوە بەپەلە هاتینەوە زینوێ کە بە قاچاخچییەکان بڵێم جلیقەکان هی مام چووکەڵن، بە مامەڵەکەی من ڕازی نیە... دیتم کابرای سابڵاخی لە پێش مەکتبەکەی زینوێ بارەکەی دەبەست، چاوەڕوان بوو ئیوارە دابێ بڕوا... چوومە لای کابرای جلیقەکانم دابۆیە، گوتم کاکە جلیقەکان هی ماچووکەڵن، ڕازی نیە، دەڵێ لە مووسڵ بە ٩٠٠ تمەنم کڕیون.
کابرا گوتی: هەر جوابیشت نادەمەوە! پێی وابوو، ڕۆن و پەنیری خەڵکی لادێیە، لەسابڵاخێ لەدەستیان دەربێنێ و جوابیان

نەداتەوە...؟ گوتم کاکی خۆم، ئێرە ژاندارم و پاسەوانی لێ نیە، بەڵام لێرە عورف و شرع هەیە بۆ ئیختلافو...
مام خدرم دەگەڵ بوو، دەگەڵ کابرای کڕیار ئاشنا بوون، متەقی لەبەر نەدەهاتە دەر. کابرا کە زانی ناتوانێ پارەکەی ببەستێ، دەگەڵم هات چووینە مزگەوتی زینوێ بۆ شەرعی. حاجی ماموستا مەلا نەسروڵڵا خەریکی نوێژی ئێوارە بوو. راوەستاین هەتا لەنوێژێ بۆوە. سڵاوم کرد و نەقڵی جلیقەکانم عەرزی مامۆستای کرد: چۆنی ببوو، وەهام بۆ گێڕایەوە. کاک مستەفای کڕیاریش لەوێ لەکنم ڕاوەستابوو. مامۆستا مەلا نەسروڵڵا بەگژمدا هات؟ گوتی: ئەتۆ درۆ دەکەی! گوتم مامۆستا هەرچی سەبارەت بەمن بیفەرمووی ئیختیارت هەیە، بەڵام حەسەنی قەرەنی و حاجی سەید حەمەدم شایەدن ئەمن درۆ ناکەم.
مامۆستا دەرفەتی نەدەدام قسە بکەم، دیسانیش چەند جاری دیکەی لە سەرێک پێ‌گوتم: ئەتۆ درۆ دەکەی!
ئەوجارە لەگیانی خۆمی جاوزکردم. گوتم: جەنابی مامۆستای، ئاوڕێک لەخۆت و قسەکانی خۆت بدەوە! ئەتۆ دەزانی چی دەفەرمووی؟ ئەمن دەناسی چکارەم و چکەسم، چۆن لە ڕووت هەڵدێ بێ‌ئەوەی بمناسی پێم بڵێی درۆ دەکەی؟
ئەوجارە مەلا کە زانی لێی توند دەبم و هەستی بەهەڵەی خۆی کرد، رووی کردە کاک مستەفا:
قاحبەباب، سەگباب ئەو معامەلەیە بەتاڵە، خۆ کابرای رووت ناکەی؟ هەقی نیە ماڵی خەڵک بێ ئیجازەی خاوەنی بفرۆشێ. گەلێکیشی جنێو بەکاک مستەفا دا... ئەوەش حاکمشەرع و موفتیی ئیسلام!!
پارەکەی کاکمستەفام داوەو مامچووکەڵ، جلیقەی وەرگرتنەوە.
مام چووکەڵ جلیقەی بۆ نەفرۆشران بە مەرەدی تاپڕی گۆڕینی بردن. هەتا ئاخری پاییزێ مانەوە ب بەمعامەلە بە ٥٠٠ تمەنی دان. دواتر زانیم شادڕەوان ڕەشەی قاچاخچی بۆی کڕیبوو، ڕەشە مرۆڤێکی دڵگەورە بوو، لەمێژ بوو رۆژهەلاتی کوردستانی بەجێ

هێشتبوو، خوو وخدەی بەرچاوتەنگیی نەمابوو، یان هەر نەیبوو. لە مووسڵ تووشی مام چووکەڵ دەبێ و بە دەستتەنگی دەبینێ دوو فەردە کۆت و فەردەیەک جلیقە بۆ دەکرێ. بەداخەوە دوایی ئەوەم زانی. کەچی مام چووکەڵ لەسەر جلیقان ئەو مەرەدەدی بەسەر هێنام،دواییش بە ٥٠٠تمەنی دان؟ ئەمنیش بەخۆم نەبوو، ڕۆژێک پێمگوت:

مامخدر، دیارە لەلای ئێوە ٥٠٠ لە٧٠٠ی زۆرترە...؟

مام چووکەڵ بە ٢٥دینارەکەی خۆم پێنج رادیوی بۆ کڕیبووم. بە هەرپێنج رادیۆیان، بیستو پێنج تمەنیان قازانج دەکرد، ئەویش بە مەرجێک کڕیاریان هەبا؟

لەو سەروبەندەدا، دۆست و هاوڕێی دێرینی خۆم، کاک حوسێن مەراغەیی ـ حوسێن ئەحەدی، میوانم بوو. گوتی: "رەفیک" ڕادیۆکانت چەند قازانج دەکەن؟ گوتم ئەگەر مشتەریی هەبێ؟ نرخەکەیان لێرە ١٠٥ تمەنە، هەموویان ٢٥تمەن قازانج دەکەن.

گوتی: لەخولای بەزیاد نەبێتەوە و نۆشی گیانی تۆش نەبێتەوە. نەقڵی ئەو رادیۆیانەم لە نووسراوەی پێشتردا نووسیوە!

رادیۆکان، یادی کاک حوسین مەراغەیی بەخێر، دەگەڵ خۆی بردنی لە ئێران بۆم بۆبفرۆشێ و قازانجم بۆ بێنێتەوە! دوای ئەو بەفر باری هەتا بەهارێ ڕێگای سنوور نەکرایەوە!!

هەمووی سەرمایەکەمان هەتا هاتنەوەی پارەی ڕادیۆکان، بۆ بژیوی ڕۆژانە چواردینارونیو بوو. ئیدی دەستی کڕین و فروشتنم بەسترابوو. پارەم نەبوو شتێکی پێبکرم، کە خەرجی رۆژانەی پێ پەیدا بکەم! سەرما داهاتبوو سووتەمەنیی زستانمان نەبوو. ئەوکەسانەی بارەبەری خۆیان هەبوو رۆژانە دەچوونە بەندەنی ڕایات و دەربەندی، ئاژنەیان دەبڕی و دەیانهێنا بۆ فرۆشتن. جیرانێکمان هەبوو لیژەدارێکی ئاژنەی فرۆشتنی هەبوو. دەگەڵ توبای هاوسەرم چووین دارە ئاژنەکانمان کڕین بە ٣دیناران. سووتەمەنی زستانمان دابین کرد. پێخۆرمان هەبوو. ئەوجارە

ڕۆژانە لەبەر وەڕەزی دەچوومە زینوێ و ئێوارانە بە دەستی بەتاڵ دەهاتمەوە.

***

## مستەفای شێخەی؟

مستەفای شێخەی برای ئەبووبەکرو مەدەی بوو. سەڵت بوو تەمەنی چل ساڵی تێپەڕاندبوو، هێشتا ژنی نەهێنابوو. ناوبراو لە گوێبڕی و گورگەمێشیدا لە زینوێ بە ناوبانگ بوو؟ یادی بەخێر، ڕۆژێک لە دوکانی کاک خدری ڕەسووی بووم. مستەفای شێخەی هات، گوتی: خدر ئەو فەردە کۆتەمان دەیە دەگەڵ مەلا پیرۆتی دەبینە شەریک بەئێرانییانی دەفرۆشینەوە، پارەکەت دەدەینەوە.
کاک خدر گوتی: مستەفا ناتدەمێ. دەزانم پارەکەی دەخۆی و هیچم دەست ناکەوێتەوە. مستەفا دەستی کرد بەسوێند و قورعانان پارەکەت ناخۆم. خدر گوتی نایدەم! مستەفا دەست-بەردار نەبوو. خدر گوتی ئەگەر مەلا پیرۆت وەستۆی خۆی دەگرێ و دەبێتە زامن ئەوە دەتاندەمێ. ئەمنیش کە هیچ پارەم نەبوو، دەستم بەسترابوو، گوتم دەبمە زامن.
فەردە کۆتمان بردە دەر، دەگەڵ مستەفای شکاندمان ۲٥کۆتی یەخەڕاستی زۆر جوانی تێدابوون. کۆتەکان هەموو تازە بوون، دەبەر نەکرابوون. بەڵام بەهۆی تێلبەندیی فەردەی هەموویان گنجاوی ببوون و ناحەز بوون مشتەریگر نەبوون. گوتم مستەفا ئەو کۆتانە (چاکەتانە)، بەو جۆرەی کەس لێمان ناکڕێ. گوتی تەگبیر چیە، چیان لێبکەین؟ گوتم ئەمن ئێوارانە ۳چاکەتان دەگەڵ خۆم دەبەمەوە لەماڵی ئوتوویان دەکەم و دەیانهێنمەوە، لانیکەم یەکی بیست تمەنی دەکەن.
مستەفا گوتی: کوڕە ئەمن نۆکەریی شەریکی وەک تۆ دەکەم. ئێوارە ۳چاکەتم دەگەڵ خۆم بردنەوە. تووبا، گوتی ئەوە چن؟ گوتم تووبا دەگەڵ برادەرێکی زینوەیی، فەردە چاکەتێکمان قەرز

کردوە، بیفرۆشین مایەکەی کاک خدر بدەینەوە و قازانجەکەش بەش بکەین. گوتی وەڵڵا کاری چاکە. سەیر ئەوە بوو، هەرچی ئەمن کردبام ئەو هاوسەرەی من هەرگیز نەیدەگوت کارێکی باشت نەکردوە؟

گوتم دەتوانی لە کانیی ماڵی خدر شارۆشی، بە ئاویاندا دەی بەڵام نەیان گوشی؟ گوتی زۆر چاک. تووبا بردنی بەئاویدا دان و هێنانیەوە لە پێشخانەی هەڵیواسین بچۆڕێنەوە. دوو رۆژی کێشا هەتا وشک بوونەوە. ئوتووی وەستا مەحموودی خەیاتم وەرگرت، بەپێلووی داری سۆبەی گەرمم کرد. چاکەتەکان وشکێکی ئاماڵخاو بوون، لە ماڵێ لەسەر بەڕەی دەستم کرد بە ئوتووکردنی چاکەتان. ئەمن هەرگیز کاری خەیاتیم نەکردبوو، چاکەتەکان نەختێک جوانتر ببوون.

بەیانی چوومەوە بەچاکەتی ساف و لێکولووسەوە. مستەفا شاگەشکە بوو: چاکەتی بەشانیدا دان و دوکان بەدوکان دەگەڕا.

کاک خدر گوتی: مەلا پیرۆتە وریای خۆت بە ئەوە مستەفایە و دیاری! ئامۆزای خۆمە، هەتا ئێستێ پارەی لە هەر کەسێک قەرز کردبێ فلسێکی نەداوەتەوە. کەس نییە گوێی نەبڕیبێ ئەوە پێت دەڵیم. هەر چی دەمانفرۆشت لەپێشدا، ٣دینار با یان دوو دینار، پارەکەم لێی وەردەگرت دەمداوە بە کاک خدر.

ئێوارانە چاکەتەکانمان لە قاوەخانەی خدرە سووری دادەنان. نزیکەی ١٦٠تمەنمان دابۆوە بەکاک خدری. بازاڕمان نەبوو، بەفر باریبوو، لەبەر بەفری زۆر کەس لە ئێرانەوە نەیدەتوانی بێ بۆ دیوی ئێراق. ماوەیەک بوو ئەمن نەمدەتوانی هەموو رۆژێ بە خۆڕایی بچم بۆ زینوێ و بگەڕێمەوە بێ دەستکەوت. مستەفا گوتی پێویست ناکا ئەمن دەیانفرۆشم پارەی خدری دەدەمەوە، نیگەران مەبە، ئەگەر قازانجیان کرد هەموو بۆتۆ بێ، ئەمن بۆ چیمە...؟

دوای چەند رۆژان هاتمەوە، گوتی دوو، یان سێ دانەم فرۆشتوون پارەکەم داوەتەوە خدر. زۆرم پێخۆش بوو. دوو یان سێ دینارمان پارەی کاک خدری لەسەر مابوو، چاکەتیش لەکەمییان دابوو.

هەرچی تێیدەفکریم لەوانە بوو، چاکەتەکان پارەی کاک خدر ڕەسووی دەرنەهێننەوە. کاک خدر چاکەتەکانی بێ قازانج دابووینێ. ئەوجارە لەجیاتی قازانج خەجاڵەتیم پێ دەبڕا!

ڕۆژێک چاکەتەکانم ئەژماردن و تاڕادەیەک بەزەینی خۆم ئەسپاردن. سبەی هاتمەوە مستەفا لەوێ نەبوو ئەمنیش یادی بەخێر لە دوکانی کاک خدری دەگەڵ حەمەخاڵەی قسەم دەکرد. مستەفا هات گوتم: کاک مستەفا هیچ چاکەتت نەفرۆشتوون؟ گوتی نا! پێکەوە چووینە قاوەخانەی خدرە سووری، چاکەتەکانمان لەوێ دانابوون. ئەوڕۆژە گوتم مستەفا یەکێک لە چاکەتەکان نەماوە؟ زانی ئەژماردوومن. گوتی ڕاست دەکەی یەکیان نەماوە.

گوتم پێتوایە چی لێهاتوە؟

مستەفا، هێندێک ڕاما گوتی: ئەی دایکیان وا لێدەکا...! کاری ئێرانیی حیزودزە. دەستی کرد بە جنێودان بەکۆڵبەری بێچارەی سەر سنووران.

دوکانی خدر ڕەسوو، قاوەخانەی خدرە سووری ڕووبەڕووی یەک بوون. کاک خدر ڕەسوو گوێی لە قسەو جنێوەکانی مستەفای بوو، بە پێکەنینەوە بانگی کردم گوتی ئەوە چیە مەلا پیرۆت؟ گوتم سلامەتیت. کاک مستەفایە دەڵێ کۆڵبەری ئێرانی چاکەتیان دزیوە.

چوومە دوکانی کاک خدر یادی بەخێر، دەگەڵ حەمەخاڵە، قسەی ئاساییمان دەکرد. مستەفا هات. کاک خدر گوتی مستەفا، ئاخر مەردی حیسابی ئەتۆ قەولی شەرەفت بەمن نەدا کە پارەی چاکەتەکان تەواو دەدەی؟

ئیدی مستەفا نەیکردە نامەردی، ڕوو بەکاک خدری گوتی... ئەتۆ چەندت پارە لای ئێمە ماوە؟ باشم لەبیر نەماوە پێموایە کەمتر لە دوو دیناری مابوو؟

مستەفا دەستی برد بۆگیرفانی و پارەکەی کاک خدری دا و نەیهێشت ئەمن خەجاڵەتی کاک خدر بم.

لە قازانجی چاکەتان و بەئاوادانی توباو ئوتووکردنەکەی خۆم ماندوو بوونی ڕێگام پێبڕا. دوو چاکەت مابوون ئەوانیشم بۆ مستەفای بەجێ هێشتن گوتم بەشی من بەزیاد بێ!
ئەوەش قازانجی چاکەتان بۆ بژیوی زستانێ. زستانێکی زۆر سەخت و پڕلە چەرمەسەریمان بردە سەر! نەقڵی ئەو زستانە بێ-ئەمانە و بێپارەیی و نەخۆشیی تووبای هاوسەرمم لە نووسراوەکەی پێشوودا داوەتە بەرباس.

***

## مستەفا بە کۆڵەبارەوە؟

مستەفا شێخە هەموو ئاکارەکانی هەرگوێبڕی و پارەیخەڵک-خواردن نەبوو، پیاوەتی و دڵفرەوانییشی جێگای تایبەتیی خۆی هەبوو.
ماوەیەک بوو بەهۆی بێپارەیی و نەخۆشیی تووبای هاوسەرم هاتوچۆی زینوێم نەدەکرد. ڕۆژێک مستەفا لە یەکێک لە دانیشتووانی گوندی خەلانێ پرسیاردەکا دەڵێ: ماوەیەکە مەلا پیرۆت دیار نیە. چباسە؟
لە بیرم نەماوە کێ پێی دەڵێ خێزانی جمێ زاوە و کوڕ و کچێکی بوون، کچەکەی مردوە و کوڕەکەی ماوە. بەڵام وەک دەڵێن: خێزانی نەخۆشە.
بەفرێکی زۆرقورس باریبوو. ڕێگای نێوان زینوێ و خەلان هێشتا نەشکابوو. ڕۆژێک چێشتەنگاو بوو، لە سەربانی بووم دیتم مستەفا، گۆچانێک بەدەستەوە و کۆڵێکی گەورە بەکۆڵەوە؟ هیچ باوەڕم نەدەکرد مستەفا بەو سەرمایەی لە ئاوایی زینوێ، بەو بەفرە زۆرە وەدەرکەوێ. ئاوایی خەلان کەمتر لە بیست ماڵ دەبوو. بەکورتی لە سەربانی هاتمە خوار. مستەفا گەیشتە بەر دەرگا، سڵاو و چاکوخۆشیم دەگەڵ مستەفای کرد، چووینە ژوورە چووکەکەمان. تووبا هەستابۆوە، بەڵام دیار بوو نەخۆشە...

دوایماندوونەبوونی و بەخێرهێنان گوتم کاک مستەفا، خێرە بەو سەرما و سەختڵەتییە چۆن دەرچووی، گەیشتیە ئێرە؟

گوتی: مەلا پیرۆت پێتوایە ئەمنیش وەک سەعید کەبابچی نامەرد و ناپیاوم...؟

گوتم: حاشایەکی لەتۆ کاک مستەفا...! مستەفا و سەعیدی گاڵتە و گەپی خۆیان هەبوو، جنێودان بەیەکتر لای ئەوان ئاسایی بوو.

گوتی: مەلا پیرۆت بەشەرەفم، پێم هەڵنەدەگیرا، دەنا زۆرترم بۆ دەهێنای، ئەمن ئەوەندە ناپیاو نیم. ئەوە ئەمن هێشتا نازانم کۆڵەکەی مستەفای چییە و چی تێدایە؟

لەبەر سۆبەی دانیشتبووین، مستەفا کۆڵەکەی کردەوە: ٥کیلۆ برنجی سەدریی ئێران، تەنەکە رۆنێکی پێنج ٥کیلۆیی شاپەسندی ئێران، چەند کەللە قەندی ئەبووکلاو، دەگەڵ کیسە نایلۆنێک چا. ئەوانەی هەمووی بۆ مەلا پیرۆتی هێنابوون...! بەهەق لە کەموکورِیی بژیوی ئەو زستانە بێ نیازی کردین. ئەوەش پیاوەتی و دەڵفروانیی مستەفا شێخەی!

***

## بەهار داهات بەهاری ١٩٦٧

بەهار داهاتبوو، بەهاری پڕلە نەهامەتی و نەگبەتی، بەهاری لێکدابڕان. بەهاری ١٣٤٦بەهارێکی پڕلە کارەسات و بێهیوایی بوو! مونتەقیم لە گەڕانەوەی سەفەرەکەی هەولێردا گیرابوو، لەلایەن پاراستنەوە ڕادەستی ئێران کرابۆوە. کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی لکی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەڕووی ناچاری و بۆ خۆپاراستن لە بەڵای لابەلای "پاراستن"ی شۆڕش، ڕێگای وڵات و چیا سەربەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبووە بەر. درێژەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتەم بە دروستی و بەوردی لە نووسراوەی "لاپەرەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧..."دا

نووسیوە. لێرەدا جارێکی دیکە ناچمەوە سەری. هەر کەسێک خوازیاری زانیاریی ئەو رووداوە فەرامۆشنەکراوەیە، باچاو بەو نووسراوەیەدا بخشێنێ، هەموو رووداوەکانی ئەو سالانەی وەک پەردەی سینەما دێنە بەرچاو. بە ویژدانەوە لە سەر کارەساتەکان قەزاوەتی خۆی بکا.

مونتەقیم تفەنگ و فیشەکدان و کۆڵەپشتییەکەی لە ماڵەمە بەجێ هێشتبوو. لەوە دەترسام پاراستن تووشی گرفتێکم بکا؟

دوای ماوەیەک ڕۆژێک چەند پێشمەرگە لەلایەن پاراستنەوە هاتن بۆ گوندی خەلان، لە ماڵی ئێمەیان پرسی ؟ دیار بوو ماڵەکەیان پێشان دابوون، هاتنە بەردەرگا ئەمنیش لەماڵ بووم. هاتنە ژوور گوتیان تفەنگ و کۆڵەپشتیی کاک مونتەقیمی قازی لەماڵی ئێوەن، هاتووین وەریانگرینەوە. ئەمنیش تفەنگ و فیشکدان و کۆڵەپشتییەکەم لە پێش دانان. نەمدەزانی کۆڵەپشتیی مونتەقیم چیی تێدایە! بە هەرحاڵ، خۆیان تەماشای ئەو شتانەیان کرد کە لەنێو کۆڵەپشتییەکەدا بوون. دوایی ئەمن داوای رەسیدم لێکردن، بە ڕێکوپێکی بەنووسراوە شتەکانم تەسلیم کردن و نووسراوەکەم لای خۆم ڕاگرت. ئیدی ڕۆیشتن.

دوای ئەو ڕووداوە و بەسەرهاتە ناخۆشانە، بەدڵێکی پڕلە دڵەڕاوکێ کەوتمە بیری لانیکەمی بژیوی ڕۆژانەی خۆم. زۆر بێ-هیوا بووم، نەمدەزانی چبکەم، هەمووومان لێکدابڕابووین؟!

***

## یادێک لە سەعید کەبابچی!

دەبوو هەوڵی بژیوی ژیان و بەڕێچوون بدەم، کارێک بۆخوم ڕەچاو بکەم و خۆم لەو وەزعە شپرزەیە ڕزگار بکەم. ڕەوانشاد کاک حوسێن مەراغەیی هاتبۆوە، پارەی ڕادیۆکانی بۆ هێنابوومەوە. وابزانم شەش سەت تمەنم هەبوو؟ نەمدەزانی بەو پارە کەمە چکارێک بکەم و چۆن خۆمی پێ‌بژیەنم؟ ڕەوانشاد

سەعید کەبابچی، یان سەعیدی عارفی، کە پێماندەگوت "سەعید سەقەلی" (دواتر هاتەوە وڵات لە گوندی گوێکتەپە نیشتەجێ بوو هەرلەوێش کۆچی دوایی کرد یادی بەخێر.)

دوای ئەو بەسەرهاتە ناخۆشانە، رۆژێک ناوبراو، هاتە خەلان میوانی ماڵە کاک سەعید کوێستانی بوو، ئەمنیش چووم. دوای ماوەیەک دانیشتن دەگەڵ سەعید، پێکەوە هەستاین بەرەو گوندی ئازادی کە تازە چەند خانوێکی لێ ساز کرابوون ڕۆیشتین. بەدەم ڕێگاوە بە قسەکردن بەرەو گوندی ناوبراو دەچووین. ویستم سەعید تاقی کەمەوە. لە ژیانی هەژاریی خۆمدا هەرگیز ئەوەندە بەغیرەت نەبووم. لە ڕێگا لەنێوان قسەکانماندا گوتم: سەعید براله! ئەمن دەستتەنگم دەمەوێ بێم بۆ هەولێر بەڵکوو شتێک بکرم، دەتوانی یارمەتیم بدەی؟

سەعید گوتی: مەلا پیرۆت، بەشەرەفم ئەمن هەمووەکەی ۲۵۰ دینارم هەیە و لەوانەیە ۱۵۰دیناری مام کریمیشم پێبێ، پێکەوە شەریکین، ئەو۴۰۰دینارە، هەموو سەروەت و سامانەکەمە بەوەندە پارەیە دەبێ ئەو خێزانە زۆرەی خۆم و مام کەریمی بژیەنم. بابم ۲۵دینارت دەدەمێ هەر کات بووت بمدەوە!

ئەمن چاوەڕوانیم لە سەعید نەبوو پارەم بداتێ. بەنیاز بووم لە هەولێر شتێک بکرم و ئەویش بۆم ببێتە زامن، لێرە بیفرۆشمەوە، دوایی پارەکەی بدەمەوە... ئێستێ سەعید دەڵێ ۲۵دینارت دەدەمێ هەرکات بووت بمدەوە؟...

سەعید قسەی گاڵتەی زۆر دەکرد. دوودڵی کردبووم بڕوام نەدەکرد. گوتم سەعید بەڕاستە ۲۵دینارم دەدەیەی یان گاڵتەم پێدەکەی؟ گوتی، نا، مەلا پیرۆت، ئەمن ئەتۆ دەرک دەکەم، بەشەرەفم دەستکورتم دەنا ئەوەندە نامەرد نیم دەستی تۆ نەگرم.

براله! دەگەڵم وەرە، پێکەوە دەچینە هەولێر، لە ماڵی برای خۆت بە، مام کەریمی شەریکم، زۆر شارەزای بازاڕە و دەزانێ چشتێک هەرزانە و قازانجی زۆرە، بۆت دەکڕێ خەمت نەبێ...!

هاتمەوە ماڵ، بە تووبای هاوسەرم گوت: سەعیدی کەبابچی بەڵێنی ٢٥دیناری پێداوم، رات لەسەرە بچم بۆ هەولێر؟
گوتی: بۆچی نا؟ ئەمنیش ٢٠دینار لە پوورە بەسێ وەردەگرم. بۆخۆی پێی گوتووم: هەرکات پێویستت بەپارەی هەبوو، ئەمن پارەم هەیە دەتدەمێ. پارەی سەعید و هی خۆم لە هەزار تمەنی زۆرتر بوو، ئەگەر پارەی پوورە بەسێش بێتە حیساب، دەکاتە ٧٥دینار.
گوتم: کەوابێ بەکاک سەعید کوێستانی دەڵێم لە گەلاڵە وەرەقەیەکی شۆڕشم بۆ وەرگرێ، دەچم بۆ هەولێر. ئەمن بۆخۆم نەمدەویست دەگەڵ کاربەدەستانی شۆڕش تێکەڵاویم هەبێ و بمناسن!...
سەعید دەگەڵ فەڕانسوا حەریری و کاربەدەستانی شۆڕش نێوانی خۆش بوو. دەگەڵی چووم بۆ گەلاڵە لەوێ وەرەقەی مانگێکی بۆ وەرگرتم. چوومە ناحیەی گەلاڵە، سەرۆکپۆلیسێکی لێبوو، بۆی مۆرکردم. دەگەڵ سەعید کەبابچی چووم بۆ هەولێر. لە ماڵێ سەعیدی میوان بووم. سەعید خانووەکەی جێگای خۆی و منداڵەکانی نەدەبوو، بۆ خەوتن لە ماڵی مام کەریم دەخەوتم.
مام حەمەکەریم لەو پیاوە قسە خۆشانەی هەولێر بوو. زۆری بەخێرهاتن کردم، هەردەیگوت: یاخوا بەخێر بێی ماමۆستای خۆم، خێروبەرەکەت هێناوە...
مام حەمەکەریم یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی قسەخۆشی بوو: وێڕای ئەو هەموو قسە خۆشانەی دەیکرد، خۆی هەرگیز پێکەنینی نەدەهات!
گوتی: سبەی پێکەوە دەچینە بازاڕی شێخەڵڵای، شتی وەهات بۆ دەکرم قازانجێکی باشی لێبکەی. سبەی دەگەڵ مام حەمەکەریمی چووینە بازاڕی. لەوێ دوو کۆنەڕادیۆی، چەند دەست بۆزووی زاخۆی بۆ کڕیم. بۆخۆی دەیزانی چەندم پارە هەیە. گوتی: "ئەمڕۆ لێرە چیدی ناکڕین بەسە! سبەی دەچین بۆمووسڵ. لەوێ ئاشنای باشم هەن، هەموویان خزمی خۆشەویستی خودان!"

سبەی سواری قەمەرەی بووین چووین بۆمووسڵ، کرێماشینی نێوان هەولێر و مووسڵ بۆ هەردووکمان هەردینارێک دەبوو. چووینە "قاری بازاڕی" مووسڵ. هەینی بوو، هەرچی کۆنە و شڕەی لەو شارە هەبوو هێنابوویانە ئەو بازاڕە بۆ مەزاد و فرۆشتن. ئەمن قسەم نەدەکرد، مام کەریم بەکەیفی خۆی ئەو شتەی پێی باش بوو بۆی دەکڕیم. ئەودەم تازە لەعێراق، بە وتەی خەڵکی گەرمێن تەسجیلی باتری چووکە، هاتبووە بازاڕ. ئەوەی دەستی کەوتبا لەو بازاڕەی و پێی باش بووایە، بۆی دەکڕیم. ئەو شتانەی دەمانکڕی دەمانبردە خانی کابرایەکی مووسڵاوی، بە ناوی سالم سەعید، کە لەوێ نزیک بوو. لای پیرە پیاوێک بەناوی مام ڕەمەزان دامان-دەنان و دەکەوتینە شوێن شتی دیکە کە ئەمن نەمدەزانی چیە.

دواتر چووینە دوکانێک لە نزیک هوتێلی "حەمە پاوەیی" چەند میترێک لە قاری بازاڕەکەی دوور بوو. ئەو دوکانە تەواوی ڕادیۆشکاو، موسەججیلە(زەبتی سەوت)ی کۆنە و ئەو جۆرە شتانە بوون. کابرای دوکاندار ناوی "زەننوون" بوو. مام حەمەکەریم دەگەڵ زەننوون کۆنەئاشنا بوو کەوتنە قسان. چایان بۆ هێناین... کورتی ببڕمەوە، مام حەمەکەریم نزیکەی ١٢یان سێزدە رادیۆ، و تەسجیلی کۆنەی بۆ کڕیم کە هەموویان دەکارتۆنی خۆیاندا بوون. گەڕاینەوە بۆ هەولێر. لە ڕێگا گوتی: مامۆستا ئەتۆ قەت ئاڵووێری ئەو جۆرە شتانەت کردوە کە ئەڕۆ کڕیومانن ؟

گوتم: ناوەڵڵا!

گوتی نەکەی بچی، وەک مامۆستایان بیانفرۆشی و بڵێی حەرامە! دەبێ وەک حاجییەکانی زینوێیان بفرۆشی. مەبەستی سوێندوقورعانخواردنی بەدرۆ بوو،کە لە سەریان بخۆم و بە چەندقات لە نرخی خۆیان زۆرتر بیانفرۆشمەوە...

بۆ سبەی بەرەوماڵ گەڕامەوەم. دیاریی ئەو سەفەرەم، بۆ تووبای هاوسەرم، ڕادیۆیەکی فیلیپس بوو.

سبەی ئەوشەوە، چووم بۆ زینوێ دوو رادیۆی چووکە و تەسجیلێکم دەگەڵ خۆم بردن، چوومە دوکانی سەید عەولای حاجی سەید

مینەی یادی بەخێر. ڕادیۆکانم فرۆشت، نزیکەی حەوت، هەشت دیناریێکیان قازانج کرد، بە دڵخۆشی گەڕامەوە ماڵ. تەسجیلەکەم لای سەید عەولا بەجێ‌هێشت.
بۆسبەی چووم بۆ گەلالە و چۆمان. عەجەمی یەکانیی خانێ لەوێ دوکانیان هەبوو. لەسایەی مام حەمەکەریمەوە شتەکانم هەموو فرۆشتن قازانجێکی باشیان بۆ کردم. بە یەکەم‌سەفەر، دەستم رەسەر کار کەوت، خەمی پەیداکردنی بژیوم بڕا. هەتا ماوەی وەرەقەکەم تەواو بوو، سێ سەفەری مووسڵ و هەولێرم پێ‌کرد. ماوەی وەرەقەکەم تەواو ببوو. ئیدی نەچوومە بەر دەرگای بارەگای شۆرش، داوای وەرەقە لەکەس بکەم، بەکەسم نەگوت وەرەقەم دەیە. بە هەویە ساختەکەی خۆم، دەفتەرنفوسەکەی کاک سولەیمان‌موعینی، لە قەلادزە بۆی لە میرزا باپیری وەرگرتبووم، هاتوچۆی هەولێر و موسڵ و بەغدام دەکرد. ژیانی خۆمان بە تەسەلی دابین دەکرد. لەو ماوەیەدا چەندین سەفەری مووسڵم کردبوو. بە قازانج و دەسکەوتی ئەو سەفەرانە لە خەمی بەڕێچوون ڕزگاریم هاتبوو...
ئەوجارە لە ڕوانگەی خۆمەوە، ژیان هەر دابین‌کردنی زگ نەبوو، ژیانی بێ‌سەربەستی و ئازادی ژیان نیە. ئاوات و ئارەزووی ئازادی بێ‌خەبات وەدی نایە. خەم و خەونەکانم هەرلە جێگای خۆیان بوون. خەمی دابڕان لە هاوڕێکانم، لە دەستدانی کەسانی وەکوو کاک سەدیق و کاک باپیرو... لە دڵم نەدەچووە دەر. هێشتا کاناڵێکی پێوەندی لە نێوانماندا بەدی نەهاتبوو...
سەعید کەبابچی "سەقەلی" کاتێک دیتی کارم لە دەست دێ؛ رۆژێک گوتی: مەلا پیروت بابم، با ببینە شەریک. لێرە کەلوپەلی ئێران، لە عەجەمەکانی ئێرانی دەکڕین، لە جیاتی پارە لەو سەری جینسی عێڕاقیان بۆ دێنین. گوتم چۆنت پێ‌خۆشە وا دەکەین...

***

# گوندی ئازادی!

ساڵی ١٩٦٧ماڵە جیرانەکانمان لە خەلانێ باریان کردبوو، هەموویان چووبوون بۆ گوندی تازە دروستکراوی ئازادی. لەوێ خانوویان دروست کردبوون و نیشتەجێی ئەوێ ببوون. ئەوانە بریتی بوون لە ماڵە کاک سەعید کوێستانی و ڕەحیمی عەولاچەپەی و فەقێ برایم و فەقێ مستەفا، وەستا مەحموودی خەیات، یوونسی ئاهەنگەری، کاک ئەحمەد نەغەدەیی و...

ئەوانە هەموویان هاوڕێ و جیرانمان بوون لەخەلان باریان کردبوو. هەر مام چووکەڵ و ئەمن لەخەلان مابووین. ئەمنیش ڕۆژانە یان دەچوومە ئازادی، یان گوندی زینوێ. حەزم دەکرد ئەمنیش لە نزیک وان بام، بەتایبەتی دەمزانی تووبای هاوسەرم، زۆری تاسەی براژنە زارا و هاوسەرەکەی کاک ئەحمەد نەغەدەیی هەیە.

ئەمن لە توانامدا نەبوو، خانوو دروست بکەم. زمینێکم لە شێخانی خەلان کڕیبوو، دوو لای دروست کرابوو، بۆم نەدەلوا دوو لادیوارەکەی دیکە بکێشم و دروستی بکەم ئەو پارەیەم نەبوو، دەنا ماڵە شێخی داری بەشی خانووەکەیان بە زیادەوە دابوومێ. ئەوساڵە ئێمە دەگەڵ مام چووکەڵ لە خەلان ماینەوە.

حەمەدەمینی سۆفی خاڵندی، خۆی ماڵی لە زینوێ بوو. لە ئازادی خانووێکی دروست کردبوو، دوو ژووری هەبوو چۆڵ بوو. خانووەکە بەزستان چۆڵ با دەڕووخا، دۆستەکانم گوتیان: مەلا پیرۆت خانوومان بۆ دیتوویەوە، بێ کرێ دەبێ ماڵەکەت بێنیە ئیرە. ئەتۆ زۆرتر ڕۆژانە خۆت لێرەی براژنە تووبایەش بێنە و وەرنە ئێرە. حەمەدەمین خانووەکەی دابوومێ تێیدا بم بێ کرێ. ئەمنیش دەگەڵ تووبایە باسم کرد زۆری پێخۆش بوو. بارمان کرد چووینە گوندی ئازادی. شاهۆ هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردبوو. لەوێ تووبا زۆر ئاسوودە بوو. خەڵکەکەی بۆ ئێمە لە بابوبراش خەمخۆرتر و

چاکتر بوون. ئەمن هاتوچۆی مووسڵ و بەغدام دەکرد. لە قەسابی و کۆنەفرۆشیی بازاڕی زینوێ ڕزگاریم هاتبوو.
خەمی ژیان و بەڕێچوونم نەبوو. تەسەل بووین. ساڵی دووهەم لە ئازادی بووین. پاییز و زستانی١٣٤٦ی هەتاوی دەگەڵ کاک کەریمی حیسامی و شەهید دوکتور قاسملوو کە ئوروپا گەرابوونە،و شەهیدکاک سولەیمانی موعینیو کاک حەمەدەمینی سیڕاجی کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە گەڕابوونەوە، هەموومان لە بەغدا یەکترمان گرتبۆوە بەرنامەی کاری سیاسیی بەهاری داهاتوومان١٣٤٧ داڕشتبوو. لێرەدا ناچمەوە سەر ئەوباسە چونکە لە نووسراوەی پێشوودا نووسیومە.

***

## حەمە سەقزی؟

هەوالنامەی کتێب

کابرایەک، هاتبووە ئازادی لەسەرپەڕی ئاوایی لە نزیک ماڵە محەممەد مەجیدی، پارچەزمینێکی لە شێخ عەولا کڕیبوو، ئەویش وەکوو خەڵکی خانووی لێ ساز کردبوو. دەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی لەوێ نیشتەجێ بوون. بەلام بۆخۆی لەوێ نەدەمایەوە، دەچووە، لای دیلمان و دواتر ناوپردان و ئەو نێوە ...؟
دەیگوت: پێشمەرگەی ماڵی مەلا مستەفایە؟
لەخۆڕا بێئەوەی هیچی لەسەر بزانین، لەو کابرایە دڕدۆنگ و بەگومان بووین؟ لەخۆڕا وەبەر دڵمان نەدەکەوت. کەوتینە پێوشوێنی بزانین چکەسە؟ دۆست و برادەرمان لەنێو شۆڕشدا کەم نەبوون. پێیانگوتین: ئەوە کوڕە ئاشپەز و خزمەتکاری سەرهەنگ مودەرریسییە!...
دراوسێی ئێمە نەبوو، خانووەکەی لە سەرپەڕی ئاوایی ساز کردبوو. کردبووی بە چاخانە، بۆ کوڕەکەی شەریکی. دەیگوت ئامۆزایەتی. کەس رووی دەچاخانەکەی نەدەکرد...

بەهەڵکەوت ڕۆژێک لە هەولێر بووم گوتیان: حەسەنی ئامۆزای حەمە سەقزی و شەریکی، کچی وەستا غەنی هەڵگرتوە...
وەستا غەنیی چەخماخساز، جیرانمان بوو، کاری ئەسلەحەسازیی دەکرد. بنەوانی ماڵێی تەنیا ئەوکچە بوو. ناوبراو، دەگەڵ کچەکەی ڕەفتار و ئەخلاقێکی باوکانەی نەبوو بەجێی خۆی، هەڵسوکەوتیشی لە ڕادەبەدەر نامرۆڤانە بوو؛ ئەمن شەرم دەکەم لەسەری بنووسم و لە گەڕانەوە نایە!؟
لە هەمان کاتدا دەگەڵ ناوبراو زۆر دۆست بووین خۆشمان دەویست تەنیا عەیبی ناوبراو بێڕێزیکردن بە کچەکەی بوو!
... بەهەرحاڵ، وەستا غەنی خۆی بە زۆرلێکراو هەست پێدەکا. هانایە بۆ خزمەکانی دەبا لەگوندەکانی دەربەند و ناوەندەی. ئەوانیش بەهاوارییەوە دێن. دەکەونە شوێن کچ و کوڕەی، شوێنیان هەڵدەگرن، نازانم لەو گوندانەی دەوروبەری گەلاڵەی لەکام گوند، دەیاندۆزنەوە و کچەکەی وەستا غەنی، لەکوڕەکە دەستێننەوە!...
لەمێژ نەبوو لە سەفەری بەغدا گەڕابوومەوە بۆ ئازادی، بارانی پاییزی دەستی پێکردبوو، ئەوەندەی لەبیرمە دەوروبەری جێژنی قوربان بوو. ئێوارە بوو، دەگەڵ سەعیدۆفی لەسەر جادەی بەدەم پیاسەوە قسەمان دەکرد. دیتمان حەمە سەقزی، وەستا مەحموودی خەیاتی برازای یوونسی، لەهەردی داوە، سواری سینگی بووە دەیکوتێ چۆن!
هاوسەرەکەی وەستا مەحموودی، کاتێک مێردەکەی بە کەسادی چاو پێکەوت حەمە سەقزی سواری سینگی بووە دەیکوتێ نازانم لەو کاتە دا ئەو بەردە درێژەی لەکوێ دۆزییەوە؟! بەردێکی تاڕادەیەک درێژ دەتگوت قوڵەدارە، ئێمە لێێ دوور نەبووین، حەمە سەقزی لە سەرسینگی وەستا مەحموود بوو، خەریکی کوتانی بوو...
ئامینە خانیش بەو بەردەی بە دەستیەوە بوو، وەرگەڕایە سەرو گوێلاکی حەمە سەقزی، ئیدی وەنەبوو جارێک دووجار بەسەریدا

دا و لەکۆڵی بێتەوە؟ وەک بەردەکە کوتکی گۆشتی بێ و سەری حەمەسە قزییش نەرمەگوشت بێ، بیکاتە کفتە؟ سەری حەمە سەقزیی دەکوتا، چۆن!...

حەمە سەقزی بەدەست هاوسەری وەستا مەحموودەوە شڕ ببوو! ناچار بوو، لەسەر وەستا مەحموود هەستا، پەلاماری هاوسەرەکەی وەستا مەحموودی بدا. ئەوەندەی وەسەروگوێلاکان کەوتبوو هەر ساتمەی دەبرد! لەو کاتەدا دەرو جێران کەوتنە نێوبژیوانی، حەمە سەقزییان گرت نەیانهێشت بگاتە ئامینە خانێ...

ئەمن و سەعیدیش گەیشتبووینە پێش چاخانەکەی فەقێ برایمی، لەسەرجادە بووین. دیتم حەمە سەقزی بە سەروگوێلاکی خوێناوییەوە رووی کردە من، هات داهاتە تفەنگەکەم لەشانم دەرهێنێ! گوتی: دا ئەو تفەنگەم دەیە هەتا...! دەیەویست بە تفەنگەکەی من تۆڵەی خۆی، یان قینی خۆی بەخەڵکی ئاوایی ئازادی بڕێژێ؟...

ئەمنیش ئەوەندەی هێزم هەبوو پاڵم پێوە نا، حەمە سەقزی ساتمەی برد و کەوت. ئەوجارە سەعیدۆف شانی گرتن، جا وەرە بەشەپان وەریگەڕایە. فاتمێ عەزیزێ سەربانی باگردانی دەگێڕا هەرای کرد هەک فاتمێ عەزیزێ دەسەر گەڕێ سەعید کوێستانی...!

حەمە سەقزیی چارەڕەش، کچەکەیان لێئەستاندەوە بەجێی خۆی، کەوتە بەرقین و غەزەبی خەڵکی گوندی ئازادی، و ئەو لێدانەشی پێبڕا! ناوبراو، لە دەستکردنەوە کەوتبوو، دەنا دەتگوت ورچە وا زوو کۆڵی نەدەدا...

خەڵکی ئازادی ئیدی کولۆکۆیخۆیان بە حەمە سەقزی ڕشتبوو. ناوبراو، زیاد لە هەمووکەس چووبوو لە گەلاڵە، شکایەتی لەمن کردبوو؟ لە لیژنەی ناوچەی گەلاڵەوە نامەیان بۆناردبووم، چووم. بەڵام لەجیاتی ناوی مەلا پیرۆت، لە نامەکەدا مەلا باپیر نووسرابوو؟ ڕۆژی جێژنی قوربان بوو، رۆژی دوای جێژن؟ لە بەرپرسانی لێژنەی ناوچە، مامۆستا مەلا تەهای کانی وەتمانێ و

مەلا عەلیی ناوبەرگەی لەوێ بوون. کە چاویان پێمکەوت، وایان زانی بۆ جێژنەپیرۆزەی چوومە خزمەتیان؟

دوای چاکوخۆشی و چوکلێتخواردن و چاخواردنەوە و جێژنەپیرۆزە، نامەکەم پێشان دان؟ گوتیان خۆ ئەو نامەیە ناوی تۆی بەسەرەوە نیە. ناوی مەلا باپیرە!؟

گوتم گوندی ئازادی مەلا باپیری لێنیە. ئیدی ئەوانیش دیار بوو دەیانزانی کابرا پیشەی چیە؟ گوتیان گوێی مەدەیە! شکایەت و تۆڵەئەستاندنەوەکەشی بوو بە جێژنە پیرۆزە دەگەڵ مامۆستا مەلا تەها و کاک مەلا عەلیی ناوبەرگەی!

ئەوەش شەڕی لابەلای حەمە سەقزی!

یاد و بیرەوەریی خۆشی و ناخۆشیی کوردستانی گەرمێنم زۆرن، ژیانێکی پڕ لە تراژیدی بوو، گێڕانەوەیان ناخۆشە! ئەگەر گشتیان بنووسم بە کتێبێک کۆتایی نایە. ناچار لێرە ماڵئاوایییان لێ-دەکەم و دەڵێم: یادتان بەخێر، دۆست و جیرانە بەوەفاکانی خەلان و گوندەکانی ئازادی و زینوێ شێخی و خەڵکی باڵەکایەتی هەرگیز موحیببەت و کوردایەتیتان لە بیر ناکەم. هیوادارم نەوەکانتان ڕێچکەی کوردایەتیتان بەر نەدەن.

هەوەڵنامەی کتێب

***

بەهاری ١٣٤٧ی هەتاوی بوو، لە بەغدا گەڕابوومەوە ئازادی، خەریکی خۆئامادەکردن بووم، چاوەڕوانی وەڵامی کاک سولەیمانی موعینی بووم، بار بکەم بۆ سلێمانی. ئا لەوکاتە پڕلە چاوەڕوانییەدا، هەواڵی گیرانی کاک سولەیمانی موعینیم پێ-گەیشت!! هەر وەک لە نووسراوەکەی پێشوودا نووسیومە لە دوای کوژران و ڕادەستکردنەوەی تەرمەکەی بە ئێران. ئەمنیش لەلایەن پاراستنەوە گیرام بردیانم بۆ بەندیخانەی خەلانێ...!!

بەهیممەتی خەڵکی ئازادی و فیداکاریی تووبای هاوسەرم کە نامەی دەداتە خودی مەلا مستەفای بارزانی و... ئەویش

دەستووری ئازادکردنم دەدا و باقی ماجەرا لە کتێبی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ نووسراوە.
لەوە بەدوا گەڕاومەتەوە دیوی ئێران، لاپەڕەیەکی دیکەی ژیانی تاڵ و پڕلە پەژارە دەست پێدەکا؟
لەوە بەدوا گەڕاومەتەوە ئێران و فەسڵێکی دیکەی ژیانی بەژان دەست پێدەکا!

***

هەواڵنامەی کتێب

# فەسڵی ١١

## گەڕانەوە بۆ ئێران و خۆتەسلیمکردنەوە!؟

مانگی جۆزەردانی ١٣٤٧ی هەتاوی بوو، دوای ئەوەی لە بەندیخانەی شۆڕش ئازاد کرام، ماوەیەک چوومە گوندی دەرگەڵە، لە لای برادەرانی حیزبی شیووعی مامەوە. دوایی دەگەڵ برادەرانی حیزبی شیووعیی عیراق، ئەو دەم مامۆستاکەریم ئەحمەدو مامۆستا ئەحمەدی بانیخێلانیو کاک فاتح رەسوڵو... کۆبووینەوە. بە بۆچوونی ئەوان دوو ڕێگام لەبەر بوون: یان مانەوە لە دەرگەڵە، یان گەڕانەوە بۆ وڵات بۆ لای هاوڕێکانم. بڕیارم دا بگەڕێمەوە وڵات، لە نزیکەوە هەلومەرجی ناوچەکە هەڵسەنگێنم...!

کاتێک گەیشتمە گوندی پەسوێ، بەهەڵکەوت تووشی شادڕەوان کاک عەلیی پیرمەند هاتم کە، پێشتر هاوڕێی پێشمەرگایەتیم بوو. درێژەی ئەو بەسەرهاتەم لەنووسراوەی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧..." نووسیوە. ناوبراو، عەلیاغای ئەمیرعەشایریی لەورمێ بۆ کردمە وەسیلە، خۆم تەحویلی ساواک دابۆوە. ئازادیان کردبووم، دەگەڕامەوە سەر ژیانی ئاسایی پێشووی خۆم، هاوشێوەی هاوزێدەکانم، یان وەکوو هەموو هاونیشتمانێکی کوردی بێماف، نەزۆرتر و نەکەمتر!

لەهەمان کاتدا لە دەروونی خۆمدا، هەستم بە ژیانێکی پڕلەقەیران و ترازیدی و ناسەرکەتوو دەکرد. ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، بێبەڵێنی و بێوەفایی ڕێبەرانی شۆرشی گەرمێن سەبارەت بە ئەندامانی ح د ك: تەرمی خوێناوی سولەیمان و باقی هاوڕێکانم لە شەقام و مەیدانی شارەکانی ئێران، دەبوون بە فیلم و تابلۆ لەسەر زەینم، بەچاوی زەین بەسەرم دەکردنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئیدی ئەوانە هەموویان دەبوون بە ژانێکی بێ دەرمان، لەسەر دڵ و دەروونم کەڵەکە دەبوونەوە!
راستە ئەو گەڕانەوەیە، خۆم هەڵم نەبژاردبوو. وێڕای ئەوانە هەموو، لە حاند حیزبی دێموکراتو بڕوا بەخەباتی ڕزگاریخوازی و بێزاری لەنیزامی شاهانشایی و گشت ئاوات و خەونەکانم هەموویان هەرلەسەر جێگای خۆیان بوون. لە حاند هاوڕێکانی تەشکیلاتیم خۆم بەشەرمەندە نەدەزانی و لە هیچ تاوانێکەوە نەگلابووم. هاتبوومەوە سەردۆخ و ژیانی ئاسایی و بیچم و ڕەنگی دانیشتووانی زێدەکەی خۆم قەرەشلاخ...
لێرەدا زۆری درێژەی نادەمێ، داوەری لەسەر ڕاستی و ناراستیی ئیددیعاکانم بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ویژدانی هاونیشتمانانی خاوەنڕابردوو دەسپێرم!
دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە ماڵی عەلیاغای ئەمیرعەشاییری، لە ساواکی ورمیی ئیجازەیان دام، گوتیان: ئەتۆ ئازادی دەتوانی بچیەوە، ئاوایی خۆتان، چاوت بەکەس‌وکاری خۆت بکەوێ. غایەتێکی پێویستە لە پێشدا، بچیە ساواکی مەهاباد، لەوێ خۆت بناسێنی. ساواکی مەهاباد بۆ هێنانەوەی ماڵەکەت کارهاسانیت بۆ دەکا...
چوومەوە ماڵە عەلیاغا، ماڵئاواییم لە عەلیاغا و سمایلاغا کرد و سوپاسم کردن ئەو ماوەیەی لەماڵیان ماومەوە و میواندارییان لێ-کردووم و خۆیان بە کار و گرفتارییەکانی منەوە خەریک کردوە...!
ئیدی هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە مەهاباد. نزیک بە ڕۆژئاوابوون بوو. لە ڕێوە چوومە ماڵە حوسێناغای ئەحەدی، یان بە وتەی سابڵاخییان حوسین مەراغەیی. بە ماڵەکەیانم دەزانی، چووم لەدەرگام دا، بۆخۆی هات دەرگاکەی لێکردمەوە. کەچاوی بەمن کەوت شاگەشکە بوو. چووینە ژوور کورتە بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە...!

***

# کاک جەلیلی گادانی و کەریمە ڕەش!

ئێوارەیەکی درەنگوەخت بوو. حوسێناغام لێ بزر بوو، نەمزانی بۆ کوێ چوو؟ هیچی بەمن نەگوت. ئەمنیش دەگەڵ خێزانی و منداڵەکانی لە ماڵێ چاوەڕوانی هاتنەوەی حوسیناغای بووین.
حوسێناغا و براژنە زێنەب، خاوەنی چوار منداڵ بوون: دوو کوڕ و دوو کچیان هەبوون. کچەکان ڕۆلان و فەرخوندە، کوڕەکانیش عەزیز و عەزیمیان ناو بوو. یادی کۆچکردووەکان بەخێر و زیندووەکان تەمەن درێژ بن!
درەنگانێکی ئێوارە، حوسێناغا دەگەڵ دووکەسان هاتەوە. دوو کەسەکان بۆ من نەناسراو بوون؟
پێشتر لەنزیکەوە چاوم پێیان نەکەوتبوو. دوایی حوسێناغا هاوڕێکانی خۆی پێناساندم: کاک جەلیلی گادانی و کاک کەریمی خامچی بوون. هەردووک لە کادرە چالاک و چەپەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. لەمێژ نەبوو لەژێر ئازاری جەستەیی و گیانیی بەندیخانەی حەمەڕەزاشای ئازاد ببوون. دیار بوو زۆریان تاسەی هەواڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو. بەتایبەتی هەواڵەکانی کۆنگرەی دوو، کەسایەتیی کاک ئەحمەد تۆفیق، و بێسەرشوێنچوونی کاک سەدیقی ئەنجیری... ئەوەی بۆگوتن دەبوو، وەک نوێنەری کۆنگرە و کادرێکی تەشکیلاتیی ئەو سەردەمە، بۆم باس کردن...
زیندوو یاد کاک ئەحمەد تۆفیق، زۆر دژی ئەندام و کادرە چەپەکانی حیزب بوو. بە تایبەت کاک عەزیز و مامەعەغەنی. لە کۆنگرەی دوودا، زۆر بێ ڕەحمانە دانیە بەر هێرش. چەندکەس لەو ئەندامانەی پێشتر لە زینداندا هاوبەندی ئەوان ببوون، وەک کەسانی خاوەنئینساف، کەوتنە بەرگری. لە کەسایەتیی ئەو دوو کادرە بەندییەی لەزیندانی برازجاندا بوون. کاک سەدیقی ئەنجیرییش بەنۆرەی خۆی هێرشەکەی بە ناڕەوا لە قەڵەمدا. ئیدی چۆنایەتیی کۆنگرەم بۆباس کردن...

ئاشنابوونی من دەگەڵ ئەو کادرەسیاسییانەی حیزب و ئەو دیدارە لە ناکاوە، تاڕادەیەک دەربیجەی ڕووناکایی لە نێو دڵو دەروونمدا کردەوە؟

ئەوجارە کەوتنە پرسیار، لەسەر ونبوون و تیرۆڕ و بێ-سەروشوێنیی کاک سەدیقی ئەنجیری. بەداخەوە جگە لە دەربڕینی بێخەبەری وەڵامێکی وەهام نەبوو کە لە چۆنایەتییەکەیان ئاگادار کەمەوە! لە هەر بوارێکدا پرسیاریان لێکردبام، بێ دڵەڕاوکی وەڵامم دەدانەوە. ئیدی ئەوە یەکەم چاوپێکەوتن و ئاشناییم دەگەڵ ئەو دوو کەسایەتییە بوو...!

ئەوشەوە هەتا نزیک ڕۆژبوونەوە لە ماڵی حوسێناغای ئەحەدی دانیشتین. لەو دانیشتنەدا میرزا قادری وەستا غەفوری دارتاش_ فەتحی، حوزووریان هەبوو. بەری بەیانی ئەوان ڕۆیشتن و ئەمنیش نەختێک لەوێدا مات بووم. دەبوو بەیانی بچم بۆ ئیدارەی ساواک و خۆم بناسێنم.

***

## ساواکی مەهاباد!

بەیانی دوای بەرچاییخواردن، چوومە ئیدارەی ساواک، لە بەردەرگای ئیدارەکە کەسێک دانیشتبوو، لای ئەو، خۆم ناساند. هەر لەوکاتەدا بوو، ئاغای حەسەنزادە وەژوور کەوت. چاوی بە جلکەکان و قەڵافەتی من کەوت، زانی ئەو جلکانە هی کوردی ئێران نین، گوتی: کاکە کارت بە کێیە؟ گوتم ئەمن کارم بەکەسێکی تایبەت نیە، لە ئیدارەی ساواکی ورمێ ناردوویانم لێرە خۆم بناسێنم. ناوەکەی پرسیار کردم. ئەمنیش ناوی خۆم پێگوت. کاتێک زانی ئەمن محەممەدی خزریم دەستی لەدەستی نام و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم، دەتگوت لە زیارەتی مەزارگە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف هاتوومەوە!؟

هەزارنامەی کتێب

کابرای دەرکەوان، زەنگی لێدا، کەسێک هات و خۆی وەک ئەحمەدی خوداپەرست ناساند، بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی. لەوێ زۆرتر، لەبارەی کاک حەمەدەمینی سیڕاجییەوە پرسیاری لەمن دەکرد. ئەو جۆرەی بۆ خۆم بەسەلاحم دەزانی وەلامم دەدایەوە.
گوتم: ئەمن هیچ جۆرە پێوندییەکی هاوڕێیانەم دەگەڵ ئاغای حەمەدەمینی سیڕاجی نەبووە، ناوبراو جاروبار دەهاتە خەلان، میوانی ماڵێ شێخی دەبوو، کە تووشی منیش ببا چاکوخۆشییەکی ئاساییمان دەکرد، ئەویش لە حەددی سەلاممەلێکدا بوو بەس.
دوایە سەروان کرباسیان کە، سەرۆکی ساواکی مەهاباد بوو بانگی کردم چووم. ئەوەندەی ئەمن لەماوەی ئەو چەندرۆژەدا دەگەڵ کاربەدەستانی ساواک، چاوپێکەوتنم هەبوو، ئەوکابرایەم لەوانی دیکە بە ماقووڵتر دەزانی!
نزیکەی چارەکە کاتژمێرێک لەلای بووم، دەستوور درابوو، کاتێک چووم بۆ هێنانەوەی ماڵەکەم لە پیرانشار، خۆم بەکەسێک بناسێنم :پێموابێ ناوی ئاخوندزادە بوو؟
دوای ئەو چاوپێکەوتنە بەهۆی کاک حوسێن مەراغەیی چاوم بە وەستا کەریم بەفراو، وەستا محەممەدی دارتاش کەوت. کورتە بەسەرهاتی خۆم بۆ ئەوانیش باس کرد و پاشان گەڕامەوە بۆ قەرەشلاخ!
سبەی ئەو ڕۆژە گەڕامەوە قەرەشلاخ. لەو رۆژەوە کە زێدەکەیخۆم بەجێ هێشتبوو، تائێستێ ئەوە یەکەمجارم بوو بەرۆژی رووناک، بێ دڵەڕاوکێ لە جاسووس و نەیاران، بۆی دەگەڕامەوەو نزیکەی پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو؟ کاتێک گەیشتمەوە حەسارە پووشاوییەکەی خۆمان، ڕەوانشاد فاتمی خوشکم کە پێشتر ئاگاداری گەڕانەوەم بوو، کە چاوی پێمکەوت بە پیرمەوە هات دەستی لەئەستۆ کردم، ئای لەو هەموو تاسەو خۆشەویستییەی خۆشك و برا؟

ئەوجارە دایکم بەکوێری، بەکوترەکوترە پەلەپڕووزەی بوو دەستی وێمرا بگا...! ئلێرەدا حەز ناکەم لەوە زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم، و پاز دەدەم...؟

***

## دەچم بۆهێنانەوەیماڵەکەم!

دوای دوو، یان سێ ڕۆژ مانەوەم لە قەرەشلاخ، گەڕامەوە بۆ پیرانشار، بچم ماڵەکەم لە ئازادی بێنمەوە. لە نەغەدە دابەزیم، چاوم بەکاک سەعید کوێستانی کەوت. زۆری پێخۆش بوو کە بارزانی ئازادی کردبووم، تەحویلی ئێرانیان نەدابوومەوە، جارێکی دیکەی بە زیندوویی چاوی پێم کەتبۆوە! گوتم: ئەمن بەپەلەم دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ئازادی، بابم و تووبا و شاهۆی بێنمەوە!

سەعید گوتی: کوڕە ئەتو ناترسێی لەوێ جارێکی دیکە بتگرنەوە؟

گوتم ئەو دڵ و جورئەتەیان نیە چلۆیشم لێبکەن. ئیستێ دەبێ ئەوان وەک خۆیانم چاو لێبکەن!...

بەهەرحاڵ چوومە پیرانشار، کابرای ساواکیم دۆزیەوە و خۆم پێ-ناساند. دیار بوو پێشتر ئاگادار کرابوو. خێرا دەگەڵم هات بۆ گارێژێ لەوێ سواری ماشێنی عەلی کوردەی کردم بۆ حاجی-ئۆمەران. گوتی ئەمن دەگەڵ بازگەی سەرسنووری تەمەرچییان پێوەندی دەگرم، موشکیلەت بۆ نایەتە پێش. ئەوێ ڕۆژێ پێش نیوەڕۆ گەیشتمە حاجیئۆمەران. لە حاجیئۆمەران بەهەڵکەوت تووشی کاک ئەحمەد حاجی بووم. گوتی: کاکە چوویەوە ئێران؟

گوتم بەڵی ئەوە نیە دەمبینی بە ماشینی دەوڵەتی ئێران بەجادەیدا گەڕاوم‌ەوە، ماڵەکەم بەرمەوە!

ئیدی لەوە زۆرتر قسەمان نەبوو. لەوێ بەند نەبووم لەپێشەوە چووم بۆ گوندی زینوێ، بۆ ئەوەی نەبێتە بێنمەکی چووم بۆ دەربڕینی سوپاس، ماڵئاوایی لە دۆستەکانی زینوێی شێخی بکەم.
هەرگیز لەبیرم ناچێ! کاتێک حاجی‌محێدین، بەچاوی بەفرمێسک و دڵی پڕلە کوڵەوە، لەبەر دەرگای دوکانەکەی خۆی چاوی پێم-کەوت، گوتی: "کارێکی چاکت کردخۆت تەحویلی عەجەمان دایەوە. دەنا وەکوو سولەیمانی دەیان کوشتی و تەرمەکەیان بە تەنەکە ڕۆنێکی شاپەسند دەفرۆشتیەوە!" حاجی محێدین لە دۆستە نزیکەکانی کاک سولەیمانی موعینی بوو. هەرکات کاک سولەیمان هاتبا بۆ زینوێ سەردانی حاجی محێدینی دەکرد...!
خێرا بە دوکانی دۆستەکانی زینوێدا گەڕام، خواحافیزیم لێکردن، زۆرم سوپاسی غەریبنەوازییەکەیان کرد! دواتر داپەڕیمە خوار بۆ گوندی ئازادی.
کورتە بەسەرهاتی خۆم بۆ بابم و توویا، گێڕایەوە، نانی نیوەڕۆمان لە ئازادی خوارد. لەوێ بەند نەبووم ماشینێکم بەکرێ گرت بۆ شیوەڕەشێ. ئەوەندەمان شڕوشاڵات نەبوو، ئەوەی هەمانبوو توبا دەگەڵ بابم پێچایانەوە. ئەمنیش بە ماڵەکانی ئاوایی ئازادیدا گەڕام لە هەموو دانیشتووانی گوندی ئازادی بەژن‌و پیاو و منداڵیانەوە، ماڵئاواییم کرد. ئەو هەموو دۆستە خۆشەویست و خاوەن غیرەت و بەوەفایەم بەجێهێشتن، یادیان بەخێر!
شەو لە شیوەڕەش میوانی ماڵە حاجی عەولای بووم و سبەی بەیانی خێرا بە ماشێنەکەی عەلی کوردە، گەڕامەوە پیرانشار. بێ مەحتەڵبوون بۆ نیوەڕۆیە گەیشتمەوە قاوەخانەی پێچپێچی لە کوسەکەریزێ. شانسی ئێمە هێنابووی؟ لەو کاتەدا کەڵ و عارەبەی ماڵە حاجی ڕەشیدی نازانم بۆچی لەوێ بوو؟ دەچۆوە قەرەشلاخێ، ماڵەکەمان لە عارەبەکەی بار کرد بۆ ئاوایی.

***

# قەرەشلاخ!

گەڕاومەتەوە زێدی خۆم! دایکوباب و خوشکەکانم، هەموویان بەوە دڵخۆش بوون کە، خۆشەویستەکەیان جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە لایان! تووباش بە گەڕانەوە بۆ وڵات خۆشحاڵ بوو. دۆستەکانم دەهاتنە دیدەنیم، هەموویان خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی کە زیندووم و ماوم!...

ئەدی بۆخۆم؟ ئەمن بەپێچەوانەی هەموویان خۆم بە بێهیوا و تێکشکاو دەزانی! لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەمجار لە تەمەنی منداڵیی خۆمدا چاوم بەو ژاندەرمانە کەوتبوو چەکیان دەستاندەوە و بێ ڕێزییان بەخەڵکی ئاوایی و بابم کردبوو، تا ئەودەمەی، بەدرێژایی هەمووی تەمەنم لەدژی نیزامی پاشایەتیی ئێران بووم، حاکمیەتی ئێرانم بە داگیرکەری وڵاتەکەم دەزانی. ئێستێ کە گەڕاومەتەوە، بەوجۆرە کە پێشتر ئاماژەم پێکردوە، لاپەرەیەکی نوێی نەفرەت و بێزاری هاتبووە سەر لاپەڕەکانی ژیانی ڕابردووی خۆم! دەردی گەڕانەوە لە پێشمەرگایەتی بۆ ئێران، بۆ من دەردێکی لەڕادە بەدەر بەئێش بوو خەمباری کردبووم...!

بابم لە قەرەشلاخ دوکانێکی هەژارانەی دێهاتییانەی هەبوو ژیانی خۆیانی پێ دابین دەکرد. ئێستێ بەو وەزعە رووحییەی کە هەمبوو؛ خۆم و هاوسەر و منداڵەکەم ببووین بە سەرباری ژیانی ئەو دایكوبابە پیرە هەرگیز خۆشی لەخۆنەدیوە! کەچی ئەوان بەپێچەوانەی من، خۆیان بە بەختەوەر دەزانی کە کوڕەکەیان جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە لایان...!

تووبای هاوسەرم بەڕاستی شێرەژن بوو، لە کار و کوێرەوەریی ماڵ و بەخێو کردنی پڕوپاتاڵ تێنەدەوەستا. ئەمنیش بڕووکە پارەیەکم، هەبوو. نەمدەزانی بەو پارە کەمە چ کارێک بکەم؟ کەسابەت لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، لە ئاستێکی بەرز لە قەیراندا بوو. بۆ کەسێکی وەک من بژیوی

پەیداکردن کارێکی دژوار بوو. خەڵکی دێهاتی کوردستان بەگشتی بەهۆی هەژاری و بێدەرەتانی، توانای کڕینی پێداویستیی ڕۆژانەی خۆیانیان نەبوو، ناچار بوون، بۆ دابینکردنی بژیوی خۆیان زۆرتر پەنا بۆ قەرزوقۆڵە و سەلەم و ئەو جۆرە شتانە بەرن _ بەکوردی هێزی کاری خۆیان هەرزانفرۆش دەکرد. بەروبوومی کوێرەوەیی چوار وەرزی ساڵیان لەسەر خەرمان، سەلەمخۆر و سوود خۆری بێ ئینساف بەتاڵانیان دەبرد!!

بابم چەندسەرێکی پڕوپاتاڵ هەبوون: لەوانە دوو مانگا و دوو گامێش و چەند سەرێک وردەحەیوان . هەستمان بەکەموکوڕیی بژیو نەدەکرد...

ئەو ژیانە وەڵامدەرەوەی حەز و ویستی خۆم نەبوو. حەزم دەکرد لانیکەم وەکوو گەرمێن توانیبام لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم و پێداویستیی خۆم دابین بکەم. ئەوەی ڕاست بێ هەرچی کردبام، دایکم و بابم دڵیان نەدەشکاندم، ئەگەر پێشیان خۆش نەبا وەڕوویان نەدەهێنام. ئەو هاوینە هەرچۆنێک بوو، لە قەرەشلاخ مامەوە، بەڵام لە قەیرانێکی ڕووحیدا ژیانم بەسەر برد و بەدڵ زۆر ناڕازی بووم...

ڕۆژێک چوومە مەهاباد، لە شەقامی قازی محەممەد، بەهەڵکەوت تووشی کاک سالاری حەیدەری بووم. سالار شاگەشکە بوو... سالار هاوڕێی گەرمێنم بوو، دەگەڵ سالاری چوومەوە ماڵیان و گەلێک باس...! سالار باسی سەیدحەسەنی هاشمیی بۆ کردم. ئەمن لە گەرمێن دەگەڵ کاک سەید حەسەن، زۆر پێکەوە نەژیابووین، زۆرمان ئاشنایەتی لەسەر یەکتر نەبوو، بەڵام کاک سەید حەسەن لە ئەندامە سادق و خۆشەویستەکانی نێو حیزب بوو، لای هەموومان خۆشەویست و خاوەنڕێز بوو. حەزم دەکرد، چاوم پێیبکەوێ. سالار گوتی لە قەیسەری لە دوکانی سەید تەهای حوسێنییە...

چووم، دوکانی سەید تەهای حوسێنیم لە قەیسەری مەهاباد دۆزیەوە، ڕاست بوو کاک سەید حەسەن لەوێ بوو. کە چاوی پێم-

کەوت شاگەشکە بوو. کەم‌وزۆر وەزعی خۆم بۆ گێڕایەوە. ئەو ڕۆژانە وەزعەکە جۆرێک بوو کەسێک خاوەنی هەستی کوردایەتی با، بە شاد و دڵخۆشت چاو پێ‌نەدەکەوت! دوای کورتە ماوەیەک مانەوە لای کاک سەید حەسەن، دەمویست وەگەڕێم بۆ دێ. بەکاک سەید حەسەنم گوت: گەرەکمە بچم بۆتاران بۆلای دوکتور عەلیی مەولەوی، ئەتۆ ئادرێس و ناوونیشانی دوکتور دەزانی؟

کە ناوی دوکتور عەلیم هێنا کاک سەید حەسەن گوتی: تۆ قورعان دەتەوێ بچی بۆلای دوکتور عەلی؟ گوتم بەڵێ. ئەمن تارانم نە دیتبوو، هیچ کوێی تاران شارەزا نەبووم. داوام لێکرد ڕێنوێنیم بکا. کاک سەید حەسەن، زۆر بە وردی ناوونیشانەکەی دوکتوری، موسافیرخانەی حەقیقەتی بۆ نووسیم و سڵاوی تایبەتی کاک حەسەن دەگەڵ، بۆ دوکتور عەلی. ئەو ڕۆژە جارێ گەڕامەوە دێ!

بەدروستی لەبیرم نەماوە چەند ڕۆژ لەو دیدارە بەسەر چووبوو؟ ڕۆژێک لەدێ چووم بۆمەهاباد_ میاندواو، لە وێشەوە بۆ مەراغە...!

***

## دوکتور عەلیی مەولەوی!

هاوینی ساڵی١٣٤٧ی هەتاوی بوو، دوای ئەو بەسەرهاتە تاڵانەی لەنێو شۆڕشی کوردستانی گەرمێن بەسەرمان هاتبوو، و لەدیوی ئێران لەلایەن حکوومەتی شای ئێرانەوە دوچاری ببووین...؟ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەم کەم‌وزۆر لە توێی نووسراوەیەکدا لەژێر سەردێری :"لاپەڕەیەک لە تێکۆشان‌و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢_٤٧ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان." نووسیوە و بڵاوم کردۆتەوە. لێرەدا ناچمەوە سەر وردەکاریی ئەو بەسەرهاتانە و نامەوێ خوێ بەسەر برینە تەشەنەبووەکان وەربکەم...!

هەوالنامەی کتێب

ڕۆژێکیان بڕیارم دا بە بیانووی نەخۆشی، بچم بۆتاران، لە نزیکەوە دوکتور عەلی، ببینم و ئەوەی دیتوومە و دەیزانم بۆی باس بکەم. ماڵمان لە قەرەشلاخ بوو، هەروەک گوترا: لای بابم و دایکم دەژیام. ڕۆژێک چوومە مەهاباد، لەوێرا چووم بۆ مەراغە!

ئەودەم خەتی قەتاری مەراغە_تاران هەبوو. کەسی ئاشنا و هاوزمان و شارەزام هاوسەفەر نەبوو: قەتم تاران نەدیبوو، کەسێکی خاوەنپووڵ و دسرۆیشتووش نەبووم. لە مەراغە، سواری قەتاری دەرجە سێ بووم بەبیست تمەن گەیشتمە تاران. کە لە قەتارەکە دابەزیم، کەسێکی ناسیاوم دەگەڵ نەبوو، پرسیاری مەیدانی تۆپخانەی لێبکەم...! گوێم لێبوو، کابرایەک لە ماشینێکی سواریدا لە سەر شەقام ڕاوەستاوە هەرا دەکا: تۆپخانە، تۆپخانە... لێی چوومە پێش: بەچەندی دەمباتە مەیدانی تۆپخانەی؟ کابرا، داوای دووتمەنی دەکرد. لەدڵی خۆمدا گوتم مەردی حیسابی لە مەراغەوە بەبیست تمەن گەیشتوومەتە ئێرە؛ چۆن هەتا مەیدانی تۆپخانە دوو تمەن بدەم، هەژاری زۆرجار مرۆڤ تووشی قڕنیسی دەکا؟

هێندێک دوورتر، ئوتووبووسی خەتێ لە خیابانێ ڕایگرتبوو، یەکێک هەرای دەکرد: مەیدانی تۆپخانە. نازانم بە دوو قڕان، یان زۆرتر، سواری ئوتوبووسەکە بووم، لە پێش مەیدانی تۆپخانە دابەزیم. هەر ئەوجۆرەی کاک سەید حەسەن، ڕێنوێنیی کردبووم، میوانخانەی حەقیقەتم دۆزیەوە. لەچاو میوانخانەکانی دیکەی تارانی ئەو سەردەمە، میوانخانەیەکی نرخهەرزان و جێورگەی هەژاران بوو. لە بیرم نەماوە هەر ئەو ڕۆژە بوو، یان سبەی ئەوڕۆژە؟ سواری ماشێنی خەتی بووم بۆ بەهارستان، وام لە بیرە لەوێ ئوتووبووسی خەتی، هەتا کۆکاکۆلا دەڕۆیشت. سوار بووم. مەیدانی ژاڵەم وەپشت سەری دا ئوتووبووسەکە زۆر ڕۆیشت، وابزانم شەقامەکە ناوی "فرح"بوو؟ شاگردی ئوتووبوسەکە گوتی ئێرە کۆکاکۆلایە! لەوێ دابەزیم. سەیرم کرد، خۆ ئەمن هاتوومەتە دەرەوەی شاری تاران؟

دوکتور عەلی زۆر لەمیژ نەبوو لە زیندانی حەمەڕەزاشای ئازاد ببوو. هێشتا ئازاری دەروونی و ناڕەحەتییەکانی زیندانی بە تەواوی لێ دانەتەکا بوو، وەخۆ نەهاتبۆوە؟ دوای ئازادبوونی لە زیندان، ئەو شوێنە دوورەی لەبەر هەرزانی بۆخۆی بەدی کردبوو، شوێنێک بوو لە دەرەوەی شاری تاران، تازە دروست دەکرا و ئاوەدان دەبۆوە...

ناوچەیەک بوو، لە هەر لاوە کە سەیرت دەکرد، چاوت بە کرێکار و بەننا دەکەوت کە خەریکی سازکردنی خانووبەران بوون. بە وتەی خەڵکی مەڵبەندی خۆمان، خەریکی قوڕەکاری بوون. لەبەری دەستەڕاستێ دابەزیبووم. لەوێ خانووبەرەیەکی گەورەی شەش، حەوت نهۆمیان ساز دەکرد. لەوبەری _ لە دەستەچەپ دەستە خانوویەک لەسەر شەقام ساز کرابوون، بەشی هەرە زۆری دوکانەکانی ئاوەدان بوون. دیار بوو کە لەمێژ نەبوو، تەواو ببوون.

دەرمانخانەیەک لەسەر شەقامەکە بوو، کە سەیرم کرد لە نێوان دەرمانخانەکە و دوکانێک کە پەردەی حەسیری و کرکرەیی دەفرۆشت، دەرگایەک هەیە، لە سەرووی دەرگاکە، تابلۆیەک هەڵواسراوە، لێی نووسراوە: **"مطب دکترعلی مولوی...."**

دەرگاکە ئاواڵە بوو، لە پلەکانەکان وەسەر کەوتم. هاڵێکی نەختێک گەورە بوو بەچەند ژوورەوە، زۆربەی ژوورەکان هێشتا ئاوەدان نەبوون. کەسێک لە دەرگایەک هاتەدەر، پرسیارم لێکرد، ئێرە مەتەبی دوکتورە؟ کابرا گوتی: خۆیەتی! ئیدی چوومە ژوور، خەڵکێکی بەرچاوی لێبوو کە بە سەروسیمایانەوە دیار بوو، خەڵکێکی تێروتەسەل نین؟ چاوەڕوانی نۆرەی چاوپێکەوتنی دوکتۆر بوون. کابرایەکی پیری فارس، بەرپرسی بلیتفرۆشتن بوو. ژوورێکی ساکاری بێ بێنەوبەرە، پەنکەیەکی تێدابوو، هەر بەبای پەنکەکەی، مرۆڤ گیانی ڕەسەر ئاو دەکەوت. وەرزی گەرما بوو. کورتوکرمانجی شوێنێک بوو، لەچاو شوێنی دوکتۆرەکانی دیکەی تاران، زۆر هەژارانە بوو...!

داوای بلیتم لە کابرا پیرەی کرد. کابرا بەفارسی پێی‌گوتم بلیت نەماوە؟ زانیم لێرە چاولەنەخۆش‌کردن لەلایەن دوکتۆرەوە سنوور دارە. بەکابرام گوت: ئەمن، لە ئازەربایجانەوە هاتووم، داوات لێدەکەم بە دوکتۆر بلێ... ئەگەر تەماشای نەکردم، دەڕۆم سبەی دێمەوە. پیرەپیاوەکە، زۆر بەئەدەب بوو، چوو، بە دوکتوری گوت. هاتەوە گوتی دانیشە...!

دوکتۆر پێی گوتبوو: با دانیشێ دوایی...!

ویستم پارەی (ویزیت) بدەم، لێی‌وەرنەگرتم. گوتی: پێویست ناکا. لە ژوورەکەی لەسەر قاقەزێک نووسرابوو_ پارەی ویزیت پێنج تمەنە! قاقەزەکە لەدیواری درابوو. هەرکەس لە نەخۆشەکان کە دەچووە ژوورێ، قەدەرعەیامێکی پێدەچوو... ئیدی لەوێ زانیم؛ وەک دوکتۆرەکانی لای خۆمان نەبوو، پێش ئەوەی پرسیارت لێ- بکا، نوسخەی دەرمانت‌بۆ بنووسێ؟!...

دانیشتم هەتا هەموو نەخۆشەکان تەواو بوون. دوای خەڵکەکە، نۆرەی من هات. چوومە ژوور، سڵاوم کرد، دوکتۆر بەفارسی بەخێرهاتنی کردم. گوتم ئاغای دوکتۆر ئەمن کوردم. ئەو جارە بەکوردی گوتی: بەخێریی! سوپاسم کرد...

گوتی خەڵکی کوێی؟

:کوردیکی دێهاتیم، خەڵکی قەرەشلاخی شارویرانم.

:فەرمووی دانیشە! موشکیلەت‌چیە، لەبەر کوێت نارەحەتی؟

:ئەمن تووشی نەخۆشییەکی ڕووحی بوومە... دوکتۆر تەماشای کۆت‌وشاڵوار و بیچمی هەژارانەی دەکردم. ئەوەی دەبەرمدا بوو، گشتی بایی بیست‌وپێنج تمەن بوو_ لەمووسڵ بە دینارێک و دووسەدوپەنجا فلس، لە کوردێکی شەبەکم کڕیبوون و کۆنە کراسەکەی دەبەریشمدا بوو، کاک کەریمی حیسامی دایبوومێ!؟

بەهەرحاڵ بە گەرووی گێراوەوە گوتم: ئەمن پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووم و...!

کە وامگوت، دوکتۆر گوتی: خۆت تەسلیم کردۆتەوە؟ ئەوجارە برینەکانم کولانەوە، نارەحەتییەکەم چەند ئەوەندەی دیکە زیادی

کرد. لەو بارەیەوە هیچم نەگوت. دواتر بۆم دەرکەوت نا، مەبەستی دوکتۆر لەو پرسیارە لۆمە و شکاندنی من نەبوو، ئەوە بۆچوونی خۆم بوو خراپی تێگەیشتبووم.
گوتم: ئاغای دوکتۆر ئەمن هاتووم، ڕووداوەکانی ڕابردووی حیزبی دێموکراتتان، بەوردی بۆ باس بکەم...! گوتی: بیڵێ، گوێم لێیە!
زیاتر لە کاتژمێرێک، بێ نێوبڕ، دەوری بەسەرهات و ڕووداوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کوردستانی گەرمێنم بۆ کردەوە. جاروبار قومێکی لە پیپەکەی دەدا، گوێی بۆ دەگرتم.
بیستبووم دوکتۆر، سەرۆک مستەفا بارزانیی زۆر خۆش دەوێ، دەگەڵ چەپەکانی کوردیش دانووی ناکوڵێ؟.
هەلسوکەوت و تاوانی کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی گەرمێن، بەرامبەر بە پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەتای تەرازووودا ئەوەندە قورس بوون، دوکتۆر بەرگریی نەکرد و وتەکانی منی بۆ نەبوون بە جێگای پرسیار!...
ئەو بابەتانەی لەو دانیشتنەدا وەبیرم هاتنەوە، گشتیانم لای دوکتۆر دەربڕین. ئەوەی لە نووسراوەکەی خۆمدا نووسیومن، کەموزۆر بۆ دوکتۆر عەلیی مەولەوێم باس کرد. زانیم هەتا ئەودەم ئەوەندەی هەواڵی دروست لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست نەکەوتوە.
بابای ئیزندا بچێتەوە، ئێمە هەتا درەنگ دانیشتین. ئەوجارە خەبەری یەکیەکی برادەرانی ڕێبەرایەتیی حیزبی پرسیار لێکردم؟ هەڵبەت لەسەر نەمانی کاک سەدیق پرسیاری زۆری کرد؟ ئەمنیش بە ڕاستودروستی ئەوەی دەمزانی عەرزیم کرد.
دوکتۆر پێیەوە دیار بوو، نەمانی کاک سەدیقی زۆر بەلاوە گرینگە و پێی نارەحەتە. گوتی ئەوکابرا ئەحمەقە بۆهاتە ئێراق؟ ئاخر نەیدەزانی ئێراق بۆ ئەو نابێ؟ ئەمن پێم گوتبوو، ئەو کارەی نەکا!.
گوتی ئەحمەد تۆفیق سەری سەدیقیشی دەگۆمێ ڕاکرد...!

ئەمن گوتم ئاغای دوکتۆر کاک ئەحمەد تۆفیق لەو مەڵبەندە نەمابوو!
دوکتۆریش هەروەکوو کاک سولەیمانی موعینی: "ئێوە ئەحمەد تۆفیق وەکوو من ناناسن. ئەحمەد و سەدیق چۆن دەتوانن پێکەوە هاوکار بن. هەرچەند ئەمن دەگەڵ سەدیق هاوڕا و هاوبۆچوون نەبووم، بەڵام نەمانی سەدیق زەربەیەکی گەورە بوو وەپەیکەری کوردی ئێران کەوت!"
دوکتۆر گوتی: وادیارە ئەتۆ لاوێکی زۆرساکاری بەڵام سەداقەت لە قسەکانتدا دەبینم...! بائەوەشت پێبڵێم: بەداخەوە پێتەوە دیارە مێشکیان تێک داوی! مەبەستی دوکتۆر ئەوە بوو: یانی ئەمن چەپم...!
هەرواش بوو.
دوکتۆر گوتی: ئەمن پرسیارم زۆر ماون، وەختیش درەنگە. ئەتۆ پێویستیت بە دەرمان هەیە، لە کام میوانخانەی؟
: حەقیقەت!
دیار بوو، ژمارە تەلێفونی میوانەخانەکەی هەبوو. ژمارەی ژوورەکەی خۆم و ناو و شۆرەت ئەوەی پێویست بوو پێمگوت، ئەویش نووسیو...
ئەمن هاتمەوە بۆ میوانخانەکەم. درەگانیکی ئێوارە بوو لە دەفتەری میوانخانە بانگیان کردم: تەلێفونت هەیە.
چووم. ئاغای دوکتۆر بوو. گوتی: بەیانی هێندیک زوو وەرە بەڵام نان‌وچای نابێ بخۆی، بە خورێنی وەرە بۆ ئێرە.
سبەی چوومەوە. دیار بوو، بە بابای گوتبوو ئەگەر چوومەوە بۆمەتەب، دوکتۆر ئاگادار بکا. دوکتۆر، بانگی کردم چووم، نووسراوەیەکی دامێ لە سەری نووسرابوو: لابراتوار آلبرت. ناوونیشانەکەی لەسەر نووسرابوو، لە مەیدانی ژاڵە بوو، چووم دیتمەوە... بۆ تاقیکردنەوەی خوێن بوو...
دواتر هاتمەوە لە مەتەبی دوکتۆر دانیشتبووم، بەڕەواڵی هەمیشەیی، خەڵک چاوەڕوان بوون نۆرەیان بگاتێ. گەرمای

هەواڵنامەی کتێب

نیوەڕۆی تاران حەشری دەکرد! لە ناکاو دەرگایان کردەوە و چەندکەس کرێکارێکی تۆزوخۆڵ لەسەرنیشتووی شەلاڵی خوێنیان هێنایە ژووری ، ئازای گیانی هەژاری و چارەڕەشیی لێدەباری، ؟ داوای یارمەتییان لە دوکتۆر دەکرد. بابا چوو بە دوکتۆری گوت:
دوکتۆر داوای لەو نەخۆش، یان ئەو نەخۆشانەی لەلای بوون، کرد نەختێک سەبر بگرن...!
کابرای خوێناوییان بردە ژووری. دوای ماوەیەک، بانگی بابای کرد. ناردیە خوار، لە دەرمانخانەکە دەرمانی پێویستی بۆ کابرا هێنا. کابراکە کرێکارێکی بەساڵداچووی خواگرتوو بوو؟ لەسەر قەرەچێوەی بینایەک بەربۆوە. سەری شکابوو... دوکتور برین-پێچیی بۆ کرد، تەلێفونی بۆ نەخۆشخانە کرد، کابرای بەڕێکرد بۆ نەخۆشخانە...
وام لەبیرە؛ یەکێک لەوانەی دەگەڵ کابرا بریندارەکە بوون، قسەیەکی بەسرتە دەگەڵ بابای کرد. ئەمن نەمزانی چی گوت؟ بەڵام بابا، گوتی: نمیخواد (پێویست نیە)!
دوای ئەوە نەخۆشەکانی چاو لێکردن و ڕۆیشتن، دیسان دەگەڵ دوکتۆری دانیشتین، دەستمان کردەوە بە وتووێژ. دوکۆر پرسیاری دەکرد و ئەمنیش بەپێی ئاگاداریی خۆم، وەڵامم دەدایەوە...
مشتەرییەکانی دوکتور زۆرتر کەسانی وەک خۆم و کابرای کرێکاری سەرشکاو بوون. هەقی چاولێکردن_ڤیزیت پێنج تمەن بوو کە، نیوەی دەدایەوە بەدەرمانخانە، لە هەقی دەرمانی ئەو نەخۆشانەی خۆمئاسایی کە چاوی لێدەکردن...!
دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە تاران و باسێکی دووروودرێژ دەگەڵ دوکتۆر عەلیی مەولەوی، دەمویست بگەڕێمەوە بۆمەهاباد. دوکتۆر، زۆری ئامۆژگاری کردم: لەوانەیە وا بەهاسانی لەدەست ساواک ڕزگاریت نەبێ؟ یەکەم دەبێ زۆر وریای خۆت بی، لەژێر چاوەدێریی ساواکدای! مرۆڤ دەتوانێ زۆر شتی لەدەستچوو قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام بێئابڕوویی و بێ ئەخلاقیکردن، قەرەبوو ناکرێتەوە، ئەوەت لەبیر بێ ها...!

ئیدی لەو ڕۆژە گەرمەی هاوینی ١٣٤٧ـەوە هەتا، چەند حەوتوو پێش نەخۆش کەوتنی و کۆچی دوایی لە٢ی مانگی سەرماوەزی ١٣٩٥، پێوەندیی موخلیسانەی من، دەگەل شادڕەوان دوکتۆر عەلیی مەولەوی، نەپسا و بە ئیمەیل و تەلێفون، لوتفی ئەوان و موخلیسایەتیی ئێمە درێژەی هەبوو، یادی بەخێر!

***

دوای ئەوە کە لەتاران گەڕامەوە، چاوم بەکاک سەید حەسەن کەوت و سلاوی دوکتۆر عەلیی مەولەویم بۆ دەگەڵ خۆم هێنابۆوە! ئەو ساڵە هەرچۆنی بوو، ساڵم لە قەرەشلاخ بردە سەر...!

***

## مەهاباد

بەهاری ١٣٤٨بوو، چووم بۆمەهاباد. هەرچی بیرم دەکردەوە کارێکم دەست نەدەکەوت بتوانم ڕۆژانە دەتمەنم دەست کەوێ. کرێکاری خانووبەرە ڕۆژانە بەحەوت تمەن بوو کە، لەژێر دەستی بەننادا کاریان دەکرد. ئەو کارەش بەمن نەدەکرا، کەسیش منی بەکریکار نەدەگرت، کرێکاری بێکار زۆروزەوەند!

دایکم و بابم و تووبا، لە قەرەشلاخ مانەوە ئەمنیش لە مەهاباد. ڕۆژانە زۆرتر لە چاخانەکەی ئەحمەداغای عەجەم کاتم دەبردە سەر!!

بە هۆی دۆستێکی خۆم لە گەڕەکی سێ ئاشان، چاوە خانوێکم لە برادەرێک گرتبوو بە ١٥تمەن. کابراکە ناوی ڕەحیم بارام بوو، پیشەی بەننایی بوو. لە سەرەتاکاندا زۆرم لێ نیگەران بوو. ئەمن لاوێکی سەڵتە و غەریبە، ئەویش کچی جحێلی هەبوون. وا تێگەیشتم کە لێم بەگومانە؟

ئەمن بەیانان دەڕۆیشتم هەتا کاتی خەوتن نە دەچوومەوە ژوورەکەی خۆم. خاوەنماڵەکەم، پرسیاری لە خەڵک کردبوو چ

کەسم؟ دیاربوو پێیان گوتبوو چ کەسم...! ئەوجارە زۆر بەرێزەوەی چاو لێدەکردم و یەک دووجاریش بۆ چاخواردنەوە دەعوەتی کردبووم بۆ ماڵیان. هاوسەرەکەشی ژنێکی زۆر بەێز بوو. یادیان بەخێر!

***

## کەوشفرۆشی!

ڕۆژانە زۆرتر بە بیرکردنەوە لە کارێک بۆخۆم، ڕۆژگارم بەڕێ دەکرد! ڕۆژێک چاوم بە کاک سەیدحەسەنی هاشمی کەوت، پرسیارم لێکرد: خەریکی چیّ؟
گوتی: ئەو دوکانەم کڕیوە، خەریکم دوکانێ دانێم. شوێنەکەی لە نزیک حەمامی پووتی بوو، کە دواتر بە حەمامی شافیعی ناوی دەرکردبوو. لە سیلەی مزگەوتی عەجەمانەوە هەتا بەر دەرگای سەرای کەریم خان و زارکی بازاڕی، کردبوویانە دوکان. دوکانەکان هەموویان فرۆشرابوون، تەنیا دوکانێکی چووکە مابوو. کاک سەیدحەسەن گوتی: ئەتو بۆ ئەو دوکانەی ناکڕی. لەوانەیە نەختێ بە کەمتر لە میرزا سوورەی بستێنین؟
گوتم زۆرباشە بۆم بکڕە! دوکانەکان هی کوڕانی خوالێخۆشبوو، میرزا یووسفی شافیعی، کەماڵ و جەماڵ و... بوون.
میرزاسوورەی شافیعی وەلیئنێعمەت، یان داشداریان بوو، ئەو بەسەر ماڵ و مڵکەکانیان ڕادەگەیشت. دەگەڵ کاک حەسەنی دوکانەکەمان کڕی، ئەگەر لە بیرم مابێ؟ بە ١٥٠٠تمەن، مانگی پەنجا تمەن کریێ!
ئەو ڕاستەیە زۆربەی دوکانەکانی کەوشفرۆش بوون. ئەمنیش بێ بیر لێکردنەوەیەکی قووڵ؟ دوکانەکەم کردە کەوشفرۆشی! دوکانەکە چووکە بوو، بۆ یەکی وەک من دروست کرابوو. ئەوەندەم پارەی بابەت نەبوو، ئەو دوکانە چووکەیەی پڕ بکا.

هەواڵنامەی کتێب

کارگەی کەوشی پەلاستیکی تازە لەئێران دەستی بەکار کردبوو، کەوشی پەلاستیکی دروست دەکرد. نرخیان هەرزان و بابەتی هەژاران بوون...!
دەبوو مانگێ پەنجا تمەن کرێدوکان و شێست تمەن کرێی ماڵ بدەم و خەرجی رۆژانەی ماڵێش دابین بکەم. وەسەر خۆم نەدەهێنا بەرەو زیان و زەرەر دەرۆیشتم. دەبوو لانیکەم رۆژێ ١٥٠تمەنم فرۆش هەبایە، هەتا بتوانم خەرجی خۆم و ماڵێ دابین بکەم. خۆم بە خۆشبەخت دەزانی کە ببووم بە دراوسێ و هاوڕێی کاک سەید حەسەنی هاشمی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو ئەوە بوو: هەرگیز بە زمانیدا نەدەهات گلەیی لە ژیان و بەڕێچوون بکا؟ بەخۆشییەوە ئەمنیش بە پێڕەوی لە ناوبراو، زۆرم بیر لێ نەدەکردەوە! مشتەریی ئێمە زۆرتر کەسانی وەک کاک عومەری قازی بوون، کە دەهات هەموو جارێ دەوڵەت و شای ئێرانی بەجنێوان سواخ دەکرد؟ دوکانەکانی ئێمەش لەبن پیلی ئیدارەی ساواک بوون...!! مشتەرییەکانی دیکەش هەر هاوشێوەی ئەو بوون. دەگەڵ خاڵە حەسەن کاری سیاسی تەشکیلاتیمان نەدەکرد، بەڵام ببووین بە سۆ لەبن پیلی ساواکو کاربەدەستەکانی هاتبووین!
لە زارکی قەیسەرییەکان برادەرێک لە دوکانێکی فرە چووکەدا قاوەخانەی هەبوو، ئەگەر پێیان گوتبا چای بۆ دوکانان دەبرد. ئەو برادەرەی ڕەحمەتی، ناوی کاک خاڵق بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کاک خالق ئەوە بوو، جار ناجارێک سەری لە دوکانەکەی دەردێنا، دەیڕوانی بزانی چەندکەس هاتوون بۆ لای کاک سەیدحەسەنی؟ هەرگیز بە قسەی نەیدەگوت چەند چایان بێنم، بە قامک پرسیاری سێ، دوو یان کەمتر؟ جاروباری ئەمنیش مشتەری وەکوو، مشتەرییەکانی کاک سەید حەسەنم دەبوو!

***

## سۆفییە خوولە!

ڕۆژێکی گەرمای هاوینی١٣٤٨ی هەتاوی بوو، لەبەر بێبازاڕی لە دوکانەکەی چووکەکەی خۆم خەونووچەکە دەیبردمەوە. ئەمنیش کورسیەکانی دوکانەکەم ڕیز کردبوون لەسەریان ڕاکشابووم، خەوم لێکەوتبوو. بەدەنگی کەسانێک وەخەبەر هاتم. دیار بوو مشتەریی کەوشان بوون. سوفییەکی ملپانی خوولە، خۆی کردبوو بە دەمڕاستی کابڕایەکی بێچارەی دێهاتی کە کەوشانی بۆ بکڕێ؟ پێشتر ئەو سۆفییەم دیتبوو، سوالی دەکرد، پێموایە خەڵکی پشتەپی بوو؟ کە ئێستێ هاتبوو، ببووە دەمڕاستی ئەو کابرا هەژارە!!

گوتی ئاغامیرزا، ئەوە خەوتووی؟...

لینگە پێڵاوێکی چوستی کە بۆ نموونە لەبەر دەرگای دوکانەکەم دانابوو هەڵگرتبوو، پرسیاری نرخەکەی لێکردم. ئەمنیش گوتم بە چاردە تمەنی.

سۆفی: ئاغا میرزا بۆ واگران؟ بێقەزا بی لەهەموو جێگایەک بە حەوت، هەشت تمەنە، ئەتۆ هەشتونیومان لێ بستێنە!

گوتم بەڕاستیتە!

سوفی گوتی وەڵڵا!

گوتم: بچوو بە هەشت تمەن بکڕە، ئەو پێنج قڕانەی بۆ بەزیادی دەدەیە من؟

سۆفییەکی "چەقەسرۆی "سواڵکەر! دیسان سوێندی خواردەوە!! ئەمنیش قینم لەو سواڵکەرانە بوو کە جەستەیان ساخ بوو، سواڵیان دەکرد. حەوسەلەی چەنە لێدانم دەگەڵی نەبوو. گوتم مامە سۆفی ئەمن کەوشی هەشت تمەنیم نیە!

سۆفی دەگەڵ کابرای ڕۆیشتن. دوای ماوەیەک گەڕانەوە. ئەوە کەسپی خۆم بوو دەمزانی لە بازاڕ نرخیان چەندە. دیسان سۆفی

هەوڵنامەی کتێب

گەڕایەوە، گوتی: ئاغامیرزا، کەوشەکانمان بدەیە، باهەشت و نیو نەبێ، نۆ تمەن بێ. دیار بوو سۆفی خۆی زۆر بە زرینگ دەزانی؟... گوتم ئاخر ئەتۆ گوتت لە بازاڕی بە حەوت، ئەو پەری هەشت تمەنە بۆ هاتوویەوە نۆ تمەنی دەدەیە من؟
سۆفی دیسان سوێندی خوارد کە، بەهەشت تمەن لە بازاڕی لەو کەوشانە هەیە غایەتێکی ئەو برادەرە ئەو کەوشانەی تۆی وەبەر دڵی کەوتوون!
کە سۆفی دیسان سوێندی خواردەوە، ئەمن دەهری بووم!
ئیدی بەخۆم نەبوو، وەک کەنداڵ بەسەرسۆفیدا ڕووخام! گوتم: خودانەناس، ئەمن ئەو کەوشانەم لە تەورێز بە دوازدەتمەن و نیو کڕیوە! ئەتۆ شەرم ناکەی سوێندی بەدرۆ دەخۆی؟! ئێستێ ئەمن چیت دەگەڵ بڵێم؟ ئەتۆیەکی کە فرچکت بە درۆ گرتوە، بەدرۆ نوێژ دەکەی، لە کوێخا و ئاغاوە تادەگاتە... هەمووتان درۆزنن، ئەمن چۆن دەتوانم پێت بسەلمێنم کە درۆ ناکەم، چۆنت قەناعەت پێ بێنم بڕوام پێبکەی؟!
ناهەقت ناگرم ئەگەر بەدرۆزنم بزانی! چونکە درۆ لە کۆمەڵگای تۆ، هەزارانی وەک تۆی بەو خوو، خدەیە پێگەیاندوە.!
بڕۆ لەبەرچاوم لاچۆ! هەی سواڵکەری خودانەناسی بێویژدان...
لەڕاستیدا لەبازاڕ نرخەکەیان لەحەقدەو هەژدە تمەن کەمتر نەبوو.
بە دەنگوهەرای من و سۆفی، کاک سەیدحەسەن لە دوکانەکەی هاتە دەر گوتی: ئەوەچیە، خودا بتگرێ؟
کابرای سۆفی نەیهێشت ئەمن وەڵامی بدەمەوە. بە کاک سەید حەسەنی گوت: ئەو ئاغامیرزایە هەموو گیانی شەڕە، خۆ ئەوە بۆ دوکاندار نابێ؟!
بابم دەبێ حەوسەلەت هەبێ! ئەوجارە سۆفی نسحەتی دەکردم!!
گوتم چما ئەتۆی خودانەناس، حەوسەلەت پێهێشتووم؟ لەدینت دەهری کردووم!

دەستبەردارم نەدەبوو! گوتم ئەمن وەکوو تۆی... سوێند ناخۆم، بەڵام پڕ بە کەوشەکەم زێری بدەنێ پێتان نافرۆشم! ئەوجارە ناچارم کرد یەخەم بەردا و بڕوا.
گوتم سەگ دەسکەی ئەو پارەیە بڕی کە لە قازانجی کەوشانم دەست دەکەوێ!
ئەوەش خێروبەرەکەتی کەوشفرۆشی!

***

## مام کەریمی شیشگەر!

جیرانە دوکانێکمان هەبوو، لە زارکی قەیسەری دوکانێکی چووکەی هەبوو، خەریکی شیشگەری بوو، ئەنگوستیلە و گوارە و خشڵی ژنان و ئەو جۆرە شتانەی چاک دەکردەوە، ناوی مام کەریم بوو.
ئەو ڕاستەیەی دوکانەکەی منی لێبوو، جیرانەکانمان هەموویان سابڵاخی بوون و بەمنیان دەگوت کرمانج! ئەمن هەرگیز وشەی کرمانجم لەسەر خۆم بە جنێو نەدەقەبڵاند و پێی قەڵس نەدەبووم...!
ڕۆژێکی بەیانە بوو مام کەریم، نازانم لە کوێڕا دەهاتەوە دەچۆوە دوکانەکەی خۆی. گەیشتە بەردەرگای دوکانەکەی من، نازانم خەریکی چی بووم؟ لەو کاتەدا مام کەریم هاتە بەردەرگا لینگە پێڵاوێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت:
"کاکە میرزا ئەو کەوشانە دەبێ لەبەر دەرگا جوان ڕیز بکەی، لە بەرچاوان بن. کرمانجی قاحبەباب، تا تێیهەڵنەنگوێ نازانێ ئەوە دوکانی کەوشانە. دەبێ وایان دابنێی کە کرمانج بزانێ ئەوە کەوشە... "
ئەوەش دڵسۆزیی مام کەریمی! کاک سەید حەسەن ئێستێش کە وەبیری دێتەوە پێدەکەنێ چۆن!

جیرانە دوکانەکانمان لەو مرۆڤە خاوەنشەرفانە بوون. ئەمن هەتا رۆژێک پاسەوان هات بۆ گرتنم، ئەوخەڵکەم بەوجۆرە نەناسیبوو؟
یادیان بەخێر!

***

## لە دوکان وەڕەز بووم!

لە کەوشفرۆشی وەڕەز ببووم، لە پاڵ خۆمدا بڕیارم دابوو، واز لە کەوش فرۆشی بێنم. میرزا ڕەحیمی خەڕازی، لە نەغەدەی کوورەخانەیەکی دروست کردبوو، پێویستیی بە کەسێک هەبوو کوورەخانەکەی بۆ ئیدارە بکا. لای وەستا کەریم بەفراوی باسی کردبوو، ئیدی نازانم میرزا رەحیم، چۆنی من هەڵنابوو؟ شادڕەوان مەلا محەممەدی عەباسی و وەستا کەریم دەڵێن: ئەگەر خزری بیکا، مرۆڤێکی خراپ نیە. میرزا ڕەحیم دەڵێ پێی بڵێن بزانن ئامادەیە بیکا، ئەمن کاری دەدەمێ، بەڵام دەینێرمە نەغەدەی!
عەباسی و وەستا کەریم هاتن گوتیان: کارمان بۆ دیتوویەتەوە، لای میرزا ڕەحیمی خەڕازی. لەسەری ساڵی تازەوە، ئەتۆ کارت هەیە و دەتوانی هەتا ئەودەم دوکانەکەت، بفرۆشی. شادڕوان کاک مەلا محەممەدی عەباسی گوتی: مووچەی مانگانەت ٤٥٠تمەنە. ئەودەم چوارسەدوپەنجا تمەن پارەیەکی زۆر نەبوو، بەڵام چون کرێخانوومان نەدەدا، ژیانی ئێمەی دابین دەکرد. ئەمن لە نزیکەوە میرزا ڕەحیمم نەدیبوو، قسەم دەگەڵی نەکردبوو. بە وەستا کەریم و عەباسیی گوتبوو، هاوینەکەی لە کوورەخانەی حەقیقەت دەبی، رۆژانە میرزا ساڵحی بەدرنیا، سەردانی دەکا و شێوەی بەڕێوەبردنی کوورەخانەی فێر دەکا و لە مانگی هەوەڵی پاییزێڕا دەچێتە کوورەخانەی نەغەدەی!...

***

# کاک سەید حەسەن لێم قەڵس بوو!

لە دوکانی کاک سەید حەسەن بووم، باشم لەبیر نەماوە باسەکە چۆن هاتە گۆڕێ؟ بە وتەی کاک سەید حەسەن باسەکە لەسەر سێمانە سووری ئامۆزای بوو. کاک سێمانی سەییدی ئەو دەم لە دانیشگا بوو. دەگەڵ کچێکی عەجەم پێکهاتبوو، کچەی هێنابوو، ئەگەر لەبیرم مابێ ئەودەم کچەکەش تاییپستی دادگا بوو؟ بەهەرحاڵ کاک سەید حەسەن زۆر نارەحەت بوو لەوەی کە ئامۆزاکەی کچێکی عەجەمی، بۆ هاوسەری خۆی هەڵبژاردوە!! ئەمنیش هێشتا لە خەتی سوورم لانەدابوو، گوتم دەیجا چبوو، با دەگەڵ کچێکی عەجەم زەماوندی کردبێ.

کاک سەید حەسەن گوتی: هەر کوردێک ژنی عەجەم بێنێ، تازە لە کوردایەتی دەشۆرێتەوە! ئەمنیش بەزمانێکی سووتاو گوتم جا فەرقی کورد و عەجەم چیە، هەردووکیان هەر مرۆڤ نین؟

کاک سەید حەسەن گوتی: تۆ قورعان ئەوە بەڕاستتە، پێتوایە، کورد و عەجەم جیاوازییان نیە. گوتم ناوەڵڵا، ئەمن هیچ جیاوازییەک نابینم. کاک سەید حەسەن زۆر کوردانە و ئەمنیش زۆر چەپڕەوانە: مرۆڤەکان هەموویان یەک سانن، ئەوە حاکمانی وڵاتن، تۆوی دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوەکان دەچێنن...!

ئەوجارە رووی کردە من گوتی: ئەوە بەراستتە و بڕوات بەو جۆرەیە؟. ئەمنیش سووکوهاسان بە زمانی سووتاو، گوتم ئەرێ وەڵڵا!

گوتی دەجا لەئێستێڕا ئەتۆشم وەکوو سێمانە سووری بایکۆت کرد!!

***

# گێچەڵی ساواک!

مانگی ڕەشەمەی ١٣٤٨ی هەتاوی بوو. بەدروستی لەبیرم نەماوە چەندی مانگی ڕەشەمە بوو، بەڵام شکم لەوەدا نیە لەنیوەی دووهەمدا بوو. ڕۆژێک مامۆستا مەلامستەفای حەیرانی قەرەشڵاخێ هاتە دوکانەکەم، بەیانە بوو. گوتی: زۆر بەپەلەم، لە ئیدارەی ساواکەوە بانگیان کردووم، هێندێ شتیان لەبارەی تۆوە لێپرسیوم، لەوانەیە لە سەر مەلا محەمەدی خالدی پرسیارت لێبکەن؟ پەروەندەکەی ناوبراویان وەجەریان خستوە!!
مامۆستا پێشتر بەتۆمەتی دەستهەبوون لەو قەتڵەدا ماوەیەک دەسبەسەر کرابوو، بەزەمانەتی چل هەزارتمەن کە مەرتوزخانی سەولەتی، ئاغای مەمێندی، سەنەدی بۆ دانابوو ئازاد کرابوو.
مامۆستا زۆر بەپەلە بوو، لەوە دەترسا مەئموورەکانی ساواک بیبینن کە هاتۆتە لای من. مەودای دوکانەکەم و دەرگای ئیدارەی ساواک کەمتر، یان زیاتر لەسەد میتر دەبوو. ناوبراو، ئەوەندە بەپەلە بوو، فریای ئەوە نەکەوت جەرەیانەکەی خۆیم بە تەواوی بۆ باس بکا کە پرسیاری چیان لێکردوە؟!
گوتی لەوانەیە بێنە دوکان بتگرن، بۆیە هاتووم ئاگادارت کەم!!
گوتم بەجیددیتە؟ گوتی پەروەندەی مەلا خوڕخوڕەیی‌یان خستۆتەوە گەڕ. ئەمن دەڕۆم، خواحافیز!...
مامۆستا ڕۆیی، ئەمنیش چوومە دوکانەکەی کاک سەید حەسەن، گوتم مامۆستا مەلا مستەفای قەرەشڵاخی هاتوە دەڵێ دەیانەوێ پەروەندەی قەتڵی مەلای خۆڕخۆڕەی وەجەریان بخەنەوە و هاتوە ئاگادارم بکا... دەگەڵ کاک حەسەنی بەوئاکامە گەیشتم بچمە ورمێ لەوێ بە وەسیلەی عەلیاغای ئەمیرعەشایری، خۆم بەساواکی ورمێ بناسێنم، ئەگەر ڕاشمگرن بەڵکوو ئەو کارێکم بۆ بکا...!
ئەمن خێرا دوکانەکەم داخست و چوومەوە ماڵ، ئەودەم دەخانووی ئەحمەداغای عەجەمدا بووین، ماڵەکەمان لەسەر چۆمی یەرغووی

بوو. چوومەوە ماڵ، دەگەڵ بابم و تووبا قسەم کرد و کلیلەکانی دوکانم بۆ بابم بەجێ هێشت و ڕۆیشتم بۆ ورمێ. چوومە ماڵە عەلیاغای ئەمیرعەشاییری، و جەرەیانەکەم بو عەلیاغای باس کرد. لەو کاتەدا تەعتیلات بوو، نازانم تەعتیلاتی چی بوو؟ نزیکەی سێچوار ڕۆژی کێشا، عەلیاغا، سمایلاغای برای دەگەڵ ناردم بۆساواک کە بەتیمساری، یان جێگرەکەی بڵێ یارمەتیم بدەن...!

چوینە ساواک، ئەمن نەمتوانی چاوم بەکەس بکەوێ، لە ئۆدەی چاوەڕوانی دانیشتم، سمایلاغا چوو، دوای ماوەیەک هاتەوە گوتی: تیمسار لەماڵ نیە و جێگرەکەی دەڵێ ئێمە ئاگاداری ئەوە نیین، زۆرتر پێوەندیی بە ئیدارەی ساواکی مەهابادوە هەیە؟!

تێگەیشتم، زانیم خۆم لێناکەنە ساحەب! بەڵام بە سمایلاغایان گوتبوو، ئەوە پەروەندەی ساواک نیە، لەوانەیە، لە دادگوستەری بانگی بکەن و پرسیاری لێبکەن؟!

دروست لەکاتی موزاکەرەی حکوومەتی عێراق و شۆڕشی گەرمێندا بوو، چەند ڕۆژی مابوو بۆ دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار؟

بەرەو نەغەدە گەڕامەوە. چوومە ماڵە کاک سەعید کوێستانی. گوتم وادیارە دەمگرن، دەزانن لە کاتی خۆتەسلیمکردنەوەمدا، نە ڕاستیم پێگوتوون، نە سەرم بۆ چەماندوون! جابۆیە دەیانەوێ لەڕێگای "دادگستری"یەوە بە تۆمەتی قەتڵ پەروەندەسازیم بۆ بکەن. براژنە زارا و سەعید لەڕادە بەدەر ناڕەحەت بوون. کاک سەعید گوتی: ڕاوەستە با تەگبیرێک بە کاکم بکەم. سەعید ڕۆیشت، زۆری نەخایاند گەڕایەوە، گوتی بابچینە دەفتەرەکەی کاکم. ئەودەم کاک مەلاسادق، نوێنەر و هەواڵدەری ڕۆژنامەی ئیتیلاعات بوو.

دەگەڵ سەعید، چووینە دەفتەری شادڕەوان کاک مەلا سادقی برای. جەرەیانەکەم بۆ کاک مەلاسادق گێڕایەوە.

ناوبراو، گوتی: دەتەوێ چ بکەی؟

گوتم دەچمە تاران لەوێ خۆم پەنا دەدەم، لەوێ کەس من ناناسێ، ناسنامەیەک بۆ خۆم ساز دەکەم، بەنهێنی خۆم دەژێنم، تاقەتی زیندانم نیە!

مەلاسادق گوتی: لە هەرشوێنێک دەگێر کەوی ڕزگاربوونت دژوارە. ئەودەم هەرچۆنی بیانەوێ ئەوجۆرەت ڕەفتار دەگەڵ دەکەن، خۆحەشاردانت بە مەسڵەحەت نازانم. لەوانەیە لێت نیگەران بن کە جارێکی دیکە ڕابکەی بچیەوە عێراق. لەوانەیە قەراری زەمانەت بۆ دەربکەن؟ ئەمن زمینێکم هەیە فرووودخان پێی‌داوم، تازەم سەبت کردوە، بە چل هەزار تمەن. ئەتۆ بچۆوە، بابتگرن خێرا ئەمن ئاگادار بکە، دێم سەندەکەی دادەنێم و ئازاد دەبی!

سەعیدیوف زۆری پێخۆش بوو، گوتی دەبێ بەقسەی کاکم بکەی!

ئەمنیش تەسلیمی قسەکانی کاک مەلا سادق و سەعید بووم، لە چوونەتاران پەژیوان بوومەوە، لەسەر قسەی کاک مەلا سادق و سەعید گەڕامەوە بۆ مەهاباد. چوومەوە ماڵ. شەو لە ماڵی خۆمان مامەوە. بۆ بەیانی چووم دوکانم کردەوە. بەسەرهاتەکەم بۆکاک سەید حەسەن گێڕایەوە.

ڕۆژی چوار شەمۆ بوو. پاسەوانێک هات چووە دوکانی وەستا ڕەحمانی خەیات کە ڕووبەڕووی دوکانەکەی من بوو، پرسیاری لەو کرد: دوکانی محەممەدی خزری کامەیە؟

وەستا ڕەحمان گوتی ئەمن نایناسم!

ئەوجار چوو، بۆ دوکانی کاک قادری بارام هەڵوای، پرسیاری لەو کرد؟ ئەویش گوتی نایناسم. ئەوە ئەمنیش چاوم لەسەر پاسەوانەکەیە. کورت‌وکرمانجی پاسەوانەکە بەتەواوی ئەو دوکاندارانەدا گەڕا، هیچ کەس نەبوو بڵێ ئەمن دەیناسم!

لەو کاتەدا، بیرم لەغیرەت و شەرافەت و گەورەیی خەڵکی سابڵاخ دەکردەوە؟ خۆم بانگی پاسەوانەکەم کرد. گوتم کاکە وەرە ئەو کەسەی ئەتۆ لێی دەگەڕێی ئەمن دەیناسم و پێت دەڵێم لە کوێیە!

پاسەوانەکە هات لاوێکی لە تەمەنی خۆمدا بوو، گوتم: کاکە ئەمن محەممەدی خزریم، فەرموو دەڵێی چی؟!

پاسەوانەکە هات گوتی: کاکە گیان دەبووری لە دادگا جەلبت هەیە دەبێ دەگەڵم بێی بۆ دادگوستەری! کاک سەید حەسەن سەری سوڕ مابوو، لەبیرم نەماوە چیم بەکاک سەید حەسەن گوت؟ دەگەڵ پاسەوان کەوتم بردمی بۆ دادگا. ئەگەر چووم بابمیان هێنابوو، لەوێ بوو؟!

لەسەر کورسییەک دانیشتم هەتا بانگیان کردم. چوومە ژووری دادوەرەکە، یان بازپرس کابرایەکی ترکی تەورێزی بوو، تازە هاتبووە مەهاباد. پەروەندەیەکی ئەستووری لەپێش بوو، دەستی کرد بە پرسیاران.

گوتی ئەتۆ لە رۆژی... تاریخی مانگی ... سەعاتی... چوویەتە ئاوایی خۆڕخۆڕە مەلای پێشنوێژی ئاوایی ئەو گوندەت بە چەند گوللە کوشتوە، دوایی یەکێک لە بنەماڵەی قازییان، ئەتۆیان سواری تەراکتۆر کردوە و گەیاندوویەوە شاخی و دواتر گەڕاویتەوە دیوی عێڕاقێ...!!

گوتم جەنابی قازی، ئەمن هەرگیز نەگەڕاومەتەوە عێڕاق، ئەوەی جەنابت دەیفەرموێ، بوختانە بۆیان هەڵبەستووم، ئەمن زیاتر لە ساڵێکە گەڕاومەتەوە ئێران، و خۆم تەسلیمی مەقاماتی ئەمنییەتیی ئێران کردۆتەوە. ئەگەر ئەمن کەسێکی تاوانبارم و تاوانێکی وەها گەورەم ئەنجام داوە، ئەدی چۆنە تا ئێستێ بۆ تەفهیمی ئەو تاوانە بانگ نەکراوم؟

کاتێک ناوی مەقاماتی ئەمنییەتیی ئێرانم بەدەمدا هات، بازپرسەکە زۆر قەڵس بوو، دوو یان سێ کەڕەتی بە ئەحمەق ناو بردم؟!

لەزمان خودی بازپرسەکەشەوە بۆچوونەکەم پشتڕاست کرایەوەکە، بەفیتی ساواک ئەو پەروەندەیان وەگەڕ خستۆتەوە. ڕاستە ئەمن کاری سیاسی و تەشکیلاتیم نەدەکرد و ئامادەیی ئەوەشم نەبوو چالاکیی حیزبی دەست پێ بکەمەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا دەمم لە نیزامی پاشایەتیی ئیران و هەمووی ئەوکەسانە خوار دەکردەوە کە بەقەننەی دەوڵەتی شایان دەکێشا!

ئا لەو کاتەدا سەرم هەڵێنا چاوم بەبابم کەوت، لە هەمان ژوور، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، دەکوڵی و فرمێسکەکانی سەرڕێژیان دەکرد و بەسەر رومەتەکانیدا دەهاتنە خوار؟ ئیدی ئەمن بۆ کورتەماوەیەک بەری چاوەکانم تاریک بوو، هیچم نەدەدی و مێشکم هیچی وەرنەدەگرت! دوایی تێگەیشتم. بازپرسەکە پێی گوتم: چل هەزارتمەنیان کەفالەتی سەنەد بۆ دیاری کردووم!!
ناوبراو گوتی ئەمن قەرارەکەی دەشکێنم بۆ بیست هەزار تمەن، ئەویش بەدەنی هەرکەس بێت قبووڵی دەکەم. (دوایی زانیم ئەو بازپرسە ئیسلامی بووە).

کەوای گوت، ئەمنیش گوتم: ئاغای بازپرس مەمنێرە بۆ زیندان لە ماوەی چەند کاتژمێردا، زامنەکەمت بەسەنەدەوە پێ دەناسێنم!
ئەوجارە وشەی ئەحمەقی دووپاتە کردەوە گوتی: ئەوکەسەی بۆ تۆ دەبێتە زامن، کەسێکی وەکوو خۆت ئەحمەقە، دەنا کێ بۆ تۆ دەبێتە زامن؟ لەسەری مەڕۆ ئەمشەو دەچیە زیندان، سبەی هەرکەس هات ئەمن بەزامنی قبووڵ دەکەم.
:گوتمئاغای بازپرس، داوات لێدەکەم کەلەبچەم لەدەستی نەکەن.
:گوتی دەبێ کەلەبچەش بکرێی و بچی بۆ زیندانیش!
زیندان، شارەبانیی مەهاباد بوو. رووبەڕووی مزگەوتی حاجی ئەحمەدی!
بازپرسەکە، بانگی پاسەوانێکی کرد هات هەڵیئەستاندم لەبەر دەرگە کەلەبچەی لەدەستی کردم، سەرێکی کەلەبچەکەی لە دەستێکی خۆیدا بوو! پێموابوو ئەوە هەموو خەڵکی شەقامی مەهاباد، وەک تاوانبارم سەیر دەکەن؟ بەشەقامدا بەرەو شارەبانی ڕۆیشتین. نازانم پاسەوانەکە چۆن گەیاندمیە شارەبانی؟ لە ساڵۆنەکەی شارەبانی ڕایانگرتم. بانگی کەسێکیان کرد، کابراکە هات دەللاک بوو، بردمیە ڕاڕەوی زیندانەکە، لەوێ کورسییەکی بۆهێنام بەترکی گوتی: فەرموو!

لەسەر کورسییەکە دانیشتم سەری بۆ تاشیم!! ئەوجارە بەسەری تاشراوەوە بردیانمە حەوشی بەندیخانە. وەک زیندەوەرێکی نامۆ، زیندانییەکان دەورەیان دام، هەرکەسەی بەزەوقی خۆی پرسیارێکی لێدەکردم؟
: شەڕت کردوە؟
یەک، دەیگوت قەرزداری ؟
یەک دەیگوت پیاوت لەدەست زایە بووە؟
یەک، دەیگوت دزیت کردوە؟
وەڵامی ئەو کەسەم دایەوە، کە پرسیاری کرد: دزیت کردوە؟ گوتم بەڵێ!
دەورەیان بەرنەدەدام. وەختابوو بە جارێک شێتم کەن. بەختی خۆم خانەی حەمەدی مەولوودی لەو کاتەدا لە زینداندا بوو کە، چاوی بەمن کەوت هات. گوتی مەلا محەممەد ئەوە بۆ گیراوی؟ خانەم ناسییەوە. گوتم ئەوە نیە عەرزی ئەو برادەرەم کرد: لەسەر دزی گیراوم؟!
ئیدی خانە دە زیندانییەکانی ڕاخوڕی دەورەیان بەردام. خانە هاتە لام لە حەوشی زیندانێ پێکەوە قەدەممان لێدەدا! خانە کوڕی حەمەدی مەولوودی بوو، کاتی خۆی کە لە سەنگەسەر بووم هاتبوو بۆ لای کاک ئەحمەد تۆفیق ببێتە پێشمەرگە!
بەهەرحاڵ لە حەساری بەندیخانەدا کابرایەک دوور لە ئێمە، قەدەمی لێدەدا. نەیدەویست ڕووی خۆی دەلای من بکا؟ لێی چوومە پێش شێوەی کابرام دەکرد، بەڵام بەتەواوی خاترجەم نەبووم داخوا ئەوەیان نا؟
لێی نزیک بوومەوە پرسیارم لێکرد ئەتۆ حەمە گۆران نی؟ ئەویش گوتی ئەدی ئەتۆ مەلامحەممەد نی؟
لەبواری روخسار و ڕەنگوڕووەوە سەیر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، زۆر تێکشکابوو!!
لەوێ بەدیداری یەکترشاد بووین. زیاترلەدوو ساڵ بوو گیرابوو، هێنابوویانەوە بۆ مهاباد لەوێ حوکمەکەی تەواو بکا.

ناوبراو گوتی: کە دەرگای زیندان کرایەوە هاتییە ژوور، ئەمن تۆم ناسی. لەوە دەترسام ساواک ناردبی و ئیعتیرافم لەسەر بکەی؟
وەزعی خۆی هەموو بۆ گێڕامەوە. ئەو جۆرەی خۆی دەیگوت دەگەڵ ئەوهەموو عەزاب و ئەشکنجە و نارەحەتییە کە بەسەریان هێنابوو، نەچووبووە ژێر باری دانـان بە کاری سیاسی و ئەندامەتیی حیزبدا!
بەهەرحاڵ مەردایەتی و روحزلیی حەمەگۆران بۆ من، نەناسراو نەبوو. کاتێک زیندانییەکان دیتیان ئەمن دەگەڵ حەمەگۆران یەکترمان گرتۆتەوە و یەکتر دەناسین، ئەوجارە بەچاوی ڕێزەوە سەیریان دەکردم. زیندانییەکان بردیانم بۆ بەندەکەی خۆیان، چایان بۆ لێنام... بەهەڵکەوت میرزا حەسەنی داودی کەوەکیلی دادگوستەری بوو، لەو بەندەدا زیندانی کرابوو. نازانم لە سەرچی شەش مانگیان زیندان بۆ بڕیبۆوە؟ ئەویش پرسیاری لێکردم لەسەر چی گیراوم؟ گوتم کابرایەک لەچۆمیدا خنکاوە بازپرس دەڵێ ئەتۆ لەوێ بوویە، جەرەیانەکە چۆن بووە؟ ئەمنیش لەوێ نەبوومە، گوتم ئاگادار نیم! بازپرس بریاری بیست هەزارتمەن زەمانەتی لەسەر داوم. قەولە سبەی ئازادم بکا؟
حەسەنی داودی قەراری لەسەر دام گوتی: ئەوە ئیمکانی نیە! کەسێک بڕیاری بیست هەزارتمەن زەمانەتی بۆ دیاری بکەن وا بەهاسانی ئازادی ناکەن!
بەهەرحاڵ ئەوشەوە لە زیندان مامەوە بەیانی هەتا کاتژمێر دەی بەیانی سانیە و دەقیقەم دەژماردن خەبەر نەبوو؟ کاتژمێر دوای دەی خۆم ئامادە دەکرد بۆ مانەوە لە زیندان. مەلا محەممەدی عەباسی زۆرم پێوە ماندوو بوو. چووبوو بۆ لای شادڕەوان مامۆستا شیخ عیززەدینی حوسەینی: مامۆستا "خزری"یان گرت، بردیان بۆزیندان؟ مامۆستازۆری پێ ناخۆش دەبێ. خێرا بەدوای سەید عەولای کولیجیدا ناردبوو گوتبووی، دەبێ ئەو کارەی بۆ بکا، خزری بە قسەی ئەوان گیراوە. دەبی کارێک بکا ئازادی کەن...!

## ئازادبوون لەزیندان!

هەتا سەید عەولا دەکەوێتە خۆ، بابم دەگەڵ کاک عەلی زبێدی دەچێتە دادگا، لەوێ بازپرس بەڵێنەکەی خۆی دەباتەسەر، بەکەفالەتی بەدەنی کاک عەلی زبێدی ناوبراو_ برا گەورەی تووبای هاوسەرم بوو، حوکمی ئازادکردنم بۆ شارەبانی دەنێرێ.
کاتژمێر نەببوو بەدوازدە، بانگیان کرد محەممەدی خزری ئازاد.
کە هاتمە دەر باوکم و خوشکەکانم و عەباسی و وەستا کەریم بەفراو، هەموو حوسین مەراغەیی و زۆر لەدۆست و هاوڕێیانی مەهابادی لەبەر دەرگا و ژووری سالۆنی شارەبانی بوون!
ئەمن هەرگیز بۆخۆم وام بیر نەدەکردەوە کە، خەڵک ئەوەندەی لوتف و خۆشەویستی دەرهەق بەمن هەبێ. نازانم فاتمی خۆشکم دەسرە و کلاوێکی لەکێ قەرز کردبوو، لە سەری نێم هەتا دەچمەوە ماڵ؟ وابزانم ئاخرین رۆژی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی بوو، یان دوو ڕۆژی مابوو، بۆ جێژنی نەورۆزی ١٣٤٩ی هەتاوێ! ئیدی دۆستان دەگەڵم هاتنەوە ماڵ، و ئەوجارەش بەو شێوەیە ڕزگاریم هات...

***

## کوورەخانەی حەقیقەت!

شادڕەوان عەبباسی و وەستاکەریم، ئامادەیان کردم ماڵەکەم بگوێزمەوە بۆ کوورەخانەی حەقیقەت. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم؟ ڕۆژی دووهەمی‌خاکەلێوەی ١٣٤٩ ماڵەکەمان بار کرد بۆ کوورەخانەی حەقیقەت کە، ئەودەم لەنزیک باغی حەسەن خانی بوو. لە کوورەخانەی دەستم بەکارکرد. ماڵئاواییم لە کەوش فرۆشتن و جیرانە بەشەرەفەکانم کرد. جاروبار کە دەهاتمەوە نێو شار بەتایبەت رۆژانی هەینی کە وچان بوو، دەچوومە لای کاک

حەسەنی هاشمی. زۆرتر رۆژانی هەیەنی پێکەوەمان رۆژی وچان دەبرد سەر.

***

## یادێک لە سەید جەلال!

رۆژێک دەگەڵ کاک حەسەنی هاشمی چووینەوە ماڵی ئەوان. خزمێکیان هەبوو ناوی سەید جەلال بوو. وابزانم ناوبراو خەڵکی گوندی سارتکێی گەورکی سەردەشت بوو؟ بەهۆی کاک سەید حەسەنەوە دەگەڵ سەید جەلال ببووین بەئاشنا. سەیدجەلال هاتوچۆی مەهابادی دەکرد و دەهاتە دوکانەکەی کاک سەید حەسەن. بە هەڵکەوت ئەو رۆژە کە دەگەڵ کاک سەیدحەسەن چووینەوە ماڵە وان، سەید جەلال لەوێ بوو.

دوای چاکوخۆشی و ئەحواڵپرسی، ناوبراو پرسیاری لێکردم: مەلا ئەوە لەکوێی لە دوکانێت نابینم؟ گوتم کاکە جەلال ئێستێ لە دوکان نەماوم بابم لەوێ دەبی بۆخۆم لە کوورەخانەم!

گوتی کوورەخانە چیە؟

گوتم کوورەخانە ئەو جێیەیە کە خشتی لێدەبڕن و سووری دەکەنەوەو خانووبەرانی پێ دروست دەکەن!

گوتی چۆن ئەتۆ بوویەتە رەئیسی خشتان، وەڵڵاهی وامزانی بۆیەتە رەئیسی سەرهەنگان؟ هی ئی...!

دەگەڵ کاک سەیدحەسەنی ئەو ڕۆژە بەقسە خۆشەکەی کاک سەید جەلال تەواوێک پێکەنیین، یادی بەخێر!

***

ئەمن لە کوورەخانەی حەقیقەت دەبووم بابیشم رۆژانە دەهاتە دوکانەکە، خۆی پێوە دەخافڵاند. ئەگەر نرخی کەوشەکانی نەزانیبا کاک حەسەن و جیرانەکان یارمەتییان دەکرد. رۆژێک کابرایەک بەناوی عەزیزی سۆفی بەردەڕەشان، لێی وەژوور



هەولێرەی کتێب

دەکەوێ. چاکوخۆشی دەگەڵ بابم دەکا و دادەنیشێ دەڵێ: مام ئەحمەد جووتێکم کەوشی تەورێز دەوێ ئەوانە بە چەندین؟ بابم نازانێ کەوشەکان بایی چەندن. دەچێ لە کاک حەسەن یان جیرانەکانی دیکە پرسیار بکا؟ تا بابم دەگەڕێتەوە، عەزیز، خۆی بەشێنەیی، دەست بە کەوشەکانی تەورێزدا دێنێ ٥یان ٦جووت کەوشی تەورێزی ژنانە و پیاوانە لە پاکەتەکەیان دەردێنێ و دەنێو خورجێنیان داوێ. عەزیز کەوشان دەباو دەڕوا. دوای ئەو، کابرایەک دێت لەکەوشان دەپرسێ. بابم دەیەوێ پێشانی کابرایان بدا،قوتوویێک دێنێ دەبینێ بەتاڵە، یەکی دیکە دێنێ ئەویش هەر بەتاڵە هەتا ٥ یان ٦ شەش پاکەتان تاقی دەکاتەوە هەموویان بەتاڵ دەبن!!

دەزانێ عەزیزی سۆفی ڕەسووڵی دەستی خۆی لێوەشاندوون. ئێوارە بابم هاتەوە، گوتی: محەممەد! ئەمڕۆ عەزیزی سۆفی ڕەسووڵی هاتە دوکانێ کەوشی دەویست، هەتا ئەمن چووم پرسیاری نرخەکەیان بکەم بزانم بەچەندین، قەفەزەیەکی دوکانی بەتەواوی بەتاڵ کردوە، کەوشەکانی بردوون و... ئەگەر ئەتۆ وەدوای نەکەوی کەوشەکان دەچن. ئەمنیش پێم ناخۆش بوو، گوتم ناچم! بێقەزا بی ئەتۆ عەزیزی سۆفی ڕەسووڵی دەناسی؛ دەزانی گورگەمێشە، چۆن دوکانی بۆ بەجێ دێڵی. بۆ بەیانی هەینی بوو، تەعتیل بوو، ناچار چوومە دەفتەری میرزا ڕەحیمی. دەگەڵ عەباسی هەردووکمان دەحەساری خانووەکەی کوورەخانەی حەقیقەتدا بووین. عەباسی هانی دام بکەومە شوێن عەزیزی سۆفیی بردەڕەشان. عەزیز قاچاخ بوو لە سەربازی ڕایکردبوو، لە گوندی "تەنگباڵەکەی" گیرسابۆوە. چوومە قاوەخانەی ئەمیرابادێ کە قاوەخانەی دروێشی خاڵی بوو. پرسیارم لە خێزانی قاوەچی کرد گوتی چۆتە تەنگباڵەکەی ڕێگای تەنگباڵەکەم گرتە بەر، هێندە نەڕۆیشتم دیتم عەزیز بەرەو چاخانەی ئەمیرابادێ دەگەڕێتەوە. کەلێم نزیک بۆوە، ڕەنگ لە سەر دەموچاوی پەڕیبوو؟

: ماندوو نەبی میرزا محەممەد! ئەوە چۆنە ڕێگات دەولایە کەوتوە؟

گوتم ئەوە ئەتۆ ڕێگات دەو ئاقارەی خستووم! کەوتوومە شوێن جەنابت. ئەو کەوشانەی دوێنێ لە دوکانێ بردووتن، یان کەوشەکانم دەوە، یان پارەی کەوشەکان؟ دەستی کرد بەسوێند و قورعانان...! گوتم عەزیز ئێمە یەکتر باش دەناسین، ئەوجارە کەسێک دزی بکا، زۆر ئاساییە سویند و قورعانانیش بخوات! دەگەڵ عەزیز گەڕاینەوە بۆ چاخانەی ئەمیرابادێ. ژووری چاخانەی ئەمیرابادێ پربوو لە عەجەمی داشقەچیی میاندواوی. دەخڵودانیان دەبردەوە بۆ میاندواو. ژنی قاوەچییەکەش عەجەم بوو، دەیەویست بیکاتە قەرەچی ئۆینی و بەگژمدابێتەوە!!

گوتم خوشکی خۆم، ئەمن دەگەڵ تۆی بەڕێز هیچ موشکیلەیەکم نیە، ئەمنو عەزیز خەڵکی دێیەکین، خۆمان باش یەکتر دەناسین، پێویستمان بە حەکەمایەتیی ئێوە نیە. دیار بوو، لەو ژنە بەروپشتهەتڵەسانە بوو، گوێم نەدایە!؟ لە عەزیزم توند کرد گوتم: بۆ حەلکردنی موشکیلەکە تەنیا دوو ڕێگامان لەبەرە، کەوشەکان، یان بەهاکەیان، یان ژاندەرمەریی بەردەڕەشان! عەزیز ڕەنگی بەجۆرێک پەڕیبوو، عەجەمە داشقەچییەکان، شکیان لەوەدا نەمابوو کە عەزیز کەوشەکانی دزیون. عەجەمەکان دیار بوو ئاشنای ژنی قاوەچی بوون، کەوتنە نێوبژیوانی. گوتیان ئاغا، کەوشەکان چەند جووتن و بایی چەندن؟ گوتم پێنج جووت کەوشی ژنانە و پیاوانەن، و بایی دووسەدپەنجا تمەنن.

عەجەکان چوونە ژووری ماڵی قاوەچی دوای ماوەیەک هاتنەوە کەوتنە نێوبژیوانی و سوڵح و سازان لەنێوانماندا. ئەمن لە دووسەتوپەنجا تمەن نەدەهاتمە خوار. بەڵام بە سەد تمەن ڕازی دەبووم. کورتی دەبڕمەوە عەجەمەکان گوتیان دەبێ بیکەی بەخاتری ئێمە بە سەدوپەنجا تمەن ڕازی بی. گوتم پیاو دەکوژرێ ریشسپی و کەیخودا قسەی لەسەر دەکەن، سوڵح دەکرێ...!

ئیدی کەسێک لە داشقەچییە عەجەمەکان چووە ژووری ماڵێ، سەدوپەنجا تمەنی بەدەستەوە بوو، هاتەوە لام. پارەکەی دامێ،گوتی:

"بەخشلیەسەن ئامیرزا ئەزیزی حەلال ئێلە"!

سەدوپەنجا تمەنم لەگیرفانم نا و بە دڵێکی خۆشی سەرکەوتووانەوە سواری ماشێن بووم، گەڕامەوە. کاتێک گەیشتمەوە، مەلا محەممەدی عەباسی و میرزا ساڵحی بەدرنیا هێشتا هەر لەدەفتەرێ بوون. عەباسی گوتی: خزری چت کرد؟ گوتم کەوشەکانم بۆ بابم فرۆشت، بۆم خورد کردنەوە!

گوتی تۆخودا بەڕاستتە؟ گوتم درۆ ناکەم، کەوشەکانم داون بە سەدوپەنجا تمەنی! ئیدی چووینە دوکانێ بابم سەیری پێخۆش بوو، هەموویان سەریان سوڕمابوو چۆن توانیومە پارەی کەوشەکان لە عەزیزی بستێنمەوە، ئەوان نەیاندەزانی عەزیزی خاڵی لاوازی لای من هەن و لە سەربازییە ڕای کردوە، سەربازی خۆم بووە...!

***

ئەویادو سەربردانە درێژەی هەیە ئەوکەسانەی حەزیان لەو شێوە نووسین و خوێندنەوەیە ئەگەر تەمەن مەودام بدات لەوانە بەشی دووهەمیشی بەدوادا بێت.

هەولنامەی کتێب

# پێڕست


سوپاس و پێزانین ........................................ ٣
کورتە هەڵسەنگاندنێک ........................................ ٦
لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد! ناسر باباخانی ........................ ٨
سرنجێک لە سەر کتێبی "لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد!"،
ئەحمەد لبادی ........................................ ١٣
لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوێد! ........................................ ١٦
کورتە ناسنامەی نووسەر! ........................................ ١٩
ژیان و پێکهاتەی بنەماڵە! ........................................ ٢٢


## فەسڵی ١


سەردەمی منداڵی ومێرمنداڵی کاڵەمووینە ........................ ٢٤
مامەشی بێمراد؟ ........................................ ٢٧
مامەش کێ بوو؟ ........................................ ٣٠
مامەسەیدە؟ ........................................ ٣١
ئاڵا ........................................ ٣٣
مام جەلیلی کەپۆزل؟ ........................................ ٣٥
یادێک لە ئەحمەد جەوزیی جوانەمەرگ! ........................ ٣٨
چارەنووس و قەدەری ئەحمەد؟ ........................................ ٤١
بابەخەڵیفە! ........................................ ٤٣
دیتنی تەرحی شوومی ئەمنییان! ........................................ ٤٦
شەیتانی و شڵتاخ! ........................................ ٤٨
قوتابخانە، یان حوجرەی فەقێیان! ........................................ ٥٣
چوونم بۆخەڵیفەلیان! ........................................ ٥٤
دەربەدەریی وەرزێران ........................................ ٥٧
قەرەخان و ناوی داشخانە! ........................................ ٦٠
داشخانە! ........................................ ٦٣


هەواڵنامەی کتێب

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ........................................ ٦٦


## فەسڵی ٢


فەقێیەتی؟ .......................................................... ٦٨
گێچەڵ؟ ............................................................. ٧٣
مەلاسەلیم و مەلایەتی! ............................................. ٧٥
لەڕێگا گیرام! ...................................................... ٨٣
نەقڵی خانێ! ........................................................ ٨٤
دووساڵ پێشتر! ...................................................... ٨٦
ڕووداوەکە! ......................................................... ٨٨
حەمەدەمین یارە! ................................................... ٨٩
کاردانەوەی عومەراغا؟ ............................................... ٩١
چارەنووسی حەمەدەمین؟ ............................................. ٩٢
بنەماڵەی یارەی! ..................................................... ٩٣
حیزبایەتی! ......................................................... ٩٤
مەلایەتیی ڕەمەزانێ؟ ................................................ ٩٥
هێرشی ساواک بۆسەر ح. د. ك ...................................... ٩٩


## فەسڵی ٣


سەربازی ............................................................ ١٠٠
سیتوان سیاسی؟ ..................................................... ١٠٢


## فەسڵی ٤


ئازادبوون لە سەربازی خەون وخەیاڵی ئەویندار! ...................... ١١٤
دووکانداری ......................................................... ١١٩
باغی قەرەداغی؟ .................................................... ١٢١
عەلی دوورەبەش؟ .................................................... ١٢٤


هەوالنامەی کتێب

ڕاپەڕینی بارزانی! ........................................ ١٢٩
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ........................................ ١٣٠


## فەسڵی ٥


چالاکی و دەربەدەری! ........................................ ١٣١
کاک ئەحمەد تۆفیق! ........................................ ١٣٨
ڕێوی تەماعی تێکردبووم؟ ........................................ ١٤١
دەشتی قوڕێ، ماڵە حاجی کاڕەسووی! ........................................ ١٤٤
گەڕانەوە بۆشارویڕان! ........................................ ١٤٩
عەوڵای ڕەحیمی زێنێ! ........................................ ١٥٢
ئاشنابوون دەگەڵ عەلیی کاکەسووری! ........................................ ١٥٤
کاک ڕەئووف! ........................................ ١٥٧
هاتنی عەشیرەتی مامەشان! ........................................ ١٥٨
سمایلی شەریفزادە! ........................................ ١٦٢
محەممەدی گاپیسی ........................................ ١٦٦
جانگیر؟ ........................................ ١٦٧
دەگەڵ جانگیر بەرەو سەنگەسەر! ........................................ ١٧٢
یەکەم سەفەر بۆ شارویڕان ........................................ ١٧٨
مەلامحێدین؟ ........................................ ١٨٤


## فەسڵی ٦


کاک ئەحمەدتوفیق و بیرۆکەی کۆنگرەی دوو! ........................................ ١٨٨
قادراغا چ کەس بوو، مەسلەتی چی؟ ........................................ ١٨٩
گەڕامەوە سەنگەسەر ........................................ ١٩٢
لە سەنگەسەر مامەوە! ........................................ ١٩٣
بەڵای لابەلا؟ ........................................ ١٩٤
تێگوشینی بەهیوای جیرانی...! ........................................ ١٩٥


هەواڵنامەی کتێب

کاک سەدیقی ئەنجیری ............................................. ٢٠٠
چوون بۆکۆنگرە وەک نوێنەری کۆمیتەی شارویران!.......... ٢٠٤
نوێنەران و کۆنگرەی دوو ........................................... ٢٠٨
کاک سەدیق! ............................................................ ٢١٤
سەید محەممەد سەقزی؟.............................................. ٢١٦
سەلیمۆك و خەمێ .................................................... ٢١٨
چاوئێشە ................................................................. ٢٢١
گوازتنەوەی زیندان بۆ "شێنێ" ..................................... ٢٢٤
سەلیمۆکم ئازاد کرد .................................................. ٢٢٦
یادێک لە شەهیدی ناکام عەولا گرِوێ!.............................. ٢٢٨

## فەسڵی ٧

ناکۆکی دوای کۆنگرەی دوو و
یەکەم سەفەری کار لە وڵات!.......................................... ٢٣٠
کاک سەدیق! ............................................................ ٢٣٥
حەمەدەمینی ڕاتبی...................................................... ٢٣٨
ئاشنابوون دەگەڵ کەریم بەفراو ...................................... ٢٤٤
پەڕینەوەمان لە زێیە .................................................. ٢٤٩
زەق بوونەوەی ناکۆکییەکان .......................................... ٢٥٢
هەڵبڕانی ڕەفیسکەم.................................................... ٢٥٢
گەڕانەوە بۆ وڵات....................................................... ٢٥٥
بەرەو سنوور .......................................................... ٢٥٧
هەواڵێکی ناخۆش!...................................................... ٢٥٨
گەڕانەوە بۆ شارویران ................................................. ٢٦٢
یەکەمسەفەر بۆ شامات................................................ ٢٦٥
دووهەم سەفەرم بۆ شامات ........................................... ٢٧٧
حەمەدەمین دەسبڕاو کێ بوو؟ ....................................... ٢٧٩
هاتوهاواری ژنێک...؟.................................................. ٢٨٥
خەبەری عەجەمان چ بوو؟ ........................................... ٢٨٩

هەواڵنامەی کتێب

بووم بەمیوانی شوانان! ........................................ ٢٩٠
هیدایەت و قادراغا چکەس بوون؟ ............................ ٢٩٥
چووم بۆ شار...! ............................................... ٢٩٧

## فەسڵی ٨

ناکۆکییەکانی ڕێبەراتی ح.د.ك دوای کونگرەی دوو، گەرانەوە بۆ
کاری تەشکیلاتی لەنێوخۆی وڵات! ............................ ٣١٠
شکایەتی خەڵکی دێبۆکری .......................................... ٣١٢
وەستاعەلی؟ .......................................................... ٣١٣
پیاوی سەروان حاجیلووی! ........................................ ٣١٩
گوندی کونەکێچ ...................................................... ٣٢٣
گەڵوەڕەز! .............................................................. ٣٢٥
دیدارتازەکردنەوە ...................................................... ٣٢٥
دوایین دیدار! ........................................................... ٣٢٧
هاتنەوەی کاک سولەیمان ............................................ ٣٢٩

## فەسڵی ٩

گەڕانەوە بەرەو وڵات بۆ هێنانی ماڵو دواتر لێکترازانو تێرۆری
کاک سەدیقی ئەنجیری هەتا دوایی...؟ ........................... ٣٣١
مێرگەپیتکێ وئافرەتێکی لێقەوماو؟ ............................. ٣٣١
پایەگا هاتبووە گاگەش! ............................................. ٣٣٥
سوپا و هەڕەشە! ...................................................... ٣٤٠
چوونی عەجەم بۆ شار! .............................................. ٣٤٣
سۆغانلوو ................................................................. ٣٤٧
کوێستانی حاجی برایمی! ........................................... ٣٤٨

## فەسڵی ١٠

بێ سەروشوێنبوونی کاک سەدیقی ئەنجیری!................ ٣٥١
هیواکانم بوونە بابردەڵە!.................................. ٣٥٤
هاوژینی فیداکار!.......................................... ٣٥٧
ژیان لە خەلان و...!......................................... ٣٥٩
بووم بەقەساب؟ ........................................... ٣٦٥
قەسابی بێ ژانەسەریش نەبوو!.............................. ٣٦٩
بزنە دوڕە؟ ............................................... ٣٧٠
یادی دوکاندارەکانی زینوێ بەخێر!.......................... ٣٧١
ئاشنایەتیی ئێمەدەگەڵ خەڵکی زینوێ! ...................... ٣٧٢
نەگبەتی! ................................................. ٣٧٣
مستەفای شێخەی؟........................................... ٣٧٨
مستەفا بە کۆڵەبارەوە؟...................................... ٣٨١
بەهار داهات بەهاری ١٩٦٧................................... ٣٨٢
یادێک لە سەعید کەبابچی!................................... ٣٨٣
گوندی ئازادی!............................................. ٣٨٨
حەمە سەقزی؟............................................. ٣٨٩

## فەسڵی ١١

گەڕانەوە بۆ ئێران و خۆتەسلیمکردنەوە!؟.................... ٣٩٤
کاک جەلیلی گادانی و کەریمە ڕەش! ......................... ٣٩٦
ساواکی مەهاباد!............................................ ٣٩٧
دەچم بۆهێنانەوەی ماڵەکەم!................................. ٣٩٩
قەرەشڵاخ! ................................................ ٤٠١
دوکتور عەلیی مەولەوی!.................................... ٤٠٣
مەهاباد .................................................. ٤١٠
کەوشفرۆشی!.............................................. ٤١١



هەوالنامەی کتێب

سۆفییە خوولە!........................................ ٤١٢
مام کەریمی شیشگەر!..................................... ٤١٥
لە دوکان وەڕەز بووم!..................................... ٤١٦
کاک سەید حەسەن لێم قەڵس بوو!.......................... ٤١٧
گێچەڵی ساواک! ....................................... ٤١٨
ئازادبوون لەزیندان!....................................... ٤٢٥
کوورەخانەی حەقیقەت!.................................... ٤٢٥
یادێک لە سەید جەلال!.................................... ٤٢٦

هەوالنامەی کتێب